هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زمان

بەشی کوردی

# گوتاری جەستە لە ڕۆمانی کوردیدا
# کرمانجی خواروو ساڵانی (١٩٩٥ - ٢٠٠٥)

نامەیەکە

ئاهەنگ شەفیق حەمە بچکۆل

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دوکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت

پ. د. محەمەد ئەحمەد سەعید

١٤٤٠ کۆچی ٢٧١٩ کوردی ٢٠١٩ زایینی




# الْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَى أَفْوَاهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَا أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ

**سورة يس (آية٦٥)**

ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( گوتاری جەستە لە ڕۆمانی کوردیدا  کرمانجی خواروو ساڵانی ١٩٩٥-٢٠٠٥) لە لایەن خوێندکار (ئاهەنگ شەفیق حەمە بچکۆل ) ەوە ، بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا .

ناو : پ . د. محەمەد ئەحمەد سەعید

ڕۆژ :     /     / ٢٠١٩

بە پێی ئەو پێشنیازە ، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

ناو : پ . ی . د . کاروان عومەر قادر

سەرۆکی بەشی کوردی

رۆژ :     /     / ٢٠١٩

## سوپاسنامە :

- سوپاسی بێپایانم بۆ ڕاگرایەتی کۆلێجی زمان و سەرۆکایەتی بەشی کوردی ، کە ئەم دەرفەتی خوێندنەیان پێدام .
- سوپاسی بێپایانم بۆ( پ. د. محەمەد ئەحمەد سەعید) ،کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ و بەو پەڕی لەخۆبوردوویی و دڵسۆزییەوە هەوڵیداوە بۆ سەرکەوتنی نامەکە .
- سوپاسی هاوسەر و هاوڕێ و هاوخەمم دەکەم، کە هەوڵ و ماندووبوونی زۆری کێشاوە بۆ سەرکەوتنی نامەکە و لە وەرگێڕانی سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا زۆر هاوکاری کردووم .
- سوپاسی بێپایانم بۆ مامۆستاو نووسەری زۆر ئازیز (حسێن عارف) لەهەموو قۆناغەکانی خوێندنمدا مامۆستا و ڕێپیشاندەرم بووە .
- سوپاسی د. عادل ڕەشید سەرۆکی بەشی کوردی - پەروەردەی بنەڕەتی - و سەرجەم ئەو مامۆستایانە دەکەم ،کە خەمخۆر و هاندەرم بوون و بەپێی توانا یارمەتیان داوم .
- سوپاسی هەردوو مامۆستا (بێستوون ئەبو بەکر و بێستوون عارف) دەکەم ، هەمیشە بەتەنگ سەرکەوتنمەوەن و سوودی زۆرم لە سەرنج و تێبینییەکانیان وەرگرتووە .
- سوپاسی بێپایانم بۆ پ. د. گەلاوێژ ئیبراهیم محێدین ، کەبە سەرنج و تێبینییەکانی هاوکاری کردووم .
- سوپاسی هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەم ، کە لە قۆناغی سەرەتاییەوە فێریان کردم زمان و خاکەکەمم خۆشبوێت .

***پێشکەشە بە :***

- **ڕۆحی باوکی خۆشەویستم**
- **دایکی میهرەبانم**
- **خوشک و براکانم**
- **هاوسەری ئازیزم**
- **جگەر گۆشەکانم ( بەمۆ ، لارا )**

ناوەڕۆك: لاپەڕە


پێشەکی .........................................................ل (٢-٤)

بەشی یەکەم : گوتاری جەستە لە چەند ڕوانگەیەکەوە ......................... ل (٥-٧١)

١. گوتار ..............................................................ل (٥-٦)

٢. گوتاری جەستە لەچەند ڕوانگەیەکەوە ........................................ل (٦-٧)

أ. گوتاری جەستە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە ....................................ل (٧-١٥)

ب. گوتاری جەستە لە ڕوانگەی ئاینییەوە ........................................ل (١٥-٢٢)

ج. گوتاری جەستە لەڕوانگەی دەروونناسییەوە ....................................ل (٢٢-٣٢)

د. گوتاری جەستە لەڕوانگەی فەلسەفەوە ........................................ل (٣٢-٤٠)

ە. گوتاری جەستە لە ئەدەبدا ...................................................ل (٤٠-٥٨)

٣. پەیوەندی نێوان جەستە و ئیرۆتیکا ............................................ل (٥٨-٧١)

بەشی دووەم: پێکهاتەی کارەکتەر لەڕێی جۆری جەستەوە ..........................ل (٧٢-١٢٩)

تەوەری یەکەم/ ناوی کارەکتەر ....................................................ل (٧٢)

١. ناو ................................................................ل (٧٢)

أ / پێناسەی ناو ...................................................................ل (٧٢)

ب / گرنگی ناو .....................................................................ل (٧٢-٧٤)

ج / ناونان ........................................................................ ل (٧٤-٧٦)

د / ناو و نازناو، ناوو ناتۆرە .................................................... ل (٧٦-٧٨)

هـ / پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو ............................................. ل (٧٨-٧٩)

**٢. کارەکتەر ..........................................................ل (٧٩)**

**أ / پێناسەی کارەکتەر ..........................................................ل (٧٩-٨٠)**

**ب / جۆرەکانی کارەکتەر ..........................................................ل (٨٠-٨١)**

**ج / گرنگی و ڕۆڵی کارەکتەر وەکو پێکهاتەیەکی هونەریی ڕۆمان. ..................ل (٨١-٨٣)**

**د / پەیوەندی کارەکتەر بە ڕەگەزەکانی تری ڕۆمانەوە. ..............................ل (٨٣-٩٠)**

**٣. ناونان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. ..............................ل (٩٠-٩٤)**

**٤. پەیوەندی ناونیشانی ڕۆمان بە ناوی کارەکتەرەوە. ...........................ل (٩٤-٩٦)**

**٥. ناو و نازناو و پەیوەندیان بە کەسێتی و ڕەفتاری کارەکتەرەوە. ............ل (٩٦)**

**أ / گرنگی و ڕۆڵی ناو لە دروستبوونی کەسێتی و ڕەفتاری کارەکتەردا. ............ل (٩٦-١٠٢)**

**ب / گرنگی و ڕۆڵی نازناو لە دروستبوونی کەسێتی و ڕەفتاری کارەکتەردا. ........ل (١٠٢-١٠٤)**

**٦. ناوی کارەکتەری مرۆڤ و ئاژەڵ ..........................................ل (١٠٤)**

**أ / ناوی کارەکتەری مرۆڤ (لەڕووی ڕەگەزەوە) ..........................................ل (١٠٤-١٠٥)**

**١) ناوی کارەکتەری نێر ..........................................ل ( ١٠٥-١٠٨)**

**٢) ناوی کارەکتەری مێ ..........................................ل (١٠٨-١١١)**

**ب / ناوی کارەکتەری ئاژەڵ ..........................................ل (١١١)**

**تەوەری دووەم/ پەیوەندی ناو بە جەستەوە ..........................................ل (112)**

**١. ڕۆڵی وەسف کردن لەخستنە ڕووی جەستەی کارەکتەردا. ................ل (112-115)**

**٢. پەیوەندی ناو بە جەستە و ڕەفتاری کارەکتەرەوە ...........................ل (115-120)**

**ا- پەیوەندی ناو بە جەستە و ڕەفتاری مرۆڤەوە ..............................ل ( 120-126)**

**ب- پەیوەندی ناو بە جەستەی سروشتەوە .................................. ل (126-127)**

١) پەیوەندی ناو بە جەستەی ئاژەڵ و باڵندەوە ..............................ل (127-129)

بەشی سێیەم : گوتاری بەش و پێکهاتەکانی جەستە ............................ل (130-199)

پاری یەکەم : گوتاری بەشەکانی جەستە و ئاماژەکانی ............................ل (130-166)

یەکەم : گوتاری ڕوخسار .......................................................ل 132-145)

دووەم : گوتاری سەر ..........................................................ل (145-149)

سێیەم : گوتاری چاو ..........................................................ل (149-155)

چوارەم : گوتاری دەست و پێ ..................................................ل (155-165)

پاری دووەم : گوتاری جەستە لە ڕێگای چەند پێکهاتەیەکەوە ................ل (166-199)

یەکەم : گوتاری جل و بەرگ ...................................................ل (166-168)

دووەم : گوتاری بۆن ...........................................................ل (168-172)

سێیەم : گوتاری خوێن ..........................................................ل (172-177)

چوارەم : گوتاری زمان ..........................................................ل (177-189)

پێنجەم : گوتاری دەنگ .........................................................ل (189-194)

شەشەم : گوتاری ڕەنگ ..........................................................ل (194-197)

حەوتەم : گوتاری ئەندام و ئاماژە تابووەکانی جەستە (ماچ ، سنگ) بەنموونە ل (197-199)

ئەنجام ..........................................................................ل (200-202)

سەرچاوەکان ....................................................................ل (203-212)

کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی

کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی

# پێشەکی

## پێشەکی :

بابەتی توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی ( گوتاری جەستە لە ڕۆمانی کوردیدا ، کرمانجی خواروو سالآنی ١٩٩٥-٢٠٠٥) ، لە بنەڕەتدا بریتیی بوو لە پرۆپۆزەڵێک کە ( پ . د . محەمەد ئەحمەد سەعید ) پێشکەشی بەشی کوردی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە ، وەکو بەشێک لە پێویستییەکانی پلەی دوکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

گوتاری جەستە ئەو هێما و ئاماژانەن ، کە مرۆڤ لەگەڵ قسەکردندا هەوڵدەدات ڕێکیانبخات ، بەپێی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕانکاری لەمانای هێما و ئاماژەکانی جەستەدا دروستبووە ، ویست و خواستەکانی مرۆڤ لە سەرەتادا سادە و ساکار بووە ، هەربۆیە جووڵە و ئاماژەکانی جەستە دەربڕی ئەو ویست و خواستە سادە و ساکارانە بووە، بەڵام دواتر بەهۆی ئاڵۆزیی ژیان و گۆڕانکارییەوە لەهەموو بوارەکانیدا ، ئاماژەکانی جەستەیان بەرە و ئاڵۆزیی بردووە ، مرۆڤ لەکاتی ئاخاوتندا هەوڵدەدات ئاماژەکانی جەستەی بەپێی ویست و خواستی ئەو پەیامەی دەیەوێت بیگەیەنێت ، بگونجێنێت . بێگومان بەپێی سروشتی پەیڕەوی کۆمەڵایەتی – کۆمەڵگایەکی دیاریکراو – ڕەفتار و ئاماژەکان واتای تایبەتییان هەیە ، زۆرجار لەناو کۆمەڵگایەکیتردا ، واتایەکی پێچەوانە یاخود جیاوازیان دەبێت ، یان هیچ مانایەکیان نابێت .

هەموو کۆمەڵگایەك چەندین داب و نەریتی تایبەتی خۆی هەیە ، جگە لەداب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان ، ئایین وەکو کلتورێك ڕەوتی بیرکرنەوەی کۆمەڵ دیاریدەکات لەزۆر کۆمەڵگادا لەبەرئەوەی داب و نەریتەکان پارێزراوە و لەلایەن هەرتاکێکەوە گرنگی پێدەدرێت ، ئایین پلەیەکی باڵای هەیە و ڕۆڵی سەرەکی دەبێت لە ڕێکخستن و پاراستنی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەدا . بەمجۆرە ئایین ڕۆدەچێت بۆ ناو ژیان و ڕەفتار و هەڵویستی تاك ، لێرەوە ئاماژەکانی جەستەش کارتێکراو دەبن ، کە وەك کلتورێك لەکۆمەڵدا بەکاردێت ، هەروەك لە یاد و بۆنەکاندا بەرجەستە دەبن.

گوتاری جەستە و ئاماژەکانی دەربڕی هەست و نەست و تێڕوانینی تایبەتیی خاوەنەکەیەتی و لەگەڵ جیاوازیی سروشتی کۆمەڵگاکانیشدا ، شێوازی تایبەتی کەسیی پێوە دیاریدەبێت و خوێندنەوەی ئەو ئاماژانە بەپێی ئاستی ژیری و پلەی خوێندەواری و پێگەی کۆمەڵایەتی و کلتور و داب و نەریت دەگۆڕێت و لەلایەن کەسی بەرامبەرەوە واتای جیاوازیان دەدرێتێ .

هەرچەندە ژیان لەهەموو ڕوویەکەوە ئاڵۆزتربێت ، زمان هەوڵدەدات لەشێوازێکی زۆر سادە و ساکاردا دەربکەوێت ، بەکورتترین دەربڕین زۆرترین مانا بگەیەنێت . لێرەدا ڕۆڵی ئاماژەکانی جەستە زیاتر دەردەکەوێت

و دەبێت بەبەشدارێکی چالاك و کارای ئاخاوتنی مرۆڤ و بەردەوام هەوڵدەدات تەبایی و گونجاندن لەنێوانیاندا بکات.

بەرهەمە ئەدەبییەکانیش ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵن ، لەناو سنووری دەقەکاندا ئاماژەکانی جەستە دەبن بە یارمەتیدەرێکی سەرەکی لەپەیوەندی و لەیەکتێگەیشتنی نێوان کارەکتەرەکاندا ، بەڵام لەبەرئەوەی کارەکتەرەکان لەلایەن ڕۆماننووسەوە درووستبوون ، ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان بەویست و خواستی ئەوە ، جیهانێك پێکدەهێنێت سەرتاپای دەستکردی تایبەتیی ڕۆماننووسە . ئاشکرایە هەموو نووسەرێك لەکۆمەڵێکی دیاریکراودا پەروەردەبووە ، دیدو تێڕوانینەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵەن ، کە ڕۆڵدەبینن لەدرووستکردنی ئەوجیهانە نامۆ و تایبەتەدا .

لەم ڕووەوە جەستە بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی کاری پەیوەندیکردن دەکات و لەناو سنووری ڕۆمانیشدا کارەکتەرەکان ڕەوتی ڕەفتار و چۆنیەتی بیرکردەوەیانی پێ ڕووندەبێتەوە و خوێنەر لەڕێگەیانەوە بەهەموو پەنهانییەکانی دەروونی کارەکتەرەکان ئاشنا دەبێت .

ئەم گرنگیدانە بەجەستە لەم چەند ڕووەوە ، هۆکار و پاڵنەری سەرەکی بوو لەهەڵبژاردنی بابەتەکەدا و لێکدانەوە و شیکردنەوەی – گوتاری جەستە –ی کارەکتەرەکان ، بەوپێیەی لێکۆڵینەوە لەجەستە بابەتێکی نوێیە لەناو نامەخانەی ئەدەبی کوردیدا .

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە :

أ. خستنەڕووی گرنگیی و بایەخی جەستە و ئاماژەکانی لەتێگەیاندنی بەرامبەردا ، لەناوسنووری ڕۆمانەکاندا.

ب. ئاماژەدان بەبوونی ڕایەڵە و پەیوەندی نێوان ئاماژەکانی جەستە و چەند لایەنێکی گرنگ و پەیوەست بەژیانی مرۆڤەوە .

## میتۆدی لێکۆڵینەوەکە :

لە سنووری لێکۆڵینەوەکەماندا ئەم میتۆدانەمان بەکارهێناوە : ( وەسفی – شیکاری ، مێژوویی ، دەروونناسی ) .

## گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە :

نەبوونی سەرچاوە و لێکۆڵینەوەی پێویست ، بەوپێیەی بابەتەکە لەناو ئەدەبی کوردی و تەنانەت ئەدەبی بێگانەشدا تاڕادەیەک نوێیە .

**سنووری لێکۆڵینەوەکە :** لەبەر ئەوەی سنووری لێکۆڵینەوەکەمان لە ماوەی نێوان ساڵانی (1995 - 2005)ە، لەماوەی ئەو (10) ساڵەدا چەند نموونەیەکمان وەرگرتووە و هەوڵمانداوە (تاڕادەیەکی گونجاو) بۆ هەرساڵێك نموونەی ڕۆمانێك وەربگرین ، کە بریتین لە ڕۆمانەکانی : ( هێلانە ، مەرگی تاقانەی دووەم ، حەسار و سەگەکانی باوکم ، جەنگ ، ئەژدیها ، گەماڵ ، باڵندەکانی دەم با ، ئەڵوەن ، ژن ) .

بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەکەمان دابەشکردووە بەسەر سێ بەشدا:

لەبەشی یەکەمدا: گوتاری جەستەمان لەچەند لایەنێکی: (کۆمەڵناسی ، ئایین ، دەروونناسی ، فەلسەفە ، ئەدەب)ەوە ڕوونکردووەتەوە ، لەگەڵ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان جەست و ئیرۆتیکا .

بەشی دووەممان تەرخانکردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە دوو تەوەر کە : ( لەناوی کارەکتەر و پەیوەندی ناو بەجەستەو ڕەفتاری کارەکتەرەوە) ن .

بەشی سێیەمیش بریتیە لە دووتەوەری سەرەکی :

تەوەری یەکەم بۆلێکدانەوەی ئەندامەکانی جەستە (بەش و پێکهاتەکانی جەستە) تەرخانکراوە .

تەوەری دووەم بریتیەلە لێکدانەوەی جەستە لەچەند لایەنێکی: ( جل و بەرگ، بۆن، خوێن، زمان، دەنگ، ڕەنگ، گوتاری ئەندام و ئاماژە تابووەکانی جەستە - سنگ، ماچ - )ەوە .

# بەشی یەکەم : گوتاری جەستە لە چەند ڕوانگەیەکەوە

## ١. گوتار

## ٢. گوتاری جەستە لەچەند ڕوانگەیەکەوە :

أ. گوتاری جەستە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە

ب. گوتاری جەستە لە ڕوانگەی ئایینییەوە

ج. گوتاری جەستە لەڕوانگەی دەروونناسییەوە

د. گوتاری جەستە لەڕوانگەی فەلسەفەوە

ه. گوتاری جەستە لە ئەدەبدا

## ٣. پەیوەندی نێوان جەستە و ئیرۆتیکا

## بەشی یەکەم: گوتاری جەستە لە چەند ڕوانگەیەکەوە :

### ١. گوتار

گوتار لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕەنگیداوەتەوە بێگومان ژیانی مرۆڤیش فرە ڕەهەندە، لەبەر ئەوە چەندین پێناسەی بۆ کراوە و چەندین ڕاو سەرنج دەربارەی وتراوە، ئەرکی سەرەکی گوتار بۆ کاری پەیوەندی و ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤە لەهەموو بوارەکاندا، لێرەدا چەند پێناسە و ڕاوبۆچوونێك دەربارەی دەخەینە ڕوو.

- ((گوتار / discourse: لە تەعبیرەکانی جیاوازدا، پێناسەی جیاجیای بۆ دەکرێت، بەبڕوای ئێمیل بنوەنیست (1953 – ١٩٧٦) گوتار بەشێکی زمانە، کە پەیوەندی بە قسەبێژ و شوناسەکەی (identity) و هەڵکەوتی کاتی و شوێنی ئەو هەیە، لەم بۆچوونەدا گوتار بریتییە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و شوناسسازی زمان)).[1]

- ((گوتار بریتییە لەو دەربڕینانەی، کە قسەکەر لەڕێگەیانەوە هەوڵ دەدات، کاربکاتەسەر هەست و سۆزی بەرامبەر، یان بەرامبەر بوروژێنێت و وەڵامێکی تیادا دروستبکات، ئەمەش بەگوتارێکی زارەکی ناودەبرێت، لەگەڵ هەموو جۆرە دەستنووسێکیشدا کە تایبەتە بە خودەوە، وەکوو نوسینەوەی یادگاری و نامە و تەنانەت شانۆگەریش، لەگەڵ هەموو بەرهەمێکی فێرکاری و ئاڕاستەکاریدا، واتا کۆی هەموو ئەو شێوازانەیە کە تاك ئاڕاستەی دەوروبەری دەکات)).[2]

- ((گوتار: چەند هێماو ئاماژەیەکن،کە ستراتیژی دەربڕین پێکدەهێنن، بەهۆی چەند پێکهاتەیەکی واتایی و ئەرکی سوودمەندانەوە کە بەش یان گشت پێکهاتەکان وەکو یەك دەبن، یان لەیەك جیاوازدەبن)).[3] لێرەدا ئاماژە دەدرێت بەو دەستەواژە و دەربڕینانەی لە گوتاردا بەکاردەهێنرێت، زیاتر شێوازێکی ئاراستەکاری و لەهەمان کاتدا کاریگەریان پێوە دیار دەبێت.

- ((گوتار زاراوەیەکی گشتی یە، تایبەتە بەهەر نموونەیەك لەبارەی بەکارهێنانی زمان واتا ئەو زمانەی لەئەنجامی کردەی پەیوەندیکردن بەرهەمدێت، زاراوەی گوتار، دەق، زۆرجار لەبری یەکتر و بۆیەك مەبەست بەکاردێن، هەروەها گوتار سیستمێکی گوتەییە جەخت کردنەوە لەسیمای گوتەیی گوتاریش لەبنەڕەتدا لەکارکردنی زمانەکانەوە لە زمانی ئاخاوتنەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ئاخاوتن سیمایەکی گوتەیی تایبەتی تاکە لەنێو سیستمە ئاماژەییەکاندا، گوتار لەهەموویان پتر گوزارشت لەزمان دەکات)).[4]

---

[1] چارلز برێسلێر، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی (پێشەکیەك بۆ تیۆری) وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە : عەبدولخالق یەعقوبی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2002، ل 6

[2] لطيف الزيتوني، معجم المصطلحات الرواية، مكتبة لبنان – ناشرون، بيروت، 2002، ص 90

[3] عبدالواسع الحميري، ماالخطاب وكيف نحلله، الطبعة الاولى، (مجد) المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، 2009، ص9.

[4] شێرکۆ حمە أمین قادر، شیکارکردنێکی گوتاریی هەواڵ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2009، ل (31-32)

- ((گوتار كارێكی گرنگە، كە لێدوان و گفتوگۆی زۆری دەوێت، هەروەها گوتار (خطاب) لە (خطب)ەوە هاتووە، كەبریتیەلەو گفتوگۆیەی لەنێوان دووكەسدا ڕوودەدات)).[5]

- ((گوتار بریتیەلە چەند دەستەواژەیەكی بەیەكداهاتووی ئاراستەكارین، بەمەبەستی بڕواهێنان بە بەرامبەر و جووڵاندنی هەستە، بەهۆی چەند یاسا و دەستورێكی دارێژراوی زمانەوانییەوە بەڕێوەدەچێت، كەلەپێكهاتەیدا واتای (سەرزەنشت و گلەیی یان پیاهەڵدان) یان (ئامۆژگاری و دوورخستنەوەی خەڵك لەشتێك)، یان ڕەگەزی دادوەری لەخۆدەگرێت كەلە (پارێزگاری كردن و تاوانباركردن) دا دەبینرێتەوە)).[6] لێرەدا گوتار شێوازێكی ئاڕاستەكاریی و ئامۆژگاریی ڕاستەوخۆیە بۆ بەرامبەر، زیاتر لەشێوەی وتارێكی (ئاینی یان كۆمەڵایەتی)دا دەبینرێتەوە.

- ((گوتار discourse – لەوشەی (discurer)ی لاتینیەوە وەرگیراوە، ئەم وشەیەش لەسەرەتادا هیچ پەیوەندیەك نەیبەستووەتەوە بەو واتایەی ئێستا هەیەتی واتا گوتار لەزمانی لاتینی دا بەواتای (ڕێڕۆیشتن بێرە و بەوێ دا)هاتووە، دواتر واتاكەی گۆڕاوە بۆ ئەو تێكستانەی گوزارشت لەبیرێكی دیاریكراو دەكەن)).[7]

## ٢. گوتاری جەستە لەچەند ڕوانگەیەكەوە:

لەسنوری ئەم باسەدا هەوڵمانداوە لەگرنگی و ڕۆڵی جەستە بكۆڵینەوە ، لەچەند ڕوانگەیەكی جیاوازەوە مانای جیاوازی بدەینێ، جەستە وەكو كانگایەك و سەرچاوەیەكی بنەڕەتی ژیان لەگەڵ چالاكیيە زمانییەكاندا، جووڵە و ئاماژەكانی جەستە وەكوو چالاكییەكی نازمانی دەردەكەون و(( هێماوئیشارەتەكانی چەندین واتای جیاواز دەبەخشن كەگرنگیی بوونی مرۆڤ دەردەخەن . هەروەها بەشداریی كاری ئاخاوتن دەكەن، كەلەخودی خۆیدا پەیوەندی كۆمەڵایەتی مرۆڤی لەسەر بنیاد دەنرێت)).[8]

لەهەر ڕەهەندێكەوە كەباسكراوە جەستە گوتاری جیاواز دەدات، چونكە ژیانی مرۆڤ هەمیشە لەبەردەوامیی و تازەبوونەوەدایە، مرۆڤ بەسروشت بەشوێن نوێگەریدا دەگەڕێت، لەبەرئەوەی سروشتی ژیان پێویستی بەو گۆڕانكاریانەیە.

لەبەرئەوەی ڕۆمان بەشێكی گرنگی ئەدەبە و ئەدەبیش لەسروشتی خۆیدا بریتیە لە هونەر، بێگومان لەسەر تەكنیك و شێواز و پرۆگرامی تایبەتی دادەنرێت، ئەم تەكنیك و شێوازانەش، لەڕۆمان نووسێكەوە بۆ ڕۆماننوسێكی تر جیاوازیی تێدەكەوێت، جەستە بەشداریی لەكاری ئاخاوتن و پەیوەندی كۆمەڵایەتی ژیانی

---

[5] صلاح ملا عزيز، جماليات الاشارة النفسية فى الخطاب القراني، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، سوريا، 2010، ص41

[6] صابر محمود الحباشة، الاسلوبية والتداولية (مداخل لتحليل الخطاب)، الطبعة الاولى (اربد) عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، 2011، ص104

[7] میران جلال محمد، گوتار لە ڕۆمانی كوردیدا (1975 -2000) باشووری كوردستان، تێزی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی، سكوڵی زمان، بەشی كوردی، 2014، ل31

[8] مراد ليمام، دراسات أدبية و نقدية www.anfasse.org

کارەکتەرەکاندا دەکات، لەبەر جیاوازیی فرە ڕەهەندەکانی ژیان و جیاوازیی شێوازی هەر نووسەرێك،گوتاری جەستەش بەشێوازێکی تایبەتی دەردەبڕێت و جیاواز دەبێت لەنووسەرێکیتر.

هەروەها (شێرکۆ حمە امین قادر) دەربارەی گرنگی ئاماژە نازمانییەکان _جەستەییەکان_ و ڕۆڵی لە بەشداریکردنی لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ ئاماژە زمانییەکاندا، دەڵێت: ((گوتار خاوەنی ئەرك و گەیاندنی پەیامە بۆ بەرامبەر، لەپێناو باش گەیاندن و کاریگەری زیاتردا، پێویستی بەهۆکاری نازمانی دەبێت، وەکو دەوروبەر و ئاماژەکان)).[9]

### أ. گوتاری جەستە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە

بەپێی بیروڕا و بۆچوونی کۆمەڵگاکان ، بەپێی قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و ئەو هەل و مەرجەی لەناوکۆمەڵدا ڕەفتاری پێ دیاریکراوە، کەم و زۆر ئاوڕ لە بابەتی جەستە دراوەتەوە و لەزۆربەی قۆناغەکاندا سروشتی کۆمەڵ بەو جۆرە بووە بەبێ نرخی مرۆڤ و سەیرکردنی وەکوو کاڵایەك یان ئامرازێك بۆ بەرهەم هێنان و وەکو بەڕێکەری کاروچالاکییەکانی ژیان بەگشتی، هەر لەم ڕووەوە و وەکوو هۆکارێك جەستەی مرۆڤیش فەرامۆشکراوە و بەزۆر شێوەی جیاواز کە ڕەنگدانەوەی کلتوور و داب و نەریتی هەرقۆناغێکە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، چەوسێنراوەتەوە.

زۆر جەنگ و داگیرکاریی و هێرش و پەلاماردانی مرۆڤ بۆیەکتریی، ئاسایی بووە خوێنی بڕێژرێت سووکایەتی پێبکرێت کڕین و فرۆشتنی پێبکرێت لەزۆرکاتیشدا زیندەبەچاڵ کراوە، بەتایبەتی ئافرەت لەم دیاردەیەدا قوربانی سەرەکیی بووە ، بەهێزی زوڵم و زۆرداریی و وەکو دروستکەری نەنەنگی و عەیبە بۆ خێزان و بنەماڵە و تیرە و هۆز، بەم بیانوانەوە زیندەبەچاڵ کراوە، هەروەکو دەوترێت مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەم چەند دیاردەیە وەکو دەستوور و کلتورێك لەزۆر قۆناغی ژیانی مرۆڤدا دووبارەبووەتەوە، وەکو سەردەمی یۆنان، یان سەردەمی بت پەرستی و پێش هاتنی ئایینی ئیسلام و تەنانەت دواتریش بەتایبەتی لەسەردەمی خەلیفەکان و ئەمیر ودەسەڵاتدارەکاندا وەکو سەردەمی خەلیفەکانی عوسمانی – دەوڵەتی عوسمانی – بەناوی ئایینەوە چەندین ئافرەتی وەکو خزمەتکار یان جاریە هەبووە بێجگەلەو ئافرەتانەی کە ژنی خەلیفە بوون و پێشوومار لەناوکۆشك و سەراکانیاندا سووڕاونەتەوە، وەکو داب و نەریتی تایبەتی ئەمیر و خەلیفەکان بەنەنگی و لەکەدار بوون لەقەڵەم نەدراوە و زۆر دیاردەیەکی ئاسایی بووە، بێگومان لێرەدا جەستە ئەوپەڕی بێ نرخ و لەئاستێکی زۆر نزمدا سەیرکراوە، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو مرۆڤ -ئافرەت بەتایبەتی- هەموو مافێکی مرۆڤانەی لێسەنراوەتەوە. هەروەها پیاویش بۆ خزمەتکردنی پاشا و میرەکان کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە . لێرەدا چەند داب و نەریتێك لە چەند قۆناخێك دا بەپێی ڕاوبۆچوونی بیرمەندانی کۆمەڵناس و مرۆڤناس دەخەینەڕوو.

---

[9]شێرکۆ حمە أمین قادر، شیکارکردنێکی گوتاریی هەواڵ، ل (31-32)

- (جان جاك ڕۆسۆ) وەكو بیرمەند و فەیلەسوفێك لەسەردەمی خۆیدا زۆر بیر و باوەڕی مرۆڤانەی بڵاوكردەوە و نرخ و بەهای مرۆڤی لەسەروو هەموو بوونێكیترەوە داناو لەڕوانگەی فەلسەفەی سروشتەوە، شوێن و پایەی مرۆڤی بەرزڕاگرت، بوو بەیەكێك لەو مرۆڤانەی لەجیهاندا دەنگی مرۆڤی چەوساوە و ژێردەستەی بەرزكردەوە، دژی هەموو توند و تیژییەك بوو كە بەرامبەر مرۆڤ بكرێت، مرۆڤیش یەكێكە لەو بوونەوەرانەی لەسروشتدا خولقاوە، بێگومان جەستەشی بەنرخ و پیرۆزە و دەبێت لەتوندوتیژی و چەوساندنەوە بپارێزرێت و وەكو بیرمەندێكی خاوەن هەڵوێست و مرۆڤ پەروەر لە جیهاندا ناسرا و ((لەبواری پەروەردەدا گرنگی زۆر بە مرۆڤ و جەستەی مرۆڤ داو هەوڵیداوە مرۆڤێكی ئازادی سەربەستی دوور لەگرێ و ئازاد لەڕووی جەستەوە بێتەكایەوە، لەو سەردەمەدا بەهاونەریتەكان زۆر كەم هەستی پێ دەكرێت، بەچاوی خۆی زوڵم و چەوسانەوەی دەروون و جەستەی مرۆڤی بینیوە، لەسەردەستی دام و دەزگاكان دا دەچەوسانەوە، لەبەرئەوە هەوڵی داوە سەرجەم بوارەكان بگۆڕێت، لەسەردەمی ڕۆسۆدا دەیانوت مرۆڤ شەر خوازە نەك خێرخواز، دەبێ بە پەروەردەیەكی ئاینی پەروەردە بكرێت)).[10]

مرۆڤ لەوسەردەمەدا زۆر بێ نرخ و و بایەخ سەیركراوە وەكو بوونەوەرێكی خراپی دڕندە كە دەبێ بەپەروەردەیەكی تایبەتی و ئاینی ڕابهێنرێت، ئەم تێڕوانینەش پیاوانی كڵێسە و قەشە و پیاوە ئایینیەكان بڵاویاندەكردەوە، بۆئەوەی لەژێر ناو و دەسەڵاتی ئایین و لەژێر سێبەری دەسەڵاتی كەنیسەدا چەندین خراپە و بەدڕەوشتی ئەنجام بدەن. بەرامبەر ئەم هەڵوێستەش ڕۆسۆ جارێكیتر نرخ و بەهای مرۆڤ و شوێن و پێگەی سەقامگیر كردووە و بانگەوازی دەكرد كە بگەڕێنەوە بۆ سروشت، هەتا لەژێر دەسەڵاتی خراپەكارانەی كەنیسە دووربكەونەوە و بە سروشت مێشكی مرۆڤ زاخاوبدرێتەوە و لەم ڕووەوە گرنگی زۆربەجەستە دەدات و دەڵێت: ((پەروەردەی جەستە و هەستەوەر هێز و ئەندامەكانی لەشی منداڵ بكەو واز لەگیانی – ڕۆحی – بهێنە، بابۆخۆی زۆرترین كات، بحەسێتەوە)).[11]

لەهەردوو قۆناغی كشتوكاڵی و سەرمایەداریشدا جەستە لەژێر باری چەوساندنەوەی ئازار و ڕەنج و ماندووبوندا بووە، هەروەكو ئاشكرایە سەردەمی كشتوكاڵی بەهۆی زۆرداری ئاغا و خاوەن موڵكەوە جوتیار ڕەنج و ماندووبوونی بەفیرۆ ڕۆشتووە مرۆڤ هەمیشە بەرهەمهێن بووە، بەهۆی گۆڕنكاریی ژیانی كشتوكاڵی بۆ سەرمایەداریش بارودۆخی ژیانی زۆربەی خەڵك بەرەو خراپتر ڕۆشتووە، لەناو كارگەكاندا كاری قورس و گرانیان بەمنداڵكردووە و دوور لە نرخ و بەهای مرۆڤانە و قۆستنەوەی هەلی كار بۆ زیاتر چەوساندنەوەی كرێكار و ((بەكارهێنانی شێوازی دڕندانە و ئازاردانی منداڵ، وەک كاركردن لەژێر سایەی هەل و مەرجی خراپی كانەكان و كارگەكاندا، ئەمەش بەهۆی چاوچنۆكی خاوەن كارگەكان)).[12] بەوپێیە هەروەک چۆن جەستە لەسەردەمی كشتوكاڵیدا ماندووكراوە لەسەردەمی سەرمایەداریشدا هاوشێوەی كشتوكاڵی جەستە ئامێرێک بووە

[10] كەریم شریف قەرەچەتانی، سروشتی مرۆڤ لەڕوانگەی جان جاك ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆید، چاپی دووەم، چاپخانەی پیرەمێرد، لەبڵاوكراوەكانی باخچەی منداڵانی ژوانی ئەهلی، سلێمانی، 2016، ل24.

[11] هەرئەو سەرچاوەیە، ل36

[12] ئەنتۆنی گیدنز، دەروازەیەكی ڕەخنەیی بۆ كۆمەڵناسی ، و: ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013، ل165

بۆ بەرهەمهێنان هەتا ئەوڕادەیەی لەهەمانکاتدا جوتیاریش و کرێکاریش بووە . ئایین ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لەسەرجەم کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا بینیوە، هەرئایینە بەپێی خۆی ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵی گۆڕیوەو دیاریکردووە لە مامەڵەو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیاندا و لە ورد و درشتی ڕەفتاریاندا وەکو لە ڕێ و ڕەسمێکی کۆمەڵایەتی بەکاریانهێناوە جگە لە پیرۆزی و بەنرخی ئەو بیر و باوەڕانە لەهەر ڕۆژگارێکی مێژوودا. بەو واتایەی ئایین بە پێودانگێکی کۆمەڵایەتی لێکدەدرێتەوە و دەکرێت بە بنەمای گشتی ڕەفتاری سەرجەم ئەو کۆمەڵە هەروەکو ((ئەمیل دۆرکهایم، بنەمایەکی زانستی لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی، بۆ لێك دانەوەی ڕۆڵی دین دانا و وەکو سیستمێك لە سیستمەکانی پێکهێنەری بینای کۆمەڵایەتی ناساندی،.، ئایین وەکوو سیستمێکی کارای ناوبینای کۆمەڵایەتی لەپلەی مەعریفەی دینییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو دام و دەزگاکانی کۆمەڵایەتی و ئەو دام و دەزگایانەی بڕوا ئاینیەکان لەمەعریفەوە دەکەنە ڕێ و ڕەسمی بەگەلەکۆی کردەوەیی و لەشوێنی تایبەتی خۆیدا، ئەنجام دەدرێن، وەکو مزگەوت و جەژن و ڕەسمە دینیەکان )).[13]

ئەو داب و نەریتانەی لەکۆمەڵدا پەیڕەودەکرێن بناغەیان لە قۆناغەکانی پێشووی ئەومیلەتەوە دروستکردووە و بەجۆرێك وەکو خوو ڕەوشتی تاك و کۆمەڵ پەیڕەودەکرێن، ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ ئایندا دەبینین ئایین بە دووبارەکردنەوە و پەیڕەوکردنی لەژیانی ڕۆژانەدا وەکو لە داب و نەریتیان لێدێت و سەقامگیر دەبن، بەڵام مرۆڤ بەسروشت بەستراوە بەکۆمەڵەوە هەڵسوکەوت و خووڕەوشتی دەوروبەری کاریتێدەکات، بەڵام بیروباوەڕی ئایینی جیاوازیش بەدیدەکرێت، دەبینین زۆرجار لەیەك کۆمەڵدا پەیڕەودەکرێن بەبێ ئەوەی کاربکەنەسەر یەکتری یان جێگە بەیەکتری لەق بکەن، بەڵام داب و نەریت دەگوێزرێتەوە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مرۆڤ لەیەك کۆمەڵدا تەواوکەری یەکترین یان زۆرجار ئاوێنەی ڕەوشتی بەرامبەرەکەیانن بەڵام ئەمەش نابێت بە هۆی ئەوەی گومان لەبەکلتور بوونی ئایین بکەین لەهەندێك شوێن و بەمانایەکی تایبەتی نەك گشتی.

لەم ڕووەوە(سەلام ناوخۆش) دەربارەی جیاوازیی کلتور و ئایین دەڵێت : ((دین بەتایبەتی ئیسلام ئەوەیە: پرانسیپەکانی ئیسلام نوسراون هەروەها ئیسلام پەیامی ئیلاهیە، هیچ پەیوەندیەکی بەخێڵەکی و سەرمایەداری نیە،هەرچی پرانسیپەکانی کلتورن عادات و تەقالید و چاند و تیتاڵ و تورەی خەڵکن دەرهاویشتەی ئەزموون و کتێبی ئاینی کۆن و میزاژی خەڵکی کورد وەرگیراون، کەواتە بەپێچەوانەی دینەوە کلتوری کوردی دەرهاویشتەی ڕەفتار و کردەوەی مرۆڤی کوردن)).[14]

هەندێک ڕاوبۆچوون سەبارەت بە ئایین و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ جەستەدا بە جۆرێک دەکەوێتە ڕوو ، کە جەستە کۆت و بەند کرابێت و لەهەموو مافێکی سروشتی و مرۆیی بێبەریکرابێت، هەروەک (عادل باخەوان) لەم ڕووەوە دەڵێت: ((جەستەی ئافرەت کەوتۆتە ناو سیستمێکی جەبرگەرایی، بست بەبستی جەستەی

---

[13] سەرۆ قادر، (کۆمەڵگە،دین و توندوتیژی)، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2012، ل (9-11)

[14]سەلام ناوخۆش، ئافرەت و کلتور - توێژینەوەیەکە لەمەڕ ئافرەتی کورد کەلەکلتوری خێڵەکی و کلتوری ڕۆژئاواییدان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێ نوێ، 2015، ل9.

ژن، ژنی جەستە،ژن وەکو جەستە، بەچەندین نۆرم و ڕێگاو حەرام و حەڵاڵ، یاسا، گرەو، ستراتیژ، جائیز، مەکروە، موباح، ڕێك خراوە،...، لەکۆمەڵگای کوردستانیش دا پێش لەدایك بوونی هەر ژنێك، ئاین جیهانێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئامادە کردووە، ....، لەدۆخێکی ئاوادا جەستەی نۆرمالیزەکراوی ژن دەبێت بەجێگەی شانازی ئەوانیتر، ئەم جەستەیە ئیتر بەتەنها ژنێکی تیادا ناژی، بەڵکو شەرەفی کۆمەڵگەیەکیشی تیادا دەژی)).[15]

هەندێکجار لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی بەبێ ئەوەی ئاگاداری هەموو لایەن و مەوداکانی مانای دەقە ئایینیەکان بێت، چەندین مانایان بە ویستی خۆی دەداتێ، هیچ ئایینێك جەستەی مرۆڤ ناچەوسێنێتەوە یان بیکاتە ناو قاڵبێکەوە و لەڕوانگەی دەقەکانیەوە هەموو هاتنە دەرەوەیەکی لێ حەرام بکات. زۆربەری جار ڕەفتاری نەشیاو و ئەوانەی کۆمەڵگا وەکو کلتور یان دەستووری کۆمەڵایەتی ڕەتیان دەکاتەوە لەهەرتاکێکدا هەبێت، هەر بەوپێودانگە کۆمەڵایەتیانە مرۆڤەکان لەوکۆمەڵەدا جێگایان نابێتەوە نەوەک بەهۆی خودی ئایینەکەوە.

ئایین وەکو کلتورێك بەشداری لەدید و تێڕاونینی مرۆڤی سەرەتاییدا کردووە یان بە مانایەکی تر تێڕوانینەکان زۆر بیروباوەڕیان لەڕووی ئایینەوە هێناوەتەکایەوە، مرۆڤ سەرەتا چەندین خواوەندی دروست کردووە لەخەیاڵ و ئەندێشەیدا و دواتر پەرستوونی، کە ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لەدروستبوونی کلتوری ئەو کۆمەڵەدا و ئەم جۆرە تێڕوانینانە گواستراونەتەوە بۆ چەندین کۆمەڵگایتر و کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و سەرنجدانیان بۆ ژیان هەبووە و ڕۆڵێکی (نەتەوەیی کلتوری) وەرگرتووە و وەکو جۆرێک لەداب و نەریت پەیڕەویکراوە، دەبینین ((ئاین تەنیا ئەوکاتە دەبێت بەئاین، کاتێك سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ملکەچی خۆی دەکا دەنا خەڵك پەڕەوی ڕێسا و بنەماکانی ناکەن، لێرەشەوەیە ئایین دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەڵام دەبێ ئەوە بزانین سیستمی کۆمەڵایەتی تەنها بریتی نییە لەئایین، یاخود ئایین لەناو سیستمی کۆمەڵایەتیدا هەموو شتێك نییە، بەڵکو دەبێتە یەکێک لە توخمەکانی کلتوری کۆمەڵگا، ئەگەرچی توخمێکی هەرەگرنگ)).[16]

لێرەدا ڕەوتی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ بەهۆی ئایینەوە – تەنیا ئایینەوە- ڕوونابێتەوە ئەگەر ئایین وەکو داب و نەریتی کۆمەڵی لێهات و بەتەواوی لەڕەفتاری تاکەکانیدا ڕەنگیدایەوە ئەوکاتە دەبێتەبە بەشێك لەکلتور نەك هەموو کلتور.

سەبارەت بە کلتور لەفەرهەنگی (ئەنترۆپۆلۆجیا)دا: ((هەموو ئەوانەی کە بۆ کۆمەڵگا جێماوە لە نەوەکانی پێشوەوە لەسیستم و بەها و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و فیکری و ئاینی و شێوازی ڕەفتار و ......، ئەمەش وەچە بۆ وەچە دەگوێزرێتەوە)).[17] واتا شێوازی ڕەفتار و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و جووڵەی بەکلتور دەستنیشان دەکرێن.

---

[15]عادل باخەوان، سۆسیۆلۆژیای بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی غەزەلنووس بۆچاپ و بڵاوکردنەوە، 2015، ل (89-91)

[16]ڕەشاد میران، چەند بابەتێکی ئێتنۆ – کۆمەڵایەتی (وتار، توێژینەوە، وەرگێڕان)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی (خانی)، دهۆك، 2010، ل57

[17]سەلام عبدولکەریم، موقەدەس و کلتور، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007، ل47

ئەو خو و ڕەوشت و نەریت و دەستوورانەی لەنەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە و لەوەوە تاك ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دیاریدەکرێت و بەپێی بنەما و دەستووری کۆمەڵایەتی دەوروبەری ڕەفتار و ئاماژەکانی جەستەی واتا هەڵدەگرن، ئەمەش بێگومان ڕۆشنبیری و شارستانیەت و ئاستی تێگەیشتنی ئەو کۆمەڵە دەردەخەن کەبەهۆی زانستی ئەنترۆپۆلۆجیاوە لێکدەدرێتەوە . (ئۆگست کۆنت) کە بەدامەزرێنەری زانستی کۆمەڵایەتی دادەنرێت ((بڕوای وایە تاك لەڕووی هەڵسوکەوت و ڕەفتارییەوە دیاریدەکرێت و لە کۆمەڵدا دەناسرێت، ئەمەش لەڕێی ئەو هەلومەرجەوەیە کە تیایدا دەژی)).[18]

هەروەها بەهۆی زانستی دەروونناسیی – کۆمەڵایەتیەوە ڕفتار و هەڵسوکەوت و ئاماژەکانی جەستەی تاك لەکۆمەڵدا ڕووندەبێتەوە و بەپێی پێۆدانگ و دەستووری کۆمەڵ زۆرجار تاك هاوڕایەو ڕەفتارەکانیشی ئاساییین، بەڵام زۆرجار وەکو کەسێکی نامۆ بەکۆمەڵەکەی دەردەکەوێت، بەو واتایەی هەموو ڕەفتارێکی کۆمەڵ بەورد و درشتییەوە لەڕوانگەی سۆسیۆ سایکۆلۆجیەوە دەخرێتەڕوو ((لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن دەوروبەر و ژینگە کار لەهەست و هزر و دیدو بۆچوونەکانی دەکەن، ڕەفتار و بیرکردنەوە و هەڵچوونی تیادا دروست دەکەن)).[19]

(کامەران محەمەد) ڕاوبۆچوونی لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی (سبنسر) دەخاتە ڕوو، بەپێی ڕاوسەرنجی (سبنسر): ((کلتوری وەکو کایەیەکی سەروو جەستەی مرۆڤی ناوبردووە، مەبەستی جیاکردنەوەی کلتور بووە لەهۆکارە جەستەیی و سرووشتیەکان، لەوباوەڕەدا بوو کایەی سەروو جەستەیی تایبەتە بە مرۆڤ، ئەمە لەکاتێکدا مرۆڤ لەدووکایەی دیکەوە (سروشتی و جەستەیی) لەگیانلەبەر دەچێت)).[20]

لێرەدا بوونی جیاوازی نێوان مرۆڤ و گیانلەبەریتر بەکایەی سەرووجەستییەوە دیاریدەکات کە بریتیە لە کلتور و کۆی هەموو هەست و دەروونی مرۆڤ کەلە گیانلەبەری تری جیادەکاتەوە یان کۆی هەموو بوونێکی مرۆڤی بەکایەی سەروو جەستەوە دیاریکردووە، کە زۆر جار لێکچوونی تیادا بەدی دەکرێت.

(کامەران محەمەد) جووڵە و ئاماژەکانی جەستە و ڕەفتارەکانی مرۆڤ وەکو جۆرێك لەکلتور سەیردەکات و هەموو جووڵەیەکی جەستەی مرۆڤ لەکۆمەڵێکی دیاریکراودا بەکلتوور ناودەبات، بەوپێیەی ((کلتور تەنیا کۆمەڵێکی کەڵەکەبوو لەداب و نەریت و شێوە جیاوازەکانی ژیان نییە، بەڵکو سیستمێکی ڕێکخراوە لە ڕەفتارەکان، یان بەشێوەیەکی گشتی ژیانی گروپێك یان چەند گروپێکە لەخەڵك)).[21]

چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ جەستە لەهەندێك کۆمەڵدا بەپێی کلتور یان ئایینە ،کە بەشێکە لەکلتور، لەوانەیە لەهەندێك شوێن و کۆمەڵێتر دا وەکو کلتور سەیری جەستە نەکرێت و بەپێی ویست و خواستی تاك بێت

---

[18] خەلیل عبدولڕەحمان معایتە، دەروونناسی کۆمەڵایەتی، و:سەلاح سەعدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر، 2013، ل (19-20)
[19] هەرئەو سەرچاوەیە، هەرئەوپەڕەیە.
[20] کامەران محەمەد، کلتور لەنێوان وەرگرتن و ڕەت کردنەوەدا (توێژینەوەکە لە میتۆدە جیاوازەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کلتور دەکۆڵێتەوە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی، 2007، ل18
[21] ، کامەران محەمەد، کلتور لەنێوان وەرگرتن و ڕەت کردنەوەدا ، ل 20

نەك كۆمەڵ، واتا ڕەفتار و هەڵسوكەوت و دید و بۆچوونی خەڵك سەبارەت بە جەستە لە ڕوانگەی تاكڕەوییەوەیە ،مامەڵە و تێڕوانینیان بۆ جەستە جیاوازە، بۆنموونە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەندێك ڕەفتار وەكو كلتور لەقەڵەم دەدرێت و لە ڕۆژئاوادا ئەم دیاردەیە بوونی نییە و بەكلتور دیاری ناكرێت و شێوازێكی حەز و ویستی تاكی پێوەدیارە.

لەدید و تێڕوانینی كۆمەڵەوە دەربارەی هەردوو دیاردەی سێكس و ئیرۆتیكا، سەرنج و ڕاوبۆچوونی- بۆنموونە- دووكۆمەڵی جیاواز و دووژینگە و پەروەردەی جیاواز، بێگومان جیاوازی دەكەوێتە نێوان بیر و بۆچوونەكانیانەوە و مامەڵەكردن لەگەڵ جەستەدا بەو پێودانگە ئاكاری و ڕەوشتیانە دەبێت، كە هەرتاكێك لەدەوروبەریەوە وەریدەگرێت، لەكۆمەڵگای ئێمەدا جەستە شێوازێكی پۆرنۆگرافی دراوەتێ نەك ئیرۆتیكی و خودی پەیوەندییەكان بە پەیوەندی هاوسەریشەوە هۆكاری دابین كردنی حەز و ئارەزووە جەستەییەكانە نەك پەیوەندی ڕۆحی و دەروونی، لەكۆمەڵگای ئێمەدا وەكو زۆربەی كۆمەڵگاكانی تری مرۆڤایەتی ((باس لەسێكس دەكات لەجیاتی ئەوەی باس لە ئیرۆتیك بكات، مەبەستیشی پۆرنۆگرافیانەیە، كۆمەڵگای ئێمە دوور لەبەها مرۆڤانەكەی مێیینە تەنها وەكو كائینێك دەتوانیت سەیری بكەیت و تەنها باس لە جەستەی بكەیت و لەجەستەیدا هەمووی ببینیتەوە و بەپێی جەستەشی هەڵیسەنگێنی)).[22] بەو واتایەی هەموو نرخ و بەهایەكی مرۆڤایەتی لەپەیوەندیەكی جەستەدا دەبینرێتەوە نەوەک ڕۆحیی و دەروونیی، تێڕوانینی ڕەگەزی نێر بۆ ڕەگەزی بەرامبەری بەهۆی كاریگەری ئەوپەروەردە ڕۆشنبیرییەوەیە كە داب و نەریتی نێر سالاری هێنایەكایەوە، بەمەش ئافرەت هەمیشە بەپلە دوو یان ڕەگەزێكی لاواز لەڕووی جەستە و ژیریی و كەسایەتییەوە ئاوڕی لێدراوەتەوە و ئەم هەڵوێستە بەرامبەر ئافرەت لەزۆر كات و سەردەمی ژیانی مرۆڤدا دووبارە بووەتەوە و هۆكار و پاڵنەرەكان بەهاوشێوەی یەكتری سەرنجی ڕەگەزی نێری بەهەمان بار و ئاقاردا بردووە.

دیاردەی خۆشەویستیش بەهەمان شێوە لەدیدو تێڕوانینێكی جەستە و حەزوخولیای مرۆڤ و ئالوودەبوونی بۆ جەستە باسكراوە ، لەبەرئەوەی ئەم دیاردەیە بەئاشكرا لەكۆمەڵدا وەكو كلتورێك و داب و نەریتێكی چەق بەستووی لێهاتووە، بوونی دیاردەی خۆشەویستی لەهەرشوێنێك و لای هەر كەسێكی كۆمەڵ، بێگومان هەمان واتای دراوەتێ و زۆرجار بەنەنگی و ئابڕووچوون لەقەڵەم دراوە، بەڵام وەكو دیاردە هەربوونی هەبووە - هەروەكو لەباسەكانی پێشتردا ئاوڕمان لەم بابەتە داوەتەوە - ئەم دیاردەیە و تێڕوانینەكانی كۆمەڵیش بەپێی مێژوو و بەپێی جۆری پەروەدەی ئەو كۆمەڵە جیاوازیی كەوتۆتە ڕاو بۆچوونەكانەوە ((خۆشەویستی لەڕوانگەی بۆچوونی –كارل ماركس-ەوە ناوەرۆكێكی كۆمەڵایەتی هەیە، لەلای (باسكال)یش بە هەمان شێوە یەدیاردەیەكی كۆمەڵایەتی و دەروونیی ناویدەبات، بەڵام ئەوەی زیاتر جەختی لەسەر لایەنی سێكسی كردۆتەوە لەپەیوەندی خۆشەویستیدا (سیگمۆند فرۆید)ە، بەهەمان شێوە(شۆبنهاوەر و نیتشە)ش

[22] ڕێبوار سیوەیلی، لەپەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی (خوێندنەوەیەكی كۆمەڵناسانەی پەیوەندی خۆشەویستی)، چاپی دووەم،چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2005،

گرنگیان بەڕۆڵی ژیانی سێکسی داوە لە پەرەپێدانی کەسێتی مرۆیی، بەڵام بەهۆی کاریگەری ئاین و کۆمەڵایەتی، مەسەلەی ژیانی سێکسی بەئاڵۆزیی ماوەتەوە)).[23]

خۆشەویستی وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەلای کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان بە دیاردەیەکی نەنگی و شورەیی لەقەڵەم دراوە، بەو واتایەی هەمیشە خۆشەویستی بەبوونی پەیوەندی جەستەیی نێوان دووکەس یان جۆرێك لەنزیکبوونەوە لێکدراوەتەوە، هەربۆیە بەو مانایەوە ماوەتەوە و بەپێی گۆڕانی کۆمەڵیش و وەرچەرخانی دید و بۆچوونەکانیشەوە، هەمان مانا و لێکدانەوەی بۆ کراوە بەپێچەوانەی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانەوە کە بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئاسایی لێکدراوەتەوە کە پەیوەستە بە سروشتی دەروونی تاکەکانەوە.

لەبەر ئەوەی داب و نەریتەکان و کلتورەکان ڕەفتاری تاك لەکۆمەڵدا دیاریدەکەن، بوونی دیاردەی پەیوەندی جەستەیی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز یان دوو ڕەگەزی وەکو یەك، بەپێی بارودۆخ و چۆنیەتی بیرکردنەوە و ڕەفتاری کۆمەڵگا دەردەکەون، بۆ نموونە یۆنانیەکان لەوێنەکانی سەر دیوارەی کۆشك و تەلارەکان و شوێنە دیارەکانیاندا - وێنە پۆرنۆگرافیەکان - یان هەر کۆمەڵێکیتر جۆری پەیوەندیەکان دەخەنە ڕوو، بۆنموونە (هەندێك کەس خاوەنی هەمان کەسایەتیە لەژیانی ڕۆژانەی و لەژیانی سێکسی دا یان هیترۆسێکسوالیتیە و لەگەڵ هاودژی ڕەگەزی خۆیدا پەیوەندی هەیە، هەندێکیش هۆمۆسێکسوالیتین و لەگەڵ ڕەگەزی خۆیدا و بۆ هاوڕەگەزی خۆی دەگەڕێت لەو پەیوەندییەدا، هەندێکیش لەهەردوو جۆرە پەیوەندییەکە لەژیانیاندا ڕەنگدەداتەوە).[24]

بوونی ئەم دیاردانە و ئەم مامەڵانە لەگەڵ جەستەدا لەگەڵ ئەوەدا لەزۆرباردا لەنرخی مرۆڤ دەهێننە خوارەوە و بەهەموو مانایەك تەواو بێنرخی دەکەن، بەڵام ڕەنگدانەوەی ئەو داب و نەریتانەن کەلەکۆمەڵگایەکدا چەق بەستوون و وەکو کلتورێك سەیردەکرێن و ڕەفتاریان زۆر ئاسایی دەردەکەوێت، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە دەگاتە هاوسەرگیریکردن لەگەڵ توخم و ڕەگەزی خۆیدا، لای کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات وەکو دیاردەیەکی نامۆ سەیر دەکرێت. لەم تێگەیشتنانەوە بۆ جەستە و ئاماژەدان بەم جۆرە جیاوازانەی ڕەفتاری مرۆڤ، کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵی جیاوازمان بۆ ڕووندەبێتەوە، بەتایبەتی لەزۆر کۆمەڵدا و داب و نەریت ڕێگە بەزۆر لایەنی سێکسی نادات وەکو قەدەغە کراوێکی کۆمەڵایەتین پێش ئایینی، چەندین هۆکاری بڵاوبوونەوەی خراپەی وەکوو: وێنەو فلیم قەدەغەدەکرێت، بەهۆی ئەم چەپاندنانەوە جۆرێك لە یاخیبوونی دەروونی لێدەکەوێتەوە و لەشێوەی پەرچەکرداری خەوبینیندا بەرجەستەدەبن و شێوەی چەند وێنەیەکی سێکسی تایبەت بەخۆی و بەدەوروبەریەوە، دەبینێت.(د.فەوزیی دریع) دووهۆکار بۆ ئەم دیاردەی خەوبینینە دیاریدەکات:

---

[23] کەمال فاروق، لەپەراوێزی کەسێتیدا (خوێندنەوەیەکی سایکۆ سۆسیۆلۆجی ڕەفتار)، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، 2013، ل(١٦٦-١٦٧)

[24] فەوزیە دریع، یەك ملیۆن پرسیار و وەڵام دەربارەی سێکس، وەرگێڕانی:سۆزان جمال، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2013، ل163

(( ١. قۆناغی گەشە: خەوی قۆناغی منداڵی هەمووی سادە و ساکارە بەڵام لەقۆناغی گەشەکردندا گۆڕانگارییەکانی جەستە خۆی و پرسیارەکانی منداڵی، کە لە مێشکیدا هەڵیگرتبوو دەربارەی ....دەبینێت.

2- ئەزموونی مرۆڤ لەگەڵ جەستەیدا: مرۆڤ وەکو شتێ مامەڵە لەگەڵ جەستەیدا دەکات کە کاری تێدەکات یەکەمین هەستکردنی مرۆڤ لەکاتی شیربڕانەوە و جیابوونەوەی لە جەستەی دایکی کەپێشتر لەسەری ڕاهاتبوو دەست پێ دەکات)).[25]

هەروەها (نوال السعداوی) دەربارەی پەیوەندی خۆشەویستی و پەیوەستبوونی بەجەستەوە-جەستەی ئافرەت- و ڕاوبۆچوونی کۆمەڵگا دەربارەی دیاردەی پەیوەندی نێوان دووڕەگەز لە بوونی ڕایەڵەی نێوان هەرسێ لایەنی (لەش و هۆش و دەروون) دا بەرجەستە دەکات و وەکوو بنەمایەکی مرۆڤانەو هەستێکی مرۆڤانەی نێوان دوو ڕەگەزی بەرامبەر دەیخاتە ڕوو: ((یەکێ لەمانا ڕاستەکانی خۆشەویستی گونجانە، مانای گونجان ئەوەیە کە هەردوو خۆشەویستەکە وەکو یەك بن و کەسیان خۆی لەوی کەیان جیانەکاتەوە، ئەگەر هاتوو یەکێکیان خۆی بەمرۆڤ زانی، هەستی بەوەکورد کە هۆش و لەش و دەروونی هەیە، ئەبێ ئەوەش بزانێ کە ئەویتریشیان مرۆڤە و لەش و هۆش و دەروونی هەیە، هەرگیز ناگونجێ کە خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤێکی تەواو لەهەموو ڕویەکەوە دروست بێت، لەگەڵ یەکێکی کەدا، کەتەنها هەر لەشی هەبێت)).[26]

بەپێی ئەم ڕایەی (نوال السعداوی): ئەگەر کۆمەڵگا بەهۆی زەبروزەنگ و داب و نەریتی کۆنەوە هەست و نەست و سیمای مرۆڤانەی لەئافرەت کردەوە، جەستە بەتەنها بەبێ هەست و سۆز و بێ لایەنە مەعنەویەکەی یەکسان نابێت لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا لەبەرئەوەیە کە خۆشەویستی مانای خۆی لەدەستدەدات، بەو واتایەی خۆشەویستی بریتی نییە لە جەستە و جەستە پەرستی بەڵکو پەیوەندیەکی دەروونی و ڕۆحی نێوان مرۆڤەکانە.

سەبارەت بە ئاماژەدان بە بوونی هێز و وزەیەکی دەروونی و رۆحی لەبەرجەستەبوونی خۆشەویستی دا و دوورکەوتنەوە لەخودی جەستە، بۆ ئەم ئاماژەدانە، (یوری ریو ریکوف) دەڵێت:((وزە یەکێکە لەبناغەکانی بوون و لەڕووی واقیعەوە کردارە دەروونییەکان برتین لە کرداری درووستکردنی وزە، گەر دان بەبوونی ئەنگێزەی خۆشەویستی لەدروستکردنی وزەدا بنێین (Energy of Love)، ئەوا پێویستە دان بە بوونی جۆری جیاواز لە وزەدا بنێین، بەوزەی ڕۆحیشەوە))[27]

### ب. گوتاری جەستە لە ئاییندا :

---

[25] فەوزیە دریع، خەونە سێکسیەکان، وەرگێڕانی :سۆزان جمال، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2014، ل (90-92)

[26] نوال السعداوی، ئافرەت و سێکس، وەرگێڕانی :عوسمان عەبدولکەریم، چاپی دووەم، چاپەمەنی گەنج، 2007، ل208

[27] یوری ریو ریکۆف، خۆشەویستی و وزەی دەروونیی، وەرگێڕانی: سۆزان جەمال، چاپ یەکەم، (چاپخانەی کارۆ – وەزارەتی ڕۆشنبیری)، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، 2009، ل83

پەیوەندی ئاین بە داب و نەریتی کۆمەڵەوە لەقۆناغەکانی سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا بەدیدەکرێت، بەوپێیەی ئایین هەڵقوڵاوی کۆمەڵگایە، وەکوو هەر دیاردەیەکی تری ناو کۆمەڵ، مرۆڤ بۆ ڕێکخستنی ژیانی و بۆئەوەی کۆمەڵگا لەهەموو ڕوویەکەوە ڕێکبخات، پشت بە چەند دەستوور و داب و نەریتێك دەبەستێت، کە لە ئایینەوە دەستگیری دەبێت، چونکە ((ڕەوشت و ئایین لەدیاردەکانی کۆمەڵگان، ئەمەش بنەمای سەرەکی داب و نەریتە ڕەوشتیەکانە، هەر ئەو بنەمایەیە کە زانستی کۆمەڵناسی و ئایینی پشتی پێدەبەستێت، هەروەها زانایانی ئەنترۆپۆلۆجی گرنگی بەدیاردەکانی ڕەوشت و ئاین دەدات و وەکو پەیڕەو و پرۆگرامێك سەیری دەکات، کە ڕۆڵ و بایەخی لەپێکهاتەی بنیادی کۆمەڵدا دەردەکەوێت)).[28] بەمجۆرە ئایین هۆکارێکە لەهۆکارەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، کە ڕەوشتی مرۆڤ دیاریدەکات و لەو ڕوانگەیەوە گرنگی بە ئایین دەدرێت، کاتێك مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەکات.

بیروباوەڕە ئاینیە کۆنەکان چەندین ڕاستی دەخەنە ڕوو، دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ جەستەدا، دەبینین ((لەگوتاری – میتۆلۆجیا- دا، کەباس لە بیروباوەڕە ئاینیەکۆنەکان دەکات، جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵ وەکوو جۆرێك لە پەرستن بەکارهێنراوە، بەتایبەتی لەڕێ و ڕەسمی ئاینی و وتنەوەی سرووتەکانیاندا، بەکارهێنانی ئێسك و پروسکی مردوو وەکو کاسەی سەر و جومگەکان....هتد، وەکوو جۆرێك لەنرخ پێدان  وابوو بەو ئەندامانە، بەتایبەتی هەڵسوکەوت و سەما و جووڵەیەکی دڕندانە، لەگەڵ جۆرە ئاوازێکی تایبەتی دا بەو بۆنەیەوە، چەند کەسێکیش بە مۆسیقاوە دەیانوتەوە، بۆ نموونە هەندێك بۆنەی (جەنائیرییەکان) بۆ بەرز نرخاندنی جەستەی نادیارێك، هەروەها چۆنیەتی مۆمیاکردنی فیرعەونەکان، هەروەها پاراستنی ئێسك و پروسکی مردوو لەئاینی (تەوتەمی)دا، کە زیاتر جەستەی باو باپیرانیان بووە، ئەمەش جگە لە پەرستنی جەستە نەبێت، هیچ واتایەکی تر نادات و بەو مەبەستە بەکارهێنراون)).[29] ئایین وەکوو کلتورێك و وەکوو داب و نەریتێکی کۆمەڵێکی دیاریکراو، دەردەکەوێت، لەسەر ئەو بنەمایە هەموو ڕەفتارێکی تاك بەپێی یاسا ئاینییەکان و هەموو پابەند بوونێکی مرۆڤ بەو یاسایانەوە لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە، وەکوو لایەنێکی کلتور و داب و نەریتێکی کۆمەڵ دادەنرێت، بەو پێیەی ((کلتور بریتیەلە کۆمەڵێك نەریت، زانیاری، کارامەیی، ژیانی تایبەتی و گشتی لەکاتی ئاشتی و جەنگ دا، هەروەها ئایین و زانست و هونەر، ئەوەش لە گواستنەوەی تاقیکردنەوەکوانی ڕابردوو بۆ نەوەنوێیەکان خۆی دەنوێنێت)).[30]

لێرەدا ڕەفتاری مرۆڤ بەپێی ئایین وەکوو کلتورێکی کۆمەڵایەتی دادەنێت، هەروەها گوزارشتکردن و وەسفکردنی جەستەش لەڕووی ئایینەوە هەر دەبەستێتەوە بەکلتور و داب و نەریتی کۆمەڵەوە، بەوپێیەی ئایین بریتیەلە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی.

---

[28] قباري محمد أسماعيل، علم الاجتماع والفلسفة (الجزء الثالث)، الطبعة الثانية، 1968، ص27

[29] منير الحافظ، الوعى الجسدي، ص (111-112)

[30] نهاد عبدالله العبيد، تنمية المفاهيم الدينية و العلمية لطفل الروضة، تقديم : أ.د. محمد وجيه الصاوي، الطبعة الاولى، دار الحنين للنشر و التوزيع، عمان، الاردن، 2011، ص112.

ئایینە ئاسمانیەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا زۆر داکۆکی لەمافەکانی مرۆڤ دەکەن بەتایبەتی دەربارەی جەستە زۆر بەتوندی دژی هەموو چەوساندنەوەیەکی دەوەستنەوە، داوای لابردنی هەموو زوڵم و چەوساندنەوەیەکی جەستە دەکەن، دژی کۆیلەیەتی و ژێر دەستەیی و نا هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بوون، ئەمانە وەکوو هێڵێکی سەرەکی لەزۆربەی ئاینەکاندا دەبینرێن، بەتایبەتی دژی چەوساندنەوەی ئافرەتن و وەکوو ڕەگەزێکی هاوشانی پیاو لەزۆر بواری ژیاندا ئاماژە بەڕۆڵی کراوە، و زۆر بوار لەبەردەم ئافرەتدا واڵاکراوە، دەبنین ((قانوونە ئایینیەکان دەرفەتێکی فراوانتریان بۆ بەشداری ئافرەت لەژیانی کۆمەڵایەتی و ماددیدا کردەوە، لەڕوانگەی ئەخلاقی و بەزەییەوە، داوای سووککردنی چەوسانەوەی ئافرەتیان کردووە، لەلایەکی دیکەوە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ، هەوڵیان داوە شوێنی ئافرەت لە کارو بەڕێوەبردندا فراوان بکەن)).[31]

ئاینە ئاسمانیەکان بەگشتی ئاماژەیان کردووە بە جەستە و ڕۆح و دەروون (نفس) و هەروەها جیابوونەوەی (نفس - دەروون) لەجەستە لەکاتی گیان کێشاندا لەگەڵ ئاماژەدان بە زیندوو بوونەوەی مرۆڤ وەکو بوونێکی جەستەیی - بوونێکی ماددی - واتا بەهەموو مانایەك - جەستە و ڕۆح – جارێکی تر یەك دەگرنەوە، بەم کردارەش جەستە زیندوویەتی پێدەبەخشرێتەوە.

**١. گوتاری جەستە لەئایینەکانی (جوولەکە، زەردەشت، مەسیحی)دا :**

لەئاینی جوولەکەدا هەندێك بیروڕا دەربارەی جەستە هەیە، بەشێوەیەکی ناوازە دەردەکەوێت، بۆ نموونە ((لەکۆنەوە بەکاریگەری داب و نەریتەکان و بیروباوەڕە چەق بەستووەکان جەستەیان بەشتێکی گۆڕاو و کاریگەر بەو داب و نەریت و بیروباوەڕانە سەیرکردووە و لەزۆر باریشدا جەستە تاوانبارکراوە کە هەڵگری تاوانە و بەهۆی دەوروبەرەوە کارتێکراوە،بەڵام ئاینی جوولەکە دژی ئەم هاوسەنگی و لێکچوونە دەوەستێت بەو واتایەی بەبیروباوەڕی جوولەکە جەستە لەبەردەم هەرهۆکارێکی دەرەوەیدا، هۆکاری خودی خۆیی هەیە و جۆرێك لەسەربەخۆیی و پاراستنی تایبەتیەکانی خودی پێوەدیارە)).[32]

جەستە لەکۆن دا بوونێکی غەریزیی هەبووە، بەڵام وشیاری ڕۆشنبیری سەردەمەکان چەندین هەڵوێستیان تیادا درووستکردووە، دەربارەی خواوەندەکان، لەکۆنەوە جەستە تاوانبارکراوە بە هەڵگری گوناهـ و هەڵەی گەورە و جەستە بەشتێکی پیس و قێزەون سەیرکراوە، بۆ نموونە ((لەئاینی جوولەکەدا- یەهوودی- دا، دەستلێدان لەتابووتی مردوو بەشتێکی پیس و خراپە حەرام دانراوە، هەروەها جەستەی مردووەکەش، بەو جۆرە، جگە لەوە زۆرجار جەستەی ئافرەت بەشتێکی پیس لەقەڵەم دراوە)).[33]

لەزۆر داب و نەریتی کۆن دا جەستەی ئافرەت قێزەون بووە، هەر بۆیە بەناوی ئایینەوە یەکێك بووە لەحەرام کراوەکان، لەوانەیە هۆکارەکەشی ئەوەبێت کە ئاینی جوولەکە – یەهوودی – هەوڵی داوە کۆمەڵگا

---

[31] ویل دۆرانت، ژن و پیاو و ئاکاری سێکسی لەلانکەی شارستانیەتەکاندا، وەرگێرانی: دڵشاد کەریم خۆشناو، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان، 2009، ل (٦٢-٦٣)

[32] منير الحافظ، الوعي الجسدي، ص (111-112)

[33] ویل دۆرانت، ژن و پیاو ئاکاری سێکسی لەلانکەی شارستانیەتەکاندا، ل63

لەخەوش و ناتەواوی ڕزگار بکات و دژی هەموو هەڵەیەك یان ڕوویەكی دزێو وەستاوە ((لەنێوان گەلە سەرەتاییەکان دا لەلایەن حەرامکردن، ژن پلەی یەکەمی هەبووە، لەهەر ساتێك دا هەزاران خورافیات، هۆیەكیان دروستکرد، بۆئەوەی ژن بەشتێکی پیس بزانن، ترسناکە و شایەنی ئەوە نەبێت،کەدەستی لێ بدرێت و بناسرێت، ...ئەم مەسەلەیە تایبەت نیە بەئاینی یەهودی و مەسیحی، بەڵکو لەنێوان ئستورەکانی بت پەرستەکانیش بوونی هەیە، هەر ئافرەتێك دەستی بەر هەرشتێك بکەوتایە ئەوشتە چاکە و باشیی خۆی لەدەست دەدا)).[34]

هەروەها سەبارەت بە دەست لەئاینی یەهودی دا بەچەندین شێوە و بە بەرزترین هێما دادەنرێت ((دەست بەشێوەی جۆراوجۆر لەمێژوودا دەبینرێت بە بەنرخترین هێما دادەنرێت، لەهەردوو چەرخی کۆن و نوێی پەرتووکی پیرۆزدا وەکو لە (سیفری فروج) لەتەوراتدا هاتووە، یمینك یارب مجیدة فی قوتها – ولە (سیفری مەزامیر) دا – بە یمینك یارب ملاتة صلاحا)).[35] لێرەدا دەست وەکو دەقی ئایینی گرنگی تایبەتی هەیە لەهەردوو چەرخی (کۆن و نوێ) داو ئاماژە بەدەستی خوای پەروەردگار دەکات – کەدەستی خوا پیرۆز و بەهێزە، هەروەها دەستی خوا پڕپیت و فەڕ و خێرە- هەروەها مانای دەستی خوا دیارە و زۆربەئاشکرا لە دنیادا بۆ چاکسازی و بەڕێوەچوونی ژیانی خەڵك دەبینرێت، کەمەبەست لەهێز و توانای خوایە کەدەستکردەکانی بەهەموو ژیانەوە دیار و ڕوونن.

لە ئاینی زەردەشتیشدا سەرەتایەك دەربارەی چونیەتی دروستبوونی جەستە و رۆحی (زەردەشت) وەکوو تێڕوانینێکی ئەفسانەیی دەردەکەوێت کە (وهومنو – بەهمەن کە هێزێکی فریادڕەسە و وەکو فریشتەیەك دەچێت بۆلای باوکی زەردەشت گیایەکی بۆدەبات کە لەگەڵ شیری مانگایەکدا دەکوڵێنرێت و دەدرێت بەدایکی زەردەشت لێرەوە جەستەی زەردەشت بەهۆی گیاکەوە و ڕۆحیشی بە هۆی شیرەکەوە لەناو جەستەی دایکیدا دروستبووە).[36] مەبەست لەم تێڕوانینە ئەوەیە کە سروشت وەکوو هێزێك بووە بە هۆکاری دروستبوونی جەستە و ڕۆحی زەردەشت.

هەروەها (زەردەشت) کاتێك تەمەنی دەگاتە (15) ساڵ پشتێنێك دەکاتە پشتی کە ((72) جار دەیئاڵێنێت بە پشتیەوە واتە (72) جار لەکەمەری دەئاڵێنێت ئەمەش ژمارەی یەسناکانە لەئاڤێستادا کە (72) بەشن، لەلایەن (ئەمشاسپێندات) ەوە، کە فێری زانستەکانی ئەوکاتەی کردووە، ئەم پشتێنەی دەدرێتێ).[37] واتا پێش ئەوەی وەکوو نێردراوێك دەربکەوێت و لەتەمەنی منداڵییەوە جۆری جل و بەرگ و چۆنیەتی پەروەردەکردن و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی بەجۆرێك بۆ ڕێکخراوە، کە بێگومان وەکو هەڵبژاردەیەك لەلایەن ئاهورامەزداوە بۆ پەیامبەرێتی.

---

34 هەرئەوسەرچاوەیە، هەرئەوپەڕەیە.

35 صبری المقدسي (قەشە)، هێمائاینی و ڕۆشنبیرییەکان، وەرگێڕانی : دەلال صلیوا عیسا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شهاب، هەولێر، 2015، ل 17

36 نوري اسماعیل، الديانة الزردشتية، مزديسنا، الطبعة السادسة، دار علاء الدين للنشر، سورية، دمشق، 2006، ص12.

37 صبری المقدسي (قەشە)، هێمائاینی و ڕۆشنبیرییەکان، ل17

لە ئاینی زەردەشتدا (کاتێك جەستە رۆح بەجێیدەهێڵێت، دەبێت بەشێکی پیس و خراپ و نابێت کەس دەستی لێبدات تەنیا ئەوانە نەبن کە تەرخان کراون بۆ ئەو ڕێوڕەسمە، هەروەها نابێت جەستەی مردوو تێکەڵ بە (ئاو – هەوا – خاك) بکرێت و ئەم سێ ڕەگەزە پاکەی کە زەردەشت ئاماژەی پێدەدات بەهۆی جەستەی مردووەوە پیس دەبن، هەربۆیە جەستە لە شوێنێکی بەرزو لەسەر لوتکەی چەند شاخێك دەخرێنە سندووقی ئاسنەوە و بۆنی خۆشیان لێدەدرێت بەبۆنی سروشتیی گوڵ و ڕیحانە، ئەو شوێنەش کە مردووەکەی لێ بەجێدەهێڵن بە برج الصمت – یان بە دەکما Dekhme دائیتیوکتە – ناودەبرێت، کە شوێنی ئارام و هێمن و کۆتایی ئەو مرۆڤەیە).[38]

هەرکاتێکیش مردوو نێژرا، ئەوکەسانەی مردووەکە دەنێژن (کەدەبێت ژمارەیان یەك یان دوو کەس تێپەڕنەکات پاك دەکرێنەوە و لەیەکەم کەس کە بەرامبەریان دێت، داوادەکەن پاکیان بکاتەوە هەرکاتێك ئەو داواکارییەش بەجێ نەهێنرا لەلایەن کەسی بەرامبەریانەوە ئەوا ئەو کەسانە تاوانی پیس بوونی جەستەی ئەم دوانە هەڵدەگرن، هەرکەسێکیش لە ماڵی یەکێك لە کەسانی مەزداکاندا بمرێت – کەسانی ئاینی – ئەوا شوێنی مردووەکە و ماڵەکە بەڕێوڕەسمی تایبەتی پاك دەکرێتەوە).[39]

(جەستە و ڕۆح وەکوو یەك لە ئایینی زەردەشتیدا گرنگیان هەیە، جەستەی مرۆڤ بەنرخە زۆر بەربەرەکانێ و دژایەتی هەموو چەوساندنەوەیەکی جەستەیان کردووە، بەڵام لەدوای جیابوونەوەی ڕۆح و جەستە، جەستە دەبێت بەشتێکی پیس و لەناو خەڵك و لەکۆمەڵدا دووردەخرێتەوە، بەزووترین کات پاك دەکرێتەوە).[40] ئەمەش مانای ئەوەیە بەهۆی ڕۆحەوە جەستە بەرزدەنرخێنرێت، لەدوای دورکەوتنەوەی ڕۆح دەبێت بە شتێکی خراپ.

لەئاینی مەسیحیدا دووتێڕوانینی دژبەیەك درووست بووە دەربارەی جەستە، (بێگومان لەگەڵ هاتنی ئاینی مەسیحیدا جەستە بۆ شوێنی ئارامیی و نشینگەی ڕۆح دانراوە کە فەرمانەکانی خوا جێبەجێ دەکات، لەگەڵ پەیدابوونی جۆرێك لەدەسەڵاتی کاربەدەستەکانی کەنیسەدا تێڕوانینێکی ڕاهیبانە هاتوتە کایەوە کە جەستە وەکو پێکهاتەیەکی ماددی شوێنی تێرکردنی حەز و ئارەزووەکان – غەریزەکانی - جەستەیە کە تێڕوانینێکی دژی مەسیحیەتی درووستکردووە و کاریکردۆتە سەر بیر و تێڕوانینی ئەوروپا، چونکە دەسەڵاتی کەنیسە بۆ ماوەیەکی زۆر لەئەوروپا لە برەودا بوو).[41] ئەمەش دوو تێڕوانین دروست دەکات:

**یەکەم:** گوزارشتکردن لە جەستەیەك کەخوای پەروەردگار بەدەستی پیرۆز و پاکی، هەموو شتێك بەجوانی و پاکیی درووستدەکات.

[38] كتاب القنديداد، اهم الكتاب التي تتألف بها الابستاه، نقله من الفرنسية الدكتور: داود جلبي، قدم له: جرجيس فتح الله،الطبعة الثانية، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل، كردستان العراق، 2001، ص (63-64)

[39] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل(90)

[40] منير الحافظ، الوعي الجسدي، ص 112

[41] حنين عبدالمسيح، من الظلام الارثوذكسية إلى نور المسيح (سلسلة أبحاث عن البعد الارثوذكسية: بدعة الرهبنة)، الطبعة الثالثة، مصر، القاهرة، 2009، ص29

**دووەم** : ئەو هەست و غەریزانەی جەستەی مرۆڤن، کە دووریدەخەنەوە لەخوا و بەرەوخراپەی دەبەن.

بێگومان لەهەردوو بارەکەدا بوونی (ڕۆحی پاك و ڕۆحی پیس و خراپەکار) لەمرۆڤدا ئەم دوو تێڕوانینە درووست دەکەن.

بەگشتی لەئایینی مەسیحیدا گرنگی زۆر بەلایەنی جەستەی مەسیح دەدرێت و وێنەی جەستەی پەروەردگار لەجەستەی مەسیحدا دەردەکەوێت و بەرجەستە دەبێت، بەوپێیەی مەسیح کوڕی ڕۆحیی خوایە و خوا باوکی ڕۆحیی مەسیحە، هەروەها وێنەی مەسیح و مەریەمی دایکی زۆر پێکەوە دەکێشن کە وێنەیەکی نیمچەڕووتی مەسیحە، لەزۆر کاتی تەنگانەدا نوێژ بۆ مەسیح دەکەن و هانای بۆ دەبەن، سەرەڕای ئەوە باوەڕی تەواویان بەوەیە کە مەسیح لەخاچ دراوە و لەڕۆژی دواییدا زیندوودەبێتەوە وەکو هەموو کەسێك، بەڵام ئاینی ئیسلام لەم ڕووەوە دیدوتێڕوانینی جیاواز دەدات بەوەی کە مەسیح هەڵکێشراوە بۆ ئاسمان و خوای پەروەردگار وێنەیەکی هاوشێوە- کەسێکی- لە شێوەی ئەودا ناردووە و ئەوکەسە لەخاچ دراوە.

لەنێوان ئاینی مەسیح و ئاینی ئیسلامدا دووتێڕوانینی جیاواز دەربارەی (صورة: وێنە / مثال – نموونەیی - لێکچوون) دەبینرێتەوە، بەو واتایەی (لەئاینی مەسیحدا وێنەی خوای پەروەردگار لەجەستەی مرۆڤدا بە جەستەوە دەبێت و دەبینرێت، چونکە مرۆڤ دەستکردی خوایە، شێوە جۆراوجۆرەکانی وێنەی مرۆڤ بەشێکن لە وێنە گشتیەکەی خوای پەروەردگار، بەهەمان شێوەش پێغەمبەر و نێردراوەکەشیان وێنەی خوایە و بەکوڕی خوای دەزانن، واتا لەدوو ڕوانگەوە مرۆڤ وێنەی خوا دەنوێنێت، بەڵام هەروەک لەقورئاندا ئاماژەی پێکراوە ئیسلام باوەڕی بەوەیە کە مرۆڤ بەباشترین شێوە درووستکراوە، بەڵام لەهەردوو ئایینەکەدا مثال – نموونە – لێکچوون بریتیەلە هەوڵی مرۆڤ بۆ نزیك بوونەوە لەخوا بەمەش (ڕۆحیی مثالی و نموونەیی) لەئەنجامی پەرستنی ڕاستەقینە و باوەڕی تەواوە وە بەخوای پەروەردگار دروست دەبێت).[42]

لەبەر ئەوەی جەستە بریتییە لە پێکهاتەیەك ڕۆحی خوای تیادا ئامادەیە، لە ئاینی مەسیحیدا زۆر بە بەرزی و پیرۆزی سەیردەکرێت و لەدژی هەموو چەوسانەوەیەکی جەستەدا دەوەستنەوە.

جەستە لەئایینی مەسیحیدا مانایەکی میتافیزیکی دەدات، واتا ڕۆح لە ناوجەستەدا دەبێت بەرز ڕابگیرێت و جەستەش بپارێزرێت، ئەوکاتە نزیك دەبنەوە لەخوا ،لەلاهووتی مەسیحیدا بەپیرۆز ڕاگرتنی جەستە وەکو پیرۆزی و نرخ پێدانی مەسیح وایە، چونکە مەسیح کوڕی خوایە، واتا یەك گرتنی جەستە و ڕۆحیی مرۆڤ، جەستە و ڕۆحی مەسیح پێکدەهێنێت، هەر لەبەر ئەوەش جەستە پیرۆزەکە نشینگەی ڕۆحی خوایە.

لەلای مەسیحیەکان کاتێك مردوو دەنێژن و لەڕێ و ڕەسمی ئامادەکردنیدا – بەئاوی پیرۆز ئاوی لێدەپرژێنن و بەوڕێگایە جەستە ئامادە دەکەن بۆ ژیانی نەبراوە، واتا دوای نەمانی ڕۆح و مانەوەی جەستەیەکی بێگان جارێکی تر ئامادەدەکرێتەوە کە لە ڕۆژی دواییدا ڕۆحی بە بەردا دەکرێتەوە، چونکە باوەڕیان بەوەیە

[42] حنين عبدالمسيح،من الظلام الارثوذكسي الى نور المسيح، ص62

كە ((مردوو هەڵدەستێتەوە و لەگەڵ نفس یەك دەگرێتەوە، ئەوكاتەی عیسای مەسیح بۆ جاری دووەم واتا ڕۆژی قیامەتی هەتاهەتایی، بۆیە لاشەی مردووەكە بەشێوازێكی ڕێك و پێك و بەسرووتەوە جەنازەیەكی جوانی دادەنرێت، ڕەنگە بۆئەم هۆیەبێ كە كڵێسا ڕێگەی نەدابێ بۆ سووتاندنی لاشەی مردووەكان)).[43] لەبەرئەوە زۆربەی كڵێساكان ڕێگە بە سووتانی مردووەكان نادەن و بەشێوازێكی تایبەتی دەینێژن.

لەناو ئاینی مەسیحیدا جۆرێكی جیاواز دەبینرێت كەزیاتر بەرەولایەنی ڕۆحیی و دەروونیی مرۆڤ دەچێت كەپێی دەوترێت - الغنوصیة- كەمەبەست لەئاشنا بوونەبە جیهانی نهێنی و پەنهاییەكانی دەروون، هەروەكو چۆن لەئیسلامدا دید و تێڕوانینی تەسەوف هەیە، لەمەسیحیدا بەهۆی هێزی بینینی ناخ و دەروونەوە جیهانی شاراوەیان بۆ دەردەكەوێت، واتا مرۆڤ لەناسینی خۆی و ئاشنابوون بە دەروون و ڕۆحی خۆی خوای پەروەردگاری بۆ دەردكەوێت وپێی ئاشنا دەبێت، واتا مرۆڤ جەستە بەجێدەهێڵێت و بەرەو لایەنی ڕۆحیی دەچێت، هەروەكو چۆن كەدەمرێت ڕۆحی بەرەولای پەروەردگار دەچێتەوە.

لەدیدوتێڕوانینی غنوصیەی ڕۆحانیدا (مرۆڤ تەنیا ڕۆحیی زیندوو دەبێتەوە نەك جەستە و ڕۆح بەیەكەوە، لەڕۆژی دواییدا لەم ڕێبازەدا جەستە دوای مردن لەڕۆح جیادەبێتەوە و ڕۆح ڕزگاری دەبێت لەخراپیەكانی جەستە و تەنانەت ڕقیان لەجەستەیە، وادەزانن هەموو شەڕەنگێزییەك و خراپیەكی مرۆڤ بەهۆی جەستەیەوەیە، هەروەها دژی هاوسەرگیری و نەوەخستنەوەشن).[44]

لە ئایینی مەسیحیدا زۆر ئاماژە بەو موعجیزانە كراوە كە (عیسا/مەسیح) كردوویەتی (وەكو چاككردنەوەی نەخۆش و زیندوو كردنەوەی مردوو چەندین شتی قورس و گران كە لە توانای مرۆڤ بەدەرن، هەروەها ڕۆشتنی بەسەر ڕووی ئاودا وەكو زەوی و ...).[45]

بیروباوەڕی هاتنەكایەی مرۆڤێك كە خواوەندبێت لە ئایینی مەسیحیدا بەجۆرێكە لە ئایینەكانی تردا بەدی ناكرێت و تایبەتە بەمەسیحیەت و بە (اله الانسان) ناوی عیسا هاتووە، واتا مرۆڤێك كە هەموو سیفاتێكی خواوەندی هەبێت و كاری گران لەسەر دەستی هەڵبسوڕێنێت، (هەروەک چۆن لەلای هیندۆسەكان خوا لە سێ شێوەی (براهما – شنو – شیفا) دا هاتووە لە (500) ساڵ پێش هاتنی عیساوە، هەربەو جۆرە (عیسا) لە دیدی مەسیحیەكاندا بریتی یە لە (اله الانسان) ئەو خواوەندەیە كە لە شێوەی مرۆڤدا دابەزیوە، كەبەكاریگەری بیروبۆچوونی وەسەنیەت - بڕوا بەخوازۆریی – یۆنانەوە، دروست بووە).[46]

### ٢. گوتاری جەستە لە ئایینی ئیسلامدا :

---

[43] صبری المقدسي(قەشە)، هێمای ئایینی و ڕۆشنبیرییەكان، وەرگێڕانی: دلال صلیوا عیسا، چاپی یەكەم، چاپخانەی شهاب، 2015، ل68

[44] فراس السواح، الوجه الاخر للمسيح (موقف يسوع من اليهود واليهودية و اله العهد القديم ومقدمة في المسيحية الغنوصية)، الطبعة الاولى، دار العلاء الدين للنشر و الخدمات والتوزيع والترجمة، سورية، دمشق، 2014، ص 66

[45] مركز اللوثري للخدمات الدينية في شرق الاوسط، سؤال وجواب، مجموعة اسئلة واجوبة حول الايمان والحياة المسيحية (الجز الثاني)، مطبعة البوليسية الجونية، بيروت، لبنان، ص54.

[46] دانیال.ا.باسوک، المسيحية، واساطير التجسد في الشرق الادنى القديم، دراسات نقدية، (يونان، سورية، مصر) ترجمة: سعد رستم، مطبعة الاوائل للنشر والتوزيع، سورية، دمشق، 2002، ص48

خوای میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بە جەستەی مرۆڤ داوە لە ڕۆژی دواییدا، بۆ ئەوەی مرۆڤ بڕوای تەواو بهێنێت بە زیندووبوونەوەی دوای مردن هەروەک لە (سورة یس) دا دەفەرموێت:

(( الیوم نختم على افواههم وتكلمنا ایدیهم و تشهد ارجلهم بما كانوا یكسبون))(قورئانی پیرۆز،سورة یس، ایة 65) هەروەها جگە لەئاماژەدان بەجەستەی مرۆڤ، خوای پەروەردگار ئاماژە بەجەستەی خۆی دەكات و دەڵێت "لەوكاتەدا كەئاسمان و زەوی و ئەستێرەكانمان دروستكرد، بەهۆی دەستەكانمانەوە ئاسمانمان فراوانكردووە (قورئانی پیرۆز،سورة الذاریات، ایة 47).

هەروەها ئاماژەدەدات بە جەستەی مرۆڤ لەم دنیادا كە دەفەرموێت: (( ان في ذلك لذكرى لمن كان له قلب او القى السمع وهو شهید )) چونكە هەموو مرۆڤێك دڵی هەیە و گوێشی لەهەموو شتێكە، بەڵام بەمەبەست خۆی لەهەموو لێپرسینەوەیەك هەڵە دەكات. (قورئانی پیرۆز،سورة (ق)، آیة 37) )

هەروەها ئاماژە دەدرێت بەدڵی كافرەكان كەپڕە لەڕق و كینەن بەرامبەر بە خوا و خواپەرستیان بۆ ڕیاییە، لەچەند جارێك زیاتر كفر دەكەن یان شەریك بۆ خوا پەیدا دەكەن و تۆبە دەكەن و دواتر كفر دەكەنەوە، لە سزای ئەوەدا خوای پەروەردگار (دڵ و گوێ و چاویانی داخستووە) واتا وەكو (بینین - نظر)یان هەیە بەڵام (بصر - سۆما)ی تیادا نییە یان چاو و دڵیان لەئاستی ئایینەكەدا نابینێ و ناجوڵێت و خوای گەورە دایخستووە: (( ولقد ذرأنا لجهنم كثیرا من الجن و الانس لهم قلوب لا یفقهون بها و لهم اعین لا یبصرون بها ولهم ءاذان لا یسمعون بها اولئك كالانعام بل هم اضل اولئك هم الغافلون )) قورئانی پیرۆز،سورة الاعراف، آیة179). هەروەها چۆن لە ((سورة یس) ایة 65) دا ئاماژەی تێدایە كە بەبێ هیچ گومانێک و دوودڵییەک جەستەی مرۆڤ زیندو دەبێتەوە، قۆناغەكانی تەمەنی منداڵ و چۆنیەتی گەورەبوونی لەناو سكی دایكدا خستۆتەڕوو، هەروەها زۆر ئاماژەیتریش هەر لەباسی جەستەی پێغەمبەرەكان و پێشتریش جەستەی (ئادەم و حەوا) وە، ئەوە دەخەنەڕوو كە جەستە لەئاینی ئیسلام و هەموو ئاییەنە ئاسمانیەكاندا گرنگی تەواوی پێدراوە بەهەموو جۆرەكانیەوە.

## ج. گوتاری جەستە لەڕوانگەی دەروونناسییەوە :

زانستی دەروونناسی زۆر لایەن لە ژیانی مرۆڤدا ڕووندەكاتەوە، چونكە بنەڕەتی دروستبوونی بۆ لێكدانەوەی دەروونی مرۆڤە، جەستەی مرۆڤیش سەرنجی زۆربەی لێكۆڵەرانی بواری دەروونناسی ڕاكێشاوە، بەوپێیەی جەستە ڕۆڵی سەرەكی دەبینێت لەگوزارشتكردن لە خودی هەموو مرۆڤێك و زۆر لە پەنهانی و لایەنی شاراوەی ناو دەروون بەهۆی جووڵەو ئیشارەتەكانی ئەندامەكانی جەستەوە ڕوون دەبێتەوە.لێرەدا وەكو شێوازێكی گشتگیری و وەسف كردنی زانستەكە، (علی فالح الهنداوي) دووپێناسەمان بۆ دیاریدەكات:

(( 1- زانستی دەروونناسی: ئەو زانستەیە، كە لەچەند لایەنێكی دەروونی مرۆڤ دەكۆڵێتەوە،وەكو هەست و هەڵچونەكان و حەز و ئارەزوو، یادگاری و ویست و خواستەكان.

2- ئەو زانستەیە کەلە ڕەفتار و گفتار و هەڵسوکەوت و مامەڵەی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە کەلەئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەریدا بەدیدەکرێت)).[47]

مەبەستی ئەم پێناسەیەی دووەم ئەو جووڵەو هەڵسوکەوتانەی مرۆڤە، کەلە چەند بوارێکی جیاوازدا ئەنجامی دەدات، بەجۆرێك کەلەدەوروبەیدا هەستی پێدەکرێت، جووڵە و ئیشارەت و هێماکانی جەستە بەگشتی دەگرێتەوە ، کە دەروونناسی گرنگی تەواوی پێدەدات و کەسایەتی مرۆڤەکانی پێ ڕەنگڕێژ دەکات.

بەپێی مێژووی دەروونناسی و لە قۆناغی سەرهەڵدانییەوە و وابەستەبوونی ئەم زانستە بەسەرجەم بوارەکانی کەسێتی مرۆڤەوە، چەندین قوتابخانە و ڕێباز دیاریکراوە، بەڵام بەپێی پرۆگرام و ڕێبازێکی بناغە داڕێژراو چوار قوتابخانەی سەرەکی بەدی دەکرێن:

(( 1- قوتابخانەی ڕەوشتایەتی- المدرسة السلوکیة – Behavioral Approach –

2- قوتابخانەی زانستی - الاتجاه المعرفي -

3- قوتابخانەی شیتەڵ کردنەوە - الاتجاه التحلیلي -

دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە (فرۆید)ی پزیشك و دەروونناسە کە بەباوکی ڕۆحی دەروونزانی لەقەڵەم دەدرێت، لەگرنگترین بیروبۆچون و بنەماکانی ئەم تیۆرەیە:

أ. گرنگی نەست – لاشعور – و کاریگەری لەسەر کەسایەتی و ڕەفتاری مرۆڤ.
ب. گرنگی و کاریگەریی پێنج ساڵی یەکەم لەسەر کەسایەتی لەداهاتوودا.
ج. کاریگەریی هەردوو ڕەمەك – غەریزە- ی سێکس و شەڕ خوازی لەسەر ڕەفتار و چارەنووسی مرۆڤ.
د. ڕۆڵی سەرەکی پاڵنەر و پێداویستیە بایۆلۆجیەکان لەدیارکردنی جۆری ڕەفتاری مرۆڤ.

4- ڕێباز و قوتابخانەی مرۆڤایەتی - اللاتجاه الانساني - Humanistic Approach)).[48]

هەریەکە لەم قوتابخانانەش گرنگی بەلایەنێك یان چەند لایەنێك لەڕەفتار و هەڵسوکەوت و هەستەکانی مرۆڤ دەدات، لەم ڕووەوە (علی فالح الهنداوي) دەڵێت:((جووڵە و ئیشارەتەکانی جەستەی مرۆڤ، هەروەها پێکەنین و گریان و خواردن و نووسین و قسەکردن ..، بەپێی (قوتابخانەی ڕەفتاری) دیاریدەکرێن، هەروەها ئاستی ژیری و درککردن و جووڵە و داهێنانەکانی - چالاکییەکانی مێشك - و هەروەها چۆنیەتی دیدوتێروانین و بیروبۆچوون و نەخشەدانانی مێشك بە (قوتابخانەی زانیاری) دیاریدەکرێن و گرنگیدان بەهەستەویژدانییەکانی

---

[47] علی فالح الهنداوي، مبادئ اساسیة في علم النفس، دار الحنین للنشر و التوزیع، الطبعة الثانیة، 2011، ص 20
[48] کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی چوارەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، 2015، ل (22-29)

وەکو – خۆشی و شادی و دڵتەنگی و ترس و دڵەڕاوکێ و دوودڵی و ..، هەروەها هەستی بۆنکردن و تامکردن و بیستن و بەرکەوتن و بینین، بەهۆی زانستی (قوتابخانەی شیکاری) یەوە لێکدەدرێنەوە. هەروەها پەیوەندیەکانی مرۆڤ و چۆنیەتی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی بەهۆی (قوتابخانەی مرۆڤایەتی)یەوە لێك دەدرێنەوە)).[49]

هەموو چالاکی و جووڵەکانی جەستەی مرۆڤ کەرەفتاری دیاریدەکەن لەژێر کاری مێشکدا ئەنجامدەدرێت، بەوپێیەی هەموو هەست و بیرکردنەوەکان و هەموو چالاکیە جەستەییەکان لەژێر کۆنترۆڵی هێزی مێشکدا بەپێی پرۆگرامی تایبەتی ئەو کۆئەندامە ڕێکدەخرێت، بەو واتایەی هەردوو لایەنی دەروون و جەستە لەیەك دانابڕێن و بوویەکی یەکانگیر درووستدەکەن، کە کەسایەتی مرۆڤی – تاکی - پێ دیاریدەکرێت.

هەموو قوتابخانە و ڕێبازە شیکارییەکان بۆ لێکدانەوەی بەشێکی تایبەتی یان چەند بەشێك لە هەست و تێڕوانینەکانن - هەروەکو باسکرا - لێرەدا وەکو پێویستیەك بۆ باسەکەمان دەبێت بەشێوازێکی تاڕادەیەك ڕاگوزەریانە ئاوڕ لە قوتابخانەی(ڕەوشتایەتی - السلوكية)بدەینەوە بەوپێیەی بۆشیکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤ گرنگیی زۆری هەیە و لەسەرەکیترین بنەمای ئەم قوتابخانەیەش گرنگیی بە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی وروژێنەرەکان – المثيرات – ی جیهانی دەرەوە دەدات و جەستەی مرۆڤ کاریگەریی دەورووبەری زیاتر لەسەرە لە ڕەفتارکردنیدا وەک لە ڕووداوەکانی ناوەوەی مرۆڤ.

لەم ڕووەوە دەروونناسی ئەمریکی (واتسنی) ((یەکەم کەس بووە ڕاوبۆچوونی دەربارەی گرنگیی ڕەوشت و هەڵسوکەوتی دەرەوە و ئاشکرای مرۆڤ داوە نەوەک چالاکی و کردارە ناوەکییەکان کەهەستیان پێناکەین و دیارنین، بڕوای وابوو کە ڕەفتاری مرۆڤ وەکو دیاردە سرووشتیەکان، بەشێوەیەکی زانستیانە و بابەتیانە لێکۆڵینەوەی دەربارە بکەین،.....، ئەم ڕێبازە گرنگی بە وروژێنەرەکان دەدا کەڕاستەوخۆن یان ناڕاستەوخۆ کە زیاتر بەڕێبازی وروژێنەر و وەڵامدانەوە – سايكولوجية المثير والاستجابة – ناسرا، کەلە سەردەستی دەروونزانی ئەمریکی (سکینەر) پەرەپێدرا، هەروەها گرنگی بە پاداشت و سزا دەدا لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ)).[50]

کاریگەری هەردوو لایەنی پاداشت و سزا لەسەر ڕەفتارەکان بەرجەستە دەبێت بەوپێیەی بەهەردوو باری ئەرێنی و نەرێنیدا ڕۆڵدەبینن، پاداشتەکان ڕەفتار بەهێزدەکەن و شێوازێکی ئەرێنی - اجابي-بەدەستدێت، هەروەها سزاش ڕەفتار لاواز دەکات کەئەمەش مەبەست و ئامانجی سزاکەیە کە بەنەرێنی–سلبي دەردەکەوێت.

(سکینەر) خاوەنی تیۆری مەرجی جێبەجێکردنیشە – الاشتراط الاجرائي ((بەپێی ئەم بۆچوونە، مرۆڤ دووجۆر هەڵسوکەوتی هەیە:-

---

[49] علی فالح الهنداوي، مبادئ أساسية في علم النفس، ص (21-22)

[50] کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی چوارەم،چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، 2015، ل (22-23)

١. وەڵامدانەوەیی – الاستماعي- بریتیە لەو هەڵسوکەوتانەی کە لەئەنجامی ورووژێنەری تایبەتیەوە دیاریکراو و ناسراون وەکو هەڵبڕین و کردنەوەی چاو لە کاتی بوونی ڕووناکیدا، کەئەمەش بارودۆخێکی بایۆلۆجی یە.
٢. جێ بەجێ کردن و بەئەنجام گەیاندن: بریتین لەو ڕەفتارانەی کە هەرلەخۆیەوە و لە ناکاو ڕوودەدەن و پەیوەست نین بە وروژێنەرێکی دیاریکراوەوە، لەڕێگای ژمارەی دووبارە بوونەوەوە پێوانە دەکرێت نەك لەڕێگای هێزی ورووژێنەرەکەیەوە، بۆنموونە ماشێن لێخوڕین یان خواردن یان هەر هەڵسوکەوتێکی بەردەوام)).[51]

لەسنوری باسەکەماندا وەکو لایەنێکی پراکتیکی ئاماژە بە (تیۆری شیکاری) دەدەین کە لەسەردەستی (فرۆید) چەسپا، وەکو تیۆرێکی پەیوەندیدار بەباسەکەمانەوە (فرۆید) کەسایەتیەکان لەڕێگای (ئەو – من – منی باڵا) وە دەخاتەڕوو ((ئەگەر پەیوەندی نێوانیان ململانێ و ناتەبایی لەخۆگرت، ئەوکاتە کەسایەتی لاواز و لێکترازا و دەبێت، بەڵام ئەگەر پەیوەندی نێوان ئەوسێ لایەنە پتەوو تەواوکەری یەکتری بوون و جۆرە تەبایی و گونجاندنێك لەنێوانیاندا هەبوو، ئەوکاتە کەسایەتی دەتوانێت بەئەرکەکانی خۆی هەستێت)).[52]

مرۆڤ هەمیشە بەدوای ویست و ئارەزووەکانیدا وێڵە و دەیەوێت سەرجەمیان یان زۆربەیان بهێنێتەدی . زۆر جار کە ئەم ئامانجەی بۆ دەستەبەر نابێت، بەهۆی کەمتەرخەمی خۆی یان کاریگەری داب و نەریت و کۆمەڵگاوە بەگشتی، کە دەبن بەڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردن و بەدیهێنانیاندا . دەروونناسان ئەم دیاردەیە بە چەپاندن و کپکردن ناودەبەن -کبت- و زۆربەی هۆکارەکان بە چەپاندنە سێکسییەکانەوە دەبەستنەوە ((توێژینەوەکانی دەروونناسی بەدوای نیشانەی نەخۆشییەکانی ئەو نەخۆشانەدا دەگەڕێن، لەڕاستیدا بەشێوەیەکی بەردەوام، کاریگەری ژیانی سێکسیان بەسەرەوەیە، ئەم بابەتە دەریدەخات کە ئارەزووەکانی درووستکەری نەخۆشی و چەپێنراوەکان، سروشت و ناوەند گەلێکی سێکسی غەریزییان هەیە، هەروەها لەناو هۆکارەکانی دروست بوونی نەخۆشی دا ئەوا هۆکاری سێکسی دەکەوێتە پێش هۆکارەکانی دیکەوە و ئەم هۆکارە لە هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاودا کاریگەرترینیانە)).[53]

(فرۆید) ڕەفتاری ناپەسەند و کرداری خراپی مرۆڤ وەکو بوونی چەند سیفات و خەسڵەتێك لە مرۆڤدا و کاردانەوەی لەسەر ئیشارەت و ڕەفتارەکان و جوڵەکانی جەستە، لە ئاکامی خراپی و چەوساندنەوەی کۆمەڵگاوە نییە بۆ تاکەکان، بەڵکو سەرجەمیان ((حەزو ئارەزوویەکی ڕەسەنی بۆ ماوەیین، هەر لە ڕۆژی یەکەمی لەدایك بوونەوە لە ناخی مرۆڤدا هەن،...، مەرگەسات و دەردەسەرییەکان لەسەرەتای ژیانەوە لە دەروونی مرۆڤدا چەکەرە دەکەن، زۆرجار کۆمەڵگا و دەوروبەر ڕوویەکی خراپی مرۆڤ یان دیاردەیەکی ناپەسەند ڕەتدەکەنەوە، یان ویست و خواستەکانی تاك لەو کۆمەڵگایە یان دەوروبەرەدا نایەتەدی، لەمەوە مرۆڤ

---

[51] کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆجیای پەروەردەیی، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، 2013، ل76
[52] کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆجیای گشتی، 2015، ل24
[53] سیگمۆند فرۆید، پێنج وانە لە دەروونشیکاریدا، وەرگێڕانی: سەباحی مەلاعەوڵا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2015،ل 129

حەز و ئارەزووەکانی سەرکوت دەکرێت، لەبەر ئەوە مرۆڤ دەیەوێت گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەڵگادا بکات، بەڵام کێشەکانی بەوجۆرە چارەسەرنابن، چونکە سەرچاوەی دەردو ململانێکان لە ناوەوەی مرۆڤن نەك لە دەرەوەی)).[54]

(فرۆید) زۆر بەڕاشکاوانە دەستدەخاتە سەر ئازار و مەینەتیەکانی تاك و نەبوونی بوارێکی گونجاو هەتا ویست و خواستەکانی جێبەجێبکات، ڕوودەکاتە خراپە و کرداری نەشیاوو ناپەسەند، بەو واتایەی ڕەفتارەکانی دەبێت بە ڕەفتاری کەسێکی دڕندە نەك مرۆڤێکی سەرکوتکراو، ڕەنگە ئەم دیاردەیەش کەم و زۆر لای تاك ڕەنگبداتەوە بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی هەڵکەوتنی مرۆڤی خراپ و بەدڕەفتار بەرەو چارەنووسی خراپی دەبات، ئەم ڕەفتارانەشی زۆربەڕاشکاوانە لە چوارچێوەی سەرکوت کردن و چەپاندنی کاری سێکسیدا دەبینێتەوە، چونکە مرۆڤ دەیەوێت هەموو غەریزەکانی تێر بکات پێش لەدەستدانی هێزی ئەو پاڵنەرە بەواتایەکی تر پێش مردنی و بەهۆی غەریزەی مردنەوە ڕەفتاری نەشیاوی تیادا دەردەکەوێت، هەروەها ((زۆر ڕەشبینانە سەیری پاشەڕۆژ و چارەنووسی مرۆڤ دەکات و بەئاژەڵێکی دڕندانەی شەهوانی لەقەڵەم دەدات،....، ئەم دیاردەیەش سەرچاوەکەی ڕەمەکی غەریزەی مردنە)).[55]

فرۆید باسی زۆر غەریزەی مرۆڤی کردووە بەڵام بەشێوەیەکی کورت و ڕاگوزەریانە، چونکە بڕوای وابووە بارودۆخی جەستەی مرۆڤ لەڕووی هەڵسوکەوت و ڕەفتاریەوە تەنها چەند غەریزەیەکی سەرەکی تیادا ڕەنگدەداتەوە، یان بەواتایەکیتر کاریتێدەکات، کە بریتین لە (برسێتی، تینوێتی، سێکس) بۆ ئەم دیاردەیەش ((هەریەکە لەو وزە دەروونیانەی کە غەریزەکان بۆ ڕێك خستنی ژیانی مرۆڤ بەکاریدەهێنن، فرۆید بە (لیبیدۆ libido) ناویان دەبات لە ناو ئەم ڕەمەکانەشدا، باسی ڕەمەکی سێکسی زیاتر دەکات، لەو باوەڕەدایە لە هەموو ڕەمەکەکانی تری ژیان کاریگەرترە و لە هەمووشیان زیاتر لەسەر دەستی کۆمەڵ و دام و دەزگاکان تووشی خەفەکردن و سەرکوت کردن دەبێت،...، فرۆید لەوباوەڕەشدابوو حەزو ئارەزووی مردن لەهەموو کەسێکدا هەیە و بەڵگەشی مردنی خانەکانی جەستەیەتی و دووبارە دروستبوونەوەی خانەی تر (الهدم والبناء)، مرۆڤ وابەستەیە بە ژیانەوە لەبەر ئەوە خۆی ناکوژێت و لەڕێگای میکانیزمی لادانەوە ڕێچکەی حەزو ئارەزووی شەڕخوازی دەگۆڕێت و ئاڕاستەی کەسی تر و جیهانی دەرەوەی دەکات)).[56]

(فرۆید) هۆکاری چەپاندن (کبت) دەکات بە ڕێگایەک بە هۆیەوە مرۆڤ دەکەوێتە نێوان دوو هێزی دژ بەیەکەوە، کە ئەوانیش (ئەو –منی باڵا) یەو مرۆڤ (من) لەنێوان دوو حەزو ویستی پێچەوانەدا ڕاگرتنی ڕادە و هاوسەنگی هەردووکیانی لەسەر شانە هەتا بەسروشتیی لە کۆمەڵدا دەربکەوێت و ڕەفتار بکات، بەڵام ئەگەر

---

[54] کەریم شەریف قەرەچەتانی، سروشتی مرۆڤ لەڕوانگەی جان جاک ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆید، چاپی دووەم، چاپخانەی پیرەمێرد، لەبڵاوکراوەکانی باخچەی منداڵانی ژوانی ئەهلی، سلێمانی، 2016، ل 57

[55] کەریم شەریف قەرەچەتانی، سروشتی مرۆڤ لەڕوانگەی جان جاک ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە ، ل ٥٧

[56] ، هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل (٨٢،٨٤) .

هەریەک لەم دوانە کاریکردە سەر مرۆڤ (من) ئەوا هاوسەنگییەکە تێکدەچێت، لەمڕووەوە (کەریم شەریف) ڕاوبۆچوونی (فرۆید) سەبارەت بەڕێبازی - شیکردنەوەی دەروونی - دەخاتەڕوو :

(( ١- ئەو -هو- Id :- کۆگا و سەردابێکە پڕیەتی لە ڕەمەک و پێداویستییە فیزیۆلۆجییەکان، کۆنترین بەشی کەسایەتییە لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤەوە، دەبن بە بەردی بناغەی کەسایەتی مرۆڤ.

٢- من -انا- ego :- ئەو بەشەیە لە کەسایەتی مرۆڤ کە دەکەوێتە نێوان جیهانی دەرەوە و داواکاری و پێداویستییەکانی- ئەو – بەپێی پرانسیپی واقیع هەڵسوکەوت دەکات و وەک ناوبژیوانێک وایە لەنێوان سێ زلهێزدا،کە ئەوانیش (ئەو، منی باڵا، واقیع)ە (من)دەکەوێتە نێوان کار و فرمانەکانی هەردوو (ئەو، منی باڵا )وە، ئەرکی زۆر گران و دژوارە.

3- منی باڵا(super ego ) : بریتییە لە بەشی سێیەمی کەسایەتی مرۆڤ کە دەرئەنجامی پەروەردە و بەکارهێنانی پاداشت و سزایە، کەلەلایەن دایك و باوکەوە و کەسانی چواردەورەوە بەکاردەهێنرێت،منی باڵا باڵیۆزو نوێنەری ڕاستەقینەی بەها و ئاداب و ئاکارە کۆمەڵایەتییەکانە لەناوخودی مرۆڤدا و وەکو دراو وایە دوو ڕووی هەیە، ڕوویەکی (ویژدان)ە، ڕووەکەی تری (منی نموونەیی) یە، منی باڵا بڕیاردەری یەکەمە لەسەر باشی و خراپییەکانی من، هەروەها بەردەوام هەوڵی سەرکوت کردنی حەز و ئارەزووەکانی دەدات)).[57]

بەپێی ئەم تیۆرییە شیکردنەوەی دەروونی مرۆڤ لەسەربناغەی هاوسەنگیی نێوان ڕەوشت و کردەوەی مرۆڤ بریتیی دەبێت لە ڕەنگدانەوەی هەست و هەموو مامەڵە و ڕەفتارێکی تاك بە ئاگایانە، هەموو داواکارییەکانی – ئەو – بەسەر – من دا جێبە جێ نابێت، بەڵام ئەگەر – ئەو – ویست و خواستەکانی بهێنێتەدی، بەتەواوی هاوکێشەکە لەنگ و ناتەواو دەبێت، بەوپێیەی – ئەو – گرنگی بەئازارو غەم و هیچ کێشەیەك نادات و (( لە ڕەوشت و کردەوەی پەسەند و واقیعی ژیان دوورە، بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی (نەست –لاشعور) دایە، وەکو منداڵێکی ساوا چۆن دەیەوێت پێویستیە بایۆلۆجییەکانی دابین بکات، بێ ئەوەی بزانێت چۆن دەستی دەکەون )).[58] بەمجۆرە ڕەفتارو کردەوەو ئاماژەکانی جەستەی کەسێکی یاخی و لادەر لەمامەڵە کردنیشدا لەگەڵ دەوروبەری، ڕووندەبێتەوە.

لەدوای ڕوون کردنەوە و شیکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤ بەپێی قوتابخانە و ڕێبازە دەروونییەکان و بەهۆی گرنگیی ئەو زانستە هەیەتی لەژیانی ڕۆژانەماندا، چەندین ڕا و بۆچوون و سەرنجی زانستی لەڕوانگەی زانستی دەروونناسی کۆمەڵایەتییەوە، بەو پێیەی هەموو لێکدانەوەیەکی دەروونناسانە، ڕەفتاری تاك لە کۆمەڵەکەیدا و لە دەوروبەریدا دەخاتە ڕوو، (پاش ئەوەی چەند پێناسەیەك لەم ڕووەوە ئاماژەی پێدەدرێت) . دەروونزانی کۆمەڵایەتی لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا و لەلایەن هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەرجەستە

---

[57] کەریم شەریف قەرەچەتانی، سروشتی مرۆڤ لەڕوانگەی جان جاک ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، ل (86-87)
[58] محمد عثمان النجاتي، علم النفس فی حیاتنا الیومیة، الطبعة الاولی، مطبعة مکتبة علم النفس، الکویت، 1979، ص 333

دەبێت و گرنگی پێدەدرێت، بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری تاك لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی مامەڵەی تێدادەکات، هەروەها بۆ تێگەیشتن لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی لەنێوانیاندایە، کە شێوازی ڕەفتارەکان دیاریدەکەن، بەم پێیە ئەم زانستە گرنگی بە هەموو ڕەفتارێکی تاك دەدات بە ورد و درشتەوە.

دەروونناسی کۆمەڵایەتی ((ئەو زانستەیە گرنگی بە شرۆڤەکردنی ڕەفتاری بوونەوەری زیندوو دەدات، لەگشت لایەنەکانی کەسی و جەستەیی و ئەقڵی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی – یان بریتییە لە : شرۆڤەکردنی زانستیانەی ڕەفتاری تاك لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی دا، واتە لەمیانەی ئەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییانەی کەتیایدا و لەگەڵیدا کارلێك دەکات. ))[59]

هەروەها (هۆلەندەر- Hollander) بە دوو شێوە ئەم زانستەمان بۆ دەخاتە ڕوو : ((دەروونزانی کۆمەڵایەتی ئەو زانستەیە کە گرنگی بەلێکۆڵینەوەی ڕەفتاری مرۆڤ دەدات، بەلێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانە، بەگشتی دەروونزانی کۆمەڵایەتی : ئەو زانستەیە کە لە ڕەفتاری تاکی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە، کە دیاردەکانی ئەو ڕەفتارەی بەهۆی پەیوەندیەکانێتی بەهی دیکەوە )).[60]

مرۆڤ هەر لە قۆناغی منداڵییەوە و لە سەرەتای ژیانیەوە ڕەفتارەکانی بەجۆرێکە کە بریتییە لە بەرەنگاربوونەوە و بەربەرەکانێی ژیان و دەوروبەری، بۆ ئەوەی حەز و ویستەکانی جێبەجێ بکات، سوود لە پێنج هەستەوەرەکەی وەردەگرێت و هەریەکەیان بەپێی ڕۆڵ و گرنگی لە قۆناغی سەرەتا و پێگرتنیەوە هەتا گەورەبوونی ( لە نێوان ئەو بەربەرەکانێیەدا کە مرۆڤ لەگەڵ ژینگە و دەوروبەریدا هەیەتی، میکانیزمە دەروونییەکانی، بەجۆرێك نەخشێنراون و درووستبوون، کە توانای ئەم کارلێکردنەی لەگەڵ دەوروبەریدا هەبێت، لەگەڵ ئەوەدا میکانیزمی دەروونیی هاوشێوەیە، لێکدانەوەیەکی تایبەتە کە تاك لە دونیادا هەیەتی، بەدرێژایی هێڵەکانی مۆدێلی ڕەفتاری خوازراو کە بۆ زەمەنی منداڵی ئەگەڕێتەوە).61بەو واتایەی هەر تاکێك ڕەفتار و جۆری مامەڵەی بەکاریگەریی منداڵیی لەسەر قۆناغەکانیتری تەمەنی دەردەکەوێت و بەکارلێکردن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا بەرجەستە دەبێت.

زۆر لە داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا وەکو دەستووریان لێهاتووە، ئەمەش کاردانەوەی خراپی لەسەر ڕەفتاری تاك درووستکردووە کە خۆی لە پەرچەکردارە ناشرین و ڕەوشتە خراپەکان و نەریتیەکانی کۆمەڵگادا دەبینێتەوە وەکو (( هەندێك گۆڕانی دەروونی و تێکچوونی فیزیکی بە کاریگەری داب و نە ریت،وەك جیاوازی نێوان ڕەگەز و نەریتە یاساییەکان و لایەنە کەلەپوورییەکان، ئەخلاق و ڕەسمەکانی ئێمە، لەژێر

[59]خەلیل عەبدولرەحمان معایتە، دەروونناسی کۆمەڵایەتی، وەرگێڕانی: سەڵاح سەعدی، چاپی یەکەم چاپخانەی نارین،، هەولێر، 2013، ل ( 9 – 10)
[60]فوئاد سدیق، دەرونزانی کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، هەولێر، 2015، ل 15
[61]ئەلفەرد ئادلەر، ناسینی سروشتی مرۆڤ، وەرگێڕانی: سیدۆ داوود عەلی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، 2008، ل 61

کاریگەری و ئیرادەی تاکە نێرە دەوڵەمەندەکاندایە و ئەمەش بە تایبەتی کاریگەریی زۆر لەسەر دەروونی منداڵان بەجێ دەهێڵێت )).[62]

بەهۆی لێکۆڵینەوە لە خوو ڕەوشت و ڕەفتاری تاك لە کۆمەڵدا و کاریگەریی تاك لەسەر دەوروبەر و بەپێچەوانەشەوە، بەرەو هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەچین داهێنان و گۆڕانکارییەکان لە بواری زانستە جۆر بە جۆرەکاندا و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی، لە ڕێگای زانستی (ئەنثرۆپۆلۆجی) یەوە لێیدەکۆڵرێتەوە و ڕوو لە ڕۆشنبیری مرۆڤ دەکرێت، لەم ڕووەوە(( ئەنثرۆپۆلۆجیا : زانستێکە گرنگی بەلێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیریی مرۆڤ دەدات بە تێگەیشتنێکی فراوانی بوون و بە شێوە و شێوازە جیاوازەکانییەوە بۆ ئەو ڕۆشنبیرییەی هەیە، وەک ئەوەی لە ژینگە مرۆییە جیاوازەکانەوە هەیە چ لە ڕابردوو چ لە ئێستا و چ لە داهاتوو، مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی،لێکۆڵینەوەی چوار جۆر لە چالاکی مرۆیی دەکات:-

١. ئاراستەکردنی چالاکی لە پێویستیە دەروونیەکانە وەک برسێتی، ڕەگەزایەتی.
٢. ئاراستەکردنی چالاکی کەدەبێتە هۆی وەدیهێنانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی خەڵك وەک داب و نەریت.
٣. ئاراستەکردن بەرەو بەهێزبوونی هێز لەسەرەوەی سروشت وەک ئاینی، جادوو.
٤. ئاراستە کردنی چالاکی کە پەیوەندی بە گوزارشت کردن بە بەها جوانیەکانەوە هەیە، وەک چالاکی هونەری، بۆ نموونە هونەرو مۆسیقا و هۆنراوە)).[63] بەم جۆرە سەرنجە لەڕوانگەی ئەنثرۆپۆلۆجیاوە ڕۆشنبیری و ئاستی ژیریی و شارستانی دەردەکەوێت و چەند ئاراستەیەک بەپێی جۆری تایبەتی کەسەکان ڕەنگدەدەنەوە .

لە ڕوانگەی زانستی کۆمەڵناسیشەوە چەندین پێناسە بۆ ئەنثرۆپۆلۆجیا کراوە، زانستی دەروونزانی کۆمەڵایەتیش دەیانکات بە بناغە و چەندین ڕاوسەرنجمان بۆ دەخاتە ڕوو: (( زانستی ئەنثرۆپۆلۆجیا: ئەو زانستەیە کە شرۆڤەی ڕەگەزە زیندووەکان و ڕۆشنبیرییەکانی مرۆڤ دەکات، چونکە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە)).[64]

مرۆڤ پەیوەستە بە کۆمەڵگاوە، کۆمەڵگاکانیش بەپێی پرنسیب و بنەماکان کە لەگەڵ زۆرینەی خەڵکدا دەگونجێت و هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵە ڕەفتارەکانی تاك دیاریدەکات.

ئەو ناوەند و کۆمەڵگا جیاوازانەی کە تاك ڕۆشنبیری خۆیان لێوە وەردەگرێت کاردەکەنە سەر چۆنیەتی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی و هێما و نیشانەکانی جەستەشی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆشنبیرییە جیاوازانەن، کە لە چەند

[62]هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ١٦٣
[63]فوئاد سدیق، دەرونزانی کۆمەڵایەتی، 2015، ل 32
[64] خەلیل عەبدولرەحمان معایتە، دەروونناسی کۆمەڵایەتی، ل 19

لایەنێکەوە ڕەفتار (سلوك) ی تاك دیاریدەکەن، هەریەکەشیان بەپێی گرنگیی و ڕۆڵی لە ژیانی ئەو تاکەدا، وەکو: (خێزان، قوتابخانە، ڕۆشنبیری، ئەندام بوون لە ڕێکخراوو گروپە مرۆییەکانی هاوتەمەنی خۆی).[65]

هەر لە ڕوانگەی زانستی دەروونزانی کۆمەڵایەتییەوە، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاك بەتایبەتی منداڵ لە خێزاندا ڕەنگدەداتەوە، بە جۆرێکی ناوازەو جیا، یان وەکو ئەندامەکانیتر ڕەفتاردەکات بەواتایەکی تر ((خێزان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دیاریکردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکدا و لە پێگەیاندنی لایەنی ئاوەز و ژیری و جەستەییەوە، ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە تەواو بەرجەستە دەبێت:

١. بوونی پەیوەندی ڕێز و بەهای مرۆڤانەی نێوان دایك و باوك.
٢. ژمارەی ئەندامانی خێزان.
٣. جیاوازی ڕەگەزی منداڵ و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.
٤. ئاستی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی خێزان.
٥. ئاستی کۆمەڵایەتی - پێگە و شوێنی – دایک و باوک لە کۆمەڵدا)).[66]

مرۆڤ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی لەڕێگەی ئەو زانیاریانەوە دەنوێنێت کەلەقۆناغی منداڵییەوە لەناو کۆمەڵ و لە خێزاندا بەپلەی یەکەم وەریگرتووە، واتا هەست بە بوون و (خود – ذات) ی خۆی دەکات ((بەتایبەتی لە هەشت مانگی تەمەنیەوە وردە وردە هەست بە بوونی جەستەی خۆی دەکات، یەکەم سەرنجی دەربارەی جەستەی دەبێتە بناغە و لەگەڵ ناوهێنان و بانگ کردنیشیدا هەست بە بوونی پەیوەندی نێوان جەستە و ناوەکەی دەکات)).[67]

لەبناغەدا مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە کاتێك تێکەڵ بە کۆمەڵ دەبێت، دەیەوێت شوێن و پێگەی خۆی بکاتەوە و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ئاماژەکانی جەستەی بەپێی پەیڕەوو پرۆگرامی کۆمەڵ بێت و لێی لانەدات، بەو واتایەی کۆمەڵگای بەلاوە گرنگە، چونکە دەیەوێت بوونی خۆیی تێدا بسەلمێنێت – هەربۆیە زانستی دەروونناسی کۆمەڵایەتی گرنگی تەواوی بەم لایەنە داوە و بەرەو ناخی دەروون و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی (تاك) لە کۆمەڵدا ڕۆشتووە.

بۆ نموونە ڕەفتاری تاك و ئاماژەکانی جەستەی لە پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکاردا بەجۆرێکە، لە ڕێوڕەسم و بۆنەیەکیتردا بەجۆرێکیتر ڕەفتار دەکات، کە ئەم جیاوازیانە لە ڕەفتاری تاکدا کەسێتی دیاریدەکات.

مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، ڕەفتارەکانی ڕەنگدانەوەی دەروون و ناخ و چۆنیەتی بیرکردنەوەین، بەڵام بەتەنها خودی مرۆڤ و هۆکارە ناوەکییەکان ڕەفتاری بەرجەستە ناکەن و کەسێتی ڕوون ناکەنەوە، بەڵکو کاردانەوەی هەموو هەڵسو کەوت و مامەڵە و بەریەك کەوتنی کۆمەڵگا و دەوروبەر، ڕەفتاری

---

[65] احمد محمد مبارک الكندري، علم النفس الاسري، الطبعة الرابعة، دار الحنين للنشرو التوزيع،، عمان الاردن، 2012، ص (166 – 168)
[66] احمد محمد مبارک الكندري، علم النفس الاسري، ص (158 – 161)
[67] احمد محمد مبارك الكندري، علم النفس الاجتماعي المعاصر،الطبعة الاولى، دار الحنين للنشر و التوزيع، عمان،الاردن،2012، ص 86

دیاریدەکەن هەروەها مرۆڤ وەکو بنیاتی کەسیی و جەستەیی و پێکهاتەیی بریتی یە لە جەستە و ڕۆح و دڵ و دەروون و ناخ، ڕوخسار – جەستە –، ئەقڵ و ڕەفتار، تاکە بوونەوەرێکە هەوڵی گۆڕینی ژیانی خۆی دەدات، بەچەندین قۆناغی جیاوازی کۆمەڵایەتی و بایۆلۆجیدا تێپەڕدەبێت، هەریەکە لەم قۆناغانەش کەم و زۆر کاردەکەنە سەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی، هەربۆیە ڕووبەڕووی چەندین گرفت و کێشە دەبێتەوە، بۆ چارەسەرکردنیشیان ((مرۆڤ دووڕییانێک دێتە ڕێی و بەپێی دوو ئاراستە کێشەکان لێکدەداتەوە :

**١. ئاراستەی کەسی :**

مرۆڤ پێی وایە هەموو سیستم و بەهاو پێوەرەکانی داهێناوە، تەنها لەپێناوی چەند ڕەمەکێکی –غەریزە–ی دیاریکراوی خۆیدا وەکو سێکس و کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ.

**٢. ئاراستەی کلتوری کۆمەڵایەتی :**

ئەم ئاراستەیە بڕوای وایە مرۆڤ تەنها دەفرێکی بەتاڵە کلتورو داب و نەریت و خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکان دەرژێتە ناوی، دەروونزانی کۆمەڵایەتی بڕوای وایە دەبێت هاوسەنگی هەردوو ئاراستەکە ڕابگرێت)).[68]

زانستی دەرونزانیی کۆمەڵایەتی بڕوای وایە مرۆڤ ڕەفتارەکانی ڕەنگدانەوەی هەموو پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و بەرکەوتەکانێتی لەگەڵ کاردانەوەی دەروون و ناخی خۆیدا و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دەبێت ڕەفتاری گونجاوو هەڵسوکەوت و هێما و چۆنیەتی جووڵەی جەستەی کە ڕەنگدانەوەی دەروونین، لەگەڵ پێوەر و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا ڕێکبخات، بۆ ئەوەی ڕەفتاری نەشیاوو نامۆ بەکۆمەڵەکەی تیادا ڕەنگنەداتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تاك و ڕەفتاری نەشیاو چەند تیۆرییەکیان دیاریکردووە کە لێکدانەوەی هەڵسوکەوت و جووڵەی جەستە و ڕەفتاری وەکو ئامرازێکی تاقیگەی (دەروونناسی – کۆمەڵایەتی) بەهۆکاری سۆراخکاری و بەدواداچوون ناویدەبەن، بۆ ئەم لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەش چەند تیۆرییەکیان داناوە کە بریتین لە :- (( ١- تیۆری شیکاری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، کە دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە – سکینەر – ە، کە بڕوای وایە لە چوارچێوەی چەمکە ڕەفتاریەکاندا لە ڕەفتار دەکۆڵرێتەوە.

2- تیۆری پەروەردەیی کۆمەڵایەتی.

---

[68] محەمەد بن مەحموود، دەرونزانی کۆمەڵایەتی (ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا) چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات - خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە، هەولێر، 2014، ل 18

3- تیۆری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا.

4- تیۆری کارلێکی سومبولی و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون)).[69]

زانایانی بواری دەروونناسی جەخت دەکەنەوە لەسەر کاریگەری ئەدەب و هونەر و ڕەنگدانەوەیان لەسەر دەروونی تاکەکەس و وەکو هۆکارێك بۆ زاخاوی دەروون و هێمنکردنەوەی و ئارامیی جەستە، نرخ و بایەخی دەخەنەڕوو، بۆ نموونە (ابراهیم علی سلطان) وەکو پسپۆڕێکی دەروونناسیی جەخت لەسەر کاریگەری ئەدەب دەکاتەوە لەسەر هێمنیی دەروون و ئارامیی ڕۆح و جەستە و دەڵێت:

((ئەدەب کاردەکاتەسەر هەست و سۆزی خوێنەر و لەهەمان کاتدا ڕەنگدانەوی هەست و سۆز و بیروبۆچونی نووسەرن، هەروەکو چۆن – طه حسین- لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەدەب کۆتاییدێت ئەگەر چاو خوێندیەوە و دڵ پێی نەکەوتە لێدان، ئەدەب دیاردەیەکی ویژدانی و دەروونیە)).[70]

(ابراهیم علی) بەو مەبەستە ڕاوبۆچوونی (طه حسین) دەخاتەڕوو، دەیەوێت ئاماژە بە سرووشتی مرۆڤ بدات کە بەو جۆرە درووستبووە پێویستی بە زاخاوی دەروون و ڕۆحە و بۆ ئەم زاخاودانەوەیەش (ئەدەب) وەکو هۆکارێک دەکات بە ئارامیی دەروونی مرۆڤ، چونکە ئەدەب هە ڵقوڵاوی دەروونی مرۆڤە و بەرەو دەروونیش ئاراستە وەردەگرێتەوە .

هەروەها (فرۆید) یش جەخت لەسەر کاریگەری ئەدەب دەکاتەوە لەسەر دەروونی مرۆڤ و ڕێنمایی پەروەردەیی دەروون دەکات، هە روەها ئاماژە بەوە دەدات، کە چۆن بەهۆی کاریگەری ئەدەبەوە جۆری ئاراستەی دڵ و دەروون و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەگۆڕێت : ((وەک چۆن شۆڕشێک بەرپادەبێت، بەرهە می ئەدەبی کاردەکاتە سەر دەروونی مرۆڤ )).[71]

### د. گوتاری جەستە لەڕوانگەی فەلسەفەوە :

مرۆڤ لەسەرەتای قۆناغەکانی ژیانییەوە، کەوتوتە ژێرکاریگەریی هەست و نەستیەوە، ڕەفتارەکانی بەپێی ئەو هەستانە فەرمانیان بەسەردا دەکرێت، بەڵام لەوکاتەوە کەئەقڵی مرۆڤ کەوتوتە بەرلێشاوی هێزی ڕەوشت و داب و نەریتی کۆمەڵگاوە، جەستەش وەکو بوونێکی سروشتی، حەز و ویستەکانی خۆی دابین ناکات لەبەر ئەم هۆکارە جۆرێك لەپەرچەکردار لەکەسێتی مرۆڤدا ڕوودەدات بەرامبەر بەو داب و نەریتە سەپێنراوانە، بەوپێیەی جەستە بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی و بۆ ئاوێزان بوونی لەگەڵ سروشت و پێکهاتەکانیتردا، چەندین گوتاری جیاوازی دەبێت.

---

[69] محەمەد بن مەحموود، دەرونزانی کۆمەڵایەتی (ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا)، ل (٢٠ -٣٧ )

[70] ابراهيم على السلطاني، التحليل النفسي فى النص الادبي (كشف العلاقة الثلاثية : الاديب، الادب، المتلقي) الطبعة الاولى، دار جليس الزمان للنشر و التوزيع،، المملكة الاردنية الهاشمية، 2010 ص 16

[71] ابراهيم على السلطاني، التحليل النفسي فى النص الادبي (كشف العلاقة الثلاثية : الاديب، الادب، المتلقي) ، ص ١٢

بۆ چەسپاندنی بوونی خۆی، چەندین بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ سروشت و دیاردەکانی و تەنانەت لەگەڵ مرۆڤیشدا هەبووە، واتا مرۆڤ دەتوانێت لەیاسا و داب و نەریتە سەپێنراوەکان دووربکەوێتەوە و گرنگیی بەجوانی جەستە و ڕۆحی بدات وەکو تاکێك.

چۆنیەتی مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ جەستەیدا ڕەنگدانەوەی جۆرێك لەئاگایی و ڕۆشنبیرییە، ئەمەش لەئەنجامی بێزاریی مرۆڤەوەیە بەرامبەر بەجەنگ و کوشتار و ڕکەبەرایەتی نێوان مرۆڤایەتی، ئەمەش ((خۆی لەبەربەرەکانێی نەتەوەیی و ڕەگەزیی و ئایینیدا دەبینێتەوە، کەجەنگەکان درووستیانکرد، لەمەوە مرۆڤ بەرەوبەرز نرخاندنی جەستە و ڕۆح و جۆرێك لەهەوڵدان بۆئازادکردنیان هاتەکایەوە، بەپێی تێڕوانینی فەلسەفی هەر سەردەم و قۆناغێك، بۆنموونە لەسەردەمەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا، جەستە بریتی بووە لە بوونێك تەنیا پێویستیەکانی وەک (خواردن و تێرکردنی غەریزەکانی ....،بۆدابین کراوە، نەوەک نرخپێدان و شوێن و ماهیەتی جوانی ڕۆح و جەستەی)).[72]

هەروەکو چۆن لەئەفسانەکاندا هاتووە، بەهۆی کاریگەریی هێزی ئەفسانەوە تەنانەت لەقۆناغی شارستانی و دامەزراندنی کارگە و بوونی کاروپیشەی جۆراوجۆردا، بیری ئەفسانە گۆڕا بە چەوساندنەوەی مرۆڤ، لەژێر ئامێری کارگەکاندا . بەمجۆرە شارستانی کاریگەریی خراپی لەسەر جەستەی مرۆڤ درووستکرد وەکو بوویەکی سروشتی، بێگومان بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی و وەرچەرخانی ژیانی ئەوروپاوە لەسەدەی هەژدەوە، ئەم گۆڕانکارییە بەرجەستە دەبێت.

بۆئەوەی ڕاڤەیەکی وردی جەستە بکەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بنەڕەتە ئەنتۆلۆجییەکەی جەستە، بەوپێیەی ئەنتۆلۆجیا: ئەو زانستەیە کەگرنگیی دەدات بەبوون و گەردوون وەکو پێکهاتەیەکی سروشتیی، دوور لە هێزێکی میتافیزیکی، هەرچەندە لە بنەڕەتدا لقێکی سەرەکییە لەزانستی میتافیزیکی، ئەم زانستە گرنگیی دەدات بە (کۆسمۆلۆجی) کەبەشێکی گرنگ و سەرەکی ئەنتۆلۆجییە و ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی درووستبوون و پێکهاتەی گشتیی گەردوون و دۆزینەوەی ڕاستی زانستی سەبارەت بەدرووستبوونی.

فەلسەفەی (هیراکلیتس) بەسەرەتای زانستی ئەنتۆلۆجی دادەنرێت، لەگەڵ گەڕان و پشکنینی گەردووندا و هەوڵدان بۆ ئاشکرابوونی نهێنی و شاراوەکانی، هەوڵی ڕێکخستن و پێکەوە گونجاندنی هەموو پێکهاتەکانی دەدات وەکو بوویەکی یەکانگیر مرۆڤیش بەهەموو بوونێکی – ڕوخسار و دەروونیەوە – بەشێکە لە درووستبوونی گەردوون، جەستەشی وەکو جەستەی گشتیی گەردوون تێیدەڕوانرێت.

((ئەنتۆلۆجی: بنەڕەتێکە دەبێت بەبناغەیەکی سەرتاپاگیر و یەکبوونی هەبووە فرەجۆرەکان، دەبێت بەدابەشکراو بەسەر هەبووەکاندا و بەرجەستەیان دەکات،...، بنەڕەتێکی هەمیشەییە، لەناو ناچێت، هەروەها

---

[72]منير الحافظ، الوعي الجسدي (إشارات جمالية في طقوس الخلاص الجسدي)، الطبعة االاولى، النايا للدراسات والنشرو التوزيع، سورية، دمشق، 2012، ص ( 17-18)

بوونی هەمیشەیی لەکات بەدەرە بەڵام پەیدابوونی هەبووەکان کە پرۆسەیەکە لەو بنەڕەتەوە سەرهەڵدەدات،کاتییە هەبووەکان فرەجۆر و جیاوازن، بەڵام بنەڕەتەکەیان یەك شتە)).[73]

لەبەر ئەوەی مرۆڤ، بەبوونی جەستە و بیرکردنەوە و هەستەکانییەوە، بەگشتی و وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی، بەشدارە لەدرووستبوونی پێکهاتەی هەبووە فرە جۆرەکان و لەسەرەتای ژیانەوە لەسەر زەوی درووستبوون . بێگومان جەستەی مرۆڤ وابەستەیە بەگۆڕانکارییەکانی سەرجەم بوونەوە، بەڵام خۆی وەکو پێکهاتەیەکی تایبەتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و دێت.

بۆ گرنگیدان بە مرۆڤ و هەروەها هەموو بوونەوەرەکانیتریش – هەروەك ئاماژەمان پێدا – لەزانستی ئەنتۆلۆجی دا، گرنگی زۆر بە جەستەی مرۆڤ دراوە، جەستەشی وەکو جەستەی سروشتی و گەردوون و گیانەوەرو پێکهاتەکانیتر، دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای بوون بەڵام ((ئەفلاتوون لەڕوانگەی دیدوبۆچوونی میتافیزیکیەوە، گرنگی بە هێزێکی سەرچاوە و بنەڕەتی داوە،لەسەروو هەموو بوونەکانەوە و فەلسەفەی لە (بوون) نامۆ کردووە: هەریەکە لەو هەبووانە بەشداری لەپێکهێنانی وێنەی هەبووە بنەڕەتییەکەدا دەکەن - جەوهەری هەمەکی - فۆرمی وەکو یەکی مرۆڤ لەگەڵ ئافەریدەکردنی مرۆڤە تاکەکانی ناو جیهان دەبن بەفۆرمی گشتی هەموویان، لەم ڕووەوە مرۆڤە تاکەکان جەوهەرێکی وەکو یەکیان هەیە بە (لەش) جیاوازن و بە (ناخ و دەروون) وەکو یەکن، هەموو جوانییەك پەیوەندی بە (جەستە و لەش)ی بابەتەکەوە هەیە،...، بۆهەرکەسێك لەپەیوەندییە ئۆرگانیەکەیدا لەگەڵ بەشەکانی تردا جوانتر بەرجەستە دەبێت)).[74]

هەروەها (ئەرستۆ) بەهەمان تێڕوانین و بەکاریگەریی (ئەفلاتون) باسی (بوون) دەکات، بۆ ئافەریدەکردن و درووستکردنی هەموو شتێك (بوون) دەکات بە بنەما . تێڕوانین و بۆچوونەکانی (ئەفلاتون و ئەرستۆ) بەهەردوو سەرچاوەی میتافیزیکی و ماددییەوە، لەدید و بۆچوونی مرۆڤی ئەو سەردەمانەدا - سەردەکانی ناوەڕاست - ڕەنگیدایەوە، تێڕوانینی هەردوو پەیڕەوەکە بۆ جەستە لەگرنگیدان و بەنرخ ڕاگرتنی جەستە و ڕۆحدا دەبینرێتەوە، بەڵام مرۆڤ لەخودی خۆیدا و لەو سەردەمەدا بە جۆرێکی نامۆ لەجەستە و ڕۆحی دەڕوانی . هەتا سەردەمی ڕێنیسانس، مرۆڤ بە دیدێکی نوێوە، مامەڵەی لەگەڵ جەستەدا دەکرد، یاخیبوونێکی تەواو بەرامبەر میتافیزیکی (ئەرسۆ) بەدیدەکرا بەتایبەتی لەلای- دیکارت -کە ((ناسینی ڕاستەقینە و زانینی لەگومان بەدەری دایەوە بەمرۆڤ، دەستەواژەی – من بیر دەکەمەوە، کەوابوو من هەم – جێگەی تێڕوانینەکانی ئەرستۆی گرتەوە، مرۆڤ بونیادێکی ئەنتۆلۆجی نەگۆڕو خۆرسکێکی چەسپاوی پێدراوە لەلای (دیکارت)،(خۆ) جەوهەرێکی گیانییە، ناسنامەی خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی لەش و ڕووداوەکانی ناو

[73] محەمەد کەمال، فەلسەفەی بوون (لێکۆڵینەوەیەك لەسەر هزری پاش میتافیزیك)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە، سلێمانی، 2014، ل (26-27)

[74] محمد کمال، فەلسەفەی بوون، ل (٣٣-٣٤)

مێژوودا ون ناکات،...، (خۆ) یەکە لەژوور گۆڕانکارییەکانەوە و لەودیو پەیوەندییەکان و خۆ بەستنەوە بە جیهانی ئەستوو لەشەوە، خۆیەکە چەق چەسپاو و خۆ بە هەق زان.... )).[75]

(دیکارت) بەو جۆرە دەڕوانێتە مرۆڤ لەئاوێتەبوونی جەستە و ڕۆح، بوویەکی جێگیر و نەگۆڕ و لەسەروو گۆڕانکارییەکانەوە و خۆ بەستنەوە بەجیهانی (لەش)ەوە دادەمەزرێنێت و ڕەهایانە مامەڵە لەگەڵ جەستەدا دەکات، نرخ و بەهای مرۆڤ لەسەر بناغەی جەستە و بەپیرۆز ڕاگرتنی دادەمەزرێنێت، هەروەها ئەوەی شیاو و بەرخە و ئەوەی شایانێتی بەهەموو مانا و ڕەهەندەکانی ژیانەوە پێشکەشی مرۆڤی دەکات و تێروانینەکانی هەر بەتەنها لەخودی جەستەدا نامێنێتەوە وبەرەو لایەنی ڕۆح و لەیەکگرتنی ڕۆح و جەستەدا بەرەو بیرکردنەوە دەچێت، لەشێوەی دروستبوونی خوا و وێنەی هاوشێوەی جوانیەکانی جەستە و ڕۆح و لە جوانی خوادا دەبینێتەوە و دەپرسێت ((ئایا مرۆڤ لەسەر شێوەی گشتی مرۆڤ – ڕوخساری تایبەتی مرۆڤ دروستبووە یان لەسەر شێوەی درووستکەری خوا – جەستە مانای چی دەگەیەنێت، جەستە خاوەنی چییە بەهەموو ماناکانییەوە)).[76]

نرخی جەستە و بوونی لەو بەشدارییەدا بەرجەستە دەبێت، کەلەگەڵ جەستەکانیتردا دەیکات و لەبوونێکی گەورەتری سەروو خۆیدا ڕۆڵدەبینێت کە جەستەی سروشت و گەردوونە و پێکهاتەی هەرەگەورە بەرجەستە دەبێت و لەڕێگای جووڵە و هێما و ئیشارەتەکانی جەستەوە، جوانییەکانی ڕۆحی زیاتر دەکەونەڕوو.

(جۆن ماکوای) دەربارەی هێزی خەیاڵ و ڕۆڵی لەدرووستکردنی ئەفسانە و داستانەکان لەقۆناغی سەرەتایی ژیانی مرۆڤدا و دواتریش ڕۆڵی لەبونیادی چیرۆکدا لەڕووی زانستی (میثۆلۆجیا) وە دەگەرینە ئەو ڕایەی کەخەیاڵی مرۆڤ ڕۆڵێکی سەرەکیی بینیوە لە گەڕان بەدوای ڕاستیەکان و درووستبوونی چەندین پرسیاردا کە لەناخ و دەروونیدا بەپەنهانی ماونەتەوە و بەمەش ئەفسانەو داستانەکان درووستبوون .

هەرهەمان هێزیشە کە چیرۆکەکانی لەسەر بنیاد دەنرێت هەربۆیە ((دەربارەی لێکدانەوەی ئەفسانە -میثۆلۆجیا- وا دادەنرێت کە ئەفسانە خاوەنی وەزیفەیەکی هۆکارداریییە، بەجۆرێك لەزانستی سەرەتایی دادەنرێت کەبنەما هۆکارییەکانی ڕووەداوە سرووشتیەکان و دام و دەزگا مرۆییەکان ڕووندەکاتەوە)).[77]

لەبەرئەوەی بناغەی فەلسەفەش لەسەر پرسیار و گومان و تێرامانی مرۆڤ درووستبووە، مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکانیان، چەندین خەیاڵی کردووەتەوە،لەئاکامدا داستان و ئەفسانەکان درووستبوون و لەڕێگایانەوە مرۆڤ وەسفی سرووشتی مرۆڤ و جەستەی و ڕفتارەکانی کردووە و ئەفسانە و داستانەکان بوون بەلانکەیەك هەتا چەندین سەرنجی جیاوازی مرۆڤی تیادا بدۆزینەوە.

---

[75] محمد كمال، نیتشە و پاش تازەگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای موکری، سلێمانی، 2006، ل (9 -10)
[76] منير الحافظ، الوعي الجسدي، ص (١٠، ١١، ١٢ )
[77] جۆن ماکوای، فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودیەت)، وەرگێڕانی : ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2007، ل 53

مرۆڤ بەبوونیەوە و سروشتی جەستەی و چۆنیەتی پێکهاتەیەوە وابەستەیە بە دەوروبەرەوە و لەڕوانگەی پەیوەندی نێوان جەستەی مرۆڤ و جەستەی سروشتدا ڕایەڵەیەکی پتەو درووستدەبێت، بەو واتایەی مرۆڤ ئاوێتەی سروشتە و چۆنیەتی درووستبوون و ژینگە و پێکهاتەی خۆرسکی جوگرافی و شوێنی ژیان کاردەکەنەسەر سروشتی جەستەی مرۆڤ و ڕەنگ و شێوەی جیاوازی پێدەبەخشن ((لەم ڕووەوە بەرەو زانستی (ئەنثرۆپۆلۆجیا) دەچین کە پەیوەندی مرۆڤ بەژینگە و شوێنی ژیانیەوە و چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤ و گوزارشتکردن لەخودی خۆی ڕەنگدەدەنەوە بەتایبەتی لەکلتوری ڕۆژئاوادا، سەرەتاکانی باسی جەستە و ڕۆح لەئەفسانەکانەوە هاتنەکایەوە)).[78]

لەڕوانگەی زانستی ئەنثرۆپۆلۆجیاوە بەرەو شیکردنەوەی دەقە فۆلکلۆرییەکان و (ئەفسانە و داستانەکان) دەچین و زانستی (میثۆلۆجیا) ڕۆڵی بەرجەستە دەبێت بەهۆی زانستی ئەنثرۆپۆلۆجیاوە، لەدیدو تێڕوانینی مرۆڤ دەگەین، سەبارەت بە دیاردەی مردن و چۆنیەتی مامەڵەکردنی کە خۆی لە (هۆشیاری مەرگ)دا دەبینێتەوە .

بوون و گرنگیی مرۆڤ بەپێی تێڕوانینی – بوونەگەرایی - وجودیەت – لەڕێگای جەستەوە دیاریدەکرێت و جەستەی مرۆڤ دەکرێت بە پێوەر و بنەما، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بەباشیی بناسین، جەستە بەشداری ڕاستەوخۆ دەکات، یان هۆکارێکی سەرەکی کاری پەیوەندیکردنە، هەر پەیوەندییەکی نوسین، قسەکردن، ئاماژەکانی جەستە وەکو جووڵە،کەبەشدارە لەکاری پەیوەندییەکەدا، بەبێ بوونی جەستە پەیوەندیکردن هیچ نرخێکی نابێت، ئەوەی لەتێڕوانینی بوونگەراییدا دەربارەی جەستە بەوردی سنورو ڕۆڵی دیاریدەکرێت، (جان پۆڵ سارتەر)ی فەیلەسووفی فەرەنسییە، لەهەموو پەیوەندییە جەستەییەکاندا بەهێزترینیان بەپەیوەندی سێکسییەوە دەبەستێتەوە، لەمڕووەوە دووهۆکار بۆ درك پێکردنی جەستە دیاریدەکات:-

((١ - وەک بەکاربەری جیهانی دەوروبەری خۆی بەهەموو پێداویستیەکانەوە.

٢ - ئاماژەکانی جەستە دەگەڕێنێتەوە بۆ خودی کەسەکە، کە لە ڕێگای جەستەیەوە هەست بەجووڵەی خودی دەکات و جیاوازە لەجووڵەی شتەکانی تری دەوری مرۆڤ)).[79]

واتا بەڕای (سارتەر) جەستە لەخودی مرۆڤ جیانابێتەوە، ئەو جەستەیەی (سارتەر) باسیدەکات جەستەیەکی مرۆییە و لەپەیوەندی نێوان جەستەکاندا ڕایەڵەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێتەوە، گرنگیدان و پێداگریی لەسەر ڕۆڵی جەستە، بەرەو ئەو جیهانە وجودی و بونیادگەرییەمان دەبات کە دەیەوێت بیخاتەڕوو، بەمانایەکیتر توێژینەوە لەجەستە بەرەو چالاکی و ڕەفتارە سێکسییەکانمان دەبات، بێگومان ئەمجۆرە تیۆریە لەجیهاندا لەزۆر لایەنەوە ڕەخنەی لێدەگیرێت، بۆنموونە جگە لە لایەنی سێکسیی، هیچ پەیوەندیەکیتر دیاری ناکات، کە ئەمەش لەڕۆڵ و وەزیفەی - گرنگیی و ئەرکی - جەستە کەم دەکاتەوە.

[78] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل (٥٤، ٥٥، ٥٦)
[79] جۆن ماکوای، فەلسەفەی بوونگەرایی وجودیەت، ل( 174 – 175)

لەڕوانگەی گرنگیی جەستە و ڕۆڵی لە بەرجەستەکردنی پەیوەندی کۆمەڵدا، (تۆماس هۆبز)* ی فەیلەسوفی بەریتانی، فەلسەفەی بۆ دوو بەشی سەرەکیی دابەشکردووە :-

((١- فەلسەفەی سروشتی: توێژینەوە لەسەر جەستەی سروشتی دەکات، کە دەستکردی سروشتە.

٢- فەلسەفەی مەدەنی: توێژینەوە لەسەر جەستەی دروستکراو دەکات، یان ئەوەی بەدەوڵەت ناودەبرێت کەلە کۆی ئیرادە و ڕێکەوتنی مرۆڤەکانەوە پێك دێت، هەروەها ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دەوڵەت، لەڕەفتاری تاکەکانەوە پێك دێت، بۆیە فەلسەفەی مەدەنی دەبێت بەدوو بەشەوە:

أ. ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤ کەجەستەی دیاریدەکات.

ب. بەشی دووەمیش بەزانستی سیاسی ناودەبرێت، کەدەبنە هۆی دروستبوونی دەوڵەت)).[80]

لەسنوری باسەکەماندا خاڵی یەکەم (بەشی یەکەمی) فەلسەفەی مەدەنی بەهەند وەردەگرین بەوپێیەی بریتییە لە ئاماژەدان بەجەستە.

بەهۆی ئەو گرنگییەی جەستە هەیەتی لەدابەشکردنی کاری ئاخاوتن و ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەروەها بەپێی ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی سەرنجی فەیلەسووف و وێژەوان و هونەرمەندانی ڕاکێشاوە و بەشێوەیەکی زۆر فرەلایەن ئاوڕ لەجەستە دراوەتەوە، بۆیە بەپێویستی دەزانین چەند نموونەیەك لەمێژووی مرۆڤایەتی وەکو سەرنجێکی گشتگیریانە بۆ جەستە بخەینەڕوو، بەتایبەتی لەباسکردنی پەیوەندی نێوان جەستە و ڕۆحدا، لەناو شارستانییەتەکاندا ئامادەبوونی بەردەوامی هەیە.

لەبەر ئەو پەیوەندیە ڕاستەوخۆیەی نێوان کلتور و ئەدەبیات و فەلسەفە، پێویستە ئاوڕ لە داستان و ئەفسانەکان بدەینەوە کە زادەی بیروبۆچوونی مرۆڤن، هەر لەو تێڕوانین و ڕامان و پرسیارانەوە، کەمرۆڤ بەمێشکیدا هاتووە، ئەفسانەو داستانەکان درووستبوون و لەمانەشەوە فەلسەفە سەریهەڵداوە، مرۆڤ هەمیشە بەربەرەکانێی کردووە لەگەڵ سروشت و دەوروبەری خۆیدا، بەهەموو دیاردەکانییەوە تەنانەت لەگەڵ یەکتریشدا، هەربۆیە چەندین پرسیار و گرێ لەئاکامی درووستبوونی ئەم چالاکییە مرۆڤایەتیانەوە درووستبوون و مرۆڤ خۆشی زۆرجار وەڵامی داونەتەوە . بێگومان بەپێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار جۆری سەرنج و تێبینیەکانیشی لەتێڕامانی بەرامبەر بەژیان جیاوازیان پێوەدیارە بەم پێیە، هەندێك لەو سەرنجانە دەخەینەڕوو :

لەمێژووی کۆندا لەناو شارستانیەتی (دۆڵی ڕافیدەین)دا، دیدو تێڕوانینی مرۆڤ دەربارەی مرۆڤ و سروشت بەگشتی و تەنانەت جەستە و ڕۆح و بەرجەستەبووە، بەتایبەتی لەئەفسانە و داستانەکاندا، دەبینرێنەوە (( بابلیەکان و سۆمەریەکان باوەڕیان بەزیندووبوونەوەی دوای مردن هەبووە، مردن لەلای ئەوان، کۆتایی هەموو

[80] نەبیل عەبدولحەمید، تۆماس هۆبز و ڕێبازەئاکاری و ڕامیارییەکەی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2012، ل(٩٠ - 91 )

* (تۆماس هۆبز) فەیلەسووفێکی بەریتانییە دژی قوتابخانەی ( ئەرستۆ و هزری قوتابخانەیی ) هەوڵیداوە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردن درووستبکات .

شتێك نەبووە بەڵكو جەستە دوای مردنی مرۆڤ و دوای ئەوەی دەبێتەوە بەخاك، جارێکی تر دروستدەبێتەوە، بەڵام ڕۆح وەکوو جەستە نیە، وەکو خۆی بە زیندوویی دەمێنێتەوە بۆیە لەژیانی زیندووەکان کەم دەکاتەوە، یان ژیانیان تاڵ دەکات، هەر بۆیە چەندین قوربانیان لەپێناویدا داوە، زۆربەی کات ئاژەڵ و قوربانیان کردووەتە ناو ئاوەوە، هەتا بەمردنی جەستەی خاوەنەکەی، ڕۆحەکە کەسانیتر ئازارنەدات)).[81]

هەوڵی مرۆڤ و گەڕان بەدوای نەمریدا، زۆر بەئاشکرایی لەداستانی گلگامێشدا دەبینرێتەوە، جەستەیان بەلاوە زۆر گرنگ بووە، لەبەرئەوە هەوڵی پاراستن و بەدوورگرتنی لەمردن دراوە، ئاشکرایە مرۆڤ کاتێك دەمرێت، جەستەشی لەناو دەچێت، بەڵام نەمریی ڕۆح و نەمریی واتایی بۆ کەسانێکە کە ناو و ناوبانگیان زیندووبێت، هەر لەبەر پاراستنی ناو و کەسایەتیان، هەوڵی پاراستنی جەستەشیان دراوە، ئەمەش بۆ هەموو مرۆڤێکی ئاسایی نەکراوە، بەڵکو بۆکەسایەتی دیاری ناو کۆمەڵ یان گەورەکانیان بووە، هەروەکو لەلای فیرعەونەکان دەبینرێتەوە .

نەتەوەکانی دۆڵی ڕافیدەین (زۆر گرنگیان بە وەرزشکردن داوە، هەروەها لەلای ئاشووریەکان جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵیان تێکەڵکردووە و وێنەی خواکانیان پێ دروستکردووە، بۆنموونە جەستەی گا، سەری مرۆڤیان پێوەکردووە،...، گرنگیدانیان بەجەستە بۆئەوە بووە کەڕۆحی تیایدا بپارێزرێت، ڕۆحیش دوو جۆر بووە بەناوی (کا، با)وە ناویان لێناوە،...، هەروەها هندییەکان بڕوایان بەجەستە و ڕۆح هەبووە، بەتایبەتی لای (ماهافیرا)کە بڕوای وابوو کاتێك مرۆڤ دەمرێت، ڕۆحی دەچێتە ناو جەستەیەکی ترەوە و وێنە و ڕوخسارێکیتر دروست دەکات، بۆئەوەی ژیان بەردەوام بێت، هەروەها بڕوای وابوو ڕۆح هەموو پێویستیەکانی خۆی لە جەستەوە وەردەگرێت، بەڵام جەستە لەخودی خۆیدا هیچ گرنگ نییە، کەزۆرجار بە- تناسخ و حلول – وێنەگرتنەوە – ناودەبرێت ).[82] دیاردەی گواستنەوەی ڕۆح، لەجەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکیتر ئەگەر لەلای هندییەکانیش سەریهەڵدابێت، ئەوا لەناو زۆربەی بیروباوەڕی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە.

لە شارستانێتی یۆنانی کۆندا، بەهۆی وەرگرتن و گواستنەوەی زۆربەی بیرو تێروانینی ئەدەبیی و هونەریی و فەلسەفییەوە، لەدۆڵی ڕافیدەین و ڕۆژهەڵاتەوە یۆنان شارستانێتی خۆی لەسەر بنیادنان و فینیقییەکان لەم گواستنەوەیەدا ڕۆڵی خۆیان بینیوە، لەلای یۆنان جەستە زۆر پەراوێز خراوە و ئەو گرنگییەی نەبووە وەکو ڕۆح، هەربۆیە هەمیشە ڕۆح بەرز نرخێنراوە، لەمڕووەوە (فیساگۆرس) دوای (تالیس و ئەرستۆ ) ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕیوە و دەڵێت:- ((دەبێت ڕۆح بەرز ڕابگیرێت، ئێمە لەم جیهانەی خۆماندا نامۆین، چونکە جەستە وەکو شوێنی ناشتنی ڕۆح وایە، دەبێت هێزی ڕۆح زاڵ بکەین بەسەر هێزی سروشتدا، کە

---

[81] هجران عبدالالاه احمد الصالحي، فكرة الجسد من الموروث الحضاري الى فلسفه نيشته، الطبعة الاولى، دار الفرقد للطباعة و النشر و التوزيع، سورية، دمشق، 2014، ل 35.

[82] هجران عبدالالاه احمد الصالحي، فكره الجسد من الموروث الحضاري الى فلسفة نيشتة، ص(٣٥، ٤٣)

جەستەی خوڵقاندووە، دەبێت جەستە ماندوو بکرێت هەتا پاکدەبێتەوە لەتاوان، بۆ ئەم پاکبوونەوەیەش، دەبێت جەستە لەڕێی وەرزش و ڕۆحیش لەڕێی مۆسیقاوە پاکبکرێنەوە)).[83]

یەکێکیتر لەو تێڕوانینانەی کە بەوردیی شرۆڤەی جەستەی مرۆڤی کردووە و بووەبە جێگەی سەرنجی فەیلەسووفەکانی دوای خۆی، تێڕوانینی فەیلەسووفی ئەڵمانی (فدريك نيتشە)یە، کە تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە و ڕەخنە لە تەواوی مێژووی هزری فەلسەفی دەگرێت بەومانایەی فەیلەسووفەکانیتر گرنگییان بەجەستەی مرۆڤ نەداوە، وەکو (سوکرات، فیاگۆرس، ئۆرفی)، نیتشە گرنگی زۆربە جەستە داوە نەك ڕۆح، هەتا ئەو ڕادەیی باوەڕی وابوو، کەوێنەی خواکانی یۆنان بەکاریگەریی وێنەی ڕوخسار و جەستەی مرۆڤ درووستدەکران، کەئەمەش لەوێنەکێشان و هەڵکۆڵیندا دەبینرایەوە،نیتشە ((بیروڕا و تێڕوانینی یۆنانی گۆڕی، کەگرنگییان بە خواکان دەدا و وەسفیان دەکردن و چۆنیەتی درووستکردن و پەرستنیانی بەرپەرچدایەوە، بەجۆرێك مردنی خواکانی ڕاگەیاند، نیتشە وێنەی کەسایەتی بەهێز و بەتوانای جەستەیی وەکو – سۆپەرمان – ی درووستکرد،کە لەدەستی دەهات هەموو گۆڕانکاریەك بکات و تەواو جێگەی خواوەندەکان بگرێتەوە)).[84]

لەڕووی ئەم هەڵوێستەی نیتشەوە دەربارەی جەستە، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە (( لەلای نیتشە فیکرەی جەستە لە فیکرەی ڕۆح و دەروون جوانترە، جەستە زەوی یەکەمە پابەندبوونمان بە ژیان ڕادەگەیەنێت، ...، جەستە پردێکە لە نێوان ڕابردوو ئێستاو داهاتوودا، ...، بەمجۆرە ناتوانین بەبێ جەستە قسە لە بیرکردنەوە بکەین، بڕوا هێنان بە جەستە، جێگیرترە لە بڕواهێنان بە دەروون و ڕۆح، ئەوە جەستەیە بیردەکاتەوە، یان بەشێوەیەکی تر بیرکردنەوە لە جەستەوە هەڵدەقوڵێ)).[85]

ڕاوبۆچوونەکانی نیتشە دەربارەی جەستە تەواو دژی ڕاوبۆچوونەکانی تیۆری میثالی یۆنان بوو، کە بۆ ماوەی چەند ساڵێك بەردەوامیی هەبوو، ئەم تێڕوانینانەش لە ئاکامی کۆبوونەوەی چەندین بیرو بۆچوونی خراپ هاتە کایەوە، کە دەربارەی جەستە لەئارادابوو لەو ڕۆژگارانەدا، بۆ نموونە (( جەستە مرۆڤ لەخشتەدەبات و ڕۆحیش دەچەوسێتەوە، هەروەها جەستە لەبنەڕەتدا شوێن کەوتەی ڕۆحە)).[86]

ئەم سەرنجانەش دەربارەی ڕۆح بۆ ئەوە بوو لەخواکانیان نزیك بکاتەوە و پیرۆزییان پێ ببەخشێت . ئەفلاتونیش بەهەمان ڕاو سەرنجی سوکرات کاریگەر بووە و هەمان بیروڕای دووبارە کردووەتەوە، واتا ئەفلاتون لەگەڵ تێڕوانیینەکانی قوتابخانەی فیساگۆرس و ئۆرفەو سوکراتدا هاوڕابووە.

(دیکارت)یش وەکو قۆناغێکی نوێی فەلسەفەی ئەوروپا جەخت لە گرنگیی و ڕۆڵی جەستە دەکاتەوە، وەکو بوویەک کە خاوەنی هەستەکانە لەهەمان کاتیشدا جیاوازە لەلەش و دەڵێت : (( لەش ناسینێکە کە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵام جەستە جێگیرە و هەندێك سیفاتی جەستە تایبەتە بە خۆی و هەندێکیشی تایبەتە

---

[83] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ( 43 - 44 )
[84] هجران عبدالالاه احمد الصالحي، فكرة الجسد من الموروث الحضاري الى فلسفة نيشتة ، ص 44.
[85] عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا، پرسی جەستە لە یارییەکی بوونگەرا ییدا،چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2012، ل 32 .
[86] هەر ئەو سەرچاوەیە، هەر ئەو پەڕەیە .

بە دەروونەوە، لەشی مرۆڤ بەهۆی هەستەوەرەکانەوە دیاریدەکرێت، بەڵام سیفاتی لەش لە گۆڕاندایە و ڕاو بۆچوونی فەیلەسووفەکانی کۆنی یۆنان سەبارەت بە جەستە ڕەتدەکاتەوە)).[87]

(دیکارت) سەرەتا تەواو پێچەوانەی ڕاو بۆچوونەکانی یۆنان دەوەستێتەوە سەبارەت بە جەستە، بەڵام دواتر لەڕوانگەی فەرامۆشکردنی ڕۆحەوە هەڵوێستی تری دەبێت و ڕۆحیش وەکو جەستە دەخاتە شوێنی شیاوی لە نرخدان بە مرۆڤ، لەمڕووەوە (دیکارت) ((سەرەتا فەلسەفەی یۆنانی ڕەتدەکاتەوە و تەنها ڕوو لە جەستە دەکات، بەڵام دواتر هەڵوێستێکی تر دەربارەی ڕۆح دەخاتە ڕوو، بەو پێیەی زیندوویەتی و نەمری بە جەستە دەبەخشێ و ئەم تێڕوانینەشی لە بەپیرۆز ڕاگرتنی جەستەدا دەبینێتەوە )).[88]

(دیکارت) دەربارەی جیاوازی نێوان (جەستە و دەروون) دەڵێت: ((دەروون بەش نابێت بۆ پێکهاتەکانی، هەروەها دەروون ماهیەتی بیرکرنەوەیە، بەڵام جەستە گەورە و فراوان دەبێت، ...، (سپینۆزا باروخ ئۆربەندیك) یش دەڵێت : ((جەستە و دەروون دەبێت لە یەك ئاستدا سەیر بکرێن، بۆ پارێزگاری لەمانەوەی مرۆڤ، چونکە جەستە ڕەنگدانەوەی دەروونی مرۆڤە، (هۆسرەل ئەدمۆند) دەڵێت : ((پێویستە جیاوازی لە نێوان جەستەو لەشدا بکرێت، بەو مانایەی لەش لە ڕێگای کات و شوێن و درك کردنە هەستیەکانەوە،گرفتەکانی خۆی چارەسەر دەکات، بەڵام جەستە وەکو بوویەکی بێ گیان وایە بەبێ دەروون)).[89]

### ە. گوتاری جەستە لە ئەدەبدا :

جەستە پانتاییەکی فراوانی لەناو ئەدەبی کوردیدا داگیرکرووە، هەر لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆرەوە، هەتاهەموو قوتابخانە شیعرییەکانیش، ڕەنگدانەوەی دەروون و هەستی جوانناسی ئەو سەرەمەیە، کە بەرەهەمەکەی تیادا هاتۆتەکایەوە، لەگەڵ بوونی لایەنی هونەری و هەستی وێژەیی خاوەنەکەیدا، ڕەنگدانەوەی داب و نەریت و کلتوری کوردەوارین لەچەند قۆناغێکی جیاوازدا، هەروەها ئاوێنەی باری سەرنج و تێڕوانینی تایبەتی نووسەریشە بەتایبەتی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەرییەی، لەوسەردەمەدا لەبرەودابووە.

لەم ڕووەوە چەندین جەستەی هەمەجۆر وێنە دەکێشن، وەکو جەستەی مرۆڤ و جەستەی ئاژەڵ و جەستەی سروشت، هەروەها چۆنیەتی گوزارشتکردن و زمانی دەربڕینی دەقەکانیش، ئەو کلتوروداب و نەریتە دەخەنەڕوو کەخاوەن بەرهەمەکەی تیادا دەژی، زۆر جار بەئاشکرا یان بەپەنهانی، جوانیی و ڕووی سەرنجڕاکێشی جەستەمان بۆ دەخەنەڕوو، زۆرجاریش وەکوو لایەنێکی مرۆڤانە و پەیوەست بەبوارە جیاوازەکانی ژیانەوە دەردەکەون.

هەندێکجار قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییەکان، وەکو ڕێچکەشکێنی دەستوور و داب و نەریتی کوردەواری وابوون و پێشتریش لەئەدەبیاتی فۆلکلۆردا ئەو بابەت و لایەنانەی لەکۆمەڵدا بەشاراوەیی باسدەکران، بەڕوونی

87 هجران عبدالالاه احمد الصالحي، فكره الجسد من الموروث الحضاري الى فلسفة نيشتة، ص ٤٦
88 چاوپێکەوتن لەگەڵ توانا عبدالرحمان، مامۆستای فەلسەفە، ڕێکەوتی (5 شەممە)، 2017/12/21
89 عەبدول موتەڵیب عەبدوڵڵا، پرسی جەستە لە یارییەکی بوونگەراییدا، ل ( 23، 24، 26، 28 )

و ڕاشکاوانە دەکەوتنە ڕوو، وردودرشتی بەشەکانی جەستە بەهۆی زمانی دەربڕینەوە، ڕۆچووەتە ناو ژیانی مرۆڤی کوردەوە، ئەو وێنە هونەرییانەی لەناو دەقەکاندا ئاماژە بە جەستە دەکەن، تایبەتن بە جەستەی ئافرەت، هەربۆیە ((دەق هەمیشە لەگۆڕاندایە و وێنەی جۆراوجۆر پێکدێنێ و ئاماری هەموو ئەم وێنانەش لەجەستەی ژندایە و کێڵگەی دەلالی وەرگرتووە و وێنەبەرهەمدێنێ و وتابلۆیەکی هونەرییە بەوشە، واتا جەستەی ژن بریتیەلە بازنەیەکی گەورە و چەندین بازنەی بچووك، کەوەڵامدەرەوەی نوێگەری و کلتورو شارستانیەت و ڕۆشنبیریی کوردن)).[90] واتا جەستە وەکو پێکهاتەیەکی سروشتی و بوویەکی کۆمەڵایەتی، چەندین لێکدانەوە هەڵدەگرێت، سەرجەم بوارەکان لەبەرهەمە جۆربەجۆرەکاندا ڕەنگیانداوەتەوە، وێنە هونەرییە جۆربەجۆرەکان مانا و لێکدانەوەکان دەخەنەڕوو.

لەناو بەشەکانی ئەدەبی فۆلکۆردا، جەستە ئامادەبوونی بەردەوامی هەیە، مامەڵەی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا کراوە، وەکو لەدرووستکردنی وێنە هونەرییەکان و بەیارمەتی وێنە ڕەوانبێژییەکان تەواو خراوەتەڕوو، دەبینین لەگۆرانی فۆلکلۆریدا و زۆرجاریش لەچیرۆکەکاندا، وەسفی ئافرەت و جەستەی وەکو بنیادێکی ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکان، ئامادەبوونی هەیە، وەسفی خووڕەوشت و هەڵسوکەوتی کراوە، ڕۆڵی ئافرەت لەناو خێزان و کۆمەڵگا و لەپەروەردەکردنی منداڵدا خراوەتە ڕوو.

لەپەندی پێشیناندا، داب و نەریتی ئەو کۆمەڵە دەخاتەڕوو کە پەندەکەیان درووستکردووە، لەوساتەوەختەدا، بۆ نموونە ((ژن قژی درێژە، لەبیردازۆر کورت و گێژە، هەرکەس نانی ناوچەوانی خۆی دەخوات، چەپڵە بە یەك دەست لێنادرێت، دوژمنی ئەو دانەیە کەنانی پێدەخوات، پارە چڵکی دەستە، دەستی ماندوولەسەر سکی تێرە، ڕەش بە وەکو تاوە، ئەتخوازن بەناوی باوە)).[91]

لەچەند چیرۆکێکی فۆلکلۆریدا وەکو وتراوە – لەدوای هەموو پیاوێکی هەڵکەوتووەوە ژنێك هەیە – مانا و ناوەرۆکی چەندین دەقی درووستکرداووە، وەکو : ((ژن هەیە و ژانیش هەیە، ژن و ئیشی ماڵیان وتووە، کێ ماڵ ئەکابەماڵ؟ پیاو یان ژن؟)).[92]

هەروەکو ئافرەت لەزۆر چیرۆکی فۆلکلۆریدا، وەسفی خوو ڕەوشتی پیاویش کراوە، بەڵام وەسفی جەستەی پیاو جگە لەهەندێك دەقی تایبەت بەهەجوو نەبێت، وەکو لەبەرهەمەکانی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)دا دیارە، لەئەدەبی نووسراودا زۆر کەم باسیکراوە، هەروەکو لەچیرۆکەکانی ((نەسیمی ئاقڵمەند، بابیخۆین تانە کوتراوین)).[93]

---

[90] عبدالقادر حمە أمین محمد، ژن لەدەقەکانی (قوبادی جەلیل زادە) دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ(25) ئازاری 2009، ل 79.

[91] شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی (ناوەرۆکی فیکری و ئەدەبی)، چاپخانەی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، هەولێر، 1984، ل ( 79-85 )

[92] سەلام مەنمی، ژن لەبەرسەرهات و چیرۆکی فۆلکۆری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی، 2014، ل( 33-81 )

[93] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل (69، 78)

وەسفی ئافرەت و جوانی ئافرەت و خستەڕووی جوانی ئەندامەکانی، وەکو بوویەکی یەکانگیر باسکراوە، هەروەها وەسفی هەریەکە لەئەندامەکانی جەستە کراوە، بەشێوە لێکچواندنێکی تاڕادەیەك ساکارانە، بەڵام ناوەرۆکێکی پڕواتا و پڕمەغزا و ناوازەیان هەیە، وەکو ئەم چەند دێڕە شیعرە کە نموونەیەکن لەجیهانی ئەدەبی فۆلکلۆریمان:

((ئێوارە وەختەی گایەل ئەخرۆشێ

سەوزەی قەد باریك مێخەك ئەفرۆشێ))[94]

هەروەها لەم دێڕەدا بەهۆی سوجدەبردنەوە ئەو پەڕی زیادڕەویکردن دەخرێتەڕوو، بۆ پشاندانی ڕادەی خۆشەویستیەکەی:

((ئێوارە بوو دیم هاتەوە لەکانی

سێ جار سووجدەم برد بۆ چاوەکانی)).[95]

لەهۆنراوەی فۆلکلۆریدا وەسفی جەستەی ئافرەت بەهۆی خشڵ و زێڕ و بابەتی ڕازاندنەوەوە کراوە، کەبەهۆیەوە چەندین شێوازی خۆڕازاندنەوە و چۆنیەتی پۆشین و شێوازی داب و نەریتی کۆمەڵی کوردەواریمان لەسەردەمێکی دیاریکراودا بۆ دەخاتە ڕوو، بۆنموونە:

((قەد وەکەمەرەی کلیل زەڕەوە

ئەڵقەی زوڵف وەبان گۆنای تەڕەوە

-مانگەشەو خۆشە تریفەی دووشایی

-هاڕەی مێخەك بەن بەرگی موسایی

-ملوێنکەی ملت شۆڕبووە تە خوارێ

کەوتووەتە بەینی دووگوڵ هەنارێ )).[96]

[94] جەعفەر شیخ حسێن بەرزنجی، چەند مەڵۆیەک لە شارای فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ١٩٨٦، ل ٢٠
[95] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٤٤
[96] محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواریی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەژین، سلێمانی، 2000، ل(108–112)

هەروەها لەم دێڕانەشدا کە گۆرانی ناوچەی کۆیەیە، وەکو لایەنی هونەریی بۆ پشاندانی خشڵ و زێڕ و خڕەی خڕخاڵ و هەیاسە و کەمەربەند کە جەستەیان پێ ڕازاندووەتەوە، ئەم دیاردەیە بۆ وێنەکێشانی جەستە لە فۆلکلۆری زۆربەی ناوچە جیاوازەکاندا دووبارە بووەتەوە.

((دوو کیژ لۆسەرکانی دێن یەك باز و یەك سەقەرە

تاقمە لوولە و هەیت و هوت کەوتنە سەرگۆی کەمبەرە

-لەکیژۆرە کۆییان لەوانی تاس لەسەرە

گۆتمێ بێنە ماچت کەم، ماچت حەج و ئەکبەرە

-کراسەکەی چیتی ئارە بونی دەرێی هەنارە

چاوکاربەخوات سوند دەدەم پێم برێ کێتان لەمارە)).[97]

(هیمداد حوسێن) دەربارەی دیاردەی گۆڕانکاری شێوازی ژیان و بوونی شێوازی نوێ لەدەربڕینی هۆنراوەدا، دەڵێت: ((بەگۆڕانی بوارەکانی ژیان، بابەت، کەرەسەی فۆلکلۆرەکەشی دەگۆڕێت، بۆ وێنە: جاران شاعیری فۆلکلۆری، ئەندامەکانی لەشی یارەکەی چ لەجوانی و چ لەناشرینی، بەوکەرەستە سادە و ساکارانەی ژیانی ڕۆژانەی لادێ چواندووە، وەک چاوی بە چاوی مار و بۆق چواندووە و باڵای بە بەرزیی داربی چواندووە، بۆنموونە:

((کچێ هەستە بەپێوە

بەژنت وەکو توولە مێوە

خوایە بمکەی بەسێوە

بچمە باغەر خڕێوە

-مەمکت دۆدانە دۆی تیا ترشاوە

سینەت ساجەکەل جۆی تیا برژاوە))[98]

لێرەدا بۆ پیشاندانی ڕوخساری ناشرینی ئافرەت بەمەبەست وتراوە .

---

[97] سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی، سێ سەد هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی، پێداچوونەوەی: فاضل شەوڕۆ، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، 1990، ل(57-64)

[98] هیمدادی حوسێن، چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، 1986، ل 73

بەگشتی لەئەدەبی فۆلکلۆردا هەر ئەندامێکی جەستە بەشتێکی سروشت وەکو گوڵ یان شتێکی جوان بە جیاجیا خراوەتە ڕوو هەروەها لەئەدەبیاتی نوسراویشدا بەتایبەتی لەئەدەبی کلاسیکیدا پشاندان و خستنەڕووی جەستەی یار و خۆشەویستەکانیان لەلایەن شاعیرانەوە بەهۆی وێنە ڕەوانبێژییەکانەوە وەکو مەرجێکی شاعیری لەقەڵەم دەدرا سەرەڕای بەکارهێنانی کێشی عەرووزو وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی لەگەڵ وشە کوردییەکاندا و چەندین مەرجیتری قوتابخانەی کلاسیکی، شاعیر هەوڵیداوە هەریەکە لەبەشەکانی جەستەی یارەکەی بەجیا بەشتێکی سروشت یان دەوروبەری بچوێنێت وەکو کەرەستە و پێداویستیەکانی ژیانی، ئاشکرایە وێنە هونەریەکان لەخستنەڕووی ئەم بەشانەی جەستەدا ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕاوە، بۆنموونە شاعیر باڵای یارەکەی بە سەروو هەروەها برۆکانی بە شمشێر و برژانگەکانی بە ڕیزە تیرو لێوەکانیشی بە لەعل و ڕوخساری بە یاسەمین و پرچی بە حەلقەی زنجیر و ڕومەتی بە پەڕەی گوڵ و دانی بە مرواری و ...، چواندووە، شاعیر بەمەبەستی پشاندانی ئەوپەڕی جوانی بەشەکانی جەستەی یارەکەی، بەشێوەیەکی جیاجیا خستووەتەڕوو بۆ ئاماژەدان بە توانایی هونەریی لەوێنەکێشانی جەستەی ئافرەتدا کە وەکو مۆدێلێك لەو سەردەمەدا پەیڕەو دەکرا و پێوانە ڕەخنەییەکانیشی لەسەر بنیاددەنرا، واتا دوور بوو لە پشاندانی هەموو جوانییەکانی جەستەی ئافرەت وەکو ڕەگەزێکی بەرامبەری پیاو، هەروەها دوور بوو لەخستنەڕووی لایەنی مرۆڤانە و کەسێتی ئافرەت، بەڵکو تەنیا گرنگیی لەڕادە بەدەر بە جەستە دەدرا، بەمەش جەستە هەرگیز وێنەیەکی گشتی و کۆکراوەی نەبووە بۆئەوەی لەدیدو بۆچوونی خوێنەرەوە هەڵبسەنگێنرێت . لێرەدا چەندین نموونەی ئەو قوتابخانە شیعرییە دەخەینە ڕوو-:

مەحوی دەڵێت:

((خەڵاصی بونی قەت ناوێ ئەسیری زوڵفی زنجیرت

لەبەرتیرت مەلەك بێ، هەڵفرینی نەبووە نەخچیرت

موژەت قوللابی گیرا، زوڵفی دڵگیرت کەمەند ئاسا

مەحاڵە بەرگرێ یا بەربێ کەس کەوتە بەرگیرت))[99]

واتا ئەوەی دیلی زوڵفی تۆیە، نایەوێت لەدەست زوڵفی زنجیرت – زوڵفی وەکو زنجیری کۆت و بەند – ی تۆ ڕزگاری ببێ و لەبەرتیری برژانگەکانت مەلەکیش ناتوانێ هەلفڕێت، لێرەدا شاعیر زوڵفی یارەکەی بەزنجیر چواندووە کە کۆت و بەندی کردووە و تیری برژانگەکانیشی وەکو قولاپ دڵی گیرکردووە، هەرکەسێ کەوتەبەر شاڵاوی زوڵفی زنجیری، مەحاڵە ڕزگاری ببێ واتا مەحوی زوڵفی یارەکەی بەزنجیر و برژانگەکانی بەتیر چواندووە.

---

[99]مەلا عبدالکریمی مدرس، دیوانی مەحوی (مەلا موحەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی)، چاپی دووەم، چاپخانەی ئۆفسێتی (حسام) – کۆڕی زانیاری کورد، 1984، ل 66

هەروەها (نالی)یش بەهەمان ڕێ و شوێنی قوتابخانەی کلاسیکی، لەوەسفکردنی جەستەی یارەکەیدا چەندین لێکچواندنی درووستکردووە کە وەسفی جەستەی لەسەر بنەمای ئەو پەیڕەوە ڕەوانبێژییە ساز کردووە کە لەوقۆناغەدا برەوی هەبووە وەکو ڕوومەت بەمانگی بەدر و لێو بە لەعل و قامەت بەسەرووی ڕەوان و زوڵفی یارەکەیی بەمارو عەقرەب چواندووە و دەمی بە خونچە و...هتد، چەندین وەسفی وردی ڕوخسار و باڵای یارەکەی بووەبە مایەی سەرنجی خوێنەر و زۆرجاریش لەبەکارهێنانی وێنە ڕەوانبێژییەکاندا چەندین مانای جیاواز بەتاکە دێڕێك دەبەخشرێت، بۆنموونە زوڵفی یارەکەی بەمار و عەقرەب دەچوێنێ، جارێك بەمار و جارێکیش بە عەقرەب لەپێچ خواردن و ئاڵۆزیدا وەکو لەم دێڕەدا:

((زوڵفەینی بەخەم مارو بە حلقەن وەکو عەقرب

شیعری لەف و نەشرن چ موشەووەش چ مورەتەب))[100]

هەروەها شاعیر ڕووە و لایەنی دەروون ڕۆشتووە و ئاماژە بەدەروونی چۆڵی دەکات لەدووری خۆشەویستەکەیدا و دەڵێت:

((نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ

نەچم شەرت بێ هەتا ئەو خوارەبێ تۆ

دەروونم خاڵیە وەک نەی دەناڵێ

هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ))[101]

نالی وێنەی دەروونیمان بە (نەی) پیشاندەدات لەچۆڵی وناڵەناڵی – دەنگی نەی و شمشاڵ – دا، هەروەها جارێکیتر بە هەوارێکی پڕ دەنگ و هاوار، کە هەموو ناڵە و هاوارێکی بۆ دووریی یارەکەیەتی، واتا جگە لە ئاماژەدان بەجەستە، لایەنی دەروون وەکو تەواوکەرێك بۆ بوونی جەستەی ئامادەبوونێکی تەواوی هەیە.

نالی لەشیعری (گولبنی قەددت لەقوببەی سینە غونچەی کردووە)دا سەرتاپای شیعرەکە وەکو زۆربەی شیعرەکانیتری وەسفەکان زیاتر ئیرۆتیکییانەیە، نەك تەنیا دەرخستنی لایەنی جەستە و جەستە پەرستی، بەوپێیەی زۆربەییەکی نزیك لەسەرجەمی شیعرەکانی خەسڵەت و مۆرکی ئیرۆتیکییان هەیە، هەروەک دەڵێت:

(( گوڵبنی قەددت لەقوببەی سینە غونچەی کردووە

غونچە بەم شیرینیە قەت نەیشەکەر نەی کردووە

نەخل و ڕومان پێکەوەن، یاباغەبان وەی کردووە

[100] مەلا عبدالکریمی مدرس، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1976، ل 133
[101] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ( ٣٨٠ – ٣٨١ )

سەرووی هێناوە لەسێب و بەی موتوربەی کردووە))[102]

بەڵام نالی تەنیا لەو قەسیدەیەدا کە بۆ (مەستورەی ئەردەڵانی) دەنووسێت، بریتیە لە باس و خواسی جەستە و زیاتر بەرەو جەستە چووە نەک ئیرۆتیکا، بەو واتایەی بە گشتی ڕەگەزی مێ بە بوون و هەموو پێکهاتەیەکی ناخ و دەروون و جەستە و ڕۆحیەوە نرخ و پایەی لەلای نالی هەیە و حەزەکانی بۆ ڕەگەزی مێ زیاتر بریتییە لە ئیرۆتیکا، هەروەکو (ڕێبوار سیوەیلی) لەمبارەیەوە دەڵێت: ((بۆ نموونە لەقۆناغی شیعری کلاسیکی دا (نالی) زۆر دوورە لەو تێڕانینە نێر سالارییەی کە هەبووە، کەسێکە پەیوەندی بەمێینەوە پەیوەندیەکی (ئیرۆتیکا)یە نەک (سێکس)، واتا پەیوەندی ئەو بە ئافرەتەوە پەیوەندیەکی ئیرۆتیکیانەی شارستانیانە بووە، نەك سێکس گەرایی و مەسرەفگەرایی، واتا ئافرەت هەڵگری تایبەتمەندی ڕۆحی و کەسێتی خۆیەتی)).[103]

لەئەدەبیاتی نوێدا لە هەردوو قۆناغی ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمیدا، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ وێنە هونەرییەکان و چۆنیەتی گوزارشتکردن لە هەست و تێڕوانینە تایبەتییەکانیان، بێگومان لەقۆناغی کلاسیکی جیاوازە، هەربۆیە چۆنیەتی سەرنج و تێڕوانینیان بۆ ئافرەتیش دەگۆڕێت لە گوزارشتکردن لە جەستەیاندا، بۆ نموونە لەقۆناغی ڕۆمانتیکدا ئافرەت وەکو بوویەکی – کایەیەکی کۆمەڵایەتی – مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە و وێنە هونەریەکان تەنها لایەنی جوانی ڕوخسار و جەستەیانی خستۆتە ڕوو، وەکو پشاندانی وێنە جیاوازەکانی سروشت و لەگەڵ سروشتدا وەسف کراوە، بەڵام لەسەردەمی ڕیالیزمدا شاعیر نرخ و بەهای ئافرەتی وەکو ڕەگەزێکی هاوشانی پیاو خستووتەڕوو ،کە مرۆڤێکە و خاوەنی هەست و نەست و بیرو تێڕوانینی تایبەتیی خۆیەتی واتا زیاتر بەشێوازێکی مرۆڤانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، کە لەگەڵ جوانیەکانی جەستەیدا نرخیشی پێدراوە، لەم ڕووەوە (فاضل مجید)دەڵێت: ((دەبینین فۆرمی ئافرەت و باسکردنی لە شیعری نوێی کوردیدا، بە گشتی پەیوەستە بە کاری سەرپەرشتی ئەم فۆرمە و بەشداریکردنی لەسەرجەم پرۆسە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکاندا، بەم پێیە بیناکردنی بازنەی شارستانێتی تەنها بەپیاوان ئەنجام نادرێت، ئەمەش بە ئاشکرا لە ڕێبازی ڕۆمانسییەتەوە کە لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا سەریهەڵدا، بەدی دەکرا، لەکاتێك دا شاعیر و نووسەر و پەیڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە بایەخیان بە ناخ و فۆرم و ناوەوەی ئافرەت داوە و ئافرەتیان لە بازنەیەکی داخراوەوە گواستەوە بۆ فراوانتر و جوانتر، شاعیرێکی وەکو گۆران لە شیعری ئافرەت و جوانیدا، سروشت و جوانییەکانی جیهان بەگشتی لەپێناوی بزەیەکی ئازیزدا بەخت دەکات و لە بەرامبەر ئافرەتدا بێنرخیان دەکات و دەڵێت :

ئەمانە هەموو جوانن شیرینن

ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن

[102] هەر ئەو سەرچاوەیە ، (٥٤٤ - ٥٤٦ )

[103] ڕێبوار سیوەیلی، لەپەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی(خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانەی پەیوەندی خۆشەویستی)، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2005، ل187.

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز

بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز)).[104]

هەروەها گۆران لەگەشتی هەوراماندا – لە وەسفی ڕێگەی (ناوباخ) دا دەڵێت :

(( پێش ئەوەی بگەی بە ئاواتی دێ

ئەکشێتە ناو باخ توولە ماری ڕێ

شنەی سێبەری داری گوێز و توو

ئەسڕێ ئارەقی ڕێبواری مانوو ))[105]

شاعیر لە هەردوو گەشتی هەورامان و قەرەداغدا وەسفێکی جوانی سروشتمان بۆ دەکات کە وێنەی جەستەی سروشت، وەکو وێنەیەکی فۆتۆگرافی وایە و ڕاستیەکان و سەرجەم دیاردەکان ڕەنگدانەوەی ئەو سروشتەن کە مرۆڤ بەچاوی خۆی دەیانبینێت.

هەروەها وێنەی جەستەی سروشت و جەستەی مرۆڤ لەیەك نزیکدەکاتەوە و سروشت بە مرۆڤ دەچوێنێت، بۆنموونە لە (گەشتی قەرەداغ) دا دەڵێت :

(( شینایی دەشتی تەکیە بەرەو خوار

پاراوبوو چەشنی ئەگریجەی نازدار

گوڵەبەڕۆژەی قژزەردی چاوکاڵ

ملکەچ وەستابوو سەرگەرمی خەیاڵ

لەسەر قەبرەکان داری ئەرخەوان

وەک بووکی تارا سەوزی ئاو دامان ))[106]

هەر بەو شێوەیە لە شیعری (بەسەرهاتی ئەستێرەیەك) و لە (گەشتی قەرەداغ) و لە وێنەی دیی (باسکە درێژ)دا و لە شیعری (دارچوالەی پشکوتوو) دا سروشت بە ئافرەت دەچوێنێت و جوانیەکانیان وەکو ئافرەت دەخاتەڕوو، بۆ نموونە لە شیعری (دارچوالەی پشکوتوو)دا، وێنەی دارچوالەکە بەبووکێکی تارا سوور دەچوێنێت و

[104] فاضل مجید محمود، چەمکی ئافرەت و پەیوەندییەکانی بەنەریتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانەوە لە شیعری بێکەس دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B، ژمارە (17)ی نیسانی 2006، ل ( ١٤٠ – ١٤١ ) .

[105] محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، 1980، ل127

[106] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 137

بایەكەش بە زاوا، هەروەكو چۆن بووكێك جەستەی لەسووراو دەنێت و ئارایشت بۆ زاوا دەكات و جووڵە و لەنجەكانیشی هەر بۆ ئەوە، بەو جۆرە دارچوالەكەش لەنجەی بۆ (با) یەكەیەو لەگەڵیدا دەكەوێتە چپە و گفتوگۆ :

(( ڕیزێك نەمامی دارچوالەی نازدار

كەڕێك وەستابوون لەسەرگیای بەهار

وەكو بووك ئەندامیان لە سووراو نابوو

لەنجەی تاوتاویان بۆ چپەی بابوو ))[107]

هەروەها لە شیعری (ئاواتی دووری ) دا لە ئاكامی دووریی یارەكەیدا ڕوو لە جەستەی خۆی دەكات و دەكەوێتە ئاخاوتن لەگەڵیدا، سەرەتا ڕوو لە چاوی دەكات كە یارەكەی نابینێ و لێی دوورە، دواتر ڕوو لە هەستی بۆنكردن دەكات، دواتر لەویش بێ ئەنجام دەگەڕێتە دواوە، ئینجا ڕوو لە گوێی دەكات بۆ ئەوەی دەنگێكی یارەكەی بداتێ، لەویش بێ ئومێد دەبێت، ڕوودەكاتە هەستی بەركەوتنی كە دەستەكانین، بۆ ئەمیش بەهەمان شێوە، بۆیە بەناچاریی ڕوودەكاتە یادگارییەكانی و بەسەریاندەكاتەوە و پێیان دەڵێت كە عەشق و ئەوینەكەی نەبەن بۆ دەریای دووریی و لێی وونەكەن، گۆران لێرەدا دوای ئەوەی لە لایەنە ماددیەكەی (جەستەی) بێ هیوا دەبێت، ڕوودەكاتە لایەنی (مەعنەوی) و تەنها یادگارییەكانی بۆ دەمێنێتەوە، واتا جەستە لەلای ئەو گرنگترە و پلەی لەپێشتری هەیە لەیادگاری و یادكردنەوەكانی . گەیشتن بە خۆشەویست بەهۆی جەستەوە لەهەردوو وشەی (حیسی شامە و لامیسە) دا بەرجەستەدەبێت،هەروەک دەڵێت :

ئاواتی دووری

(( ئەی چاو چەشنی بازی قەفەز هەڵوەری پەڕت

كوا باڵە تیژەكانی نیگای حوسنی دولبەرت

***

ئەی خاطراتی عومری گوزشتەم دەخیلی تۆم

خنكاوی بەحری دووریی نەكەی عەشقی ڕەنجەڕۆم ))[108]

-هەر بەو جۆرەی شاعیرانی كلاسیك وەسفی ڕوخسار و جەستەی یارەكەیان دەكرد (ئەحمەد موختار جاف) لەسەر هەمان پێودانگ ڕۆشتووە و هەریەكە لەئەندامانی جەستەی یارەكەی بەشتێك لە سروشت چواندووە، هەروەک دەڵێت :

(( ڕوومەتت بەدرە، ملت مینای سافی بێ غەشە

[107] محەمەدی مەلا كەریم، دیوانی گۆران ( سەرجەمی بەرهەمی گۆران )، ل 176

[108] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل (13- 15)

دەم قوتووی دانەی دوڕی دەریاتە لێوت شەکرە ))[109]

بەڵام چەندین وێنەی شیعریی ئەحمەد موختار بریتییە لە زاڵکردنی جوانییەکانی ئافرەت بەسەر جوانییەکانی سروشتدا، بەم هەنگاوەش شاعیر تاڕادەیەك دووردەکەوێتەوە لە وەسفی کلاسیکیانە بۆ جەستە و ڕووکردنە لایەنی ڕۆمانسیەت، وەکو ئەو دەستە شاعیرەی کە گۆران ڕابەرایەتیی دەکردن، لە کلاسیکەوە بۆ کلاسیکی نوێ و دواتریش بۆ ڕۆمانتیك،ئەدەبی کوردییان گەیاند بە قۆناغێکی نوێ، لەوانەش ئەحمەد موختار جاف و پیرەمێرد و شێخ سەلام و زێوەر و ئەسیری و...، کە بەرهەمەکانیان بەقۆناغێکی گواستنەوەدا تێپەڕی لە کلاسیکەوە بۆ ڕۆمانتیك.

نموونەی ئەو دەقانەی (ئەحمەد موختار جاف) کە هەنگاوی گۆڕانکارین لە چۆنیەتی باسکردنی جەستەی ئافرەتدا، زۆربەی وەسفەکانی پێکدەهێنن هەروەکو ئەم پەندە شیعریە:

(( بێت و گەر ڕوخسار و باڵای ئەو نیگارە دەرکەوێ

گوڵ خەجاڵەت بارئەبێ و پەست و نیگون شمشاد ئەکا ))[110]

گۆران لەو دەقەیدا کە شیوەن و لاوانەوەیە بۆ مەرگی (بێکەس) ی شاعیر و هاوڕێی ژیانی، ڕوودەکاتە پەری شیعر و دەڵێت : من و تۆ با پێکەوە فرمێسك بۆ بێکەس بڕێژین، تۆ باڵاتی بۆ ڕەشپۆش بکە، لێرەدا گۆران مەبەستی لە کەسێکی دیاریکراوە نەوەک پەری شیعر، چونکە ئاماژە بۆ ڕەشپۆشیی باڵا دەکات، کە تایبەتە بە مرۆڤ نەك پەری هەروەها دواتر ئاماژە بۆ قژی زەردی پەشێو و بڵاو و ژاکاو دەکات کە هیچ گومانێك نامێنێت مەبەستی لە تاکەکەسێکە (مرۆڤێکە) هەروەکو دەڵێت :

(( تۆ باڵای بۆ ڕەش پۆش کە

گڕی شیوەنی خۆش کە

***

ئەی شێوە شۆخ ئەی پەری

دانیشە لای ژوور سەری

***

قژی زەرد باپەشێو بێ

بەستەی خەم لەسەر لێو بێ ))[111]

---

[109] دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف، چاپی دووەم، چاپخانەی هەولێر، 1969، ل 27

[110] دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف، چاپی دووەم، چاپخانەی هەولێر، 1969، ل 19

[111] محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، سەرجەم بەرهەمی گۆران، ل 90

گۆران بەتەواوەتی لێکچوونی لە نێوان مرۆڤ و پەری ( ئافرەت و پەری ) دا  درووستکردووە و دەیەوێت هەموو ڕوخسارێکی جوان و شۆخ و شەنگیی و قژی زەردێك بەپەری بچوێنێت و لەلای ئەو، ئەم جۆرە ڕوخسارە پەرییە، بەم وێنەیە، جوانیی مرۆڤ و پەری لەیەک نزیکدەکاتەوە.

هەروەها لەهەمان کاتدا ئاماژە بە ڕوخساری (بێکەس) دەکات و تەواو وەسفی دەکات، دواتر هەڵوێستی دەگۆڕێت و دەڵێت جوانی ڕوخسار بۆ پیاو بەهرەیەکی هەتاسەر نیە، ئەو جوانییەی کە لەگیان و دڵدا هەیە، هەمیشەییە و جوانی ڕەوشت و دەروونی پاك نرخ و بایەخی مرۆڤ بەرز ڕادەگرن، هەروەک دەڵێت :

(( ئەگەر چی هۆی بەختی خۆی

جوانی فەساڵ نەبوو بۆی

ناقۆڵا و تێکسمڕاو بوو

ڕوومەت کونج کزی چاو بوو

هونەر بوو ، ڕووخۆشی بوو

کە خەوشی داپۆشیبوو  ))[112]

بە هەمان شێوەی شاعیرانیتریش، (هێمن) ی شاعیر بەچەندین شێوە وەسفی جەستەمان بۆ دەکات وەکو جەستەی ژن و جەستەی سروشتی کوردستان و تەنانەت جەستەی خۆشی باسدەکات و بەراوردی دەکات بەسەردەمی گەنجێتی و سەرەتاکانی تەمەنی، کە بێگومان خۆی لە قۆناغی پیریدایە و یادی جارانی دەکاتەوە، ئەندامەکانی جەستەی لەم بەراوردەدا بەشداری دەکەن، بۆنموونە لە دەقی (جێژوان) دا دەڵێت :

(( ئەو پەنجەی وا لە بێ هێزی دەلەرزێ

گوشیویەتی مەمکۆڵەی باڵا بەرزێ

ئەو ددانەی ئێستێ نەماوە تاقی

گەستویەتی زۆرجار چەناگەی ساقی ))[113]

(هێمن) جگە لەدەرخستنی جوانییەکانی جەستەی ئافرەت نرخ و بەهایەکی مرۆڤانەشی پێ دەبەخشێت وەکو لە شیعری (ئاپۆلۆی ماچ) داو لەشیعری (جوانی بەس نییە)دا، ڕەوشت و کردەوەی باش دەکات بەپێوەری مرۆڤ نەک هەر جوانی.

---

[112] محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، سەرجەم بەرهەمی گۆران، ، ل ٨٨
[113]دیوانی هێمن (1921 – 1986)، هەولێر، 2003، ل 159

هەروەها لە شیعری (چاویلکە)دا چەندین جار باسی (چاو) دەکات کەبریتین لە چاوی خۆی و چاوی جوانی یارەکەی.

چاویلکە

(( لەودەمەی دا دڵم لێی داوە بۆ ژوان

من دێوانەی چاوی جوانم چاوی جوان

گەرچی خەڵکی وڵاتی چاو جوانانم

چاوی جوانم نەدی تیر بە چاوانم ))[114]

هەروەها (هەردی) شاعیریش لەوەسفی چاوی (ست فاتمە ) دا دەڵێت چاوەکانی بەمەستیی و خوماریيان پڕن لە تەلیسمی جوانی، واتا جوانی جۆراوجۆری پڕ تەلیسم، ئەو جوانییەی کە هەرجارێك تەلیسمێکی تیادایە لە جووڵە و ئیشارەتەکانیدا، هەروەها پڕن لە شەرابی خۆشەویستی کە (خۆشەویستی مرۆڤ و خودایی) دەگرێتەوە، هەروەها پڕن لە ئارەقی یەزدانی وتا ئەو ئارەقەی مرۆڤ بەرەو فەنابوون و تواندنەوە دەبات لەناو ڕۆحی خوادا دەتوێتەوە، واتا شەراب بۆ دوو جۆر خۆشەویستی و ئارەق بۆ یەك جۆر بەکارهاتووە لەدێڕی دواتردا جەستەی (ست فاتمە) بەپەیکەری یۆنانی دەچوێنێت لەئارامیی و هێمنییدا، هەروەها لەنجەولاری بە (مۆسیقا و بەستە و گۆرانی) دەچوێنێت کەلەسەر تەرز و نەزمی مۆسیقا و تریەی بەستە و گۆرانی دەجووڵێت و لەنجەولار دەکات:

(( فاتمە دوو چاوی مەست پڕتەلیسمی جوانییە

پڕشەرابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانییە

بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانییە

لارو لەنجەت مۆسیقایە بەستەیە گۆرانیە ))[115]

لەناو شاعیرانی هاوچەرخیشدا – قوبادی جەلیل زادە – زۆربە وردیی وەسفی جەستەی ئافرەت دەکات و لەزۆر شوێندا تەنها خستنەڕووی جەستەیە وەکو پەیکەرێکی جوان و سەرنجڕاکێش، زۆرجاریش ئیرۆتیکیانە بەشێوازی خۆشەویستی ونرخ پێدانی جەستە و دەروون،خۆشەویستی جەستە وەکو پێویستیەکی دەروونیی و ڕۆحیی دەخاتە ڕوو وەک لە شیعری (تەنك تەنك) دا، ئیرۆتیکیانە وەسفی جەستەی ژن دەکات:

تەنك تەنك

[114]دیوانی هێمن (1921 – 1986)، هەولێر، 2003، ل 161

[115]ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی (دیوان)، چاپی دووەم، چاپخانەی کتێبخانەی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٨٤، ل ٦٨

(( تەڕوتەنك و نەرم و لووس

من باسی تۆدەكەم

نەك باسی ئاو

پاك و بێگەرد و ڕووناك و گەرم

من باسی تۆ دەكەم

نەك باسی هەتاو

بڵند و سپی و بریقەدار و هێمن

من باسی تۆ دەكەم

نەک باسی مانگ ))[116]

(قوتابی جەلیزادە) لەوەڵامی پرسیارێكدا دەربارەی بوونی جەستە لەبەرهەمەكانیدا و كاریگەرییان بۆ لەدەستدانی نرخی هونەرییان لە ماوەی چەند سالێكیتردا، دەڵێت: (( من هیچم نەكردبێ، ئەوەندەم كردووە، كە خوێندنەوەیەكی تازە بۆ جەستە بخەمە نێو ئەدەب و شیعری كوردییەوە، لە هەرقەسیدەیەكدا كە بۆ جەستەم نووسیبێ، وشەیەكم كردووە بەنێر و یەكێ بەمێ و وێنەچیەك نێر و وێنە چیەك مێ، تا ژن و پیاوێك بمێنن جوانی قەسیدەكانم هەر دەمێنێ، پەیوەندی من بەشیعرەوە، پەیوەندی باڵە بەهەڵفڕینەوە )).[117]

(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) ش وەكو شاعیرێكی هاوچەرخ،لە وەسفی جەستە و ڕوخساری خۆشەویستەكەیدا، سەرەتا چاوەكانی وەسف دەكات بێ ئەوەی دەمی یارەكەی بكەوێتە گۆ، لە چاوەكانیدا زۆر شتی بۆ دەردەكەوێت هەر بەو جۆرە چاوی خۆشەویستەكەی بە خۆر دەچوێنێت دواتریش بە جووتێک چرا،كە ڕێگای ژیانی ڕووناک دەكەنەوە، لەم دەقەیدا و لەسەرجەمی دەقەكانیتریدا تاكە شیعرێک بەدیناكەین بۆ جەستە و جەستەگەراییبێت و بۆ لایەنی سێكسیی وترابێت ئەگەر هەندێک دێڕ بەو جۆرە ئاماژەیەكیان تیادابێت تەنیا لە دیدو تێڕوانینێكی ئیرۆتیكییانە و بە نرخ و بەهای مرۆڤانە و خۆشەویستی دەروونیی و ڕۆحییەوە دەربڕاون . واتا خۆشەویستیی زاڵە بەسەر جەستەدا،هەروەها نزیككردنەوەو لێكچواندنی نێوان جەستەی یارەكەی و جەستەی سروشتە. هەروەک لەم چەند دێڕەدا نموونەیەكی شیعرەكانی دەكەونەڕوو :

(( چاوەكانت بێدەنگ ئەدوێن

نیگا ئەكەن زۆر شت ئەڵێن

[116] قوبادی جەلیزادە، چاكەتێك لەكۆنە دەكرم (دیوان)، چاپخانەی پیرەمێرد (لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان)، سلێمانی،2015، ل (78- 79)

[117] تەلعەت تاهیر، قوبادی جەلیل زادە و هێنانەوەی جەستە لەمەنفا (گفتوگۆ لەگەڵ قوبادی جەلیل زادە )دا، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ(5)، كانوونی دووەمی 1998، ل 165

ئەوەی بە دەم نایدرکێنی

ئەوەی لات بۆتە نهێنی

***

چاوەکانت جووتێ خۆرن

وان بە ئاسمانی دڵەوە )) [118]

بەرهەمی ئەدەبی کوردیمان لە بواری پەخشاندا بەهەمان شێوەی دەقی شیعری گرنگی بە لایەنی جەستە داوە و ناوەڕۆکی چەندین دەقی ئەدەبی دروست کردووە بە هەموو جۆرەکانییەوە.

زۆربەی چیرۆك و ڕۆمانەکانیش کاتێك وەسفی جەستە و باس و خواسی جەستەیان کردبێت ڕاستەوخۆ وەك سروشتی خۆی، بە ئافرەت و جەستەی ئافرەتەوە بەستراوەتەوە، بەڵام چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتەدا پەیوەندی بەشێوازی تایبەتی هەر نووسەرێکەوە هەیە، لە چۆنێتی و چەندێتی دەربڕین و پەیوەست بە ناو و ناوەڕۆك و تەکنیکەوە کە پەسەندی کردووە و بەرهەمەکانی لەسەر داڕشتووە.

باسکردنی ئافرەت و جەستەی ئافرەت لە چیرۆکدا بەپێی تێڕوانینی نووسەر، بەچەند شێوەیەك پیشاندراوە زۆرجار تەنها بۆ دەرخستنی لایەنی شۆخ و شەنگی و جوانی لەش و لاری بووە، بێ ئەوەی نووسەر هیچ هەڵوێست و پەیامێك بەو کارەکتەرە ببەخشێت، لەهەندێك چیرۆکیشدا ئافرەت خەبات و تێکۆشانی کردووە، خاوەنی بڕیار و هەڵوێستی تایبەتی خۆی بووە، لەزۆر ڕەهەندەکانی ژیاندا و بەو پێیە ڕۆڵی فرە لایەنی وەرگرتووە، لەم ڕووەوە ((ئافرەت پاڵەوانی گەلێك بەیت و لاوك و بەستە بووە و بە ئازایەتی و جوانمەردیدا شیعر وتراوە و چیرۆك ڕێکخراوە، ئەمەش لەو پایە و شوێنەوارە کۆمەڵایەتیە بڵند و بایەخە زۆرەوە هاتووە، کە کورد داوێتی بە ئافرەت، لە کۆمەڵی کوردەواریدا وەك کۆڵەکەی ماڵ و هاوبەشی ماڵ سەیر کراوە، سەربەست و جێی بڕوا بووە، ماڵداری و میوانداری کردووە، زۆرجاریش سەرکردەی لەشکر بووە.)) [119]

(عەبدوڵا سەراج) لە چیرۆکی –مردوو خەون نابینێت- یەکێکە لە چیرۆکەکانی کە لە ژێر هەمان ناونیشاندا کۆیکردوونەتەوە، نووسەر لەم چیرۆکەدا ئاماژە بە ڕەفتاری گەنجێك دەدات، کە بەیانییەکی زوو بەرەو دەرەوەی ماڵ دەڕوات، کە بەهۆی بیرکردنەوەیەکی تایبەتی و نامۆوە ڕەفتاری گۆڕاوە، جەستەی وەك پڵنگ ئامادەیە بۆ هێرش بردن و ڕاوکردن، واتا بیرێکی زۆر هاندەرانە و کاریگەرانە ئەم هەڵوێستەی پێ نواندووە، هەروەك لە دەقەکەدا تەواو ڕووندەبێتەوە ((ئەی ئەم بیرە ناکاوییەم چەشنی پڵنگ گرژ بۆتەوە بۆ هەڵمەت بردن، بەیانییەکی نازانم لە سۆنگەی چیبوو، وایە گوژم خۆم هاویشتە ڕووباری

[118] فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، دیوان، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٩٨

[119] حەسەن جاف ، چیرۆکی نوێی کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی علاء ، بغداد ، ١٩٨٥ ،ل ٤٣ .

کۆلانەکەمانەوە.))[120] بینینی ئەو کچە لەلای وەك خەوێك وابووە، بەڵام لەبەر ئەوەی گەیشتن بەو ئافرەتە وەك خەوێك وابووە لەلای، بۆیە بە ئاستەمی زانیوە و وتوویەتی مرد و خەون نابینێت.

چۆنێتی مامەڵەکردن و باری سەرنجی نووسەر بۆ بەژن و باڵای بەرز لەنێوان ژن و پیاودا جیاوازە، بۆ ئافرەت بە شۆخ و شەنگی ناوی دەبات، بۆ پیاو بە چەتەوڵ و درێژێکی ناشرین وەسفی دەکات، هەرواك دەڵێت ((دوێنی ئەو باڵا زراڤە، لەهەمان جێگا و لەسەر هەمان تەخت دانیشتبوو،...، لەسەر سەکۆیەکیش چەتەوڵێکی سوورفل، لە دەفی دەدا و بەزمانێکی سەیر هانیانی دەدا.)) [121]

نووسەر زۆر زیاتر گرنگی بە جەستەی ئافرەتەکە دەدات، بەو پێیەی هەر لەسەرەتاوە سەرنجی ڕاکێشاوە، هەر بۆیە وەسفی هەریەکە لە ئەندامەکانی جەستەی دەکات و دەیانچوێنێ بە دیاردە و پێکهاتەکانی ((ئەو نازدارە مرۆڤ نەبوو، هەڵم بوو، کچی زەوی بوو، تاڤگەی قژی، کانی چاوی، ڕووباری بەژنی،، ڕژانە زەریاچەی دڵمەوە، نای نازانم، ناوی دەنێم، کیژەی قەڵای تورکە درێژ..... .))[122]

(حسێن عارف) لە چیرۆکی (دوو چیرۆك و عەشقێك)داکە بریتییە لە یەکێك لە کۆمەڵە چیرۆکی -تێشووی سەفەرێکی سەخت- باسی لە عەشقی نێوان کوڕ و کچێك دەکات کە دوو چیرۆك بەیەکەوە گری دەدات، دوو ڕووداوی لە دوو شوێنی جیاوازدا بەیەکەوە بەستووە، ڕووداوی ماڵی کچەکە کە چەند ژنێك بۆ داواکاری کچەکە هاتوون چیرۆکی یەکەمە و چیرۆکی دووەمیش ڕووداوی ناو چاخانەیەکە کە کوڕەکەی – خۆشەویستی کچەکە-ی لێیە.

لە چیرۆکی یەکەمدا ئاماژە بە شڵەژان و ئاڵۆزی دەروونی کچەکە دەدات، کاتێك لەسەر پلیکانەکانی ماڵی خۆیان وەستاوە، لێرەدا بە تەواوی شڵەژانی بارودۆخی دەردەکەوێت: ((بە پلیکانەکاندا سەرکەوتەوە قاچەکانی دەلەرزین،...، لە ناخیشدا حەزی وەها لێبوو کە قەت نەگاتە سەرەوە،...، ترس و ڕق لە ناخیدا بە ناو یەکتردا جۆشیان خوارد، دانیان بەسەر یەکتردا پێ جیڕ دەکردەوە، لێویان پێ دەکرۆشت، لەشی داهێزراویان پێ دەنیشاندە سەر ئارەقێکی گەرمی خەست هەستی دەکرد بە تنۆکەکانی بە ناوچەوان و لاجانگیدا، دادەخزێنە سەر شان و ملی و بە پشت و سنگ و نێو مەمکانیدا ڕۆدەچنە خوارەوە )). [123]

لەکاتی ئاماژەدان بە دان جیڕکردنەوە و لێوکرۆشین و ئارەق کردنەوە و هات و چۆی سەر پلیکانەکان، نیشانەن بۆ تێکچوون و شڵەژانی باری دەروونی کچەکە، هەروەها ئاماژەیەکی ئیرۆتیکیانەی تێدایە، بە خستنە ڕووی وێنەی ئارەق کردنەوەی کچەکە و خزانی تنۆکە ئارەقەکان بۆ سنگ و بەرۆکی کچەکە.

[120] عەبدوڵا سەراج، مردوو خەون نابینێت (چیرۆك)، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد، چاپخانەی (جريدة العراق)، بغداد، 1980، ل24.
[121] عەبدوڵا سەراج، مردو و خەون نابینێت (چیرۆك) ، ل ٢٤
[122] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل25.
[123] حسێن عارف، توێشووی سەفەرێکی سەخت، 1979، ل (63-64).

لە چیرۆکی دووەمدا گوزارشت لە بارودۆخی کوڕەکە دەکات، کە تەواو پێچەوانەی ڕەفتاری کچەکەیە، کوڕەکە جەستەیەکی هێمن و نەبزراوی هەیە و جووڵەی تێدا بەدی ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووداوی خوازبێنی خۆشەویستەکەی دەترسێ بەڵام بەو جۆرە ڕەفتار دەکات: ((هەر بە ویستیەوە دەستی برد جگەرەیەکی ئاگردا، لەسەرخۆ مژێکی قووڵی لێدا، چاوی بەسەر دەرگای چاخانەکەدا ڕوایەوە)). [124]

(حسێن عارف) دەیەوێت وێنەی ناخ و دەروونی کارەکتەرەکان بخاتە ڕوو و هەموو ڕەهەندەکانی ژیان و باری سەرنجی کارەکتەر و چۆنێتی بیرکردنەوە و ئایدۆلۆجیا و خووڕەوشت و پلەی کۆمەڵایەتی و ....، بخاتە بەر دیدی خوێنەرانی، هەروەك (ئەحلام مەنسور) دەربارەی کورتە چیرۆکەکانی (حسێن عارف) دەڵێت: ((هەمیشە بابەتی ڕامیاری و مرۆڤایەتی و کۆمەڵاتی، بوونەتە هەوێنی کۆ چیرۆکەکانی، جگە لە بایەخدان بە باری دەروونی شاکەس و پاڵەوانەکانی، (حسێن عارف) هەمیشە لەنێو باخچەی چیرۆکدا، گەڕاوە کام گوڵی بە دڕکەوەی بینیوە، هەڵی بژاردووە، بەبێ گوێدان بە چەقینی ئەو دڕکانە بە پەنجەکانییەوە،...، چیرۆکنووسمان حەز لە خوێندنەوەی دیوی ئەو دیوی کەسەکانی دەکات، واتە پاڵەوانێك دەئاخنێتە نێو ژوورێك هەمووی ئاوێنە بێ، بە شێوەیەك بتوانین هەموو مەوداکانی دەست نیشان بکەین)). [125]

دواتر نووسەر دەگەڕێتەوە سەر چیرۆکی یەکەم و چاوی ئەو چەند ئافرەتە وەك کڵپەیی ئاگر، لە چاوی سێ ئەژدیهاوە بێتە دەرەوە، وابووە، هەروەك دەڵێت: ((شەش چاوی ئەفساناوی سامناك، شەش چاوی ئاگرینی سێ ئەژدیها لێی دەرقۆقیبوون، کڵپە بارانی ترس و ڕق لە ناخیدا پتر بەناو یەکتردا جۆشیان خوارد، قاچیان وەك بزمار بە زەویەکەدا پێ داکوتا)). [126]

هەروەها سەبارەت بە شانۆگەریش، زیاتر لە هەموو هونەرەکانی تر جێگەی جووڵە و ئیشارەتەکانی جەستەی تیادا دەبێتەوە، بەو پێیەی نووسەر هەمیشە هەوڵ دەدات ڕەفتار و جووڵەی کارەکتەرەکان بەجۆرێك ڕێك بخات، کە تەبا و گونجاوبن، لەگەڵ گفتوگۆکانیاندا، هەرچەندە زۆر جار لە ڕێگەی وتە و دەربڕینی کارەکتەرەوە، چۆنێتی تێڕوانین و باری سەرنجی ڕوون دەبێتەوە، بەڵام ئاماژەکانی جەستەش، لە ڕێگەی نواندنەوە، زۆر لایەنی پەنهانی و بابەتی شاراوە دەخەنە ڕوو، چونکە بێگومان هەموو دەقێکی شانۆیی بۆ ئەوە دادەنرێت کە نمایش بکرێت، ئەگەر نا هەر خودی گفتوگۆکان هەموو لایەنێکی دەقەکە ناخەنە ڕوو، بەو واتایەی (( لەڕیگەی نواندن و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کارەکتەرەکانەوە، بابەت و مەبەستی تراجیدیا و کۆمیدیا، ڕووندەبێتەوە و وەك بنەمایەك جووڵە و ئاماژەکانی جەستە ڕۆڵی خۆیانیان بینیەوە، واتا بە نواندن، پاڵەوانەکانیان دەردەخەن، بۆیە شانۆگەری بە دراماش ناوزەد دەکرێت)). [127]

---

[124] حسێن عارف، توێشووی سەفەرێکی سەخت، ل ٦٤
[125] ئەحلام مەنسور، بیناى هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا (1970-1980)، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 1999، ل115.
[126] حسێن عارف، توێشووی سەفەرێکی سەخت، 1979، ل 65.
[127] ئەریستۆ، شیعر (پۆیەتیکا)، و: دمحەمەد کەمال، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2010، ل16.

لە شانۆگەری (خانزادێکی تر)دا کە لە نووسینی (طلعت سامان)ە، نووسەر باس لە چیرۆکی خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچێك دەکات بە ناوی (لەشکری و خانزاد)، کە لەشکری هاوڕێی برای خانزادە و لە چوونە دەرەوەیەکیاندا براکەی خانزاد دەکوژرێت و تاوانی کوشتنەکە دەدرێتە پاڵ لەشکری. گفتوگۆکان بریتین لە سێ دەنگ –سێ کەسایەتی- کە دەنگی خانزاد و لەشکری و دەنگی کەسێکی -ئافرەتێکی- نادیارە، بەناوی (خانزادی میری سۆران)ەوە، ئەم دەنگە خۆی بە خانزاد دەناسێنێ و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات، دەیەوێت ئەوەی پێ ڕابگەیەنێت، کە لەشکری کەسێکی ڕاستگۆ و دەست پاکە و کوشتنی براکەی بەدەستی (بازرگانێك و پیاوێکی نادیار کە بە (کابرا) ناوی هاتووە لە دەقەکەدا) ڕوویداوە نەك لەشکری، دەقێکی خەیاڵاوی ڕۆمانسی پڕ لە گومان و دوو دڵییە، پڕ لە هاوار و گریان و نا ئارامیی لەشکری و قاقای پڕ لە مەغزای نائومێدی و بێزاری خانزادە لەگەڵ دەنگە نادیارەکەدا کە دەنگی (خانزادی میری سۆران)ە، لەگەڵ جووڵە و هەڵسوکەوتی بێئاگایانەی جەستەدا ئاوێتە بوون.

سەرەتا بۆ دەرخستنی لایەنی جەستە، باسی جەستەی خانزاد کروە، کە وەك کچێکی گەنجی جوان، خراوەتە ڕوو، لەگەڵ دەرخستنی جل و بەرگ و خۆ ڕازاندنەوە و ئارایشت کردندا، لەو شەوەدا کە جیاواز بووە لە شەوەکانی تر، وەکو چاوبەستێك وابووە بۆ ئەوەی لەشکری پێ بهێنێتە ژوورەکەی خۆی، نووسەر بەم جۆرە وەسفی خانزاد دەکات: ((خانزاد کچێکی جوان و تەمەن بیستساڵە، دیژداشەیەکی ڕەش و تەنکی بەتام و بۆی لەبەردایە، زۆر بە پەلە و شێواوی ڕەفتار دەکات...، نازانرێ لە ترسانە یان لە شەرم و کەیفان،...، نەء هەر دێ، ئەمجارە هەر دێ،...، بۆن لەخۆی دەدا)).[128]

خانزاد بەدەم خۆ ئامادەکردن و ئارایشت کردن و بۆن لەخۆدانەوە کەوتۆتە گفتوگۆ لەگەڵ خۆیدا و باری دەروونی بە تەواوی شڵەژاوە، بەڵام لەگەڵ بارودۆخی نائارامی و دڵی گەرمیدا خۆی ڕادەگرێت هەتا لەشکری دێتە ژوورەکەی و خانزاد بە ڕاشکاوانە کوشتنی براکەی دەخاتە ئەستۆی لەشکری و تاوانباری دەکات، لێرەدا نووسەر هەردوو بارودۆخی –جووڵە و ئاماژەکانی- هێمنی و ئارامیی و هەڵچوونی- خانزاد دەخاتە ڕوو کە دوو بارودۆخی پێچەوانەن لەماوەی یەك دوو خولەکدا دەگۆڕێن. دوای گفتوگۆکان و لەگەڵ گفتوگۆکانیشدا دەنگی هاوار و گریانی لەشکری و دەنگی قاقا و پێکەنینی بە تانە و پڕ مەغزای خانزاد تێکەڵ دەبن و کێشەکان دەگەنە ترۆپك و لوتکەی گرێ، لەم کاتەدا خانزاد دەڵێت: ((خانزاد: (بە قاقایەکی سەیر)، دڵ ... دڵ (بەتاوانبارکردن) ئەوەی دڵی هەبێ دڵان لە خورپە ناگرێ، ئەوەی ویژدانی هەبێ ڕاستیان نانێژێ ... ئەوەی مرۆڤایەتی هەبێ هەڵوێستی دڕندانە نانوێنێ)).[129]

لێرەدا هەڵوێستی خانزاد دیارە، کە لەبەر چییە بەو جۆرە ڕەفتار دەکا. بەم جۆرە گفتوگۆ و ڕافتاری بەردەوامی نائارامی و جووڵەی جەستەی هەردووکیان، دەبێتە هۆکاری دروستبوون و هاتنی دەنگی سێیەم:

---

[128] طلعت سامان، خانزادێکی تر، گۆڤاری کاروان، ژ(15)، کانوونی یەکەم، 1983، ل89.
[129] طلعت سامان، خانزادێکی تر ، ل90.

((لەشکری: درۆیە درۆیە، بەکوڵ دەگری،...، خانزاد: (بێدەنگی بە خەندەیەکی سەرکەتن)، تا ئەو ڕادەیە منت خۆش دەوێ! (لەشکری: بەسەر وەڵام دەداتەوە) ))[130]. لێرەدا گوتاری جەستەی لەشکری بریتییە لە نائارامی و نەتوانینی قسەکردن بۆیە بەسەر وەڵام دەداتەوە.

لەو کاتەدا دەنگێکی نادیار دێت، لەگەڵ خانزاددا دەکەوێتە گفتوگۆ و پاکانە بۆ لەشکری دەکات و دەڵێت کە لەشکری کەسێکی ڕاستگۆیە، تاوانی کوشتنی براکەت لە ئەستۆی بازرگانێك و کەسێکی تردایە و بە پلانێك کوشتوویانە و لەشکری بێ تاوانە. لەم کاتەدا دەنگی خانزاد و لەشکری دیار نامێنێ و جەستەیان ئارام و هێمن دەبێتەوە و شانۆگەرییەکە بە شادی کۆتایی پێ دێت و دەنگی (خانزادی میری سۆران) وەك ئافرەتێکی بەتوانا، وەك فریاد ڕەسێك لەشکری لەو تاوانە ڕزگار دەکات و ڕاستییەکان دەردەخات و خۆشەویستی نێوان دوو مرۆڤ دەپارێزێت، کە دەنگێکە دژی ڕق و کینە و تاوان و تۆڵە سەندنەوەیە، دەنگی هێزی ئافرەتێکی بەتوانایە کەلەسەر بنەمای خۆشەویستی دامەزراوە. ئەو ڕقەی لە دەروون و نەستی خانزاددا دروست بوو بوو بەرامبەر بە لەشکری بە خانزادێکی تری بەتوانا خرایە ڕوو، بەمەش جووڵە و ڕافتاری جەستەیان گۆڕا و بە زەماوەند کۆتایی پێهات.

لە شانۆگەری (داپیرەی دانا)دا، داپیرەیەك ئامۆژگاری منداڵان دەکات بۆ ئەوەی شەوانە خەویان لێ بکەوێت، بەڵام شەوێك داپیرە بەشێوەیەکی نامۆ لە شەوانی تر منداڵان وشیار دەکاتەوە و ئامۆژگارییان دەکات، باسی ژیانیان بۆ دەکات و دەیچووێنێت بە دارستانێك، بۆ ئەوەی منداڵەکان، ڕووداوەکان لەبەر چاویان ببێتە شتێکی ئاسایی، وەکو چۆن ڕۆژانە لەناو دارستاندا ڕوودەدات بۆ ئەوەی بەزمانی ئاژەڵەکانەوە وانە وەربگرن.

ئینجا منداڵەکان وەکو ئاژەڵەکانی ناو دارستانەکە ڕۆڵ دەبینن و دەڵێن:

**(( منداڵ نین ئێستا، ئیتر لەمەو دوا**

**ئێمە گیاندارین دارستان نشین**

**لەناو جەنگەڵدا بەسەر ئەبەین ژین**

**بەڵام وریابن هەی بێ بەڵابن**

**کاتی ئاگادارییە**

**هەرچی ئەکەین یارییە ))** [131]

هەریەکە لە گیاندارەکان بە مرۆڤی ساویلکە و نەزان ، یان بە وریا و سەرکردە و پێشەوا و گەورەی ناو کۆمەڵ و خێزان پیشان داوە (کۆمەڵگای گەورە) خێزانی گەورەیە، هەتا خێزانی بچووك پیشان بدات، پێش

[130] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل (90-91)
[131] سمکۆ ناکام، داپیرەی دانا، ئاوازی صلاح رۆوف، دەرهێنانی عثمان چێوار، گۆڤاری بەیان ژ(57)، تشرینی یەکەم، 1979،ل7.

هەموو گیاندارەکان (سوێسکە) خێرایە و زۆر زوو دێت و دەڕوات، پێکراوە و تیرێکی پێوەیە، (ڕاوچی) وەك مرۆڤێکی خراپ و بکوژی ناو کۆمەڵ وایە، (گا) وەك مرۆڤێکی گێژ و گەلۆر کە دەسەڵاتی بەدەستە لە کۆمەڵگادا و خەم سارد و بوودەڵەیە و وەك گەورەی دارستان خستوویەتیە ڕوو نەك (شێر)، (گا) دوای ئەوەی هەواڵی بریندار بوونی (سوێسکە) دەبیستێ بە (کەرکەدەن) دەڵێت کە بڕوات تۆڵە لە ڕاوچی بسێنێت و ورگی هەڵدڕێت ئەمیش بۆی جێبەجێ نابێ، پاش کەمێك کە دەگەڕێتەوە، ئاژەڵەکان لە دوورەوە هاوار و دەنگی تەپە تەپی پێ دەبیستن کە نیشانەی نەزانین و نەکردەیی مرۆڤی کورد دەردەخات، کە هەر تەپەی دێت بەرامبەر دوژمنی خۆی کە کۆمەڵگاکەی پڕە لەو جۆرە مرۆڤانە: (( پاش کەمێك نەڕەی کەرکەدەن ئەبیسترێ، تەپە تەپێ دەست پێ ئەکا، هەموو گیانداران گوێ قوڵاغ ئەبن، لەپڕ نەڕەکە ئەبێ بە هاوار و ئازار. گیانداران ڕا ئەکەن سەر شانۆ چۆڵ ئەکەن، پاش تاوێ کەرکەدەن بە شەلە شەل دێتە سەر شانۆ، تیرێ بە قاچیەوەیە)).[132]

دواتر نموونەی کەسانی گێرە شێوێن و تێکدەر و خراپ بە جرج و شەمشەمەکوێرە دەخاتە ڕوو، بەڵام دارستان هەر بە سەرکەوتوویی دەمێنێتەوە و (شێر) بە گەورەی دارستان هەڵدەبژێرن ، لەو کاتەوەی پلانی (جرج و شەمشەمەکوێرە) ئاشکرا دەبێ، لەگەڵ (گا)دا لە دارستان دەردەکرێن، هەر بۆیە خۆیان دەشارنەوە و (گا) دەچێتە ژێر گاسن و (شەمشەمەکوێرە) لە شەودا خۆی دەردەخات و (جرج)یش خۆی دەخاتە ناو زێراب و لەبەرچاوی خەڵك خۆیان ون دەکەن. نموونەی ڕەفتاری ئەم ئاژەڵانە، مرۆڤی ناو کۆمەڵن و هەڵوێست و ئاماژەی جەستە و ڕەفتاریان بەو جۆرە دەبێت.

داپیرە بەم جۆرە ئامۆژگاری منداڵان دەکات کە هەمیشە چاویان کراوە بێ و هەڵسەکەوتی بەرامبەرەکانیان بخوێننەوە و بە چاوی گومانەوە سەیری دەوروبەری خۆیان بکەن، هەربۆیە دەڵێت: ((دەبڕۆن بنوون، چاوێك زەق کەن، چاوێك تێك سوون)).[133]

### ٣. پەیوەندی نێوان جەستە و ئیرۆتیکا :-

ئیرۆتیك – ئیرۆتیکا: ئەو بابەت و لایەنانە دەگرێتەوە کەباسی جەستە دەکەن لەڕووی چۆنیەتی وەسفکردن و خستنەڕووی جەستە وەکو هۆکارێك بۆ چێژی سێکسی و وروژاندن و سەرنج ڕاکێشانی دەوروبەر. لەسەردەمی یۆنانی و ڕۆمانیەکاندا، خواوەندی تایبەتیی بوو بۆ ئەو مەبەستانە و خۆشەویستی و سێکس و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەو خواوەندانە داوادەکرا، بێگومان ئەمەش بریتییە لەو هێزە خەیاڵییەی مرۆڤ پێش ئەوەی وەکو هۆکارێك و فریاد ڕەسێکی – خواوەند –ێکی ئاینی وەریبگرێت، وەکو جۆرێك لە داب و نەریت بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و لەڕووی گرنگی وابەستەی تاك بە دەوروبەرو ڕەگەزی بەرامبەرەوە وەکو هۆکارێك بۆ خۆشەویستی ناویهێنراوە،دواتر لەگەڵ دروستبوونی بیری ئایین پەروەریی و بیرکدنەوە لەخواوەند وەکو بوونێکی باڵادەست زۆربەی کات هانای بۆ براوە و پەرستراوە واتا لەڕووی ماناو چەمك و

[132] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل8.
[133] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل11.

چۆنیەتی مامەڵە کردنەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەڕووی گرنگی ئەم بابەتە وەکو لایەنێکی پەیوەندی ڕاستەوخۆ بەجەستەوە، چەندین تێڕوانین و پێناسە دەخەینە ڕوو :-

زاراوەی ئیرۆتیك: ((لە وشەی ئیرۆتیکۆسی گریکییەوە وەرگیراوە، مێژووەکەی بۆ ساڵی (1615–1625) دەگەڕێتەوە، لە فەرهەنگی ئینگلیزیدا ئەم مانایانە دەبەخێشت: وروووژاندن یان تێرکردنی ئارەزووی سێکسی، عەوداڵ بوون یان دەستبازیکردن لەگەڵ هەوەسبازیی سێکسی، کەوتنە ژێر ئارەزوویەکی قورس و بەجۆشی سێکسی)).[134]

زۆرجار ئیرۆتیکا و سێکس لەجێگای یەکتری و لەجیاتی یەکتری بەکارهێنراون بەڵام وەکو بەکارهێنانێکی زانستی و بوونی واتای تەواوی ئەم دوو وشەیە و جیاوازیکردن لەنێوانیاندا لەڕووی چەمك و مانای ئیرۆتیکەوە بۆمان دەردەکەوێت کەپاڵنەرو هاندەری سێکسە نەك کرداری سێکس خۆی، بۆنموونە لەشارستانێتی کۆنی یۆناندا چەندین وێنە و نەخش و هەڵکۆڵین وەکو هاندەرێکی سێکسی یان بوونی لەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی ئەوکاتەدا لەڕووی گرنگی پێدانەوە، بەدی دەکەین، کە سەرچاوەکەیان بۆ سەرهەڵدانی ئەفسانە و داستانەکان دەگەڕێتەوە، بەوپێەیی لەو ڕۆژانەدا کە بیروتێڕوانینەکان سادە و ساکاربوون، گرنگیپێدراوە، بەچەندین شێوازی جۆراوجۆر دیاردەی ئیرۆتیکا وەکو مۆتیڤێکی سێکسی بەرجەستە بووە، بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگ بێت ئاماژەدانە بە چەند ڕاوسەرنجێکی لەیەك جیاواز، بۆئەوەی ڕەگ و ڕیشەی تێڕوانینی سەرەتایی ناو ئەفسانە و داستانەکان لە شارستانێتی مرۆڤایەتیدا لە قۆناغی دواتردا ببینرێتەوە. ئەم وێنانە بە (پۆرنۆگرافی-pornography ) ناسراون . لەزۆر باردا و زۆربە بڵاوی بەمانای پیشاندانی ڕادەی سێکسی مرۆڤ ئەوکاتە بووە، وێنەی خواەندەکانیشیان زیاتر لەوێنەی ئافرەتدا بەرجەستە بوون، یان تێکەڵکردنی جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵ بۆ پیشاندانی بەپیت وفەڕیی و ڕادەی توانای خواوەندەکان بووە، و زیاتر بەشێوەیەکی ئیرۆتیکییانە کەوتوونەتەڕوو.

ئیرۆتیك ((بەمانای جووڵاندنی هەستی سێکسی دێت لە یۆناندا سەرەتا بەواتای خۆشەویستی و حەزی سێکسی erotique یان erot ئیرۆت، بەکارهاتووە)).[135]

زاراوەی ئیرۆیکا :- (( لەلایەن یۆنان سەرەتا لای هۆمیرۆس لە (ئیلیادە)دا، بە مانای (ویست – حەز – خواست – الرغبة) بەکارهاتووە، نەك بۆ ئافرەت و جەستەی بەڵکو حەزکردن لە خواردن و خواردنەوە ( eroeis – eranos – erateinos) هەروەها بەمانای جوان و سەرنجڕاکێش هاتووە، هەروەها بەمانای عەشق هاتووە لەوشەی( erathenai ) -( era) دا بەمانای ویستن، دەمەوێت – یان ویستم لەسەر ئەو.....،هاتووە، هەموو ماناکان لەواتای سێکس دا یەکانگیر دەبنەوە – لەوکاتەدا خواەندێك بەناوی (ئیرۆس )

[134] دەریا حوێزی، ئیرۆتیك لەشیعری (حەمام) ی (شێرکۆ بێکەس)دا ( لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە )، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2015، ل10

[135] oxford advance learners dictionary, https://en.oxforddiction>erotic, www.aries.com

- erosبۆ دەست نیشانکردنی ئەو هێزە گەورەیەی مرۆڤ بەرەو خۆشەویستی و عەشق و گەڕان بۆ درووستکردنی پەیوەندی دەبات، پەرستراوە – هەروەها وشەی (philos) لەجێگەی (eros) بەکارهاتووە بۆ پیشاندانی جوانی و خۆشەویستی و نازداری بەرامبەر)).[136]

هەرلەوکاتەدا بەرامبەر به ( ئیرۆس – ئەگاپا - agape ) وەکو خواوەندی خۆشەویستی و هێزی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان پەرستراوە، کەتەواو لەمانا و جۆری پەرستندا دژیەکن و ((بۆخۆشەویستیەکی پاك و بێگەرد لەدژی لایەنی سێکسی و بەتایبەتی لەئەدەبی داستانی و گۆرانی و ویژدانی – غنائي – و وەسفیی و فەلسەفیدا، جێگەی خۆشەویستیان کردۆتەوە)).[137]

مانای (ئیرۆتیکا) لەفەرهەنگی – دیوان العرب - دا، بریتیەلە :((بوونی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نێوان جەستە و پۆرنۆگرافیا، pornography، (ئیرۆس) لە ڕۆشنبیری یۆنانی دا مانای خواوەندی خۆشەویستی و حەزی سێکسی و بەپیتی و بەختەوەری دەگەیەنێت، کە (ئەفرۆدیت) بەدایکی دانراوە، وشەی (ئیرۆتیك) لەوشەی (ئیرۆس)ەوە وەرگیراوە بەمانای بوونی حەزێکی سێکسی لەڕادەبەدەر.لەناو میتۆلۆجیای ڕۆمانیشدا بە (کیۆپید) هاتووە، لەمانایدا حەزێکی سێکسی زۆر – لەڕادەبەدەر – دەگرێتەوە کەبریتیەلە سەرخۆش بوون و بێ ئەقڵی کت و پڕ و چەند تاقیکردنەوەیەکی سێکسی لەخۆوەی نادیاری پڕ لەشەڕەنگێزی و سەرلێتێکچوون)).[138]

هەروەها- ئیبن حەزمی ئەندەلووسی – دەربارەی ئیرۆتیکا دەڵێت:-

((ئیرۆس: پێکهاتووە لەوخۆشەویستیەی کەترسی تێکەڵ بووە، یان ئەو ڕادە خۆشەویستەیەیە کە بەعەشق ناودەبرێت و پێکهاتووە لە خۆشی و شادی و سەرسورمان و ترس، یان خۆشی ترس ئامێز کە لایەنی سێکسی لەگەڵدایە و بەناوی خۆشەویستی سێکسی erotic loveیان بە -venus -ڤینۆس هاتووە)).[139]

لەو ڕوانگەیەوە کە ئیرۆتیکا بریتی یە لە خۆشەویستی جەستە و هەموو ئەو هۆکار و ڕێگایانە دەگرێتەوە – مۆتیڤ – کە جەستەی پێ دەخرێتەڕوو، هەروەها ئیرۆتیکا وەکو جۆرێك لەخۆشەویستی و وەکو لقێکی سەرەکی ڕۆڵ دەبینێ و لەڕووی ئەرکی جەستەوە ئیرۆتیکا بەرجەستە دەبێت، لەمڕووەوە گرنگیمان داوە بە بابەتی خۆشەویستی و دیاریکردنی چەمك و مانا و سنوور و لق و پێکهاتەکانی – جۆرەکانی – هەروەها ئاماژەمانداوە بە وخواوەندانەی کەهێمای خۆشەویستین و بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت یان پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا چەندین خواوەندی درووستکردووە و پەرستوویەتی.

---

[136] فیاتشیسلاف شستاکوف، الایروس والثقافة – فلسفة الحب والفن الاوروبي، ترجمة :د.نزار عیون السود، الطبعة الاولى، دار المدى للنشر والتوزیع، سوریة – دمشق، 2010، ص 16

[137] هەر ئەو سەرچاوەیە ، هەر ئەو پەڕەیە

[138] الایروتیكیة – مفهوما – مبعثا وتأریخا، دیوان العرب – قاموس – كتابة : أقلام دیوان العرب فى( 6 - 4 - 2011) www.diwanalarab.com

[139] جودت شاكر محمود، قراءة للكتاب – طوق الحمامة – لابن حزم الاندلسي، www.m.alhewar.org

خۆشەویستی وەکو مانایەکی گشتی بۆ هەموو شت و دیاردە و بۆ پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، واتا وەکو دیاردەیەکی مرۆڤایەتی و بەرجەستەبوونی لەهەموو لایەن و بەشێکی ژیاندا دەرکەوتووە، بێگومان لەگەڵ بوونی مرۆڤدا پەیدابووە . هەر قۆناغ و سەردەمێك بەجۆرێك ئاماژەی پێدەکات، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، هیچ قۆناغێك نییە ئەم کاریگەربوونەی نەخستبێتە ڕوو، بەوپێیەی هەڵقوڵاوی دەروون و سروشتی مرۆڤە، ئەمەش لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکیتر و لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازی پێوە دیاردەبێت.

دوای ئەوەی ئاماژەمان بە چەند ڕاو سەرنجێك دا، کە پێناسەی ئیرۆتیکایان کردووە دەگەینە ئەو بۆچوونە گشتگیرییەی کەمانای خۆشەویستی جەستە، گرنگیدانە بەجەستە وەکو لقێك یان بەشێك لەجۆرەکانی خۆشەویستی، هەروەکو ئاماژەمان بە بوونی ئەم دیاردەیە دا - کە خۆشەویستی ڕەنگدانەوەی دەروونی تاکەکانە لەسەرجەم کات و شوێنێکی ژیان دا - لەبەرئەوە چەندین وەسف و پێناسەی بۆ کراوە و چەندین لق و جۆریشی دیاریکراوە .

کتێبی (کاما - سوترا)ی هیندی بەسەرەتایەك بۆ پۆرنۆگرافیا لەمێژووی هونەردا دادەنرێت، (( کە دەقێکی کۆنە، لای هندییەکان و – لەئەدەبی هندی – دا (کاما سوترا) واتا زانستی خۆشەویستی و عەشقی خودایی، لە نێوان سەدەکانی (١-٦)ی زایینی و دواتر لەلایەن فەیلە سووفی هندی (فاتسیایانا) وە شیکراوەتەوە و بە مانای لێکدانەوەی ڕەفتاری سێکسی مرۆڤ هاتووە ،کاما: خۆشەویستی – ویست – دەگرێتەوە و سوترا: زنجیرەیەك لەپەند و ئامۆژگارییە بۆ لایەنی سێکسی مرۆڤ کە لەپەرستگاکانیاندا وەکو وانەیەك و ڕۆشنبیرییەکی سێکسی، چالاکی ئەو کۆمەڵە کەسە بووە لەوکاتەدا.لەلای عەرەب لەسەردەمی (جاحظ و توحیدی و ابن الحزم و الف لیلة و لیلة ... و لەلای (النغزاوی) پزیشك لەکتێبی (الروض العاطر فی نزهة الخاطر) و لەلای (ابونواس) و (إمرىء القیس) ولە (عقدالفرید)ی (ڕاغیبی ئەسفەهانی)دا زۆر لایەنی ئیرۆتیکای تێدایە)).[140]

هەروەها لەشارستانی دۆڵی ڕافیدەیندا کەبەشێکی زۆری لەلایەن فینیقییەکانەوە گەیشت بە یۆنان و بناغەی زۆر فەلسەفە و دیدوتێڕوانین و بەرهەمی ئەدەبیان لەسەر دامەزراوە. بۆنموونە لە دۆڵی ڕافیدەیندا – شارستانی نێوان دووڕووبار – دا حەوت جۆر خواوەندیان هەبووە ((چوار بۆ زەوی و سێ بۆ ئاسمان دیاریکراون ئەوانیش (ئانو، عشتار، ئینیل، سین ) کە هی زەوین و(کیی و شەمس و ئینکی) هی ئاسمانن)).[141]

خواوەندی زەوی هەمیشە بە (مێ) هاتووە کەنیشانەی پیت و فەڕ و خێر بووە و خواوەندی ئاسمانیش بە (نێر) دیاریکراوە.

[140] الایروتیکیة – مفهوما – مبعثا وتأریخا، دیوان العرب – قاموس – کتابة : اقلام دیوان العرب فی (6-4 - 2011) www.diwanalarab.com

[141] الموسوعة الحرة . www. Marifa.com

((عشتار خواوەندی سێکس و جوانی و خۆشەویستی و خۆبەخت کردن بوو لەجەنگ دا، لەلای سۆمەرییەکان – ئەنانا – یە و لەلای فینیقیەکان (عشاروت) بەرستراوە لەلای یۆنان (ئەفرۆدێت) و (ڤینۆس)یش لای ڕۆمانیەکان، (ئەفرۆدیت) بەکاریگەری هەسارەی زوهرە کە خاوەنی هەشت تیشکی دامەزراوە لەسەر پشتی شێرێك، ناسراوە و ئەم وێنەیە زۆرجار لەلایەن هونەرمەندەکانەوە دروست کراوەتەوە و هەڵکۆڵینی سەردیوار و شوێنەگشتیەکان و دواتریش لای هونەرمەندا لەزۆربەی وڵاتانی جیهان لاساییان کردۆتەو هەمووکاتێکیش بە (مێ) ناسراوە))[142]

بۆ ئاماژەدان بەبوونی گرنگیی خواوەندی ئەفرۆدیت و ناساندنی وەکو گرنگیدان بەچەمکی مێیینە و گرنگیی و ڕۆڵی ڕەگەزی مێ لەسروشتدا، (دەریا حوێزی) دەڵێت:((چەمکی ئافرەت لەهەموو چەمکێک پتر بەمێیینە نیشان دراوە (هەق، جوانی، زاوزێ، خێر و بێر، شوێن، خاك، بەهرە، بەخشین، .....،لەئایینە کۆنەکانیش دا ئافرەت بایەخێکی گرنگی هەبووە و خواوەند و لوتکەی دەسەڵاتی ڕەها بۆ زاوزێ و بەهرە و بەخشین هەر لەخواوەندی (ئینانا)ی عشتارو (ئەستەر)ی تەورات،...، لەداستانی گەلگامێش دا ئیرۆتیکا ئاشکرا دەردەکەوێت و وەک نەریتێکی سێکسی تیادا ڕەنگ دەداتەوە)).[143]

لەبەر ئەوەی لە مێژووی مرۆڤایەتییدا چەندیین هۆکار و پاڵنەری دەروونی – تایبەتی و گشتی- وایکردووە کە مرۆڤ چەندیین خواوەند درووستبکات لە خەیاڵ و دید و بۆچوونییەوە و بیانپەرستێت . زۆرجارخۆشی درووستی دەکردن و ئینجا دەیپەرستن، ئەم خواوەندانە بەوپەڕی باوەڕەوە لەلایەن مرۆڤەوە دەپەرستران (( بۆ نموونە لەیۆنان دووجۆر ئەفرۆدید هەبووە، هی زەوی و هی ئاسمان، هەردووکیشیان بەهۆی هێزی خۆشەویستییەوە و لەسەر بناغەی خۆشەویستی پەیوەندییان هەیە و بەبڕوای خەڵک هەموو خێر و خۆشی و پیت و فەڕێک بۆ ئەو دوو خواوەندە دەگەڕێتەوە، زۆرجاریش مرۆڤ هەردوو خواوەندەکەی لەیەکتری نزیککردووەتەوە، بۆ ئەوەی پیت و فەڕو خۆشەویستی لەسەر زەوی زیاتربێت بۆ مرۆڤایەتی و تەنانەت بۆ سروشت و گیانەوەریش )) .[144]

زۆربەی سەرچاوەکان لەوەدا یەکدەگرنەوەکە (ئەفلاتون) دامەزرێنەر و ڕابەری جۆرێکی نامۆ و نوێ بوو بەکۆمەڵگای یۆنانی و بە(خۆشەویستیی ئەفلاتوونی) ناودەبرێت، لەهەنگاوەکانی دواتری مێژووی یۆناندا و لەسەردەمی ئەفلاتوون و دوای خۆشی، دوای ئەوەی کە دەزانن ئەو جۆرە خۆشەویستییەی پەیڕەو دەکرا لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگاکەیاندا، هیچ ئەنجامێکی بەسوودی نابێت، ئەفلاتون وەکو زانایەک لەو سەردەمەدا ئەمجۆرە خۆشەویستییە بڵاودەکاتەوە و بانگەشەی بۆ دەکات هەتا کۆمەڵگاکەی لەو داتەپیوی و وێرانییە ڕزگار بکات کە تێیدابوو، کە بناغەکەی لەسەر هەست و نەست و پاکبوونەوەی ڕۆح و دید و بۆچوونی نوێ و جیاواز

---

[142]ویکیبیدیا – الموسوعة الحرة .https://ar.m.wikipedia.org/wiki

[143] دەریاحوێزی، ئیرۆتیک لە شیعری (حەمام ) ی (شێرکۆبێکەس) دا- لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە- چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥، ل ١٢

١٤٤ فیاتشیسلاف شستاكوف، الایروس والثقافة – فلسفة الحب والفن الاوروبي، ص ( ٣١-٣٢)

و خۆشەویستی پاک دروستکرد، دوور لە کاری سێکسی و ڕۆحی مرۆڤی بەرەو نزیکبوونەوە لە ڕۆحی خوا برد. هەروەها دەزانرێت ئەفلاتوون یەکەم کەس بووە بانگەشەی پەرستنی تاکە خوای کردبوو، بۆخۆشەویستی نێوان مرۆڤەکانیش، نزیك بوونەوە و خۆشەویستی ڕۆح و دەروونی پاك و وەکو یەك، بەئاکاری مرۆڤی ڕاستی دەزانی، هەربۆیە بۆ گەیشتن بەو پاکیی و بێگەردییە و دروستبوونی – کێشانی – وێنەیەکی ڕاستەقینەی خوا لەدیدوبۆچوون و مێشکی خەڵکدا بەدوورکەوتنەوەی لەڕەوشتی ناپەسەند و ئاکاری سێکسی بەدیدەهات.

هەربۆیە دەربارەی خۆشەویستی دەڵێت: ((خۆشەویستی هێزێکی سەرەتایی – أزلي – نەبڕاوەی ژیانی مرۆڤە، سەرکوت کراوە یان ونبووە لەناو هەستە مرۆڤایەتیەکانی تردا)).[145]

هەروەها - إبن حزم الاندلسی - کە زانا و ئەدیب و ڕۆشنبیرێکی گەورەی سەردەمەی بوو کەلەسەدەی (10)ز دا زۆربەی ڕاوبۆچوونەکانی بەجیهانی عەرەبیدا بڵاوبووەوە و هەتا ئێستاش ڕا و سەرنجەکانی نرخی خۆیان هەیە . دەربارەی دیاردەی خۆشەویستی دەڵێت:

((خۆشەویستی بریتیەلە لەدیاردەیەك کەسەرەتایەکی سادە و کاڵ و کرچی هەیە وکۆتاییەکی پەیوەستداری و کامڵی هەیە، کە ئەوپەیوەندیانە دەگرێتەوە لەنێوان دەروونی وەک یەك یان دەروونە لێکچووەکاندایە و لەدەروونە وەکیەکەکاندا نزیکبوونەوە و لەدژیەکەکانیشدا دوورکەوتنەوەیە . خۆشەویستی نێوان دووکەس لەدوو دەروونی وەکو یەك یان دەروونی بەشکراودا دەبینرێتەوە....)).[146]

لێرەدا ئیبن حەزم لە دیدوتێڕوانینێکی فەلسەفیانەوە ئاوڕ لەبابەتی خۆشەویستی دەداتەوە و چەندین پێناسە بۆ خۆشەویستی دەکات کەلێکدانەوە و شیکردنەوەیان باسێکی سەربەخۆی پێویستە.

بەگشتی لەکۆمەڵگای یۆناندا وەکو سەرەتای سەرهەڵدانی بیری خۆشەویستی لەچوارچێوەی تیۆری (کۆسمۆلۆجیزم- cosmologism ) کە بناغەی فەلسەفەی لەسەر دروستبووە، بەتایبەتی (تیۆرەفەلسەفیە – خۆشەویستیەکانی سەردەمی ئەمبادۆکلیس شێوازێکی گشتگیریی پێوە دیاربوو بۆ بیرکردنەوە لەجیهان – گەردوون – کەپێکهاتە و بەشەکانی لەسەر بنەمای خۆشەویستی دروستبووە و پەیوەندی نێوانیان پارێزراوە).[147]

هەروەکو ئاشکرایە مرۆڤ لەقۆناغەکانی سەرەتای ژیانیەوە بەدیدوتێڕوانینێکی سادە و ساکارەوە سەرنجی لەژیان و دەوروبەری خۆی داوە، بێگومان ئاوێتەش بووە بەهەست و نەستەکانییەوە و خۆشەویستی

---

[145] جودت شاكر محمود ، قراءة لكتاب طوق الحمامة ، لابن حزم الاندلسي، www.m.alhewar.org

[146] الايروتيكية – مفهوما – مبعثا وتأريخا، ديوان العرب – قاموس – كتابة : اقلام ديوان العرب فى (6-4 – 2011)، www.diwanalarab.com

[147] جودت شاكر محمود ، قراءة لكتاب طوق الحمامة ، لابن حزم الاندلسي، www.m.alhewar.org ص ٣٠

بۆ خۆی و دەوروبەری لە بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە و هەر لەو قۆناغانەوە خۆشەویستی مرۆڤی پەیوەستکردووە بەژیانەوە.

ئەوەی بۆ مرۆڤایەتی بەجێما بێت داستان و ئەفسانەکانن کەدیدوبۆچوونی مرۆڤی لە ڕوانگەی خۆشەویستیەوە خستووەتەڕوو، هەر قۆناغە و بەپێی خۆی لەسادەیی و ساکارییەوە بەرەو ئاڵۆزبوون ڕۆشتووە، کە نیشانەی کامڵبوون و تێگەیشتنی مرۆڤەکانە لەجیهانی دەوروبەر و هەستکردن بە بەرامبەرەکانیان. بێگومان خۆشەویستی مرۆڤ چەند جۆرێکە وەکو:

خۆشەویستی خود – خۆشەویستی دەوروبەرکە خۆشەویستی سروشت و مرۆڤەکانی دەوروبەری دەگرێتەوە وەکو پێویستیەکانی ژیان – خۆشەویستی تاکەکەس: وەکو ڕەگەزی بەرامبەر کەجیای کردووەتەوە لەنێوان مرۆڤەکانیتری دەوروبەریدا، بەومانایەی مرۆڤ لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیدا لەوهەستە بێبەری نییە، بەڵام چۆنیەتی سەرنجدان لەخوودی خۆی و دەوروبەری بەپێی دید و بۆچوون و هەستەکانی گۆڕاوە.

بۆنموونە مرۆڤ لەئاکامی پەیوەستبوونی بەژیانەوە و حەز و خولیای مانەوە و گەڕان بەدوای نەمریدا یەکێك بووە لەهەوڵە بەردەوامەکانی، بەڵام بەئاکام نەگەیشتووە،هەروەکو لەداستانی (گەلگامێش)دا بەرجەستە دەبێت.

مرۆڤ لەترسی سروشت و دیاردەکانی ناوی و بۆ گوزارشتکردن لەو ترسە چەندین خواوەندی درووستکردووە، ئەمەش لەئاکامی خۆشەویستی خودی خۆی و ترسی لەمردن ئەم چەند خواوەندەی پەرستووە و کەزۆری بۆ هاتبێت هانای بۆ بردووە و قوربانی لەپێناویدا داوە.

زۆرجار مرۆڤی لەخواوەند نزیك دەکردەوە و هەندێك جاریش خواەندەکانی لەیەکتری مارەدەکرد بۆ درووستبوونی هێزێکی گەورە و باڵا هەتا لەوترسە ڕزگاری بکات و ئاسوودەیی پێببەخشێت چونکە وایدەزانی بەیەکگرتنی ئەو دوو هێزە و بوونی خۆشەویستی زۆری نێوانیان سوود بەمرۆڤ دەگەیەنێت هەروەکو لە (ئەفرۆدیتی زەوی و ئەفرۆدیتی ئاسمان) دا بەرجەستە دەبێت.

دوای فراوانبوونی بیری مرۆڤایەتی و گەشەکردنی داب و نەریتی کۆمەڵ و وەرچەرخانی بیرو هزری تاکەکانی کۆمەڵگا، بێگومان کاریش دەکاتە سەر لایەنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و بەدید و بۆچوونی سەردەمیانەوە لەخۆشەویستی دەڕوانرێت، بەوپێیەی پەیوندیەکی دوولایەنەیە لە هەستی تاك و کاریگەری کۆمەڵ پێکدێت و خۆشەویستی لەقۆناغی گوزارشتکردن و تاك ئاراستەییەوە دەگۆڕێ و جۆرەکانی خۆشەویستی سەرهەڵدەدات، بەمانایەکیتر پێناسە و ڕوانینی جیاوازتر بۆ چەمکی خۆشەویستی و تاقیکردنەوەی ئەو پەیوەندییە سەرهەڵئەدات.

بەوپێیەی خۆشەویستی پانتاییەکی فراوانی لەجیهانی مرۆڤدا داگیرکردووە، لەلایەن دەروونناس و فەیلەسوف و وێژەوان و کۆمەڵناسەوە، هەریەکەیان بەپێی پسپۆڕی و چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی

کۆمەڵگاکەی لەسەرجەم ڕووەکانی ژیانەوە، چەندین پۆلێن و بەشیان بۆ خۆشەویستی کردووە، بۆنموونە (ئەریك فرۆم) چەندین جۆر خۆشەویستی دیاریدەکات: ((خۆشەویستی برایانە - دۆستانە - حب الاخوی - خۆشەویستی دایکایەتی، خۆشەویستی سێکسی، خۆشەویستی خود - ذات - خۆشەویستی خوا - ئیلاهی)).[148]

هەروەها (ستاندالٚ) یش چەندین جۆر دیاریدەکات وەکو ((خۆشەویستی خود – نفس – خۆشەویستی ئەقڵ، خۆشەویستی سێکسی، خۆشەویستی جەستە، خۆشەویستی پارە، خۆشەویستی زانست، خۆشەویستی ئاژەڵ و گیانلەبەر، خۆشەویستی ڕێزگرتنی بەرامبەر ...)).[149]

(ئیبن حەزمی ئەندەلوسی) چەند شێوەیەکی خۆشەویستی دیاریدەکات وەکو:

((خۆشەویستی حەز و خولیای زۆر – بۆبایەتێکی دیاریکراو، خۆشەویستی – لەڕادەبەدەری هەستی سێکس – hypersexuality – و خۆشەویستی ڕۆمانسیانە، خۆشەویستی خێزان و خۆشەویستی ئەفلاتوونی و خۆشەویستی زۆر - تواندنەوە – لەناو بیروڕای ئایینی کە خۆشەویستی جۆربەجۆری ئیلاهی و پەرستنی جیاوازی خوایە)).[150]

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەهۆی کاریگەریی ئایینی مەسیحی و دەسەڵاتی کەنیسە و پیاوانی ئایینییەوە جۆرێك لەسەرکوتکردن و خامۆشبوونی دیدوتێڕوانینی خۆشەویستی بەدیدەکرا، جگە لەخۆشەویستی ئایین و پەرستنی خوانەبێت، ئەو حەز و خولیا سێکسی و ڕەوتە تایبەتەی کە کۆمەڵگای یۆنانی پێدا تێپەڕ بوو بوو بەجۆرێك بەرەونەمان یان خامۆشبوون چوو، کەترس و هەستی لێپرسینەوەی ئایینیی، مرۆڤی تاڕادەیەك بەهۆش هێنایەوە،چونکە ((زۆر نەخش و وێنە و هەڵکۆڵینی وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵ یان ئاوێتەکردنی هەردوو جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵ، کە لەجەستەی ئاژەڵێکی دڕندەدا و ڕوخساری مرۆڤی پێوەدەکرا یان بەپێچەوانەوە، بۆ پیشاندانی دڕندەیی و هێزی لەڕادەبەدەری سێکسیی مرۆڤی ئەوکاتە، ئەم بابەتە زۆرجار بەشێوەی سەتیروگاڵتە ئامێز بەپیشاندان و وێنەکێشانی ئەندامی زاوزێی نێر و مێ و دەرخستنی ئەو جۆرە هەست و ویستە، بەوێنە و شێوازێکی زۆرگەورە و کۆمیدی، کەنیشانەی بێزاریی و هەستی ناڕەزایی هەندێك کەس بووە، بۆئەوە بەو جۆرە پیشاندراوە، هەتا وەکو دیاردەیەکی نامۆ بکەوێتە ڕوو)).[151]

ئەم وێنە پۆرنۆگرافیانەی سەردیواری ئەشکەوت و شوێنە گشتییەکانی یۆنان بەجۆرێك باویان نەما، کە بۆماوەیەکی زۆر بەهۆی زاڵبوونی (خۆشەویستی ڕۆحی) یەوە بەسەر (خۆشەویستی جەستە) دا و شێوازێکی نوێی لەبوونی ڕێز و خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکاندا، هێنایە کایەوە . لەم سەردەمەدا خۆشەویستی (ئەگاپا)گەیشتە لوتکەی پەیڕەویکردن، بێگومان کاریگەریی دیدوبۆچوونی میتافیزیکی ئەفلاتون و زاڵبوونی

[148] نبيل سلامة، ملخص كتاب فن الحب لاريك فروم، www.maaber.org/www.m>booksand readings3
[149] عامر صالح، فى الحب و الجنس والزوايا الثلاث – مقدمة سيكولوجية، فلسفة، علم النفس، وعلم الاجتماع، 2012/10/30
[150] جودت شاكر محمود، قراءة لكتاب طوق الحمامة، لابن حزم الاندلسي www.malhiwar.org
[151] فياتشيسلاف شستاكوف، الايروس والثقافة، ص (269-270)

ڕۆح بەسەر جەستەدا، ئەم بارودۆخەی درووستکرد. خۆشەویستی مەسیحی و گریکی لەوەدا جیاوازبوون کە: خۆشەویستی گریکی لەسەربنەمای جوانی و سەرنج ڕاکێشانی بەرامبەر بنیادنرابوو بەڵام خۆشەویستی مەسیحی بەکاریگەری بنەمای ڕەوشتی و بەپیرۆز ڕاگرتنی مرۆڤ بنیادنرا.

بەڵام لەسەدەی بیستەمدا و بەتایبەتی هۆکاری سەرەکی کاریگەریی ڕاوسەرنجەکانی ناو قوتابخانەی ڕۆمانسی، جارێکیتر جوانی و جەستە پەرستی کردەوە بەبنەمای فەلسەفەی جوانی هونەریی و ژیریی ئەوکاتە، بەجۆرێك خۆشەویستی نێوان دوان لەسەربنەمای پەیوەندی سێکسی دادەمەزرا نەك پەیوەندییەکی ڕۆحی، هۆکاری سەرەکیش بزوتنەوەی هیومانیزم humanizm و مرۆڤ پەروەریی بوو هەموو مافێکی جەستە و جوانیی دایەوە بەمرۆڤ و فەلسەفەی سێکسگەرایی جێگەی فەلسەفەی ڕۆحیی گرتەوە.

هەروەها بەهۆی گەشەکردنی زانیاری مرۆڤ و داهێنانە تەکنەلۆجیەکان، بوو بەهۆی ئاڵوگۆڕی پەیوەندی نێوان فەیلەسوف و زاناکان.

مرۆڤ لەدیدوتێڕوانینی زانایانی سایکۆلۆجیشەوە بەتایبەتی (فرۆید) هەموو حەز و پەیوەندی و خۆشەویستی نێوان مرۆڤ بەهۆکاری سێکییەوە دەبەستێتەوە، خۆشەویستی لەدیدو بۆچوونی (فرۆید)ەوە: مەحاڵە لەسەر بنەمای داب و نەریت و ڕەوتی ڕەفتارە شیاوەکانی کۆمەڵگاوە سەقامگیربێت، بەڵکو تەنیا حەز و خولیایەکی جەستەییە نەك ڕۆحی.

سەرجەم ڕاوبۆچوون و سەرچاوەکان و دەربارەی فرۆید و پەیرەوکەرانی ڕێبازەکەی لەوەدا کۆکن کە خۆشەویستی و هەموو هەستەکانیتری مرۆڤ لەئاگایی و بێئاگاییدا لەژێر کۆنترۆڵی هەستی سێکسیدا بەرێوەدەچێت . بەمەش (homosexual) جێگەی (homosapiens) ی گرتەوە واتا هەستی سێکسیی و ڕێبازی سێکسیی جێگەی هەست و تێڕوانینی بیرمەندانەی گرتەوە، هەروەکو شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکانی ئەمریکاش بەهەمان ڕاوبۆچوون کاریگەر بوون و لەناو مێژووی مرۆڤایەتیدا جێگەیان بۆتەوە.

((جارێکی تر وێنە پۆرنۆگرافییەکان لەبەرهەمە هونەرییەکانی (مایکڵ ئەنجیلۆ و لیۆناردۆ داڤینشی)دا دەردەکەوێت کەسەرجەم مرۆڤایەتی بەهەڵکۆڵین و نەخش و نیگاری دەستی ئەم دوو هونەرمەندە سەرسامبوون، کە ڕەگەز و بنەمای چێژی جوانی ناسی و هونەرمەندانەی نیگارکێشی یۆنانی (پاراژیۆس)ی تێدایە کەوێنەی لەسەر دیواری کۆشکی ئیمپراتۆر و شوێن و حەوانەی ئیمپراتۆر دروست کردبوو، کە جەستەی مرۆڤ بەتایبەتی جەستەی ئافرەتیان دەخستەڕوو)).[152]

هەروەکو ئاماژەمان پێدا سەردەمی ڕێنسانس بەکاریگەریی شۆڕشی فەرەنسی کەچەندین تێڕوانینی نوێی بۆ چەمکی جەستە – جەستەی ئافرەت – و ئازادی مرۆڤ بەگشتی خستەڕوو هەروەها شاکارەکانی (شەکسپیر) ڕەخنەی توندی لەدام و دەزگا و دەسەڵاتی کەنیسە دەگرت کەلەژێر سایەی ئاییندا مرۆڤی

[152] الایروتیکیة مفهوما، مبعثا و تأریخا، دیوان العرب – قاموس – کتابة : اقلام دیوان العرب في (6-4 - 2011) www.diwanalarab.com

دەچەوساندەوە، هەروەها بەرهەمەکانی (ڕۆسۆ و ڤۆڵتێر) کاردانەوەیەکی گەورەیان لەمێژووی مرۆڤیایەتیدا دروستکرد، مرۆڤ بەرەوبیرکردنەوە دەچوو لەخودی خۆی و ڕەگەزی بەرامبەر وەکو هۆکارێك بۆ خۆشەویستی و مامەڵەکردن لەگەڵ جەستەدا ڕەوتێکی نوێی وەرگرت.

(سەروەر کریم) دوو ڕەوتی جیاواز بۆ چەمکی ئافرەت و خۆشەویستی و مامەڵەکردنیان لەگەڵ جەستەدا دەخاتەڕوو :

(( ١- سەربەبیری کۆنەخوازی و کۆنەپەرستییە و مافی خۆشەویستی لەئافرەت دەسێنێتەوە، ...، وەکو سەرکوتکردنی ئافرەت و ترس خستنەدڵیانەوە بە کاریگەری هێزی ئایین و بەرپرسیارێتی دوایی.

٢- دیدی نوێخوازی لەسەردەمی ڕێنسانسەوە، بەوپەڕی ئازادی و پێدانی مافەوە بەئافرەت لەچەمکی خۆشەویستی دەڕوانی و بەرپەرچی هەموو تێڕوانینە کۆنەکانی داوەتەوە)).[153]

ئەو بیرە کۆنەپەرستییەی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا مامەڵەی پێدەکرا، جەستەی لەهەموو ڕووەیەکەوە فەرامۆش کردبوو وەکو پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەز هیچ پاڵنەر و پەیوەندیەکی ڕاستەقینە لە نێوانیاندا نەبوو (( ڕەنگە بەجۆرێك لەجۆرەکانی دێرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و هەتا دوایش، جۆرێك لەئازادی کاتیی بەخشی بێت بەو ژن و پیاوانەی کەلەوێ کاریان دەکرد، بەڵام ئەوە جگە لە حاڵەتەشەهوانیەکەی مرۆڤ،...، هیچ پاڵنەرێکی خۆشەویستی ڕاستەقینە لەپشت سەریەوە نەبوو، ئەوە تەنها یاخیبونێك بوو لەدەسەڵاتی باوك سالاری، مرۆڤ لەو سەردەمەدا لەخزمەتکردن و پاك کردنەوەی (دێرەکان، کەنیسەکان و کڵێساکان) بوو، کەبوو بووە شوێنی بەدڕەوشتی (جەستە پەرستی کاتی) دوور لەخۆشەویستی و ژیانی پێکەوەیی، واتا جۆرێك لەپەیوەندی سێکسیی هاتەکایەوە، وەکو جۆرێك لەپەردە پۆشکردنی ڕەفتارە ناپەسەندەکانیان بەناوی خۆشەویستیەوە)).[154]

ئەم دیاردەیە دەمانباتەوە بۆ ئەو لادانە سێکسییانەی کە لە کۆمەڵگای یۆناندا بۆ ماوەیەکی زۆر بەدیدەکرا و وێنە پۆرنۆگرافیەکانیان کەشێوەی ژیان و گوزەران و چۆنیەتی سەرنجدانیان لەمرۆڤ و جەستە و نرخ و بەهای بەهەموو مانایەکەوە دەخەنەڕوو، لەیۆنان دا (( دڵبەستنی پیاوان بە کوڕان و کوڕان بە کوڕان هەموو ڕواڵەتەکانی عەشقی ئاسمانی و شاعیرانەی گرتۆتەوە، شەوق، ئیرەیی، بێخەوی و بیرکردنەوە، سەرنجراکێشیی، ڕاستگۆیی،...، عەشقی نێوان دووپیاو شەریفانە تر و ڕۆحیانەترە تا عەشقی نێوان ژن و پیاو، ئەم جۆرە لادانە سێکسیانە لەنێو ژنانیشیدا زۆر بڵاوە، کچۆڵەکانی نەیژەن، پتر عەشق لەگەڵ یەکتری

[153] سەروەر کەریم، عەشق و خۆشەویستی لەنێوان وەهم و واقیع دا، چاپی دووەم، چاپخانەی ئارام، سلێمانی، 2006، ل (٣5، 38)
[154] سەروەر کەریم، عەشق و خۆشەویستی لەنێوان وەهم و واقیع دا ، ل (٧٥ - ٧٦)

دەگۆڕنەوە تا لەگەڵ پیاوانی خۆیان، کوڕان لەتەمەنی شەش ساڵ بەدواوە لە حەرەمسەرادا دوور دەخرانەوە کە ژنانی تیادا دەژیان،...)).[155]

خۆشەویستی وەکو پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەزی بەرامبەر هیچ مانایەکی نەبوو، یان ڕێگەیەک نەبوو بۆ هاوسەرگیری نێوانیان، بەڵکو تەنیا گرنگی دەدرا بە جەستە، واتا نرخ و بەهای مرۆڤ تەواو فەرامۆش کرابوو، پەیوەندیەکانیشیان نامرۆڤانە و دوور لەخۆشەویستی بوو کەتەواو شەهوەتی و جەستە بیانە بوو، یۆنانییەکان عەشقی ڕۆمانسی بەجۆرێکی دەست لێوەشاندنی جنۆکە یان جۆرێك لەشێتییان لەقەڵەمدەدا و گاڵتەیان بەو کەسانە دەکرد کە عەشقە ڕۆمانسییەکانیان شایستەبن بۆ هاوسەرگیری)).[156]

سەبارەت بەم پەیوەندی و تێڕوانینەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای یۆنان کە پەیوەندییەکی جەستەیی بوو دوور لەخۆشەویستی،( ئیمام عبدالفتاح ئیمام )دەڵێت : ((خۆشەویستی لەیۆنان تەنیا لەنێوان پیاوەکان و کوڕەگەنجەکاندا بووە و چینی ئافرەت بێبەش بووە لەهەموو هەست و سۆزێك و دواتریش بەرەو (هاو ڕەگەزبازی -homosexuality ) چووە، چونکە گرنگییەکی زۆر بەم لایەنەدراوە وتەنیا لەئەسیناشدا نەبووە، بەڵکو لەزۆرشاری تری یۆنان دا بەدی کراوە وەکو ئەسپرتە،...، کوڕە جوانەکانی ئەسینا لەململانێیەکی گەورەدا بوون لەگەڵ ئافرەتە سۆزانییەکان، بۆ کۆنترۆڵکردنی دڵی پیاوانی ئەسینا،... )).[157]

یۆنانیەکان ئەم جۆرە خۆشەویستییەیان، بە بیانووی هێزی باڵای خواوەندی (ئەفرۆدیت)ی ئاسمانەوە بەسەر (ئەفرۆدیت)ی زەویدا دەبەستەوە، کە (( ئەفرۆدیتی ئاسمان هێزی باڵاترە و خۆشەویستی لەنێوان پیاواندا دروست دەکات بەهەردوو لایەنی ڕۆحی و جەستەییەوە لەبەرئەوەی خۆشەویستی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر دروست نابێت)).[158]

بەڵام ڕاوبۆچوونی ئەفلاتوون دەربارەی جەستە و ئامادەکردنی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە بۆ ئەوە بوو کە مرۆڤی تەندرووست باش و جەستە پتەو و دەروون خاوێن لەناوکۆمارەکەیدا بکات بە لێپرسراو یان پاسەوان یان هەرئەرکێك و فرمانێکی بداتێ، بەپێی گونجاویی بۆ ئەوکارە ( ئێمە پیاوی بەهێز و ورەبەرزمان پێویستە، وەکو چۆن پێویستمان بە ئافرەتی بەهێز و ئازا هەیە، پێویستە لەسەرمان منداڵمان لەسەر شێوەی ژیانی توند و تیژ ڕابهێنین و کاری سەختیان پێ بکەین و پیانخەینە ناو مەترسییەوە،هەتا ئازابن و ڕابێن و نەترسن،...، هەروەها پیاوان نابێت لاسایی ڕەفتاری ژنان بکەنەوە و

---

155 ویل دۆرانت، ژن و پیاو و ئاکاری سێکسی لەلانکەی شارستانیەتەکاندا، وەرگێڕانی : دڵشاد کەریم خۆشناو، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان،2009، ل 153

156 هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 154

157 ئیمام عبدالفتاح ئیمام، ئەفلاتون و ئافرەت، وەرگێڕانی: ئەژین عبدالخالق، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێران، 2008، ل149

158 هەر ئەو سەرچاوەیە، ل (159-160)

هاواربکەن و بگرین لەهیچ بارودۆخێکدا،...، جەستە هەرچەند بەهێزبێت ناتوانێت دەروون بەشێوەیەکی چاکەکارانە ئاراستەبکات، بەڵام دەروونی چاکەخواز دەتوانێت جوانی بەجەستە ببەخشێت)).[159]

ئەفلاتوون لەڕێگەی خۆشەویستی و پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگاکەیەوە جۆرێك لە شێوازی تایبەت بۆ خۆشەویستی دادەنێت کە پاك و بێگەرد و لایەنی جەستە ڕۆڵی تێدا نابینێت بەڵکو خۆشەویستیەکی پاك و بێگەردی ڕۆحییە، هەروەکو چۆن ئایینە ئاسمانیەکانیش ئاماژەی پێدەدەن، بۆ ئەمەش چەندین پلە دادەنێن لەکۆتایدا پلەی کۆتایی گەیشتنە بەڕۆحی خوا و پاکبوونەوە و هەنگاوەکانیتر لەپێناویدا نراوە . ئایینە ئاسمانیەکانیش خۆشەویستی نێوان مرۆڤ دەکەن بە تەوەری سەرەکی وبنەمای هەموو پەیوەندیەکی نێوانیان هەر لە لێبوردن و یارمەتی یەکتریی و خۆشەویستی نێوانیان لەپێناو خوادا چونکە هەموومان درووستکراوی دەستی یەك کردگارین و لەیەك ڕۆحەوە و لەیەك جەستەوە – جەستەی ئادەم – درووستبووین، بۆیە خۆشەویستی دەبێت لەسەر بنەمایەکی ڕۆحیی بێت، هەروەها سەرجەم ئایینەکان پێداگری لەسەر خۆشەویستی خوا دەکەن واتە ئەوخۆشەویستیەی ئارامی بەدەروون دەبەخشێت و دەمانگەیەنێت بە ڕۆحی خوا . هەروەها ئاماژەش دەکات بەو خۆشەویستیەی کەلەنێوان دووکەس- دووهاوسەر و دوو ڕەگەزی بەرامبەر- دا هەیە بۆنموونە ((ومن اياته ان خلق لكم من أنفسكم أزواجا لتسكنوا إليها، وجعل بينكم مودة ورحمة)).[160]

واتا مرۆڤ ڕەگەزی بەرامبەری بۆ درووستکراوە هەتا ئارامیی دەروونیی بداتێ و خۆشەویستی و ڕێز و بەزەیشی لەنێوانیاندا درووستکردووە و ئاماژەش بەوەدەکات کە لە هاوشێوەی دەروونی خۆی هاوسەری بۆ درووستکردووە واتا دەروونە وەکیەکەکان بەیەکدەگەن . ئەم ئایەتە ئاماژەیەکی ئاشکرا بەڕۆح و دەروون و جەستە دەکات و هەریەکەشیان لەگەڵ ئەویتردا یەکانگیرە.

ئەو گۆڕانکاریانەی لەبواری ئابووری و کۆمەلایەتی و ئایینی و ڕامیاری،...، هتد، ڕوویاندانەوە لەزۆربەی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا، هەریەکەیان بەپێی ڕۆژگار و سەردەمیان، کەم و زۆر کاریان کردووەتە سەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و بەماناو تێگەیشتنێکی جیاواز لەسەردەمی پێش خۆیان، ڕەوتی ڕەفتاریانی گۆڕیوە.

بەمپێیە مامەڵەکردن لەگەڵ جەستەدا، گۆڕانگاری بەسەردا هاتووە، کاتێکیش ئاوڕ لە جەستە دەدرێتەوە، ڕاستەوخۆ بەرە و جیهانی ئافرەتمان دەبات، بەو مانایەی ئەم ڕەگەزە لەڕۆژگارەکانی سەرەتای ژیانەوە تائێستاش وابەستەبووە بەجەستەی پیاوەوە و ڕەگەزی نێر وەکو بناغەی کۆمەڵ و ویست و خواستەکانیشی بەهەمان شێوە دابین کراوە، ئافرەتیش زۆرکات هێندە لەنرخ و پایەی کەمکراوەتەوە هەتا بەهای مرۆڤایەتیشی لەدەستداوە.

---

[159] ئیمام عبدالفتاح ئیمام، ئەفلاتون و ئافرەت، وەرگێرانی : ئەژین عبدالخالق، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، 2008، ل(٨٣، ٨٤، ٨٥)

[160] قورئانی پیرۆز، سورەتی (النساء)، ایە 34

بەتایبەتی کاتێك ئاماژەمان بۆ کۆمەڵگای یۆنانی کرد لەچۆنیەتی تێگەیشتنیان لەجەستە و مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەك وەکو خۆشەویستیان بۆ (هاوڕەگەزیی -homosecuality) و فەرامۆشکردنی ئافرەت و کۆکردنەوەیان لەماڵدا و دوورخستنەوەی کوڕەکانیان لە دایکیان و پێکەوە ژیانی ڕەگەزی نێر و چەندین دیاردەی نامۆی لەمجۆرە.

ئەم دیاردەیەش بەردەوامیی خۆیی هەبوو بەتایبەتی لە قۆناغی کشتوکاڵکردندا،(( هەندێك لێکۆڵەر پێیان وایە کە ئافرەت دەورێکی زیاتری لەپیاو وەرگرت و ماوەیەکی درێژ سەروەری کۆمەڵ بوو، پیاوی خستە پلە دووی کۆمەڵایەتی، ناویشیان لەم قۆناغە ناوە دایکسالاری،...، کەهیچ پاشماوەیەکی مێژوویی لەبەردەستدا نیە، ئەم بۆچوونە بسەلمێنێ )).[161]

لەزۆر قۆناغدا ئافرەت خراوەتە شێوەی دێو و درنج و بۆ ترساندن بەکارهێنراوە یان کاری خراپ و دزێویان داوەتە پاڵیان وەکو جادووگەر و دڕندە . لەوانەیە ئەم هۆکارەش لەوەوە هاتبێ کە جەستەی لاواز بووە لەزۆر کاروپیشەدا توانای کەمبووە، ئەم دیاردەیە لەیۆنان کراوە بە بنەمایەك کە خواوەندی (ئەفرۆدێت)ی زەوی و ئاسمانیان پێ جیاکردۆتەوە و پەیوەندی نێوان پیاوەکان و کوڕەکان -هاوڕەگەزیی-پەیدابووە، بەبیانووی زاڵ بوونی هێزی خواوەندی ئاسمان – کەنێرە – بەسەر خواەندی زەویدا – کەمێ یە -، بۆیە ڕەفتاریان لەگەڵ یەکتریدا بەوجۆرە بووە . ئەم ڕەوتە لەسەرجەم قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕەنگی داوەتەوە (( ئەم دیاردەیە نەك هەر لە قۆناغی کشتوکاڵیدا بەڵکو لەڕوانگەی دیدوبۆچوونی سەرمایەداریشەوە، پیاو دەسەڵاتدار و خاوەن ئەقڵە، ئافرەتیش بێ دەسەڵات و خاوەن جەستەیە، بەڵام بیرکردنەوەی نوێخوازی یەکسانی ژن و پیاو دەکات، وەک لەدوو جەستەی شێوە جودای خاوەن یەک ماف و دەسەڵات و زاڵتر بەسەر بوونەوەرەکانی تردا، وەکو شۆڕشی فەڕەنسی تاك خۆی وەکو بوونەوەر و پێشەوایەك بینی کە خاوەنی مافی تایبەتی خۆیەتی )).[162]

بەرامبەر ئەو زوڵم و چەوساندنەوانەی لە مێژوودا بەرامبەر ئافرەت کراوە، هەمیشە جەستەی لە ژێر باری ڕەنج و ماندووبووندا و لە هەموو بارودۆخێکی ژیاندا هاوشانی پیاو کاری کردووە، لە ئەنجامدا چەندین ڕێکخراو و گروپی ئافرەتان درووستبووە، بەتایبەتی لە سەدەی (١٧، ١٨) دا بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیری مرۆڤدۆستانە و مرۆڤپەروەرانەوە بۆ لابردنی زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە بەرامبەر ئافرەت . وەکو مافێکی سرووشتی و شارستانی، بەتایبەتی سەرهەڵدانی بیری ( فیمینیزم ) کە لە ناوەڕۆک و ئەرکدا مەبەستی سەندنەوەی هەموو مافێکی ئافرەتە و بۆ ناساندنی چەندیین پێناسەی بۆ کراوە، بۆ نموونە :

---

[161] سەرۆ قادر، ئافرەت کێشەیەك بەدرێژایی مێژوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2009، ل12

[162] ڕۆشنا ئەحمەد، ئافرەت لەنێوان عەقڵ و جەستەدا، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژ (23 – 24) ی ئاياری 2001، ل ( ٢٥١، ٢٥٢ )

(( فیمینیزم : واتا زانستی ژن ناسی، واتا ئەو میکانیزم و فاکتەرەیە کە بە شێوەیەکی زانستی خەبات دەکات بە ئامانجی بەرامبەری مافەکانی ژن )) .[163]

یان (فیمینیزم) بریتییە : (( لەو بیروباوەڕەی کە داوا دەکات ڕەگەزەکان (نێر و مێ) یەکسان بن لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، بەمەش دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە کارەکتەری فیمینیست، خاوەنی هیچ داخوازییەک نییە جگە لە یەکسانبوونی لەگەڵ ئەویتردا -واتا پیاو- )) .[164]

[163] کازێوە ساڵح، فیمینستناسیی و جڤاکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ئاراس)، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٢٢

[164] ئاشنابوون بە فیمینیزم، وەرگێڕانی : عەزیز رەئوف، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٧، ل ١٠

## بەشی دووەم: پێکهاتەی کارەکتەر لەڕێی جۆری جەستەوە

### تەوەری یەکەم/ ناوی کارەکتەر

١. ناو

أ / پێناسەی ناو
ب / گرنگی ناو
ج / ناونان
د / ناو و نازناو، ناوو ناتۆرە
هـ / پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو

٢. کارەکتەر

أ / پێناسەی کارەکتەر
ب / جۆرەکانی کارەکتەر
ج / گرنگی و ڕۆڵی کارەکتەر وەکو پێکهاتەیەکی هونەریی ڕۆمان.
د / پەیوەندی کارەکتەر بە ڕەگەزەکانی تری ڕۆمانەوە.

٣. ناونان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی.

٤. پەیوەندی ناونیشانی ڕۆمان بە ناوی کارەکتەرەوە.

٥. ناو و نازناو و پەیوەندیان بە کەسێتی و ڕەفتاری کارەکتەرەوە.

أ / گرنگی و ڕۆڵی ناو لە درووستبوونی کەسێتی و ڕەفتاری کارەکتەردا.
ب / گرنگی و ڕۆڵی نازناو لە درووستبوونی کەسێتی و ڕەفتاری کارەکتەردا.

٦. ناوی کارەکتەری مرۆڤ و ئاژەڵ

أ / ناوی کارەکتەری مرۆڤ (لەڕووی ڕەگەزەوە)

١) ناوی کارەکتەری نێر
٢) ناوی کارەکتەری مێ

ب / ناوی کارەکتەری ئاژەڵ

### تەوەری دووەم/ پەیوەندی ناو بە جەستەوە

١. ڕۆڵی وەسف کردن لەخستنە ڕووی جەستەی کارەکتەردا.

٢. پەیوەندی ناو بە جەستە و ڕەفتاری کارەکتەرەوە:

١) پەیوەندی ناو بە جەستە و ڕەفتاری مرۆڤەوە
٢) پەیوەندی ناو بە جەستەی سروشتەوە
٣) پەیوەندی ناو بە جەستەی ئاژەڵ و باڵندەوە

# بەشی دووەم / پێکهاتەی کارەکتەر لەڕێی جۆری جەستەوە

## تەوەری یەکەم/ ناوی کارەکتەر

### ١. ناو

### أ / پێناسەی ناو :

زۆربەی لێکۆڵەران و زمانەوانان پێناسەی ناویان کردووە و وەك بەشە ئاخاوتنێکی سەرەکی چەندین ڕاو بۆچوونیان سەبارەت بە دیاریکردنی چەمکی ناو خستۆتە ڕوو، بۆیە لەسنووری باسەکەماندا چەند پێناسەیەك دیاریدەکەین:

- (سەعید صدقی کابان)، لە کتێبی - مختصر صرف و نحوی کوردی - دا دەڵێت: (اسم کلمەیێکە دانرابێ بۆ ناوی إنسانێ یا حیوانێ یا بۆ ناوی شتێ، وەکو؛ پیرۆت، کێو).[1]

- (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) دەربارەی ناو دەڵێت: (ناو وشەیەکە کە ناوی گیانداریك یان بێگیانێك، یان بیرێك دیاریدەکات، وەك: ژن، ئازاد، ئەسپ، کۆتر، ماسی، بەرد، چیا، ترێ،...).[2]

- ناو: (( بریتییە لە ناونان و دووبارە ناونانەوە . زمان خۆی برتییە لە ناونان و ناوەکانیش جیاکەرەوەی زمانەکان و خودی زمانەکانیش پێکدەهێنن )) .[3]

### ب / گرنگی ناو :

لە قۆناغەکانی سەرەتای ژیانەوە، مرۆڤ ناوی بۆ خۆی و کەل و پەل و پێداویستییەکانی داناوە و دەوروبەری پۆلێنکردووە و پەیوەندی و هەڵسوکەوت و ژیانی ڕۆژانەی پێڕێکخستووە، لە زۆربەی قۆناغەکاندا هێمای بەکارهێناوە، بەو پێیەی هێما بریتیـیە: (لەو کارەی کە تێیدا مرۆڤ بە ئارەزوو و خواست و ویستی خۆیان لەناو خۆیاندا پێك بێن، شتێك دابنێن بە هێما بۆ شتێکی تر، ئەم هەل و مەرجی پێکهاتنەش لەو کاتانەدا دێتە کایەوە کە دوو مرۆڤ یان زیاتر بەیەک دەگەن و دەیانەوێت ژیانی خۆیان ڕێك بخەن).[4]

پێویستییەکانی مرۆڤ بە ناو بەشێوەیەکی گشتی، هەموو ژیانی گرتۆتەوە، لە چەندین بواری جۆر بە جۆردا بەڵام ناوی مرۆڤ زۆرتر چالاکی و بەکارهێنانی زیاتری پێوەدیارە و (ئەو هێز و چالاکی و دینامیکییەی کە تیایدایە، لە ناوەکانی تردا بەو چەشنە بەدی ناکرێت، ئەم چست و چالاکییەی ناوی مرۆڤ

---

[1] سعید صدقی کابان، مختصر صرف ونحوی کوردی، طبع الاول، مطبعة نجاح، بغداد، 1956، ص7.

[2] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، وشەسازی، بەشی (1-5)، ناو، جێناو، ئاوەڵناو، بەرگی یەکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی تیشك، سلێمانی، 2001، ل93.

[3] بێستوون ئەبوبەکر عەلی،نوێکردنەوەی پێناسەی زمان لە گۆشەنیگای ئاستەکانییەوە،دەربڕاوی زمانی کوردی بەنموونە،گۆڤاری زانکۆی کوردستان – سنە ، ژ. (٩-١٠) ٢٠١٩

[4] محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، چاپخانەی دارالحکمة، چاپی یەکەم، هەولێر، 1990، ل35.

بەستراوە بە پێویستی مرۆڤ بە ناو، هەر لە درووست بوونی کۆمەڵی سەرەتاییەوە یەکێك بووە لە پێویستییە هەرە گرنگەکانی مرۆڤ).[5]

لەگەڵ بوونی ئەم ڕۆڵە سەرەکیی و چالاکەی ناو، لەبواری ناوی مرۆڤدا، دەبێت ئاماژە بەو (هێما-ناو)انە بکرێت کە ڕۆژانە لەبەر پێویستی ژیانی مرۆڤ بەچەند ڕێگەیەك دێنە ناو زمانەوە، بەمەش فەرهەنگی زمانی پێ دەوڵەمەند دەبێت، چونکە بوارەکانی ژیانی مرۆڤ فراوان و فرە لایەنە، ناویش (وەك دانەیەکی زمانیی هەڵگری چمکێکی واتادارە و بەهۆی واڵاکردنی دەرگای ئەم بەشە ئاخاوتنەوە بەڕووی وەرگرتنی ئەم چەشنە وشانە بۆ نێو زمان، لەڕێگەی وشە سازی و وشە خواستنەوە، دەکرێت بە چالاکترین و کاراترین بەشە ئاخاوتن ئەژماربکرێت لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا).[6]

ناو بە هەموو جۆر و لق و پێکهاتەکانییەوە لەسەرجەم دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زماندا دەردەکەوێت و بەستراوە بە ژیانی خەڵکەوە، زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی دیالێکتی زۆرە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وشەی هاوواتا و دژواتای زۆرمان هەبێت، کە دەبن بەهۆی فراوانبوونی فەرهەنگی زمانی کوردی و بەپێی مێژوویی بەکارهێنانیان و لەڕوانگەی زانستی ئەتمۆلۆجییەوە گرنگی و ڕۆڵی ناو دەردەکەوێت، لە ناو سنووری دیالێکتەکاندا ڕەنگدەدەنەوە و (سروشت و جەوهەری دیالێکتە کوردییەکان و قۆناغە تایبەتییەکانی، گۆڕان و ڕەوتی بەرەوپێشچوونی مێژوویی هەر یەکێکیان بەیان دەکرێت و ئەوسا سەربەخۆیی هەر یەکێکیان و یەکگرتنەوەیان لە باوەشی زمانی کوردیدا، ڕوون و ئاشکراتر دەبێت).[7]

لەم ڕووەوە ناو دابەشکراوە و بە چەند پۆلێنێك جیاکراوەتەوە، لەڕووی ژمارەوە بۆ تاك و کۆ و لەڕووی ڕەگەزەوە بۆ نێر و مێ، لەڕووی هەبوونەوە ئەبستراکت و کۆنکرێتی و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ناوی گشتی و تایبەتی، لەم لایەنەوە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) ناو لەڕووی هەبوونەوە دەکات بە دوو جۆر:

١. ناوی ماددی: ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە بەر یەکێك یان پتر لە پێنج هەستی مرۆڤ دەکەوێت، وەك: کەو، دار، گوڵ، ئاسمان.
٢. ناوی مەعنەوی: ناوی شتێکە کە بوونی سەربەخۆی نییە ، بەڵکو لەشتی بەرهەست وەیا لەبیر و خەیاڵدا پەیدا دەبێ، وەك: هۆش، بڕوا، جوانی، شادی...).[8]

لەڕوانگەی زانستی زمانەوە، ناوی مرۆڤ زاراوەی (ئەنثرۆپۆنیم)ی بۆ بەکاردێت. (ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا لە دوو وشەی یۆنانی (ئەنثرۆ=مرۆڤ) – (پۆنۆما=ناو)پێکهاتووە، ناوی تایبەتی مرۆڤ و ناوی باوك و بنەماڵە

---

5 محەمەد فاروق عمر، ناوی تایبەتی مرۆڤ لە زمانی کوردی و چەند زمانێکی تردا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ125، وەرزی بەهار، 1990، ل161.
6 ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد، سینۆنیم لە زمانی کوردی ناوچەی گەرمیاندا (لێکۆڵینەوەیەکی واتایی و پێکهاتەیی‌یە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، 2016، ل(107-108).
7 فاروق عمر صدیق، ڕەچەڵەکی وشە و پەلهاویشتنی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر، 2015،ل9.
8 ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، (وشەسازی)، بەرگی (1-5)، 2001، ل99.

و لەقەب و ناوی ناسك و نازداری بچوككردنەوە، لقێك لە زانستی زمان پێك دەهێنێت، كە پێی دەوترێت ئەنثرۆپۆنۆمیك، ئەنثرۆپۆنۆمیك:ناوی تایبەتی مرۆڤە).[9]

لەبەر ئەو گرنگییەی ناو لەناو بەشە ئاخاوتنەكانیتردا هەیەتی، ڕۆڵی سەرەكی دەبینێت لە جیاكردنەوەی هەموو بوونەوەر و پێداویستی ژیان و ژینگەكانیاندا، هەروەها وەك لایەنێكی گرنگ لە دیاردەی (ناونان) و خستنەڕووی لە ژیان و پرۆسەی ڕێكخستنی ژیانی مرۆڤدا، هەروەها وەك لایەنێكی وێژەیی وتەكنیكێكی هونەریی لەبواری جۆراوجۆردا، هەربۆیە بە گرنگی دەزانین دەربارەی ئەم پرۆسەیە لە چەند ڕوویەكەوە بدوێین.

## ج / ناونان :

ناونان وەكو دیاردەیەك و پرۆسەیەكی كۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەی باری سەرنج و جۆری بیركردنەوە و چۆنیەتی تێگەیشتن و تێڕوانینی ئەو كۆمەڵەیە بۆ ژیان، ئاشكرایە پەیوەندی و دۆستایەتی بەتایبەتی دراوسێیەتی نێوان كۆمەڵگا و نەتەوە جیاوازەكان، هۆكاری سەرەكین لە پەڕینەوە و گواستنەوەی جۆری بیركردنەوەكاندا، نەك هەر تەنیا ناونان، بەڵكو داب و نەریت بەگشتی هەروەك لەجۆری خواردن و چۆنیەتی پۆشین و جلوبەرگ و هەڵسوكەوت و ڕەفتار لە بۆنەكاندا، لە تێڕوانینی هەر تاكێكی ئەو كۆمەڵگایەدا تەواو بەرجەستە دەبێت، جگە لەوەی بیركردنەوەی تاكڕەوی و كەسێتی تایبەتی هەر تاكێك دەخاتە ڕوو.

ناونان ڕەنگدانەوەی جۆری بیركردنەوە و باری دەروونیی ئەو خێزانە (دایك و باوك) بەپلەی یەكەم دەخاتە ڕوو، كە ناو بۆ منداڵەكانیان هەڵدەبژێرن، ئاشكرایە هەر ناوێك بە تەنیا دەبێتە كەرەستەیەكی فەرهەنگی (چونكە زمانی هەر میلەتێك بە تانها بگریت، ئاوێنە و دەربڕی عەقڵ و هۆش و تێڕوانینی ئەو میللەتە خۆیەتی، بەرامبەر بە سروشت و دەوروبەر و جیاوازە لە زمانی میللەتانی تر، هەر ئەو تێگەیشتنە جیاوازەشە كە دەبێت بە بناغەی سەرهەڵدانی ئەو نیشانە تایبەتی و گرنگ و بەرچاوانەی، كە مرۆڤ لە سروشتدا هەستیان پێ دەكات و دواتر لەناوناندا بەكاریان دەهێنێت).[10] بەو پێیەی دەروونی هەر تاكێك لە پرۆسەی ناوناندا بەرجەستە دەبێت.

ئەم پرۆسەیەش لە قۆناغی سەرەتای ژیانەوە وەك كردەیەك و دیاردەیەكی ئاسمانی ڕەنگ دەداتەوە، هەروەك لە قورئانی پیرۆزیشدا، ئاماژە بە بوونی ئەم پرۆسەیە دەدات: (وعلم آدم الأسماء كلها)[11]، واتا ئادەم فێری هەموو ناوەكان بووە.

لێرەدا دەكەوینە نێوان دوو لێكدانەوەوە: - (ئایا مەبەست لەناوی شتەكانی دەورووبەری ئادەمە – یان ناوی مرۆڤ و فریشتەكان) – هەروەك چۆن لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژە بە بوون و درووستبوونی سروشت

---

9 ڕێژنە ئیسماعیل عەزیز، ناونان و هەست لەزمانی كوردیدا ، 2008، ل23.

10 فاروق عومەر سدیق ، لەدایكبوونی وشە ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، ٢٠١١ ، ل ( ٣٣- ٣٤)

11 قورئانی پیرۆز، سورەتی (البقرة)، ئایەتی ٣١.

دەكرێت پێش مرۆڤ، هەر لەبەر گرنگی ناو و ڕۆڵی لەناو ژیانی مرۆڤدا، لەگەڵ درووستبوونی مرۆڤدا پەروەردگار ناوی شتەكان و كەرەستەكانی دەوروبەری فێركردووە.

لە سەرچاوە مێژووییەكانیشدا، كە باس لە قۆناغە سەرەتاییەكانی ژیانی مرۆڤ دەكرێت، لە جیاتی ناو مرۆڤ وێنەی ئەو شتانەی دەكێشا كە دەیویست باسیبكات هەتا ئەم قۆناغەی ئێستا كە دیاردەی ناونان بە هەموو بەش و لایەنێكی ژیانەوە پەیوەست بووە، ڕێگەیەكی سەرەكییە بۆ گواستنەوەی بیر و سەرنجەكان، چونكە (مرۆڤ ئەو شتانە دەناسێت و دیاریان دەكات و وێنەیەكی هۆشەكییان بۆ درووست دەكات لەناو مێشكیدا و دواتر دەیانكات بە بیرێكی ڕێك خراو –دیاریكراو و سنووردارکراو- پاشان هەوڵ دەدات ئەو بیرە بگوازێتەوە بۆ ناو زمان لەڕێگەی ناونان و نواندنەوە)[12] چونكە ناونان و نواندن ڕێگاكانی گواستنەوەی بیرن بۆ ناو زمان.

دیاردەی ناونان و ڕۆڵی لەناو دەقێكی ئەدەبیدا، بەوە بەرجەستە دەبێت كاتێك ڕۆماننووس ئەو بابەتانە دەخاتە ڕوو، كە ناو ڕۆڵیان تێدا دەبینێت، بۆنموونە لەباسكردنی هەر كەسایەتییەكی مێژوویی یان كەسێكی ناوداردا، بەهۆی بەواقیعكردنی وێنەكان و بەكارهێنانی تەكنیكی گێڕانەوەوە لەناو سنووری دەقەكاندا، ڕووداوەكان تەواو بەرجەستە دەبن، بەڵام خوێنەر بەپێی ئەو وێنە ئەبستراكتە و ئەو وێنە خەیاڵییەی، كە خۆی سەبارەت بە هەر بابەتێك هەیەتی، لەلای دەكەونە ڕوو و لێك دەدرێنەوە، چونكە تێڕوانینی تاك ڕۆڵدەبینێت لە بەرجەستە بوونی واتای هەر ناوێكدا، بەجۆرێكی تایبەتی ئەبستراكت دەبن چونكە (ئەدەب بە گشتی، چیرۆك، هەڵبەست، كلتور، فەرهەنگ، بریتین لە پرۆسەیەكی درێژخایەن و ئاڵۆزی ئەبستراكتكردن، لە كاری هونەرییدا كەس و شتەكان بەشێوەیەكی ڕاستەقینە نانوێنرێن، بەڵكو بیرۆكەیەكی هونەریی دەنوێنێت سەبارەت بەو كەس و شتانە).[13]

مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتایدا پرۆسەی ناونانیان بەم جۆرەی ئێستا نەبووە، فەرهەنگی زمانەكەشیان زۆر ساكار بووە، وشەكانیان بریتیبوون لە ئاماژەدان بە كەسێك و تەنها بۆ ناسینەوەی بووە لەناو كەسانیتردا (ئەمەش دیارە لەبەر ئەوە بووە كە وشەی ئامادەكراوی نەبووە ناوی پێلێبنێ و دەبوایە درووستی بكردایە بەجۆرێك كە منداڵ دەبوو، ناویان بەو چەمكەی ئێستا لێ نەدەنا، ئەوەی كە لێیان دەنا بریتی بوو لە جۆرە لەقەبێك یان جۆرە ناونیشانێك).[14]

ئاشكرایە هەر ناوێك لە كۆمەڵگادا جۆرە واتایەك هەڵدەگرێت، هەر تاكێك ناو لە منداڵ و كەرەستە و كەلوپەل و پێداویستییەكانی ژیانی دەنێت، بەجۆرێك بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و ژیری و شارستانی و داب و نەریت واتاكانیان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەپێی مێژوویی وشە ناوەكان واتاكانیان بەجێگیری لە هەموو سەردەمێكدا نامێنێتەوە، بە پێی ڕەوتی مێژوویی و چۆنیەتی بەكارهێنانیان جیاوازیان

---

[12] لیمۆ محمود تۆفیق، دەربڕینی چەمكی دیاریكردن و ئاشكرانەكردنی ناو لە كوردی و چەند زمانێكی هاوگروپی خۆی و دوور لێوەی، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، سكوڵی زمان، بەشی كوردی، 2012، ل9.

[13] مستەفا ڕەزا مستەفا، ناوی ئەبستراكت و پێزی مۆرفیمە داڕێژراوەكانی ناوی ئەبستراكت لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، سكوڵی زمان، بەشی كوردی، 2013، ل12.

[14] ڕێژنە ئیسماعیل عەزیز، ناونان و هەست لەزمانی كوردیدا ، 2008، ل38.

تێدەکەوێت، چونکە (وشەکانی زمان لەدایکبووی کۆمەڵگەن و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، بەپێی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئاینی دەردەکەون).[15]

لە هەموو قۆناغەکانی مێژوویی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵی زمان لە پەیوەندی و بەردەوامبوونی لەگەڵ دەوروبەریدا بە ئاشکرایی دەردەکەوێت و هەست و نەست و سەرنج و تێڕوانینەکانی بەرامبەر بە ژیان ڕەنگدەداتەوە، بێگومان ناو وەك بەشێکی سەرەکی و گرنگ لەم کاری پەیوەندیکردنەدا بەشدار دەبێت و هێما زمانییەکان لەم بوارەدا تەواو بەرجەستە دەبن، لەبەر ئەوە (مرۆڤ ناتوانێ بە بەردەوامیی پەیوەندی بەشتەکانی دەرەوەی بکات بەبێ بەکارهێنانی هێما زمانییەکان).[16]

لە ئاکامی سەنجدانمان لە واتای هێما -ناو- ەکان، لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەتوانین سەرنجەکانیان بۆ ژیان بخەینە ڕوو، لەم کاتەدا ئەم کارە تەواو گونجاو دەبێت، ئەگەر کۆمەڵگا ناوەکانیان بەپێی مەبەست و خواستی خۆیان بێت و جۆرێك لە گوزارشتی پێوە دیاربێت بۆ هەموو دیاردە کۆنکرێتی و ئەبستراکتییەکان، لەبەر ئەوە (بەگشتی هێما بۆ ناونانی هەموو شت و دیاردە و ڕووداوەکان بەکاردێت، یاخود بۆ ناونانی هەموو شتێکی کۆنکرێتی و ئەبستراکتی بەکاردێت).[17]

### د / ناو و نازناو ، ناوو ناتۆرە :

هەرکاتێك دایك و باوك ناو بۆ منداڵەکانیان هەڵدەبژێرن دەیانەوێت بەشێك لەو خەسڵەت و تایبەتیانە کە ناوەکان هەڵگرین، بە منداڵەکانیان ببەخشرێت، یان زۆرجار کۆمەڵگا بەبێ ویستی کەسێك ناوبانگ یان ناوو ناتۆرەی لێدەنێن، بوون و نەبوونی ناو و نازناو لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆڕێت، سەرەڕای شێوەی بەکارهێنانیان کە مەبەست پیشاندانی ئەو خەسڵەتانەیە کە کەسێك هەڵگرێتی -لەڕووی ڕووخسار و کەسێتییەوە -یان دەرخستنی خەسڵەتی پێچەوانەیە لەکەسەکەدا. هەربۆیە نازناو بەدوو جۆری (ناو و نازناو)، (ناوو ناتۆرە) بەکاردێت.

سەبارەت بە ناو و نازناو زۆرجار مرۆڤ بە ویست و ئارەزووی خۆی، نازناوێك بۆخۆی هەڵدەبژێرێت، بۆ پیشاندانی نارەزایی بەرامبەر بە ژیانی یان بە پێچەوانەوە، یان بەهۆی بەشداری کەسێك لە گروپ و ڕێکخراوێك، یان بەهۆی کار و پیشەیەوە، خۆی یان دەوروبەری نازناوەکە هەڵدەبژێرن، یان ناوی شوێن و بنەماڵە دەکات بە نازناو وەك: عەلی قەفتان، عەتا قەزاز، غەریب هەڵەدنی، حەسەن کوێستانی و...،هتد.

---

[15] نەوزاد ئەنوەر عومەر، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پراگماتیك لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، 2014، ل9.

[16] ڕێژنە ئیسماعیل عەزیز، ناونان و هەست لەزمانی کوردیدا ، 2008، ل39.

[17] مستەفا ڕەزا مستەفا، ناوی ئەبستراکت و پێزی مۆرفیمە داڕێژراوەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانی کوردیدا، 2013، ل28.

سەبارەت بە ناوو ناتۆرەش، زۆرجار هەندێك خەسڵەت لە كەسێكدا بەدیدەكرێت، كە كۆمەڵگا ئەو مرۆڤە پەسەند ناكات، لەبەر ئەوە ناوو ناتۆرەی لێدەنێت، ئەمەش بەهۆی پیشاندانی خەسڵەت و تایبەتی لەو كەسەدا یان بوونی لەكەیەك بە جەستەیەوە یان بە ڕوخساریەوە، وەكو: فلانە شەل، یان فلانە كوێر،...هتد، لەوانەشە ئەو كەسە هەڵگری ئەو ناوو ناتۆرەیە نەبێت و بۆ دەرخستنی سیفەتی پێچەوانەكەی بێت، بۆ نموونە هەندێك بنەماڵە لە دەوڵەمەندیدا سیفەتی پێچەوانەیان دەرخراوە وەكو: حاجی محەمەدی برسی، بلە سواڵكەر، حاجی ئەحمەدی گۆشت نەخۆر.

زۆرجار ئەم ناوو ناتۆرانە لە كەسێك یان بنەماڵەیەك دەنێن لە لایەن دەوروبەریانەوە، لەم ڕووەوە (لیمۆ محمود تۆفیق) دەڵێت: (نازناو بەدوو جۆر درووست دەبێت:

١. نازناوی كەسی: كە بۆ تاكە كەسێك بەكاردێت و تەواو دیاریكراوە، وەكو: حەمە ڕەش.
٢. نازناوی بنەماڵە: كە بۆ گشت ئەندامانی بنەماڵەكە بەكاردێت، وەك نازناوی (كیوانلو) كە بۆ كەسانی ئەو بنەماڵەیە بەكاردێت، وەك نازناوی گەلاڵی، ڕەباتی و مەلا عبدالكریمی مدرس، (مدرس) بۆ بنەماڵەكەیە).[18]

ناونان لەزمانی كوردیدا لەڕووی واتاوە هەڵگری بیر و تێڕوانینی كۆمەڵە، بەپێی ئەو بار و دۆخەی ڕۆژگار بەسەر نەتەوەكەمانی هێناوە، سروشتی كۆمەڵگا لەسەرەتاوە كشتوكاڵی بووە و (كاریگەریی ئایین و داب و نەریت و شەڕ و داگیركاری و هۆكاری ڕامیاری لەسەر بووە لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە (ناونان بەپێی بوارە كۆمەڵایەتییەكان بریتین لە:

١. ژینگە و كۆمەڵی كشتوكاڵی: بەهۆی هەڵكەوتەی كوردستان لە ناوچەیەكی شاخاوی و بوونی ئاو و زەوی كشتوكاڵی، .....، هەرچی پەیوەندی بەكۆمەڵی كشتوكاڵییەوە هەیە، هەروەها بوونی سروشتی جوان لە كوردستان، (كاریگەریی لەسەر ناونانی مرۆڤی كورد هەبووە.
٢. ئایین.
٣. هێز و ڕامیاری)[19].

لە زمانی كوردیدا چەندین ناومان هەیە ئەگەر نازناویان لێبكرێتەوە، وەك ناوێكی گشتی دەردەكەون و سیمای تایبەتێتیان پێوە دیار نامێنێت، واتا (هەندێك ناو هەن بەهۆی هەڵگرتنی نازناوێكەوە وەك هەڵگری واتایەكی كۆمەڵایەتی و مێژوویی دەبینرێن، بۆ نموونە تەنها خانەوادەی ماملێ، ئەم نازناوەیان لەخۆ گرتووە (محەمەدی ماملێ) بەڵام لەوانەیە چەندەها ناوی (محەمەد) لە كوردیدا هەبێت و هیچ نازناوێكی پێوە نەبێت).[20]

---

[18] لیمۆ محمود تۆفیق، دەربڕینی چەمكی دیاریكردن و ئاشكرانەكردنی ناو لە كوردی و چەند زمانێكی هاوگروپی خۆی و دوور لێوەی،٢٠١٢، ل98.
[19] هێمن عبدالحمید شمس، شێواز و دەربڕین لە بۆنە كۆمەڵایەتییەكاندا، نامەی ماستەر، زانكۆی كۆیە، 2006، ل(130-131).
[20] هیدایەت عبدوڵڵا محەمەد، ڕێكەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لەزمانی كوردیدا، تێزی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی، كۆلێجی زمان، بەشی كوردی، 2002، ل28.

هەروەها هەردوو نیشانەی نێر و مێ (ە،ێ) ڕۆڵ دەبینن لە کورتکردنەوەی ناودا و وەکو نازناو دەردەکەون (ئەم دوو نیشانەی نێر و مێیە (ە،ێ) خودی ناوە عەرەبییەکان کە کوردێنراون دەردەکەون (حەمە، خولە، سالە، فاتێ، خەجێ، کافێ).)[21]

## هـ / پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو :

بۆ ئاماژەدان بەبوونی پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو، چەند ڕاو بۆچوونێك لەوەدا یەکدەگرنەوە کە لە هەموو وشەکانی زماندا، پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو پەیوەندییەکی لەخۆوەیە، بەو واتایەی هیچ هۆکارێك یان ئاماژەیەك لەنێوان ناو و ناولێنراودا نادۆزینەوە بۆ ئەوەی ناو لەشتەکان بنێین، هەندێك وشەی وەك: بۆڕە، قیڕە، زیڕە، نەڕە، هاڕە،...هتد، کە ژمارەیان کەمن و لە هەموو زمانێکدا دیاردەی لەم جۆرە دەبینرێت. پەیوەندی نێوان دەنگەکان و ئەو وشانەی بۆیان دانراوە، پەیوەندییەکی ڕێککەوتنە بۆ گوزارشتکردن دروستیانکردووە. سەبارەت بەم بابەتە چەند ڕاو بۆچوونێك لەوەدا کۆك و تەبان، کە لە ئەنجامی سەرنجدانمان لە وشەکانی فەرهەنگی زمانێك ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە (مەرج نییە هەموو وشەیەك شتێکی لەبەرامبەردا هەبێت و بەرجەستەبێت،...، هەموو وشەکان بەشێوەیەکی سیستماتیکی لەژێر ڕکێفی فێڵدێکی وشەی (لێکسیکی) شوێنی خۆی گرتووە).[22]

سەبارەت بە تێڕوانینی کۆنی یۆنان بۆ بوونی پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو، دەوترێت (پەیوەندییەکی لۆجیکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ناو و ناولێنراودا هەیە، بەڵام ئەم تێڕوانینە بووەتە جێی ڕەخنە، چونکە هەندێك ناو لەبەرامبەردا وێنەیەکمان نییە و شتێکی خەیاڵین، وەك: جنۆکە، خێو، ڕەوشت،...).[23] هەروەها هەندێك زمان بۆ تاکە شتێك چەندین ناوی هەیە وەك بەفر لای ئەسکیمۆ.

ئەو ڕیزە دەنگەی دەبن بە ئاماژە بۆ شت و دیاردەکان، لەخۆوە بنیادنراون، بەو واتایەی (ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان ناو و ناولێنراودا هەیە پەیوەندییەکی لەخۆوەیە،...، دەنگەکان تەنها دەبنە هێما بۆ شتەکان و نابنە بەشێك لە خودی شتەکان).[24] هەر ئەم هۆکارە دەبێت بە ڕێگایەك بۆ ئاڵۆزی زمان و لەزمانی گیانلەبەرانیتری جیادەکاتەوە، جگە لە لایەنی ژیریی.

هەر سەبارەت بەم پەیوەندییە زمانییەی نێوان ناو و ناولێنراو (مستەفا ڕەزا مستەفا) دەڵێت: (لەفەرهەنگی زماندا دوو دیومان هەیە، دیوێك ڕیزە دەنگەکەیە، کە بەرگوێ دەکەوێت، دیوی دەنگ دیوی

---

[21] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل22.
[22] عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم، وشەی زمانی کوردی وڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلیمانی، سکوڵی زمان ، بەشی کوردی ، ٢٠١٤ ، ل ٢٩
[23] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل23.
[24] ڕێژنە ئیسماعیل عەزیز، ناونان و هەست لەزمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی دەروونییە) ، 2008، ل ٤٠

دەرەوە و کۆنکرێتی زمانە، دیوی واتا دیوی ناوەوە و ئەبستراکتی زمانە، ئەم دوو دیوە یەك دەگرن و هێما درووست دەکەن، هێماکانیش ئاماژە بۆ شت و کەرەسەی کۆنکرێتی لە دەرەوەی زمان دەکەن).[25]

(محمد معروف فتاح) دەڵێت: (کە دەڵێین دەنگەکانی زمان(ڕەمزن)، مەبەستمان ئەوەیە کە ئەم دەنگانە شتێك دەنوێنن خۆیان نین و پەیوەندی نێوان شتەکە و ئەو دەنگەی کە دەینوێنێ، پەیوەندییەکی لەخۆوەیە).[26]

لە بوون و نەبوونی پەیوەندی نێوان ڕوخسار - ڕیزە دەنگ – و شت یان کەسی هێما بۆکراودا (ئەورەحمانی حاجی مارف) دەڵێت: (دوو جۆر پەیوەندی لەنێوان دەنگ و مانادا دیاریدەکرێت:

١. ئەو شتانەی لە شێوەی درووستبوون و دارشتنیاندا تارادەیەك مانایان زۆر ڕوون و ئاشکرایە، لە ئەنجامی لێکچوون و نزیکی (دەنگ، شێوە، ئەرك، ئەندازە، خاسیەت)ی دوو شتدا دانراون وەك: شەکرشکێن ، کە ئامرازێکە شەکری پێ دەشکێنرێ.
٢. ئەو وشانەی لەشێوەی درووستبوونیاندا مانا ڕوون ناکەنەوە، وەك: داڵ کە شێوەی دارشتنی ماناکەی ڕوون ناکاتەوە).[27]

## ٢. کارەکتەر

### أ / پێناسەی کارەکتەر :

لەبەر ئەوەی کارەکتەر گرنگییەکی زۆری پێدراوە و لە سنوری دەقی ڕۆماندا بەدرێژایی سەردەمی سەرهەڵدانی ڕۆمان هەتا ئێستاش نووسەران و ڕەخنەگران بەبیر و تێڕوانینی تایبەتیانە چەندین پێناسەی جیاوازیان بۆ کارەکتەر کردووە، لە هەموو کاتێکدا و لەلای هەموو نووسەرێکیش، ئەم ڕەگەزە گرنگەی ڕۆمان هاوشانی ڕەگەزەکانی تر ئاوڕی لێدراوەتەوە، بۆ نموونە (جۆن لۆك) دەربارەی کارەکتەر دەڵێت: ((هەست کردنی تاکە بە بوونی خۆی لەڕێی درێژبوونەوەی کاتەوە)).[28]

لەم پێناسەیەدا دەرخستن و ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی تاك -کارەکتەر-ە لە ڕوانگەی ڕۆشتنی ڕەوتی کات و ڕۆژگارەوە، کات ڕۆڵی سەرەکی دەگێرێت، مرۆڤ خۆشی بە سروشت بەو جۆرە خوڵقاوە،بەپێی گۆڕانی ڕەوتی ژیان و تێپەڕبوونی کات، زیاتر کەسێتی خۆیی بۆ دەردەکەوێت و بە پەنهانییەکانی دەروونی ئاشنا دەبێت، لە چەند بوارێکی ژیاندا کات وەرچەرخان و گۆڕانکاری لە کەسێتیدا درووست دەکات، کارەکتەرەکانی ڕۆمانیش هەر بەو جۆرە.

---

[25] مستەفا ڕەزا مستەفا، ناوی ئەبستراکت و پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانی کوردیدا، ٢٠١٣، ل30.
[26] محمد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپخانەی دارالحکمة، چاپی یەکەم، هەولێر، 1990، ل35.
[27] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، (وشەسازی)، بەشی (1-5)، ل97.
[28] ئەیان وات، سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی،وەرگێرانی:ڕەووف بێگەرد، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2009، ل29.

- (نجم ئەڵوەنی) دەربارەی کارەکتەر دەڵێت: (کارەکتەر یەکێکە لە توخمە سەرەکییە گرنگەکانی ڕۆمان و بەبێ ئەو هیچ ڕۆمانێك نانوسرێت و سەرجەم ڕووداوەکانی هەر ڕۆمانێك پەیوەندی بە ژیان و کارو کردەوەکانی ئەوەوە هەیە).[29]

- ((کارەکتەر ئەو کەسایەتییانەن لە ناو دەقی ڕۆماندا، کە لەکات و شوێنی جیاوازدا نموونەیان لە ژیاندا هەیە،بۆ نموونە کەسایەتی زبر و ڕەق وگۆشەگیر یان نەرم ونیان و کۆمەڵایەتی )) .[30]

## ب / جۆرەکانی کارەکتەر :

کارەکتەر وەك بنەمایەکی سەرەکی و گرنگی هونەریی ڕۆمان و وەك بنیادنەر و درووستکەری ڕووداوەکان و وەك پێکهاتەیەکی بنەڕەتی، بووە بەمایەی سەرنجی نووسەران بەگشتی. کارەکتەر لەناو سنووری لێکۆڵینەوەکاندا بەپێی ئەرك و پێکهاتەیان دابەشیاندەکەن. لەڕووی ئەرکەوە کارەکتەر دەبێت بە دوو جۆری سەرەکی و ناسەرەکی و لەڕووی پێکهاتەشەوە بەسەر هەردوو جۆری پەرەسەندوو و پەرەنەسەندوودا، دابەشدەبن.

هونەریی ڕۆمان لەبەر ئەوەی جۆرە ئەدەبێکی واقیعییە و ڕەنگدانەوەی ژیانە، بێگومان نووسەری ڕۆمان هەوڵدەدات بەجۆرێکی فەنتازیا و خەیاڵی خۆیەوە، وێنەی ڕاستەقینەی ئەو ژیانەمان بۆ بکێشێت، کەخۆی تێیدا دەژی بەو واتایەی هەرچەندە ڕۆمان ئەدەبێکە زادەی خەیاڵی نووسەرە، دوو ئەوەندەش ڕەنگدانەوەی ژیانە، هەمیشە نووسەر لەئاگایی و بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ سەرجەم ڕەگەز و پێکهاتەکانیدا دەکات و بیر و مەبەستی سەرەکی دەقەکەی لەسەر بنیاد دەنێت.

بێگوان هەردوو جۆری کارەکتەری سەرەکی و ناسەرەکی، ڕۆڵی خۆیان لەم بوارەدا دەگێڕن. زۆرجاریش نووسەر گرنگی بە کارەکتەری سەرەکی دەدات و دید و تێڕوانینەکانی لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کارەکتەرێك یان چەند کارەکتەرێکی سەرەکیدا ڕەنگدەدەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش نووسەر (سەرجەم توخم و پێکهاتەکانی دیکەی ڕۆمانەکەی بەجۆرێك سازدەکات کە گرنگی و ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی بخەنە ڕوو، بۆیە تەواوی کارەکتەرەکانی دیکە بەجۆری پەرەسێن و پەرەنەسێن، ئەرێ و نەرێ، فلات و بازنەیی بەجۆرێك ڕەفتار و هەڵوێست دەنوێنن کە ببێتە مایەی دەرکەوتنی کەسایەتی و ڕەوشت و هەڵوێستی کارەکتەری سەرەکی).[31]

لەبەر ئەوەی درووستکردنی کارەکتەرەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتری و تەنانەت لەگەڵ سروشت و دەوروبەریاندا ڕەنگدانەوەی دەستی نووسەرن، کاریگەریی ئادەمیزاد لەسەر دەوروبەری

[29] نەجم ئەڵوەنی، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، 2009، ل9

[30] J.A.Cuddon,the Penguin Dictionary of LITERARY TERMS AND LITERARY THEORY ,Published in Penguin books, great Britain,199915

[31] نەجم ئەڵوەنی ، کارەکتەرسازیی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا ، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە ، چاپخانەی مەکریانی ، هەولێر ، ٢٠٠٩ ، ل ٤٣

درووست دەبێت، ئەگەر کارەکتەرەکانیشی مرۆڤ نەبن، لەم ڕووەوە (حسێن عارف) دەڵێت: (چیرۆك بە بێکەسێك کە دەبێ لێی بدوێ قەت درووست نابێ، کەسەکەش با سەرەکیش بێت، بێ پەیوەندی لەگەڵ کەسانێکی تری ناو دەوروبەریدا، دیسان قەت درووست نابێ کەسەکانیش مەرج نییە تەنیا ئادەمیزاد بن، بەڵکو دەشێ هەر گیاندار و بێ گیانێکی تربن، بەڵام هەر بە پەیوەندی لەگەڵ ئادەمیزاددا، چونکە هەر هیچ نەبێت خوڵقێنەری چیرۆکەکە ئادەمیزادێکە).[32]

(حسێن عارف) لەم باسەوە ئەوە دەخاتە ڕوو، کە هەرچەندە کارەکتەری ڕۆمان گیاندار و بێ گیانبن لەبری مرۆڤ، بەڵام لەبەر ئەوەی درووستکەری ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان مرۆڤە -کەنووسەری ڕۆمانەکەیە-، هەر کاریگەریی دەستی مرۆڤی لەسەرە.

بۆ درووستکردنی پاڵەوانی ڕووداوەکان -جگە لە مرۆڤ- ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی تر، وەك کارەکتەرێکی سەرەکی یان ناسەرەکی و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریدا، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە هەڵسوڕانی ڕووداوەکاندا، دەبینین (زۆرجار پاڵەوان لە چیرۆك یان ڕۆماندا، مەرج نییە کە مرۆڤ بێت، دەکرێ کات و شوێن، سروشت، یاخود لەو بوونەوەرانە بێت کە مرۆڤ بچووکی دەکاتەوە، بەواتە ئەو بوونەوەرە کاری کاریزمای وا دەخوڵقێنێت کە بیرکردنەوە و سەرسوڕمانی لە گەورەیی خودا دێنێتە بەرچاو،...، کە لەتوانایدایە بەپێی هەندێك پێوەری دیاریکراو، کۆنترۆڵکردنی ئاڕاستەکانی کۆمەڵێك ڕووداو و کارەکتەر بگرێتە خۆی).[33]

لێرەوە دەبینین نووسەران هەوڵی ئەوە دەدەن کە کارەکتەرەکانی -سەرەکی و ناسەرەکی- بخەنە ڕوو، کە ڕۆماننووس بۆ ئەنجامدانی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی (جگە لە مرۆڤ) بەکاریاندەهێنێت و هەمان ڕۆڵ و بایەخیان دەداتێ و وەکو مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

## ج / گرنگی و ڕۆڵی کارەکتەر وەکو پێکهاتەیەکی هونەریی ڕۆمان :

نووسەری ڕۆمان بۆ خستنەڕووی بابەت و مەبەستەکەی کە پێویستی بە کارەکتەرە و وەك بەرجەستەکار و هەڵسوڕێنەری ڕووداوەکان، لەناو سنووری دەقی ڕۆمانی کۆن و نوێدا، گرنگی تایبەتی خۆیی هەیە و بناغە و پێکهاتەیەکی گرنگە و بەیەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی بنیاتی دەقی ڕۆمان دادەنرێت بەبێ ئەم ڕەگەزە، ڕەگەزەکانی تر نرخی هونەرییان نابێت.

نووسەر بۆ ئەم مەبەستە وەك نمایشکارێك چەندین هەڵوێست و بیر و تێڕوانینی جیاواز لە کەسێتییەکدا درووست دەکات و بەپێی ڕۆشتنی ڕەوتی کات و (کاریگەریی شوێن و ڕووداوەکانی دەوروبەری، هەڵوێستی

---

[32] حسێن عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا / ساڵانی (1955-1988)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002، ل63.

[33] مەریوانی عومەر دەوڵەت، سیما و خەسڵەتی کارەکتەر لە کورتە چیرۆکی کوردی نێوان (1925-1950)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دیلان، سلێمانی، 2011، ل46.

جیاوازی دەداتێ، کە بێگومان بۆ ئەوەیە هەڵوێستی تایبەتی خۆی لە چەندین بواری جۆر بەجۆردا بخاتە ڕوو، کارەکتەرەکانی هەڵدەسوڕێنێت.

لە ئەدەبیاتی کۆندا کاتێك هونەریی داستان و ئەفسانەکان لە برەودابوون پاڵەوان کاری سەرسوڕهێنەر و لەڕادەبەدەریان دەکرد و هەڵگری هێزێکی خەیاڵی بوون و کرداری گەورە و گران لەسەر دەستیان درووستدەبوو، زۆربەیان (لە شێوەی خواوەند و دێو و بوونەوەرە خەیاڵییە زەبەلاحەکان، تەماشا دەکران وەکو گلگامێش و ئەنکیدۆ و خمبابا لە داستانی گلگامێشدا).[34]

لەسەردەمی ئەدەبیاتی کلاسیکیدا پاڵەوان لە چەشنی بەگزادە و پاشاکان بوون، نەك دێو و درنج، بێگومان ئەمەش بەهۆی ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگاوە بوو کە گۆڕانکارییە جۆر بەجۆرەکان دید و تێڕوانینی خەڵکی گۆڕی.

لە ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکدا پاڵەوان و کەسایەتیەکان نموونەی کەسانی ئاسایی سەردەمەکەیان بوون، هەڵوێست و ڕەفتار و توانای دەسەڵاتیان سنووردار‌بوو، وەك هەر مرۆڤێکی تری ئاسایی، هەڵگری تێڕوانینێکی سەردەمەکەیان بوون.

لە ئەدەبیاتی ڕیالیزمیدا کەسایەتیەکان نموونەی هەڵوێست و دید و تێڕوانینی نوێ بوون و وێنەکانی ژیانیان وەکو خۆی دەخستە ڕوو (پیشاندانی ئێش و ئازاری مرۆڤایەتی و واقیعی ژیانی مرۆڤ دەخرایە ڕوو) واتا ڕۆمان وەك هونەرێکی ئەدەبی ئاوێنەی ژیانی خەڵك بوو. بەگشتی هونەریی ڕۆمان وەك بەرهەمێکی ئەدەبی پڕ بایەخ سەیر دەکرا و لەڕووی خستنەڕووی کارەکتەر لەم جۆرە هونەرەدا (پەیوەندی بەهەستی مێژووخوازی ئەو چەمکە کۆمەڵایەتیانەوە هەیە کە ڕۆماننووس دەیویست لەڕێی ئەوانەوە گوزارشت لە داب و نەریت و ململانێکانی سەردەمەکەی بکات).[35]

بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا،کارەکتەر بە پێچەوانەی ڕۆڵی پێشوویەوە و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیانی کۆمەڵگادا، تەنیا گوزارشت لەهەست و هەڵچوونە خودییەکانی دەکات و ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی کارەکتەرن، واتا کێشە و ململانێ و حەز و خولیاکانی ناخ و دەروونی لەگەڵ دەوروبەریدا دەخرێتە ڕوو، نەك واقیعی ژیانی خەڵك یان باسێکی گشتی، دوور دەکەوتەوە لە بابەت و کێشەکانی ژیان بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمدا لەلایەن کۆمەڵێك نووسەرەوە وەکو لە ڕۆمانەکانی (جێمس جۆیس و مارسیل برۆست و ڤیرجینیا و لف، کە بە ڕۆمانی شەپۆلی هۆش ناسران، نووسەر لەم جۆرە ڕۆمانەدا ئەو لایەنانە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کارەکتەرەکان دەخاتە ڕوو کە پەیوەندیان بە قووڵایی دەروونەوە هەیە، ناکرێت بەزمانێکی ئاسایی بخرێنە ڕوو، وەك پەیوەندی نێوان

[34] نەجم ئەڵوەنی، کارەکتەرسازیی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) ی بەختیار عەلیدا ، ل14.
[35] نەجم ئەڵوەنی، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا ، ل19.

هەست و نەست، بە ئاگایی و بێ ئاگایی، نووستن یان بێهۆشی، ئەقڵ و شێتی، لەجیاتی ئەوەی لەڕێگەی حیکایەت خوانی هەمووشت زانەوە، ڕەفتاری کارەکتەرەکان بخرێتە ڕوو).[36]

ئاوڕدانەوە لەم ڕەگەزە گرنگەی ڕۆمان بەپێی قۆناغەکانی ڕێبازە ئەدەبییەکان و وابەستەکردنی بە ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤەوە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسایەتییەکاندا، خۆی لەخۆیدا گرنگی و ڕۆڵی کەسێتی ڕۆمانمان بۆ دەخاتە ڕوو، کە نووسەر چۆن بە وورياييەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و ئامانج و مەبەستەکانی خۆی پێدەپێکێت، هەر بۆیە (کەسێتی جگە لەوەی ئامانجە، یەکەم بابەتی سەرەکیشە لە هەموو گێڕانەوەیەکدا، بابەتێکی نەمری ئەوەندە گرنگە، لەو کاتەوەی نووسەران دەستیان داوەتە کێشانی وێنەکانی ژیان لێی دانەبڕاون).[37]

لەڕووی گرنگی کارەکتەر وەك بنەمایەکی سەرەکی دەقی ڕۆمان و لەچۆنیەتی خستنەڕووی کەسێتی و مامەڵەکردنی لە ڕۆماندا، بەهۆی زمان و دەربڕین و ڕەفتارییەوە (حسێن عارف) دەڵێت: (زمان بەردی بناغەی چیرۆك نووسینە و کەسایەتییەکان بەردی بن گۆم نین، بەڵکو بەردەوام دەجووڵێن و گەشە و زیندوویەتی بە ڕووداوەکان دەدەن، کارەسات و ڕووداو و بەسەرهات دێننەکایەوە، درووستکردن و هەڵسوڕانیان دەبنە مەرجێکی سەرەکی بۆ ڕۆماننووس و دەبێت بەسەر ئەم لایەنەدا زاڵ بێت).[38]

## د / پەیوەندی کارەکتەر بە ڕەگەزەکانی تری ڕۆمانەوە :

کارەکتەر وەك پێکهاتە و توخمێکی سەرەکی ڕۆمان، شوێن و پێگەیەکی تایبەتی هەیە، لەو کاتەی ئەم هونەرە هاتۆتە کایەوە، کارەکتەر هەڵسوڕێنەری ڕووداوەکان بووە، لەسەر دەستی چەندین ڕووداوی گەورە و بچووك ڕوویان داوە، کەدەبنە هۆی درووست بوونی گرێ و کێشەکان، هەر کارەکتەریشە کە بەرەو شیکردنەوە و چارەسەریان دەبات، لەکات و سەردەمێکی دیاریکراودا، ڕووداوەکان وەردەچەرخێنێ و دەیانگۆڕێت، جووڵەی ئەم ڕووداوانەش بە شوێنێکی دیاریکراو وتایبەتیانەوە دەبەستێت و گیانێکی نوێ دەکات بەبەریاندا، واتا کارەکتەر وابەستەی هەر سێ ڕەگەزی (کات و شوێن و ڕووداو)ە و بەبێ بوونی کارەکتەر ئەم ڕەگازانە نرخی هونەریی خۆیان نابێت وەك پێویستییەکی دەقی ڕۆمان، چونکە کارەکتەر (ڕووداوەکان ئەنجام دەدەن و کێشە و ململانێ بەرپا دەکەن،...، هەر کەسە لە ڕۆماندا شوێنەکان ئاوەدان

---

[36] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل( ٢٢، ٢٤ ، ٢٥ )

[37] محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی کوردستانی عێراقدا (1990-1997) ، ل5 .

[38] حسێن عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا ، ل274.

دەكاتەوە و بوون پردەكات لە هاوار و دەنگە دەنگ و هەرا و زەنا، هەر ئەویشە لەگەڵ كاتدا یەكدەگرێت و واتایەكی نوێ بە كات دەبەخشێت).[39]

هەربۆیە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین، بوونی هەریەكە لەم ڕەگەزانە بەستراوە بە بوونی كارەكتەرەوە و وەك گیانێك دەكرێت بە بەر ئەو سێ جەستەیەدا و زیندوویەتیان پێدەبەخشێت، بێگومان (كاریگەریی ئەو سێ ڕەگەزەش بە ئاشكرا لەسەر كارەكتەرەكان دەردەكەوێت، بۆ نموونە بەهۆی شوێنەوە، شوێن و نشینگەی كارەكتەرمان بۆ دەردەكەوێت، كە لەمەشەوە زمانەكەی ئاشكرا دەبێت و بەهۆی جوڵەی بەردەوامی كاتەوە ئاستی ڕۆشنبیری و لایەنی كۆمەڵایەتی و دەروونی و چەندین ڕەهەندی تری ژیانی كارەكتەرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بەهۆی ڕووداوەكانەوە توانای خۆڕاگری و بەرونگار بوونەوەی كێشەكان و چۆنیەتی مامەڵەكردنیانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

نووسەر لە ڕۆماندا بەبێ كارەكتەر ناتوانێت ڕۆڵ و گرنگی و ئەركی توخمەكانی ترمان بۆ بخاتە ڕوو، مەبەست و پەیامەكەی ناپێكێت و بەرجەستە نابێت سەبارەت بە بوونی پەیوەندی نێوان ئەم توخمە سەرەكییانەی ڕۆمان و نرخاندنی ڕۆڵی كارەكتەر لەم ڕووەوە (جەوهەر شێخانی) دەڵێت: (كارەكتەر توخمێكی سەرەكی ڕۆمانە و ڕۆڵێكی كاریگەر لە بنیاتنانی ڕۆماندا دەگێڕێ و بەهۆیەوە ڕووداوەكان هەڵكشان و داكشان بەخۆیانەوە دەبینن، هەروەها لەگەڵ توخمە سەرەكییەكانی دیكەی ڕۆمانیشدا بەهەردوو لایەنی نێگەتیف و پۆزەتیڤەوە كار لەیەك دەكەن و ڕۆمان دروست دەكەن).[40]

لەم باسەدا دوو خاڵمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

١) بوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆی كارەكتەر لەگەڵ ڕووداودا، كە بەهۆیەوە بەرەو جووڵە و گۆڕانكاری دەچن.
٢) ئاماژەدان بەبوونی پەیوەندی پۆزەتیف و نێگەتیڤی نێوان كارەكتەر و (كات و شوێن)، ئاشكرایە مەبەست لە بەرجەستەكردن و چۆنیەتی پێشكەشكردنی ڕووداوەكانە، لەچەند كات و شوێنێكی جیاوازدا، كە ئەمەش ئاستی هونەریی ڕۆمانەكەمان بۆ دەخاتە ڕوو، جگە لە ئاشكراكردنی پەیوەندییە پۆزەتیف و نێگەتیڤەكە، كە بێگومان توانای ڕۆماننووس دەردەكەوێت لە سەركەوتن و سەرنەكەوتنی ڕۆمانەكەدا.

ڕۆماننووس هەمیشە هەوڵ دەدات گونجاندن و تەبایی لەئاستی لۆجیكی و چۆنیەتی مامەڵەكردنی كارەكتەر لەگەڵ كات و شوێن و ڕووداوەكاندا درووستبكات و وەك سانسۆرێك بەدوای ڕەفتاری كارەكتەرەوەیە هەتا مەبەست و ئامانجی تایبەتی خۆی بەهۆیەوە بپێكێت، بۆ ئاماژەدان بە بوونی ئەم

---

[39] محەمەد ئەمین عەبدوڵلا، شاكەس لە ڕۆمانی كوردی كوردستانی عێراقدا (1990-1997)، ل ٥
[40] جەوهەر شێخانی، بینای كارەكتەر لە ڕۆمانەكانی حسێن عارفدا ، ل11.

پەیوەندییەی کارەکتەر لەگەڵ (کات و شوێن ورووداو)دا، لەم ڕووەوە (ئەیان وات) دەڵێت: (ڕۆمان زیاتر لە هەموو ژانەرەکانی دیکەی ئەدەبی لەمیانەی ڕەوتی کاتەوە گرنگی بە کارەکتەر داوە).[41]

بەهۆی کاتەوە گۆڕانکاری ڕووداوەکانی ژیانی کارەکتەرمان بۆ دەردەکەوێت و بە پێچەوانەشەوە لەمیانەی سەرنجدان لە هەڵوێست و ڕەفتار و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی کارەکتەر، ڕەوتی کاتەکانمان بۆ دەردەکەوێت، سەردەمی ڕوودانیان ئاشکرا دەبێت وەك بوونی کات لە ڕوانگەی تەکنیکی دەقەوە، بەڵام کات و ساتی تایبەتی دەروونی کارەکتەرەکان لە چەند چرکەساتێکدا دروستیدەکەن، بۆ نموونە وەسفکردنی ڕەوتی کات بەهۆی ئاڵۆزی دەروونی کارەکتەوەرە لە ڕۆژێکدا بە تێپەڕبوونی -بۆ نموونە بە ساڵێك- بە پێچەوانەشەوە، کاتەکان کە خۆشی و شادمانیان تێدایە بە چرکەیەك وەسفدەکرێت، ئەمانە لە تەکنیك و چۆنیەتی پێشکەشکردنی کاتی ڕۆمانەکەش بەدەر دەبێت و لە ڕوانگەیەکی دەروونی تایبەت بە ساتە وەخت و کاتی تایبەتی ئەو کارەکتەرەوە، لە گفتوگۆ و گۆڕینی شوێن و بوونی ڕووداوی کت و پڕ و ....دا، ڕوون دەبێتەوە، کە ئەمەش بریتییە لە وەسفی کات لەلایەن کارەکتەرەوە -کاتی دیاریکراو- .

کات پانتایی و شوێنێکی فراوانی لەناو ڕەگەزەکانی ڕۆماندا داگیرکردووە، ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەسەر کارەکتەرەکاندا دێن پێویستیان بە کاتە بۆ ئەنجامدانیان، هەر بۆیە لەگەڵ ڕووداویشدا وەك دوانەیەکی یەکانگیر دەردەکەون، واتە بەهۆی کاتەوە، کارەکتەر ڕووداوەکان دەگۆڕێت، تەنانەت شوێنیش دەگۆڕێت، بەمەش ڕەوتی ڕووداوەکان لە کات و شوێنێکی تایبەتیدا جوڵەیەکی داینامیکییان پێدەبەخشرێت و وێنەکانی ژیانیان تیادا ڕەنگ دەداتەوە و واقیعیانە دەردەکەون.

شوێنیش وەك ڕەگەزێکی سەرەکی لە ڕۆماندا، هەمیشە پەیوەستە بە ڕەگەزەکانی ترەوە، ئەو فەزایەیە کە کارەکتەرەکان کار لەیەکتری دەکەن بەهۆی ململانێوە جووڵە و بەردەوامی بە ڕووداوەکان دەدەن، گرنگی و ڕۆڵی وەکو ڕەگەزەکانی ترە، ئەگەر شوێن نەبێت بێگومان جیهانێکی خەیاڵی دروست دەبێت، نەك ڕووداوێکی پەیوەست بە ژیانەوە، مرۆڤ لەوەتەی بوونی هەیە، هۆگری شوێنی ژیانی خۆیەتی، خۆشەویستی و حەز و خولیا و ئاواتەکانی و یادەوەرییەکانی منداڵی و گەورەبوونیشی لەو شوێنانەدایە کە تیایدا پەروەردە بووە، هەر لە ماڵ و خوێندنگە و شوێنەکانی تر، کە ژیانی تێدا بەڕێ کردووە. جیهانی ڕۆمانیش گرنگی داوە بەم ڕەگەزە گرنگە و دروستکردنی شوێن -شانۆ- یەکی دیاریکراو بۆ جووڵەی ڕووداوەکان، لەلایەن سەرجەمی نووسەرانەوە باسکراوە و هەوڵدراوە ڕۆڵ و بایەخی بنرخێنرێت، لەم ڕووەوە (د.علی إبراهیم) دەڵێت: (شوێن بەبێ کارەکتەر هیچ واتایەکی نییە ).[42] بۆ (کاریگەریی جووڵە و بەردەوامی نێوان کارەکتەر و شوێن (د.صالح ولعة) دەڵێت: (دەرکەوتنی کارەکتەرەکان و پەرەسەندنی ڕووداوەکانیش یارمەتی بنیاتی شوێن

---

[41]ئەیان وات، سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی، ل22.
[42] علي إبراهيم، الزمان و المكان في روايات غائب طعمة فرمان، بقلم / عدنان حسين احمد، في (2017/8/4)، www.m.alhewar.org .

دەدەن، شوێن بەبێ کارەکتەر دانامەزرێت، چونکە پێشتر هیچ شوێنێك دیاریکراو نییە ، بەڵکو شوێن بەهۆی ئەو کردارانەوە دادەمەزرێت کە کارەکتەرەکان ئەنجامی دەدەن).[43]

پەیوەست بوونی مرۆڤ بە شوێنی ژیانییەوە دیاردەیەکی سروشتییە، مرۆڤ بەم پەیوەستبوونەیەوە جۆرێك لە هۆگربوون و ئارامی دەروونی پێدەبەخشرێت، بەتایبەتی شوێنی منداڵی و شوێنی گەورەبوونی، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی شوێنی ژیاندا مامەڵە و هەڵسوکەوتی ئەو کارەکتەرە دەگۆڕێت، ئەگەر ڕۆماننووس ویستی نموونەی کەسێتییەکی زیندوو و واقیعی درووست بکات، کە ڕەنگدانەوەی ژیان بن ، کاردانەوەی تەواوی شوێنی لەسەر دەردەکەوێت، هەتا ئەو ڕادەیەی (لە هەندێك شوێندا بەدەر لەوەی شوێن شانۆیەك بێت بۆ ڕوودانی ڕووداوەکان، ڕۆڵێکی زیاتر ببینێت و ببێتە یەکێك لە کەسێتیە سەرەکی‌یەکان یاخود گوزارشتکەر لەبارەی دەروونی و کۆمەڵایەتی کەسێتییەکان، بەهۆی ئەو تایبەتمەندیانەی هەیەتی لەڕووی پێگەوە).[44]

لێرەدا شوێن وەك کارەکتەرێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، وەك نموونەی ڕۆمانی نوێ زۆرجار کات و شوێن دەبنە هۆکاری سەرەکی وەرچەرخانی ڕووداوەکان و وەك کارەکتەر ڕۆڵ دەبینن.

پەیوەستبوونی کارەکتەر بە شوێنەوە، گرنگی تایبەتی خۆیی هەیە و نووسەر دەیەوێت لەڕێگای ئەم پەیوەندییەوە چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکان بخاتە ڕوو، لەم ڕووەوە (سەرکەوت عومەر) دەڵێت: (ڕۆماننووسان و چیرۆکنووسانی کورد لە ئەدەبی کوردیدا، هەمیشە پەیوەست بوون بە شوێنەوە و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و هەڵچوون و سەرکەوتن و ژێرکەوتنی کەسێتییەکانیان بە کات و شوێنەوە پەیوەند کردووە).[45]

ڕۆماننووس لەپێناوی بەدیهێنانی مەبەست و ئامانجیدا، کە بابەتێك دەخاتە ڕوو، زۆرجار گۆڕانکاری لەکات و شوێندا دەکات. بەمەش کارەکتەرەکان هەڵوێستی جیاوازیان لا درووستدەبێت و ڕەفتاریان بەپێی ئەم گۆڕانکارییانە دەگۆڕێت، ڕووداوەکانیش بەو ئاقارەدا دەڕوات کە ڕۆماننووس دەیەوێت بیخاتە ڕوو (زۆرجار شوێنی جیاواز و گۆڕاو، بەهۆی کاریگەریی سیفاتی ئەو شوێنەوە، یان ئەو شوێنانەوە کە بەدوای یەکدا ڕووداویان تیادا ڕوو دەدات، ڕەفتاری جیاواز و زۆرجاریش هەڵوێستی دژ بەیەك لە کەسێتی یەك کارەکتەردا درووست دەکەن).[46]

کاریگەریی شوێن لەسەر درووستبوونی کەسێتی کارەکتەر لەناو دەقی ڕۆماندا سەرنجی زۆر لە نووسەرانی ڕاکێشاوە، چونکە شوێن (کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر مرۆڤ و دەیگۆڕێت، بۆ نموونە هەڵبژاردنی شوێنی ڕۆمان، کاریگەریی تایبەتی خۆیی هەیە لەسەر درووستبوونی کەسێتی کارەکتەرەکانی،

---

43 هەر ئەو سەرچاوەیە، ل205.

44 میران جلال محمد، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی، 2008، ل30.

45 سەرکەوت عمر ابراهیم، ململانێ کەسێتی‌یەکان لە ڕۆمانەکانی حسێن عارفدا، ل26.

46 علي إبراهيم، الزمان و المكان في روايات غائب طعمة فرمان، في (2017/8/4)، www.m.alhewar.org .

لەوانەیە شوێنێکی جەنجاڵ و پڕبێت، یان ئارام و هێمن و کەسانێکی کەمی لێبن یان شوێنێکی پڕ لە ترس و گومان و ڕاڕایی بێت، یان شوێنێکی خەوی خۆش یان ڕاستەقینە یان خەیاڵی بێت ..).[47]

گۆڕانی شوێن یان بوونی شوێنی جیاواز، دەبن بەهۆی درووستبوونی کەسێتی جیاواز، بێگومان ڕۆمانەکانیش بەپێی سروشتی درووستبوون و چۆنیەتی مامەڵەکردنی نووسەر سەبارەت بەم ڕەگەزە، کارەکتەری کەم و زۆر یان جیاواز و وەك یەك دەخوڵقێنێت. هەروەها ڕادەی شارستانی و ئاستی ژیری و ڕۆشنبیری شوێنی وەسفکراو بەهەمان شێوە کاردانەوەی خۆیان هەیە، بۆ نموونە (أسماء شاهین) دەربارەی ڕۆمانەکانی (جبرا ابراهیم جبرا) لە ڕوانگەی (کاریگەریی شوێن لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەسایەتییەکان دەڵێت: (شوێن وەك هەر بنەمایەکی تری لایەنی کۆمەڵایەتی، کاردانەوەی لەسەر کەسایەتییەکان هەیە ڕەوشتی جێگیر و چۆنیەتی سەرنج و بیروڕا و وشیاریی ئەو خەڵکانەی لەوێ نیشتەجێ دەبن، دەردەکەوێت).[48]

هەروەها (أسماء شاهین) ڕاوبۆچوونی (جولیا کریستوفا و میشیال بوتور) دەربارەی ئەم بابەتە دەخاتە ڕوو (جولیا کریستوفا دەڵێت: کات و شوێن هەڵگری چەندین مانای جۆراو جۆرن، کە جیهانی چیرۆك درووستی دەکات، ڕەنگدانەوەی شارستانی و چۆنیەتی سەرنجدان و تێروانینی مرۆڤەکانێتی لەسەردەمێکی دیاریکراودا هەروەها میشیال بوتور دەڵێت: کات و شوێن سەرنج و تێڕوانینەکانی کاتێکی شارستانی دیاریکراو دەخاتە ڕوو).[49]

ئەم تێڕوانینانە زیاتر دید و بۆچونەکان چڕ دەکەنەوە، سەبارەت بەوەی کە نووسەری ڕۆمان ئەم ڕەگەزە وەك هۆکارێك بۆ خستنەڕووی بابەت و تێڕوانینێك یان زیاتر بەکاردەهێنێت و بەهۆیەوە مامەڵە و ڕەفتاری کەسێتییەکان دەیانخەنە ڕوو.

بۆ کاریگەریی شوێن لەسەر ڕەفتاری کارەکتەرەکان و لەسەر جوڵە و بیرکردنەوەشیان لەهەمان کاتدا، (تانیا ئەسعەد) دەڵێت: (شوێن هێڵێکی بنچینەیی دەنوێنێ لە پێکهێنانی کارەکتەرەکاندا، کارێکی گرنگ دەکاتە سەر هەڵسوکەوتی کارەکتەر و بەشێوەیەکی توند دەبەسترێتەوە بە باری دەروونیی ئەوەوە، دەبێتە هۆیەك لە هۆیەکانی بیرکردنەوە و کرداری، یان لەڕێگەی شوێنەوە هەست بە باری دەروونی کارەکتەر دەکرێت، کەواتە شوێن ڕەهەندێکی دەروونیی هەیە، دەبێتە بەشێك لە ئەزموونی خودی، ...، بۆ نموونە شوێنە خۆشەکان جۆرێك

---

[47] تحولات الشخصية الروائية و تفاعلاتها مع الميز، رواية -كتاب الامير- : مسالك ابواب الحديد، لواسينى الاعرج / نموذجا، 2017/8/4، www.road.net.
[48] عماد علي الخطيب، المنتدى النقد الادبي و الفني- سيميائية الدلالة أسماء الشخصيات في الرواية الأردنية، www.arabna-312.com .
[49] عماد علي الخطيب، المنتدى النقد الادبي و الفني- سيميائية الدلالة أسماء الشخصيات في الرواية الأردنية، www.arabna-312.com .

لە خۆشی لە دەروونی کارەکتەردا درووست دەکات، بەپێچەوانەشەوە شوێنە ناخۆشەکان جۆرێك لە دڵتەنگی و شڵەژان و ماندووبوون و خەم و پەژارە لای کارەکتەر درووستدەکات).[50]

گۆڕانکاریی لەشوێندا بەهەردوو هۆکاری مرۆیی و سرووشتییەوە، کاردانەوەی ڕاستەوخۆیان لەسەر دەروونی کەسایەتییەکان هەیە. بەمەش ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان یان هەڵوێستیان دەگۆڕێت هەروەك لە (سوبحان)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی (هێلانە)، کە سروشت و جوانی دێی (حاجی سوبحان) هەمیشە سەرنجی ڕاکێشاوە و چواندوویەتی بە هێلانەکەی خۆی کە ماڵەکەیەتی، دواتریش بەهێلانەی گەورە کە نیشتیمانەکەیەتی (لای من هێلانە هەرە گەورە، پیرۆزەکە نیشتمانە... هێلانەی گەورە بپارێزرێ و بمێنێ، هێلانە گچکەکان با وێرانیش بکرێن، تیایدا بنیاد دەنرێتەوە).[51]

هەروەها (تانیا ئەسعەد) دەربارەی پەیوەندی شوێن و کارەکتەر لە ڕۆمانی (ئەژدیها)دا دەڵێت: (هەموو کارەکتەرەکانی ئەژدیها، پەیوەندی شوێنی کۆیکردوونەتەوە چ لە حیکایەتە ئەفسانەییەکەدا و چ لە حیکایەتە ئاساییەکەدا و چ لە ئاوێتەکردنیاندا).[52]

هەروەها سەبارەت بە کاریگەریی شوێن و کاریگەریی ناوچە بەبیر و بۆچوونە جیاوازەکانیشیانەوە (بۆ نموونە هەندێك دیاردە هەیە لە زۆر ناوچەدا) کە کار دەکەنە سەر ڕەوتی ڕەفتار و کردەوەی کارەکتەرەکان هەر وەك لە واقیعی ژیاندا بەرجەستە دەبێت، دەبینین بە هەمان سەرنجەوە دەربارەی شێوەی ژیانی گوند و شار دەڵێت: (بۆ نموونە ئازادی جەستە لای گوندنشین بەشێکە لە ئازادی بوون، خۆرسکی ژیان و دووریان لە یاسا باوە داسەپاوەکانی شارستانیەت، خۆرسکی ئازادی جەستەی پاراستوون).[53]

پەیوەندی نێوان کارەکتەر و ڕووداو هێندە یەکانگیرە، کە هەریەکەیان بەبێ ئەویتر درووستنابێت، ئاشکرایە ڕووداویش وەکو هەر ڕەگەز و بنەمایەکی تری ڕۆمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە بنیاتنانی دەقی ڕۆماندا، (کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر ڕەگەزەکانی تر، بە تایبەتی کارەکتەر بە مامەڵە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیانەوە دەکەونە ژێر ڕکێفی ئەو هەڵوێست و ڕەفتارانەوە کە ڕووداوەکان لە کارەکتەرەکانی داوا دەکەن.

لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی درووستکەر و خوڵقێنەری ڕووداوەکان کارەکتەرەکانن بە واتایەکی تر، لەبەر ئەوەی سروشتی ڕۆمان وەك پێکهاتەیەکی گرنگی دەق بریتییە لە خستنە ڕووی ناوەرۆك و بابەتێکی دیاریکراو یان چەند مەبەست و بابەتێك، کارەکتەریش درووستکراوی دەستی ئەو ڕۆماننووسەن و بۆ ئەو مەبەست و ئامانجە لەکاردان و ڕەفتاریان پێدەکرێت، بەو پێیە کارەکتەرەکان پەلکێشی ناو ڕووداوەکان دەبن و

---

[50] تانیا ئەسعەد محەمەد سالّح، بیناى شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە، ئەژدیها) لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، پراکتیکی، ڕەخنەییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2011، ل164.

[51] حسێن عارف، هێلانە (ڕۆمان) ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ١٩٩٩، ل 189.

[52] تانیا ئەسعەد محەمەد صاڵح، بیناى شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە، ئەژدیها ) ، ل170.

[53] تانیا ئەسعەد محەمەد صاڵح، بیناى شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە، ئەژدیها ) ، ل175

دەبن بە خاوەنی چەندین هەڵوێستی جیاواز، بەم جۆرە کارەکتەر (ڕەگەزێکە تەواو پەیوەستی ڕووداوە، واتە کاتێك کەسێتییەکمان لە دەقێکی ڕۆماندا بەرچاو کەوت، لە پرۆسەی گێڕانەوەدا زیندووبێت یان مردوو، ڕاستەوخۆ لانی کەم کردارێك یان ڕووداوێك ئامادەیی دەبێت، چونکە لە گێڕانەوەدا هەمیشە کەسێتییەکان کردەیەك ئەنجام دەدەن، یان کاریگەریی کردارێکیان دەکەوێتە سەر).[54]

زۆر لەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی بەسەر کارەکتەرەکاندا دێن، کاردانەوەیان لەسەر لایەنی دەروونی کارەکتەر دەبێت بەمەش وەڵامدانەوە و هەڵوێستەکانیان زیاتر ڕووداوەکان گەرم و گوڕ دەکەن، لەناو چەقی ڕووداوەکاندا زیاتر دەناسرێن، واتا (ئەگەر هەموو کارەکتەرێك لەناو ڕووداودا باشتر بناسرێت، هەڵسوکەوت و لایەنەکانی ژیانیمان بۆ دەر بکەوێت، ئەوا ئەو کارەکتەرانەی دەکەونە ژێر کاریگەریی هۆکارە دەروونییەکان بە ئاسانی لە کارەکتەرە ئاساییەکان جیا دەکرێنەوە).[55]

بۆ پێکهێنانی دەقێکی سەرکەوتوو هەمیشە نووسەر هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان ئەم ڕەگەزانە ڕێك بخات، بەجۆرێك وێنەیەك لە وێنەکانی ژیانمان بۆ ڕەنگ ڕێژ دەکات، لە کاتی خوێندنەوەیدا خوێنەر وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیان یان هاوشێوەی، لەلا بەرجەستە دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش (نووسەر زۆر بە ووردەکارییەوە دەچێتە ناو دنیای کارەکتەرەکان و دەورووبەریان، چ وەك شوێن، چ وەك کات، لە ڕۆمانی سەرکەوتوودا، لەکاتی خستنەڕووی ڕووداوە چاوەڕواننەکراو و شازەکاندا، وەسفی گێڕەرەوە و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان بە جۆرێك وێنا دەکرێن، کە خوێنەرەوە هەست بە جۆرێك لە هاو زاتی لەگەڵ ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان دەکات).[56] هەر بۆیە خوێنەر دەبێت بە بەشێك لەو بیر و بۆچونانەی کە بنیاتی ڕووداوەکانی لەسەر نراوە (بیر و باوەڕ و مەبەستی گشتی دەقەکە).

لەڕووی پەیوەندی کارەکتەر بە ڕووداوەوە (سەردار فایەق) دەڵێت: (کارەکتەر بەبێ ڕووداو و ڕووداو بەبێ کارەکتەر بوونیان نابێت، کارەکتەرەکان ڕۆڵێکی گرنگ و پڕ بایەخیان هەیە لە بەرەوپێش چوون و ئەنجامدانی ڕووداوەکاندا، واتا کارەکتەر هەڵسوڕێنەر و بەرجەستەکەری ڕووداوەکانە و دەتوانێت گەشە و جووڵە بە ڕوودا و بدات و کێشە و ململانێ درووست بکات).[57] هەروەها بۆ ئاماژەدان بە بوونی پەیوەندی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە وەك پێکهاتەیەکی دوانەیی و سەرەکی ڕۆمان، (سەرکەوت عومەر) دەڵێت: (ئاستی کاریگەریی شاکەس و کەسە لاوەکییەکان لە ڕووداوەکاندا، بەپێی سروشتی پێکهاتن و بینای کەسێتیان لە ڕووداوەکاندا دەردەکەون).[58]

## ٣. ناونان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی :

---

[54] میران جلال محمد، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا ، ل30.
[55] جەوهەر شێخانی، بینای کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی حسێن عارفدا ، ل199.
[56] هاشم احمد زادە، جیهانی ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە، 2015، ل31.
[57] سەردار فایەق مەجید، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانەکانی (محمد موکری)دا (لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکاری پراکتیکی‌یە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، 2013، ل23.
[58] سەرکەوت عمر ابراهیم، ململانێ کەسێتییەکان لە ڕۆمانەکانی حسێن عارفدا، نامەی ماستەر، ل47.

ئاشکرایە ناوی مرۆڤ وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و وەك پێویستییەك لەگەڵ ژیانیدا دێتە کایەوە و هەتا کۆتایی تەمەنی بەو ناوەوە بانگدەکرێت. پرۆسەی ناونان وەك هەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی، لای هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگا و لای هەموو میللەتێك وەك یەك نییە و جۆری بیر و باوەڕ و چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایە و شێوازی زمان و جۆری دیالێکت و لایەنی زمانەوانی ئەو کۆمەڵە هەر یەکەیان کەم و زۆر کاردەکەنە سەر ئەم پرۆسەیە، لایەنی دەروونی کۆمەڵگاش بەکۆی تێڕوانین و بیر و بۆچوونەکانەوە، لەگەڵ باری سەرنجی تایبەتی تاکەکانیدا وادەکات لەگەڵ ناوهێنانی کارەکتەر -کەسێتیەك-دا، جۆرە لێکدانەوەیەك لەڕووی واتاوە لە ناخ و دەروونی بەرامبەردا درووست دەکات، کە زۆر جار وەك جۆرە بیر و بۆچوونێکی چەقبەستوو دەردەکەون، بەکۆی لێکدانەوەی ئەم ناوانە جۆرێك تێڕوانینمان سەبارەت بە کۆمەڵێکی دیاریکراو بۆ دەردەکەوێت، لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە (نیۆرك) دەرکەوتووە (ئەو مرۆڤانەی ناوەکانیان قورسە یان بەدەمدا هاتنیان گرانە، زیاتر کەسانێکن باری دەروونیان گرژ و ئاڵۆزە، واتا گۆکردنی دەنگەکانی ناوەکە و بەدەمدا هاتنیان، کاردەکەنە سەر باری دەروونیی خاوەنەکەی).[59]

(زۆر جار ناوی (rose) دەبیستین، هەست بە بۆنی گوڵ دەکەین یان جۆرێك لە شیرینی و خۆشەویستی و جوانی دەدات بە خاوەنەکەی کە لە خودی شتەکەوە -ئاماژەکەوە- مانا وەردەگرێت).[60] ئەمەش لای هەموو نەتەوەیەك هەروا بەو جۆرەیە کە گوڵ جوان و پاك و سەرنجڕاکێشە.

کارەکتەرەکان هەموو مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگان، کەسانێکن خاوەنی هەڵوێست و بیروڕای تایبەتی خۆیانن، کە جیایان دەکاتەوە لە کەسانی تر، ڕەفتاریشیان بریتییە لە جۆرە کاردانەوەیەك لە کۆمەڵدا پرۆسەی دەکەن، بۆ هەموو شت و دیاردە و گۆڕانکارییەکان. لە ڕوانگەی دەروونناسی کۆمەڵایەتیشەوە ڕەفتاری کارەکتەر -کەسێتی- گوزارشتدەکات لە هەڵوێست و سیفاتی دیاریکراوی لە بارودۆخێکی تایبەتیدا، یان بریتییە لە هەڵسوکەوتی کەسێك وەکو ناسنامەیەك یەکانگیرە لەگەڵ ناو و ڕەفتاریدا کە زۆرجار لە بارودۆخە جیاوازەکاندا، کاردانەوەی جیاوازیان لێدەکەوێتەوە واتا ( بارودۆخەکان ڕەفتاری دیاریدەکات و ناوەکەی لە هەموو ئەم جۆرە هەڵوێستە جیاوازانەیدا کاریگەری سەرەکیی دەبێت ).[61]

هەروەها جۆری ڕەفتاری مرۆڤ و چۆنیەتی بیرکردنەوەی و ئەو هەڵوێستە جیاوازانەشی کە لە ژیانیدا هەیەتی، دەیگەڕێننەوە بۆ کاریگەریی ناوەکەی لەسەری هەر بۆیە کارەکتەر و ڕەفتار دوو شتی لە یەك دانەبڕاون و هەر یەکەیان کار دەکاتە سەر ئەویتر، ڕەفتاری کارەکتەر بەپێی بیرکردنەوەی دەگۆڕێت، کە زۆرجار (کاریگەریی ناو بە مانا جیاوازەکانییەوە، کار دەکاتە سەر هەڵچوونە جیاوازەکان و ڕەفتاری جیاوازی

---

59. Why your name matters, new culture book business, http://www.newyorker.com/tech/elements/under the name .
60. Can your name shape your personality, 4 Oct 2015, www.bbc.com/news/magazine/34423194/A point of view.
61. Character and behavior -difference between character and behavior (12-8-2017)

دەدەنێ).[62] واتا بەهۆی کاریگەریی ناوی مرۆڤەوە مامەڵە و ڕەفتاریشی جیاواز دەبێت. ئەمەش بەپێی جیاوازی مانای ناوەکەی لەڕووی بەکارهێنانی وەك ڕەمزێك یان لەڕووی فرە ڕەهەندییەوە، جیاوازی تێدەکەوێت.

سەبارەت بە پەیوەندی ناو لەگەڵ ڕەفتاردا لەلای زۆربەی خەڵك ئەو پەیوەندییە لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی -داب و نەریت و بیروباوەڕ- درووستدەبێت. بەو مانایەی لەزۆر شوێندا بەپێی مانای ناوەکان هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکدا دەکرێت، تا ئەو ڕادەیەی هەندێك کەس بەهۆی ناخۆشی ناوەکانیان یان بوونی دەنگی ناوازە و سەرنجڕاکێش تیایدا، کار و پیشەیان لەدەستچووە، هەروەها (ناوەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوتمان دیاریدەکەن و دەبێتە هۆی ئەوەی بەپێی ئەو مانایانە ڕەفتار بکەین. (ناو) ڕێکخستنە خودییەکانی ناوەوە و هەڵوێست و بیرکردنەوەمان دیاریدەکەن، لەلایەن (جوهادا)وە لە زانکۆی (گۆڵد کۆست) ئەوە ڕوونکرایەوە کە ڕۆژی لەدایکبوونی مرۆڤ بەرهەر ڕۆژێك کەوت، کاردەکاتە سەر ناوەکەی، دواتریش سەر ڕەفتاری ئەو کەسە، هەروەها (کریستۆفەر ئەندەرسۆن) بەتەواوی لەسەر ئەم ڕایەی (جوهادا)پێداگریکردووە و بەتەواوی گومانی تێدا نەهێشتووە، کە داب و نەریتەکان ڕاوبۆچوونەکان درووستدەکەن).[63]

داب و نەریتی کۆمەڵ ئەگەر بۆ ماوەیەکی دووورودرێژ بە بەردەوامی مایەوە بەشێوەیەکی چەقبەستوو وەکو دەستورێك پەیڕە ودەکرێت، سەبارەت بە (کاریگەریی ناوی ڕۆژەکانی هەفتە (جوهادا) وەك زانایەکی کۆمەڵناسی دەڵێت (هەر کەسێك لە ڕۆژی (شەممە) لەدایکببێت لەژیانیدا زۆر ڕەنج دەکێشێت، هەروەها ڕۆژی (یەك شەممە) لەڕووی ناو و کەسێتی و جەستەیەوەو بەهێز دەبێت، لە ڕۆژی (هەینی)دا مرۆڤێکی بەخشندە دەبێت لەژیانیدا).[64] هەر بەو جۆرە بۆ هەموو ڕۆژەکانی هەفتە، ئاماژە بەم کاریگەرییە دەکات کە خۆی لەخۆیدا بیروباوەڕێکی بڵاو و کۆنە و تا ئێستاش لای زۆربەی میلەتان ماوەتەوە، بۆ نموونە هەندێك ناو لەبەر ئەوەی ناوی کەسێکی نزیکی خۆمانە یان دەیناسین بە جۆرێك ئاشنایەتیمان لەگەڵ کەسێتیدا هەیە، هەر کەسێکی تر بەو ناوەوە بناسین یان تەنانەت ناوەکەیمان بەر گوێ بکەوێت ئەو کەسەمان بیر دەکەوێتەوە کە پێشتر بەهەمان ناوەوە ناسیومانە.

زانا و فەیلەسوف (لەدوینگ ویجستن - ladwing wittgistin) دەڵێت: (کەسێك گفتوگۆی دەکرد دەربارەی کاریگەریی مانای ناوەکەی لەڕووی کۆمەڵایەتی یان کار و پیشەوە: ناوەکەم هەمیشە وەکو دوژمن وابووە بۆ من و بەهۆیەوە زۆر کاری گرنگم لە ژیاندا لەدەستچووە، ئەمەش دابونەریت درووستیکردووە، بۆ نموونە ناوی (self) ناوی کەسێکی خۆ ویستە -أناني- زۆرجار لەبەر ئەم هۆکارە لەدژی مانای ناوەکەم ڕەفتارم کردووە بۆ ئەوەی جۆرێك لە دژ یەکی هەبێت بۆ مانای ناوەکە و بۆ ڕەفتاری تایبەتیم واتا دژیەکیم

---

[62] Name and behavior by: H Edward Deluzain, (12/8/2017), www.behindthename.com/article/1.php .

[63] Name and behavior by: H Edward Deluzain, (12/8/2017), www.behindthename.com/article/1.php.

[64] سەرچاوەی پێشوو.

لەنێوانیاندا درووستکردووە).[65] تەنانەت ئەو مرۆڤانەی کە بێزارن لەم داب و نەریتانە جۆرێك لە باوەڕهێنانیان لەلا درووستبووە بەرامبەریان، بۆیە لە ئاکامەکەی دەترسن لەسەر کەسایەتیان بکەوێتەوە.

ناو دەبێت بەهۆی ئەوەی مرۆڤ ژیانی خۆش بێت یان نا، سەرکەتن و هیوا و ئاوات و حەز و ئامانجەکانی مرۆڤ ڕاستەوخۆ بە ناوەوە پەیوەستە و لە زۆر شوێندا و لای زۆربەی کۆمەڵگاکان، گرانی و ئاسانی ناو ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، هەروەها گونجاندنی ناوی کەسێك لەگەڵ ناوی باوك و ناوی فامیلیدا، لەڕووی دەنگ و ژمارەی پیت و ئاوازەییەوە، بەهەمان شێوەیە (ناوی نامۆ و قورس و گران لە دامەزراندندا کێشە و گرفتیان دێتە ڕێ، ئەگەر ناوی کەسێك لەگەڵ ناوی شوێن و دامەزراوەکاندا گونجا، زووتر هەلی کاری دەست دەکەوێت. بۆ نموونە کەسێك ناوی (Amanda) بێت، لە دامەزراوێکدا، زووتر وەردەگیرێت، یان ئەگەر ناوێك هەڵگری واتای خەڵاتێکی دیاربێت یان جیهانی بێت، زووتر هەلی کارکردنیان بۆ درووستدەبێت).[66]

ناونان هەڵگری ئاماژەیەکی زمانی و کۆمەلایەتی و ئاوەزیی ئەو کۆمەڵەیە کە ناوەکەی تیادا هاتووەتە کایەوە، هەروەها هەڵگری ئاستی ژیریی و چۆنیەتی بیرکردنەوە و تێڕوانینیانە بۆ ژیان، چونکە ناو هەڵقوڵاوی کۆمەڵگایە و لەژینگەی کۆمەلایەتی جۆربەجۆردا هاتووەتە بوون، لەوانەیە زۆر جار چەند دەنگێك یان ئاماژەدانێکی سادە و ساکاری زمانیی بووبێت و ئێستا بەم شێوازە ئاڵۆزە دەبینرێت. گۆڕانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە چەند ڕوویەکەوە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە درووستبوونی ناوەکاندا،بۆ نموونە (لە قۆناغی سەرەتایی و خێڵایەتیدا، ناوی لەقەب یان لەقەبی مەجازی بەکاردەهات، لە قۆناغی دواتردا گۆڕا بە لەقەب و لەقەبی مەجازی بۆ تاکە کەسێك، دووبارە لە پلەیەکی دیکەدا لەقەبی بنەماڵەش هاتە ئاراوە،...، لە قۆناغی ڕژێمی کۆیلایەتی و دەرەبەگیدا ناو پەرەی سەند وەك ناوی جێگە و شوێن و پەیدابوونی ناوی باوکایەتی، لەگەڵ پێشکەوتنی ژیانیدا گرێ و گۆڵ و ئالۆزی ناو، لە فرە ناوییەوە بەرە و کەمبوونەوە ڕۆی، تا ناوی فامیل بەکاردەهات،...، لە قۆناغی سەرمایەداریدا لەقەب و نازناو بەپێی مەیل و سەلیقە بەکاردەبران. لەبەردەم گۆڕانی بەردەوامدابوون، هەربۆیە لێرەوە ناوی خود یان چەند ناوێك، ناوی باوك و فامیلی هاتە ئاراوە و تا ڕادەیەك ناو چەسپا).[67]

زۆرجار ناوەکان کە زۆر باو و بڵاون و دایك و باوك حەز بە ناونانی منداڵەکانیان دەکەن بەو ناوانەوە، بۆ کەسایەتی مێژوویی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ڕەنگە ئەم ناوانە زۆر دووبارە ببنەوە لە کۆمەڵدا، بەڵام هەر تاکێك کە ناو دەنرێت، جگە لە دەرخستنی ئەم چەند لایەنەی ئاماژەپێدرا، سیمای کەسێتی خۆیی پێوە دیار دەبێت و ڕەهەندە جیاوازەکانی تری ژیانی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت و جۆرێك پەیوەندی نهێنی نێوان ناو و ناولێنراو درووستدەبێت.

---

[65] Difference between character and behavior.

[66] Jenna guadreau, how your name effects your -success-, (13/8/2015), surprising ways, your name effects your success, www.businessinsider.com .

[67] بوشرا کەسنەزانی، ئاستانەی سبەینێ (لێککۆڵینەوەی ئەدەبی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2012، ل (100-101).

لەناو کلتووری کوردیشدا زیاتر ناوەکان هەڵگری تێڕوانینی ئاینی بوون، بە تایبەتی دوای ئیسلامبوونی کورد، وەك هەر دراوسێیەکی تری عەرەب، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینەکەدا، وەکو کلتوور و داب و نەریتێك ناوی عەرەبی بەکاردەهات. بەم دیاردەیەش مەودای بەکارهێنانی ناوی کوردی کەمبووەوە، زیاتر هۆیەك بووە بۆ نرخپێدان و بەپیرۆز زانینی ئەو ناوانە، یان جۆرێك بوو لە چاولێکەری یەکتری، یان لەوانەیە بە جۆرێکیتر ڕاڤە بکرێت، بۆ نموونە (هەڵبژاردنی ناو لەناو کلتووری کوردیدا بارگاوییە بە ترسێك لەساتی بڕیارداندا، بەو پێیەی پابەندن بە ئاینی ئیسلامەوە، ئایینەکە داوای ناوی شیاو دەکات بۆ تاکەکان).[68] بەکارهێنانی ئەم وشە ئایینیانە بە جۆرێکی تر شیدەکرێتەوە: (بەهۆی (کاریگەریی ئایینەوە ناوەکان لە ناوی خوا یان جۆرێك لە سوپاسگوزاری دەربڕینەوە بۆ خوا هاتوون وەك (حمد): (احمد، محمد، محمود)، یان وەك (عبدالتواب، عبدالرزاق، عبدالصمد)... هتد).[69]

سەبارەت بە نازناویش، وەکو ناو ڕەفتار و مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بەو پێیەی کۆمەڵی کوردەواری وەك هەر کۆمەڵێکی تر، خاوەنی بیر و بۆچوون و تێڕوانینی خۆیەتی، بە تایبەتی لەلای هەر تیرە و هۆز و دەستە و گرووپێك، ئەمەش خۆی لە دابەشکاری چینەکانی کۆمەڵدا دەبینێتەوە لە چەند ڕوانگەیەکی جیاواز و چەند ئاستێکەوە، زیاتر بۆ ناسینەوە و دیاریکردنێتی، هەروەها بەخشینی سیفاتی تایبەتە بەو کەسە. دوای ئەوەی کە ناوەکەی دەیناسێنێت و دیاریدەکات، نازناو بەچەند جۆرێك بەکاردێت. هەندێکجار بۆ بەخشینی سیفاتی جوان و باشە کە خاوەنەکەی زیاتر دەردەکەوێت، یان بە پێچەوانەوە بۆ دەرخستنی لایەنی کەم و کوڕییە، کە مەبەست لە کەمکردنەوە و بێنرخکردنی کەسەکانە، زیاتر تایبەتیکردنی کەسی بەرامبەر و دەرخستنی سیفاتی جەستەیی لە کۆمەڵدا، هەمیشە بە مەبەستە، چونکە (دیارخەرە جەستەییەکانی تایبەت، وەك کورتی و درێژی باڵا و قورسی و سووکی کێش و کەم و کورتی ئەندامی لەش لە ناوەوە و دەرەوە، هەموویان (کاریگەرییان هەیە لەسەر بنیاتی کەسایەتی، بۆ نموونە لە کۆمەڵگای کوردیدا هەندێ نازناوی تایبەتیان بۆ داناون وەك: (قوتە) بۆ کورتە باڵا و (شەلە) و (گۆجە) بۆ ناتەواوی قاچ و دەست و (کۆرە) بۆ ناتەواوی چاو...، هتد. هەریەکە لەم ناسناوانەش پاڵە پەستۆیەکی دەروونی دەخاتە سەر کەسەکە و گۆران لە کەسایەتی دەکات).[70]

چەندین ناو لە کۆمەڵگای کوردیدا، لەم سەردەمەدا نازناوەکەی کاڵ بووەتەوە ڕۆژانێك پێش ئێستا، ماوەی چەند ساڵێك لەمەوبەر هەموو خێزان و بنەماڵەکەیان بەو نازناوەوە بانگ دەکران، نازناوەکانیش ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناوەکانیاندا بووە، وەك: کەریمە گێل، ئەحە دان شەیتان، خولە سەرشین، حاجی فەتاحی برسی، کە هۆکاری جەستەیی و بوونی سیفاتی ئەو کەسە نازناوەکەی پێبەخشیوە. زۆر جاریش نازناوەکان بە پێچەوانەی ڕەفتار و کەسێتی ئەو کەسەوە دەبن و بۆ دەرخستنی سیفاتی پێچەوانەیە، وەکو (حاجی فەتاحی برسی، حاجی ئەحمەدی گۆشت نەخۆر) کە لە دەوڵەمەندیدا ئەم نازناوەیان وەرگرتووە، زۆر جاریش کار و

---

[68] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل101.
[69] محمد فخرالدين، قراءة سيميائية في دلالة الأسم المغربي، www.maghress.com/khabarbladi/10359 .
[70] عبدالواحید موشیر دزەیی، زمان و کەسایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر، 2015، ل24.

پیشە وەکو نازناو لەگەڵ ناوەکاندا بەکارهاتووە وەك: حاجی ڕەحیمی سەعاتچی، مەحمودی کەوش دروو، ... هتد.

## ٤. پەیوەندی ناونیشانی ڕۆمان بە ناوی کارەکتەرەوە :

لەکاتی خوێندنەوەی هەر دەقێکی ڕۆماندا سەرەتا هەموو خوێنەرێك ناونیشانی ڕۆمان سەرنجی ڕادەکێشێت. وەکو کلیلێك وایە بۆچوونە ناو جیهانە تایبەتییەکەوە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە وەکو ڕەمز و هێماو نیشانەیەك جۆرێك لە پەنهانی تێدایە و جێگای چەندین لایەنی شاراوەی ناو دەقەکەی لەخۆ گرتووە. خوێنەر دەبێت هەردوو لایەنەکە بەهەند وەربگرێت، مامەڵەی بۆ ناونیشان بەشێوەیەکی سەرەکی بێت و لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەشدا بگەڕێت بەدوای هەر ناوێك یان هەر کارەکتەرێك یان بابەت و شتێکی زیندوو بەشێوەیەکی نا سەرەکی، کە جێپێی ئەو ڕەمز و هێما سەرەکییە دەربخەن یان شوێنی بگرنەوە.

بە واتایەکی تر دەبێت خوێنەر بە وردەکارییەوە ئەم کارە ئەنجام بدات، هەتا پەی بە هەموو پەیوەندی و ڕایەڵەکانی نێوان ناونیشان و دەقەکە بدۆزێتەوە بەو پێیەی ڕۆمان جگە لە (چۆنیەتی ئاماژەدان و نەخشەکێشانی وێنەکانی ژیان و بەواقیع کردنی دەقێك، هەروەها پراکتیزەکردنی هەموو لایەنە هونەرییەکانی دەق و گرنگیدان بە هەموو وردەکارییەکی بابەت و ڕوخساری ڕۆمان، دروستکردنی پەیوەندی نێوان ناونیشان و ناوی کارەکتەر و بوونی پەیوەندی نێوانیان ڕۆمانەکە بەزیندوویی دەهێڵێتەوە لەیادی خوێنەردا، وەك جۆرێك لە جموجوڵ و پەیوەندی ناوی کارەکتەر و ناونیشان دەردەکەوێت).[71]

بەم پێیە بوونی ڕایەڵە و پەیوەندی نێوان ناونیشان و ناوی کارەکتەر، سەنجی زۆر لە نووسەران و ڕەخنەگرانی ڕۆمان ڕادەکێشێ وەك لایەنێکی گرنگ لەڕووی تەکنیك و چۆنیەتی هەڵبژاردنی ناوێك یان چەند ناوێك و چۆنیەتی گواستنەوەی ناوی کارەکتەری واقیعی ژیان و بەخشینی بە کارەکتەرەکانی ناو دەق کە دروستکراوی دەستی نووسەرن کۆمەڵێك مەبەست و ئاماژە و واتای شاراوە لەخۆ دەگرن، بۆ دەرخستنی توانای هونەریی نووسەر لەلایەك و بۆ گەیاندنی مەبەست و ئامانجیشی لەلایەکی ترەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە بخەینە ڕوو کە کامڵ بوون و پتەوی دەقێك لەڕووی ڕوخسار و تەکنیکیشەوە بەشێکە لە ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکە.

بەهۆی ئەو گرنگییەی ناونیشان هەیەتی لەناو سنووری دەقێکدا و پێی دەناسرێت چەندین ئاماژەی بۆکراوە و زۆر بە وردی ڕاوسەرنج دەربارەی دەربڕاوە، لەم ڕووەوە (تانیا ئەسعەد محمد) دەڵێت: (ناونیشان دەرگایەکە بۆ چوونە ناو دەق و هەروەها تیشك ختنەسەر دەلالەتی گشتی دەقەکە و بەشێك لە فەزای بابەتی دەق پێك دەهێنێ، ناونیشانی ڕۆمان پەیوەستی ناوەرۆکە و دیالێکتی سەرەتا و کۆتایی پێك دەهێنێ، لەڕێی

---

[71] تحولات بناء الشخصيةفي رواية (تبر) لابراهيم الكوفي، مذكرة، مكملة لنيل شهادة الماجستر، جامعة محمد بوضياف، 2015، www.virtuel.compus_univ_msia_dz/

ناونیشانەوە خوێنەر پەلکێش دەکات بۆ نێو جیهانی دەقەکەی و مەبەست و پەیامی خۆی بەخوێنەر دەگەیەنێت، ئەو لایەنەی کە پتر تیشکی خستۆتە سەر بەخوێنەر نیشان دەدات).[72]

بەو پێیەی ناونیشان ئەرکی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرە بۆ ڕۆمانەکە، زۆرجار ناونیشان ناوی کارەکتەرێکە لە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە، هەروەها لەڕووی تەکنیك و ڕازاندنەوەشیەوە، دەبێت ئاوازی دەنگەکانی سەنجراکێش و هونەریی بێت، لەم ڕووەوە (ڤەنسان ژووف) دەڵێت: (ناونیشان چوار ئەرك بۆ خستنەڕووی دەقەکە لە ئەستۆ دەگرێت: ناساندن، وەسف، گەیاندنی مانای شاراوە، سەرنجڕاکێشان).[73]

زۆربەی ڕاوبۆچوونەکان لەوەدا دەبینرێنەوە، کە ئاکامی سەرنجدانی نووسەر لە جیهانی دەوروبەری، دەبێت بە هۆکارێك کە ناوی کارەکتەرەکان لەو جۆرە ناوانەبن و پەیوەندی نێوان ناوەکانیان و ناوی گشتی ڕۆمانەکە -سەرناو- درووستدەبێت، واتا وەك مەرجێك وایە کە ناوی گشتی –سەرناو-ی ڕۆمان، لەگەڵ ناوی کارەکتەر یان ناوی شوێن و ڕووداوەکانی تردا بەجۆرێك درووست ببێت، خوێنەر هەست بەو پەیوەندییە بکات. ئاشکرایە هەروەك لەزۆربەی ڕۆمانەکاندا بەگشتی دەبینرێت، نووسەر ناوی ڕۆمانەکەی –سەرناو- لەگەڵ کارەکتەری لاوەکیدا ناگونجێنێت، لەم ڕووەوە (د.عماد علی سلیم) دەڵێت: (لە ئاکامی سەرنجدانی نووسەر لە ژینگەی تایبەتی و کۆمەڵی دەوروبەری، خۆی کەسایەتییەکانی درووستدەکات و ناویان لێدەنێت و لەگەڵ ناوی گشتی –سەرناو- یان ناونیشاندا یەکیان دەخات، ڕایەڵە و پەیوەندی درووست دەکات،...، ناونیشان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کارەکتەرەکان یان شوێن و ژینگەیان، بۆیە دەبێت لەڕووی ناونیشانەوە ڕێکبخرێن).[74]

ڕاوبۆچوونی نووسەرانی کورد و عەرەب و جیهانیش بەشێوەیەکی گشتی لەوەدا خۆیدەبینێتەوە و یەك دەگرێتەوە، کە هەر لە ناونیشانی ڕۆمانەکەوە هەتا ناوی هەموو کارەکتەرەکان و ناوی شوێن و ڕووداوەکان، هەمووی بە مەبەستە و هەرگیز لەخۆوە نییە و ڕایەڵە و پەیوەندی نێوان ناوی هەموو کەس و شت و دیاردەکان، درووستکراوی دەستی ڕۆماننووسن و سەرپێییانە و لەخۆوە نایان لێ نانێت، ئەگەر ناوەکان زۆر سادە و ساکاریش بن، هەر لە ناونیشانەوە هەتا ناوی بچوکترین کەس و شت، مەبەستی نووسەر لە ساکارکردن و پیشاندانی ئەو کەس و شتەیە، بەوجۆرەی خۆی دەیەوێت.

لەزۆر ڕۆماندا، ئەگەر کارەکتەرەکانی ناوی ئاژەڵ بن یان ناوی شوێنێك بن، لەیادگە و بیری نووسەردا جێگەیان دیاربێت، دەیکات بە ناونیشان بۆ ڕۆمانەکەی، بۆ نموونە لە (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی (شێرزاد حەسەن) دا نووسەر ئاماژە بەو کۆمەڵە سەگە دەدات کە دەوری حەساریان داوە و باوکیان بۆ پاسەوانی دایناون، لە هەمان کاتدا پاسەوانەکانیشی چواندووە بەو سەگانەی لە دەوروبەر و ناوەوەی حەسارەکەدان، هەروەها لەلایەکی تریشەوە مرۆڤەکانی ناوی، لە دید و بۆچوونی باوکیانەوە چواندووە بە ئاژەڵ

---

[72] تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە، ئەژدیها)، ل60.

[73] ڤەنسان ژووف، بووتیقای ڕۆمان، وەرگێڕانی: محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی، چاپی یەکەم، دەزگای و چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2012، ل16.

[74] عماد على سليم أحمد الخطيب ، دلالة أسماء الشخصيات في الرواية الأردنية (دراسة سيميائية في نماذج مختارة)، www.elibrary.mediu.edu.my/books/2014/med1400245

و وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا نەکردوون بەڵکو وەکو سەگەکانی دەوری حەسارەکە لەناو حەسارەکەدا زیندانیکردوون، واتا ناونیشان وەکو ڕەمز و هێمایەك خوێندنەوەی جۆربەجۆر هەڵدەگرێت، بەخوێندنەوەی ڕۆمانەکە دەگەینە ئەوەی بۆچی ناوی سەگەکانی باوکی لەگەڵ حەساردا پێکەوە هێناوە. وەکو مەبەستی سەرەکی، ناوی کارەکتەرەکانی لەژێر یەك ناونیشاندا کۆکردۆتەوە و چواندوونی بەسەگ، بێگومان دید و بۆچوونی باوکیان ڕووندەبێتەوە کە خاوەنی حەسار و سەگەکانیشە.

هەر بەو جۆرە لە ڕۆمانی (هێلانە)ی (حسێن عارف)دا نووسەر هەر لە ناونیشانەوە وێنە و ناوی هێلانەمان دەخاتە بەرچاو، مەبەستی ئەو شوێنەیە کە ناوی هێناوە و باسی کردووە. بەگشتی (ناونیشان مەبەستی سەرەکی نووسەر دەردەخەن، زۆرجار بە ئاشکراو زۆرجاریش بە پەنهانی و وەکو کۆڵەکەیەك وایە و –ناوەکانی تری ڕاگرتووە-، لە ناونیشاندا زۆرجار بوونی پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو –بەمەبەست- بەهێما و ئیشارەت ناودەبات، هێما و ئیشارەتەکان بەرە و ئەو بابەتەمان دەبات کە بنەمای دەقەکەی لەسەر بنیاد نراوە و لە هەموو بارودۆخێکدا ناوی کارەکتەر بوونی پەیوەندییەکە بەرە لای خۆی کێش دەکات).[75]

لەڕووی بەکارهێنانی ڕەمز و نیشانەوە وەکو ناونیشانی ڕۆمان و بەستنەوەی بەناو ڕۆمانەکەوە (ڤەنسان ژووف) دەڵێت: (زۆرجار دەق لەلایەن هەندێك نیشانەی زمانی و نا زمانی پشتیوانی و هاوڕێیەتی دەکرێت، وەك نێوی نووسەر، سەرناو –ناونیشان-، پێشەکی، وێنەکان....).[76]

## ٥. ناو و نازناو و پەیوەندیان بە کەسێتی و ڕەفتاری کارەکتەرەوە :

### أ / گرنگی و ڕۆڵی ناو لە درووستبوونی کەسێتی و ڕەفتاری کارەکتەردا:

ناوی کارەکتەر ناسنامەیەتی، ئاوێنەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتێتی، زۆرجار بەهۆی ناوەکەیەوە، شوێنی ژیان و نیشتمان و زمان و باری دەروونی و ئاستی ڕۆشنبیری و ئایین و باری سەرنجی بۆ ژیان و ...هتد، لە ناوەکەیەوە هەندێك زانیاریمان سەبارەت بە کەسێتی دەداتێ. ناوی لێکدراو و نازناو و ناوبانگ بە پلەی یەکەم ڕۆڵی خۆیان لەم بوارەدا دەگێڕن، خوێنەر بەجۆرێك پەلکێشی ناو ڕووداوەکان دەکات، (کاریگەریی هەریەکە لە کارەکتەرەکان بەسەر یەکترییەوە و بەسەر ڕووداوەکانەوە دەخاتە ڕوو، ڕۆڵیان لەبەگەڕخستن و جموجوڵ بەخشین بە ڕووداوە بچووکەکان و دواتر گەورەکانیشدا تەواو ڕووندەبێتەوە بە واتایەکیتر بەسەرنجدانی خوێنەر لە ورد و درشتی ڕووداوەکان هەر یەکە لە کەسێتی کارەکتەرەکان ئاشکرا دەبێت، کە ناوەکەیان وەك کلیلێك وایە، بۆ چوونە ناوەوە و کردنەوەی دەرگای ململانێ و کێشمە کێشمەکان، کە خوێنەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە سەرنجی ڕادەکێشرێت.

---

[75] عماد علي سليم احمد الخطيب ، دلالة اسماء الشخصيات فى الرواية الاردنية ( دراسة سيميائية فى نماذج مختارة )
[76] ڤەنسان ژووف، بووتیقای ڕۆمان، ل16.

ناوی کارەکتەر (بەو ڕەمز و هێما و نیشانانە دەناسرێنەوە کە وەك کۆدێك یان پاشکۆیەك ، لەگەڵ ناوەکەدا بەکاردێن، یان زۆرجار هەر ناوەکان خۆیانن بەجۆری –ژمارە یان پیت-).[77] لێکدانەوەی ئەو هێما و نیشانانەش بەهۆی زانستی نیشانە –سیمۆلۆجیا- وەیە، کە زۆرجار پەیوەستە بە مرۆڤەوە یان سروشتی مرۆڤەوە و وەکو پەیڕەوێکی کۆمەڵایەتی وایە، هەندێکیان شێوازێکی گشتگیریی و جیهانیان وەرگرتووە و لەزۆر بواری ژیان و لای زۆربەی کۆمەڵگاکان بەکاردێن و مرۆڤ بۆ ڕێکخستنی ژیانی سوودی لێ وەرگرتوون. بەشێکی سەرەکی ئەم زانستە بۆ لێکدانەوەی کۆد و هێما و ئاماژە زمانییەکان تەرخانکراوە و چەندین بواری جیاوازی ژیانی گرتووەتەوە.

هێما و ئاماژە زمانییەکان لای هەر میللەتێك چەندین بەکارهێنانی هەیە (ڕەنگە لای میللەتێکی تر، واتای جیاواز و دژواتاشی لێبکەوێتەوە، لەم ڕووەوە ناوی مرۆڤیش وەك لقێکی سەرەکی ئەو کۆد و نیشانانە، چەندین مانای جیاوازی لەخۆ گرتووە، تەنانەت لەلای یەك نەتەوەشەوە، بەپێی تێپەڕبوونی ژیان و قۆناغەکانی بەکارهێنانیان، چەندین شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت و وەك دانەیەکی فەرهەنگی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت)[78]، لەبەر ئەوەیە بەرهەمە ئەدەبییە جیهانییەکان، ناوی کارەکتەرەکانیان چەندین مانا لەخۆ دەگرن بەڵام لەلای مەیللەتێکیتر بە جۆرێکی تایبەتی واتای دەدرێتێ.

لەبەرئەوەی ڕۆمان وەك بەرهەمێکی ئەدەبی زادەی بیرکردنەوە و خەیاڵی نووسەرە، هەستی تایبەتی و حەز و خولیای و ویست و ئارەزووی و چۆنیەتی سەنجدانی لەژیان و ئاستی ڕۆشنبیری و...هتد، دەبن بە بابەت و ناوەرۆکی دەقی ڕۆمان، بە واتایەکی تر، دوو لایەنی گرنگ دەبن بەهۆی دروستبوونی، ئەوانیش (خەیاڵ و ئەندێشەی ڕۆماننووس لەگەڵ ئەو واقیعەدا کە نووسەری تێدا دەژی) بەو مانایەی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لەگەڵ (کاریگەریی هێزی خەیاڵی نووسەردا و ئەفراندنی جیهانێکی تایبەتیدا ((کاریگەریی واقیع) کە بێگومان بریتی‌یە لە ئاوێتەبوونی ژیانی نووسەر لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیە فرە ڕەهەندەی کە تێیدا پەروەردەبووە، دەبن بەهۆی دروستبوونی دەقێکی ئەدەبی –ڕۆمان- هەروەك (هاشم احمد زادە) سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت: (هەر ڕۆمانێك دواجار تێکەڵاوییەکی ئاڵۆزە لە واقیع و خەیاڵ بەم جۆرە ئەگەر لایەنی خەیاڵیی دەقی ئەدەبی دەبێت بەو بەشەی حەز و خولیای هونەریی و چێژ وەرگریی خوێنەرەوە دادەمرکێنێت، لایەنی واقیعی دەقەکە و دەلالەتە جیهانییەکەی دەگەڕێتەوە سەر بنەما سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی دەق).[79]

لەگەڵ ئەو پەڕی سنووری (کاریگەریی هێزی خەیاڵدا، نووسەر بە ئاگایی و وشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕۆماندا دەکات و لەدوورەوە ئاگاداری ورد و درشتی ناو ڕووداوەکانە، هەڵوێستی کارەکتەرەکان بریتییە لە هەڵوێستی کارو کردەوەی نووسەر و ڕەنگدانەوەی تەواوی دەستی نووسەرن و وێنەی کەسایەتی تایبەتی

---

[77] ویکیپیدیا – الموسوعة، علم العلامات - ، http://ar.m.wikipedia.org(12/8/2017)

[78] ویکیپیدیا- الموسوعة -علم العلامات- http://ar.m.wikipedia.org(12-8-2017)

[79] هاشم احمد زادە، جیهانی ڕۆمان، ل8.

ئەو بەرجەستە دەکەن. هەر بەو جۆرە درووستکردن و ئامادەکردنی ڕەگەزەکانی تریش، هەر بەو شێوەیە مەبەستدارە.لەبەر ئەم هۆکارە سەرجەم ناوی کارەکتەرەکان دەربڕی ژیان و هەست و بیرکردنەوەیانن، بە واتایەکیتر پەیوەندی لەنێوان ناو و ناولێنراودا هەیە، نووسەر بۆ دەرخستنی هەڵوێست و تێڕوانینەکانیان بۆ ژیان، ناوی گونجاویان بۆ دادەنێت، هەتا بگونجێت لەگەڵ ڕەفتاریاندا، دواتریش مەبەستی نووسەر بەهۆیەوە دەخرێتە ڕوو، بەو پێیەی (لە ڕۆماندا لاساییکردنەوەی وردی مرۆڤ و ئاکارەکانی دەبینرێت و تانوپۆی کۆمەڵگە بەو جۆرەی لە واقیعدا هەیە و هەر لەو چەشنەی ئێمە کاتێك پێدەنێتە ناو جیهانەوە خۆی دەردەخات).[80]

چۆنیەتی خستنەڕووی کارەکتەرەکان و ناو پێبەخشینیشیان، وەك هەر لایەنێکیتری هونەریی دەق، هەڵگری چەمکێکی واقیعە و زۆربەی کات ناوەکان پەیوەندی بە ناولێنراو و کەسایەتییەکانەوە هەیە، نووسەر جۆرێك لە مەبەستداری پەیڕە و دەکات کە پەیوەندی بە دوو هۆکاری سەرەکییەوە هەیە:

<u>یەکەم</u>: جۆری ڕۆمانەکە لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە، ڕۆڵی خۆیان دەبینن، واتا مەبەست و بابەتی باسکراو لەگەڵ چۆنیەتی تەکنیك و شێوازی داڕشتنی وەك دوو بابەتی بەیەکدا چوو، دەبن بە هۆکارێك بۆ ناولێنانی کارەکتەر و چۆنیەتی پێشکەشکردنی.

<u>دووەم:</u> شێوازی تایبەتی ڕۆماننووس و بەرجەستەبوونی کەسێتی تایبەتی وەك: دەربڕین و لایەنی فەرهەنگ و چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکان و توانای لەوەسفکردن و ژینگەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کاریگەریی ڕۆماننووسانیتر لەسەری، هەر یەکەیان بە پێی خۆی لەڕووی چۆنیەتی و چەندێتییەوە، هۆکارن بۆ ناوبەخشین بە کارەکتەر.

ناونانی کارەکتەر –بەهەموو جۆرەکانییەوە- چەند لایەنێکمان لە ڕۆماندا بۆ ڕوون دەکاتەوە:

١. ناوەکان کە وەك ڕەمز و هێمایەك بەکاردێن، دەبن بە بەشێك لە جوانکاریی و هونەریی دەق.
٢. تایبەتێتی و خەسڵەتەکانی کارەکتەرەکان لە چۆنیەتی پێشکەشکردنیاندا و بەهۆی ناوەکانیانەوە تا ڕادەیەك ڕووندەبنەوە.
٣. بیر و تێڕوانینی نووسەر دەردەخەن لە مانای ناوەکاندا.
٤. فەرهەنگی زمانی نووسەر و توانای هەڵبژاردنی وشەی شیاو و چۆنیەتی ڕایەڵە و پەیوەندی وشەکان، لە درووستکردنی زمانی دەربڕین و چنینی وشەکانیدا.
٥. مانای ناوەکان و شیکردنەوەیان و ڕەنگدانەوەیان لە کەسێتی کارەکتەرەکاندا، لە پەیوەندی نێوان کارەکتەرەکان و کاریگەریی ناوی هەریەکەیان لەڕووی ماناوە لەسەر ئەویتر، لەسروشتی مامەڵە و ململانێیکاندا ڕووندەبێتەوە.

[80] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 10.

هەروەك چۆن نووسەر ئازادە لە بەخشینی ناوی کارەکتەرەکاندا، بەڵام لەڕووی مانای ناوەکەوە هەتا ڕادەیەك مەبەستدارە و لەخۆوە ناو بە کارەکتەر نابەخشێت، ئەگەر ناوەکە سادە و ساکاریش بێت، ئەوا (هەر بە مەبەستە و لەخۆوە نییە ، بۆ پیشاندانی سانایی و ساکارییە لە ڕەفتاری کارەکتەرەکاندا).[81] واتا نووسەر هەموو ناوەکان بۆ مەبەست و ئامانج و ویستی تایبەتی لە کارەکتەرەکان دەنێت و هیچ لەخۆوەیی و سەرپێییەکی پێوە دیار نییە .

لەڕووی گرنگی و ڕۆڵی کارەکتەرەوە لە ڕۆماندا، بەپێی جۆری ناوەڕۆکەکەی، دەبینین نووسەر کاتێك بابەتێك هەڵدەبژێرێت وەکو ناوەرۆکێکی سەرەکی و لەسەرەتاوە تا کۆتایی ڕەوتی ڕووداوەکانی لەسەر بنیاددەنێت، ناوی کارەکتەرەکانیشی بەپێی سروشتی ڕۆمانەکە لەڕووی ناوەڕۆکەوە و لە ڕووی گرنگی پێدان و گرنگی پێنەدانی و فەرامۆشکردنی ئەم لایەنە و تەبایی و ناتەبایی لەگەڵ ناوەرۆکدا بنیاددەنێت، بۆ نموونە لە ڕۆمانی پۆلیسیدا لەبەر ئەوەی ڕووداو گرنگە و جووڵە و بەردەوامیی تێدایە لەڕووی ڕەفتاری کارەکتەرەوە، ناوەرۆك دەکەوێتە بەر باری سەرنجی خوێنەر، نووسەر تا ڕادەیەك گرنگی بە ناوی کارەکتەر نادات و خوێنەریش بەهەمان شێوە، لەبەر ئەوەی کارەکتەرەکان (ڕووداویان لەسەر دەست وەردەچەرخێ، تەنیا بەهۆی فەرمان پێکردنیانەوە، نەك بە ویست و ئارەزووی خۆیان، خاوەنی هەڵوێست نین و ڕووداوی گرنگ لەسەر دەستیان درووستنابێت).[82]

کارەکتەرەکانی ڕۆمانە ئەفسانەییەکان ناوەکانیان زیاتر فۆلکلۆری و ناسراون و بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێن، بەڵام کارەکتەری ڕۆمانی مێژوویی، لەبەر گرنگی کەسایەتییەکان و ناویان لە مێژوودا، ناونانی کارەکتەر بەپێی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەیە کە دەخرێنە ڕوو، هەروەها کە ڕۆمانی سیاسی –ڕامیاری-دا ڕووداو گرنگە و تەنیا مەبەست لە خستنەڕووی بابەتی –ناوەرۆك-ی دەقەکەیە، کارەکتەرەکان شێوازێکی پلە دوویان هەیە و زۆرجار فەرامۆش کراون (تەنیا ئەو کاتانە نەبێت، نووسەر بۆ سەرنجڕاکێشان و ڕازاندنەوەی دەربڕین و ناوەکانی وەکو لایەنێکی هونەریی دەق گرنگی پێدەدرێت).[83]

بەگشتی زۆرجار ڕۆماننووسێك بەکارهێنانی شێوازی هەڵبژاردنی ناوی کارەکتەری ڕۆمانێکی دەکات بە کاڵایەك و بە باڵای سەرجەم بەرهەمەکانیتری دەبڕێت بەمەش ڕەوتێکی تایبەتی خۆی و شێوازی کەسێتی تایبەتی تیادا ڕەنگدەداتەوە و بەهۆیەوە دەناسرێت.

لەبەر ئەوەی ناوەرۆك و بابەتی ڕۆمان دەبن بە هۆکارێك هەتا ناوەکان بە شێوازێکی تایبەتی لە کارەکتەر بنرێن، هەروەها دەبێت گونجاندن و وەکیەکییان پێوە دیاربێت و لەڕووی لۆجیکەوە بگونجێن و خوێنەر هەست بە لەنگی و ناتەواوی نەکات، بۆ نموونە ئەگەر ناوەرۆك دووربێت لەناوی ئەو کارەکتەرانەوە

[81] د.جميل الحمداوي، سيمولوجيا أسماء الأشخاص في الرواية، دلالات سيميائية في الرواية العربية السعودية، 2017/8/20، www.arrafid.ae/arrafidp/083_2012.html
[82] جميل الحمداوى سيمولوجيا اسماء الاشخاص فى الرواية ، دلالات سيميائية فى نماذج مختارة
[83] https://ar.m.wikipedia.com www.aljasad.org > show thread

کە ڕووداوێك ئەنجام دەدەن لەکات و ساتێکی دیاریکراودا شێوازی پێشکەشکردن و خستنەڕووی کارەکتەر و ڕووداویش بەیەکەوە لاواز دەکات، لەم ڕووەوە (بوشرا کەسنەزانی) دەڵێت: (ئەگەر چیرۆك و ڕۆمان مێژوویی بن، ئەوا پێویستە ناو وەك کەسایەتییەکان هەڵگری چرکەرساتی ڕوودانی ئەو بەسەرهاتە بێت و مۆرکی سەردەمی باسلێکراوی پێوەبێت، ڕۆمان و چیرۆکی واقیعی، ناوی واقیعی و ڕیالیستیان پێویستە، لە ئەفسانەدا ناوەکان هەڵگری چەمکی کلتووری ئەو نەتەوەیەن کە ئەفسانەکەی تێدا خولقاوە).[84]

ڕۆماننووس بە چەندین شێوە ناو دادەنێت بۆ کارەکتەر و شت و دیاردەکان و شوێن و بۆ هەر شتێك پێویست بێت بۆ تەواوبوون و درووستبوونی پێکهاتەی گشتی دەقەکەی، هەتا لەسەرتاپای ڕۆمانەکەدا هیچ کەس و شتێك بێناو نامێننەوە، تەنانەت ئەو ڕێباز و مۆدێلە نوێیەی کە کارەکتەری تێدا بێناو دەکرێت بەهۆی ژمارە و پیت یان بەخشینی سیفەت و هەر هۆکارێکیترەوەبێت، جۆرێك لە ناساندنی تێدایە بۆ کارەکتەر.

ناوی مرۆڤیش لەهەرە ناوە دیارەکانە لەناو ڕۆماندا بۆ درووستکردنی کەش و فەزای جیاوازی ململانێ، هەتا ڕووداوەکان بگەنە ترۆپك و دواتر بەرەو کردنەوەی گرێ و کێشەکان بچن، شێوازی بەکارهێنانی ناوی کارەکتەر لەڕێگەی وەسفی کورت و درێژەوە دەکرێت، هەتا ناوەکان هەڵگری چەندین خەسڵەت و تایبەتی بن، کە زانیاری تەواومان لەسەریان دەستبکەوێت، ئەمەش لەڕێگای چۆنیەتی وەسفەکانەوە بەرجەستە دەبن و ڕۆماننووس (لەڕێگای وەسفەوە هەموو کردارەکان و هەڵسوکەوت و هەڵوێست و توانا و زانیاری کارەکتەرمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەجۆرێك جێگەی بڕوای خوێنەر بێت و ڕۆڵی تەواوی کارەکتەر بەرجەستە بکات).[85]

جۆری خوێندنەوەکان و ڕادەی ڕۆشنبیریی خوێنەر کار دەکەنە سەر بەخشینی مانای جیاواز بە دەق و چەند جارێك خوێندنەوەی دەق، لەهەر جارێکدا مانایەك و شیکردنەوەیەکی نوێمان دەست دەکەوێت، بەڵام چۆنیەتی مامەڵەکردنی نووسەر لە بەکارهێنانی ناوی کارەکتەرەکاندا زیاتر ڕەفتار و هەڵسوکەوت و هەڵوێستی کەسایەتیەکان دەخەنەڕوو، بەمەش خوێندنەوەی جیاواز بۆ ناو یان ڕەمزی بەکار هاتوو درووستدەبێت، دەتوانرێت لەڕێگای ناوی کارەکتەرەوە گرنگی بە دەق بدرێت و ڕەفتاری کارەکتەرەکان دیاریبکرێت بە هەردوو شێوەی (سینکرۆنی و دایکرۆنی)، (سینکرۆنی لە دەقدا مانای پەیوەندی ناوەکەیە بەو ئەرکانەوە کە ڕووداوەکانی پێ ئەنجام دەدرێت، دایکرۆنیش بە واتای پەیوەندی هەریەکە لە کارەکتەرەکان، بە کارەکتەری ترەوە، ڕۆڵی هەر یەکەیانە لەڕووی پێکهاتە و واتا و ئەرکیانەوە)[86]، واتا بەراوردی ناوی هەریەکەیان بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان و بە ئەنجامدانی ڕووداوەکانەوە.

ناوی کارەکتەر زۆرجار دەبێتە هۆکارێك کە ڕاستەوخۆ ئەو کەسایەتیەی پێدەناسرێت و ناوبانگێکی گەورەی پێدەردەکات، بە تایبەتی (کارەکتەرێکی وەك جەیمس بۆند کەسایەتییەکی لێهاتووی بەناوبانگ بووە و

---

[84] بوشرا کەسنەزانی، ئاستانەی سبەینێ (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)، ل106.
[85] سيميائية الوصف في الرواية (قرة العين) لجيلانى خلاص، www.nizwa.com
[86] د.جميل الحمداوي، دلالات سيميائية في الرواية العربية السعودية، 2017/8/20، www.arrafid.ae/arrafidp/083_2012.html

بەهۆی ناوەکەیەوە ڕەفتارەکانی ئاشکرا بووە، هەروەها ئارسەر کۆنان کەسایەتییەکی وەك شارلۆك هۆلمزی درووستکردووە وەکو کارەکتەرێکی سەرەکی و لە جیهانیشدا ناوبانگی دەرکردووە).[87] بەمم جۆرە ئەم کەسایەتییانە بەهۆی ناوەکانیانەوە دەردەکەون و دەبن بە ناسنامەیان و ڕافتاریانی پێدیاریدەکرێت. ئەم دیاردەیەش لە هەردوو ڕێبازی (إعتباطي و قصدي)دا دەردەکەوێت، (لە ڕێبازی (إعطباطي)دا پەیوەندی لەنێوان ناوی کارەکتەر و ڕەفتاریاندا نییە، ناونان لە کارەکتەر شێوازێکی لەخۆوەی پێوە دیارە، بەڵام لە ڕێبازی (قصدية)دا بڕوای بەبوونی پەیوەندی هەیە لەنێوان کارەکتەر و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیدا).[88]

هەروەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا لەبەر ئەوەی ڕۆمان بەرهەمێکەڕەنگدانەوەی ژیانە، سەرجەم ڕەگەز و پێکهاتەکانیشی بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ڕاستی و بوونانەن کە لەو ژیانەدا هەن، هەرچەندە خەیاڵ ڕۆڵی خۆی لەم بوارەدا دەگێڕێت، بەڵام خەیاڵەکەش واقیعیانەیە و زادەی ئەو جیهانە ڕاستەقینەیەیە کە نووسەر نموونەکەی لەدوو توێی ڕۆمانەکەیدا وێنەدەکات. ناوی کارەکتەرەکانیشی نموونەیەکی زیندوون، لەناونانیاندا ویست و خواستی تایبەتی نووسەر دەردەکەوێت. دەنگەکانیش کە ناوەکان درووستدەکەن لە ناخ و دەروونێکی وشیارەوە هەڵقوڵاوە و ڕیز کراوە، مامەڵە پێکردنیشیان زۆر وشیارانەیە، ناوی کارەکتەر لەبەر ئەوەی پێکهاتەیەکی زمانییە واتایەکی زمانیش لەخۆ دەگرێت، هەرچەندە زۆر ساکاریش بێت بۆ دەربڕینی سادەیی و ساکارییە لەبوون و ڕەفتاری کارەکتەرەکاندا.

لەبەر ئەو گرنگی‌یەی ناو هەیەتی لەناو دەقی ڕۆماندا،، هەروەها بەهۆی (کاریگەریی سیفەت و خەسڵەت و تایبەتیەکانییەوە لەسەر کەسایەتی، لە ئاکامی سەرنجدانمان لێیان بەرەو چەند ئەنجامێکی بەدوا یەکدا هاتووی گەشە سەندوو دەچین لەناسین و ئاشنابوونیاندا و بەئاسانی لەیەکتریان جیا دەکەینەوە لەڕووی هەڵوێست و بیر و باوەڕ و تێڕوانینەکانیانەوە. کارەکتەر وەك دەرخەری نهێنی و پەنهانینەکانی دەروونی، بەهۆی جووڵە و ڕەفتار و پەیوەندی بەکارەکتەرەکانی ترەوە هەروەها بەهۆی ئاماژەی ناوەکەی و ماناکەیەوە چەندین ڕاستیمان بۆ ئاشکرا دەکات، دەبینین (ناوی کارەکتەر هێندەی بوونی گرنگە و وەکو لایەنێکی هونەریی ئیستاتیکیی ڕۆمان لەبەرچاو دەگیرێت، ناوی کارەکتەر دەبێتە ناسنامەیەکی گرنگ و شوێن و پێگەی دیادیدەکات).[89] هەروەها ناوی کارەکتەر (یارمەتیمان دەدات لە دەستکەوتنی زانیاری تەواو و پێویست لەسەر کارەکتەرەکان و چۆنیەتی ڕەفتاریان لە دەقێکی ئەدەبیدا).[90]

## ب / گرنگی و ڕۆڵی نازناو لە درووستبوونی کەسێتی و ڕەفتاری کارەکتەردا :

لە ڕۆمانی کۆندا ناوی کارەکتەر هێندە بوونی گرنگبووە، لەگەڵ ناوەکەشیدا زۆرجار نازناو بەکارهاتووە، یان ناو لەگەڵ ناوی شوێن و بنەماڵە و تیرە و هۆز و ڕەگەز یان کار و پیشە، بوون بە نازناو بۆ

---

[87] هەر ئەو سەرچاوەیە.
[88] هەر ئەو سەرچاوەیە.
[89] How important is a character’s name in fiction, www.quarra.com/profil/chri .
[90] How our names shape our identity. webcache.google user content.com/the idea factory .

کارەکتەرەکان، زۆر جاریش بەهۆی نازناوەکەیەوە ڕادەی ڕۆشنبیری و ئاستی ژیری و نشینگە و شوێنی، تەنانەت ئایین و بیر و باوەڕی ڕوونبووەتەوە، هەندێك جاریش نازناوەکە بۆ دەرخستنی سیفاتی پێچەوانە بووە لە کەسێتی کارەکتەرەکاندا، ڕۆماننووس بە هۆیەوە وەکو لایەنێکی هونەریی دەقیش مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.

بۆ خستنەڕووی ئەم دیاردەیە لەنێوان ڕۆمانی کۆن و نوێدا، (ئەیان وات) دەڵێت: (لەجۆرە ئەدەبییەکانی پێشوودا، کارەکتەرەکان ئاسایی بەناوی ناسراوەوە ناودێر دەکران، ئەم ناوانە زیاتر مۆرکی ئەدەبی تەقلیدیی بوون، لەکرۆکی ژیانە ڕاستەقینەکەی سەردەمەوە، سەرچاوەیان نەگرتبوو، چاکترین بەڵگەش ئەوەیە، لە تاقە ناوێك پێکدەهاتن وەك (جەنابی بارمان)، (یوخیوس)، ئەمە لە کەسانی ناو ژیانی ئاسایی جیا دەبێتەوە، کە ناوەکانیان لە ناو و نازناو پێکدێت، ڕۆماننووسە بەراییەکان ئەم تەقلیدەیان شکاند، ئەم کارەش بایەخێکی فرەیی هەبوو، کەسانی ناو ڕۆمانەکانیان وا ناونا کە هەست بەوە بکەیت، کەسانێکی دیاریکراون و لەژینگەی کۆمەڵایەتی سەردەمدا دەژین).[91]

هەروەها لەڕووی بەرجەستەبوونی کارەکتەرەوە، بەهۆی نازناوەکەیەوە دەڵێت: (ڕۆماننووس مەبەستییەتی کەسایاتییەکە وەك تاکێکی دیار ڕۆنێت و پێشکەشی بکات، ئەمەش بە ناونانی ئەو کارەکتەرە، وەك چۆن لەژیانی ئاساییدا، ناوی تاکەکانی پێ ئەنێت، لەڕووی لۆجیکەوە، مەسەلەی بەرجەستەکردنی تاك، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەناوی ناسراو –اسم علم-ەوە هەیە، بەو ئیعتیبارەی هۆیەکە بۆ ناساندن).[92]

ئەوەی پەیوەندی بە چۆنیەتی ناونانی کارەکتەرەوە هەیە، لە ڕۆمانی نوێدا خۆی لە بێناوکردنیدا دەبینێتەوە، دید و تێڕوانینی نوێ دێتە کایەوە، جگە لە ناونان سەراپای دەقێکی ڕۆمانی پێدادەڕێژرێت، بەو واتایەی لە ڕۆمانی نوێدا، هەڵسوکەوت و بیر و تێڕوانین و گوزارشتکردن لەناخ و دەروونی کارەکتەر، مەبەستی سەرەکی ڕۆماننووسە، بە تایبەتی کاتێك دەیەوێت ڕووداوێکی گرنگ بورووژێنێت و جۆرێك لە وەڵامدانەوە لە ڕەفتاری کارەکتەردا درووستبکات، لێرەوە ئەوەندەی ڕۆمانی کۆن، بایەخی ناوی کارەکتەر نامێنێت، چونکە ڕۆماننووس لەبری ئەوەی خۆی بە ناوی کارەکتەر و جەستەیەوە خەریك بکات، پەیام و مەبەستەکەی لە چوارچێوەی دەقەکەدا دەخاتە ڕوو، کە ئەمەش خۆی لە بێناوکردنی کارەکتەر و بەکارهێنانی جۆرێك لە ڕەمز و هێما و پیت و ژمارەدا دەبینێتەوە.

ناوی کارەکتەر لە ڕۆمانی کۆندا، وەکو جۆرە ئاماژەیەك وابوو لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کارەکتەردا، بەپێی تێپەڕبوونی ڕووداوەکان دەکران، بۆ گەیاندنی چەندین بیر و مەبەست. ئاشکرایە لە ڕۆمانی نوێدا بە جۆرێکیتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە (ئەگەر ناونان لە کارەکتەر هەڵگری بەشێك لە گەیاندنی واتای ڕەمزداری ڕۆمان بێت، کە خۆی لە ناوەوەی دەق نمایش دەکات، ئەوا بێناوکردنی کارەکتەر هەڵگری دەیان واتای ڕەمزداری ناوەوە و دەرەوەی دەقە، چونکە شێوە پۆلێنکارییەکی گشتی بەخۆوە دەگرێت، لە ناساندن و

---

[91] ئەیان وات، سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی ، ل(27-28).
[92] هەر ئەو سەرچاوەیە، هەر ئەو لاپەڕەیە.

دیاریکردن دووردەکەوێتەوە).[93] لێرەدا ڕۆماننووس وێنەیەکی گشتی ئەزموون و کارەساتی سەرنجڕاکێش لای خوێنەر بەرجەستە دەکات و وێنەیەکی زیندووی ژیان دەخاتە ڕوو، بەهۆی چەند کۆد و ڕەمزێکەوە نەك گرنگی بدات بە ناوی کارەکتەر و بەکارهێنانی چەندین نازناو و وردەکاریی هونەرییی.

لە ڕۆمانی نوێدا وەکو لایەنێکی هونەرییی، هەوڵدەدرێت کەسایەتی کارەکتەرەکان بوونیان نەبێت، هەندێکجارکات یان شوێن وەکو ڕەگەزێکی تر جێگەیان بگرنەوە، لەم ڕووەوە (ناتالی ساروت) دەڵێت: (ئەمڕۆ کەسایەتی لە سێبەری خۆی تێناپەڕێت، کەسێکە نە ناو و نەخێزان و نە ڕابردووی نییە ).[94]

بۆ ئەوەی نەبوونی ناوی کارەکتەر و بێناوکردنی نەبێت بە کەلێن و خوێنەر هەست بە لەنگی و ناتەواوی لە گفتوگۆ و ڕۆشتنی ڕەوتی ڕووداوەکاندا نەکات، ڕۆماننووس لەجیاتی ئەوە پەنا دەباتە بەر چەندین وەسفی دووروودرێژی کارەکتەر وەکو جۆرێك لە شێوازی پێشکەشکردنیان، هەربۆیە (نەبوونی ناوی کارەکتەرەکان دەبێتە هۆی زیادبوونی وەسف و درێژەدان بە گێڕانەوەی نیشانەیی و ناساندن؛ جەخت کردنە سەر ئەو کۆدانەی کە دەبنە هۆی بیرهاتنەوەی خوێنەر و هێنانەوەی یادگاریی، بۆ کۆی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو ڕۆمانەکە).[95] بەو پێیەی لە ڕێگای ئەم وەسفانەوە کارەکتەر ڕۆڵی ئاسایی خۆیی بۆ دەگەڕێتەوە.

ئەم بابەتە وەك جێبەجێکردنی لایەنێکی هونەریی دەق، هەروەها جۆرێك لە پەنهانی دەربڕین بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت، کە نووسەر بە ویستی خۆی مەبەست و پەیامی دەگەیەنێت و ئاماژە بۆ هیچ کەس و لایەنێك ناکات، بە واتایەکی تر جگە لە لایەنی هونەرییی، مەبەست و ئامانجی نووسەر دەپێکێت.

نووسەر بەهۆی وردەکارییەوە لە وەسفی کارەکتەردا چەندین لایەنی ژیانی ئەو کارەکتەرەمان بۆ دەخاتە ڕوو، دەبینین (بەپێی پیشەی کارەکتەر، بەپێی وەسفی جەستەی، وەسفێك کە کارەکتەر هەڵگریەتی، بەپێی ڕەگەز –نێر و مێ-، بەپێی زنجیرەی ڕوودانی ڕووداوەکان، ئەندامبوونی کارەکتەر لە ڕێکخراوێك یان کۆمەڵەیەك، ....هتد).[96] هەروەها لەڕووی ئایینی و نیشتمانی و نەتەوەیی و دید و تێڕوانینەکانی بەگشتی، کە هەر یەکەیان بەپێی خۆی ڕۆڵی لە ناساندنی کارەکتەردا بینیوە.

لە ڕۆمانی نوێدا، ناوی کارەکتەر بەرەو ئەوە چوو جگە لە بەکارنەهێنانی ناو و نازناو، بە چەند پیتێك یان ژمارە ئاماژەی پێدەکرا، لەم بارەیەوە (نەجم ئەڵوەنی) دەڵێت: (ڕۆماننووسانی وەك (کافکا)، لە ڕۆمانی (دادگایی)دا تەنیا ژمارەیەك بۆ ناوی کارەکتەر بەکاردێنێ، لە ڕۆمانی (کۆشك)دا تەنیا پیتێك بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێنێ،...، هەندێك تیۆرزانی هاوچەرخیش، تەنیا لەڕوانگەیەکی زمانییەوە تەماشای کارەکتەریان کردووە

---

[93] بێستوون عارف عزیز، بابەت و تەکنیکی خواستراو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، ل167.

[94] بێستوون عارف عەزیز ، بابەت و تەکنیکی خواستراو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا ، ل168.

[95] بێستوون عارف عزیز، بابەت و تەکنیکی خواستراو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا، ل(170-171).

[96] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل169.

و جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە کارێکتەر بکەری کارێکە و ئەرکێکی زمانی لەناو ڕۆماندا دەگێڕێت).[97] ئەم ئەرکەش تەنیا بریتی‌یە لەو گفتوگۆیانەی کە ئەنجامی دەدەن.

## ٦. ناوی کارەکتەری مرۆڤ و ئاژەڵ

### أ / ناوی کارەکتەری مرۆڤ (لەڕووی ڕەگەزەوە)

١) ناوی کارەکتەری نێر
٢) ناوی کارەکتەری مێ

### أ / ناوی کارەکتەری مرۆڤ :

ئاشکرایە هەموو ڕۆمانێك هەڵگری چەندین ڕەهەند و دید و تێڕوانینی جیاوازە، کە لەلایەن کارەکتەرەکانەوە دەخرێنە ڕوو، بێگومان زۆرجار ناوەکانیشیان لەگەڵ ڕەفتار و مامەڵە و هەڵسوکەوتیاندا دەگونجێت، وەکو لایەنێکی هونەریی ڕۆمانەکە، هەندێکجاریش بۆ دەرخستنی سیفاتی پێچەوانەیە، یان ڕوویەك لە ڕووەکانی ڕەفتاری کارەکتەرەکە ناوی تایبەتی پێدەبەخشرێت، لەم ڕووەوە سەرجی خوێنەر ڕادەکێشێت لە چۆنیەتی خستنەڕووی کارەکتەرەکاندا. بەو واتایەی هەموو ناوێك بە مەبەستە و ڕۆماننووس لەخۆوە، ناو لە هیچ کارەکتەرێك نانێت.

زۆربەییەکی نزیك لە سەرجەمی ڕۆمانە کوردییەکان کارەکتەرەکانیان مرۆڤن، بێگومان ناوەکانیشیان ناوی مرۆڤن، زۆرجار ناوی ئاسایین –سادەن- و زۆرجاریش بەشێوەیەکی لێکدراو –ناوی لێکدراون- بۆ دەرخستنی سیفات و ڕەفتاری کارەکتەرن و بەشێوەیەکی گشتی کارەکتەری پێدەناسرێت، لە سنووری ئەم باسەدا ناوی کارەکتەرەکان لەڕووی هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)وە دەستنیشان دەکەین.

لەبەر ئەوەی ڕۆمان وێنەی ژیان دەکێشێت و بابەتێك دەخاتەڕوو، کە ڕەنگدانەوەی ژیانبێت لە هەر ڕەهەندێکەوە، هەر بەو شێوەیە کارەکتەرەکانیشی لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پێکهاتوون واتا ڕووداوەکان بە هەردوو ڕەگەز هەڵدەسووڕێت بۆ بەردەوامیی ژیان، ئەگەرهەندێك ڕۆمان ناوی کارەکتەری (نێر) یان (مێ)ی نەبردبێت ئەوا بە مەبەستە و بۆ خستنەڕووی بابەتەکە و وەکو پێویستییەکی ڕۆمانەکە ڕۆماننووس بەو جۆرە مامەڵە دەکات.

### ١) ناوی کارەکتەری نێر

[97] نەجم ئەڵوەنی، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی‌دا، ل(25-26).

هەموو ڕۆمانێك لەكاتی ئاماژەدان بە ناوی كارەكتەری مرۆڤ، ڕاستەوخۆ وەك ڕەگەزێكی مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ كارەكتەری (نێر)دا دەكات و فەرامۆش ناكرێت. بەڵام خستنەڕووی چۆنیەتی و چەندێتی هەر ناوێكی نێر پەیوەندی بە مەبەستی ڕۆماننووسەوە هەیە، ناوەڕۆكی دەقەكە –بابەتەكە- ئەم لایەنە دەسەپێنێت.

لە ڕۆمانی (هێلانە)دا، (حسێن عارف) ناوی كارەكتەرەكانی لە هەردوو ڕەگەز پێكهاتوون، بەڵام سەنگی قورسایی خستۆتە سەر ڕەگەزی نێر، بەو پێیەی ناوەڕۆكی ڕۆمانەكە باس لە ڕووداوی ئەنفال دەكات و ئەو بارودۆخەی خوڵقابوو بۆ كارەكتەری سەرەكی لەگەڵ كارەكتەرەكانی تری هاوڕێیدا مامەڵە بكات و دوای ئەنفالیش هەڵوێست وەر بگرێت و ڕوو بكاتە شاخ و هاوڕێیەتی كۆمەڵێك كەسیتر لە ڕەگەزی خۆی بكات، دەبێت بە هۆكارێكی سەرەكی كە نووسەر زیاتر چەند كارەكتەرێكی (نێر) درووستبكات، هەرچەندە ڕەگەزی بەرامبەر بوونی هەیە، بەڵام بەڕادەی ڕەگەزی نێر نییە .

((سوبحان) كە كارەكتەری سەرەكی ڕۆمانەكەیە، هاوڕێی منداڵی جافر و حەمۆلە، هەروەها پشتیوان و هۆشیاریش هاوڕێین، بەڵام وەك نزیكیی و هاوڕێیەتیی جافر و حەمۆل نین، سیروان پێشمەرگەیەكی ناوشارە و دەبێت بە هاوڕێی، هەروەها چەندین كەسایەتی وەك جەبار و دلێر و سامانی برای دلێر و عوسمان و ...هتد، كە كەسایەتی نەتەوەیین و دڵسۆزی نیشتمانەكەیانن، مەریوان كوڕی پیاوێكی جاشە، ئاسۆ گەنجێكە شەهید دەبێت، كەریم كەللە و معاون نوعمانیش دوو كەسی دەسەڵاتدار و جاشن و پیاوی ڕژێمی بەعسن).[98]

هەریەكە لەم كارەكتەرانە گرنگی و ڕۆڵی خۆیی هەیە لە هەڵسورانی ڕووداوەكاندا و لەخۆوە و سەرپێییانە درووستنەكراون و هەریەكەیان بۆ خستنەڕووی بەشێكە لە ڕووداوەكان. هەروەها ناوی عەرەبی و كوردی بەكارهێنراوە لە ناونانی كارەكتەرەكاندا.

لە ڕۆمانی (جەنگ)دا (سەلاح عومەر) ئاماژەی بە چەند كارەكتەرێكی كەم داوە، بە بەراورد بە ڕۆمانەكانیتر، لەبەر ئەوەی ڕووداوێكی كۆن دەگێڕێتەوە و گێڕەرەوە وەكو یادكردنەوەش یادی زۆربەیان دەكاتەوە، بەو هۆیەوە ژمارەیی كارەكتەرەكان كەمن، بابەتەكە وا دەخوازێت كەكارەكتەری نێر كەمتر ئامادەبوونی هەبێت، بە پێچەوانەی كارەكتەری (مێ)وە كە لەڕووی ژمارەوە زیاترن، بەڵام ئەركی وەرچەرخان و ڕوودانی ڕووداوەكان لەسەر گێڕەرەوەیە كە كارەكتەرێكی سەرەكییە بە ناوێكی نادیارەوە –ناوی نەهاتووە لە ڕۆمانەكەدا- (كە برای بچووكی خێزانەكەیە و پاڵەوانی ڕۆمانەكەیە، ئیسماعیل خەزووری برا گەورە –عەلی-یە و سەركەوتیش كوڕی ئیسماعیلە و هەریەكەیان هەتا كۆتایی ڕووداوەكان ڕۆڵێكی دیار و لەبەرچاویان نییە جگە لە گێڕەرەوە كە برای بچووكە. (عەلی و ئیسماعیل) دوو ناوی عەرەبین و وەكو

---

[98] حسێن عارف، هێلانە (ڕۆمان)، چاپی یەكەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 1999.

ڕەهەندێکی ئایینی لە کۆمەڵگای کوردیدا بەکارهێنراون و وەرگیراون، (سەرکەوت) تاکە ناوی کوردییە بۆ ڕەگەزی نێر).[99]

لە ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی (شێرزاد حەسەن)دا (گێڕەرەوەکە کوڕی گەورەی خێزانەکەیە و کوڕی گەورەی ژنی یەکەمە، ڕووداوەکان لەسەر دەستی ئەم وەردەچەرخێ و پلەی یەکەم و ڕۆڵی سەرەکی هەیە، بەڵام ناوی نەهاتووە، بەگشتی هیچ ناوێکی نێر بوونی نییە، ئەم دیاردەیەش بەمەبەستە، ڕۆماننووس دەیەوێت وێنەی زوڵم و زۆرداریی باوك بەسەر کچەکان و ژنەکانیدا بخاتەڕوو، خوێنەر هەست بەو جیاوازییە ڕەگەزییە بکات لە ناوی کارەکتەرەکاندا، زۆرجاریش وێنەی پەیوەندی دوژمنکارانەی باوك لەگەڵ کوڕەکانیدا کێشراوە و بەرامبەر بەوەش زۆرداری باوك بەرامبەر بە کچەکانی و ژنەکانی خراوەتە ڕوو)[100] بەو مانایەی وێنەی ئازار و غەمی کوڕەکانی پیشانداوە، بەڵام زیاتر سەنگی قورسایی لەسەر ئافرەت داناوە و ناوی زۆربەی دایك –ئافرەتەکانی- هێناوە لەگەڵ چەند ناوێکی کچەکاندا. ئەم جیاوازییە بۆ لایەنی ئافرەت و بابەتێکی بەو شێوەیە کاریگەر ڕۆمانەکەی بەشێوەیەکی ناوازە پیشانداوە.

لە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم)ی (بەختیار عەلی)دا، زۆربەی ناوەکان بریتین لە ناوی لێکدراو، کە ناوی دووەم وەکو کلیلێك وایە ناوی یەکەم لەزۆر ڕووەوە ڕووندەکاتەوە، ئەم شێوازەی بەختیار عەلی تایبەتە بە خۆی و زۆربەی کارەکتەرەکانی بەمجۆرە ناولێناوە .

سەرەتا ئاماژە بە (ئەمیر شەرەفەدین) دەکات، کە کەسایەتییەکی کۆن بووە و بەدەستی پیاوەکانی سوڵتان کوژراوە، لەم ناوەوە ناوێکی نوێ (ئەشرەف)درووستدەکات کە سەرەتای پیتەکانی هەردوو ناوی (ئەمیر شەرەفەدین) وەردەگرێت، لە ئەمیر (ئە) و لە شەرەفەدین (شەرەف) وەردەگرێت و دەیکات بە (ئەشرەف) کە تاقانەی دووەم بووە و بە دەستی (سەعید) و (سەرهەنگ) و پیاوەکانی (سەرهەنگ) کوژراوە، هەروەها (شەفیق) یەکێکە لە پیاوەکانی ناو کۆشك و (حەمید قەزاز) کەسایەتییەکی بەتەمەن و خواناس بووە زوڵم و زۆرداریی (سەعید سوڵتان بەگ)ی دەرخستووە.

((سەرهەنگ بەدری)ش پیاوێکی بەدەسەڵاتی ڕژێمی بەعس بووە و دۆست و ئاشنای داپیرە بووە، هەروەها (قازی خاڵ، خورشیدی جادووباز، سەرتیپ (حاتەم بوهرزی)، سلێمانی قەساب، سالار چاوشین، حەیدەر، حەمید، ئەحمەدی ناڵ گەورە) هەر یەکەیان بەجۆرێکی تایبەتی ناسێنراون و بەشێوەیەکی لێکدراو هاتوون، تەنانەت (سەرتیپ)یش بەهۆی (حاتەم بوهرزی)یەوە ناسێنراوە، هەریەکەیان ئەرکی خۆی لە بەرێکردنی ڕووداوەکاندا بینیوە، بەڵام ڕۆڵی سەرەکی دراوە بە تاقانەی یەکەم (سەعیدی سوڵتان بەگ) کە لەگەڵ سەرهەنگ و پیاوەکانیدا (تاقانەی دووەم) دەکوژن).[101] بەو مانایەی هەر ناوێك لای بەختیار عەلی،

---

[99] سەلاح عومەر، جەنگ (ڕۆمان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2003.
[100] شێرزاد حەسەن (کۆ ڕۆمان)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، 2005.
[101] بەختیار عەلی، مەرگی تاقانەی دووەم (ڕۆمان)، چاپی شەشەم، چاپخانەی تاران، 2015.

ئەگەر ڕۆڵێکی لاوەکیشی هەبێت، بەجۆری لێکدراو لەشێوەی دوو ناوی دوایەکدا هاتووە لەم ڕۆمانەدا کارەکتەری (نێر) لەڕووی ژمارەوە لە کارەکتەری (مێ) زیاتر بوونی هەیە.

لەڕۆمانی (ئەژدیها)دا، ناوی کارەکتەری مرۆڤ لەهەردوو جۆری نێر و مێ تاڕادەیەك وەکو یەك لەڕووی ژمارە و چۆنیەتی مامەڵەکردنیانەوە لەناو ڕۆمانەکەدا –ڕۆڵیان لە وەرچەرخان و گۆڕینی ڕووداوەکاندا- هەیە. (کەریم) کارەکتەرێکی سەرەکییەو زۆرجار ڕووداوەکانیش دەگێڕێتەوە، (حاجی ڕەزای عەلاف) خاوەنی موڵک و سامانێکی زۆرە و (کەریم) لەلای ئەو ئیش دەکات، (یەڵماز)یش برازای (حاجی ڕەزای عەلاف)ە، (سمایل) باوکی (کەریم)ەو پێش مردنی لەلای (حاجی ڕەزای عەلاف) ئیشی کردووە. (ئەسەدوڵڵا) دوا میری بنەماڵەی (شاماران)ەو دواتر دەبێت بە بەراز و (شاخی بەرازگر) بەناوی ئەوەوە ناونراوە.

(وەلی)ش خۆشەویستی (پەری)بووەو تەنیا ناوی هاتووە، لەلایەن (شێخە کەوباز)ەوە کەکەسێکی بە فێڵ و تەڵەکەیە و پیاوی میرە، دەرمانخوارد دەکرێت، هەروەها وەکو ناوهێنان، ناوی (شوان، سەعید، ئەبوشەهاب، جەوهەر، دارا، قادر ئەفەندی، مەجیدە خڕە، مەلا ئەحمەدی شێنێ، خدرە زلەی سەر ئەستوور) هاتووە، کە ڕۆڵی لاوەکییان هەیە و زۆرجار تەنیا ناویان هەیە، هێندە پەراوێز خراون نەکەم و نەزۆر کارناکەنە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان و وەرچەرخانیان.

لە ڕۆمانی (گەماڵ)دا، ئاماژە بە چەند ناوێك دراوە کە ڕۆڵی سەرەکیان نییە، وەکو: (عەبە تەورە، قالە چوارچاوی زنجیر بەدەست، موشیر ئاغا، فەرەج و برایمی کوڕی، قوتە کە پێشمەرگەیە و لەناو شاردا بریندار دەکرێت (ڕەسوڵ) لەگەڵ (ورچە گەماڵ)دا دەنێرن بۆ ئاگادارییکردنی). ئەم کارەکتەرانە لە دێهاتەکان و شارەکاندا کارو پیشەی جۆراو جۆریان هەبووە و ڕووداوی گرنگ لەسەر دەستیان ڕوویداوە، بەڵام تاڕادەیەك (قالە چوارچاوی زنجیر بەدەست) لەسایەی ڕژێمی بەعسەوە خەڵکی دەچەوساندەوە و پیاوی ڕژێم بوو.

لە ڕۆمانی (ئەڵوەن)دا، چەند کارەکتەرێکی نێر، ئاماژەیەکی بچووکیان پێدراوە و ڕۆڵی سەرەتاییان هەیە، لەبەر ئەوەی ڕووداوەکان لە (خانەقین) ڕوویانداوە، ئاماژە بەو ناوچەیە دەکات بێگومان چەند ناوێکی تایبەتی بۆ کارەکتەرەکان -سەرەکی و ناسەرەکی- دادەنرێت، کە تایبەتن بە (خانەقین)، وەکو (عەبە چڵمنی میم سەکینە) کە پیاوێکە لەنێوان دوو چاخانەدا دۆندرمەی فرۆشتووە، (عەلی ئەزغەر)یش خاوەنی چاخانەکە بووە، (عەبە چڵمن)ی هانداوە هاوار بکات، (حاجی الله ویردیی)ش هەر لەناو بازاڕەکەدا بووە، جگە لەوەش ئاماژە بە (ڕەحمانی فاتە قەرە) و (حاجی فتح‌الله) دراوە، وەکو دوو کەسایەتی بەتەمەنتر دەرکەوتوون. (ڕەشید بەگی موختار) و (داوده کەچەڵی زەڕەنگەر) دوو کەسایەتی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتووبوون، (ئەکبەر ڕافزی)ش پیاوی (نوری سەعید)بووە و چەندین کەسی کوشتووە. (مەجەی تورشیچی) پیاوێکی ترشیاتفرۆش بووە و ڕۆڵی

لاوەکی هەیە، (عەلی)ش بەهەمان شێوە کەسایەتیەکی لاوەکی هەیە و زۆرجار ناوی (عەلی) دووبارە بووەتەوە، بەهۆی ئەوەی کە ناوچەی (خانەقین) بەگشتی شیعە نشینە و ناوی (عەلی) بە پەسەند دەزانن.

لە ڕۆمانی (باڵندەکانی دەم با)دا، هەرچەندە ئاماژە بە چەند کارەکتەرێکی کەم دراوە لە هەردوو ڕەگەزەکە. لەبەر ئەوەیە چەند پیاوێك ڕۆڵی سەرەکی و لاوەکییان هەیە (فەرهاد) و گێڕەرەوەی سەرەکی کە ناوی نەهاتووە، دوو کارەکتەری سەرەکین، (جەلالی، ناسری، بارام، کاوە، میرزا سەعید، برایمۆك) کارەکتەری لاوەکین، جگەلە (ماشەڵا پۆستەچی)ش بەوجۆرە، هەروەها ئاماژەیەکی کورت بە (حاجی شەلە) دراوە، ڕۆماننووس هەردوو ناوی (لەیلا و فەرهاد) وەکو دوو دڵدار دەخاتەڕوو، دەیەوێت پلەو ڕادەی خۆشەویستییەکەیان بەهۆی چیرۆکی (شیرین و فەرهاد) و (لەیلا و مەجنوون)ەوە بخاتە ڕوو، کە وەکو دوو چیرۆکی دڵداریی هەمیشە لەبیری خوێنەردان، هەرچەندە دەکرا لەجێگەی ناوی (لەیلا) (شیرین) دابنرایە، ئەوکاتە تەنیا ئاماژە بە چیرۆکی (شیرین و فەرهاد) دەکرا، هەربۆیە بەو جۆرەی هاتووە ئاماژە بە ناوەکانیان دراوە، هەتا ڕادەی خۆشەویستییەکە لە پلەیەکی باڵادا دەربکەوێت.

## ٢) ناوی کارەکتەری مێ

کارەکتەری (مێ) وەکو کارەکتەری (نێر) لە هەموو ڕۆمانێکدابوونی هەیە، تەنانەت لەو ڕۆمانانەشدا کە زۆر داب و نەریتی کۆمەڵگا دەخەنە ڕوو وەکو باوکسالاری و چەوساندنەوەی ئافرەت لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە، گرنگی تەواوی پێدراوە و وەکو ڕەنگدانەوەی ژیان و هاوشانی ڕەگەزی نێر، وەکو دوانەیەکی لەیەك دانەبڕاو هەمیشە گرنگی خراوەتەڕوو، زۆرجار بۆ مەبەستی هونەریی و جوانکاری و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر ناوی کارەکتەری سەرەکی و ئەوانەی ڕووداوی گرنگیان لەسەر دەست وەردەچەرخێ فەرامۆش دەکرێت و تەنیا وەکو ڕەگەزێکی مێ ئاماژەی پێ دەدرێت. (هەروەك لە کەسایەتی (داپیرە)دا دیارە لە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم)دا زۆرجاریش لەبەر نەبوونی گرنگیان لە ناو سنووری ڕووداوەکانی ڕۆمانێکدا ئاماژە بە کەسایەتییەك دەکەن وەکو سێبەرێك و بوونێکی لاوەکی دەردەکەون.

هەروەها چەند کەسایەتییەکی تر لە (مەرگی تاقانەی دووەم)دا دەبینرێت وەکو: (شلێر ڕەفعەت، خاتوو سەلوا، مونیرەی تورکی). شلێر ڕەفعەت وەکو (سەرهەنگ بەدری) ناوی باوکیان لەگەڵدا هاتووە دیارە مەبەستی نووسەر لە خستنەڕووی کەسایەتییەکاندا بەچەند شێوەیەکە و هەریەکەشیان بۆ مەبەست و ئامانجێکی دەقەکە دانراوە. بۆ نموونە (سەرهەنگ بەدری) خستنەڕووی ناوی باوکی –ناوی دووەم- بۆ ئەوەیە کە ئەو کارەکتەرە بەناوێکی عەرەبی و ڕۆشنبیرییەکی عەرەبی –سەردەمی ڕژێمی بەعس- و چۆنیەتی پەروەردە و ڕەنگدانەوەی لە کرداریدا بخاتە ڕوو، (خاتوو سەلوا)ش بەو جۆرە ناوی ئافرەتێکی کوردە بە ناوی عەرەبی لەوانەیە بەهۆی شوێنی لەدایکبوونی و گەورەبوونی لە ناوچەکانی کە زمانی عەرەبی بەهۆی ڕژێمی بەعسەوە (کاریگەریی هەبووبێت لە ناونانی خەڵکدا، یان عەرەبێکە و فێری کوردی بووە و وشەی خاتوو خراوەتە پێش ناوەکەیەوە،

کە بۆچوونی یەکەم زیاتر جێگیر دەکات. هەروەها (مونیرەی تورکی)ش پێدەچێت ئەم ناوە لە شوێنێکی وەکو کەرکوك یان دەوروبەری –ناوچە کورد نشینەکانی کە بە تورکمان لەقەڵەم دەدرێن- یان کەسایەتییەکە ڕەوشت و ڕەفتاری یان شێوەی قسەکردنی یان ڕەنگ و شێوە و ڕوخساری بووبێتە هۆکاری ئەم نازناوە لەگەڵ ناوەکەیدا کە خوێنەر بەرەو چەند لێکدانەوەیەك دەبات چونکە بەهیچ شێوەیەك هیچ ڕەهەند و لایەنێك لەسەر کەسێتی نەخراوەتە ڕوو).[102]

واتا ئاماژەدان بە بوونی ڕەگەزێك گرنگترە لە چۆنیەتی ئاماژەدان و ڕێکخستنی ناوەکەی لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێك ناودا. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چۆنیەتی نازناو بەخشین بەناوی کارەکتەر وەکو شێوازێکی تایبەت بە کارەکتەرەکانی (بەختیار عەلی) دەبینرێت.

لە ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی (شێرزاد حەسەن)دا، لە هەڵبژاردنی ناوی ژنەکان –دایکەکان-ی ناو حەسارەکەدا، هەردوو ناوی عەرەبی و کوردی بەکار هێنراوە، چونکە ئاماژە بەسەردەمێك دەدات کە ناوی عەرەبی بۆ ناولێنان زۆر لەبرەودا بووە، ناوی عەرەبی بە(کاریگەریی ئایینی ئیسلام و دید و تێڕوانینی خواناسییەوە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بەکارهاتوون، هەر ڕۆمانێکیش گوزارشت لەو سەردەمە بکات، بێگومان بە وردییەوە مامەڵە لەگەڵ ناوی کارەکتەرەکانیدا دەکات: (ناوی ڕەگەزی (مێ) –ناوە عەرەبییەکان- لە (حەسار)دا وەکو : (مێرەم:مريم) و (فاتم:فاطمة) و (زوڵەیخا:زليخا) و (ڕابی:رابعة) و (خەجێ:خديجة) و (حەبێ:حەبيبة)، کە بەشێوازێکی کوردیانە و سیمای دەنگسازی زمانی کوردییان پێوە دیارە.

ناوە کوردییەکانیش وەکو: (بەسێ، خازێ، بەهێ، ئەختەر، زارێ، مینا، هەمین)ن، کە زۆربەیان بە دەنگی (ێ) کۆتاییانهاتووە، کە بۆ بانگ کردن بەکاردێن. هەردوو جۆرە ناوەکەش وەکو یەك ڕۆڵیان لە وەرچەرخانی ڕووداوەکاندا هەیە، هەروەك ئاشکرایە بۆ پیشاندانی زوڵم و زۆرداریی دەسەڵاتی باوك لە خێزاندا کە بابەت و مەبەستی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، تەنیا ئاماژە بە ناوی ڕەگەزی (مێ) دراوە، وەکو ناو، ناوی ڕەگەزی (نێر) نەبراوە، زیاتر سەنگی قورسایی خراوەتە سەر ڕەگەزی مێ، ئازار و غەم و مەینەتییەکانی خراوەتە ڕوو لە پلەیەکی دواتردا گرنگی بە ڕەگەزی نێریش دراوە، بەو پێیەی هەردووکیان (کوڕ و کچ) موڵکی باوکەکەن)[103] ئاشکرایە کارە چەوسێنەرەکانی باوکێك لە خێزانێکدا، بەرامبەر هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) یەو دڵڕەقیی بەرامبەر هەردووکیان دەنوێنێت بەڵام لەبەر ئەوەی دید و تێڕوانینی باوکسالاری، پیاو بە ڕەگەزی سەرەکی و زاڵ لەکۆمەڵدا دەبینێت، ئافرەت زیاتر دەچەوسێنێتەوە و هەوڵی سەرکوتکردنیان دەدات.

لە ڕۆمانی (جەنگ)ی (سەلاح عومەر)دا، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا (ژمارەی کارەکتەری ئەم ڕۆمانە کەمە، گۆڕانکاری و ڕۆشتنی ڕەوتی ڕووداوەکان لەسەر ڕەگەزی (نێر) بنیادنراوە. بەڵام ڕەگەی (مێ)

---

[102] بەختیار عەلی، مەرگی تاقانەی دووەم (ڕۆمان).
[103] شێرزاد حەسەن، حەسار و سەگەکانی باوکم (ڕۆمان).

ژمارەیان زیاترە و هێندە گرنگیان پێنەدراوە وەکو پێکهاتەیەکی بنەڕەتی و کارەکتەری سەرەکی نەخراونەتە ڕوو کە بریتین لە (ناز، نەرمین، بێگەرد، دڵپاك، زارا، نەسرین)، (سەلاح عومەر) ناوی کارەکتەرەکان دەکات بە ناسنامەیان و لەناو ڕووداوەکاندا دەیانناسێنێت بەبێ ئەوەی نازناو یان ناوێکی تریان لەگەڵدا بەکاربهێنێت، بە تەنیا ناوێك دەیانخاتە ڕوو).[104]

لە ڕۆمانی (هێلانە)ی (حسێن عارف) چەند کارەکتەرێکی زۆر هەیە کە زیاتر لە ڕەگەزی (نێر)ن، بە پلەی یەکەم، ڕووداوەکانیان لەسەردەست وەردەچەرخێت، بەڵام ڕەگەزی (مێ) لەڕووی ژمارەوە کەمن و لەناو ڕووداوەکاندا ڕۆڵێکی کەمتریان هەیە، (بۆ نموونە (نەشمیل) خۆشەویستی حەمۆلە، (مینا)ش خۆشەویستی جافرە، (گێلاس)یش پێشمەرگەیەکی ناوشارە، زۆر بە کەمی ڕۆڵیان خراوەتە ڕوو، بە هەمان شێوە (شادمان)یش بەو جۆرە خراوەتە ڕوو، بەڵام (پورە عەتاو) تا ڕادەیەك ڕۆڵی وەکو حەمۆل و جافر دەرکەوتووە. هەروەها هەردوو ناوی عەرەبی و کوردی وەرگرتووە بۆ ناونانی کارەکتەرەکانی).[105]

لە ڕۆمانی (ئەژدیها)دا چەند کارەکتەرێکی (مێ) ئاماژەی پێدراوە، بەڵام لەڕووی ژمارە و ڕۆڵیان لەوەرچەرخانی ڕووداوەکاندا وەکو (نێر) نییە، (ئەمنە خان) ژنی (حاجی ڕەزای عەلاف)ە، (موعەزەز)یش کچیانە، (شەرافەت) ژنی (سمایل)ە و دایکی (کریم)ە. (پەری) کەسایەتییەکە خۆشەویستی (وەلی)بووە، (پوور ئەسمەر)یش کە بە (پوور ئەسمەری سەرئاسنین) ناوی دەرکردووە، ئاماژە بەوە دەدرێت کە حەوت شووی ئاشکرای کردووە واتا هێندە کەللەڕەق و سەرئاسنین بووە لەگەڵ چەند پیاوێکدا نەیتوانیوە ژیانی بەردەوام بێت.

لە ڕۆمانی (گەماڵ)دا، ناوی (سەلمە کۆڵە) هاتووە کە خێزانی (فەرەج)ە، هەروەها (زیتەڵ) کە ژنی (قالە ڕەق و تەق)ە، ڕۆڵی لاوەکییان هەیە.

لە ڕۆمانی (ئەڵوەن)دا، (ئامە ڕەش) ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە هەتا کۆتایی، پاڵەوان و کەسایەتی سەرەکی بووە، (لەیلا)ش کە گێڕەرەوەی زۆربەی ڕووداوەکانە و ڕووداوەکانی بەسەردا هاتووە، جگە لە (فەیمە کوێر و گورجی و پورە سوڵتانە کوێری سواڵکەر و سەبەی ژنی ڕەمەزان و پیرۆزی کچی، جگەلە مەلیحە) وەکو کارەکتەرێکی لاوەکی ڕۆڵیان هەبووە.

لە ڕۆمانی (ژن)دا، گێڕەرەوە کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، ناوی (هەتاو)ە، لەبەر جوانی ئەو ناوەیان لێناوە، (باجی حەلاو) نەنکی بووە و (ڕەعنا)ش دایکی بووە، هەروەها ئاماژە دراوە بە (شارا)و (ئێڤا)، کە هەموویان کارەکتەری ناسەرەکین، زۆربەی کارەکتەرەکان لە ڕۆمانی (ژن)دا لە ڕەگەزی (مێ)ن چونکە

---

[104] سەلاح عمر، جەنگ (ڕۆمان).
[105] حسێن عارف، هێلانە (ڕۆمان).

ڕۆمانەکە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ڕووداو و بەسەرهاتی پەیوەست بە ژنەوە. هەروەها کارەکتەرەکان لە هەردوو ڕەگەزەکە لەڕووی ژمارەوە کەمن.

لە ڕۆمانی (باڵندەکانی دەم با)دا، ناوی چەند کارەکتەرێکی لاوەکی وەکو (ئەفسانە، مونیرە و ڕووناك کە دوو خوشکی پاڵەوان و گێڕەرەوەن) براون. دەبینین بە گشتی ناوی کوردی و عەرەبی بپێی ژینگە و شوێنی ڕووداوەکان بەکارهاتوون، هەروەها ئاستی ڕۆشنبیری و تێڕوانینەکانی ڕۆماننووس بەگشتی هۆکارن لە هەڵبژاردنی ناوەکاندا، بەپێی قۆناغەکانی ژیانی، کورد هەمیشە دراوسێی عەرەب و فارس بووە، ئاشکرایە وشەی ئەو زمانانە جگە لە ناوی کەسایەتییەکان -ناوی مرۆڤ- لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بەدیکراوە و بە پێچەوانەشەوە کاریگەریی زمانی کوردی لەسەر وشەی فەرهەنگی ئەو زمانانە دەبینرێت.

## ب / ناوی کارەکتەری ئاژەڵ :

بێگومان هەموو ڕۆمانێك چەندین جۆر کارەکتەری تێدایە، وەکو مرۆڤ و ئاژەڵ و تەنانەت زۆرجار سروشتیش دەبێت بە کارەکتەرێك و زۆرجاریش کات و شوێن جێگەی کارەکتەر دەگرنەوە بەپێی مەبەستی نووسەر و جۆری ڕۆمانەکە. ئاژەڵیش وەکو مرۆڤ دەکرێت بە کارەکتەر و سیفاتی مرۆڤی دەدرێتێ، بۆ نموونە : لە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم)ی (بەختیار عەلی)دا، وێنەی چەند تانجیەك دەخرێتە ڕوو وەکو کارەکتەر، هەرچەندە لۆجیك ئەوە پەسەند ناکات کە ئاژەڵ وەکو مرۆڤ هەڵوێست بنوێنێ و بیربکاتەوە و ڕەفتاری هەبێت، بۆ نموونە تانجی لەشکر دروستناکات بەڵکو مەبەست لە هێرش و شاڵاوی بەلێشاوی سەربازەکانی ڕژێمی بەعسە کە بە کوچە و کۆڵانەکانی شارەکاندا بڵاودەبوونەوە و بەهانەیان بە خەڵك دەگرت و دەستگیریان دەکردن.

ڕۆماننووس ئەوە دەخاتە ڕوو کە چەند کەسێك -چەند تانجییەك- و (ئەشرەف – تاقانەی دووەم) لەشێوەی لەشکرێکدا بەڕێکەوتوون، هەر وەك دەڵێت: (ئاە داپیرە... لەشکرێکی تانژی لە تاریکییەکەدا بەدوایاندا دەکشا و شەپۆلی دەدا، هەر هەمان ئەو لەشکری تانژیانە بوو کە ئێواران لە بازاڕی سەوزە فرۆشەکاندا بەرەڵلا دەبوون، ....، بەڵام لەو بەیانییەشدا بەسێبەری هەمان ئەو جانەوەرانە دەچوون، کە کوڕی تۆ، تاقانەی یەکەمی تۆ لەناویاندا دەڕۆیشت، بە نیگایاندا دیاربوو، ئەو جانەوەر و تانژییانە، هێزی هەرە گەورە ئەفسانەییەکەی ئەون).[106] لێرەدا نووسەر ئاماژە بە (تاقانەی یەکەم - سەعیدی سوڵتان بەگ) دەدات کە برای گەورەیە و (ئەشرەف – برای بچووك) دەکوژێت، ئەو هێزەی وادەکات برا، برا بکوژێت بریتیە لە پاڵپشتی دەسەڵاتی بەعس کە چۆن کەسانێك بەهێز دەکەن و دەیانکەن بەگژ برا و کەسەکانیاندا.

## تەوەری دووەم/ پەیوەندی ناو بە جەستەوە

[106] بەختیار عەلی، مەرگی تاقانەی دووەم (ڕۆمان)، ل22.

## ١. ڕۆڵی وەسفکردن لەخستنە ڕووی جەستەی کارەکتەردا :

لەڕێگای وەسفکردنەوە ڕۆماننووس هەوڵ دەدات کارەکتەرەکانی بە خوێنەر بناسێنێت، لەڕووی ڕوخسار و ناوەرۆك و سیفاتیانەوە، وەکو وەسفکردنی ئەندامەکانی جەستە و لەش و لار و چۆنیەتی ڕەنگ و جل‌وبەرگ و حەز و خولیا و ویست و ئارەزوو، هەروەها ڕەفتار و هەڵسوکەوت و چۆنیەتی بیرکردنەوە و باری سەرنجیان بۆ ژیان،بە هەردوو جۆری وەسفی کورت، یان دوور و درێژ، چۆن و کەی بەگرنگی زانی کارەکتەرەکانی دەخاتە ڕوو. بەپێی ڕۆڵیان لەناو ڕەوتی ڕووداوەکان و دروستکردنی کێشە و ململانێدا دەربارەیان دەدوێت.

بۆ ئەم خستنە ڕووە هەندێکجار لەگەڵ ناوهێنانی کارەکتەردا، کورتەیەك دەربارەی ژیان و چۆنیەتی بیرکردنەوە و ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و چۆنیەتی گوزەران و بیروباوەڕیان –ئایینیان- بەچەند دەستەواژەیەکی کورت و پوخت دەخاتە ڕوو، هەندێکجاری تریش بەوەسفێکی دوور و درێژەوە، دەربارەی کەسێتی و ژیانی دەدوێت.

لێرەدا ڕۆڵ و بایەخی کارەکتەر و سنووری دەسەڵاتی لەناو ڕووداوەکاندا دیاریدەکات کە پێویستی بە چ جۆرێك شێوازی پێشکەشکردن هەیە، وەکو وەسفی زوو یان درەنگ، کورت یان دوور و درێژ، سەرپێیی یان وەسفی ورد و تەواو.

خستنەڕووی ڕوخسار و جەستە و بیر و تێڕوانینی کارەکتەر بەجۆرێك لە جۆرەکان تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی ژیان و چۆنیەتی سەرنج و باری دەروونی نووسەرن، بەو پێیەی کارەکتەرەکان لەسەر دەستی ئەو هاتوونەتە بوون و چۆنی ویستبێ بەو جۆرە دروستیکردوون.

دەربارەی گرنگی وەسفکردن و سروشتی بوونی لە دەقدا (حسێن عارف) دەڵێت: (وەسف تەنیا کار لەسەر دیوی دەرەوەی ڕووداوەکان ناکات، بەڵکو کاتێك وێنەی کارەکتەرێك نیشاندەدرێت، نووسەر دەچێتە ناخی دەروونی کارەکتەرەکانەوە، ئەو ڕاز و نیازانە دەخاتە ڕوو کە لەبەر هەر هۆیەك بووبێت،...، بە کورتی ئەو پەردەیە لادەبات، کە بەسەر زۆر لە نهێنییەکانیدا دادراوەتەوە و لە کون و قوژبنی دەروونیدا شاردوونیەتیەوە، چونکە ئەو ڕازو نیازانە لەڕێگای هەڵسان و دانیشتن و قسە و گفتوگۆی سەرزارییەوە ناخرێنە ڕوو، بەڵکو پێویستیان بە وردکردنەوەی باری دەروونی کەسەکەوە هەیە).[107]

سەبارەت بە گرنگی وەسفکردن و ڕۆڵی لە خستنەڕووی باری دەروونیی و ڕەفتار و جەستەی کارەکتەردا، (ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ) دەڵێت: (وەسفکردن ئەرکی ڕاڤەییە، لێرەدا کۆپلە وەسفییەکانی ناو ڕۆمان

[107] حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، ل65.

مەودای کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوویيان هەیە و لەڕێی ئەوانەوە ئاستی ڕۆشنبیری و هەڵوێستی سیاسی و ڕەوشت و ڕەفتاری کارەکتەرەکان ڕووندەکاتەوە، هەروەها جیاوازیی بیر وڕایان دەخاتە ڕوو).[108]

زۆر جار کێشە و ململانێکان قوڵبوونەتەوە بەناو ڕووداوەکاندا، جۆرێك لە جەنجاڵی و ئاڵۆزی لەسەر خوێنەر درووستدەکات، نووسەر بۆ دەربازبوون لەم بابەتە پەنا دەباتە بەر وەسفکردنی کەسایەتییەکان و ئەو جیهانەی تێیدا دەژین، کە ئەمەش جۆرێك لە (پشوودانێك و حەسانەوەیەکی بەتام و چێژە بۆ خوێنەر، تاوەکو تین و گوڕی زیاتری پێ ببەخشرێت، توندتر پەلکێشی ناو دنیای ڕۆمانەکەی بکاتەوە).[109] لێرەدا نووسەر وەکو لایەنێکی هونەریی و تەکنیکی ڕۆمان سوود لەوەسفکردن وەردەگرێت.

جۆر و چەندێتی و چۆنیەتی وەسفکردنیش بەندە بەو زمانەوەی کە وەسفەکەی پێدەکرێت، دەبێت وشەکانی گونجاو و شیاوبن، لەشوێنی خۆیاندا پڕاوپڕ مانا بەدەستەوە بدەن و لە ئاستی سەروو خۆشیاندا ڕۆڵ ببینن لە درووستبوونی دەستەواژەی پڕ واتا و سفت چنین و ڕایەڵەی نێوانیان سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە بەرجەستەبوونی وێنەکاندا –وێنەی کەسێتییەکان .

چۆنیەتی خستنەڕووی کارەکتەر لە ڕۆماندا، تەنیا بەوەسفکردنی جەستە یان خستنەڕووی هەموو لایەنەکانی پێکنایەت، ئەمەش هەندێکجار بەهۆی ناو و نازناویەوە، هەروەها بەهۆی ئەو وەسفانەوە کە لەگەڵ ناوەکەیدایە لامان ئاشکرا دەبێت، هەموو کەلێن و لایەکی دەروونی دەکەوێتە ڕوو، هەندێکجاریش بەهۆی نازناوەکەیەوە، یان تەنیا ناوهێنانی وەکو ناوێکی لێکدراو، ڕۆڵی لە گۆڕانکارییەکاندا دەردەکەوێت، کە بەسەر ڕووداوەکاندا دێن، چونکە (کەسێتی تەنها بریتی نییە لە جەستەیەکی نیشاندراو، بەڵکو دەبێت کەسێتیەك بێت، لە ناخەوە بەرەو بونیادی دەرەکی نیشان بدرێت).[110]

مەبەست لەم ڕایە ئەوەیە، وەکو تێڕوانینێك ئەوە خراوەتە ڕوو کە وەسفی کارەکتەر هەر جەستە نییە بە تەنیا، بەڵکو جەستە بریتیـیە لە بوونێك بە ناوەوە بەستراوە، هەر کاتێك کارەکتەر خرایە ڕوو، جەستە گرنگ نییە بەڵکو ئاماژەدان بە ناو و نازناو زۆرجار خوێنەر بەرەو ئاشنابوونی کارەکتەرەکان دەبات و لە جەستەی دوور دەکەوینەوە، چونکە لای هەموو خوێنەرێك پلەی یەکەمی نییە .

لەڕووی گرنگی وەسفەوە بۆ بەرجەستەبوونی وێنەی کارەکتەر و ناساندنی بەخوێنەر (جەلال ئەنوەر سەعید) دەڵێت: (وەسفی کارەکتەر و پیشاندانی ئەو بارودۆخەی کە تیایدا دەژی، لەهەر ڕۆمانێکدا گرنگی خۆی

---

[108] ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ، جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا-کرمانجی خواروو- (2000-2010)، چاپخانەی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، 2013، ل(65-66).

[109] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل64.

[110] بوشرا کەسنەزانی، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا (1995-2005)، ل123.

هەیە،...، خوێنەر دەیەوێت وێنەیەك بۆ كارەكتەر درووستبكات، خۆی و كردارەكانی ببینێت و لەهەمان كاتیشدا قسەی لەگەڵدا بكات).[111]

هەر بەو جۆرە بۆ ئاماژەدان بەبوونی گرنگی وەسف و شێوازی وەسف لە ڕۆمانی كۆن و نوێدا (جەلال ئەنوەر سەعید) دەڵێت: (ساكارترین شێوە بۆ وەسفی كارەكتەری ڕۆماننووسە كۆنەكان، بریتی بوو لە وەسفی جەستە و كورتەیەك لەژیانی كارەكتەرەكە، زۆرجاریش جل و بەرگ نیشانەیەكی باش بووە بۆ دەرخستنی كارەكتەرەكە و چینەكەی و هەروەها ئاستی ژیانی،..، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا كێشانی وێنەی كارەكتەر پەیوەندی بە لێهاتوویی نووسەرەوە هەیە،...، بۆیە وەسفی كارەكتەر بەوە دیاریكراوە كە وتارێكی كورتە و وەسفی ئەو تایبەتمەندێتییە دەكات، كە هەر نموونەیەكی كۆمەڵایەتی پێ دەناسرێتەوە، وەك پیسكەیەك یان خواردەیەك).[112]

لەبەر ئەوەی كارەكتەرەكانی ناو ڕۆمان هەمیشە وابەستەی ژیانن و بوون و كەسێتیان بەهۆی ڕەفتار و جوڵە و هەڵسوكەوتیان لەگەڵ كارەكتەرەكانیتردا دیاریدەكرێت، بۆ چنین و فراوانبوونی ڕووداوەكان، بەجۆرێك دەخرێتە ڕوو، هاوشێوەی واقیع بێت و ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی نووسەربێت، هەر بۆیە وەسفكردن لە ڕۆماندا پانتاییەكی فراوان داگیر دەكات، لەم بارەیەوە (كەمال میراودەلی) دەڵێت: (بەهۆی ڕەنگدانەوەی واقیع لەڕێبازە ئەدەبی و هونەریی و مێژووییە جۆر بەجۆرەكاندا، بۆمان ڕووندەبێتەوە تا چ ڕادەیەك هونەر لەگەڵ ژیان و مێژوو و خواست و هەست و نەستی سەردەمەكەیدا یەكدی گیرە).[113]

ڕۆمانیش وەك ڕەگەزێكی ئەدەبی و هونەریی، لەبەر ئەوەی وێنەكانی ژیانی تیادا ڕەنگدەداتەوە، ڕۆماننووس وەسفكردن دەكات بە هۆكارێك، هەتا بەهۆیەوە ورد و درشتی مەبەست و ئامانجەكانی وێنە بكێشێ، لەم ڕووەوە (محمد مەنتك) چەند وەسفێك بەپێی ڕێبازە ئەدەبییەكان دیاردەكات و دەڵێت: (لەڕۆمانی كۆندا زۆر گرنگی بە وەسفی كارەكتەر دەدرا، بەشێوەیەك وەسف دەكرا خوێنەر ئاگاداری تەنانەت ڕەنگی چاویشی دەبوو،...، لە قوتابخانەی ڕۆمانتیكیشدا ڕۆماننووسان وازیان لە وەسفی دەرەوەی كارەكتەر هێنا، زیاتر بایەخیان بە ناخ و كێشە و ململانێ دەروونییەكانی تاك دا، ئەمە بە تایبەت لە ڕۆمانی (شەپۆلی هۆش)دا بەدیاركەوت،...، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا كارەكتەر لەهەموو پێگە كۆمەڵایەتی و مێژوویی و وەسفەكان دابڕێنرا، تەنانەت بایەخ بە ناوی كارەكتەریش نادرێت، وەكو لە ڕۆمانی (كافكا)دا، ئاژەڵ و گیانداران بوون بە كارەكتەری ڕۆممان، وەكو لە ڕۆمانی (مەزرای ئاژەڵان)ی (جۆرج ئۆرۆیل)دا).[114]

---

[111] جەلال ئەنوەر سەعید، تەكنیكی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا، نامەی ماستەر، كۆلێجی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)، زانكۆی بەغدا، 2006، ل81.

[112] هەر ئەو سەرچاوەیە، هەر ئەو پەڕەیە.

[113] كەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیكا)، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی قانع، 2005، ل210.

[114] محمد مەنتك، تەكنیكی فرە دەنگی لە ڕۆمانی كوردیدا (كرمانجی خواروو) ساڵی (2000-2010)، چاپی یەكەم، چاپخانەی لەریا،2013، ل(161-163).

بەهۆی ئەو گرنگییەی وەسفکردن لەناو ڕۆماندا هەیەتی، خوێنەر هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ وەسفەکاندا ئاوێزان دەبێت و بەرە و ئەو جیهانە درووستکراوە دەچێت، کە ڕۆماننووس دایمەزراندووە و نەخشەی کێشاوە.

ئاشکرایە نووسەر چەندین جۆر وەسف دەکات (وەسفی ورد و وەسفی درشت) ئاماژە دەدات بە وردەکاری هەموو ڕەگەز و بنەماکانی ڕۆمانەکە، بەڵام وەسفی کارەکتەر و خستنەڕووی جەستەی، کە کاری لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە، لە هەموو وەسفەکانیتر زیاتر بەرەو ڕووی دەچین و گرنگی پێدەدەین، بە تایبەتی ئەو وەسفانەی بەهۆی ناوی کارەکتەرەوە دەخرێنە ڕوو.

## ٢. پەیوەندی ناو بە جەستە و ڕەفتاری کارەکتەرەوە:

ڕۆماننووس وەسفی کەسێتی و ڕوخسار و هەموو تایبەتییەکی کارەکتەرەکانی دەکات، بە کۆمەڵێك وشە و دەستەواژە، بەپێی ناوەکەی و زۆر جاریش نازناوی، هەوڵدەدات گونجاندن و تەباییان بپارێزێت، وەسفەکان بەهەر جۆرێك بن، دەربڕی جووڵە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کارەکتەرن و زۆرجار وەسفی جەستەش دەبێت بە مەبەستی سەرەکی، لەگەڵ هەر ناوهێنانێکیدا، چەندین لایەن لەسەر جەستەی کارەکتەر دەردەکەوێت، زیاتر بەهۆی وەسفی ڕوخسارەوەیە -کە لە وەسفی ئەندامەکانی تری جەستە زیاتر بەکاردێت .

بەهۆی سەرنجدانمانەوە لە ناوەکانیان و تێڕوانینمان بۆ چۆنیەتی هێما و جووڵەکانی ڕوخسار و جەستەیان بەگشتی و ئاوێتەکردنیان لەگەڵ ناوەکانیاندا، دەبن بە ناسنامەی تایبەتی ئەو کارەکتەرەی نووسەر دەیەوێت بیخاتە ڕوو، بەهۆیەوە مەبەست و پەیامی خۆیی پێ بەرجەستە بکات. ئەو پەیامانەی ڕەنگدانەوەی چەندین بەهای مرۆڤایەتی بن بەگشتی، یان مەبەستێکی تایبەتی و گرێی دەروون و ناخی نووسەر بن.

ئەو مەودا و لایەنانەی نووسەر دەیەوێت بەهۆی کارەکتەرەوە بیانخاتە ڕوو، سەرجەمیان لایەنە ئاشکرا و شاراوەکانی دەروونی کارەکتەرن بەپێی ڕەوتی ڕووداوەکان زیاتر دەردەکەون، زانینی ئەم لایەنە جیاوازانە بەگشتی -زۆربەی کات- بەهۆی ناوەوە بەرجەستە دەبن و لە هەڵوێست و مامەڵەیاندا ڕەنگ دەدەنەوە بە کارەکتەرسازی ناودەبرێن*. (کەسێتی سازی بەرهەمی کۆی ئەو تایبەتمەندیانەی مرۆڤێکە، هەموو ئەو شتانەی بتوانرێت بە وردی لە ژیانی کەسێك دا بزانرێت: تەمەن، ڕادەی هۆش، ڕەگەز، مەیلی سێکسی، شێوازی قسەکردن، ڕەفتاری بەرامبەر بە ....، ماشێن و جلوبەرگی، ئاستی خوێندەواری و پیشەی، باری دەروونی و توڕەیی، بەهاو بیرەکانی، واتا تەواوی ڕووی مرۆڤ بێت).[115]

لەڕێگەی ناسینی کارەکتەرەوە و ئاشنابوون بە هەموو لایەنەکانی ژیانی و وابەستەکردنیان بە ناوەکانیانەوە، دەبن بە مایەی سەرنجی خوێنەر و وەسفەکان کامڵتر دەکەن.

* لە ڕێگەی ناساندنی کارەکتەرەوە بەرەو پەیوەندی ناو و جەستەی دەچین، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم لایەنە ڕوون بکەینەوە.

[115] بوشرا کەسنەزانی، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا، ل122.

بێگومان هەموو لایەنەکانی کەسێتی کارەکتەر پەیوەستن بەوەسفکردنیانەوە -چۆنیەتی و چەندێتی وەسف- لە ڕووی دەوڵەمەندیی فەرهەنگی زمانی و شێوازی وەسفکردنەکەوە، بۆ نموونە بوونی جەستەی تەواو یان کەمئەندام لە کارەکتەرەکاندا، دەربڕی دەروون و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و ڕەفتاریانن، ئەگەر کەسێك کەم ئەندام بوو چۆن مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکانی ژیانیدا دەکات، لەهەمان کاتدا دەوروبەر و کۆمەڵەکەی چۆن مامەڵە و ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن، هەموو هەست و نەستەکان و وردی وەسفەکان پێویستی بە دەستەواژەی گونجاوە واقیعکردن و ئاوێتەکردنی وێنەکان بە وێنەکانی ژیانەوە.

لەبەر ئەوەی ناوی کارەکتەر دەبێت بە ناسنامەیان و ڕەفتار و جووڵە و چۆنیەتی جەستەیان لەڕووی پێکهاتنیانەوە پێ دیاری دەکرێت، ڕۆماننووس (گرووپێك وشە درووست دەکات، ...، ناوی دیاریکراویان دەنێت، ڕەگەزی دیاریکراویان پێ دەبەخشێت، جووڵە و ڕەوتی قابیلی قبوڵیان پێ هەڵدەگرێت، وایان لێ دەکات لەڕێی ئەو دەستەواژانەی لەنێوان دوو بڕۆیاندا جێیان دەبێتەوە، قسە بکەن).[116]

لێرەدا ڕۆڵی جەستە تەواو بەرجەستە دەبێت، بە ئاشکرا هێماکانی جەستە و جووڵە و هەڵسوکەوتی کارەکتەر دەبێت بە دەرخەری هەست و نەست و هەڵوێستی بەرامبەر بە دیاردەکانی دەوروبەری، جەستە (وەك هۆکارێکە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکان و لەپێناو ژیاندنەوە و نواندنی کردەوەکاندا بەکار هاتوون).[117]

ناوی مرۆڤ چەندین مانا لەخۆ دەگرێت، وەکو ڕەمز و هێمایەك (لە ڕووی زانستی سیمۆلۆجیا - Simologia – علم الدلالة- وە، ناوی مرۆڤ وەکو هێمایەکی زمانی لە قۆناغێکی دیاریکراودا پەیوەستە بە شیکردنەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و زمانییەوە،...، لە ناویاندا بەشێکی سەرەکی بۆ جووڵەی جەستە تەرخانکراوە، وەکو هێمایەکی زمانیی، جەستە دەکەوێتە هێما پەخشکردن و ئیشارەتدان، کە هێمایەکە لە کات و ساتێکی دیاریکراودا هەڵگری لێکدانەوەی تایبەتی خۆیەتی، وەکو هێما و ئیشارەتەکانی چاو، کە وەکو کۆدێکی زمانیی هەڵگری واتای تایبەتین و لەناو زانستی سیمۆلۆجیادا، لێکدانەوەی زمانیان بۆ دەکرێت).[118]

هەروەها لێکۆڵەری دەروونی (دەیڤ فیگلێو) لە زانکۆی (Illinois) ئەوەی خستووەتەڕوو کە (ناوی منداڵ کاریگەریی لەسەر ژیانیان دەبێت، تا کۆتاییەکانی تەمەنیان بەرەو باشتر یان بەرەو خراپتر لەوەی کە هەن واتا کاریگەریی ئەم ناوانە لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان دەردەکەوێت، بۆ ئەمەش ناوی چەندین کەس – لە بەڵگەنامەکانی لە دایکبوونیان، لە خێزانەکانیان وەرگرتووە- لەوەوە جووڵەی جەستە و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و چۆنیەتی درووستبوونی جەستەیانی دیاریکردووە و (کاریگەریی ئەم ناوانەی بە وردیی تۆمارکردووە لە ساڵە جیاوازەکانی تەمەنیاندا).[119]

---

[116] بوشرا کەسنەزانی ، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا ، ل120.
[117] ئەرستۆ، پۆیەتیکا، وەرگێرانی: د.محمد کەمال، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2010، ل16.
[118] محمد غرافي، قراءة في سيمولوجيا البصرية، 2017/8/21، www.aljabriabed.net .
[119] Michael Headric, How your names shape your identity, https://ar.wikipedia.org .

هەر لە ڕوانگەی زانستی سیمۆلۆجیاوە (سمير الزغبي) دەربارەی بەرجەستەبوونی وێنەکانی ڕوخسار و جەستەی مرۆڤ و پەیوەندیان بە ناوەکانیانەوە ئەوەی خستۆتە ڕوو (هەریەکە لە وێنە جۆر بەجۆرەکانی جەستەی مرۆڤ، لە هەموو بارودۆخێکی ژیانیاندا، لە ژێر کاریگەریی ناوەکانیاندا شێوازی جیاواز وەردەگرن و وەکو پەرچەکردارێکی لەخۆوە نییە بۆ ڕووداوەکان، بەڵکو ناوەکانن جەستە دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، هەروەك چۆن مرۆڤ لە میدیاکاندا و لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە بواری هونەرییدا و ...دا، جەستەی شێواز و ڕەفتاری جیاوازی پێوە دیارە، بەو جۆرە لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا، کارەکتەرەکانی تەواو لەژێر کۆنترۆڵی کاریگەریی ناوەکانیاندا، هێما و ئیشارەت پەخش دەکەن).[120]

هەر بەو جۆرە (سمير الزغبي) ڕاو بۆچوونی (ڕۆلان بارت) دەخاتە ڕوو، سەبارەت بە کاریگەریی ناو لەسەر جەستەی مرۆڤ، ئەم وێنانەی مرۆڤ (نامەیەکن، جەستەی مرۆڤ وەکو کۆگا و کانگایەك وایە و لەوێوە پەخش دەکرێن، بە کاریگەریی ناوەکانیان –بەتایبەتی ڕوخساری مرۆڤ- کە بەرامبەرەکانیان لێیان وەردەگرن).[121]

هەروەها زۆربەی سەرچاوەکانی بواری سیمۆلۆجیا، ئەوە دوپاتدەکەنەوە کە هێماکانی جەستە وەکو ڕەمز و نیشانەیەکی زمانیی تێیدەڕوانرێت و بە کاریگەریی ناوەکان مرۆڤ بێئاگایانە -لاشعوري- ڕەفتار دەکات، لەژێر کاریگەریی مانای ناوەکاندا جەستەی جۆرە وەڵامدانەوەیەك وەردەگرێت و دەبێت بە ڕەفتارێکی هەمیشەیی، بە پێی بارودۆخی جیاواز.*

ڕەفتارەکانی مرۆڤ و هێماکانی جەستەی، هۆکارن بەرامبەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و سەرنج و پەروەردە و ئاستی کۆمەڵایەتی و ژیری و ڕادەی ڕۆشنبیری و ئایینی و ...، مرۆڤ تێیاندەگات و کەم و زۆر ئاشنایان دەبێت و لەهەر بارێکدا بەناوی خۆی کاریگەر دەبێت و دەبێت بە بەشێك لە کەسێتی.

ئەو هێما و ئیشارەتانەی کە ڕۆماننووس بەویستی خۆی دەیکات بە ناو و ناسنامەی تایبەتی کارەکتەرەکانی و بەویستی خۆی ڕەفتاریان پێدەکات، زۆربەیان بەهۆی کاریگەریی ئەدەبی فۆلکلۆری و زانستی میسۆلۆجیاوەیە، هەریەکە لە ڕەمزەکان و جووڵەکانی جەستەش کە بەشێکن لە زانستی واتا – سیمۆلۆجیا- ئەو زانستەی لە ڕەمزەکانی ژیانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، بێگومان زانستی میسۆلۆجیاش دەربارەی ئەفسانە و بیر و تێڕوانینی کۆنی مرۆڤە، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کاری ڕەمزەکانی ئەفسانەکان لەسەر بوارە جۆر بەجۆرەکانی کۆمەڵ و بیری کۆمەڵ ڕەنگیداوەتەوە، وەکو تێگەیشتن و ژیریی و بیری کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی ئایینی و داب و نەریت و ...، هەروەها کاریگەریی لەسەر ئەدەب بەگشتی وەکو جۆرەکانی

---

[120] د.سمير الزغبي، سيمولوجيا الصورة الاشارية، www.m.ahewar.org

[121] هەر یەو سەرچاوەیە.

* بۆ ئەم بابەتە سوودمان لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

١. علم العلامات ويكيپيديا – الموسوعة، http://ar.m.wikipedia.org

٢. www.semiodirection.com/finalmente

قوتابخانە و ڕێباز و تەوژمە ئەدەبییەکان کردووە. بەو پێیەی ڕۆمانیش هونەرێکی ئەدەبییە، زۆر لەو پەیڕەوە کۆمەڵایەتیانە و ئەو ڕەمزانەی ڕۆماننووس پێی ئاشنایە بۆ دەربڕینی پەیڕەو و داب و نەریتەکان، چونکە خۆی بەشێکە لە کۆمەڵ، دەگەین بە ئاشنابوون بە ئاستی هونەریی و تێگەیشتن لە بیری تایبەتیی ڕۆماننووس لە شیکردنەوەی هێماکاندا. بە واتایەکی تر بەهۆی زانستی سیمۆلۆجیاوە لە هەموو نهێنی و شاراوەییەکانی ناو دەقی ڕۆمان تێدەگەین، کە جۆرێکن لە ڕەمز و هێما (میسۆلۆجییەکان)، کە جەستە دەیاننوێنێت.

ڕۆماننووس هەندێکجار بۆ وێنەکێشانی جەستەی کارەکتەرەکانی (جەستەی سروشت) بەکاردێنێت، کە بەشێکە لەشوێن و لە ڕۆماندا شوێن فرە لایەنە و سروشتیش وەکو بەشێك دەبێت بە گوزارشت لە کەسێتی کارەکتەرەکانی. شوێن دەکرێت بە بنەما و لەوێوە وەسفی جەستە و وەسفی هەموو پێکهاتەکانی تری دەق دەکرێت، بۆ نموونە لە ڕۆمانی هێلانەدا نووسەر سەنگی قورسایی خستووەتە سەر شوێن و لەوەسفی ئەم جەستەیەوە، جەستەی کارەکتەرەکان دەخاتەڕوو، چونکە (شوێن لە ڕۆمانی هێلانەدا بووەتە خاوەن دەسەڵات لەبەرهەمهێنانی کارەکتەر و ڕووداوەکاندا، گێرانەوە و دایەلۆگ و وەسفی بەرهەم هێناوە).[122]

واتا بەهۆی وەسفی گشتییەوە وەسفی تایبەتیمان بۆ دەردەکەوێت و وێنەی جەستەی ئەو کارەکتەرانە لەژێر کاریگەریی سروشتدا –شوێن- بنیادنراون و بەشێکن لەو، زۆرجار بەهۆی ناوەڕۆك و بابەتی ڕۆمانەکەوە ناوی کەسایەتییەکان و بنیاد و بیر و هەڵوێستیان بەو جۆرە دەبێت و ڕەنگدانەوەی ئەو بابەتەن کە دەخرێتەڕوو.

لەوەشەوە جەستە و جۆری پێکهاتە و ڕوخساریان دیاریدەکرێت، بۆ نموونە لە ڕۆمانی ئەفسانەییدا، کارەکتەرەکانی نموونەی هێزی سەرووی دەسەڵاتی مرۆڤن و دروستکراوی خەیاڵیین، بۆیە دەبێت نائاسایی بخرێنەڕوو، لەڕووی ناو و وەسفی جەستە و وردەکارییەکانی ڕوخساریانەوە.

هەندێکجاریش ڕۆماننووس جەستەی کارەکتەرەکانی بە کاریگەریی ناوەکەیەوە دیاریدەکات و وێنەی دەکێشێت، هەروەها ڕەهەندی دەروونیی و کۆمەڵایەتیان دەداتێ و ناوەکان بۆ دەرخستنی زۆر بواری ژیان بەکاردەهێنرێت، (هەروەك (احلام مستغانمي) لە ڕۆمانی –ذاكرة الجسد- دا، ناوی کارەکتەری (حياة) دەگۆڕێت بۆ (أحلام)، باس لە ئافرەتێك دەکات لەژێر داگیرکاریی دەسەڵاتی فەرەنسادا لە جەزائیرەوە دەڕوات بۆ دەرەوەی وڵات دوای ئەوەی باوکی شەهید دەکرێت، بە پێچەوانەی ناوەکەیەوە کە (حياة)ە، هەموو سیما و خەسڵەت و مافێکی ئافرەتی لێسەندراوەتەوە).[123]

---

[122] تانیا ئەسعەد محەمەد صاڵح، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (ئەژدیها، هێلانە)، ل60.
[123] هند سعدوني، قراءة في رواية ذاكرة الجسد لأحلام مستغانمي، بين (أنا) الكاتبة و (هو) البطل، 2017/8/22.
www.mokarabat.com/s/4997.html

هەر بەو جۆرە (لە وێنەی کارەکتەرێکی تردا بە ناوی (خالد)ەوە، لە جەنگەکەدا دەستی دەپەڕێت، بە نەمری وەکو قارەمانێك وێنەی دەکێشرێت، لەگەڵ ناوەکەیدا جەستەی گونجاوە، بەڵام لە ناوی (حیاة)دا پەیوەندییەکە پێچەوانەیە و بۆ سڕینەوەی مافەکانی ئافرەت و مرۆڤە بەگشتی).[124]

نووسەر دوو کارەکتەری درووستکردووە بەهۆی کاریگەریی (شوێن)ی ژیانیانەوە ناوەکانیان و جەستەیان واتایان دەدرێتێ، بەڵام دوو واتای لەیەك جیاواز، واتا (حیاة) کە مایەی خۆشی و شادییە نامێنێت، بەڵام (خالد) وەك کەسێکی کەمئەندام بە نەمری دەهێڵرێتەوە.

هەر بەو جۆرە لەڕووی زانستی سیمۆلۆجیاوە، دەنگەکانی ناوەکان کاردەکەنە سەر جەستە و ڕەفتارەکانی دیاریدەکەن، لەبەر ئەوە ناوی کارەکتەر زۆر لێکدانەوەمان دەربارەی دەق دەداتێ (چونکە ناوەکان هەڵگری چەندین مەبەستی شاراوەیە و نووسەر لە ڕێگایانەوە گوزارشت لە بیر و بۆچوونەکانی خۆی دەکات، زۆرجار ناوەکان ئاشکران و پێویست بە لێکدانەوە ناکەن و لەگەڵ سیما و ڕوخساری (جەستەی) کارەکتەردا دەگونجێت، هەندێکیشیان دەبێت لێکدانەوەیان بۆ بکەین، چونکە ڕوخسار و جەستە بە ئاشکرا ناخەنەڕوو، ئەم جۆرەش دەبێت یان گونجاوبن لەڕووی ناو و جەستەوە یان پێچەوانەبن، بەو واتایەی ناوێك مانایەکی دژی هەبێت لەگەڵ جەستەی کەسایەتییەکەیدا، یان بە هەردوو جۆری دیار و نادیار واتا ئامادە و خەیاڵی، کارەکتەرەکان لەگەڵ ناوەکانیاندا دەخاتەڕوو).[125] بەمجۆرە ڕۆڵی ناو لەگەڵ چۆنیەتی وەسفی جەستەیدا بەرجەستە دەبێت و خوێنەر بە وردیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

بەهۆی ڕۆڵ و گرنگی ناو لە ژیانی مرۆڤدا، لەناو ڕۆمانیشدابەهەمان گرنگییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و وەکو ناسنامەی کارەکتەر وایە (بەهۆی ئەو نهێنییەی هەیەتی دەبێت بە دەرخەری هەموو سیفات و خەسڵەت و حەز و ئارەزووەکانی کارەکتەر، زۆرجار ناوبانگ یان ناوی خێزان و بنەماڵە، ناوی کەسی دەسڕێتەوە).[126]

(ڕێبوار سیوەیلی) دەربارەی ناوی کارەکتەر و زمانی دەربڕین لە ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی)دا دەڵێت: (ئەو زمانەی وادەکات خەیاڵ ببەستێ بەواقیعەوە، بەڵکو ئەم جەوهەرە پێش هەموو شتێك جەوهەرێکی زمانییە، زمان ئاستە ڕۆژانەییەکەی خۆی جێدەهێڵێت و دەبێتە هێزێك بۆ ناولێنان و دەبێتە شوێنی مانەوەی بێکۆتایی واتا لەو کاتەدا ئاگایی بەرهەمەکە دەکەوێتە بەرگری لەخۆی، وەك بەرهەمێکی هونەریی، کە تیایدا زمان ئاستە ئاڵوگۆڕە ڕۆژانەییەکەی جێدەهێڵێت و دەبێتە قەدەری بەرهەمەکە).[127]

---

[124] هەر ئەو سەرچاوەیە.

[125] أسماء إبراهيم حسين شنقار، سيميائية الشخصية في روايات يوسف السباعي، الاجتماعية، رسالة دكتوراه، جامعة عين الشمس، كلية البنات للآداب و العلوم و التربية، قسم اللغة العربية و آدابها، إشراف: د.حسن احمد البنداري. www.cr4.eulc.edu.eg/eulc_v5

[126] محمد فخرالدين، قراءة سيميائية في دلالة الاسم المغربي. www.maghress.com/khabarbladi/1035q.

[127] ڕێبوار سیوەیلی، دنیای شتە بچووکەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، 2005، ل (258-259)

بەو پێیەی زمان بۆ ئاخاوتنی ژیانی ڕۆژانەیە، بەڵام لە ڕۆماندا ئەم ئاستی ئاخاوتنە جێدەهێڵێت و دەبێت بە ناسنامەی کارەکتەر و ڕۆماننووس وەکو هۆکارێك بۆ گوزارشتکردن لە کەسێتی کارەکتەر و بۆ وەسفی جەستەیان بەکاریدەهێنێت. بەرهەمی هونەرییش بە مامەڵە و جووڵەی نێوان کارەکتەرەکان و بەردەوامیان بۆ ڕووداوەکان و بەرەو کۆتایی چوونیان دەبێت بە بەرگری لەبەرهەمەکە و یەکێتی دەپارێزرێت، زمان وەکو لایەنێکی ڕووخساری بەرهەمەکە لەبەر گرنگییەکەی دەبێت بە هۆکارێك بۆ سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی ڕۆمانەکە.

## أ/ پەیوەندی ناو بە جەستە و ڕەفتاری مرۆڤەوە :

لەبەر ئەوەی ڕۆماننووس بەردەوام هەوڵ دەدات کەسایەتیەکان – کارەکتەرەکان –ی ڕۆمانەکەی بەشێوەیەکی تەواو و سەرنجڕاکێش بخاتە ڕوو، ناوی کارەکتەرەکان دەگونجێنێت لەگەڵ وەسفی جەستە و خوو ڕەوشت و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و تەنانەت چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەڵوێستی تایبەتیاندا، زۆرجاریش بۆ دەرخستنی سیفاتی پێچەوانەیە لە کارەکتەرەکاندا، بۆ نموونە (بەختیار عەلی) لە (مەرگی تاقانەی دووەم)دا، لە وەسفی کارەکتەر (سەرتیپ – حاتەم بوهرزی)دا کە یەکێك بووە لە پیاوەکانی حکومەتی بەعس، لە شەڕی ناوخۆدا، وەکو ڕەوشتی – سیفاتی – حاتەمی تەی، لە دڵفراوانی و سەخاوەتدا تفەنگی بەناو خەڵکدا دابەش کردووە، بۆ ئەوەی یەکتری بکوژن، لێرەدا ڕۆماننووس بە پیاوێکی دڵفراوان وەسفی دەکات وەکو حاتەمی تەی و مەبەستیشی پێدانی سیفاتی پێچەوانەیە، هەروەك دەڵێت: (کاتێك لەوسەری شەقامەکەوە دەرکەوتن، من زەلێکی کۆنم دەکێشا، تفەنگێك لەو تفەنگانەم لەشاندا بوون، کە لە زەمانی شەڕی ناوخۆدا سەرتیپ (حاتەم بوهرزی) بەدەستی خۆی بەسەر هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا بەشیکرد). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل24)

هەروەها ئاماژە دەکات بە ڕوخسارێکی جوان و گەشی منداڵێکی دوانزە ساڵان بەناوی (سالار چاوشین) کە بەدەستی پیاوانی ڕژێمی بەعس کوژراوە و گونجاندن لەڕووی ناو و وەسفی جەستەیەوە کراوە.

هەر بەو جۆرە وەسفی کەسایەتی (سلێمان قەساب) دەکات و لەگەڵ ناوەکەیدا سیفاتی ڕق و کینە و پیاوکوژی دەردەخات، کە هەروەك پیشەی قەسابییەکەی لەسەر پردی (خاسە) چەندین کەسی سەربڕیوە و دڕندەیی بووە بە (بەشێك لە هەڵسوکەوتی)، جەستەشی هەمیشە بۆنی خوێنی لێهاتووە، وەکو قەسابێك، هەروەك لە ڕۆمانەکەدا دەڵێت: (سلێمان قەساب بوو، کە هەر بەو کێردەی مەڕ و بزنەکانی پێ سەردەبڕین، لە ڕۆژگاری جەنگی ناوخۆدا، ئەو تورکمانانەی پێ سەردەبڕی کە لەسەر پردی خاسە لەبری ئەوەی بڵێن (برنج) دەیانوت (بیرنج) ). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل31).

کارەکتەرێکی تری (مەرگی تاقانەی دووەم) – ئەحمەدی ناڵ گەورە –یە، کە گونجاندنی لەنێوان ناو و سیفاتیدا کردووە، هەرچەندە خۆی لە بنەماڵەوە کەسێکی (ناڵبەند)بووە، باوکی ناڵی بۆ ئەسپەکانی (سەرهەنگ) کردووە، لەهەمان کاتدا مانای هەڵخەڵەتاندن و فریودانی خەڵکیش دەگەیەنێت، کە تووشی گێچەڵی کردووەن

لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا (ئەحمەدی کوڕی ئەو ناڵچییە بوو، کە باوکی ناڵی بۆ ئەسپەکانی سەرهەنگ درووستدەکرد، کە شەوەهای شەو لەگەڵ کوڕەکەی تۆدا سەریان دەکردە سەر یەك سەرین...). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل46).

(خورشیدی جادووباز)یش یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە هاوڕێی (ئەشرەف)بووە و خاوەنی چاوێکی شووشەیی بووە، هەر ئەویش هەوڵی لەناوبردنی ئەشرەفی داوە، لەگەڵ (سەعید)ی برای ئەشرەفدا، نموونەی کەسێکی جادووگەری فێڵباز بووە، کە کەس لێی تێنەگەیشتووە، هەروەك (خورشید) خۆی دەڵێت: (بەسەر سووڕمانەوە سەیری چاوە شووشەکەمی کرد، کە لەدەستمدا و لەگەڵ دوو هەڵماتی دیکەدا هەڵماقوم پێدەکرد، پێیگوتم: خورشید کەواتە تۆ بەڕاست چاوێکت شووشەیە). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل98).

هەروەها (شێرزاد حەسەن) لە ڕۆمانی(حەسار و سەگەکانی باوکم)دا وەسفی (زوڵەیخا)ی خوشکی گێڕەرەوە دەکات، کە لە پاش ناشتنی باوکیان لە گۆڕستان بە شەهوەت و حەزێکی زۆرەوە ، چاوی بڕیوەتە جەستە و لەش و لاری زێوانەکە، ئاشکرایە کوڕەکان و کچەکان لە دوای مردنی باوکیان دەرگا بۆ حەز و ئارەزووە کپکراوەکانیان دەکرێتەوە، هەرەك دەڵێت: (زوڵەیخای خوشکم بێ شەرمانە چاوی بڕی بووە دەستی توکنی زێوانەکە، لەوحەلەی گەمەی بە هەردوو هێلکەکە دەکرد و سەیری ئەمی دەکرد، دواجار مانی گرت و وتی: "کاکە من تەواو.....، نایەمەوە حەسارەکە.... لێرە دەبم و ئاگام لە گۆڕەکەی باوکم دەبێ"). (حەسار و سەگەکانی باوکم، ل57)

لێرەدا ڕۆماننووس دەیەوێت وێنەی چیرۆکی (یوسف و زوڵەیخا) زیندوو بکاتەوە و ناوی زوڵەیخای خوشکی لەناوی زوڵەیخای سەردەمی (یوسف) نزیکبکاتەوە و بێگومان لەوەوە وەری گرتووە و چیرۆکێکی هاوشێوەی درووستکردووە، دەبینین لە چیرۆکی یوسف و زوڵەیخادا (یوسف) بێتاوانە و زوڵەیخا لەپشتەوە پەلاماری جلەکانی دەدات، بەڵام لێرەدا زێوانەکە تاوانبار و بەدڕەوشتە ، لەکاتی ناشتنی مردوویەکدا بەو جۆرە ڕەفتاری کردووە.

ئەم باسە و هەموو ڕۆمانەکەش، ئاماژە بە بارودۆخی کپکردن و سەرکوتکردنی کوڕان و کچانی حەسارەکە دەدات، لەژێر سایەی چەوسانەوەی باوکسالاریدا .

هەروەها وەسفی (زێبا)ی خوشکی دەکات کە لەجوانی و نازداریدا ئەو ناوەی لێنراوە، هەروەك لەمانای ناوەکەدا – زێبا – واتا جوان و ناسك، هەروەك دەڵێت: ((زێبا)ی نازدار و هەمیشە لێو بەبار و چاو بەخومار.....) (حەسار و سەگەکانی باوکم، ل24)

لە ڕۆمانی (جەنگ)ی (سەلاح عومەر)دا، گێڕەرەوە ئەوە دەخاتە ڕوو کە برایەکی گەورەی هەبووە بە ناوی (علی)، بێگومان ئاماژە بە (ئیمامی علی) دەدات لە ڕووی ئازایەتی و جوامێری و ژیرییەوە، چونکە

کارەساتی جەنگی یەکەمی جیهانی باسدەکات، کە خێزانێك لە ئێرانەوە هاتوون بۆ عێراق و ئێرانیش لەڕووی مەزهەبەوە شیعەن، حەز بە ناوی (علی) دەکەن بۆ منداڵەکانیان، هەتا لە ئازایەتی و نەبەردیدا بچێتەوە سەر (ئیمامی علی)، هەروەك دەڵێت: (بەهەمان شێوە ئەوەشم نەدەزانی کە برایەکم هەیە بەناوی عەلی و ئەویش لەلایەن جەندرمەوە ڕفێنراوە و سەر و سۆراغی نییە ). (جەنگ، ل7)

هەر بەوجۆرە کارەکتەرێکیتر هەیە بەناوی (نەرمین) و لە ڕۆمانەکەدا بە وردیی وەسفی جوانی لەش و لار و نەرمۆڵەیی (نەرمین) دەکات، کە کچی ماڵێکی دەوڵەمەندە، هەروەك دەڵێت: (نەرمینی باڵا بەرزی قژ ئەرخەوانی،......، ئەویش باسکی شل و نەرمی بەسەر دیوار و پەنجەرەکان شۆڕ نەکردبووەوە و پرچی خاوی شانە نەکردبوو....). (جەنگ، ل12)

(سەڵاح عومەر) ئاماژە بە ناوی (سەرکەوت) دەدات، کە کوڕێکی ئازا و چاونەترس بووە و هەوڵیداوە بۆ سەرکەوتن، سەرەڕای ئەوە، تەمەنی هەرزەکار بووە و ڕووەو سەرەوە هەڵکشاوە و بەرەو گەورەبوون چووە لەڕووی جەستەیەوە، بۆ نموونە دەڵێت: (سەرکەوتیش وەك –عەلی- باڵا بەرزێکی چوار شانەبوو،.....، لە تافی لاوێتیدا بوو، تازە هەڵی دەدا و تازە سمێڵی دادەنا، لە هەموو ناوچەکەدا، کوڕێکی وەك ئەو کۆك نەبوو). (جەنگ، ل79)

هەروەها ئاماژە بە (ئیسماعیل) ناوێك دەدات، کە بەهۆی پیرۆزی ناوەکەیەوە، مرۆڤێکی ڕاست و خواناسی لێدەرچووە، بە هێما و ئیشارەت ناوەکەی دەبێت بە ئاماژەیەکی موسوڵمانێتی، هەروەك دەڵێت: (ئیسماعیل پیاوێکی خۆش مەشرەب و خزمەتگوزار بوو، ئەو وەك مەلا و زانا و ڕیش سپی گوند، بەجووتە لەگەڵ باوکت خەڵکیان فێری خوێندەواری دەکرد و بەرەو چاکە خوازی و دوورکەوتنەوە لە خراپە دەیانبردن). (جەنگ، ل99)

(حسێن عارف) لە ڕۆمانی (هێلانە)دا (ئاماژە بە کارەکتەری (سوبحان) دەدات کە ناوەکەی ڕەنگدانەوەی جەستە و دەروونێکی پاك و بێگەردە، کە دوورە لەهەموو ناتەواوییەکی جەستە و دەروونەوە).

هەروەها هەردوو کەسایەتی (حەمۆلە و جافر) کە هاوڕێی سوبحانن، ئامادەبوونیان هەیە بە بەردەوامیی تا کۆتایی ڕۆمانەکە، کەسایەتی (حەمۆلە): مرۆڤێکی لاوازە لەڕووی جەستە و دەروونەوە و پیشەی جاشایەتی دەکات، لەسەرەتاشەوە مرۆڤێکی نازدار و خۆشەویستی خێزانەکەی بووە، بەڵام (جافر) کەسێکی نەتەوەییە، لە هەردوو کەسایەتییەکەدا ناو و ناولێنراو گونجاندن و تەباییان تێدایە. (هێلانە، ل14)

هەر بەو جۆرە کەسایەتی (ئاسۆ)، کە گەنجێکە لەسەرەتای لاوێتیدایە، هەروەك چۆن لە ئاسۆوە خۆر هەڵدێت و سەرەتای ڕۆژێکی نوێیە، بەڵام دوای تەواوبوونی ڕۆژێکی تەواو ئینجا دووبارە لە ئاسۆوە لەچاو وندەبێت، بەڵام تەمەنی (ئاسۆ) زوو کۆتایی پێدێت و شەهید دەبێت، سەرەڕای ئەوەی جەستەشی بەتەواوی

کامڵ نەبووە، هەروەك دەڵێت: (ئاسۆ کوڕێکی جوانکیلەی منداڵکار بووە، تازە سمێڵی بۆر کردبوو، هەرچەندە ڕەنگ و ڕووی زەرد هەڵگەڕابوو، بەڵام وەك هەست بەهیچ ئازارێك نەکا، چاوە ڕەشەکانی دەبریسکانەوە و دزە بزەیەکی بەسەر لێوەوە بوو). (هێلانە، ل75)

هەروەها ناوی (حاجی ئەحەڕەش) لەگەڵ ڕەفتارو جەستەیدا ناگونجێت، هەروەك دەڵێت: (پیاوێکی ئاودامان بە بەرگ و سەر و ڕیش و سمێڵەوە وەکو چوڕی شیر سپی، بە ڕوخسارێکی نورانییەوە قنجوقیت و وت و وریا و بەجەستە بەخۆوە و شکۆدار و ڕێزدار....). (هێلانە، ل206) لەجیاتی ئەوەی وێنەی مرۆڤێکی ڕەش و ناشرین بخاتە ڕوو، وێنەی پێچەوانەی لەگەڵ ناوەکەیدا درووست کردووە.

بەپێچەوانەی (حاجی ئەحەڕەش)ەوە، وێنەی کەسایەتی (کەریم کەلـلـە) درووستدەکات، کە ناوەکەی دەربڕی جەستەیەتی و گوزارشت لەو شێوەیە دەکات کە نووسەر دەیەوێت بیخاتە ڕوو، هەروەك دەڵێت: (ئەم کەللـە زلە گاییەکەی و دەم و قەپۆزی قەبەی، بەر لە هەرشتێکی تر سەرنجی ڕاکێشابوو.....).(هێلانە، ل211)

(کەریم کەلـلە) سەرەڕای لێکچوون و گونجاندنی ناوەکەی لەگەڵ جەستەیدا، بەناوبانگ بووە لە زوڵم و زۆرداریدا، بۆیە بەم جۆرە لەناو خەڵکدا قێزەون بووە، لەبەر خراپی و بەدیی کەسایەتییەکە، هێندەیتر مرۆڤ ڕقی لە ڕوخساری ناشرینی دەبێتەوە.

(حەمە صاڵحی فەرماندە) ئەگەرچی ناوەکەی بەسەر زاردا تا ڕادەیەك ئاڵۆزە، بەڵام خۆی ڕەوشت و ڕەفتاری جوانە (ئەوە حەمە ساڵحی فەرماندەیە ئەگەرچی ساڵانێکە نەیدیوە، بەڵام هەر ئەو پیاوە بەشانو شکۆ و بەویقارەی ساڵانی زووە، کە دیوێتی و ناسیوێتی، تاقە گۆڕانکارییەك تێیدا، لاجانگە ماش و برنجییەکەی و تاکە تاکەی مووە سپییەکانی سمێڵێتی، کە دیمەنیان لەبەرچاو شیرینتر دەکا). (هێلانە، ل262)

لەوەسفی (سۆرانە سوور)دا، ئەم دوو ناوەی ڕێکخستووە، لە ڕووی گونجاندنی دەنگی هەردوو وشەکەوە، هەروەها ناوەکەش دەربڕی شێوەی جەستەیەتی کە مرۆڤێکی سوورکارە، لەگەڵ ئەم ناوەشدا ناوی (کۆچەری کەمدووی کشومات) دەخاتە ڕوو، کە لە ڕووی فۆنەتیکەوە بەهەمان شێوە ناوی (سۆرانە سوور) دەنگی یەکەمی هەر سێ وشەکە گونجاندن هەیە، هەروەها خۆشی مرڤێکی هێمن و لەسەرخۆیە: (ئەوە سۆرانە سووری قسە خۆشی نوکتەبازی بەهات و هاوارە و ئەوەش کۆچەری کەمدووی کشوماتە...). (هێلانە، ل263)

وەسفی (ئاوات)یش دەکات، کە چۆن هیوا و ئاواتی کورد بەدینایەت و مرۆڤی کورد لە چاوەڕێکردندایە، هەر بەو جۆرە ناوەکەی لەگەڵ بەدینەهاتنی ئاواتی کورددا، ئەویش نادیارە و لە ڕۆمانەکەدا بە (ئێشکگرتن)ەوە سەرقاڵە: (دوایی ئاواتیش دەناسیت کە ئێستا لە نۆرەی ئێشکگرتندایە....). (هێلانە، ل263)

هەروەها (کمال)یش مرۆڤیکە گۆرانی دەڵێت، لەبەر لاوازی جەستەی ناتوانێت دەنگ هەڵبڕێت، واتا بە پێچەوانەی مانای ناوەکەیەوەیە (دوا کەس کەمالە، کەمالی دەنگ خۆش، کە خەمی گەورەی ئەوەیە ناتوانێ بچریکێنێ و دەبێ بە دەنگی نزم و لەبەر خۆوە گۆرانی بچڕێ). (هێلانە، ل263)

لە ڕۆمانی (ئەژدیها)دا (قادر ئەفەندی) وەسفی جەستەی (میر ئەسەدوڵلا)ی زۆرداری بەمجۆرە کردووە: (ڕوخسار هەمان ڕوخساری ئەسەدوڵلایە، دوو چاوی ڕەش، دوو برۆی سفت، گۆنایێکی گەش، بەڵام جەستەی هەر جارەو لەشێوەی ئاژەڵێکدایە، یەکەمجار لە بەرەبەیانێکدا بینیم، چوارپەلی دێڵە سەگێکی هەبوو، بەزمانی ئینسان دەیلووراند، هاواری دەکر فریاکەوە زووکە، هەر ئەمجارەیە زووکە،...، ڕۆژی دووهەم لە هەمان کات و شوێندا، ئەسەدوڵلا بەهەمان ڕووخسار بەڵام بە چوارپەل و جەستەی ماینێکی سپی، پەیدا بووە،...، ئیدی زۆربەی ڕۆژ دەمبینی، وەك پشیلە، ماکەر، شێر، ورچ، گورگ، ڕێوی، پڵنگ، چەقەڵ...). (ئەژدیها، ل٦٩-٧٠)

هەر بەو جۆرە لە (ئەژدیها)دا، وەسفی (مەلا ئەحمەدی ڕادار) دەکرێت، کە پیاوێکی زۆر بەهەست بوو هەتا ئەو ڕادەیەی ئاگاداری ڕووداوی شارەکانیتریش بووە، وت و وریا و زیتەڵە و گوێی سووك و مێشکی زۆر چالاك و بەهەست بووە و وەکو ڕادار هەواڵی زۆر شوێنی دەوروبەری کۆکردووەتەوە هەر بۆیە بەو ناوەوە بەناوبانگ بووە (مەلا ئەحمەد هەستێکی سەیری هەبوو، ئەویش ئەوەبوو ئەگەر لە کەرکوك یا موسڵ تەنانەت بەغدا و حەبانییە، سلفی سەیارەیان بخستایەکار، ئەوا مەلا ئەحمەد دەیگوت: کوڕینە وریابن، تەیارەیە... تەیارە...). (ئەژدیها، ل١٨٥)

دواتر ئاماژە بە کوڕێکی لاو دەدرێت، لە تەمەنێکی زۆر زوودا دەیەوێت ببێت بە پێشمەرگە و ناوی (قادر)ە، بەڵام لەبەر منداڵییەکەی وەریناگرن، هەرچەندە خۆی زۆر بەوره و بەتوانایە، لەسەر بڕیارەکەی سووردەبێت و دەبێت بە پێشمەرگە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاردەدات سەر بەهیچ گروپ و ڕێکخراوێك نەبێت: (قادر لەو ڕۆژەوە بڕیار دەدا بە تاقە نەفەری ببێتە پێشمەرگە و سەر بەهیچ دەستە و پەل و لقێك نەبێ...). (ئەژدیها، ل٢٦٧)

لێرەدا پەیوەندی لەنێوان ناو و ڕەفتار و هەڵوێستی (قادر)دا خراوەتە ڕوو کە بەو تەمەنە منداڵییەوە بڕیارێکی لەو جۆرە دەدات و توانا و ورەی دەبێت بە هاندەر و پاڵنەرێك جگە لە هەڵوێستی تایبەتیشی.

لە ڕۆمانی (ئەژدیها)دا، ئاماژە دراوە بە (پەری)و (وەلی) وەکو دوو دڵدار، کاتێك (شێخە کەوباز) بەفەرمانی میر (وەلی) دەکوژێت، تاوانی کوشتنەکە دەداتە پاڵ (پەری و شەیتان)، لێرەدا ڕۆماننووس دەیەوێت ناوی (پەری) لەگەڵ ڕەفتار و کەسێتیدا پێچەوانە بکاتەوە و تاوانی کوشتنێك بەهاوکاری شەیتان بداتە پاڵی، واتە بەخشینی ناوێك کە هەڵگری پاکی و بێگەردییە، بۆ کەسێك کە ڕەفتاری وەکو شەیتانە و هاوەڵیی شەیتان دەکات و هەموو کردەوە و ڕەفتارێکی لێوە وەردەگرێت.

دواتر دەبینین (ئەسەدوڵڵا) بە بەراز چوێنراوە، لەبەر ئەوەش شاخەکە بە (بەرازگر) ناویدەرکردووە، مەبەستی ڕۆماننووس لەوەدایە کە (ئەسەدوڵڵا) بەهێز و توانایە و بەرگەی سەختی شاخ و سەرماش دەگرێت و لە شاخەکاندا نیشتەجێیە و بەرەنگاری دوژمن دەبێتەوە، وەکو ئەوەی شاخەکە بەرازی لێپەیدابێت، واتا شوێنی کەسانی ئازاو نەبەردە، ئەم لێکدانەوەیە وەکو لایەنێکی پۆزەتیڤانە.

لەڕووی نێگەتیڤانەشەوە، وشەی (بەراز) لە دڵڕەقی و خراپییەوە دەبەخشرێت بەمرۆڤ وەکو ئەوەی خۆ ویست بێت و دووربێت لە هەست و سۆزی مرۆڤانە، پێی دەوترێت دەڵێی بەرازە. پێدەچێت ئەم ڕاو بۆچوونەی دووەم زیاتر گونجاوتربێت بۆ مانا بەخشین بە ناوی (ئەسەدوڵڵا) بەو پێیەی خاوەنی چەند سیفاتێکە هەروەك ڕۆماننووس بەوردیی وێنەی کێشاوە: (دەست و پێ سپی، ژن سیفەت، فێڵباز، سەدڕوو، داوێن پیس و چڵێس..). (ئەژدیها، ل٢٨)

لە ڕۆمانی (ئەژدیها)دا، بەشێوەیەکی گشتی و بەمەبەست چەند جارێك (پێشمەرگە) بەشێوەیەکی ناشرین خراوەتە ڕوو، لەناو دەقەکەدا چەندین سیفاتی پێبەخشراوە، پێدەچێت مەبەستی تایبەتیی ڕۆماننووس لەوەدابێت بەمجۆرە وەسفی (پێشمەرگە) بکات، وەکو ئەوەی بەمەبەست کارەکتەرەکان بخاتە ناو بازنەیەکەوە کە سەرەتا و کۆتایی نییە و لەچوار دەورەوە دید و تێڕوانینی کارەکتەرەکانی دەوریشی بەهەمان ڕاو بۆچوونەوە، هێندەیتر تێڕوانینەکەمان جێگیردەکەن.

لە ڕۆمانی (ئەڵوەن)دا، (مەلیحە) یەکێکە لە کچە جوانەکانی ئەو گەڕەکەی ماڵی (لەیلا)ی تێدایە، بۆ پیشاندانی لێکچوونی نێوان ناو و وەسفی جەستەی (مەلیحە) وەسفێکی وردی ڕوخسار و بەژن و باڵای دەکرێت: (مەلیحە تەمەنی دە بۆ یانزە ساڵان دەچوو، چاو و برۆیەکی قەیتانیی ڕەش، دەم و لووتێکی باریك، دوو کەزیی خورمایی، بەژن و باڵایەکی ڕێك و پێك، لەجوانیدا هەموو کچە دەوڵەمەندەکانی گەڕەك حەسوودیان پێ دەبرد...). (ئەڵوەن، ل١٢٧)

## ب/ پەیوەندی ناو بە جەستەی سروشتەوە:

هەروەك چۆن لەژیانی ئاسایی مرۆڤدا چەندین شوێن بەناوی کەسایەتیەکەوە ناو دەنرێت یان بەپێچەوانەوە، ناوی شوێن دەبێت بە ناو بۆ چەندین کەس و پێیدەناسرێن یان دەبێت بە نازناو بۆیان، لەناو ڕۆمانیشدا هەروەك ئاوێنەیەکی ژیانی مرۆڤ، ئەم دیاردەیە ڕەنگدەداتەوە، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (جەنگ)دا

–سەلاح عومەر- ناوی ئەشکەوتێك بە ناوی کەسایەتییەکی کۆنەوە دەنێت، کە خەڵکی ئەو شوێنە بووە و شێوازێکی ئەفسانەیی و زیادە ڕۆیی پێوە دیارە، لە وەسفی جەستەو کەسێتییەکەیدا، هەروەها لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئاژەڵ و بەستنی پەیوەندی لەگەڵیاندا، سەرەڕای باسکردنی وەك کەسایەتیەکی ئازا و قارەمان و خواناس، سوارچاکێکی لێهاتوو بووە و هەمیشە بە شمشێر و خەنجەرەوە وێنەیەکی ئازایەتی و نەبەردی ئەو کەسایەتییە دەخاتە ڕوو، کە (محێدین خەنجەر)ە، زۆربەی کاتەکانی ژیانی لەناو ئەو ئەشکەوتەدا بەسەربردووە، کە وێنەی خواناسێك دەخاتەڕوو.

بەو پێیەی ئەفسانەکان بیروباوەڕی مرۆڤی کۆن و پێشینی خستۆتە ڕوو، لە سەردەمێکی دیاریکراودا، لە باسی ئەشکەوتی (محێدین خەنجەر)دا دەڵێت: (ئەشکەوتی محێدین خەنجەر ئەشکەوتێك بوو، دەیان چیرۆك و ئەفسانەیان لەبارەیەوە دەگێڕایەوە،...، دەیانگوت محێدین خەنجەر خۆشی بەسەر ئەسپێکەوە لەناوەندی ئەشکەوتەکە، بە تیر و شمشێر و خەنجەرێکی دەسك درێژەوە، لەگەڵ کۆمەڵێك ئاسك و کەڵەکێوی شایی دەکەن....). (جەنگ، ل17)

هەر بەوە جۆرە لە ڕۆمانی (هێلانە)دا (حسێن عارف) ناوی (دێی حاجی سوبحان) دەکات بەو هەوارگە و هێلانەیەی کە بەهۆی شاڵاوی ئەنفالەوە لەناوچووە، ناوی دێکە لەناوی (حاجی سوبحان)ی باپیرە گەورەی سوبحانەوە وەرگیراوە کە ئەو دێیەی درووستکردووە، هەروەها (سوبحان)ی کارەکتەری سەرەکی ناوەکەی بەناوی باپیرە گەورەیەوە ناونراوە لەگەڵ ئەوەشدا بەناوی دێی (حاجی سوبحان)ەوە ناونراوە، کە تیایدا لەدایك بووە.

هەروەها گردی (گۆڕسوبحان)یش گردێکە لە نزیك دێیەکە (گۆڕستانی دێکەیە) و بەهەمان شێوە بەناوی باپیرە گەورەی سوبحانەوە ناونراوە کە یەکەمجار ئەو کەسایەتییە لەو گردە نێژراوە. هەروەك لە ڕۆمانەکەدا هاتووە (حاجی سوبحان لەگەڵ مەلا ساڵحی برا بچوکیدا بە ڕەزامەندی باوکیان و براکانی تریان، بە خاو خێزانەوە لە (کانی وەلی)یەوە هاتوون و یەکەمین دوو خانوویان تێدا درووست کردووە). (هێلانە، ل15)

هەروەها ئەشکەوتی (کونە کەمتیار) بەناوی کەمتیارەوە ناونراوە کە ئاژەڵێکی ناشرینە، یان ئەو مرۆڤانەی لەوێ نیشتەجێبوون کاتی خۆی –وەکو بیروباوەڕێکی ئەفسانەیی- هەموویان ناشرین بوون و لە ئاژەڵ –کەمتیار- چوون، یان بەپێی هەمان بیروباوەڕی کۆن، کاتی خۆی کەمتیاری تێدا ژیاوە، دەبینین ئەم ناوانە (ناوی کەسایەتی یان ناوی ئاژەڵ) بوون بە هۆکارێك بۆ ناونانی شوێن، یان بە پێچەوانەوە شوێن دەبێت بە هۆکارێك بۆ ناونانی کەسایەتییەکان –کارەکتەرەکان-.

## ج/ پەیوەندی ناو بە جەستەی ئاژەڵ و باڵندەوە

لە ڕۆمانی (هێلانە)دا حسێن عارف ، ناوی ئاژەڵێك كە سەگی پاسەوانی ماڵی (سوبحان) بووە لە پێش كارەساتی ئەنفالدا بە –هەتەر- ناودەبات و وەسفی وریایی و زیرەكی ئەو ئاژەڵە دەكات، كە چۆن بەوەفاوە لەبەردەم ماڵی سوبحان و دەوروبەریدا دێت و دەچێت، كاتێك (سوبحان) ڕێی دەكەوێتەوە دێیەكەی خۆیان دەبینێت (هەتەر) وەكو كارەكتەرێكی ژیر –وەكو مرۆڤێك- دەكەوێتە گفتوگۆ و ڕاكێشانی سەرنجی (سوبحان) كە دێیەكەیان بەوجۆرەی بەسەرهاتووە (بەنەزمێكی تایبەتی بۆ نواندنی ملكەچی خۆی و دڵنیابوون لە هەڵوێستی من، پەیتا پەیتا سەر و قەپۆزی نەوی و بڵند دەكرد، دەست و قاچی دەهێنانە پێش و دەیبردنە دواوە، كلكی وەك پەڕەكەی پانكە دەخولانەوە، ئینجا كاتێ من دانیشتمە سەر چیچكان،....، بەسەری كز و كلكی شۆڕەوە دوو سێ هەنگاو ڕووە و لای ماڵی خۆمان دووركەوتەوە، وەك بیەوێ سكاڵا بۆلای خوا بەرێ، سەری بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕی و قروسكەیەكی دەكرد.. ). (هێلانە، ل73)

دواتر نووسەر دەیەوێت ئەوە بخاتە ڕوو كە (هەتەر) وەك كارەكتەرێكی ژیر و خاوەن هەڵوێست دوای ئەوەی هەست دەكات لە ئەشكەوتەكەدا خۆی و سوبحان مەترسی لێیان نزیك دەبێتەوە، (سوبحان) بەئاگا دێنێت (لە ڕاتەكاندنی خێرا خێرای قۆڵم، لەخەو بەئاگا هاتم، هەتەربوو قەپی پێدا كردبوو، بەحیرسەوە ڕایدەوەشاند، لەگەڵ چاو كردنەوەمدا، سووكە حەپە حەپێكی لەسەر نەزمی (هەستە..هەستە) بەڕوودا دام،....، لەگەڵیدا قرمە و گیزەی فیشەك و گرم و هوڕی تەقینەوەم بەچەشنێك بیست..). (هێلانە، ل75)

(هەتەر) وەك ئاماژەیەك بە زیتەڵەیی و وریایی ئەو ئاژەڵە هەڵبژێراوە، لە ڕەفتار و مامەڵەی لەگەڵ سوبحاندا، زۆر بە وشیاری و زیرەكیەوە بەرجەستە دەبێت، هەریەكە لە جووڵە و ئاماژەكانی جەستەی واتایەك بە (سوبحان) دەبەخشن، ئەگەر ئەو ئاژەڵە نەبوایە، بێگومان (سوبحان) بەر ئەو شاڵاوە دەكەوت و لە ئاكامیشدا ڕووداوەكان بەجۆرێكیتر وەردەچەرخا.

لە ڕۆمانی (ئەژدیها)دا، ئاماژە بە ناوی (زێڕین) دەدات، كە باڵدارێكی سپییە و بەسەر ناوچەكە و دەوروبەری خەڵكدا دەسوڕێتەوە، واتا هێندە پاك و بێگەردە، وەكو زێڕی ساف وایە، هێندە ڕۆحی پاكە، ئاگاداری هەموو ڕووداوێكە و لەناكاودا و لەكاتی كارەسات و ناخۆشیدا بەسەر خەڵكدا دەسووڕێتەوە و دوو منداڵەكەشی دەبن بە (هەڵۆ) و (تەوار)، (هەڵۆ) كوڕێتی و (تەوار) كچێتی.

لە ڕۆمانی (گەماڵ)دا، ئاماژە دراوە بەناوی (ورچەگەماڵ)، كە تەواو گونجاو و تەبایە لەگەڵ وەسفی جەستەیدا. (ورچەگەماڵ) خاوەنی جەستەیەكی بەهێزە وەكو ورچ، هەروەك چۆن ورچ بەرگەی شاخ دەگرێت، بەو جۆرە پێشمەرگە و خەباتگێری كورد هەمیشە لە شاخەكاندا پاسەوانی سنوور و خاكی نیشتمانن، هەروەها لە مانایدا زۆرجار لەجیاتی خاكی نیشتمان بەكارهاتووە و هێندەی مووەكانی سەر جەستەی، ڕۆڵەی ئازا و نەبەردی هەیە، كە كوردستان دەپارێزن، بە كەوتن و لەناوچوونی تاڵێكیش، چەندین تاڵە مووی تر لەشوێنی

دەڕوێتەوە، هەروەك چۆن شەهیدێك لە خاكدا دەنێژرێت، چەندین ڕۆڵەی نەبەرد و نەوەی نوێ لەو خاكەوە گەورەدەبێت.

زۆرجاریش ڕۆماننووس خۆی دەبێت بە تاڵێك لەو مووانە و بەسەر جەستەی خاكی كوردستانەوە، وەكو هەر مرۆڤێكی خاوەن هەڵوێست لەسەنگەردایە.

وشەی (گەماڵ) هەروەك ماناكەی ئاشكرایە و سیفەتی دیار و لەبەرچاوە كە پاسەوانیكردنی ڕەگەزی (مێ) دەكات بەوپێیەی كەخۆی (نێر)ە، هەروەها پیشەی (گەماڵ) پاسەوانیكردنی مەڕ و ماڵاتە بێئەوەی بیانخوات و هێرشیان بۆ بەرێت، هەروەها هەڵگری مانای ئەمەكدارییە، چونكە (سەگ) ئاژەڵێكی بەوەفایە، هەروەها بەرامبەر هەموو كەسێك دەوەڕێت -هەموو غەوارەیەك- جگە لەو كاسانەی كە دەیانناسێت و ئاشنایانە: (تەقە نزیك بوویەوە ژاژوری مەتریلۆز و تۆپ و خومپارە، دوور و نزیك دەبیسترا و دەیدا لەزەوی، فەرەج لەوەڕگای بەرخەكانی دەزانی، پرتاو خۆی گەیاندە لەوەڕگا، لە دوورەوە ورچە دەوەڕی، هەرچی چاوی گڕدا نەبەرخ و نەبرایمی وەدی نەكرد، ئاوڕی لە ورچە دایەوە، دی خوێن بەسەر تووكی ڕانیەوە قەتماغەی بەستبوو، هێندە بەزمان لێسابوویەوە، دەمو قەپۆزی لەخوێنی خۆیدا ڕەنگین بووبوو، بەشەلە شەل و تاوتاو بەدەم وەڕینەوە، پرتاو بەرەو خوار دەبوویەوە و دیسانەوە دەگەڕایەوە لای فەرەج و نووزەو قوزەی دەست پێ دەكرد، ورچە بەزمانی بێ زمانیی داستانی بۆ فەرەج گێڕایەوە، فەرەج بەهەردوو چەپۆك ماڵی بەسەریدا و بانگی لێ بەرزبوویەوە، ئەی هەناسەی ساردم، ئەی ماڵی وێرانم! ڕۆڵە ڕۆ!...). (گەماڵ،ل ٥ - ٦)

ئاماژەدان بەناوی (ورچ) لەگەڵ (گەماڵ)دا، واتا لە گەورەیی خاكی كوردستان و زۆری ڕۆڵەكانیدا، گەماڵی بە گەورەیی پیشانداوە، سەرەڕای گەورەكردنی لایەنی كوردایەتی و پاراستنی خاك و نیشتمان، كە ئەركی سەرشانی هەموو كەسێكە -ڕووداوەكە لەخودی خۆیدا گەورەیە: (جا ورچە خۆ لە ورچ زلتری،...، ئەوەی ڕاستی بێت وەك تۆمان چاو پێنەكەوتووە بەتایبەت سەر وكەللـە و كەڵبە و قەپۆزت هەر فرە نایاب و دیدەنییە...). (گەماڵ، ل١١)

هەروەها ئاماژە دەدات بە ڕەسەنایەتی كورد لە ناوچەكەدا : (ئەوەتەی ئەم زەوییە خولْقاوە، لەو بناری زاگرۆسەدا ژیاوین ...) (گەماڵ، ل١٢)

لێرەدا ئاماژە بە بەشی سەرەوەی خالی كوردستان دراوە، كە زۆر گەورە و نایابە و سەرەڕای جوانی و دڵفرێنی ناوچەكانی، كە خەڵك دێن بۆ دیدەنیكردنی، بەشێكی گەورەی خاكی كوردستانیشە.

هەر لە ڕۆمانی (گەماڵ)دا، ئاماژە دراوە بە ناوی (وەڵفی) یا (مام وەڵفی) كە ئاژەڵێكی نامۆیە (ۆڵف - Wolf) واتە گورگ، هەروەك خۆی ئاماژە بەوە دەدات كە لە ئەورووپاوە هاتووە: (نەت وت ناوت چییە؟ - وەڵفی- خەڵكی كوێن- لەو بناری ئەوروپایەوە هاتووین...). (گەماڵ، ل١٢)

لێرەدا مەبەست لە گورگە، کە ئاژەڵێکی دڕندەیە و هێرشی لەناکاو دەکات، مەبەست لە وڵاتانی ئەوروپایە، کە بەچاوی تەماع و داگیرکارییی لە خاکی کوردستان دەڕوانن.

## بەشی سێیەم : گوتاری بەش و پێکهاتەکانی جەستە

### پاری یەکەم : گوتاری بەشەکانی جەستە و ئاماژەکانی :

یەکەم : گوتاری ڕوخسار

دووەم : گوتاری سەر

سێیەم : گوتاری چاو

چوارەم : گوتاری دەست و پێ

### پاری دووەم : گوتاری جەستە لە ڕێگای چەند پێکهاتەیەکەوە :

یەکەم : گوتاری جل و بەرگ

دووەم : گوتاری بۆن

سێیەم : گوتاری خوێن

چوارەم : گوتاری زمان

پێنجەم : گوتاری دەنگ

شەشەم : گوتاری ڕەنگ

حەوتەم : گوتاری ئەندام و ئاماژە تابووەکانی جەستە (ماچ ، سنگ) بەنموونە

## بەشی سێیەم : گوتاری بەش و پێکهاتەکانی جەستە

## پاری یەکەم: گوتاری بەشەکانی جەستە و ئاماژەکانی

زمانی جەستە ئەو هێما و ئیشارەتانەن، کە مرۆڤ لەگەڵ قسەکردندا، ڕێکیاندەخات و پەیامەکەی پێ تەواو دەکات، کە دەیەوێت بیگەیەنێت، واتا هەمیشە مرۆڤ هەوڵ دەدات جووڵە و هێماکانی جەستەی بکات بە تەواوکەری دەربڕینەکانی و زۆر جاریش جووڵەکانی جەستە جێگای دەربڕینە زمانییەکان دەگرنەوە (قسەکردن)، دەربڕی تەواوی ناخی مرۆڤن، زۆر جاریش بەسەرنجدانمان لە هێماکانی جەستەی بەتایبەتی (چاو) وەکو ئاوێنەیەك وایە ڕۆحی مرۆڤی تیادا ڕەنگدەداتەوە و دەربڕی هەموو پەنهانییەکانی مرۆڤە، بەڵام ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە، هەریەکە لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ بەتەنیا پەیامێکی جیاوازمان لەبەشەکانیتری جەستە نادەنێ، واتا بۆ ئەوەی پەیامێکی ڕێك و درووست بگەیەنێت بە بەرامبەر، دەبێت تەبایی و گونجاندن لە هەموو بەشەکانی جەستەدا هەبێت، بێگومان سروشتی داب و نەریت و ئاستی تێگەیشتنی تاك لە کۆمەڵدا جیاوازە، ئەمەش کەم و زۆر کاردەکاتە سەر مانابەخشین بەوجووڵە و هێمایانەی جەستە دەینێرێت بۆ دەوروبەر. زۆر جاریش ئەم ئاماژانە مانای جیاواز وەردەگرێت بەپێی چۆنیەتی قسەکردن و بەرزیی و نزمیی دەنگ و بارودۆخی تایبەتیی دەربڕینەکانەوە، زۆر جاریش بەپێچەوانەوە، کە ئەم جۆرەیان زیاتر لە کاری پەیوەندیکردندا بەدیدەکرێت بەهۆی چۆنیەتی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تایبەتی مرۆڤەوە دەربڕینەکان و قسەکان مانای جیاوازیان دەدرێتێ، بەهۆی ئەم گرنگییەی زمانی جەستەوە، کە زۆرجار جێگەی دەربڕینە زمانییەکان دەگرنەوە (( دەبن بەهۆکارێکی سەرەکی بۆ گەیاندنی ویست و پەیام بۆ بەرامبەر لە زۆر بواری ژیانی مرۆڤدا وەکو لە خوێندنگە و فەرمانگەکان و بەشێوەیەکی سەرەکیش لەبواری ڕاگەیاندندا سوودی لێوەردەگیرێت، زۆرجار لەجیاتی قسەکردنی بێژەرەکان دەبێت بەهۆکارێکی سەرەکی پەیوەندیکردن بەتایبەتی چاو ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت بەهۆی ڕادەی ئەو هێزەی دەینێرێت مەبەستەکە ڕووندەبێتەوە)).[1]

جەستە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە ڕاوبۆچوون و چۆنیەتی باری سەرنجی بەرامبەر و کەسێتی مرۆڤەکانمان بۆ ئاشکرا دەبێت و دەبێت بە تەواوکەری دەربڕینەکان، بەماناییەکیتر (( جووڵە و ئیشارەتەکانی دەست و پێ و سەر و ڕوخساری مرۆڤ، لەگەڵ چۆنیەتی قسەکردن و بەرزی و نزمی دەنگ و بەکارهێنانی وشەکاندا ئاوێتە دەبن و بەپێی بارودۆخی تایبەتی ئەوکەسە و ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا پەروەردە بووە، هەروەها ئاستی ڕۆشنبیری و پەیرەوو پێودانگی ئەو کۆمەڵە لە چۆنیەتی ڕەفتاری مرۆڤدا کاریگەرییان هەیە)).[2]

---

[1] حسنين شفيق ، لغة الجسد فى المجال الاعلامي ، الطبعة الاولى ، دار فكر وفن ، سورية ، دمشق ، 2012 ، ص8.

[2] جمال الكاشف ، خوێندنەوەی ڕووخساری مرۆڤ (چۆن ڕوخساری مرۆڤ دەخوێنیتەوە و پەی بەنهێنیەکانی دەبەیت ) ، وەرگێرانی : هەورامان عەلی ، چاپی پێنجەم ، چاپخانەی چاپ و پەخشی ڕێنما ، 2012 ، لا 25

ئاماژەکانی جەستە لە زۆر بارودۆخدا دەبن بە هۆکاری خستنە ڕووی شڵەژانە دەروونییەکان بۆ نموونە ((لەکاتی ترس یان خۆشیدا و بەرامبەر بەم هەڵچوونانە مرۆڤ هەست بە خێرایی لێدانی دڵ و لەرزینی جەستەی دەکات، هەستکردن بەم گۆڕانکارییە جەستەییانە بە شعور الانفعالی ناودەبرێت)). [3]

بەهۆی ئەو گرنگییەی جەستە لەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا هەیەتی، لێکۆڵینەوەی زۆری لەبارەوە کراوە (( زانستی لێکۆڵینەوە لەهەڵسوکەوت و ڕەفتار و بیرکردنەوەی جەستەی مرۆڤ بە (علم الفراسة) ناسراوە، کە گرنگیی دەدات بە خستنە ڕوو و ئاشکراکردنی ناخ و دەروونی مرۆڤ، واتا ئەوەی شاراوەیە، زۆر جاریش بەوە ناودەبرێت، کە گرنگیی دەدات بە خوو ڕەوشت و داب و نەریت و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی مرۆڤ، بەبێ ئەوەی پەیوەندی و نزیکایەتی بەوکەسەوە هەبێ، هەروەها گرنگی دەدات بە مرۆڤ لەتەنیا سەیرکردنێکەوە)). [4]

لەبەر ئەوەی زمانی جەستە بەشدارییەکی تەواوی کاری ئاخاوتن و پەیوەندیکردن دەکات، زۆرجار بەشدارییەکی کاراو چالاکە هەتا ئەو ڕادەیەی جێگای زمانی ئاخاوتنیش دەگرێتەوە (( بەنزیکی - 60% - 80% - ی هۆکاری لەیەکگەیشتن بەزمانی جەستە ئەنجام دەدرێت، زمانی قسەکردن -7% - 10% - هەروەها زمانی نوسین 10% دەگرێتەوە)).[5] هەروەها (ئالن پیز) سەبارەت بە گرنگی زمانی جەستە دابەشکردنێك دەخاتە ڕوو کە (( ئالبێرت میهرابیان لە توێژینەوەکەی خۆیدا گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە پەیامەکان بەسەر سێ جۆردا دابەش دەبن کە (7%) ی وشەن و (38%) ی دەنگی و ئاوازەکانی دەنگین و (55%) ی نازارەکین،...، زۆربەی لێکۆڵەران هاوڕان، کە کەناڵی زارەکی لەبنەڕەتەوە بۆ گواستنەوەی زانیاریەکان بەکاردێت، بەڵام نازارەکییەکان بۆ دانووسان و پەیوەندی نێوان تاکەکان بەکاردێت، لە هەندێ دۆخیشدا وەك جێگرەوەی پەیامە زارەکییەکان بەکاردێت)). [6]

هەر لە ڕووی گرنگی زمانی جەستە وە، پسپۆڕان و زانایانی دەروونناسی دەڵێن: (( پەیوەندی و لەیەکگەیشتن لەنێوان مرۆڤدا (60%) ی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جووڵانەی کە بەکاریدەهێنن لەنێوان خۆیان و کاریگەریی (5)جار زیاترە، لە زمانی قسەکردن و تێگەیشتنی نێوانیان )).[7]

بێگومان جووڵە و هێماکانی جەستەی هەرکەسێك، کەم و زۆر کاریگەری ئەوکۆمەڵگایەی لەسەرە کە تیایدا پەروەردە بووە، وەکو پەیڕەوو پێودانگێک چەندین جۆر ئیشارەت بەکاردێنن بۆ کاری پەیوەندی و ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەیان بەوپێیە بۆ تێگەیشتنێکی ڕاست و درووستی هێماکان پێویستمان بە هێشووە هێمایە، واتا کۆی ڕەفتار و جووڵەکانی جەستەی ئەو کەسە گرنگە لەوکاتەدا، چونکە (( بەتەنیا خوێندنەوەی یەك هێما لەوانەیە واتای تەواوی خۆی نەبێت و بەهەڵدا بچین لە خوێندنەوەیدا، بۆنموونە لەکاتی سەرخوراندن

---

[3] محمد عثمان نجاتي ، علم النفس فى حياتنا اليومية ، الطبعة الحادية عشرة ، دار القلم ، الكويت ، 1984 ، ص106.
[4] محمد ثابت ، الفراسة - فن قراءة افكار الناس ، الطبعة الاولى ، دار الحياة للنشر والتوزيع ، 2013 ، ص5
[5] ئالن پیز ، زمانی جەستە ، وەرگێڕانی : سەلاح سەعدی ، چاپخانەی نارین ، هەولێر ، ٢٠١٤ ، ل ٥
[6] هەر ئەو سەرچاوەیە ، هەر ئەو پەڕەیە
[7] محمد ثابت ، الفراسة - فن قراءة افكار الناس ، ص ١٤٧

یان دەستهێنان بەقژدا، دەبێت بەبەردەوامیی چاودێری ڕەفتاری جەستەی ئەو کەسە بکەین بەگشتی، چونکە ئەم هێمایە مانای ترس و دڵەڕاوکێ و بڕوابەخۆ نەبوون دەخاتە ڕوو...)).[8]

## ١. گوتاری ڕوخسار :

ڕوخساری مرۆڤ چەندین مانا و مەبەستی شاراوە دەردەبڕێت بەڕێگای جۆراوجۆر و بەپێی بۆنە و بارودۆخێکی دیاریکراو، بەتایبەتی ڕوخساری مرۆڤ سەرنجی بەرامبەر ڕادەکێشێت، زیاتر لە ئەندامەکانیتری جەستە، زۆرجاریش بەهۆی بەشداریکردنی ئەندامەکانی ترەوە، ئاماژەکانی ڕوخسار واتای جیاواز هەڵدەگرن، ئەمەش بێگومان پێویستی بە سەرنجدان و تێرامانی ورد هەیە، چونکە هەندێکجار سەرنجێك یان ئاماژەیەکی ڕوخسار، چەندین مانا هەڵدەگرێت، هەروەها بەپێی کات و شوێن و باروودۆخی دەربڕینەکە مرۆڤ بەرەو تێگەیشتن لەمەبەستی سەرەکی دەچێت، لەناو سنووری ڕۆمانیشدا، لەبەر ئەوەی ئێمە تەنیا لەڕێگای خوێندنەوەی دەقەکانەوە شیکردنەوە بۆ چۆنیەتی ڕوخساری مرۆڤ و ئەو جووڵانەی بەشدارن لە کاری ئاخاوتن دا، دەکەین . بەوپێیەی زمانی دەربڕین و گوزارشتکردن لە ڕەفتاری کارەکتەرەکان و مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ وشە و چۆنیەتی هەڵبژاردنیاندا و دواتر ڕەنگدانەوەی لە ئاخاوتنی کارەکتەرەکاندا دەبن بە بنەمایەکی سەرەکی کاری لێکۆڵینەوەی جەستە، بەڵام هەندێکجار دەربڕینەکان و ڕستەکانی ناو دەقەکان واتای تەواو نادەن بە خوێنەر، زۆرجاریش لێکدانەوەی ڕەفتارەکان (بەتایبەتی لە وەڵامدانەوەی بەرامبەردا) بەجێدەهێڵن بۆ خوێنەر، بێگومان خوێنەریش بەپێی باری تێگەیشتنی خۆی، مانای جیاواز بەدەقەکان دەدات.

زۆر جاریش ئەندامەکانیتری جەستە وەکو دەست و پێیەکان یان جووڵە و ئاماژەکانی سەر واتای تایبەتی دەدەن بە پەیامەکە و مەبەستی سەرەکی خاوەنەکەی دەخەنە ڕوو، بۆنموونە ((چاو و برۆ و لووت و لێوەکان، هەروەها دەست و پەنجەکانی مرۆڤ، ڕۆڵێکی باڵایان هەیە لەدەربڕین و دەرخستنی باری دەروونی قسەکەردا بەتایبەت لەکاتی هەڵچوون و تووڕەبوون و ڕوو گرژ کردندا یان بۆ گەیاندنی هێز بەتایبەتی لەلای کەسانی ڕامیاری، جووڵە جەستەییەکان کاریگەرییان لەسەر گوێگر و گەیاندنی واتا هەیە و باری دەروونی و ڕادەی هەڵچوونی قسەکەر دەگەیەنن)).[9]

خوێندنەوەی ڕووخساری مرۆڤ لەلایەن بەرامبەرەوە، بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و ئاستی ژیریی و شوێن و پایەی کۆمەڵایەتی و کلتور و داب و نەریتی تایبەتی دەگۆڕێت، لەم ڕووە وە سەبارەت بەم گرنگیدانە ڕوخساری مرۆڤ کراوە بەسێ بەشەوە، سەرەتا (( لە کەلەی سەرەوە بۆ برۆکان، هەروەها لە برۆوە بۆ لێوی سەرەوە، دواتریش لە لێوی سەرەوە تا چەناگە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك ناوچەوانی گەورە بێت درووردەکەوێتەوە لە هەست و سۆز بەپێی تێرامان و بیرکردنەوەی تایبەتی، سەرنجی دەورووبەر دەدات، هەروەها لە برۆوە بۆ لێوی سەرەوە، ئەم بەشە دەکەوێتە نێوان بیرکردنەوە و هەست و سۆزەوە و جووڵەکانی

---

[8] مینە ، زمانی جەستە ( درۆو هێماکانی درۆکردن )، چاپخانەی ئاوێنە ، 2007 ، ل ( ٣٤-٣٥ )

[9] هێمن عەبدولحەمید شەمس ، شێواز و دەربڕین لەبۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا ، نامەی ماستەر ،زانکۆی کۆیە ، کۆلێجی پەروەردە ، بەشی کوردی ، 2006 ، ل52.

لووت و دەم نیشانەی هەست و سۆزن، بەڵام لەژێر کاریگەری بیرکردنەوە و ئەقڵدان، بەشی سێیەم کە بریتییە لە ئاماژەکانی دەم و لێوو چەناگە، لەژێر هێزی هەست و سۆزدا بەشداریی کاری ئاخاوتن دەکەن )).[10]

مرۆڤ تا بەساڵدا بچێت و لەگەڵ تەمەنیدا ئاماژەکانی ڕوخساری واتای زیاتر و قووڵتری دەبێت، بەڵام لەتەمەنێکی منداڵ یان هەرزەکاردا بۆنموونە کاتێك درۆ دەکەن ڕاستەوخۆ دەمیان یان دەم و چاویان – ڕوخساریان – دەخورێنن، کە ئاماژەیە بۆ درۆ و ناڕاستی وتەکانیان، بەڵام لە کەسێکی کامڵ، بۆنموونە کەسایەتیەکی ڕامیاری – سیاسی – یان بواری ڕاگەیاندن، لەبەر ئەوەی فێری چەند ئاماژەیەکی ڕوخسار کراون و بەشێوازێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو مامەڵە دەکەن، کە ئەمەش جۆرێکە لە فریودان و خەڵەتاندنی دەوروبەر.

لەڕووی گرنگی ڕووخساری مرۆڤ و جۆری درووستبوونییەوە (ایمن ابوالروس) سەبارەت بە کەسێتی خاوەنەکەی دەڵێت: (( دەم و چاوی باریك و لاواز کەسێکی چالاکە، ئەگەر چالاکییەکەی مێشک یان جەستە بێت، دەم و چاوی هێلکەیی، کەسێکە بەهێزە لە ڕووی مێشکەوە و چالاك و بە توانایە و حەز بە خۆ بردنە پێشەوە و کێشمە کێشم دەکات. دەم و چاوی چوارگۆشەیی بچووك نیشانەی نەزانی و بێئەقڵییە و دوورە لە هەست و سۆزە وە، دەم و چاوی خڕ کەسانێکن خاوەنی ئەقڵی منداڵانەن و هەڵخەڵەتێنراون )).[11]

هەروەها (منصور عبدالحکیم) سەبارەت بە شێوەی ڕوخساری مرۆڤ هەمان ڕاو بۆچوونی (أیمن أبو الروس)ی هەیە، بەو پێیەی (( دەم و چاوی خڕ خاوەنی کەسێتییەکی منداڵانەیە و منداڵانەش بیردەکاتەوە و ڕەفتاردەکات، بەڵام دەموچاوی لاکێشەیی، کەسێکە بە ئەقڵ بیردەکاتەوە، کەسێکیش ناوچەوانی بچووك بێت، مانای وایە ناوەڕاستی دەماخی بچووکە و یادگە- ذاکرة- و بیرکردنەوەشی بە هەمان شێوە،...، چەناگەی کەوانەیی بۆ دواوە، واتا کەسێکە بەرامبەر بە خۆی بێبڕوایە، چەناگەی چوارگۆشەیی گەورە واتا کەسێکە عەشق و ئەوینی زۆری لە دڵدایە،...، چرچی نێوان دوو برۆ، نیشانەی توورەیی و کاری ڕێك و پێك و بە بەرنامەیە، هەروەها نیشانەی بیرکردنەوەی قووڵە )).[12]

بێگومان ئەو ڕووداوانەی بەسەر کارەکتەرەکاندا دێن دەبن بە هۆکارێك چەندین گۆڕانکاری دەروونیی و دواتریش جەستەییشیان بە دوادا دێت واتا لێرە دا ڕووداوەکان دەبن بە پاڵنەرێکی سەرەکی ، بەهۆیانەوە ڕەفتار و ئاماژەکانی جەستە واتای جیاواز وەردەگرن .

هەروەها سەبارەت بە چۆنیەتی دەم و لێوی مرۆڤ (جمال الکاشف) دەڵێت: (( خاوەنی لێوی ئەستوور حەزی بە خۆشییەکانی ژیانە و بە ژیانەوە پەیوەستە، بەڵام لێوی زۆر ئەستوورو زیاتر لە ڕادەی ئاسایی نیشانەی بوونی حەزێکی ئاژەڵیی قووڵە، دەمی ناڕێك ئاماژەیە بۆ خوویەکی ناڕێك و ناجێگیر، خاوەنی لێوی

[10] محمد ثابت ، فن قراءة افكار الناس ، الطبعة الاولى ، دارالحياة للنشر والتوزيع ، 2013 ، ص (18-19)
[11] أيمن أبو الروس ، فن قراءة الوجوه و كشف خبايا النفوس ، الطبعة الاولى ، مكتبة ابن سينا للطبع و النشر و التوزيع ، القاهرة ، ص (19 – 21)
[12] منصورعبدالحكيم ، الفراسة طريقك الى النجاح و معرفة الاخرين ، الطبعة الاولى ، دار الكتب العربي ، دمشق ، سوريا ،2007 ، ص ( 113- 114 )

بارێك زوو توڕە دەبن و هێزی ئیرادەیان بەهێزە و تێکۆشەرن، خۆپەسەندن هەستەکانیان بەستراوە بە بەزەیی و دڵدار نین، حەزیان بە زاڵ بوون و سوور بوون لەسەر بڕیاری خۆیان هەیە )).[13]

لە ڕۆمانی( هێلانە) دا، وێنەی ڕوخساری مرۆڤەکان زیاتر بریتین لە وێنەیەکی ژاکاو و تاساو، کە لە ژێر باری مەینەتی و نەهامەتی ئەو ڕۆژگارەدا، کە بە دەستی ڕژێمی بەعس دێهاتەکانی کوردستان وێرانکراوەو خەڵکەکەشی ئەنفالکراون، دێی (حاجی سوبحان) یش،وەکو دێیەکی نموونە بۆ ئەو کارەساتە خراوەتە ڕوو، ڕوخساری هەر کارەکتەرێکی ناو ڕۆمانەکە هەڵگری ترس و گومان و دڵە ڕاوکێیە، ژاکاویی و پەشێویی سەراپای ڕوخساریانی گرتۆتەوە، سەرەتا ڕۆماننووس ڕووخسار و سیمای کارەکتەرەکان بە تایبەتی (سوبحان و غوربەت)، بە شادیی و ئارامیی پیشاندەدات، وەکو دوو هاوسەری تر، ژیان دەگوزەرێنن، بێگومان سەرەتا ئەم ئارامیی و هێمنییە خراوەتە ڕوو، هەروەك (سوبحان) لە هەردوو ساتی ئاوێزانبوونی بە جەستەی غوربەتی هاوسەری و هەروەها لە ئاوێزانبوونی بە جەستەی سرووشتەوە، لە چەند جارێکدا خراوەتە ڕوو، بەڵام کاتێك کارەساتی ئەنفال دەستپێدەکات، لەگەڵ هەواڵی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، هەموو کارەکتەکان هەتا کۆتایی، جەستەیەکی نا ئارام و پەشێویان هەیە و لە تازێباری و خەم و مەینەتیدا، باری نائاسایی ڕو،خساریان خراوەتە ڕوو . دەبینین کاتێك خەڵك لە شاری سلێمانی هەواڵی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەبیستن، هیچ جۆرە ئامادەکاری و ڕازاندنەوەیەك، بۆ ئاهەنگی نەورۆز و ئەو یادکرنەوەیە ناکرێت، سەرەڕای ئەوە سیمای کۆستکەوتنێکی گەورە بە ڕوخساری خەڵکەکەوە دیارە (( خەڵکەکەش سەرا سیمە ڕەنگ و ڕووبزڕکاو تەمو مژاوی، کەڕو کاس و لە تاسەوە چوو دێنە بەرچاو، دەڵێیت کۆستێکی گەورەی دڵتەزێن ڕاپێچی تازێبارییەکی گشتی کردوون)). (هێلانە، ل32)

هەروەها بۆ وێنەکێشانی ئەو غەم و حەسرەتە، کاتێك (سوبحان) لە شارەوە بەرەو (حاجی سوبحان ) دەکەوێتە ڕێ، لە ڕێگا تانك و زرێپۆشەکان دەبینێت، دەزانێت کارەساتێکی خراپی بە دواوەیە، بە هۆی خورپەی ئەو دیمەنەوە، کە چۆن خەڵك ئازار دەدەن و لە ئۆتۆمبیلەکانیان دادەگرن، چەند جارێك دڵی وەکو باڵندەیەکی سەربڕا و خراوەتە ڕوو و جەستەشی لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا وێنە کێشراوە: (( ئەم لەگەڵ بینینی ئەم دیمەنە و بە ئاگا هاتنەوەیدا، کسپەیەك بە هەناویدا بروسکە دەدا، خورپەیەك لە دڵی هەڵدەستێنێ و دڵ لە قەفەزەی سنگیدا، وەک مریشکێکی سەربڕاو دەکەوێتە هەڵبڵووقانەوە، دڵی لەناو قەفەزەی سنگیداهەلەکەسەمایەتی، مێشکی بۆتە کوورەی هەنگ و ژاوە ژاوی کاسی دەکا، لاجانگەکانی گڕیان لێدەبێتەوە، لەشی نیشتۆتە سەر عارەقێکی گەرمی لینج، هەناسەی سوار بووە، دەست دەبا جامانەکەی لە دەم و لووتی دادەماڵێ، ناو دەم و گەرووی وشکن...)) . (هێلانە،ل 42-43)

---

[13] جمال الکاشف ، خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤ ، ل ٤٧

نووسەر دەیەوێت ئەوە بخاتە ڕوو کە لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەك و هەر وێنەیەکی ئازار و چەوساندنەوەی ڕژێمی بەعسدا، جەستەش بە چەند بارودۆخێکی جیاوازدا تێپەڕدەبێت، لەگەڵ هەر ئازارو ئەشکەنجەیەکدا دڵی مرۆڤ دەبێت بە چەق و بەشەکانیتری جەستەش بەدوایدا دەگۆڕێن، واتا بەهۆی خورپە و لێدانی دڵ و بارودۆخی ناوەوەی جەستە وە، ناخی مرۆڤ بەشەکانی لەدیوی دەرەوەو ڕوخساری مرۆڤدا شێوەی جیاواز وەردەگرن، واتا دڵ دەکات بە چەق و لەوێوە هەموو ئەندامەکانیتری جەستە بە دوایدا وەڵامدانەوەیان پێوە دیار دەبێت لە نموونەیەکی تردا نووسەر دەیەوێت، ئەوپەڕی ئازار و ئەشکەنجەی جەستەی مرۆڤی کورد بخاتە ڕوو، کە لە ژێر باری چەوساندنەوەدا ئەفسەرەکانی بەعس بە نووکی پۆستاڵەکانیان مامەڵەیان لەگەڵ کورددا دەکرد، بەهۆی وشەکانی (شریخەیەکی ترو گرمەیەکی تر و بروسکەیەکی تر، تەپاوتلیەتی، دەگەوزێ) ئەوپەڕی زۆرداری رژێمی بەعس دەخاتە ڕوو جەستەش لە باڵاترین پلەی چەوساندنەوەدا پیشان دەدات، بێگومان ئەم مامەڵە کردنەی نووسەر لە شێوازی هەڵبژاردنی ووشەدا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و سیمای تایبەتی نووسەر لە فەرهەنگی زماندا دەخاتە ڕوو، کە بەوپەڕی سادەو ساکارییەوە جوانترین شێوەی ڕووداوەکانی پێدەخاتەڕوو: (( شریخەیەکی تر و گرمەیەکی تر و بروسکەیەکی تر، جەستەی بە دەم گەوزینەوە، ئاوێکی گەرم بە ناوگەڵیدا فیچقە دەکات، لەگەڵ سێلاوی ئارەق و شێی زەوییەکەدا، ژێری لێدەکەنە لیتاوێك، ئێستا وا لە ناو لیتاوەکەدا تەپاو تلییەتی، بەدەم قاقایەکی بڵندترەوە دەگەوزێ، ...، تا وردە وردە قاقا نامێنێ و جەستەی ئەمیش خاو دەبێتەوە، وا هەست دەکا لە بری پۆستاڵە بەرداشەکە زنجیرەی تانکێك دەنیشێتە سەر پشتی ...)).

(هێلانە، ل46)

لەم ئازار و ئەشکەنجانەدا نووسەر نموونەی بەربەرەکانێی هەردوو هێزی (ئەو، منی باڵا) لەسەر (من) دەخاتە ڕوو، کاتێك دوای ئەشکەنجەدانی فەرمان بەسەر ئەفسەرێکدا دەکەن بیکوژن، هەتا لەو ئازار و ئەشکەنجەیە ڕزگاری بکەن، هەر بۆیە جەستەی خامۆشدەکات، بۆ ئەوەی وا بزانن مردووە، کە ئەمەش بە کاریگەری ( منی باڵا) وەیە، هەروەها هەستانیشی بۆ ڕزگاربوون لەو ئازارە بە پێی کاریگەری (ئەو) خراوەتە ڕوو بێگومان (سوبحان) ویستوویەتی هاوسەنگی ڕابگرێت لەسەر (من) و بە بارێکی خامۆشدا خۆی دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی وا بزانن کە مردووە، ئەمەش بەربەرەکانێی نێوان هەڵسان و هەڵنەسان و جووڵە و خامۆشبوونە، هەربۆیە (سوبحان) وەسفی خۆی بە چەند شێوازێك دەکات و ئەوپەڕی نائارامیی دەروونی دەخاتە ڕوو، بێگومان وەسفی جەستەشی بە دوادا دەکات، هەروەها ئاماژە بە (دەستی چەپەڵ) ی ئەفسەرەکە دەکات، کە چۆن نەیکوشتووە، جگە لە ووشەی (خۆهاڕین) کە مانای لێکدانەو و هێنان و بردنی شتێك لە مێشکدا، یان پەنگخواردنەوەی مرۆڤ دەگەیەنێت، واتا بە هەموو جۆرێك ژێر دەستەیی ڕەتدەکاتەوە و ئەو ژیانەی ناوێت کە بۆی هەڵدەبژێرن: (( منی گولە بارانکراوی نەکراو، منی لەسێدارەدراوی نەدراو، فەوتاوی نەفەوتاو و مردووی نەمردوو،...، ئەگەر جەنابی نا موبارەکی ئەو دەستە چەپەڵەی نە پاراستایە،ئێستا من

تووشی ئەشکەنجەی ئەم خۆهاڕینە نەدەبووم، لەعنەتی لێ بێ و تف لە چارەی،ئاواتەخوازم ئەو دەست و پەنجەیەو هەموو ئەندامانی لەشیشی دابڕزێن و ببن بە ئاوو زڵزڵە)). (هێلانە، ل 58-59)

(جافر) لە ڕۆمانی(هێلانە) دا کاراکتەرێکی سەرەکییە و هاوڕێی (سوبحان)ە،لە دوای ئەوەی توشی سۆراخ و بەدواداگەڕانی بێهوودە دەبێت و دەزانێت هیچ هەواڵێکیان نییە، ئەو کارەساتە لە دڵ و ناخییەوە بەرەو تێکچوون و گۆڕانکاری تەواوی ڕوخساری دەبەن، کە بە ئاشکرا بە سەرووسیماو ڕوخسارییەوە دیارە، بێگومان دڵ و ناخی لێرەدا دەبێت بە چەقێك و گۆڕانکاری ڕوخساری بەدوادا دێت: (( ئەقڵ دەیگرێ ئەو جافرە قۆز و پۆشتە و پەرداخەو پاك و تەمیزەی جاران بێ؟ ئەمەی ئێستا دەیبینێ، دیمەنی شێتێکی بەرەڵای کۆڵانانە و ڕەوە منداڵێکی چەتوون وەك زەردەواڵە تێیئالاَبن و لە حەژمەتدا خۆی بەم ماڵەدا کردبێ، قژی بژو ئاڵۆزە، ڕەنگ و ڕووی شێواوو هەڵبزڕکاوە، چاوی زەق و پڕ لە ترس و سامی دڵەڕاوکێن، توێژاڵێك گڵ و خۆڵ نیشتووەتە سەر تووکی سەرو مووی برۆ و برژانگ و سمێڵی، لێوی وشك و شەقار شەقارن..)). (هێلانە، ل63)

(حسێن عارف) نەك هەر وێنەی ڕوخساری کارەکتەری سەرەکی بە وردیی خستۆتە ڕوو، بەڵکو لە پیشاندانی ڕوخساری کارەکتەری لاوەکیشدا هەمان وردەکاریی کردووە و بۆ خستنەڕووی ئەو کۆست و بارە غەمناکەی دڵ و دەروونیان، بۆ نموونە کاتێك (کامەرانی کوڕی پورە عەتاوی سوبحان) هەواڵی وێرانکردنی دێهاتەکان و بێسەروشوێنکردنی کەس و کاریانی دەدەنێ، بە ڕوخسارێکی تەواو تێکچووەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە: (( ئەوە سەروسیمای مژدەهێنە؟ ئەو دەڵێی لە گۆڕ هاتوتە دەرێ! دەڵێی زەعفەرانیان لە ڕوو هەڵسووە، چاوانی زەق کراوەن، کەچی تروسکاییانی تێدا نیە تەڵخ و بێسپێنەن، ناوچەوان لۆچاوی، لێوی وشك و بەسەر یەکدا تەپیو،مل بە لارەوە و شان و شەپیلك داکەوتوو، جەستە شەکەت و شێواو لەوەدایە ها ئێستا هاساتێکی تر بەلادابێ..)) . (هێلانە، ل 145)

کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانی (هێلانە)سەرەکی و ناسەرەکی بەتایبەتی (سوبحان و جافر)تەنانەت (حەمۆل و کامەران و ..)، دەستیان هەمیشە بە جگەرەوە پیشاندراوە، سەرەتا پێش کارەساتی ئەنفال وەك خویەك بە تایبەتی لەلای(سوبحان) بەرامبەر دێکەی خۆیان دادەنیشت و جگەرەی دادەگیرساند. دواتریش لە بێزاری و نا ئارامیی دەروونیاندا پەنایان بۆ جگەرە بردووە، بۆ نموونە لە باسکردنی ڕەفتاری(حەمۆل)دا، کاتێك خۆیدەکات بە ماڵی (پوورە عەتاو)دا،دادەنیشێت و جگەرەکەی دادەگیرسێنێت و ڕوخساری خۆی بە دوکەڵی جگەرەکەی دەشارێتەوە: (( هێندە قوڵ و بە حیرسەوە، بینی مژ بە جگەرەکەیەوە دەگرێ، دەڵێی دەیەوێت هەناوی خۆی پێ قانگ بدا و دووکەڵکوژبێ، چڕە دووکەڵی دەردراو لە دەم و کونە لووتیەوە بە فریای دەکەوت و پەردەیەکی بە دەوری سەرووسیمایدا دەگێڕا، دەنا چاوی پڕ لە فرمێسکی قەتیس و قوڕگی پڕ لە قوڵپی گریانی خنکاوی لە حەشاردا (حەشار لەوان نەك لەم) نەدەمایەوە )). (هێلانە، ل110-111)

کاتێك(سوبحان)ڕێی پێشمەرگایەتی دەگرێتە بەرو شەوێك لە دێیەکدا دەمێنێتەوە لە ساتێکدا جیهانێکی زۆر نامۆ و نەبینراوی لە سنووری توونێڵێکەوە لێدەردەکەوێت، لەو کاتەدا وا هەستدەکات ئەم کەسانەی بینیوە و بەرەو ڕویان دەچێت ڕۆماننووس لێرەدا وێنەی کەس و کاری (سوبحان) و کەسانی ناو دێیەکە وەك پەیکەری زیوین و لەناو شارێکی زیویندا پیشاندەدات،کە مانای پاکیی و بێگەردیی و بێتاوانیی ئەو کەسانە دەگەیەنێت، هەروەها وێنەی(غوربەت)پیشاندەدات، کە (سوبحان) زیاتر لەوانیتر دەیناسێتەوە: (( دیومن..دیومن.. ئەم دەم و چاوانە، ئەو سەروسیمایانە.. ئەو بەژن و باڵایانەم دیون، زیو پۆشی و زیو پێستیەکە لێمی دەشێوێنن، دەنا دەیانناسمەوە، هەوڵ دەدا بیاندوێنێ و زمانی بۆ نایەتە گۆ،تەقەلا دەدا دەستی بەر لەشیان بکەوێ و سەرنجیان ڕابکێشێ و دەستی بۆ نابزوێنرێ ئەوانیش بەلایانەوە،وەك ئەم هەر نەبێ،....، هەرچەندە زیو پۆشی و زیو پێستییەکەی لەوانیتر خەستترە، بەڵام لە هەموویانی باشتر دەناسێتەوە )). (هێلانە، ل 253-254)

لە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) دا، (بەختیار عەلی) سەرەتا وەسفی ڕوخسار و جەستە و بەژن و باڵای (داپیرە)دەکات، کە لە شێوەی ئافرەتێکی بەتەمەن و گۆشتن و ڕوخسار غەماوی کە پەپوولەیەکی ڕەشی گەورە لەسەر ڕوخساری هەبووە، دەرکەوتووە. ئەمەش مانای ئەوەیە پەپوولە لە خودی خۆیدا نیشانەی پاکی و بێتاوانییە، هەروەها بەخشینی ڕەنگی ڕەش بەم پەپوولەیە نیشانەی غەمباری و مەینەتباری داپیرە دەخاتەڕوو، کە لە ژیانیدا دووچاری نەهامەتیی و شکست بووە، بۆیە هەر لەو بەیانییەی ئەشرەف دەکوژن، ڕوخساری زەرد هەڵدەگەڕێت، گەردەلوول گەڵای زەرد دەخەنە سەر ڕوخسارو جەستەی:(( ئافرەتێکی گۆشتن و پڕ لە میهر بوو کە لە بەیانی ئەو پایزی دڵتەنگییەدا بینیمان چەترێکی پیاوانەی بە دەستەوە بوو، پەپوولەی ڕەشی گەورە لەسەر لای چەپی ڕوومەتی و پشتێنێکی سێ قەفی لەسەر کەمەری بەستبوو،...، لەو بەیانییەدا هەتا ئەو پەپوولە هەمیشەیی و قەترانییەی سەر گۆناشی زەرد دەهاتە بەرچاو )). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل9 )

لەو بەیانیەدا جگە لە داپیرە جەستە و شێوە و ڕوخساری هەموویان هەڵبزرکاوو ترس لێنیشتوو دەهاتە پێش چاو، بۆ نموونە لە وەسفی شێوەی دانیشتن و ڕەفتاری(شلێر ڕەفعەت) دا دیارە، کە کچێکی منداڵکاری لاوازبوو: (( کە شلێر هەستا لە بۆقێکی سڕ دەچوو، پەلە کورت و کوێرەکانی پێشەوەی بە وێنەی بۆقێکی ترساو لەسەر پێخەفەکەی دانابوو، سمتە بچکۆلە و ئێسکنەکەی لار بە گۆشەیەکی تیژ خستبووە سەر پاژنەیەکی باریك و ڕەقەڵە، زەنگۆڵەیەکی بچکۆلانەش لە ملیدا (زرنگەی دەهات)). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل 13)

لەو بەیانییەدا کە تەرمی (ئەشرەف)دەهێننەوە، چەندین پیاوی نامۆ لە ڕوخسارو ڕەفتاریاندا و بەسەرخۆشی خۆیان کردووە بە ماڵی داپیرەدا، هەندێکجاریش لە شێوەی ئەسپ سواردا بوون، ئەو ئەسپانەی کە بەهەمان شێوەی مرۆڤەکان نامۆ دەردەکەوتن: (( سەدان پیاوی قامچی بەدەست هەریەك بە بوتڵێك شەرابەوە،...، بە عەشرەتێکی مەیمون دەچوون بینینی کۆمەڵە ڕوخسارێکی لەو جۆرە مردنە، چۆن ئەو هەموو سیمایانە کۆ بووبوونەوە و چ بلیمەتێك هەڵیبژاردبوون، نازانم! بە هەزار دەم و چاوی لەو شێوەیە دەتوانیت هەموو زەوی تاڵان بکەیت. تا شەو نەبێت کە بەرگەی ئەو ڕوخسارانە دەگرێت، ڕۆژ توانای ئەو دەم و چاوانەی نییە.

سەرخۆشبون.. دووسەد پیاوی سەرخۆش گاڵتەیان بە ئاسمان و درەختەکان و عەرشی خوادەکرد. هەندێکیان وەك منداڵ دەگریان وەك سۆزانی پێدەکەنین، لاسایی قەحبەکانیان دەکردەوە، دەیانقروسکاند وەکو قەلەباچکە قوونەیان دەکرد و قاغە قاغیان دەهات، غەرغەرەیان بە شەرابەکەیان دەکرد و بوتڵەکانیان قڵپ دەکردەوە بەسەری خۆیاندا و قاقایان لێدەدا و باوەشیان لەیەك دەدا و فوویان بە مستیاندا دەکرد و ... )). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل19 -20)

ڕۆماننووس مردنی ئەشرەف دەباتەوە بۆ دوو هۆکار: لە لایەك پیاوانی دەسەڵاتداری بەعس و لە ڕۆژی کەرنەڤاڵدا بەیارمەتی برای گەورە (ئەشرەف)یان کوشتووە، لە لایەکیتر مردنەکەی دەباتەوە بۆ لێدان و پیاکێشانی ئەو قامچیانەی کە پیاوە نامۆکان و ئەسپ سوارەکان، جەستەیان پێ ئازار دابوو: ((مردنی ئەشرەف ئەوەیە کە لەژێر باری لێدانی قامچییەکاندا گیانی سپاردووە نەوەك بە کاری ئەو مەقەستە دووفاقەی زمانیان پێ بڕیبوو، ئەگریجە ڕەشەکەیان پێقرتاندبوو، مووەکانیان پێ ئاخنیبووە دەمیەوە و دواجاریش چەقاندبویانە بەر موسڵدانی، ئەوانبوون...ئەشرەف کوژەکان )). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل ٢٠)

دواتر بەوپەڕی وردەکارییەوە وەسفی برینەکانی ئەشرەف و ئەو پاشماوانە دەکات،کە لەسەر جەستەی جێگەی چنگی زۆردارو زام و برینە قووڵەکانی کە خوێنیان لێتکاوە دەرکەوتووە، هەروەها ڕیخۆڵەکانی لەکاتی هەڵگرتنیدا کەوتوونەتە بەرپێی، واتا ناو سکیشیان لەت و پەت کردووە . ئەم وردەکارییە بۆ پیشاندانی ئەوپەڕی ڕق و کینەی دڵی بکوژەکانێتی کە جگە لە قامچی وەشاندن و ئازاردان تامردنی، لە پێشدا زمانیان بڕیوە و جەستەیان پڕ کردووە لە زامی قووڵ، بێگومان خستەڕووی ئەم دیمەنانە بۆدرووستکردنی ڕق و کینە و گیانی ڕقبەرایەتیە لە دڵی خوێنەردا و هەڵوێست وەرگرتنێتی بەرامبەر هەموو ئازار و ئەشکەنجە و دەست درێژکردنێك بەهەر بەهانەیەك بێت، وەکو کارێکی دزێوو نا پەسەندو نامرۆڤانە: (( تا ناشتیشمان خوێن لە پووکی دەهاتە دەرێ و جێ چنگێکی ڕەش لەسەر گەردنە بریندارەکەی بەجێمابوو،...، برینەکانی هەوایەکی ساردی لێ دەهاتە دەرێ، کە هەڵمانسانە سەرپێ ڕیخۆڵەکانی وەك تەشتێ هەویری شل کەوتنە بەر پێی، لەناو سەدان پارچە شووشەی شکاوا ڕایانکێشابوو، بینیمان دەم وچاوی بە فرمێسکێکی منداڵی ساوا داپۆشراوە،...، کە ئاوە ساردەکەمان پیاکرد وەك ئەوە وابوو موچڕکەی پیابێت، بینیمان کەخۆی دەخاتە سەر لا، کە ئاوە گەرمەکەمان پیا کرد درێژبووەوە )). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل 50-51-90)

دەبینین نووسەر ئاماژە بەمردنێك دەکات کە برای بچووك بەدەستی برای گەورە کوژراوە،بە کوشتنێکی زۆر دڕندانە و بەچەندین ڕێگای جۆراوجۆر هەتا گیانی سپاردووە، بەشێوەیەکی گشتیی جگە لە مەبەستی دوور و ناوەرۆکی گشتیی ڕۆمانەکە، بۆ خودی مردنەکە چەند دەربڕینێك بەدیدەکرێت بۆ نموونە کەسێك دەمرێت و لاشەکەی سارد دەبێتەوە، گەرم و گوڕیی لە ڕشتنی فرمێسکدا نامێنێت و ئەو چەند فرمێسکەش کە سەرەتا ڕشتوویەتی وشك بووەتەوە، بەتایبەتی کە لە دەقەکەدا چەندین جار ئاماژە بە بەیانی پاییز و وەرینی گەڵاو وەرزی گەلاڕێزان دەکات بێگومان ئاماژەدانە بە بەیانییەکی پاییز، هەربۆیە ڕوخساری مردوو فرمێسکی

بەسەرەوە نامێنێت و وشك دەبێتەوە، ئەم ئاماژەدانە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکەدا لەنگی دەخاتە بابەت و شێوەی مردنەکەوە لەڕووی کات و شوێنەوە.

ڕۆماننووس دەیەوێت پاکیی و بێگەردیی و بێتاوانیی ئەشرەف بخاتە ڕوو هەربۆیە ئاماژە بەو ئاوپێداکردنە دەکات بە جەستەکەدا، لەکاتی ئاوی گەرم و ساردا جەستە خاو و گرژ دەبێتەوە، هەروەك ئەوەی کەسێکی زیندوو هەستیپێبکات.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لەم ڕۆمانەدا چیرۆکی کوشتنی برای بچووك بە دەستی برای گەورە وپیشاندانی بێتاوانیی و زوڵم و زۆرداریی بە یەکەوە،ڕۆماننووس دەیەوێت ئاماژەبدات بە نیشتمانێك کە ڕۆڵەکانی یەکتری لەناودەبەن و یەکتری دەبڕیننەوە، پێدەچێت بە کاریگەری جەنگی براکوژی و کێشمە کێشمی نێوان کورد لە ڕۆژگاری خۆیدا،سەرنجی نووسەری بەرەو ئەم بابەتە ڕاکێشابێت، کە داپیرە بە نیشتمان دەچوێنێت و ڕوخساریشی بە ئاسمانی ئەو نیشتمانەو بوونی پەپوولەیەکی ڕەشی گەورە لەسەر گۆنای، مانای ئەوەیە ڕۆڵەکانی شەهید بوون و بوون بە پەپوولە لە ئاسمانی نیشتمانەکەیاندا، کە تەنیا پەپوولەیەك ئاماژەدانە بە گشت ڕۆڵە شەهیدەکان.

هەروەك لە سەرەتادا ئاماژەمان بە ڕوخساری داپیرە دا، هەمیشە جل و بەرگی ڕێك و پێك و کەمەری توند بەستووە، نیشانەی ساز و ئامادەبوونێتی بۆ قوربانیدان هەروەها سووڕاندنەوە و گەڕانی بەسەر ئەو چەند ئافرەتەدا کە لە چەند تەمەنێکی جیاوازدا بوون،هێندەیتر مانای نیشتمانبوونی دەسەلمێنێت، هەروەها بەخشینی پلە و پایەی سەربازی و هەڵگرتنی چەك لە لایەن برا بچووکەوە نیشانەی ملکەچبوونی برای بچووکە بۆ ڕژێمی بەعس کە بێگومان ئاماژەدانە بە گروپێکی ڕامیاری ئەو ڕۆژگارە سەرەڕای پاکیی و بێگەردییەکەشی، لە بەرامبەردا برای گەورە پیاوێکی دەسەڵاتداری دیاری ڕژێمی بەعسە و بە فەرمانی ئەو چەندین کەس هەڵسوکەوت دەکەن کە گروپی ڕامیاری بەرامبەرە و پەیوەندی ئاشکرای بە ڕژێمەوە هەیە.

لە ڕۆمانی(حەسار و سەگەکانی باوکم ) دا، نووسەر هەموو کوڕەکانی ناو حەسارەکە بە خەسیوو نێرە مووك دادەنێت، دیارە کە مەبەستی بێ غیرەتیی و بێ دەسەڵاتیی براکانێتی بەرامبەر زوڵم و زۆرداریی و چەوساندنەوەی باوکیان بێ دەنگن، دیارە هەر کەسێکی نێرە مووك لە کۆمەڵدا، لەبەر ئەوەی جەستەی ناتەواو و نامۆیە،هەڵسوکەوت و ڕەفتاریشی نامۆ و ناپەسەند دەبێت: (( فەرمان لەسەر فەرمان، هەر هەموو برا گرگن و ترسنۆکەکانم نێرەمووك و خەسیوەکانم، هەرهەموو نزاخوازبوون، کە من تاکەکەسێکم دەتوانم لەشێرین خەودا بیکوژم..)). (حەسارو سەگەکانی باوکم، ل18)

حەسار ئەوپەڕی زوڵم و زۆرداریی باوك پیشاندەدات، سەرەڕای کوڕەکانی بەرامبەر بە ئاژەڵیش بەوجۆرەیە، کە چۆنی پەلاماری پشیلەکانی دەدات و دەیانخەسێنێت، لەترسی ئەوەی نەوەك کوڕ و کچەکانی چاویان لێبێت پشیلەیەکی نێر لەپشیلەیەکی مێ نزیکببێتەوە، بەوپەڕی وردەکارییەوە ئاماژەی دانەکانی باوك دەخاتە ڕوو کە چۆن خوێن لەنێوانیانەوە فیچقەدەکات: ((هێشتا پاڵ کەوتوو لەسەر لاو هەردوو قاچە کورتەکانی

پشتەوەی یەكێك لە پشیلەكانی بڵاوكردبۆوە،...، وەحشیانە ڕایتەكاندبوو دەمارەكانی قرتاندبوو، قرتەیەك و پشیلەی تاین پڕ بە دیوەخان زریكاندبووی، ناڵاندی ... مڕاندی...، ئەم هەردوو هێلكەی خوێناوی لەنێو كەڵەكانی بوون، كەتریقابۆوە ... لەم گوپەوە بۆ ئەو گوپ وەك كەلاشووشە گەمەی پێ كردبوون..)). (حەساروسەكانی باوكم، ل39)

برای گەورە و هەموو براكانیتر لە حەساردا دەكەونە نێوان ململانێی هەردوو هێزی (منی باڵا) و (ئەو) لەسەر (من)، كاتێك هیچ دابونەریت و ئایین و ڕەوشت ویژدانێك ڕێگانادەن، لەبەر چاوی برا خوشكەكان و دایكەكان چەند پیاوێك لەگەڵیاندا ڕادەبوێرن و ئەمان بێدەنگن، بەڵام بوونی ئەم بێدەنگییە، پێدەچێت لە دوو هۆكارەوە سەرچاوەی گرتبێت: لەلایەك هەمیشە باوكیان هەموو كوڕ و كچەكانی سەركوتكردووە و مافی سروشتیی هاوسەرگیریی لێ قەدەغە كردوون و هەموویان لە حەساردا بە قەیرەیی ماونەتەوە هەر بۆیە كاتێك باوكیان دەمرێت، دەستە دەستە پیاو دێن بۆ حەسارەكەو وەك ئەوەی هیچ ڕێگرێك نەمابێت، ئەمەش براكانیان و كوڕەكانیان بێدەنگ دەكات، لە لایەكیتر هەمیشە  باوك كوڕەكانی سەركوت كردووە، لەدوای مردنیشی خەسڵەتی پیاوەتیان بە مانا واتاییەكەی لەدەستداوە، هەر بۆیە ئەم پیاوانە دێن بۆ حەسار و ئازادانە ڕەفتار دەكەن: (( دەیەها پیاوی سمێڵ بابڕ و غەریب و نائاشنام بینی، ترس بوو یان بۆنی ئەو پیاوانە حەساری داڕماوی ئاوەدان كردەوە، هەریەكە و لە پەنایەكدا،...، دەستی لە ملی یەكێك لە خوشكەكانم كردبوو، باسكی لەناو قەدی دایكێكم وەرێنابوو،...، چوومە سەر ئەو حەوزەی خوشكەكانم لەتەك دۆستەكانیان مەلەیان تێدا دەكرد، تنۆكی فرمێسك و ئاو بەسەر ڕوومەتیانەوە لەژێر ڕۆناهی لەرزیوی ئاسماندا دەبریسكایەوە)). (حەسار و سەگەكانی باوكم، ل 59)

لەڕۆمانی (جەنگ)دا (سەلاح عومەر) ئاماژە بە ڕوخسار و جەستەی نەرم و نۆڵی بێچووە ئاسكێك دەكات، كاتێك(علی)كوڕی گەورەی ماڵێكە و ئاسكێك ڕاودەكات بێچووەكەی بەهۆی بۆنی كەوڵی ئاسكەكەوە ڕوودەكاتە ماڵی علی و دەم و چاوی لە پەنجەرەی ژوورەكەیان هەڵدەسوێت و بۆ دایكەكەی دەگەڕێت، بەهۆی نەمانی دایكەكەی خوو دەداتە(علی)و بەردەوام بەدوایەوە دەبێت، بۆ ئەوەی جێگەی دایكی بۆ پڕ بكاتەوە، بوونی ئەم پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا وەكو دوو جەستەی سروشت  لە قۆناغی سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە بوونی هەبووە، دەبینین زۆر جار مرۆڤ بەهۆی باروودۆخێكی تایبەتی خۆی یان لەدەستدانی كەسێكییەوە، ئاژەڵ بەخێودەكات: (( دەستی بە نووزە و گریان كرد و یەكسەر هاتە بەر پەنجەرەكانی ژوورەكە لمۆزی خستە سەر جامەكان و بەزمان كەوتە لستنەوەیان، وێنەیەكی چەند كاریگەر بوو،...،  ماوەیەك بێدەنگ ڕوانیمانە ئەو لەشە نەرم و نیان و جوانەی، ...، ئاسكێكی وا بچكۆلەی خرپن جوان وەك پەیكەری ئەفرۆدیت لەبەردەمماندا مات و مەلوول وەستابوو،...، وەك گیانێك و دووجەستەی پیرۆز یەكتریان دەگەوزاند و تەراتێنیان دەكرد و پێكەوە یارییان دەكرد، خۆشی و ناخۆشیان پێكەوە بوو..)).  (جەنگ، ل 20، 23)

دایکی عەلی، کاتێك هاوسەرەکەی دەمرێت تەنێکی ڕەش دێت و چەند کەسێك لاشەکەی لەگەڵ خۆیاندا دەبەن، بەمجۆرە لەگەڵ بردنی تەرمی هاوسەرەکەیدا وەسفی ڕوخسار و جەستەی خۆی دەکات: (( دڵی منیش قاچی منیش وەك شووشە و کۆڵەکەکان کەوتنەوە لەرزین و هەژانەوە، وەك بی ناو ئاو لەشم دەلەرزی، دەتگوت ڕەشەبا دەمهەژێنێتەوە و شتێ بەر گیان و جەستەم کەوتووە، سەرم، دەستم، قاچم، پشتم، ئەوڕایەخەی لەسەری دانیشتبووم یەکتریان نەدەگرتەخۆ، لەیەك ترازابوون و لەجووڵە نەدەکەوتن، منیش نەمدەزانی بە کوێی خۆمدا دەکێشم و دەستم بۆ کوێ دەبەم و قاچم بۆ کوێ دادەنێم، هەرپەنجەم بوو لەکراس و ڕایەخەگیردەبوو ..)). (جەنگ، ل32)

دواتر بەشێوەیەکی ورد وەسفی ڕوخساری هاوسەرەکەی دەکات کە چۆن جەستەی بووە بەشتێکی ترسناك، بێگومان ترس و تەنیایی لەگەڵ لاشەی مردوویەکدا ئەم بارودۆخە درووستدەکات: ((بەدیار تەرمەکەی باوکتەوە..، ...، پەنجە و لێو و لووت و گوێچکەکانی باوکت، سمێڵی ڕەشی قەترانی، چەناگەی..،...، بەڕوومدا دەتەقینەوە و بەسەرمدا دەیانقیژاند، لێم مۆڕدەبوونەوە و زمانیان لێدەردەهێنام و بە توڕەییەوە بە ڕوخساری ناشرین و قێزەونیانەوە و بە چاوی پڕ غەزەبیانەوە هاواریان بەسەرمدا دەکرد و دەنگیان دەدام، هەندێ جار لوولەی تفەنگ و لوولەی درێژیان ئاراستەی سنگم دەکرد و ..)). (جەنگ، ل 38)

لە ڕۆمانی (گەماڵ)دا، ئاماژە بە جەستەی (گورگی تازە) دراوە، ئەم گورگە بە بوونی پەیوەندی نێوان -دوو جەستەی- مام وەڵفی و دێڵە سەگ درووستبووە، ئەم جەستە نوێیە مانای درووستبوونی نەوەی نوێیە، لە کەسانی بیانی کە (گورگ/ مام وەڵفی ) و (دێڵە سەگ/ ئافرەتی کورد)ن: (( گورگی تازە گەماڵێکی هەرزەکار و تیژپەڕ ڕەفتار بوو، لەم دواییانەدا دەمی لە گەماڵی دەکوتا، لە دێڵە سەگ و مام وەڵفی کەوتبوویەوە، بەرهەمی یەکەم ترەکینی غەریبیایەتیی بوو )) . (گەماڵ، ل23)

لێرەدا ئاماژە بە جەستەی نوێ و نامۆ دەکات کە کلکیان بڕیوە، وەکو ئەوەی ئەتك کرابێ،ئەمەش مانای وایە کورد ئەتك کراوە و نەیانهێشتووە بە ڕوخسار و سیمای سروشتیی خۆیەوە دەربکەوێت، یان بە مانای ئەوەی دەست و پێوەند و هێزو توانایان کەمکردووەتەوە . لێرەدا هەردوو جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵ لەیەك نزیککراونەتەوە بە بوونی چەند وشەیەك وەکو (غەریبیایەتی، مام وەڵفی) کە ئاماژەن بۆ بوونی مرۆڤ و لە شێوەی ئاژەڵدا خستوونیە تیە ڕوو و ڕەفتاری پێکردوون.

لە ڕۆمانی (ئەژدیها) دا (محەمەد موکری) چەندین بیرو بۆچوونی جیاوازی خستووەتە ڕوو، بە تایبەتی سەبارەت بە ژیان و خاك و نیشتمان و جیاوازیی ڕەگەزی نێر و مێ و حەرام و حەڵاڵ بە شێوەی مرۆڤ و ئاژەڵ، هەروەها گۆڕانی جەستەی مرۆڤ بۆ ئاژەڵ و باڵندە و دواتریش لەیەك نزیککردنەوەیان بە چەندین شێوەی جیاواز بیر و مەبەستی جیاوازی پێ خستووەتەڕوو، لە کارەکتەرە زۆر دیارو بەرچاوەکان (زێرین)ە، کە کارەکتەرێکی سەرەکییە ودایکێکی میهرەبانە و لە شێوەی پەریدایە، کە مانای جوانیی وپاکیی و

بێگەردیی دەگەیەنێت، دەگۆڕێت بۆ (زێڕین) کە -تەوارێکی زێڕین- ەو کچەکەی دەبێت  بە (تەوار) و کوڕەکەشی  بە (هەڵۆ)، هەمیشە (زێڕین) ئامادەیە و بەسەر کەژو کێوو نشینگەی خۆیەوە دەسوڕێتەوە، لە زۆر کاتی پێویستدا و لە تەنگانەدا بەدیدەکرێن.

(زێڕین) ئاماژەیەکی گشتگیریی تێدایە و هێما و سونبولی نەتەوەیەك لە خۆ دەگرێت  لە شێوەی تاکدا ئاماژە بە نیشتمانێك دەدات، کە ڕۆڵەکانی لەبەردەمیدا سەر دەبڕن لە ناو شاخەکان و لەسەر لوتکە و لە ناو پێدەشت و سروشتیدا  چەندین (ئەژدیها ) درووستدەبن، کە هێمایە بۆ ئایین و ئایینزا و بیر و ڕاو مەبەستی ڕامیاری جیاواز .(زێڕین)کوشتن و هەڵپڕوکان و هەڵوەرینی پەڕی باڵندەکان بە هەموو شوێنێکدا بە تایبەتی بە ئاودا بڵاودەکاتەوە چونکە ئاو سەرچاوەی پاکیی و بێگەردییە و بۆ چەندین شوێنی دەوروبەری دەڕوات و ئەم هەواڵە بە هەموو شوێنێکدا بڵاودەکاتەوە، واتا مردنی بە ناهەقی ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی بە دەوروبەری دەگەیەنێت . بەڵام (کەریم) لە شێوەو ڕوخساری خۆیدا وەکو کارەکتەرێکی ناسەرەکی و لەشێوەی مرۆڤدا خراوەتە ڕوو، کە نموونەی کەسێکی پاك و ڕاستگۆیە، بەڵام بەهۆی خراپەکاری ئەو خێزانە تورکمانەوە کە ماڵی وەستاکەیەتی، تووشی خراپە هاتووە.

ڕۆماننوس ئاماژە بە ڕوخسار و سەرو سیمای تەواوی (ئەسەدوڵڵا) دەدات، کە لەدوو بەش پێکهاتبوو (ژن و پیاو)، لە لای ڕاستەوە پیاوێکی توکن و لە لای چەپیشەوە جەستەیەکی بێ تووکی ژنانە بوو، تیشکێکی سەوز لە سەریەوە بەرەو  خوار هەردوو بەشی جەستەیی جیاکردبووەوە (( تیشکێکی باریکی سەوز  جەستەی کردبوو بە دوو بەشەوە، تیشکە سەوزەکە لە نێو چەوانیەوە تا خوار ناوکی بوو، ئەسپە ژن هەمیشە بە ڕووتی دەمبینی، دووکەرتی بەیەکەوە لکاو بوو، کەرتی ڕاستی تووکن و کەرتی چەپی بێ تووك، لە یەك کاتدا نێر و مێ بوو،...، خاوەر گوێم بۆ شل کە  سەرنج بدە، من ئێستا لە یەك کاتدا لە شا ئینسانم، لە دوو بەشی شاهانە پێکهاتووم، بەشێکم (شامێرانە) و  بەشێکم (شامێیانە)، من ئەو خەونە ئەزەلییەی (نێر و مێ) م، هەموو دەسەڵاتێ ئیرەییم پێ دەبات، میراتگرێکی ڕەسەنی حەوام، چێژی مێوەی داری ( حەرام) م کردووە،...، من زادەی لەزەتی حەرامم، لەزەتی حەرامیش دایکی مەعریفەتە )).  (ئەژدیها، ل 284-285)

ئەم ئاماژەدانە بەو جەستە نامۆیە، چەندین ماناو مەبەستی شاراوەی دەروونی نووسەر درووستیکردوون، بەڵام بیری هەرە سەرەکی بریتیە لە گەڕاندنەوە بۆ سەردەمی سەرەتایی ژیانی مرۆڤایەتی و نزیککردنەوەی ئەو سەردەمە و چواندنی بە کەسێك کە خۆی مەبەستیبووە، کە لای ڕاستی ( شامێران ) شای مێردان و لای چەپیشی (شا مێیانە) شای ژنان و چواندنی ئەم ڕووداوەیە بە چیرۆکی ئادەم و حەوا.

ئەسپە ژن هەمیشە شانازیی بە جەستەیەوە کردووە و جەستە لە لای مەبەستی سەرەکی بووە، عەشقی جەستەش لە عەشقی دڵ گرنگتر بووە هەتا ڕادەی جەستە پەرستن: (( ئەسپەژن پێی گوتم:عاشقی لەش  عاشقی لەزەت ڕاستگۆترە لە عەشقی دڵ، دڵ بۆ پەرستن عەشقی خۆی هەڵدەبژێرێت، عاشقی لەش بۆ یەکدی

پەرستنە، جیاوازی نێوان  ئەم دوو عەشقە وەك جیاوازیی نێوان ڕاستی و درۆیە، عەشقی دڵ کۆیلەیەتیە عەشقی لەش هەم کۆیلەیەتیە و هەم ئازادییە، یەکێ دەبێتە کۆیلەی تۆ، تۆش دەبیتە کۆیلەی ئەو، هەردووش دەبنە کۆیلەی لەش، عەشقی لەش خاوێنترە )). (ئەژدیها، ل 79)

لە ڕۆمانی (ئەژدیها) دا بە چەندین مەبەست و بە چەندین شێوەی جیاواز ئاماژەیەکی زۆر بە (جەستە و لەش ) دراوە وەکو پێکهاتەیەکی ماددی گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، بوون و پێکهاتە ماددییەکەی مرۆڤ و جەستەی لە هەست و نەست و بیرو تێڕوانینی مرۆڤ گرنگترە، بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، بێگومان ئەمەش زادەی بیرو بۆچوونی تایبەتیی نووسەرە لە گرنگیدان بە لایەنی ماددی زیاتر لە  مەعنەوی . لەگەڵ ئەمانەشدا هێندە گرنگی نەدراوە بە ڕوخساری مرۆڤ، هەر کاتێك ئاماژە درابێت بە ڕوخسار، بەژن و باڵاو لەش و لاری ئافرەت بە تایبەتی بە ڕووتی خراوەتە ڕوو، بێگومان زیاتر بۆ خستنە ڕووی پەیوەندی سێکسیی نێوان ئافرەتە و لە شێوەی (هاوڕەگەزبازی: هۆمۆسێکسواڵیتی -homosexuality)  دا جەستەیان پیشاندراوە، هەروەك لە پەیوەندی نێوان (ئەمنەخان و موعەزەزی کچی و گوڵدەرانی ئامۆزای موعەزەز ) دا دەردەکەوێت، ڕۆماننووس بەهۆی پیشاندانی ئەم پەیوەندییەوە مەبەستیبووە  خوو ڕەوشت وئەدگاری هەندێک لە خێزانە تورکمانەکان بخاتەڕوو: (( گوڵدەران بەجۆرێك تێکەڵی ئەمنەخان ببوو، دەتگوت مێردیەتی،...، نیو سەعات زیاتر ئەو سێ ڕووتە لەبەرچاوی مندا لە یەکدی دەئاڵان ..)) . (ئەژدیها، ل11)

بەڵام لە خستنەڕووی ڕوخساری باڵندەیەکی وەکو (زێڕین) دا، وردەکاریی نواندووە هەروەك لەسەر زاری (کەریم)ەوە وەسفی زێرین دەکات: (( ئۆخەی ئاوا هەموو جەستەی پڕاوپڕی چاوانی دووربینەکەیە، ئەوە دەنووکە کورت و چەماوەکەی دەبریقێتەوە، ئەوە چاوە زیتەکانی دەڵێی دووچرای سیحراوین، ئەوە گەردنە زراڤەکەی چەند جوانە، ئەوە پەڕە زێڕینەکانی ژێر سنگی، بریقەی پەڕەکانی لاملی، ڕەنگی گزنگە زیوینەکە دەدەنەوە، بەگڕی ئاگرێکی پیرۆز دەچێ ..)) .  (ئەژدیها، ل55)

لەڕۆمانی (باڵندەکانی دەم با) دا ئاماژە دراوە بە جەستەی شکست خواردوو غەمبارو چەماوە و هێزلێبڕاو، کە لەژێر باری مەینەتی ڕۆژگاردا چەندین جار ڕووبەڕووی کارەسات و بەسەرهاتی ناخۆش بووەتەوە، بۆنموونە لەسەرەتادا تاکۆتایی (فەرهاد) کارەکتەرێکی سەرەکییە و هاوڕێی پاڵەوانی ڕۆمانەکە و گێڕەرەوەی سەرتاپای ڕووداوەکانە بەبەردەوامیی لە تەنیایی و تاریکیدا دەژی، وەکو پیرێك و پەککەوتەیەك، وەکو لاشەیەکی مۆمیاکراو خراوەتەڕوو: (( تەرمەکە جوڵا پیرە پیاوێکی چکۆلە و زەردەڵ لەژێر جاجمەکە هاتەدەر. خشەخشێك هەڵخزا و لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەکە..،...، فەرهاد دەستە باریك و ئێسکنەکانی لە دەوری ئەژنۆی ئاڵاند و سەری بە ملیەوە بۆسەر شانی شۆڕبووەوە، قژی خۆڵەمێشی، سەروڕیشی، ڕوومەتی تێکقوپاو و چاوی بەقوولداچووی...دەتگوت تەرمی مۆمیایی پیاوێکە دوا هەزار ساڵ لەژێر خاك دەرهاتبێ و لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەیەکی بچووکدا لە ژوورێکی تاریك و پڕ لە دووکەڵ لە ژوورێك کە بۆ کۆن و بۆنی زبڵی سووتاوی لێدێ، بەدیوارەکەوە پەساربێ...)).  (باڵندەکانی دەم با، ل34)

هەر بەوجۆرە بە هەمان پێودانگی فەرهاد لە سەرەتای ڕۆمانەکەشدا ئاماژە بە جەستەی ژن دەکات، کە بەهۆی دەستی ڕۆژگارەوە گڕی گرتووە و بە بای خەزان دێت و دەچێت (بای وشك وساردی وەیلان): (( لەشی گڕگرتووی ژن یەك، دووسێ جار دەپەڕییە دەرو خەڵوەتی ڕمیوی کۆڵانی دەڕووشاند. گڕ گەزارەی لە ئاسمانی کۆڵان دەکێشا و با، بای ووشك و سارد بای وەیلان بەرەو پیری چوو، دۆستی دێرینی بابوو گڕ لە باوەشی دەگرت تاسەی کردبوو، بەخۆیەوە دەگوشی، لە زەوی هەڵدەبڕی و بە خۆیدا هەڵی دەسووڕاند، ئەوسا ژن کلۆڵە گڕێك بوو لە باوەشی بادا سەمای مەرگی دەکرد)) . (باڵندەکانی دەم با، ل7)

دواتر(باڵندەکانی دەم با ) ئاماژەیەکی ورد دەخاتە ڕوو لە وەسفی ڕوخساری ژنێکی بەساڵاچوودا، کە بەدیار فەرهادەوە وەستاوە و فەرهاد گڕ بەردەدات لە کتێب و نووسین و یادگارییەکانی، هەمیشە ڕوخسار بە چرچ و لۆچی خراوەتەڕوو، تەنانەت لە وەسفی ئەو گڕەشدا کە لەسەر ڕوخساری پیرێژنەکەیە و سەما دەکات بە سەمای قێزەون و ناشرینی پیرێژنێك دەچوێنرێت کە وەك مار لەسەر ئاگر سەما دەکات: (( شەمچە بە کتێب و کاغەزەکانەوە دەنێت، گڕ لە دڵخۆشیەکانی بەردەدات، پیرێژن هێشتا بەدیاریەوە ڕاوەستاوە، هەڵدەلەرزێت، پیرێژن سەرمایەتی ئاگرەکە گەرمی ناکاتەوە، بڵێسەکان لەسەر چرچ و لۆچی ڕوخساری سەما دەکەن، وەك سەمای قێزەونی پیرەژنێك لەناو پێچ و خولی گەزارەی ئاگردا )). (باڵندەکانی دەم با، ل 28)

لە ڕۆمانی (ئەڵوەن) دا (ئەحلام مەنسور) ڕوخساری پیرێژنێک دەخاتەڕوو بەوپەڕی ناشرینیی و قەبەیی و ڕەشیی دەم ودانی ناشرینەوە، بەڵام دڵ و دەروونێکی پڕ سۆز و میهرەبانی هەبوو کە بە (ئامە گۆشتن) ناسرابوو: (( دەم و چاوێکی خڕ، گۆشتن، دوو گلێنەی قاوەیی لەناو سپێنە هەڵگەڕاوەکانیدا مەلەوانیان دەکرد، برژانگەکانی وەك فلْچەیەکی زۆر بەکارهێنراو و سواوی هونەرمەندێك، تەڵەکانی کورت کورت و هەڵوەریو بوون، لچ و لێویکی ئەستوور شۆڕ ببووە قەد دەرگای دەمێکی هەشت نۆ دداندار، چەناگەیەکی پان، گۆنای خڕ، فۆتەیەکی ڕەش کە بە زەحمەت لە ڕەنگی پێستی ڕوخساری جیادەکرایەوە، هەمیشە ئاڵابووە سەریەوە، هەموو سەری وەکو تۆپێ وابوو، وەك ئەوەی بەزۆری چەقێنرابێتە سەر شانی.. )). (ئەڵوەن، ل 7)

لێرەدا نووسەر دەیەوێت لایەنی جوانیی و ڕێکیی ڕوخسار فەرامۆش بکات، چونکە بە بەردەوامیی ئاماژەیەکی ئەم ناشرینیەی ڕوخساری لەگەڵ ڕەفتاریدا ئاوێزانی ئەو هەڵوێست و میهرەبانییەتی کە بە بەردەوامیی پێیبەخشراوە.

لە ڕۆمانی (ژن) دا (ڕێواس ئەحمەد) ئاماژە بە بوونی منداڵی کەمئەندام دەدات لە ماڵێکدا چوار منداڵیان هەیە، بەرامبەر دوانی ساغ دوانی شەل و گۆج هەیە - واتا جەستەی ناتەواو - لەلای نووسەر جەستە نرخ و بایەخی تەواوی پێدراوە، ئەگەر پیشاندانی نەگبەتی و نەهامەتی دایکی ئەم چوار منالە کە (ڕەعنا خانم) ە، شوێنی بایەخی نووسەر بێت، دەکرا لە ڕێگەیترەوە لایەنێك لە ژیانی بخرێتەڕوو، نەوەك بە بەخشینی دوومناڵی شەل و گۆج بەو کارەکتەرە: (( ڕەعنا خانیش بەدەست چوار منداڵەکەیەوە شەکەت ببوو، دوو منداڵی کەمئەندام، دوانی تری عەجول و زیتەڵە )). (ژن، ل 11)

دواتر نووسەر ئاماژە بە ئافرەتێك دەدات کە وریا و دەسترەنگین بووە، قوڕە سووری ئامادە کردووە و پەیکەری پێ دروستکردووە: (( لە ژوورەکەیدا بە قووڕ پەیکەرێکی بۆ باوکم درووستکردبوو، هەر ئەتوت خۆیەتی و زیندوو بووەتەوە،لەولاشەوە پەیکەرێکی بۆ من درووستکردبوو، پەیکەرەکەی منی بە خەڵووز ڕەشکردووە، گوایە من بەخت ڕەشیم بۆ باوکم هێناوە )) . (ژن، ل40)

ئەم ئاماژەدانە بە پەیکەری ئاسایی بۆ باوك و پەیکەری ڕەش بۆ کچ خۆی لە خۆیدا خستە ڕووی بیرو بۆچوونی کۆنە سەبارەت بە ئافرەت، کە بەهۆیەوە دەم و چاوی کچەکەی بە ڕەنگی ڕەش درووستکردووە.

### ٢. گوتاری سەر:

سەر لە ڕۆمانی هێلانەدا بە هەردوو شێوەی (بەرجەستە و واتایی) زۆربەی جار بە چەند ئاماژەیەکی(خولانەوە و وڕوکاس بوون و سەرشۆڕکردنەوە و ئازار و شریخەی سەر لە شێوەی هەورە بروسکەدا) خراوەتەڕوو، بە واتایەکیتر ئازار و مەینەتییەکان و سەر گەردانی و وێرانی و ئەنفالکردن هۆکارێك بوو سەری کارەکتەرەکان لە ژێر باری ئەو مەینەتییانەدا، کە ئەو ڕۆژگارە بۆی درووستکردبوون لە بارودۆخێکی ئازاراویدا خراونەتەڕوو. بە واتایەکی بەرجەستە کاتێك لەژێر ئەشکەنجە و ئازاری ڕژێمی بەعسدا لە زیندانەکان یان خاڵی پشکنین و هەموو کوچەو کۆڵان و شارو دێهاتەکاندا چەوسێنراونەتەوە و ئازاردراون. هەروەها بە شێوەیەکی واتاییش غەم و مەینەتی و دەربەدەرییەکان ئازار و ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەییان دروستکردووە بۆ(سەر)ی کارەکتەرەکان: (( کاسەی سەری درەنگەی دەهات، هەستی دەکرد هێندە پەنماوە ڕووی لە تەقینە وەك توێێك پەنجە ولەپی هەردوو دەستی لێ گیرکردن. بە ژوورەکەدا بێپەروا کەوتە خولانەوە، دەتوت کەلەی خۆی بەدەم یاریەوە ڕادەفڕێنێ بەبێ ئاگا لە خۆ دەخولایەوە، کاتێکیش پوور بە سینییە بەرچاییەکەوە پێی نایە ناو ژوور، هەر ڕاوەستانی بۆ نەبوو .. )) . (هێلانە، ل 131-132)

لێرەدا سەر بە واتایەکی مەعنەوی خراوەتەڕوو، گرتنی کەلەی سەر بە توندی و بە پەنجە و لەپی دەستەکانی بۆ ئەوەی سووڕ خواردنی سەری ڕابگرێت بارودۆخی ئازار و ئەشکەنجەی دڵ و دەروونی و نائارامییەکەی بەوجۆرە خراوەتەڕوو. لە (هێلانە)دا سەر هەمیشە شۆڕکراوەتە و چەماوەتەوە بۆ سەر سنگ و ئاماژەی ڕاگیر نەبوونی دراوەتێ .

لە نموونەیەکیتردا بەهەمان شێوە (حاجی ئەحە ڕەش) کە کەسایەتییەکی بەتەمەنە و بەڕێکەوت لە شاڵاوی بەعسییەکان ڕزگاری بووە، سەری بەسەر سنگیدا شۆڕکردووەتەوە لەبێ وەڵامیی و نەبوونی زانیاریدا سەبارەت بە کەس و کاری (سوبحان) کاتێك (سوبحان) هەواڵی کەسوکاری خۆی لێدەپرسێت: (( ئەو وەك هەوڵی هەڵووشینی مێشکی بدا سەری بەسەر سنگیدا شۆڕکردەوە، بینایی بەسەر ئەڵقەی ئاگرە شینەکەی زۆپاکەدا ڕواو خامۆش بوو، دیار بوو تەقەلادەدا، یەکبەیەکی ئەو ناوو ڕووخسارانە بێنێتەوە بەرزەین و

چاوی، کەبینیونی و کەڵکی نەبووە، کەسەری هەڵبڕییەوە بەدەنگێکی پڕ لە کەسەرەوە وتی ..)).   (هێلانە، ل210 )

لە ڕۆمانی (حەسارو سەگەکانی باوکم) دا، سەری هەموو کارەکتەرەکان لەژێر سایەی زۆرداریی و چەوساندنەوەی باوکدا بەهەردوو شێوەی جەستەیی و مەعنەوی ئازاردراوە، زۆرجاریش ڕادەی ئازارە مەعنەوییەکە باڵاترە و بەشێوەیەکی زۆر زیاتر و لەڕووی چۆنیەتی و چەندێتییەوە لە ئازاردانی جەستەیی و لێدان و ئەشکەنجەدانی ژێر دارو قایشەکانی دەستی باوك پیشاندراوە، بەڵام کارەکتەری سەرەکی کە براگەورەیە و پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، زۆرتر لە کارەکتەرەکانیتر ئەم ئازاردانە دەروونییە سەری گێژ و وڕوکاس دەکات،جگە لە غەمی خۆی کە بووە بە پاسەوانی حەسار و هەروەها خزمەتکاری ئاژەڵ و باڵندە جۆر بە جۆرەکانی ناوی، بەساڵاچوون و قەیرەبوونی خۆی لەلایەك و ژێردەستەیی و بێغیرەتیەکەشی لە لایەکیترەوە غەمی خوشك و برا و دایکەکانی، هەریەکەیان بە پێی خۆی چەندین ئازار و گرێیان لە دڵ و دەروونیدا درووستکردووە، بە واتایەکیتر ئازاردانی باوك بۆ خۆی وخوشك و براو دایکەکانی دەبێت بە (منی باڵا) ویست و خواستیشی بۆ ڕزگاربوونیان دەبێت بە (ئەو) لەسەر دەروونی کارەکتەری سەرەکی و کوڕە گەورە (من) جۆرێك لە ململانێ و دووبەرەکی درووستدەکەن: (( زۆربەی بەیانییەکان وەك گێر بووبم، خۆم دەگەیاندە سەر حەوزەکە و سەری گێژم لە ئاوەکەیدا نوقم دەکرد و بۆ بێ غیرەتیی خۆم دەگریام )). (حەسارو سەگەکانی باوکم، ل 37)

ئەگەر لە (هێلانە)دا، لە ئاکامی پەشێویی و وێرانبوونی ماڵ و دێهاتەکان و تێکچوونی ژیانی خەڵکدا سەر شۆڕ بووبێتەوە بۆ سەر سنگ، لە (حەسار ) دا (سەر) بە تایبەتی و بە ڕادەیەکی زۆر سەری باوك هەمیشە دانەوێنراوە بۆ پشکنین و گەڕان بە دوایی پەنهانیی و ئەو حەرامیانەدا کە بیروباوەڕی چەق بەستووی درووستی کردبوون . ئاماژەیەکی زۆر دراوە بە گەڕانی هەمیشەیی و سەرشۆڕکردنەوە بۆ ناو کولانە و ژێر قادرمە و هەموو کووچە و پەنایەکی حەساردا، بۆ ئەوەی کوڕ و کچەکانی لەوبیروباوەڕانە بپارێزێت، تەنانەت هەموو شەوێك سەری بەسەر حەوزەکەدا شۆڕدەکردەوە و دەیویست شێوەی مانگ بشێوێنێ نەوەك کوڕ و کچەکانی بەبینینی مانگ دڵیان خۆش بێت: ((شەوانیش باوکە بێ وادە و سەعات، لەخە و ڕادەبوو چراکەی هەڵدەگرت و بێ خشپە لەسەر نووکی پێ، هەموو کون و قوژبنێکی حەسارەکەی دەپشکنێ، سەری بەسەربیرەکەدا شۆڕدەکردەوە کوڵێ دڵی بەوە خۆشدەکرد، کە مانگ ئەوەتا لەبنی بیرەکەیدا خنکاوە،....، لەوێوە ڕووە و ئاخووڕەکان هەڵدەکشا، کۆلێتی مریشکەکان، کولانەی سەگ و پشیلەکان، چاڵە زۆرەکانی کەروێشکەکانی ژێر هەیوان، بگرە نێو قەفەزی بولبولەکانیش، نێو حەمام و ...)).  (حەسارو سەگەکانی باوکم، ل 28)

لە ڕۆمانی (جەنگ) دا (سەر) وەکو پێکهاتەیەکی (ماددی) و وەکو بەشێکی سەرەکیی جەستە، بەچەندین ئاماژەی جیاوازەوە، ئامادەبوونی هەیە، بەپێی پەیڕەوی کۆمەڵایەتی و داب و نەریت، ئاماژەکان واتای جیاواز

لەکات و شوێنی خۆیاندا دەبەخشن، وەکو سەر لەقاندن و سەر ڕاوەشاندن و سەر دانەواندن و ... هتد، هەروەها وەکو ئاماژەیەك بۆ مێشك و بیر و توانای بیرکردنەوە و یادگە، واتا وەکو لایەنێکی مەعنەوی ئامادەبوونی هەیە . بۆنموونە گێڕەرەوە - دایکی عەلی - باسی ئازار و ئەشکەنجەی چەند ساڵەی دەکات کە چۆن نهێنییەکان لەناو دڵ و مێشکیدا پەنگی خواردبووەوە و ئێستا بۆ کوڕی بچوکی باسدەکات یادگارییەکان هرووژم بۆ مێشکی دێنن: (( ئەوەتا ورد ورد وێنەی مردنی باوکت دێتە پێش و لەبەردەمم دێت و دەچێت، هەموو شتێکی ناو وێنەکە وەك ئەو ساتەی ڕوویانداوە لەبەرچاوم بەرجەستە دەبن یەك یەك بەهەموو کاریگەری و قێزەونی خۆیانەوە دێنە ناو کەلەی سەرم و هرووژم بۆ ناو مێشکم دێنن، دێن و دەبنە لەپێکی زۆر گەورەی ئاژەڵێکی قێزەون و ڕوو دەبێتە ناو قەدم و دەیەوێ بمشکێنێ ... )). (جەنگ، ل 15-16)

لێرەدا لەسەریەوە بۆ ناوقەدی دەکەوێتە بەر شاڵاوی ئەو ئاژەڵە دڕندەیەی کە مردنەکەی باوکە و یادگارییەکی تاڵن و مێشك و جەستەیان وردکردووە.

هەر لەناو گێڕانەوەکانی دایکدا، ئاماژە بە کەلەی سەری گەورە و مرۆڤی شێوە دڕندە و نامۆ دەدات، کە هاتوون (عەلی) کوڕە گەورەیان بردووە و شوێنەونیان کردووە ((ئەوانەی عەلییان گرت و قۆڵبەستیان کرد بەبەرچاوی ئاسکە بچکۆلەکە ڕایانکێشا، مرۆڤ نەبوون بەڵکوو دڕندە بوون، چوار کەسی کەلە گەورەی ڕوخسار ناشرین بوون و کەس نەیدەزانی کێن و خەڵکی کام وڵات و ناوچەن ..)). (جەنگ، ل 24)

هەروەها ئاماژە دەدات بەسەری گێژ و وڕوکاسی کوڕی بچووك کە بۆ هەواڵی کەس و کاری دەڕوات و زۆرشاردەگەڕێت، لەڕێگا کوڕێکی لاودەناسێت، دوای چەند ڕۆژێك،هەواڵی خۆکوشتنی ئەو کوڕە بڵاودەبێتەوە، کوڕەکە کاغەزێك لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت، دوای خوێندنەوەی بۆی دەردەکەوێت کە ئەو کوڕە برازایەتی، بەم کارەساتە وێنەیەکی وردیی و ڕوکاسیی و گێژیی سەری خۆی دەخاتە ڕوو کە بەو هەواڵە هێندەیتر ئازار دەچێژێت: (( کە لە خوێندنەوەی نامە پڕ لە لوغز و نهێنییەکە بوومەوە،...، سەرم لە ناو گێژاوی وشە کاریگەرەکانی گێژ و کاس بوو، سەر ئێشەیەکی توند دایگرتم .. بێ دەنگ و سەر سوڕماو، چاوم لەسەر پیتەکانی وشەی مام عەلی ڕووا.. دەتگوت حەب و دەرمانی خەوتنم پێ دراوە و خواردوومە . هێدی هێدی کەلەی سەرم گران بوو .. دڵم داخورپا و هێندەی نەمابوو ببوورێمەوە ..)). (جەنگ، ل 108)

لێرەدا ئاماژە بە هەردوو باری ماددی و مەعنەوی (سەر) دەدات لە کاتێکدا وڕوکاس بووە و بەرچاوی تاریك بووە . (سەر) وەکو پێکهاتەیەکی ماددی ئامادەیە، دواتریش دوای گرانی کەلەی سەر، ئاماژە بە دڵ داخورپان دەدات، واتا لەو کۆست و هەواڵە دڵ تەزێنە، سەر دەگاتە ڕادەی نائاگایی و لە هۆش چوون کە بەبارێکی مەعنەویدا خراوەتە ڕوو.

لە ڕۆمانی (گەماڵ) دا ئاماژەیەکی بەردەوام بە سەر و کەلەی زل و سەر و ڕوخساری توکنی (گەماڵ) دەدرێت کە گوێی براوە و بە دەم و قەپۆزێکی زلە وە، سەرەڕای ئەوەی کلکیشیان بڕیوە ، ئەم ئاماژەیە بە

جەستەیەکی ناتەواوی (گەماڵ) لە سەرو گوێ و کلکەوە، ئاماژەدانە بە کوردستان کە چۆن لە چەند لایەکەوە خاکیان دابەشکردووە بە چەند بیانوویەکی جیاواز، هەروەك چۆن کوردستانیان بەشکردووە و لە خاکەکەیان بڕیوە و خستویانەتە سەر خاکی نەتەوەکانی دەوروبەر، هەروەها جەستەی توکن واتا کورد هەمیشە نەبڕاوەیە و بەردەوام نەوی نوێ پێدەگەیەنێت ، هەروەك پێستی سەر کە مووی نوێی لەسەر دەڕوێت . دەم و قەپۆزی گەورەش مانای ئەو هرووژم و هێرشانەیە کە کورد دەیکاتە سەر دەوروبەری سەرەڕای جەستەی پارچە پارچە کراویشی. وەسفکردنی جەستەی گەماڵێکی گەورەی ناتەواو، ئاماژەدانە بە خاکێکی گەورەی ناتەواو، هەروەها ئاماژە دەدات بە مێش و مەگەز کە لەسەرمادا ڕاودەنرێن . واتا وەرزی گەرم و گوڕیی دەسەڵاتی بەعس نەماوە و لەوەرزی سەرما و سۆڵەی زستانیاندان، مێش و مەگەزیش سەرباز و دەسەڵاتدارەکانن کە بنکەکانیان پێچاوەتەوە و ڕاونراون، ئەم ڕوخسارە زیاتر بەهۆی کەلەی سەرەوە خراوەتە ڕوو، هەروەك چۆن (مام وەڵفی) بە (سەگە گەماڵ) دەڵێت: ((ماشەڵڵا سەرو کەلە و قەپۆزت هێندە زل و بەقەوارەیە و تووکنە، گوێی بڕاوتی پێوە دیارنییە، من بۆخۆم سەرم سووڕماوە ئەم گوێییە و کلکە بۆ دەبڕن؟ سەرمایەکە مێش و مەگەز ڕاونانێکە، کوڕە ئێمەی سەگ ئەگەر تاوتاو کلکمان نەخەینە سەر شانمان و گوێ قوتنەکەینەوە، بەژیانی نازانین )). (گەماڵ، ل 14-15)

هەروەها ئاماژە دەدات بە گوێی قوت، (بۆیە ئەم گوێ قوتانەمان پێویستە) کە مەبەستی لە هێزی پێشمەرگەیە، وەکو سانسۆرێك لە دژی دوژمن لەکاردابوون ئەوەی زیاتر بیرو بۆچوونەکانمان دەچەسپێنێت، ئەم وەڵامدانەوەیەی (مام وەڵفی) یە لەلایەن (گەماڵ)ەوە: ((مام وەڵفی سەروگوێلاکی ورچەی بەوردییەوە تێ نواڕی و ئینجا وتی: بۆچی گوێیان بڕیویی - ئەی بێقەزابیت نەك هەر من، باوو باپیرانیشم بە گوێ بڕاوی سەریان ناوەتەوە، ...، کاکە نەخۆشی حەزی لە ئازارو ئەشکەنجەیە)). (گەماڵ، ل14)

لە ڕۆمانی (ئەڵوەن)دا (ئەحلام مەنسور) ئاماژە دەدات بەسەری (زەینەب) کە ژنی (حەسەن ئاغا) بووە، (حەسەن ئاغا) بەپەیوەندی نێوان (زەینەب) و (عەلی ) کوڕی مامی (زەینەب) دەزانێت (عەلی) دەکوژێت و لەداغ و حەسرەتی ئەو مردنەدا و ئەو ئابڕووچوونەیدا سەری خۆی دەکێشێت بە کێلی گۆڕەکاندا لە گۆڕستان و وادەزانێت هەموو مردووەکان بەم کارە ناشرین و ئابڕووچونەیان زانیوە: ((زەینەب وەکو شێت سەری خۆی دەکێشا بەکێلی قەبرەکەی دایکی و هەستی دەکرد مردووەکان زیندوو بوونەتەوە و هەموویان بەم کارەیان زانیوە و پەنجەی تاوانبارییی بۆ درێژدەکەن )). (ئەڵوەن، ل183)

ئەم ئاماژەدانە بەسەر مانای پەشیمانی و گەڕانەوە دەگەیەنێت و لەداغ و حەسرەتی دڵیدا سەری کێشاوە بەگۆڕەکاندا، واتا دڵ و دەروون ڕەفتار و ئاماژەکانی سەر هەڵدەگرن.

هەروەها وەسفێکی وردی جەستەی – سەروکەلە – ی (ئامە) دەکرێت، کە مەنزڵگای جەستەی ماندوو و دڵی تەنگی بووە و وەکو پیاوچاکان نزاکانی گیرابووە و نهێنی زۆر کەسی زانیوە . هەربۆیە وەسفێکی زۆر

ورد و جوان دەکرێت بۆ سەری (ئامە) کە هەروەك قیبلەیەك هەرچی نوێژ و نزاو پاڕانەوە هەیە، لەوێوە بۆ بارەگای یەزدان چووە، ئەم وەسفە دەگاتە ترۆپك و بەرز ڕاگرتنی (ئامە) - کەمەبەستی نووسەر بووە - بەرزتر ڕابگیرێت لەزۆر کەسی بڕواداری پۆشتە و دەوڵەمەند و ناودار: ((سەرت نزرگای خۆت بوو، سەرت ئیمام و پیر و پیاوچاکان بوو سەرت دۆزەخی هەمیشەیی گیانی وێڵت بوو، ئامەسەرت لەگەڵ ئەوەی گۆڕستان بوو، هەرچی نزای مرۆڤ هەبوو، هەرچی نوێژی بڕواداران هەبوو، ئالەوێوە بۆ بارەگای یەزدان ئەچوو)). (ئەڵوەن، ل202)

## ٣. گوتاری چاو :

چاو باشترین و گونجاوترین ڕێگەیە کە بەهۆیەوە لە نهێنیەکانی دەروون و ناخی بەرامبەر تێدەگەین، بەتەواوەتی پەنهانییەکانی مرۆڤ دەخەنەڕوو، هەرچەندە زۆرجار مرۆڤ دەتوانێت بەخۆڕاگرتن و زۆرکردن لەخۆی زاڵ بێت بەسەر کێشە و تەنگ و چەڵەمەکانیدا و بۆ ئەوەی زۆر بە ئاشکرایی بەسەر ڕوخسارییەوە بەدینەکرێن، بەڵام بەڕادەیەکی گونجاو هێندە ماوە دەهێڵێتەوە کە بەرامبەر لێی تێبگات، بێگومان بەسەرنجدانمان لە چاوی کەسانی بەرامبەرمان هەست و نەستیانمان بۆ ئاشکرا دەبێت، چونکە ((چاو تەنها ڕێگەیە بۆ دەرکەوتنی ئەو هەستانەی کە مرۆڤ هەیەتی بەرامبەر ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەژی، سوور هەڵدەگەڕێت لەکاتی ڕق و کینەدا، بەفرمێسك دەبێت لەکاتی خۆشەویستی و سەرگەرمیدا، زاق دەبێت لە سەرسووڕماندا، نیو نیگا دەبێت لە بیرکردنەوە و تێڕاماندا )).[14]

لەبەر ئەوەی هەستی بینین لە هەموو هەستەکانیتری مرۆڤ گرنگتر و سەرەکیترە، لە ڕێگای بینینەوە مرۆڤ لە یەك سەیرکردنەوە چەندین زانیاری بۆ مێشك دەنێرێت، وێنەی دەیان شت لە یەك کاتدا دەگرێت، پسپۆڕانی دەروونزانی جووڵەکانی چاو بەسەر سێ جۆری سەرەکیدا دابەشدەکەن:

(( 1 - جووڵەی بازنەیی گلێنەی چاو بۆ ناوەڕاستی شتەکان، کە هەردوو گلێنەی چاو لە یەك کاتدا سەرنجی شتێکی دیاریکراو دەدەن کە مەبەستی کەسەکەیە.

2 - چەند جووڵەیەکی کتوپڕ لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر، لە دوای سەرنجدان لە شتێك، مرۆڤ سەیری دەوروبەری ئەو شتە دەکات.

3 - جووڵەی بەردەوامی بەدواداچوونی چاو لە شتێکەوە کە لە گۆڕان و جوڵەدایە، بەردەوام چاو چاودێری ئەو جووڵانە دەکات )).[15]

---

[14] جمال الكاشف ، خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤ ، چۆن ڕوخساری مرۆڤ دەخوێنیتەوە و پەی بە نهێنییەکانی دەبەیت ، وەرگێڕانی : هەورامان عەلی، چاپی پێنجەم ، چاپ و پەخشی ڕێنما ، 2012, ل38.

[15] علي فالح الهنداوي ، مبادىء اساسية فى علم النفس ، الطبعة الثانية ، دار الحنين للنشر و التوزيع ، عمان ، الاردن ، 2011، ص (92-93)

لە ڕووی گرنگی چاو وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکیی جەستە و لە ڕووی گەورەیی و بچووکی -قەبارە- و ڕەنگییەوە، هەروەها بەشداریکردنی برۆ لەگەڵ چاودا، بۆ درووستکردنی چەند هێما و ئاماژەیەك، چەندین تێڕوانینی جیاواز دەربارەیان خراوەتە ڕوو: ((گەورەیی چاو نیشانەی پاکی و بێ گوناهی و هێزی فیکر و هۆشە، زوو هەستکردن بە شتەکان ڕوونی و ڕاستگۆییە بەڵام چاوی تەسك نیشانەی فێڵ و خەڵەتاندن و خۆپەسەندیی و تەمبەڵییە، بەڵام ئەگەر چاوەکان مامناوەند بوون، ئەوا نیشانەی جێگیریی تەواو و دڵنیا بوونە،...، گلێنەی ڕەنگا و ڕەنگ و پێستی سپی، خوو ڕەوشتیان نەرمە، زەوقیان جوانە، جووڵەیان خێرایە،لاشەیان نەرمە، گلێنەی تاریك خاوەنی پێستێکی گەنم ڕەنگین و زبرن لەگەڵ هێزی ویستندا، ڕەوشتیان تیژە، سۆزێکی گومانلێکراویان هەیە )).[16]

هەروەها ئەوەی ئەم بۆچوونە زیاتر دەچەسپێنێ وتەی (أیمن أبو الروس)ە دەربارەی قەبارە و ڕەنگی چاو دەڵێت: (( چاوی گەشی گەورە نیشانەی ڕاستگۆیی و باشیی و پاکییە،بەڵام دەبێت نێوانیان گونجاو بێت بۆ ئەوەی ئەم خەسڵەتانە بە خاوەنەکەیەوە دیار بێت، واتا لە ڕووی دوور و نزیکیەوە گونجاو بن،...، چاوی سەوز نیشانەی بڕوا بە خۆ بوون ( بوێری ) و خۆ بردنە پێشەوەیە، خاوەنی چاوی ڕەساسی بە ئەمەك و خاوەنی ڕێز و بە سۆز و هەستن )).[17]

مرۆڤ زۆرجار لەگەڵ چاوەکانیدا برۆکانیشی بەکار دەهێنێت و هێما و ئاماژەکانی بۆ دەورو بەری پەخش دەکات، زۆرجاریش هەر تەنها برۆکان خۆیان ڕۆڵیان لە کاری پەیوەندیکردندا هەیە (( دوو برۆی ڕێك نیشانەی هێمنی و لەسەرخۆییە، دوور لە بیر و بۆچوونی لادەر و خۆ ویستانە، دوو برۆی کەوانە نیشانەی مرۆڤی بە ڕەوشت و بەهەستە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نیشانەی لە خۆباییبوون و ڕووکەشیانەیە، دووبرۆی نزیك لە یەك - تا ڕادەیەکی گونجاو – خاوەنەکەی هێز و توانایەکی تەواوی بۆ بیرکردنەوە هەیە و خاوەنی بیرێکی ڕۆشنە دەربارەی حوکمدانی ڕاست لەسەر شتەکان )). [18]

بەرامبەر بەم ڕاو بۆچوونە دەربارەی برۆی مرۆڤ، ڕاوبۆچونێکیتر دەڵێت: (( برۆی چڕ و پڕ مانای وایە خاوەنەکەی کەسێکی دڵ پڕ لە غەم و خەفەتە، بەهۆی ڕژانی ماددەی خۆڵەمێشی و داگیرکردنی بەشێکی زۆری ڕەشیی تیایدا، بەمەش ڕەنگی برۆ، ڕەش و چڕ و پڕ دەبێت )). [19]

هەر بەو جۆرە سەبارەت بە گلێنەی چاو و فراوانبوون و بچووکبونەوەی لە کاتی بیستنی هەواڵی خۆش و ناخۆشدا، ڕاوبۆچوونێکیتر ئەوەیە: (( ئەگەر گلێنەی چاو فراوان بووەوە و بە ڕوونی دیار بوو نیشانەی ئەوەیە شتێکی لە تۆ بیستووە، کە زۆر دڵی خۆش کردووە، بەڵام ئەگەر چاو کزبوو، ڕووبەرەکەی تەنگ بووە وە،

---

[16] جمال الكشف ، خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤ ، ل (٣٩ ، ٤٠)
[17] أيمن أبو الروس ، فن قراءة الوجوه و كشف خبايا النفوس ، الطبعة الاولى ، مطبعة مكتبة ابن سينا للطبع والنشر و التوزيع ، ص(8 ، 9)
[18] أيمن أبو الروس ، فن قراءة الوجوه و كشف خبايا النفوس ، ص 10
[19] منصور عبدالحكيم ، الفراسة طريقك الى النجاح و معرفة الاخرين ، ص115

ئەوا پێچەوانەی دۆخی یەکەمە، ئەگەرچاوەکانیشی تەنگ بووەوە، یان چاوەکانی هەڵگلۆفت، ڕەنگە ئاماژەیەك بێت بۆ ئەوەی باسی شتێکت بۆ کردووە کە باوەڕی پێناکات )).[20]

لە ڕۆمانی (هێلانە) دا،چاوەکان دەربڕی سۆز و میهر و خۆشەویستین لە نێوان خەڵکی دێی (حاجی سوبحان) دا بۆ یەکتریی و بۆ سروشتی گوندەکەیان بە گشتی و بۆنێوانی (غوربەت و سوبحان ) بە تایبەتی . بۆدەربڕینی ئەم هەست و سۆز و خۆشەویستییە لە سەرەتاوە چەند ئاماژیەکی (چاو) لە هەردوو باری گشتی و تایبەتیدا دەکەونە ڕوو.

بەڵام دواتر بەهۆی کارەساتی ئەنفال و وێرانکردنی دێهاتەکان و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە، داغ و حەسرەتی خستنە دڵی هەموو تاکێکی کوردەوە و لەو کاتەوە کە ئاماژە بە کارەساتەکان دەکرێت چاوەکان پڕن لە فرمێسکی قەتیس بوو، چاوێکن دەربڕی داغ و مەینەتیی ئەو ڕۆژگارە سەختانەن، جێگەی سەرنج ونیگای نێوان خۆشەویستان دەگیرێتەوە، لە سەرەتاوە وەسفێکی وردی چاوی (سوبحان) دەکرێت، کە چۆن نیگای ئاراستەی جەستەی غوربەتی هاوسەری دەکات و بە سۆز و ئەوینەوە لە چاوەکانی دەڕوانێت، لەو بەیانییەدا کە هاوسەر و منداڵەکانی و حاجی سوبحانەکەی بەجێ دەهێڵێت بەرەو شار دەکەوێتە ڕێ، چەند جارێك ئاوڕیان بۆ دەداتەوە: ((دوا سەرنجی دەدایەوە گوند، ئەمیانی تەرخان کردبوو بۆ هێلانەکەی، دەیزانی غوربەت هەر چاوەڕێیەتی،لێی بە ئاگا بوو، کە هەتا ئەم ماڵئاوایی لێنەکا و ئاودیوی ملە نەبێ، ئەو لەو چاوە چاوە ناکەوێ، لەگەڵ ئەو دواسەرنجەیدا دەستێکی بۆ هەڵدەتەکاند،...، چاوێکی بەمەغزاشی لێ دادەگرت، ئیتر کاتێ دەبینێ ئەویش دەستی بۆ ڕادەوەشێنێ و (بە مەزەنەی خۆی) وەڵامی چاو لێداگرتنەکەشی دەداتەوە )). (هێلانە، ل8-9)

بەڵام دواتر بەهۆی بارگرانی دڵ و غەم و خەفەتەوە چاوی (سوبحان) بە چاوی ئەسپی عەرەبانە چوێنراوە، تەنیا بەردەمی خۆی دەبینێ و چاوی خۆی ( چاوی کەلەی سەری )نابینێت، بە چاوی دڵ و ناخ و دەروونی پەنگخواردوویەوە دەیڕوانی: (( ئەم تا ئەو ساتە لەبەر خەریکبوونی چاوی ناخییەوە بە گرفتە سەختەکەوە، بە چاوی کەلەی سەر لە جادە قیرەکەی پێشدەمی بەولاوەی نەدەکەوتە بەر دیدە، ئەگەر چاوی کەلەی سەری بە چاوی ئەسپی عەرەبانە نەچوایە دەیتوانی هەر لە زووەوە ..،...، شتێکی لێ بەدی بکردایە )).

(هێلانە، ل 42 )

دوای ئەوەی سوبحان دەیەوێت جارێکیتر بچێت کەس و کارو خێزانەکەی لە دێیەکەوە بۆ شار بهێنێت، لە ڕێگا چەند سەربازێك لە خاڵێکی پشکنیندا ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆری دەدەن، چاوەکانی بۆ هەڵنابڕێت، چەند هەوڵ دەدات، ئازار ڕێگەی پێ نادات لێرەدا ڕۆماننووس وەسفێکی ووردی چاوەکانی دەکات ((

[20] ئالن پیز ، زمانی جەستە ، وەرگێرانی : سەلاح سەعدی ، چاپخانەی نارین ، هەولێر ، 2014 ، ل (8-9)

ئەندامەکانی لەشی خاو دەبنەوە و بەرەو سیستی دەچن، گلێنەشی بۆ ناسوورێت دەڵێیت بوونەتە دوو هەڵماتی قورقوشم، ئەوەتا پێڵووش هێدی هێدی وەك چوارتای دوو دەرگای ئاسنین پێوە دەدرێن. )). (هێلانە، ل 54)

هەر بەو جۆرە ئاماژە بە چاوی هەموو کارەکتەرەکان دەدات بە تایبەتی ماڵی (پورە‌عەتاو )و تایبەتتر (کامەران و شادمان ) ی کوڕی پووری بە چاوی ئەبڵەقی و حەپەساوییەوە لە (سوبحان ) دەڕوانن :((ئینجا ئەوە کامەرانە بە دوو چاوی زەقی پڕ لە حەپەسانەوە لەم دەڕوانیَ ...)). (هێلانە، ل 183)

لە ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم ) دا لەسەرتاپای ڕۆمانەکەدا ئاماژە دەدرێت بە چاوی باوکیان کە بە زەبر و زەنگ و ترس و تۆقین و چاوی سوورەوە سەیری منداڵەکانی و ژنەکانیشی کردووە، لە ترس ولەرز و زەبر و زەنگی باوکیان کوڕ و کچەکانی ناو حەسار - خوشك و براکان - بەیانیان بە ڕیز وەستاون و ڕێك سەیری گۆشەیەکی دیاریکراوی ئاسمانیان کردووە و جووڵەیان لە خۆیان بڕیوە و وەکو خزمەتکار بەرامبەری ڕیزبوون: ((ڕێك سەیری پنتکێکمان دەکرد لە ئاسۆ و چاومان نەدەتروکاند ...)). (حەسارو سەگەکانی باوکم، ل 23)

کاتێك کوڕی گەورە باوکی دەکوژێت و هەموو خوشك و براکان دەڕۆن بۆ ناشتنی باوکیان، خوشکەکانی لە گۆڕستان ئامادەن و زێوانەکەش بە چاوی تەماعەوە، چاوە زیتەکانی بەسەر خوشکەکانیدا دەگێڕێت سەیری برای گەورە دەکات و بە چاو تێیدەگەیەنێت کە دەیەوێت خوشکێکی بداتێ: (( بازاڕی لە هەر هەموویان وورد دەبووەوە، لەو هەموو خوشکە شۆخانەی تۆ هەتە یەکێکیانم پێ ببەخشە)). ( حەسار و سەگەکانی باوکم، ل١٤، ١٥)

لەبەر قامچی وەشاندن و زەبر و زەنگی باوکیاندا، کچەکان بە نیگای پڕ گلەییەوە، سەیری برای گەورەیان کردووە، کە ئەم زۆردارەیان لە کۆڵ بکاتەوە (( هەر هەموومان ڕیز دەبووین، دواجار برا و خوشکە وردیلەکانم کە بە پێوەش خەوەتۆتکە دەیبردنەوە، شریخەی قامچییەك و هەر هەموویان چاویان زەق دەکردەوە، هەر هەموو بە چاو، ئەو چاوانەی سەدەها خەونی ناخۆش چوون وردە شووشەی شکاو تیایاندا دەبریسکانەوە بەو چاوانە بە دزییەوە پێیان دەوتم: نۆبەرەی هەمووان ... ئەریَ هۆکاکی بیَ غیرەتمان، کەی ئەو ئەرژەنگە دەکوژیت ؟...)). (حەسار و سەگەکانی باوکم، ل29)

لە ڕۆمانی (جەنگ) دا، گێڕەرەوە کە کوڕی بچووکی دایکییەتی و دایکی لەو پەڕی نەخۆشی و سەرەمەرگدا سەرگوزشتەی (عەلی) کوڕی گەورە و بێسەروشوێنبوونی دەگێڕێتەوە، چاوەکان دەربڕی گومان و دوودڵین چاوی دایك و چاوی کوڕ، چاوی دایك: لەبەر ئەوەی وا هەست دەکات کە کوڕەکەی بە گومانەوە لەم بەسەرهاتە و لە ڕاستییەکەی دەڕوانێت . چاوی کوڕ: چونکە وا دەزانێت دایکی قسە دەبزرکێنیَ و وڕێنە دەکات، چونکە بە تەمەن و نەخۆشە و لە بارودۆخێکی تایبەتیدا ئەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە، هەر بۆیە تا ڕادەیەك بە گومان و دوودڵییەوە لە دایکی دەڕوانێت، واتا سەیرکردنی کوڕەکە بۆ دایکی لە دوو لایەنەوەیە و لە

دوو ڕووەوەیە: (( كە وای وت من بە تیلە چاوێ بەڵام گوماناوی سەیری چاوەكانیم كرد و بێدەنگ ڕوانیمە ڕەنگ و ڕوخساری، وامزانی ورێنە دەكات )). (جەنگ، ل 13)

وشەی (چاو) مانایەكیتری دراوەتێ، كاتێك دایك وەسفی ( عەلی) كوڕە گەورەی دەكات، دەڵێت هەرگیز چاوی بۆ دوژمن دانەنەواندووە تەنانەت لە كاتی لەسێدارەدان و ئەشكەنجەدانیشدا (( چاوی لە نیشانە و سێدارە و سەر سنگی مڵۆزمەكان دانەنواند، سەری دانەخست )). ( جەنگ،ل 78)

لە ڕۆمانی (ئەژدیها ) دا كاتێك دایكی كەریم نیگا سارد و كزەكانی ئاراستەی كەریمی كوڕی دەكات، كەریم سەرنجە ساردەكانی دایكی ترساندی، هێندە ساردبوون ، وەكو نیگای مردوو دەبینران، واتا كەریم لە منداڵییەوە ئەم نیگا سارد و سڕانە بێزاریكردووە، هەرجارەی واتایەكی جیاوازی داوەتێ، وشەكان دەربڕی هەست و نەست و دەروونی (شەرافەت ) ن (( هەر كە شەرافەت چاوە كزەكانی بەرز كردەوە، كەریم چاوانی خۆی داخست، هاوزەمان سەریشی شۆڕ كردەوە، لە سەرنجە ئاوس و ساردەكەی دایكی دەترسا، ترسێك هەر لە منداڵییەوە ببوە ماك و ئاڵابووە ڕەفتارەكانی، سەرنجە ساردەكانی دایكی هەر بە سەرنجی مردووان دەچوو، كەریم پێی وابوو (هەر لە مێژەوە دەیزانی ) ئەو سەرنجانە گەلێ ووشەی مردوو و نیوە مردووی پێوە ئاوێزان و دەیانەوێ ناخی ئەم بكەنە گۆڕستان و لەوێدا گیان پەیدا كەن و زیندوو ببنەوە،...، كەریم لە سەرنجە نزا ئامێزەكانی دایكی تێدەگەیشت ..،...، كە لە بری دەم و زمان لە ڕێی چاوە كزەكانییەوە دەهاتنە دەر، زیندانی دەروونیان جێدەهێشت، بێ ئەوەی دەنگ بە خۆ ببەخشن ئازاد دەبوون )). (ئەژدیها، ل ١٦ – ١٧)

كەریم ئاماژە بە سەرنجە ساردەكانی دایكی دەدات كە هەر لە منداڵییەوە لە جیاتی سۆز و خۆشەویستی نیگاكانی دایكی پڕ بووە لە ترس و لە سەرنجی مردوو چووە، چونكە پڕن لە دەربڕینی وشەی سارد و سڕ و ناخۆش، لە جیاتی وتنیان لە چاوە كزەكانییەوە دەردەكەون كە دوورن لە گەرم وگوڕیی سۆزی دایكایەتی، بۆیە بە وشەی سارد و سڕ ناویان دەبات، هەروەها بە سەرنجەكانی دڵی بەرامبەرەكەی دەتەزێنێت، بێگومان ئەمەش لە دڵ و دەروونێكی نەخۆشەوەیە.

لە ڕۆمانی (گەماڵ) دا بە بەردەوامی (ورچە گەماڵ)كە كارەكتەرێكی سەرەكییە، چاوەكانی لە چاوەڕوانیدایە بۆ كردنەوەی دەست و پێی و ئازادكردنی، كاتێك دەیبەن بۆ ماڵی (ڕەسوڵ) ناوێك بۆ ئەوەی لە وێوە بۆ شوێنێكیتری بەرن، هەروەك لە دەقەكەدا هاتووە لەم شوێنەوە بۆ ئەو شوێنی دەبەن تا ڕەوانەی ئەوروپای دەكەن، ورچە بە نیگای چاوەكانی دەیەوێت لە ژنی (ڕەسوڵ) ی بگەیەنێت كە دەیەوێت كۆت و پێوەندی بكەنەوە و دووری نەخەنەوە، بەڵام ژنەكە لەم نیگایانە تێنەدەگەیشت: (( ورچە هەروا لە ژێر چاوەوە دەینواڕییە ژنەكەی كاك ڕەسوڵ، ژنە بە تووڕە بوونەوە ووتی: دەی وەرە بمخۆ،سەیری چۆن تێم دەنواڕی؟ ،...، ورچە بە چاوی گومان و بێ باوەڕییەوە دەینواڕی ! ...)). (گەماڵ، ل 102)

لێرەدا مەبەست لە (ورچە گەماڵ) هەموو کەسێکی کۆت و پێوەند کراوە هەر کاتێك پێویستیان پێی بوو ئەوا کارێکی پێ دەکەن، دواتر کۆت و پێوەندی دەکەن یان دەیفرۆشن و سیمای کەسێتی و مرۆڤایەتی لێدەسێننەوە، جگە لە لایەنی کۆمەڵایەتی، لایەنێکی فەلسەفیش لە خۆ دەگرێت، کە کەسانی بەهێز و بە دەسەڵات کەسانی لاواز دەچەوسێننەوە و هەر تاوانێکیان هەبوو دەیخەنە ئەستۆی ئەو، کە لێبێبێزاربوون یان دەیکوژن یان دەیفرۆشن.

لە ڕۆمانی (باڵندەکانی دەم با ) دا، ئاماژە بە دووبرای کوێر دەکات کە لە ناو حەسار و ماڵی خۆیاندا بە کولەمەرگیی دەژین . کەمئەندامی و دەستەوسانییان زیاتر هۆگری یەکتری کردوون (( کوڕە کوێرەکانی حەسار، شان بە شانی یەکتری هەڵتووتاون )). (باڵندەکانی دەم با، ل 110)

جەستە لە لای ڕۆماننوس ( بە تایبەتی چاو ) گرنگیی خۆی هەیە، هەر بۆیە ناتەواویی دەبێتە مایەی سەرنجی خوێنەر و هەڵوێستی تایبەتی پێ ڕووندەبێتەوە، بەو واتایەی کوێریی کە نیشانەیەکە بۆ نەبینین و نەخوێندنەوەی شتەکان لە دەوروبەری مرۆڤدا، برای گەورەش (ڕەحیم) کۆتر باز و قومار چییە، بەو واتایەی هەمیشە برای گەورە کە سەرۆکە و پێشەوایەو بە دەسەڵاتە فێڵ و تەڵەکە بەکاردەهێنێت، چونکە ئاماژە بە قومارکردن دراوە، کە بێگومان قوماریش لەسەر ئەو بنەمایانە دەکرێت، هەروەها کۆتربازیش بەو جۆرە.

هەروەها ئاماژە بە نیگای (فەرهاد ولەیلا ) دەکات، وەکو دوو دڵدار بەڵام چاویان دوو گوتاری جیاوازی هەیە، فەرهاد هەمیشە نیگاکانی بەسەر ڕوخساری لەیلاوەیەو بە دوای جوانی جەستەدا وێڵە و حەز و خولیای گەنجانەی پێوە دیارە، واتا ڕووکەشیانەیە، بەڵام نیگاکانی (لەیلا) ڕووەو ناوەڕۆك و ناخی (لەیلا) یە واتا ڕەنگدانەوەی بارودۆخی دەروونی (لەیلا)یە، کە پڕ گومان و نیگەرانین: (( لە بەرامبەری ڕاوەستابوو، لە چاوەکانی ورد بووەوە چاوەکانی پڕ پرسیار و نیگەران، بیلبیلەکان لە سپێنەیەکی تۆخ سپیدا و نیگای ئەو بەسەر گۆناکانیدا خزی ..)). (باڵندەکانی دەم با، ل 160)

لە ڕۆمانی (ژن) دا، ئاماژە بە جوانی ڕوخسار بە تایبەتی (چاو) ی کارەکتەری سەرەکیی دەکرێت، بەهۆی جوانیی و درەوشاوەیی چاوەکانییەوە لە منداڵییەوە سەرنجی دراوسێ و دەوروبەری ڕاکێشاوە (( دەڵێن کاتێك لە دایك بووە، چاوەکانی هێندە جوان بوون، ژنانی گەڕەك دەیانگوت ئەم کچە دەبێتە شای جوانان نیگای چاوەکانی تەلیسماوین و کوڕان خۆیانی لەبەر ناگرن )). (ژن، ل9)

بێجگە لە خستنە ڕووی جوانیی چاو، چاو دەبێت بە مایەی سەرنجی دەوروبەر، چونکە پڕتەلیسمن و خەڵك سەراسیمە دەکەن (( چاوەکانی دەنووقاند، جارێکی تر سەیری پانتای دەریاکەی دەکرد، پانتایی دەریا دەبووە چاوە پڕ خەمەکانی ئەو کچە )). (ژن، ل 46)

### ٤. گوتاری دەست و پێ :

دەست وەکو ئەندامێکی کارا و چالاك بەشدارییەکی سەرەکی دەکات لە کاری ئاخاوتندا و مرۆڤ هەمیشە بۆ پەیوەندیکردن و گەیاندنی پەیامەکانی بە بەرامبەر، دەستی بە چەندین شێوە بەکاردەهێنێت، بە جۆرێك لە زۆر کاتدا پێویست بە ئاخاوتن ناکات، بە هێمایەك دەتوانین ڕاو بۆچوونمان یان وەڵامدانەوەمان بە کەسی بەرامبەر بگەیەنین، بەڵام چۆنیەتی و چەندێتی بەکارهێنانی پەیوەستە بەو کلتوور و داب و نەریت و پەروەردەیەوە، کە تاك لە کۆمەڵەیەکەوە وەریدەگرێت و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری پێ دیاریدەکرێت وەکو پەیوەندییە زمانییەکان، نازمانییەکانیش ڕێکدەخات (( هەروەك چۆن زمانی زارەکیی جیاوازە لە نێوان کلتوورەکاندا، زمانی نازارەکیش جیاوازیی کلتوورەکان ئەیگۆڕێت، ئەکرێت لە کات و کلتوورێکدا جۆرە ئاماژەیەك مانایەکی ڕوون و ئاسایی هەبێت، لەوانەیە لە کلتورێکی دیکەدا هیچ مانایەکی نەبێت، یان ئەکرێت مانایەکی تەواو پێچەوانەی هەبێت وەك ڕاڤە و هەڵسەنگاندنی کلتووریانە بۆ سێ جۆر ئاماژەی دەستیی کە باون، ئاماژەی پەنجەی پەنجە مۆر و دەرکەوتنی بۆ سەرەوە، هەروەها ئاماژەی بازنە باشە یان (ok) ە،...، هەروەها بەرزکردنەوەی هەردوو پەنجەی شایەتمان و باڵا بەرزە نیشانەی سەرکەوتنە وەك لە ئوستورالیا و نیوزلەندا، بەڵام لە بەریتانیای گەورە مانای جنێودان دەگەیەنێت، ئەگەر ڕوخساری دیوی لەپی دەست بۆ ناوەوە بوو)).[21]

بەهۆی ئەو گرنگییەی دەست هەیەتی لە ناو ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤدا، چەندین ڕاو بۆچوون و سەرنجی جۆراوجۆر دەربارەی وتراوە، لە ڕوانگەی جیاکردنەوەی بەشی سەرەوەی جەستە لە بەشی خوارەوە بەهۆی کەمەرەوە – ناوقەد - بەپێی سۆزداریی و ناسۆزداریی (ستیڤن جۆن کلًبەرت ) دەڵێت: (( هەدوو بەشی خوارەوە و سەرەوەی جەستە پێداویستیی تاکی خۆیان بە یەکتری دەگەیەنن، لەوانەیە قۆڵەکان کۆنترۆڵ لە دەست پێیەکان وەربگرن،...، لەوانەیەی بەشی سەرەوەی جەستە بە ڕێژەی (٧٠%) سۆزدار بێت و بە ڕێژەی لە سەدا سی (٣٠%) بە دەست بێت، لە کاتێکدا پێچەوانەی ئەوە لە خوارەوەی جەستەدا بێت ...)). [22]

هەروەها لێکۆڵینەوە دەروونییەکان دەریدەخەن کە تەنیا ڕوخسار هەستەکانی دەروون و ناخی مرۆڤمان بۆ وێنە ناکێشن، بەڵکو ((جووڵە و ئاماژەکانی دەست و پێ بەشداریی لە گەیاندنی ئەو پەیامە دا دەکەن و دەبن بە تەواوکەری ڕوخسار، چونکە چۆنێتی و چەندێتی دەربڕینەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی کە جیاوازە و هەر هەڵچوونێك لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت )).[23]

لە کاتی بوونی خۆشی و ناخۆشیدا مرۆڤ لە هەردوو بارەکەدا بەبێ دەربڕینە زمانییەکان، ئاماژەکانی دەستی بە شێوەی جیاواز دەگۆڕێت، بەو واتایەیی (( هەندێکجار مرۆڤ لە کاتی ڕق و خەم و خەفەتی زۆردا هەردوو دەستی توند دادەخات و پەنجەکانی توند دەکات بە جۆرێك ئامادەیە بۆ تۆڵە کردنەوە، زۆر جاریش لە غەم وخەفەتدا بە جۆرێکی ئارام بەسەر یەکتریدا و بەسەر جەستەیدا هەردوو دەستی دەجولێنێت، بەبێ ئاماژە

---

[21] ئالن پییز ، زمانی جەستە ، (چۆن لە ڕێگای ئاماژەکانەوە بیری بەرامبەرەکەت دەخوێنیتەوە ) ، ل(14-17)
[22] ستیڤن جۆن کلًبەرت ، زمانی جەستەی ڕەنگ ، وەرگێڕانی : حەسەن مینە ، ل 28
[23] محمد عثمان نجاتي ، علم النفس فی حیاتنا الیومیة ، الطبعة الحادیة عشرة ، دار القلم ، الکویت ، 1984، ص 103.

دان بە تۆڵە کردنەوە، هەندێکجاریش لەو پەڕی خۆشیدا جووڵەی دەستەکانی زیاتر و جۆربەجۆر دەبێت، بە پێی چۆنیەتی و چەندێتی و بڕی خۆشییەکان )).[24]

هەروەك ئاشکرایە مرۆڤ دەستی بەکاردەهێنێت بۆ سڵاوکردن بە بەرزکردنەوەی دەست، هەروەها لە ڕێگای تەوقە کردنەوە، جۆری دەست بردن بۆ دەستی بەرامبەر و چەندێتی گوڕ و هێز بۆ ئەو جۆرە سڵاوکردنە، جۆری پەیوەندییەکان دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە (( کەسێك تەوقەیەکی توند لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا دەکات، مانای بەستنی پەیوەندییە، هەروەك لە میدییاکاندا دیارە، یان بەرزڕاگرتنی دەستی خۆی و دانانی لە سەرەوەی دەستی بەرامبەرەکەی، مانای ئەوەیە حەز بە داگیرکاری و جۆرێك لە زۆرداریی دەکات، زۆر جاریش لە کاتی تەوقە کردندا دەستی چەپی دەخاتە سەر شانی ڕاستی بەرامبەرەکەی، بە مانای هەوڵدانە بۆ نزیك بوونەوە)).[25]

هەروەها ئاماژەکانی دەست لە ڕووی کردنەوەو داخستن و بەرزکردنەوەو نزمکردنەوەوە،جۆری ئاماژەکان بە پێی بارودۆخی ئاخاوتن و پەیوەندییەکان، مانای جیاواز هەڵدەگرن بۆ نموونە (( لەپی دەست بە کراوەیی ڕاستگۆی، ئارامیی،لایەنگرتن، ملکەچی، فەرمانداریی، هەندێکجاریش ئارامیی و هێمنی بە ئاماژەی دەست لەسەر سنگ دەربڕاوە، لە کاتی شایەتیدان لە دادگاشدا، دەستی چەپی لەسەر کتێبی ئایینی داناوەو دەستی ڕاستی بەرز کردوەتەوە، لە کاتی دەربرینێکی ڕاشکاوانەدا بۆ بەرامبەر مرۆڤ هەردوو لەپی دەستی دەکاتەوە و ناودەستی دەردەخات بۆ بەرامبەر )).[26]

لەم ڕووەوە (أمین أبو الروس) ڕاو بۆچوونی هەیە، سەبارەت بە بەرزکردنەوەی دەست، بەو واتایەی ((بەرزکردنەوەی ناو دەست و لەپی دەست و کرانەوەی بۆ سەرەوە، واتا ڕاستگۆیە و دەیەوێت ڕاشکاوانە شتێك باسبکات، بەڵام دەستی کراوە بۆ خوارەوە، مانای شاردنەوەی شتێکە یان حەز بە دەسەڵات کردن و فەرمانکردنە)).[27]

هەروەها سەبارەت بە چۆنیەتی (پەنجەکانی دەست) چەندین ڕاوبۆچوون دەربڕاوە لە ڕووی جیاکردنەوەی لەپی دەست لە پەنجەکان و بوونی گەورەیی و بچووکی هەریەکەیان،هەروەها پەنجەی گرێدار و ڕێکیش بەهەمان شێوە، بۆ نموونە (( پەنجەی چەماوە ئاماژیە بۆ سەربەخۆیی و کارامەیی و گورج و گۆڵی لە کارە دەستیەکاندا، هەڵمەت بردن، جێگیری هەستەکان، باوەڕ بەخۆبوون، بیرکردنەوە لە قازانج کردن، خاوەنی ئەم جۆرە دەستانە بازرگانە سەرکەوتووەکانن، پزیشك و کرێکار و شارەزا و پیشەوەرانن، پەنجەی چوارگۆشەیی: ئاماژەیە بۆ عەقڵی باش و ڕێك و پرۆگرام کراو، پەنجەی گرێدار: ئاماژەیە بۆ تێرامان و سەرنجدان، پێداگریکردن لە کاردا، گۆشەگیرن ڕێك و پێکن و دەیان هێزی ناوەکیان هەیە، توانای شیکاری و

[24] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 105
[25] منصور عبدالحكيم ، الفراسة طريقك الى النجاح و معرفة الاخرين ، الطبعة الاولى ، دار الكتب العربي ، دمشق ، سوريا ، 2007 ، ص 132
[26] ئالن پیز، زمانی جەستە ، ل (47-48)
[27] أيمن أبوالروس، فن قراءة الوجوه وكشف خبايا النفوس ، ص41.

ڕێکخستنیان هەیە وەکو پەنجەی هیتلەر، شارەزایی لە سەیرکردندا، ئەگەر لەپی دەست درێژتر بوو لە پەنجەکان ئەوا حەزەکان زاڵە بەسەر عەقڵ دا و بە پێچەوانەشەوە )).[28]

چۆنیەتی ڕەفتاری مرۆڤ بە پێیەکانی، کەسێتی ڕوون دەکاتەوە، بۆ نموونە چۆنیەتی دانانی پێیەکان لە شوێنە جیاوازەکاندا و بە جۆری جیاواز( جۆری ڕۆیشتن) کەسێتی مرۆڤ دەخاتەڕوو(( ڕێ ڕۆشتی توند و ڕەق حەزکردنە بە کۆنترۆڵکردن، سەربەخۆیی، خۆپەسەندی، گوێ پێ نەدان دەگرێتەوە هەروەها ڕێ ڕۆشتنی گورج و گۆڵ بەبێ دەنگی: هێمنی، ڕەوشت بەرزیی، دۆستایەتی، باشە دەگرێتەوە )).[29]

هەروەها سەبارەت بە چۆنیەتی دانانی پێیەکان و دانیشتن لەسەر کورسی (منصور عبدالحکیم) دەڵێت: (( درێژکرنی دەست و قاچ لەسەر کورسی واتا ئەو کەسە مانای دڵەڕاوکێ و شڵەژان نازانێت و خۆی خۆشدەوێت و خۆویستە و زۆر جاریش کەسێکی هەڵەشەیە و نازانێت چی دەکات)). [30]

لە ڕۆمانی هێلانەدا دەست وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکیی جەستەو وەکو ئەندامێکی کارا لە پەیوەندی و ئاخاوتندا، چەندین مانای جیاوازی پێدراوە، بەوپەڕی وردیی و لێهاتوویی‌یەوە جەستە بەشێوازێکی هونەرییانە و لە شوێنی خۆیدا بەکارهێنراوە.

دەست چەندین مانای جییاوازی پێبەخشراوە، بۆ نموونە دەستێك کە دەربڕی هەڕەشە و توندوتیژیی ڕژێمی بەعسە، یان دەستی سۆز و میهرەبانی دایك و باوکە بۆ منداڵەکانیان یان ئاماژەن بۆ ڕادەیەکی زۆری جگەرەکێشان، دەستەکان زۆربەی جار بە جگەرەوە خراونەتە ڕوو، کە وێنەی چەند کەسێکن (چەند کاراکتەرێکن) کە بەڕادەیەکی زۆر ئالوودەی جگەرە کێشانن، یان دەستێکن بە مانای هاوکاری و یارمەتیدانی هاوڕێ و خزم و کەس وکار خراونەتەڕوو.

زۆرجار(دەستی ڕاست) وەکو ناوهێنان ناویهێنراوە و هێما و ئاماژەکان یان هەڵسووڕانی کردارەکان بە دەستی ڕاستە، دەبینین کاتێك (سوبحان) لە شارەوە بەرەو (حاجی سوبحان)بەڕێدەکەوێت، تووشی چەند سەربازێك دەبێت و لە تراکتۆرەکە دایدەگرنە خوارەوە ئەشکەنجەی دەدەن: (( دەبینێ چەکەکەی دەداتە دەستی یەکێکیان، هەڵدەزنێتە سەر تراکتۆر، دەست دەنێتە هەردوو بنباڵی و بەرزی دەکاتەوە، وەك گونییە کایەك فڕێی دەداتە خوارەوە،...، سەرێکی وڕوکاسی هەڵبری، کاسکێت سورێکی مرو مۆچ بوو تێیدەخوڕی دووبارەی نەکردەوە، دەستی ڕاستی لە یەخەی گیر کردوو بەرزی کردەوە، خستیە سەرپێ و بردی، وەهای برد کە تەنیا نووکی پێی دەنیشتە سەر زەوی )). (هێلانە، ل ٤٤)

جارێکیتر ئاماژەی دەستی ڕاست و دەستی زۆردارانەی سەربازەکانی بەعس دەخاتەڕوو، کە چۆن جەستەی (سوبحان) دەچەوسێننەوەو ئازاری دەدەن: (( ئەو پەنجەکانی دەستی ڕاستی دەچەقێنێتە چەناگەی ئەم،

---

[28] جمال الکاشف ، خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤ ، ل ( ٥٦ ، ٥٨ )
[29] جمال الکاشف ، خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤ ، ل 59.
[30] منصور عبدالحكيم ، الفراسة طريقك الى النجاح و معرفة الاخرين ، ص 109

سەری ڕووە و خۆی بەرز دەکاتەوە، پەنجەی لە چەناگەی بەردەدا، بە پەنجەکانی هەردوو دەست هەردوو پەڕەی گوێچکەی دەگرێت، ئێستا چاو چاو نین دوو کوورەی ئاگرن، پەنجەش پەنجە نین دوو مەنگەنەن، بە هەموو هێزیانەوە، تەنکە پێست و نەرمە لیقە گۆشت و خاوە کرکڕاگە هڵدەگلۆفن، ئینجا کە لە هەڵگلۆفتن بێتاقەت دەبن واز لە گوێچکە دێنن،...، لە ناکاوێکدا وەك دوو دەستاڕ دەسرەوێنێتە هەردوو بناگوێی، ئازاری هاڕینی گوێچکە و جەزرەبەی بناگوێی وڕو گێژی دەکەن، بە زەحمەت جەستەی بە پێوە بۆ ڕادەگیرێ)). (هێلانە، ل45)

بە هەمان شێوە دەستی ڕاست جارێکیتر ئامادەبوونی هەیە، ئاشکرایە مەبەست لە دەستی ڕاست بوونی گڕوتین و توانایەکی زیاترە وەك لە دەستی چەپ، بەو پێیەی زۆربەی کەسەکان ڕاستەن، هەروەها بۆ پیشاندانی فەرمان کردن و جێبەجێکردنی کارێکە، ئەوپەڕی ویست و ئارەزووی خاوەنەکەی لەسەربێت .

کاتێك (سوبحان) دەگەڕێتەوە بۆ دێی (حاجی سوبحان) لە ڕێگا پیرەمێردێك داوای جگەرەی لێدەکات و بەدەستی ڕاستی ئاماژە بۆ (سوبحان) دەکات: (( پیرەمێردێکی ڕیش سپی دەموچاو نوورانی بوو، بەدەم قسەکەیەوە دەستی ڕاستی لێهێنابوومە پێشەوە و پەنجەی شایەتمان و دۆشاو مژەی بۆ وەرگرتنی جگەرەکە لەڕوومدا واڵاکردبوون )). (هێلانە،ل81)

لێرەدا نووسەر دووجار ئاماژە بە دەستی ڕاست دەکات، جارێك بەهۆی ناوهێنانی دەستی ڕاستیەوە و جارێکیش بەهۆی وشەکانی( پەنجەی شایەتمان)ەوە. لە لایەك دەیەوێت ویست و خولیای جگەرە کێشانەکە بخاتە ڕوو، کە داواکارییەکە جگە لە وتن بەدەستیش ئاماژەی بۆ کراوە، لە لایەکیتر دەیەوێت (دەستی ڕاست) کە مەبەستی سەرەکییە بخرێتە روو.

دەستەکان بەتایبەتی دەستی (سوبحان و جافر) هەمیشە بە جگەرەوە خراونەتەڕوو، لە ئاکامی وێرانی دێیەکەیان و بێسەرو شوێن بوونی ماڵ و مناڵ و کەس و کاریان، هەروەها ئالوودەبوونی ئەم دوو کەسایەتییە بە جگەرەوە لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە بەتایبەتی ( سوبحان) خراوەتەڕوو (( کە جگەرەیەکی داگیرساند و کەوتە مژلێدانی ئاهێکی پێدا هاتەوە و هێور بووەوە،...، تۆ کەنەفت و ماندوویت بۆ ناخەویت ئەو ئانیشکی قۆڵە ساغەکەی لە زەوی گیر کرد، خۆی خستە سەر باری دانیشتن و پشتی بە دیوارەکەوە داو وتی: جگەرەیەکیش بۆ من داگیرسێنە،...، وەك دڵی بەرایی نەدا بیڵێ، زمانی گیراو تەواوی نەکرد، دوانەفەسی لە جگەرەکەی دا، ماوەیەك خۆی بە کوژانەوەی قنچکەکەیەوە ماتەڵ کرد ..)). (هێلانە، ل91-92)

لەبەر ئەوەی جگەرەکێشان ڕەنگدانەوەی دەروونی خاوەنەکەیەتی، واتا (( جگەرە کێشان ڕووکارێکی دەرەکییە، لە دەرەنجامی تەنگژە یاخود ململانێیەکی ناوەکیدا دروست دەبێت، تۆزێکیش پەیوەندی بە ئالوودەبوونی کەسەکەوە هەیە، ئەو کەسەی هەست دەکات سەرکەوتووە متمانەی بە خۆی هەیە زۆربەی کات بەرەو سەرەوە دووکەڵی جگەرەکەی دەمی دەردەکات، بە پێچەوانەشەوە ئەو کەسەی بیرۆکەی خراپی هەیە یان

حاڵی خراپە کەسێکی خۆپەنهان کارە، یان شپرزەیە و دووکەڵی جگەرەکەی بەرە و خوار لە دەمی ئەکاتە دەرەوە )).[31]

هەر بەهەمان شێوەی دەستەکان، پێیەکان پێی برست لێبڕاو و ئەشکەنجە دراون، یان لەرزیوی ژێرباری مەینەتی ئەو کارەساتەن کە بەسەر دێیەکانیاندا هاتووە، پێی دوژمن بۆ ئازاردان و ئەشکەنجەدانی خەڵکی دێهاتەکانی کوردستان بە گشتی لە کاردایە، بەتایبەتی لە کاتێکدا (سوبحان) بەشوێن ماڵ و منداڵ و کەس و کاریدا لە سۆراخدایە، لە (ڕومادی) پیاوێکی کەتەی بەهێز بە پێیەکانی ئەشکەنجەی دەدات: (( کەتە بە دەستی ڕاستی قۆستیەوە و بەدەستی چەپی دەرگاکەی خستە سەر پشت، هەتا هێز لە لاقە کۆڵەکەییەکەیدا بوو شەقێکی تێهەڵدا و هاویشتییە دەرەوە )). (هێلانە، ل177)

(پێ) ئامادەبوونی زۆر کەمترە لە (دەست)، تەنیا ئاماژە دەدات بە شەق و تێهەڵدانی (سوبحان) لە لایەن سەربازەکانی بەعسەوە، هەروەها لە تەنیا نموونەیەکدا، کاتێك (سوبحان و جافر) (کریم کەلە) دەستگیردەکەن جافر بە پێیەکانی ئەشکەنجەی دەدات ((جافر لەسەری نەڕۆشت، چوو نووکە شەقێکی سرەواندە سەر قەبرغەی کریم کەلە)). (هێلانە، ل 297)

بێگومان مەبەست لەو نووکە شەقە، ڕیسوا کردن و بێنرخکردنی (کریم کەلە)یە.

جەستە بە گشتی و دەست وپێ بە تایبەتی لە ڕۆمانی (جەنگ)دا، ئاماژەی ماندووبوون و گەڕان و سۆراخکردنە بەتایبەتی پاڵەوانی ڕۆمانەکە کە برای (عەلی)یە و هەمیشە بە دوایدا وێڵە، ئەم ماندووبوون و گەڕانە، هەتا کۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوامە، سەرەڕای ماندووبوونی دایکی عەلی (دایکی پاڵەوان) لە پێگەیاندن و گەورەکردنی کوڕی بچکۆلەیدا لە هەمانکاتدا دایك و باوکیش بووە.

زۆرجار ئاماژە دراوە بە دەستی(محێدین خەنجەر) وەکو دەستێکی فریادڕەس بە هانای خەڵکی دێیەکەوە چووە، وەکو بوونێکی مەعنەوی خەڵك لەبەر پێویستی جۆراوجۆریان و بە پێی بیرکردنەوەی ئەوکاتە، لەکاتی تەنگانە و بوونی کێشەدا سەردانی مەزارەکەیان کردووە . هەروەها دەستی باپیری (محێدین خەنجەر) جگە لە لایەنی مەعنەوی دەستێکە بەهۆی هێزە پەنهانیەکەیەوە پاشماوەو جێگەدەستی لەسەر جەستەی ئەو کەسانە بەجێهێشتووە کە سەردانی مەزارەکەیان کردووە، واتا وەکو دەستێکی ماددی جێگاکەی دەرکەوتووە، لەو کاتەدا کێشەی ئەو کەسانە چارەسەر بووە. بۆ نموونە کاتێك دایك و باوکی (عەلی) کوڕەکەیان دەبەن بۆسەر مەزارەکە، دەستی (محێدین خەنجەر) لەسەر پشتی باوکی (عەلی) نیشانەیەکی بەجێهێشتووە: (( دەستی محێدین خەنجەر پیرۆزی کرد، پەنجە پیرۆزەکانی کە هەر لە نەرمی ئاوریشمی دەکرد، شەوێ هاتە سەر پشتی و نیشانەیەکی پڕ نووری لەسەر بەجێهێشت )). (هێلانە، ل 18)

---

[31] ئالن پییز، زمانی جەستە ، ل (150 - 151)

ڕۆمانی (جەنگ) بە هەمان شێوەی ڕۆمانی (هێلانە)، دەستەکان زیاتر بە ئاماژەدان بە دەستی ڕاست بەکارهاتووە، یان بەهۆی نیشانەیەکەوە ئاماژە بە دەستی ڕاست دراوە، بۆ نموونە کاتێك پاڵەوان دەستی ڕاست بەکار دەهێنێت لە کردنەوەی سندوقێکی تایبەتیدا و لەسەر داوای دایکی ئەنجامی دەدات: (( بە پەنجە دەرمهێناو بە پەلەتر زنجیرە ژەنگاوییەکەیم کردەوە، پاشان بە پەنجە مۆر و بە پەنجەی شایەتمان، شمشاڵێك و پارچە کاغەزێکی زۆر تەنکی کۆنم گرتە دەست)). (جەنگ، ل 29) واتا زۆر بە وردیی و وریاییەوە، لەبەر تەنکیی و کۆنیی کاغەزەکە دەستیان بۆ بردووە.

(عەلی) برای پاڵەوان و کارەکتەری سەرەکی، کوڕێکی ئازاو بوێر و چاو نەترس بووە ئاماژە بە تواناو چۆنیەتی بەکارهێنانی دەست و پێی دراوە، لە دژی ئەو چەند سەربازەی دەیانویست بیبەن: (( بەڵام ئەو کاتەش داینەهێنا، ئازایەتی خۆی نواند و تابەرزەختیان کرد، کەلەپچەیان لە دەستی کرد، بە شەق و بۆکس دەم و چاوی چەندان سەربازی خەڵتانی خوێن کرد، دانی چەندانیشی شکاند، دوا جار بە چوار کەس دوانیان هەردوو دەستی و دوانەکەی دی هەردوو قاچیان بە گوریس شەتەك دا ئینجا پێش خۆیاندا )). (جەنگ، ل80)

دواتر هەر لە وەسفی (عەلی) دا کە سوارچاکی و ئازایەتی دەخاتەڕوو بەوپەڕی لێهاتووییەوە ئەسپەکەی بەرەو بارێکی نائاسایی بردووە: (( جووڵەی دەستی، سەری، قاچەکانیم لەسەر پشتی ئەسپەکەوە دەبینی،...، سمی ئەسپەکە بە زەوییەوە نەبوو دەتگوت بەسەر زەوییەوە دەفڕێ، عەلیش ئاڵا بەدەست، خۆی توند بە ئەسپەکەوە گرتبوو، پێی لە زگی دەکوتی)). (جەنگ، ل ١٣)

لە ڕۆمانی(حەسار و سەگەکانی باوکم) دا، دەست هەمیشە هەڵگری تاوانە، بەتایبەتی دەستی باوك، کە زوڵم و زۆرداریی و کوشتن و ئازاردانی منداڵەکانی و ژنەکانی،ویست و خواستی تایبەتی و بەردەوامی بووە، کە ئەوپەڕی زۆرداریی و زوڵمی لە دەستی باوکەوە وێنە کێشاوە، دواتر دەستی خۆی و خوشك و براکانی، کە هەریەکەیان بەپێی خۆی گوتاری تایبەتی خۆیانیان هەیە.

سەرەتا دەستی باوك بەردەوام قامچی و خەنجەر بە دەست، بۆ منداڵەکانی ساز و ئامادە بوو: (( بە دەستی ڕاستی قامچی و بە چەپ کامەی گۆچانەکەی دەگرت و خۆی بەسەردا دەدا، گۆچانێکی گرنج گرنج، کە بەر لا ڕان و کەفەڵ و ناوشانی هەرهەمووومان کەوتبوو ..)). (حەسار، ل 23)

لێرەدا نووسەر دەستەواژەی (هەر هەمووومان) بەکاردەهێنێت بۆ پیشاندانی گشتگیریکردن و ئازاردانی هەموو منداڵەکانی بێ جیاوازی تەنانەت ئەوانەش کە ملکەچی فەرمانەکانی بوون، هەر جارەی بە بیانوویەك دارکاریی کراون و ئەشکەنجە دراون.

دواتر ڕۆماننوس وێنەیەکی زۆرداریی باوك دەخاتە ڕوو کە گەیشتۆتە ترۆپك و دوا پلەی دڕندەیەتی، ئەویش کوشتنی (زوهرا)ی کچێتی، بە بیانوویی ئەوەی ئەوەی شەوێك دەستی لە ملی ئەسپەکە دابووە، باوکیشی

بە حیلەی ئەسپەکە بە ئاگا هاتووە و دەست بەجێ (زوهرا) ی کوشتووە و هەر لە حەوشەکەدا لەبەر چاوی هەموویان ئەو شەوە ناشتوویەتی:(( باوکە زوهرای دیبوو، دەستی لە ملی ئەسپەکە کردووە،...، هەر ئەو شەوە بێدەنگ کوشتی و هەر لە حەوشەی حەسارەکەدا زیندە بە چاڵی کرد، تا کچەکانی دیکەشی تەمبێ بن و چیتر خەو بە حەرامەوە نەبینن، شەش حەوتێکیان بە دیار تەرمەکەی زوهراوە فێیان لێ هات و تا بەیانی کەفیان فڕێ دا و لە لنگە فرتێ نەکەوتن، ئەوەندە پاژنەیان لە زەوییەکە خشاند تا خوێنییان لێ دەتکان ... لە گزنگیدا دیار بوو لەو حەوشەدا و لە حەژمەتی زوهرا چ گێرەییەکیان کردووە )).(حەسار، ل24)

لێرەدا دەست و پێی خوشك و براکانی زوهرا گوتاری تایبەتی و ڕەنگدانەوەی ئەو کارەساتە دەخەنەڕوو کە بە دەم هاوار و گریانەوە بۆ مردنی خوشکەکەیان فێیان لێهاتووە و هێندە لنگە فرتێیان کردووە وەکو گێرە کردن زەوییەکەیان لە ژێر پێیاندا هەڵکەندووە، بەڵام لە ڕووی چۆنیەتی گێڕانەوەکەوە بەهۆی ووشەی (زیندە بە چاڵ) ەوە، گومان دەکەوێتە سەر کوشتنی یەکەم جاری (زوهرا )، چونکە هەروەك ئاشکرایە مرۆڤ یەك جار دەمرێت: (( هەر ئەو شەوە کوشتنی و هەر لە حەوشەی حەسارەکەدا زیندە بە چاڵی کرد)). (حەسار ل٢٤)

ئەگەر مەبەست لە کوشتنی بێت بە هۆی زیندە بە چاڵ کردنەوە، ئەوا جۆری لێکدانەوەکە مانایەکیتر هەڵدەگرێت، بێگومان چۆنیەتی دەربڕینەکە ئەم دوو جۆرە لێکدانەوەیە دەبەخشن.

بەردەوام دەست و پێی باوك هەڵگری ئازار بووە بۆ منداڵەکانی لە جیاتی دەستی سۆز و میهرەبانیی، هەڵگری قامچی و گۆچان و خەنجەر بووە و ئازاری منداڵ و خێزانەکەی داوە:(( ناکرێ پیاوە دەست بە تاڵ بێ، قەتیش تەزبیحی هەڵنەدەگرت، هەمیشە پێی دەوتین: پیاوی بە ڕاست پیاو سێ شت هەڵدەگرێ: گۆچان، قامچی، خەنجەر، هەمیشە دەیگووت: زۆر ئەستەمە پیاو بێ قامچی بێتە ناو ماڵ و منداڵی خۆی،...، بەندە بۆی نییە لە خودای خۆی بپرسێ بۆ برسیی و تینووی دەکا، بۆ لافا و گڕکان و زریان و ڕەشەبای بۆ دەنێرێ،...، منداڵیش هەروا بۆی نییە فەرمانی باوك بشکێنێ، کتێبە پیرۆزەکانیش هەروا دەفەرموون )) . (حەسار، ل ٢٦، ٢٧)

کوڕی گەورە کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، گوزارشت لە دەستی خۆی دەکات، لەو کاتەدا کە باوکی لەگەڵ (ڕابی) ژنیدا نوستبوو، لە لایەك دەیویست بیکوژێت بە هۆی ئەو هەموو خراپەکارییەوە کە لەگەڵ منداڵەکانیدا دەیکرد، وەکو پاڵنەرێکی سەرەکیی،لە لایەکیترەوە ترس و دوودڵی بووبوو بە هۆکارێك دەستەکانی تەڕ دەبوون لە ئارەق کردنەوەدا. بێگومان جەستەش هەمووی گەرم دادێت و دەنیشێتە سەر ئاو، چونکە خۆی ئامادە کردووە بۆ کوشتنی کەسێك کە باوکێتی لەبەر ئەوە ئاساییە مرۆڤ بەو بارودۆخەدا تێپەڕێ، بەتایبەتی کە خۆی خاوەنی کەسایەتیەکی ئارام و دوورە لە ئازاردان. واتا کەوتۆتە نێوان دوو هێزەوە، هێزی(ئەو)و(منی باڵا) لەسەر (من)

که کوڕە گەورە بکوژی باوکە (ئەو) هانی دەدات بۆ کوشتن چونکە زوڵم و زۆرداریی بێسنووری باوکی پێ قبوڵ نەکراوە.

بەڵام (منی باڵا) سەرکوتی دەکات و ڕێگەی لێدەگرێت کە کوشتنەکە ئەنجام نەدات بەهۆی چەندین هۆکار و پاساوەوە، بەڵام هێزی (ئەو) زیاترە، لەبەر ئەوە ململانێکە بە کوشتنی باوك کۆتایی دێت: (( هەردوو ناو لەپم ئارەقیان دەردا، زوو زوو بە دەستەسڕێك وشکم دەکردنەوە و زووتر تەڕ دەبوونەوە،...، توند دەستم لەسەر مشتووی خەنجەرەکە توند کرد، تا دەتوانم هەڵمبڕی بۆ حەوا شێتانە سێ خەنجەری بە زەبرم وەشاند، نامە سەر شانی چەپی، لەگەڵ دوا تەکانی ئەودا من لەناو گۆشتی تورتی تەکانم بە دەمی خەنجەرەکە دەدا...)).

(حەسار، ل ٣٤،٣٣)

دواتر دەستی زێوانی سەرگۆڕستانەکە دەخرێتەڕوو، کە چۆن تێکەڵە لە خوێنی جەستەی باوك و شەهوەتی ئەسپەکەی، هەربۆیە ڕوودەکاتە کوڕی گەورە و بەدەم پەنجە لێسانەوەوە (پەنجەکانی دەستی ڕاستی) دەڵێت تۆش لەو خوێنە پڕ شەهوەتە بخۆ (( بێشەرمانە هەرپێنج پەنجەی دەستی ڕاستی بەخوێنی، خوێنێکی تێکەڵ بە شەهوەتی ئەسپەکە سوورکرد و بەدەم پەنجە لستنەوەوە پێی وتم: بیخۆ ساف شەهوەتە بیخۆ باوەك ئەسپ بپەڕیت )). (حەسار، ل ٥٧)

ڕۆماننووس دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو، کە زێوانەکە بەرامبەر بە بێدەنگبوونی لە کوشتنی باوك خوشکێکی بەبارمتە گرتووە و بۆ خۆیی بردووە و خوشکەکەشی لەسەر ڕەزامەندی خۆی لەوێ دەمێنێتەوە . هەروەها پەنجەکانی دەستی ڕاست کە دەستی شایەتمان و سوێندخواردنە بەو خوێنە پڕ شەهوەتە سووردەکات و دەیخوات، واتا لەلای ئاساییە خوێنی مرۆڤ بخوات، کە نیشانەی ئەپەڕی دڕندەییە لەلایەك، لەلایەکی تریش چونکە شەهوەتی ئەسپەکەی پێوەیە زیاتر لەلای ئاسایی دەبێت و دەیخوات .

لە ڕۆمانی (باڵندەکانی دەم با) دا، (برایمۆک) دەستی لە بارودۆخێکی تایبەتیدا دەکەوێتە ڕوو، (برایمۆک) کەسێکە پەیوەستە بە ئایین و دابونەریتی کۆمەڵگاوە و کەسایەتیەکی بێخەوشی هەیە، لەتەمەنی گەنجێتییەوە دڵی بە (پەریخان) هوەیە، لەدوای ساڵانێکی زۆر بەهۆی ڕووداوی کیمیابارانی دێکەیانەوە، لەناو هەموو خزم و کەس و کاریدا بەسەر لاشە کەوتووەکاندا دەڕوات و (پەریخان) دەرباز دەکات و دەیدات بە کوڵیدا، هەربۆیە تا دەگات بە شوێنێکی گونجاو کە قوخەکەی خۆیەتی (پەریخان) دانانێت. بەدەم دەست لەرزینەوە جلەکانی لەبەر دادەماڵێت و پاکیدەکاتەوە، ئەمەش بێگومان زاڵبوونی هێزی (ئەو)ە بەسەر (منی باڵا) دا و بەهۆی کاردانەوەی لەسەر (من)، ئەم ڕەفتارە ئەنجامدەدات: (( برایمۆک تا قوخەکەی خۆی پەریخان دانانێت،...، بلۆق هەموو دەست و پەل و ڕوخساریان داپۆشیوە، چرچ و لۆچی پیریەتیان شاردۆتەوە، تا چاردەبێ جلەکانی لەبەردادڕێ، دەست بۆ سنگ و بەرۆکی کراسەکەی دەبا، دەستەکانی دەلەرزن، ئەژنۆشی

دەلەرزێ، شەرم تەنگەی پێ هەڵدەچنێ، چاوی دەقووچێنێ و کوێرە کوێر ڕووتی دەکاتەوە، لەئاوی ئەستێرەکەی هەڵدەکێشێ)). (باڵندەکانی دەم با، ل 136 – 137)

لەڕۆمانی (گەماڵ) دا، (گەماڵە شەل) مەبەست لە کارەکتەرێکی مرۆڤە نەك ئاژەڵ کە بەهۆی (گەماڵە شەل) ەوە خراوەتە ڕوو، کەسێك شەل بێت واتا فێڵبازو وتو وریایە، کە شایانی ئەوە بێت بچێتە خزمەتی (موشیرئاغا)، کە کەسانی بەفێڵ و تەڵەکە لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە بۆ مانەوەی خۆی: (( بیستوومە (مشیر ئاغا) بەدوای سەگێکی چاکدا دەگەڕێت، سبەی گەماڵە شەلی بەدیاری بۆدەبەم ..)). (گەماڵ، ل10 )

لەم ڕۆمانەدا (خەسرەو جاف) دەیەوێت بەهۆی چەند کارەکتەرێکی ئاژەڵەوە مەبەست و ویستی تایبەتیی خۆی بخاتە ڕوو.

لەڕۆمانی (ژن) دا دووکارەکتەری منداڵ کە ناویان نەهاتووە جەستەیان بە کەمئەندامیی خراوەتە ڕوو بەشەل و گۆج وێنەکێشراون ، واتا دەست و پێیان ناتەواوە (( دەڵێن باجی حەلاو دەیگوت کچەکەیان بووە بە چاوەوە، هەربۆیە خوا دوو کوڕەزای گۆج و شەلی پێبەخشین)). (ژن، ل ٩)

هەروەها ئاماژەیەکیتری دەست خراوەتە ڕوو، ئەویش بەرزکردنەوەی پەنجەگەورەیە، کەمانای سەرکەوتنی کارێکە وەکو داب و نەریت لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بەبەربڵاویی بەکاردێت: (( ئانناش لە پشتەوە چاوێکی لە ئەندەش و کاتەرینا داگرت، ئەوانیش پەنجە گەورە یان بۆ بەرز کردەوە وەك هێمای سەرکەوتنی پلانەکەیان)). (ژن، ل ١٢٦)

لە ڕۆمانی (ئەژدیها)دا دەست واتایەکی تایبەت و جیاوازتری لە ڕۆمانەکانیتر هەیە، دەست بۆ ئاماژەیەکی سێکس لەلایەن (موعەزەز و ئەمنەخان) ەوە بەکاردێت و چاوتێبڕینی دایك و کچ لە (کەریم) ی خزمەتکاریان لەیەك کاتدا، کە لە دیوەخانەکەیاندا خزمەتکارە و پێویستی ڕۆژانەیان بۆ دابیندەکات، هەریەکە لە دایك و کچ بەنهێنیی (کەریم) بانگدەکەن بۆ ژووری خۆیان و داوای پشت شێلانی لێدەکەن، هەتا لە ڕۆژێکدا لەیەکتریی ئاشکرادەبن . بەرامبەر بەو شێلانە پارەیان بە (کەریم) داوە، بەو پێییە دەستەکان ئامادەبوون و بەکارهێنانی سێکسیان پێبەخشراوە: (( تاوای لێهات کەریم هەفتانە دینارو نیوێك تا دوو دینار هەقی پشت شێلانی (ئەمنەخان)ی پاشەکەوت دەکرد، زۆرجاریش سنگی موعەزەزی دەشێلا، هەموو ئەندامەکانی لەشی خۆیشی خستبووە بەر نەوسە زاڵەکەی موعەزەز کەبەئارەزووی خۆی دەستی بەهەموو شوێنێکی لەشی کەریم دەهێنا، کەریمیشی ناچار دەکرد بەپەنجەکانی هەموو شوێنێکی جەستەی بەسەربکات و دەست بەهەموو لەشیا بێنێ،...، موعەزەز هەردوو دەست و پەنجەکانی کەریمی مەبەست بوو ...)) (ئەژدیها، ل 15)

دواتر دەست ئاماژەیەکی زۆردارانە و هێرشکردن دەخاتە ڕوو، دەبینین لە کوشتنی (شێخە کەوباز) دا، (میر) لەبەرچاوی خەڵك و بەئاشکرا (شێخە کەوباز) دەکوژێت، بێگومان ئەمەش دژی هەموو ئایین و داب ونەریتێکی

کۆمەڵگایە و ئەوپەڕی زۆرداریی کەسێك دەخاتە ڕوو، کە دەستی ڕاست و چەپی بەجیا  بۆ کوشتنەکە بەکاردەهێنێت، بێگومان هەر کە دەزانێت ناوی (ئەسەدوڵڵا)یە، دەیکوژێت: (( شێخە کەوباز، زۆرتری پێبوو بیڵێ، کەچی (میر) لەنێو خەڵکەکەوە بۆی دەردەپەڕێ و نووکی خەنجەرەکەی دەچەقێنێتە سەر دڵی (شێخە کەوباز)، بەدەستی چەپیشی دەمی دەگرێ تا گیانی دەردەچێ، ئەوجا بەری دەدات، وەك لە شێکی سارد دەکەوێتە بەر پێی (میر) )).    (ئەژدیها، ل31)

لە هەردوو شێوەکەدا دەست بەشێوەیەکی نامۆ ڕەفتاری پێکراوە، لەهەردوو بارودۆخی سێکسیی و زۆرداریدا، ڕەفتاری کەسانێکە لەهەموو پەیڕەو و داب و نەریتێکی کۆمەڵگا داچۆڕاون، ڕۆماننووس دەیەوێت ڕەفتاری هەندێک لەو خێزانە تورکمانانە بخاتە ڕوو کە بەهیچ شێوەیەك هیچ ڕێگرییەک لەسەر ڕەفتاریان نیە و ئەوپەڕی ئازادیی لەناو خێزانەکانیاندایە، کە بێگومان نموونەی ئەم جۆرە خێزانانە لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش کەمن .

## پاری دووەم –گوتاری جەستە لەڕێگای چەند پێکهاتەیەکەوە:

### ١. گوتاری جل وبەرگ:

کارەکتەرەکان لەناو سنووری ڕۆمانەکاندا هەڵسوڕاوی دەستی ڕۆماننووسن و لە پێناوی ئەو جیهانە نامۆ و تایبەتەی دەروون و ناخیدا دروستبوون . بێگومان جل و بەرگەکانیشیان و هەموو پۆشینێکیان بۆ خستنەڕووی ئەو بیر و مەبەستەیە و خزمەتی ناوەرۆکی سەرەکیی ڕۆمانەکە دەکات ، هەر بۆیە دەبێت گونجاندن و تەبایی لە نێوان کارەکتەرەکان بەهەموو بوونێکیانەوە و جۆری ڕەفتاریانەوە لەگەڵ جل و بەرگەکانیدا هەبێت ، هەروەک ئاشکرایە چۆنیەتی جل و بەرگی هەموو کەسێکیش لە واقیعی ژیاندا ڕەنگدانەوەی دەروون و چۆنیەتی بیرکردنەوە و کەسێتی خاوەنەکەیەتی . بەم شێوەیە ڕۆماننووس گرنگیی تەواو بە جل و بەرگی ئەو کەسایەتییانە دەدات کە دەیەوێت لە خزمەتی بیر و مەبەستێکی دیاریکراودابن.

لە ڕۆمانی هێلانەدا جل وبەرگی کارەکتەرەکان - بەتایبەتی کارەکتەرە سەرەکییەکان - جل وبەرگی کوردییە و ڕووداوەکانیش لەشارو دێهاتەکاندا ڕوویانداوە، هەر چەندە زۆربەی خەڵك لە دانیشتوانی کوردستان لە دەسەڵاتی بەعس دەترسان، بەڵام وەکو جل وبەرگ و قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵك و جۆری مامەڵە وپاراستنی کلتوری کوردەواری بەدیدەکران، بەڵام بەو ڕادەیەی بگاتە ئاستی چۆنیەتی پۆشینی جل وبەرگ لەسەر ڕێ وشوێنی جل وبەرگی پێشمەرگە ڕێگەپێدراونەبووە، بۆ نموونە وەکو پێچانی جامانەی سەرو بەستنی دەم وشاردنەوەی، یان پووزەوانە و خۆئامادەکاری وەکو پێشمەرگە بە هەموو جۆرێك قەدەغەبووە.

کاتێك (سوبحان) دێتە ناو شارەوە، لەوکاتەشدا (هەڵەبجە) کیمیاباران دەکرێت، ئەفسەرو کاربەدەستانی ڕژێم زۆر بەوردیی سەیری ڕەفتار وجل وبەرگ ومامەڵەی خەڵك دەکەن، هەربۆیە زۆر بەخێرای کڵاووجامانەکەی سەری دادەگرێت وجامانەکەی وەکو ملپێچ بەکاردەهێنێت (( کڵاووجامانەکەی لەسەری داگرتن،کڵاوەکەی ئاخنییە بەرباخەڵی و جامانەکەی وەك دەمامك لەدەم ولووتییەوە ئاڵاند..)). (هێلانە، ل ٤٠)

لێرەدا (سوبحان) دەیەوێت خۆی بخاتە بارێکی ئاسایی کڵاوەکەی سەری دادەگرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە نەپۆشینی کڵاو و بەکارهێنانی جامانە بەتەنیا بۆ پاراستنی لەسەرما ئاساییترە لە بەکارهێنانی هەردووکیان بەیەکەوە، دەبینین ماوەیەك چەکدارەکانی بەعس دوای (سوبحان) دەکەون، ماوەیەکیش لەسەر سووچی چاخانەیەکدا چاوەڕێی دەکەن، دواتر کە دەزانن بارودۆخەکە ئاساییە ولەچاودێریشی بێزاردەبن ودەڕۆن: ((تائەم چایەکەی خواردەوە چەکدارەکان دوکاندار وتەنی: وەل بوون ئیتر ئەمیش ئاسایی سوپاسی کرد وجێی هێشت . لەدڵدا وتی: دیارە سەروسەکوت وپۆشاکم لە پێشمەرگە دەچێ، ئەوە سووکە ترسێکی لە ناخدا پێ پەیداکرد، بەڵام خێرا ڕەواندییەوە و کەوتە تەواو کردنی گەشتەکەی )). (هێلانە، ل ٣٣-٣٤)

لە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) دا جل وبەرگی (خورشیدی جادوو باز) بەشێوەیەکی زۆر نامۆ خراوەتەڕوو، لەگەڵ گۆڕینی هەر جل و بەرگێکدا بەجۆرێکی جیاواز لەوەی پێشوو مامەڵەی کردووە، کەس نەیزانیوە لەکوێوە هاتووە و چی لەدڵدابووە، هەروەها بە چاوێکی شووشەییەوە (یەك چاوی)، خەڵکی فریوو داوە و چەواشەیکردوون، لەڕاستیدا چاوی خۆی نەبووە و شووشە بووە . لێرەدا بەهۆی ئەم چاوەوە هێندەیتر ڕادەی فێڵ و تەڵەکەی ئەم کەسایەتییە دەکەوێتە ڕوو چونکە چاو سەرچاوەی چاودێری و بەدواکەوتنی خەڵکە و ئاوێنەی دەروونیشە، هەربۆیە لەناو جەستەی (خورشید)دا ئاماژە بەو چاوە شووشەییە دراوە: (( (خورشیدی جادوو باز) ئەو پیاوە بەچاوە شووشەییە ساختەکەیەوە یەکەمین جار لە جلی کەناسێکدا لەڕاڕەوی کۆشکی تەعزێکەدا دەرکەوت، کڵاوێکی شین و چڵکنی نابووە سەری، بەڵام خوایە ئەوەی منی شێتکرد، ئەوەی ئازاری ڕۆحی دام و گومانێکی قووڵی تیا جێهێشتم ئەوەبوو لەیەك کاتدا لە چەندەها جل و لە چەندەها شێوە دەرکەوت . لە ژووری ئینجانەکاندا دەرکەوت، دواتر لە ژووری زەخیرەکان لەسەر فەردەیەکی شەکر دانیشتبوو، لەبەر هەیوانەکەدا لە جلی شۆفێرێکی دووروەتەندا بینیم، لەژێر تووەکاندا لە جلی پاسەوانێکدا پاڵی دابوو بە درەختێکەوە سەیری دەکردم ..)). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل ١٠١)

لە ڕۆمانی (جەنگ) دا، ئاماژە بە جل و بەرگی ئەو کەسە ڕەش پۆش و دەمامکدارانە دەکات کە دوای مردنی (باوکی عەلی) تەرمەکەیان بردووە بۆ ئاسمان، کە بەیارمەتی تەنێکی گەورەی ڕەش ئەنجامدراوە: (( دوو کەسی دەمامکداری جل ڕەش کە هەر لە چەرم دەچوو دابەزین، ئەو دوو کەسەی تر پتر لە ڕۆبۆت دەچوون، نەك مرۆڤی ئاسایی، جزمەیان تا ئەژنۆ هاتبوو نەختێ لە مرۆڤی ئاسایی درێژتر بوون، پەنجەیان شتێکی وەك نووکە چەقۆ بەسەرەوە بوو ..)). (جەنگ، ل ٦٣-٦٤)

لە ڕۆمانی (ئەژدیها) دا، ئاماژە بە جل و بەرگی ئەفسەرەکان دەکات کە چۆن (کەریم) کە گێڕەرەوەیە و وەسفی جل و بەرگی کەوتوو و پەرشوبڵاو لەسەر ڕێگاکە دەکات: (( کە بەرەو ژوور هەڵدەکشاین، جووتە پۆستاڵی ڕەقەوەبووان هەندەی تەپۆڵکەیەك دەکەوتنە بەرچاو، کڵاو خودەکانی سەریان هەندە بەگەورەیی دەکەوتنە بەرچاو، زندەقی مرۆیان دەبرد.. )). (ئەژدیها، ل ٢١٧-٢١٨)

لە ڕۆمانی (گەماڵ) دا، بەهەمان شێوەی ڕۆمانی (هێلانە) ئاماژە بە جل و بەرگی ئەفسەرەکانی سەردەمی بەعس دەکات، کەبەدڕندەترین شێوە تاڵان و کوشتن و ڕەشبگیرییان کردووە. هەربۆیە ئاماژە بەلوولەی تفەنگ و ئەستێرەی سەرکڵاو دەکات: (( شەش حەوت ترەمبێل لووتیان نابووە سەرەیەکەوە، لە شەقامە تەنگەکەی پشتی قەڵاوە بەرەو قەڵا سەردەکەوتن، پۆلیس بەدار و پۆستاڵ هاتووەتە وێزەو سەرو موقل و پاوپلی بەشەرەکاندا )). (گەماڵ، ل ٥٩، ٦٠)

لە ڕۆمانی (باڵندەکانی دەم با) دا زۆر جار ئاماژە بە جل و بەرگی ڕێك و پۆشتەی (فەرهاد) دراوە، بەڵام ڕەفتارەکانی غەمبار و بێئارامی کردووە و جل و بەرگەکان لە پلە و ڕادەی سەرنجڕاکێشانی

دەوروبەریان کەمبووەتەوە هێندە بایەخیان نەماوە: (( ئەو هەردوو دەستی ئاخنیبووە گیرفانی پاڵتۆکەی و ملپێچێکی خوری شینی بەملاو بەولای شانیدا بەردابووەوە، لەچاوی لەیلاوە پیاوێکی ئارام و بەویقار بوو، بەڵام نیگەران و خەمۆک بوو)). (باڵندەکانی دەم با، ل ١٦٠)

لە ڕۆمانی (ئەڵوەن) دا، ڕۆماننووس هەمیشە ئاماژە بە جل و بەرگی دڕاو دەدات، بۆنموونە جل و بەرگی (لەیلا و ئامەڕەش) زۆر شڕو دڕ بووە: ((ئامە ڕەش بەرگێکی ڕەشی هەمیشەیی، وەك پێست نووسابوو بەلەشیەوە)). (ئەڵوەن، ل ٦)

هەروەها لە وەسفی جل و بەرگی (سەعەی دەهۆڵ ژەن) دا زیاتر ڕاو بۆچوونەکانمان دەخەنە ڕوو: (( تاقە دشداشەیەکی هەبوو، وەکو نەژادی خۆی وابوو، کەس نەیدەتوانی بزانێ چ ڕەنگە،...، دامێنی دشداشەکەی وەکو زنجیرە چیاکانی هیمالایە وابوو، یەخەی هەتا ناوکی دڕابوو، یەخەکەی بستێ چڵکی ڕەنگاو ڕەنگی بەسەرەوە بوو، پشتوێنێکی چەرمی لەپشتدابوو، جارجارێ کڵاوێکی دەنایە سەری، ڕەنگ و ڕووی کڵاوەکەشی لەدشداشەکەی جوانترنەبوو باوەڕناکەم ڕۆژێ پێڵاوی لەپێکردبێ..)) . (ئەڵوەن، ل ٦٥)

بەهەمان شێوە لە وەسفی (لەیلا) شدا، بە پێی پەتی خراوەتەڕوو. بەشێوەیەکی گشتی لە ڕۆمانی (ئەڵوەن) دا جل و بەرگی کەسایەتییەکان بەتایبەتی (لەیلا و ئامەڕەش و سەعەی دەهۆڵ ژەن) بەشێوەیەکی ڕووت و ڕەجاڵ و شڕ خراوەتە ڕوو، زۆربەی جاریش بەپێی پەتی وەسفکراون.

### ٢. گوتاری بۆن :

بۆن لەناو سنووری ڕۆماندا ، چەندین ئاماژە و واتای جۆربەجۆر هەڵدەگرن ، زۆرجار ڕۆماننووس بۆ پیشاندانی کەسێتییەک ئاسایی جەستەی بە بۆنێکی خۆش یان ناخۆشەوە دەخاتەڕوو ، بێگومان بەپێی ئەو ژینگەیەی کە ئەو کارەکتەرەی تیادا دەژی ، کارتێکراو دەبێت ، سەرەڕای ئەوەی ئەو کەسێتیانە لەوانەیە ڕۆڵێکی هێندە سەرەکییان نەبێت ، یان بۆن نەبێت بە هۆکارێک کارەکتەرەکەی پێ بخرێتەڕوو .

زۆرجاریش ڕۆماننووس چەند کەسێتییەک هەڵدەبژێرێت کە لەناو سنووری ڕۆمانەکەدا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە و کاردانەوەیان بۆ سەر کەسایەتییەکانیتر هەیە ، بە بۆنێکی خۆش یان ناخۆشەوە ، کە ئەمەش لە خودی خۆیدا چەندیین لایەن لە دەروونی ڕۆماننووس دەخەنەڕوو . زۆرجاریش بۆنی خوێن بەشدارە لە دروستکردنی چەندیین دیمەندا .

لەڕۆمانی (هێلانە)دا بۆنەکان بەشێوازێکی بێزارکەر و قێزەون خراونەتەڕوو، بۆنموونە لە سووتانی دێهاتەکاندا بۆنی بۆکڕووز و خوڵەمێش و دووکەڵ لەهەموو دێهاتەکان بەرزدەبووەوە، بەجۆرێك سووتێنرابوون، سەراپای دێی (حاجی سوبحان) و هەموو دێهاتەکانی دەوروبەریشی بۆنی بۆکڕووزیان گرتبوو. بێگومان لەم جۆرە سووتاندنەدا هیچ شتێك نەمرۆڤ و نە ئاژەڵ و نەدار و پەردوویەك مابوو گڕی

نەگرتیبێت: (( لەگەڵ هەتەردا دابەزینە خوارەوە، کون و قوژبنیمان تەیکردو زەڕنیخاوێکمان دەست نەکەوت، ماڵ بوێریان نەکردبوو، وەهایان ئاگر تێبەردابوون کە لەخۆڵەمێش و داروپەردووی بۆکڕووزاوی بەولاوە هیچیان لێ نەمێنێتەوە)). (هێلانە، ل ٧٩)

لە نموونەیەکیتردا بۆنی شێی و تەڕی و و هاڵاوی ناخۆشی ئەو ژووره خراوەتەڕوو کە کاربەدەستانی ڕژێمی بەعس لە (ڕومادی)، (سوبحان)ی تیادا زیندانیدەکەن: (( ماوەیەك بەسەرپێوە بەچاوی بەستراوی مایەوە، کەزانی دەوروبەری کش و ماتە، دەستی برد و چاوی کردەوە، ژوورێکی چۆڵ و هۆڵ و تاریکە، بۆنی کەڕووی بەتوندی لێدێ . شێی زستانە و وشك بۆتەوە .. )). (هێلانە، ل ١٧١)

لە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) دا، ئاماژە بەبۆنی ئەو تانژیانە دەکات، کە بەدەستی (سەعیدی سوڵتان بەگ) پاککراونەتەوە و تانژییەکان بۆنی شێی و تەڕی و بۆنی جەستەی یەکترییان کردووە، لێرەدا مەبەست لە (بۆن) پیشاندانی توانا و دەسەڵاتی (سەعیدی سوڵتان بەگ)ە، کە کاربەدەستێکی گەورەی ڕژێمی بەعس بووە و ئەفسەرەکانیش لەشێوەی تانژییدا خراونەتە ڕوو و بەفەرمانی ئەو جووڵاونەتەوە: (( بەڕووی جوڵەی کزەبای شەودا دەیانمڕاند، بۆنیان بەپێستە شێدارو پاك و ورشەدارەکانی یەکترییەوە دەکرد، کە زۆر ڕۆژ سەعیدی سوڵتان بەگ، بە دەستی خۆی پاکیدەکردنەوە،...، بەڵام چەندە ئازادیشبوون، غەریزەیەکی تانژییانەی پیر، هەردەم دەیخستنەوە سەر ئەو ڕێگایەی کەبۆنی سەعیدو پیاوە قامچی بەدەستەکانی لێدەهات..)). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل ٢٣،٢٤)

بۆن لێرەدا بەمانای توانا و دەسەڵات بەکارهاتووە کەمەبەست لە (سەعیدی سوڵتان بەگ)ە، بۆنی تانژییەکانیش ئەو هێز و دەسەڵاتە بوو، کە هەریەکەیان بەپێی پلەی خۆی هەیبووە.

بۆنی هەناسەی (سەرهەنگ بەدری) خراوەتەڕوو، کە بۆنی ماسی دەریاکان لە هەناسەی دێت، کەسێك هەناسەی ساردو لیخن بێت، واتا هیچ گەرم و گوڕی و سۆزێکی مرۆڤانەی تیادانییە و ئاماژە بەوەدەدات کە چەند ماسییەکی گەورەی خواردووە . واتا چەند کەسێکی کوشتووە و بۆنی خوێنی ساردی ئەو مرۆڤانە لە هەناسەیەوە هاتووە، کە پێشتر گیراون و ئەم کوشتوونی: (( ڕاستیان دەکرد کە گوتیان دووپشکی خەوتوو لەناو گلێنەکانیدا نوستووە، ڕاستیان دەکرد کە گوتیان بۆنی ماسی دەریا دوورەکان لەهەناسەی دێت، زمانی بە توێخێکی زەرد کەلە سەرتوێژی ماستێکی ترشاو دەچێت داپۆشراوە )). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل 60)

هەروەها ئاماژە بەخوێنی سەرجەستەی (ئەشرەف) دەکات کە لە دایکبووە بۆنێکی تیژ سەرتاپا تانژییەکانی بێزارکردبوو، بۆنی خوێنی سەرجەستەی ئەشرەفی کۆرپەیە، لەوکاتەدا (سەعیدی سوڵتان بەگ) بەبۆنی ئەم خوێنە بێزار بووە و بەتوندیی سەری خۆیی بەدیوارەکاندا داوە، کەدەزانێت دایکی منداڵێکی تری دەبێت و نازانێت کێ باوکییەتی؟!: ((لەساتەکانی لەدایك بوونی ئەشرەفدا سەعید بەدووچاوی پڕ لە فرمێسکەوە

لەناو دالان و ڕاڕەوو ژوورەکاندا دەگریا و سەریدەدا بەدیوارەکاندا، تانژییەکان نەیاندەزانی چی ڕوویداوە؟ کاتێ بۆنی ئەو خوێنە تیژەی سەر لەشی ئەشرەفی کۆرپە هەموو ماڵەکەی پڕکرد..)). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل 76)

بۆنی خوێن زۆرجار دووبارەکراوەتەوەو ئامادەبوونی هەمیشەیی هەیە . (ئەشرەف) بە کوشتنێکی زۆر نامۆ کۆتایی بە ژیانی هێنراوە، لەوکاتەدا کە خوێنی جەستەی دەڕژێت بۆنێکی تیژ بڵاودەبێتەوە و وتانژییەکان پێی بێزاردەبن، وەکو بۆنی ئەو خوێنەی کەلە لەدایك بوونیەوە بەسەر جەشتەیەوە بڵاو بوو بووەوە: ((تا ئەوکاتەش هەوایەکی سارد لەبرینەکانیەوە دەهاتە دەرێ و بۆنێکی کزو تایبەتی جێدەهێشت، کە بۆنی مەرگێکی کتوپڕ و چاوەڕواننەکراو و زاڵمانە بوو، بۆنێك دوای چەند هەفتەیەك لەسەر جلەکانمان، لەهەناسەمان، لە قژمان جیانەدەبووەوە، بەجۆرێك پیاوو دەستەسیخووڕەکانی (سەرهەنگ) لەڕێگای ئەو بۆنەوە، ئەو ژن و پیاوانەیان دەناسییەوە، کەلەوچەند سەعاتەکەمەی پرسەکەدا ئامادەبوو بوون.. )). (مەرگ تاقانەی دووەم، ل 96)

واتا بەهۆی ئەو بۆنەوەبوو زۆربەی ژن وپیاوە بەدڕەفتارەکان وبێ ڕەوشتەکانی ژێرسایەی دەسەڵاتی (سەرهەنگ) ناسرانەوە.

لەڕۆمانی(حەسارو سەگەکانی باوکم )دا، بۆنی ناخۆش وبۆن سارد زیاتر لە بۆنی خوش باسکراوە، کە لەتەویلەو کولانەو ژێر قادرمە بۆنی شێی زۆر - بۆن سارد – و هەڵاوی ناخۆش بەتایبەتی لەگەرماو و هەموو شوێن وپەنایەکی حەساردا، لەنێوان ڕووداوەکاندا چەند جارێك بە ئاماژەیەکی دوور یان نزیك واتا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باسکراوە، بێگومان ئەم بۆن ساردو بۆنە ناخۆشە، ڕەنگدانەوەی دەروونی گێڕەرەوەیە،کە چۆن خۆشی و شادی وگەرم وگوڕیی هەست و سۆز وپەیوەندی وخۆشەویستی ئەندامانی خێزان بەهۆی ڕەفتاری توند و ڕەق و دڵڕەقی باوکەوە -باوکسالاری - سڕاوەتەوە و بوونی نەماوە، هەربۆیە خامۆشی و کپیی لەناو حەساردا و دواتریش لەدەروونی کوڕ و کچەکانیدا درووستکردووە. زۆر تایبەتتر لە هەموو بۆنە ناخۆشەکانی حەسار ئاماژە دراوە بە بۆنی جەستەو هەناسە و جل وبەرگی باوك کە هەر ڕۆژەی بەبۆنێکی ناخۆشەوە و جیاواز لەوانەی ڕۆژانی پێشووتر کوڕو کچەکانی وڕوکاس کردووە، بێگومان ئەمەش ئەوپەڕی ڕقلێبوونەوەیە لە باوك و ڕەنگدانەوەی دەروونی ڕۆماننووسە، چونکە بەسوزێکی گەرم وگوڕتر و بەوشەی کاریگەرتر لە وەسفی بۆنە ناخۆشەکانیتردا، کەپێشتر ئاماژەمان پێدا، بۆنی باوك خراوەتەڕوو، تەنانەت لەوکاتەشدا کەمنداڵەکانی لەناوحەوشەی حەساردا بۆپیرۆزیی، بەیانیان دەستی باوکیان ماچکردووە، واتا لە بارودۆخێکی ئارامیشدا ئەوپەڕی ڕق بەرامبەر باوك خراوەتە ڕوو (( ئێمە کوڕان وکچانی حەسار، تەنها ئەو حەلە لێی نزیکدەبووینەوە کەخۆی شل دەکرد، بەیانی زوو، بۆ موبارەکی دەستەکانی ماچ بکەین، بۆ براوخوشکە وردیلەکانم پتر دەنووشتایەوە، تادەمیان بگاتە ڕدێنی بەنیازی ماچکردن، ئەبەد بەو بۆنەی کەلە لەش و

جلەکانییەوە هەڵدەستا، هەرگیزا و هەرگیز ئاشنا نەدەبووین، ئاخر هەر ڕۆژە و بۆنێکی لێ دەهات، بۆنێکی جیا لەوەی دوێنێ و پێرێ. بۆنیك تا ئێوارە حۆل وگێژی دەکردین ..)). (حەسارو سەگەکانی باوکم، ل 29)

لێرەدا بۆنی جەستە هەمووی بەیەکەوە باسکراوە، نەك تەنیا شوێنێکی دیاریکراو، بۆ نموونە قاچی یان بنباڵەکانی . تەنیا بۆنێکی خۆش بۆنی (زێبا) ی خوشکیانە کەلەناو حەوشەی حەساردا باوکی ئەشکەنجەیداوە، بەهۆی ئەو تاوانەیەوە کەلەسەربان سەمایکردووە لە ژێر تریفەی مانگە شەودا تریقاوەتەوە، بەمجۆرە بەدەم ئازارو لێدانەکانی باوکیەوە، جەستەی بۆنیکی خۆش بە حەوشەی حەساردا بڵاودەکاتەوە :(( لەشی بەئارەق شەلاڵی چ بۆنێکی خۆشی بەو حەوشەدا دەپرژاند ... بۆنێك کە حەیرانی کردین، وەك کارمامزێکی سەرو مل تێل شکاو بەدەست باوکمەوە هیلاك وشەمزابوو ... بردی ...بردی تاوەك پاشماوەی تاوانێك لەم ژێر زەمینە تاریکەی حەساردا بیشارێتەوە .. )). ( حەسارو سەگەکانی باوکم، ل25 )

لەڕۆمانی (جەنگ) دا بەبەردەوامی باسی بۆنی گوڵاوو بۆنی خۆش دەکرێت، لەگەڵ ژەنینی شمشاڵێکدا لەلایەن کەسێکی نادیارەوە لەکات و شوێنی جیاوازدا ولەکاتی دڵتەنگی و نائارامی خێزانەکەدا بەتایبەتی دایکیان، تاکۆتاییەکانی تەمەنی گوێی لێببوە . هەروەها بۆنی گوڵاو لەگەڵ بۆنی خۆشی پێستی ئاسکەکەدا کە باوکیان ڕاویکردووە و دواتر پێستەکەیان هەڵواسیوە و هەموو ڕۆژێك گوڵاو پرژێنیان کردووە و ناوماڵەکەیانی پڕکردووە: (( بۆنی گوڵاو ڕێ ڕێ بە ژوورەکەدا دەهات و مێشکی مرۆڤی کاس دەکرد، سەراپا کەل وپەلەکانی ژوورەوەش لە بۆنی خۆش وەدەرهاتن و بەدەوروبەری ماڵەکەماندا پەرت و بڵاو دەبۆوە، بۆنی گوڵ و بۆنی ئاسك لەدوورەوە مرۆڤ وگیانلەبەر و زیندەوەری پەلکێشی دەوری ماڵەکەمان دەکرد.. )). ( جەنگ، ل19)

کاتێك دایکیان باسی (عەلی) براگەورە بۆ برای بچووك دەگێڕێتەوە، وەسفی جەستەی بۆنخۆشی (عەلی) دەکات، بەهۆی پاکیی و بێگەردییەوە لەلایەك و لەلایەکیتریشەوە بەهۆی دەستی پڕخێرو چاکەو پیرۆزی (محێدین خەنجەر) ەوە، کەپیاوچاکبووە و بۆنی خۆشی داروپەردووی ئەشکەوتی (محێدین خەنجەر) بەرجەستەی (عەلی) کەوتووە، لەو ڕۆژەوە کە (عەلی) کۆرپەبووە وبراوە بۆ ئەوێ . ئەمەش لەڕوانگەی ئایینیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەشکەوتەکە پیرۆز بووە لەلای خەلك، هە ربۆیە کاتێك (عەلی) لە دایکی دادەبڕێت و دەیبەن، بەردەوام بۆنی (عەلی) دەکات: (( بۆنی عەلی ڕێ ڕێ دێ .. ڕێ ڕێ دەڕوا، دۆڵاو دۆڵ، ڕووبارە و ڕووبار، چیا و چیا، بۆنی عەلی دەڕوا ... دێ و لەکونی کۆنە خانووەکەمان دێتە ژوورێ، بۆنیکی زۆر خۆش بەهەموو کەلێن و قوژبنێکی ئەم دنیایە بڵاوبۆتەوە، کە مرۆڤ لێی تێر نابێ، مرۆڤ کاس دەکات،...، عەلی دەیەوێ حەوشەو ماڵەکەشمان پیرۆزبن و بۆنی ئەشکەوتەکە بگرن، عەلی و ئاسکەکە بۆنی میسك وعەنبەریان لێ دێ )). ( جەنگ، ل27 )

لەڕۆمانی (باڵندەکانی دەم با) دا هەمیشە ئاماژە بەبۆنی ناخۆش دراوە، ئاماژە بەبۆنی دووکەڵی جگەرەو بۆن خنکاوی ژووری سارد وسڕی (فەرهاد) دەدرێت، کە گێڕەرەوە لەوەسفێکی (بارام) ی هاوڕێی (فەرهاد) دا کە بۆ ژوورەکەی فەرهادی دەکات، ئەم وەسفە و سەرتاپای وەسفی ژوور و خانووی داڕووخاو و بۆن خنکاویی و بۆن ساردی (فەرهاد) بەبەردەوامیی تاکۆتایی بوونی هەیە: (( نەمپرسی، بیری فەرهاد کەوتمەوە کە لە ژوورێکی تاریك و بچووك، ژوورێك کە بۆ کۆن و بۆنی زبڵی سووتاوی لێدەهات و بە دووکەڵ قانگ درابوو . لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرە دوودەو دووکەڵگرتووەکەیدا دادەنیشت ..)). (باڵندەکانی دەم با، ل 120)

لەڕۆمانی (ئەڵوەن ) دا، ئاماژە بەبۆنی ناخۆش دراوە وەکو بۆنی هەڵم و بۆخنکاوی هەڵم وهوڕی حەمام وبۆنی سارد و بۆنی خوێن لە (خان ) دا، کە ئاژەڵیان تیادا سەربڕیوە، زۆرجاریش بۆنی مردوو باسکراوە بەگشتی ئەم بۆنانە بە زۆرە ملێ و بەهۆی دەستی ڕۆژگارەوە ڕوو بە ڕووی کارەکتەرەکان بوونەتەوە و بێزاریانکردوون . بۆنموونە ئاماژە بە بۆنی مردوویەك دراوە، کە بۆ زیاتر لە سێ ڕۆژ بووە لە خانێکدا مردووە، (ئامە) لەگەڵ (لەیلا)دا بەرەو ڕووی تەرمەکەی (فەیمە) چوون و وەسفەکان بەزمانی لەیلاوە گێڕاوەتەوە: (( بەیانی ئەو ڕۆژەی (فەیمە) لە خانەکەدا دۆزرایەوە، کە زیاتر لە سێ ڕۆژ بوو مردبوو، بۆنی کردبوو، دەستی گرتم و بردمی .. )). (ئەڵوەن، ل 25 )

هەر بەو جۆە لە وەسفی ئەو حەمامەدا کە دایکی لەیلا بەزۆر (لەیلا) ی بردووە بیشوات، (لەیلا) دەیگێڕێتەوە: (( ئەشێ نەفرەتی من بۆ ژن بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی پێش جەژن کە دایکم وەك گیسك بەزۆر ڕایدەکێشامە حەمامەوە، حەمام، چ حەمامێ .. چ بۆنێ، ...، دەرگای ناوەوەی حەمامان دەکردەوە .. هەڵمێکی گەرم و بۆگەن هاڵاوی بۆ دەهێناین و هەرسێ چوار ئافرەتە و چواردەوری حەوزێکی گەورە دانیشتبوون )). (ئەڵوەن، ل 60-61 )

## ٣. گوتاری خوێن :

خوێن لە ڕۆماندا بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ دەکات لە پیشاندانی جەستەی کارەکتەرەکاندا ، بەچەندیین شێوە دەخرێتەڕوو ، بەپێی سروشتی هەر کۆمەڵگایەک ، لەدید و بۆچوونی هەموو کەسێکدا بەچەند واتایەک لێکدەدرێتەوە ، لە ناو سنووری ڕۆمانیشدا گرنگییەکی تایبەتیی خۆی هەیە .

لەلایەک گرنگیی بە خوێن دەدرێت وەکو بوونێکی ماددی ، کە پێکهاتەیەکی سەرەکیی جەستەیە و پەیوەستە بە ژیانەوە ، کە بەچەندیین شێوە لە ڕێگەی خوێن ڕشتن و (جەنگ) وە دەخرێتەڕوو . زۆرجاریش بە هۆی خوێن تێزانی ڕوخسار لەکاتی تووڕەیی یان شەرمدا و لە زۆر شوێندا بەشدارە لە خستنەڕووی جەستەی کارەکتەردا ، لە لایەکیترەوە خوێن وەکو لایەنی واتایی بەچەندیین ماناوە بەشدارە لە تێگەیشتنی کۆمەڵایەتیانەی گروپێکدا ، لەم ڕووەشەوە لەناو ڕۆماندا ڕەنگدەداتەوە .

لە ڕۆمانی (هێلانە)دا، خوێن بەشێوەیەکی بەرجەستە (ماددی) ئاماژەی پێدراوە، هەرچەندە ئاماژە بە ڕووداوی ئەنفال و مردنی بە کۆمەڵ دراوە کە مەبەستی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، بەڵام کوشتنی بەکۆمەڵ بەجۆری گولە بارانکردن و خوێن ڕشتنیان بوونی نییە و جۆری مردنەکەیان بەوردیی ئاماژەی پێنەدراوە . بەڵام خوێن ڕشتنی تاك لەکاتی مردن و برینداربووندا چەند جارێك بوونی هەیە و لەدوو شێوەی - برینی کۆن و خوێنی وشك بووەوە و خوێنی تازەو گەشی دەزووڵە بەستوو - دا خراوەتەڕوو . لەوێنەی خوێنی وشکهەڵاتوودا، کاتێك جافر لە دێیەکەی خۆیان نائومێد دەبێت و دەزانێت کەسی تێدا نەماوە، بەجێیدەهێڵێت . لەڕێگا دیمەنی چەند کەسێکی بەرچاو دەکەوێت یەکێك لەوانە پیرەمێردێکە، کە پێشتر سەری بریندار بووە: (( پیرەمێردێک سەری نیشاندبووە سەر سنگی لاوکارێك و خوێن بەلاجانگەکانیدا داچۆڕابۆوە سەر ڕوومەت و لاملی و وشك بوو بووەوە )). ( هێلانە، ل 81 )

لە دیمەنێکیتردا خوێنی دەزووڵەبەستوو - برینی نوێ - خراوەتەڕوو، کاتێك (سوبحان) بڕیاردەدات ڕێگەی پێشمەرگایەتی بگرێتەبەر، لەگەڵ (جافر) دا بەسەر چەندین شاخ و گرددا سەردەکەون، لەڕێگا (سوبحان) ئەژنۆکانی بریندار دەبن وخوێن دەزووڵە دەبەستێت: ((جافر بۆی دانیشتە سەر چیچکان، خوێن لە کڵاوەی ئەژنۆکانیەوە بەسەر هەردوولاقیدا دەزووڵەی بەستبوو، ناو هەردوو لە پیشی سوور دەچوونەوە .. )). (هێلانە، ل 261 )

لە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم)دا، پێش کوشتنی (ئەشرەف) وێنەی گەردەلوولێکی سامناک کێشراوە، کە زەرفی کاغەز و پاکەتی بەتاڵ و نایلۆن و پارچە کاغەزی جۆراوجۆریان هێناوە، بۆ ناو حەوشەی داپیرە، لەشێوەی تەمێکی خوێناویدا خراوەتەڕوو، واتا خوێن وەکو بوونێکی (ماددی) بوونی نییە، بەڵام شێوەی ئەو گەردەلوولە بەهۆی سووری خوێنەکە - خوێنی مەعنەویی - ەوە خراوەتەڕوو: (( لەبەیانی کارەساتەکەدا، کاتێک بۆ جاری دووەم بەئاگا هاتینەوە لە دیمەنی ئەو هەموو پارچە کاغەز و نایلۆنە دڕاو و زەرفە بەتاڵ و گەڵا زەردانە سەرمان سووڕما، کە گەردەلوولەکە هێنابوویە ژووری لەناو تەمێکی سووری مەیلەو خوێناویدا، هەستمان بە جۆرە ترسێک کرد و تێگەیشتین دیمەنی جۆرە کارەساتێک بەڕێوەیە.. )). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل٨)

لێرەدا لەبەر ئەوەی خوێن ڕەهەندێکی دەروونیی هەیە، لەهەموو کۆمەڵگایەکدا بە گشتی بۆ پیشاندانی ترس و ڕووداوی کتوپڕە، چونکە ڕەنگی خوێن و ڕەنگی ئاگرە، ڕەنگی ئاگادارکردنەوە و خۆئامادەکردنە .

لە ئاماژەیەکیتردا خوێن بەشێوەیەکی (ماددی) پیشاندراوە، کاتێک(ئەشرەف) دەکوژن دەمی پڕ دەکەن لە قژە بڕاوەکانی سەری، لەگەڵ ئەوەشدا تەرمێک بووە بێجووڵە و هەموو جەستەی لەکارکەوتووە، بەڵام برینێکی قووڵ بە خوێنێکی گەشی بۆندارەوە لەسەر گەرووی درووستبووبوو: (( کاتێک وامان لێکرد بەزمان

قسه نەکات، ئیدی لەبرینێکی سەر گەروویەوە قسەیدەکرد، برینێک لەگەڵ هاوار و جنێوەکانیدا، خوێنێکی گەشی بۆنداری لێدەهاتەدەرێ،...، تاناشتیشمان خوێن لە پووکی دەهاتەدەرێ و جێ چنگێکی ڕەش ڕەش لەسەر گەردنە بریندارەکەی بەجێمابوو )). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل ٤٩-٥٠)

دواتر ئاماژەدەدات بە تێکەڵبوونی خوێنی گەشی (ئەشرەف) بەو ساردییە ڕژاوانەی لەسەر جادەکە قڵپکرابوونەوە و هەبوون، ساردی و خوێن، گۆمێکی بچووکی ڕەش درووستدەکەن و دەوری تەرمەکەی دەدەن: (( ئەو هەموو ساردییە تێکەڵ بە خوێنەکەی بووبوو،...، لەگۆمێکی بچکۆلانەی ڕەشدا مەلەی دەکرد،...، جلەکانی بەخوێن و پەڵەی ڕەشی بیبسی و گەڵا داپۆشرابوو.. )). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل ٥٠)

لەڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم) دا، ئاماژەدراوە بە هەردوو جۆری - ماددی و مەعنەوی - خوێن. خوێن لەشێوەی ماددیدا خراوەتەڕوو، بەخوێنێکی تازەی سەر برین، یان خوێنی وشکهەڵاتوو، گێڕەرەوەکە کوڕی گەورە و بکوژی باوکێتی، کاتێک گوێی لە ناڵین و گریانی بەکوڵی دایک و خوشکەکانی دەبێت، لەتاو زەبر و زەنگی باوکی سەری خۆی بە دار و دیوارەکاندا دەکێشێت: (( پەڵە خوێنە وشکبووەکانی سەر خشتە دەرپەڕیوەکان ئەو شەو و ڕۆژە نەبڕاوانەم دێننەوە یاد کە شێتانە دەبوورامەوە و تەختی تەوێڵم پێدا دەکێشا )). (حەسار و سەگەکانی باوکم، ل ١١)

ئاماژەدان بەو خوێنە وشکهەڵاتووە، لە نموونەیەکی تردا زیاتر بەرجەستە دەبێت، کاتێک کوڕ و کچەکان لە گۆڕستان دەیانەوێت تەرمی باوکیان بنێژن، زێوانەکە لە بەرامبەر بێدەنگبوونیدا دەستدرێژیی دەکاتە سەر (زولەیخا) ی خوشکیان، لێرەدا ئاماژە بەخوێنی وشکهەڵاتووی کچێنی (زولەیخا) دراوە: (( کافرانە وەک هەر دەعەجانییەک خۆی دەخزاندە نێو هەردوو لاقی، لەحەژمەتانا زریکاندی، هەر هەموو مردووەکان بۆ ماوەی چاوترووکانێک ڕاچەنیین و پاشان نوستنەوە، تا هەنووکەش تکەی خوێنی کچێنی (زولەیخا) وا بەسەر بەردە سپییەکانی ئەو گۆڕەوە، بارانی چەندیین زستان نەیشۆریوەتەوە )). (حەسار و سەگەکانی باوکم، ل ١٥)

دواتر ئاماژە بە خوێنی تەڕ و برینی تازەی سەر ڕوخساری خوشکەکانی دەدات، کە لەتاو هاوار و زەبر و زەنگی باوکیان لێویان کرۆشتووە، هەر بەو جۆرە ئاماژە بە خوێنی تکاوەی سەر لێوی خوشکەکانی دەدات: ((ئەو تنۆکە خوێنانەی کە لە لێو کرۆژتنی کچانی حەسرەت دیدەوە دەتکان .. )). (حەسار و سەگەکانی باوکم، ل١٥-١٦)

لێرەدا ئاماژە بە باری دەروونیی ئاڵۆز و پەنگخواردووی خوشکەکانی دەدات، کە چۆن لەژێر دەسەڵاتی باوکدا ڕق و کینەیان گەیشتبووە ترۆپک .

لە ڕۆمانی (جەنگ) دا خوێن ئامادەبوونێکی زۆری هەیە و زیاتر لە شێوەی بوونێکی (ماددی)دا، دەردەکەون. سەرەتا بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێدەدات، دواتریش بە شێوەی ڕاستەوخۆ: (( لەشی هەمووی

برینی بەسوێ بوو، شەبەقی گەورە گەورەی تێبوو،...، دەمووچاوی بە خوێن خۆی بە ژووریدا کرد،...، باوکت ڕۆحێکی نیوە مردوو بوو، لەناو جەستەیەکی خوێناوی کوتراودا )). (جەنگ، ل ٢٤)

هەروەها لە ئاماژەیەکیتردا دایک وەسفی جەستەی (عەلی) کوڕی دەکات، کە چۆن جۆگەلەیان بەستووە و بوون بە ڕووباری خوێن، واتا خوێن وەرگیراوە بۆ ئاماژەدان بە مردنی ناوادەی (عەلی) و شێوازی دڕندانەی تورکەکان: (( لە سەنگەردا جەستەی کون کون بووی، پەنجەی براوەی پێی خوێن تێزاوەی دە ڕۆژ، خوێنی لێ دەچۆڕایەوە و ڕژایە سەر خاک و خۆڵی سەنگەرەکە و بوو بە جۆگەلەیەک خوێنی سووری ئاڵ )). ( جەنگ، ل ٢٦)واتا ئەو پەڕی زیادڕەویی کراوە لە جەستەیەکی بریندارەوە، کە چۆن خوێنی جەستەی دەبێت بە جۆگەلەیەکی خوێن.

لە ڕۆمانی (ئەژدیها) دا ڕۆماننووس بەناوی (زێڕین ) ەوە بیروڕاکانی خۆی دەردەبڕێت - بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ - کاتێك خوێنی (زێڕین) تێکەڵ بەخاکەکە دەبێت لەهەردوو بارودۆخی هەق و ناهەقدا، کاتێك خوێنی بە هەق ڕژا ئەوکاتە تێکەڵ بە بەفرەکە دەبێت و لە وەرزی بەهاردا گوڵ لە جێگەی دەڕوێت.

بەڵام کاتێك خوێنی (زێڕین) بەناهەق ڕژا دڕك لەخاکەکەوە سەردەردەهێنێت - بەتایبەتی کە ناوی دڕکی سووردێت - لێرەدا (زێڕین) بەمانای خاك ونیشتمان وەرگیراوە وبەکارهاتووە، خوێنی ڕژانی باڵەکانی زێڕین، واتا خوێنی ڕۆڵەکانی نیشتمان کەلەهەردوو باری هەق و ناهەقدا دەڕژێت، ئەگەر مەبەستی نووسەر لە جەنگی نێوان (عێراق وئێران ) بێت،کەبەناهەق ڕۆڵەکان بەدەست ڕژێمی بەعسەوە دەکرێن بەقوربانیی ئەوجەنگە، لەسەر خاکەکە دڕکی سوور دەڕوێت و جارێکیتر خوێن دەڕژێتەوە و تۆوی ڕق و دووبەرەکیی وخوێن ڕشتن دەچێنرێت، کەدڕکی سوورە . لەهەمان کاتدا خوێنی ڕۆڵەی کوردە لەپێناوی خاك و نیشتماندا، بەهەقی دەزانێت - کەمەبەستی لە شەهیدبوونی پێشمەرگەیە لەوکاتەدا لەدژی ڕژێمی بەعس بەشاخەوە بووە، لەسەر خاکەکە گوڵ دەڕوێت، واتا نەوەی نوێ پێدەگەیەنێت بۆ پارێزگاری لەخاك ونیشتمان، واتا گەرم وگوڕیی بەخاك بەخشیوە لەدوای وەرزی زستان وبەفرو باران، ئەم خەباتکردنە لەخاك ونیشتمان چەندین جار لەمێژوودا دووبارە بووەتەوەو شێوەیەکی بەردەوامی هەیە، هەربۆیە دەچوێنرێت بە ڕواندنەوەی گوڵ لەخاکدا، بەمجۆرە بەناوی (زێرێن) ەوە - نیشتمان - ەوە دەدوێت: (( ئیوە بەرز فڕانی بێ باڵ، دڵۆپە خوێنی هاوڕێیانی بریندارتان تکایە سەرمن، منیش هەڵمدەمژی، ڕەنگە سپییەکەمی دەگۆڕی، بۆ چەند ساتێك منی ساردی گەرم دەکردەوە، بۆ ئەوەی بەئەمانەتەوە لە وەرزێکی غەیری سپی وسارددا، بەڕووەکێکی بسپێرم، دەشێ ئەو دڵۆپە خوێنانە هەندێکیان ببن بەگوڵ، هەندێکیشیان ببن بەدڕکی سووری تیژ.. )). (ئەژدیها، ل 158)

خوێن بەشێوەیەکی (ماددی) پیشاندراوە مەبەستیش لە ئاماژەدانە بە چەند بیرومەبەستێکی جۆراوجۆر، بۆ نموونە (میر ئەسەدوڵڵا) بەشمشێر کوڕی بچکۆلەو کچۆڵەی ( پەری) سەردەبڕێت، (پەری) بێدەنگ دەبێت ڕۆڵەکانی سەردەبڕن . ئەم ڕووداوە دەچوێنێت بە کوردستان، کەلەناو خاکی کوردستاندا ڕۆڵەکانی دەکوژرێن

و کەسیش نییە  لەسەریان هەڵبداتێ: (( میر خەنجەرەکەی بەملی کچۆڵەکەدا دەهێنێ وسەری دەبڕێ، خوێنی کچۆڵەکە  نەبووە مایەی ئەوە (پەری) سست و گۆدبێ، ئەوەی لەوکات و شوێنەدا پەری نەیدەزانی تەنها ترس بوو،...، میر ڕقی گەیشتە پۆپە، پەلاماری کوڕەکەی (پەری) دا، بەهەمان دەستوور ئەویشی سەربڕی، خوێنی هەردوو منداڵەکە تێکەڵ بوون، (پەری) ئۆفی لەزار نەهاتەدەر.. )).  (ئەژدیها، ل37)

ئەو پیاوە زاڵمەی کەناوی میربووە- میرئەسەدوڵڵا - دەبێ بە بەراز وبەهۆی ئەم ڕووداوەوە لای ڕاستی شاخەکە دەبێت بە – بەرازگر - وناو دەردەکات، زوڵم و زۆرداری ئەم پیاوە زاڵمە بەناو هەموو ناوچەکانی ( شێرکوژ)دا بڵاوبووبووەوە.

لەڕۆمانی (گەماڵ) داپیشاندانی جەستەی گەماڵ وبوونی تووك لەسەر جەستەی بۆ خستنەڕووی جەستەی خاك ونیشتمان وڕۆڵەکانێتی، کە وەکو تووکی چڕوپڕی گەماڵەکە زۆرن، ئاماژەدان  بەخوێنی سەر ڕانی (گەماڵ)، مەبەست لەبەشی خوارووی کوردستانە وخوێنی لێ چۆڕاوە  هەتا قەتماغەی  بەسەرهەموو تووکەکانییەوە بەستووە . هەر بۆیە کاتێک (فەرەج) دەبینێت جەستەی ورچە گەماڵ لەخوێندایە بەهەردوو چەپۆل دەیدا بەسەری خۆیدا و دەڵێت: (ڕۆڵەڕۆ)، ئەم ووشەیە مانای شەهید بوونە، ڕۆڵەکانی نیشتیمان تەواو بەرجەستەدەکات: (( ئاوڕی لە ورچە دایەوە، دی خوێن بەسەر توکی ڕانیەوە قەتماغەی بەستبوو، هێندە بە زمان لێسابوویەوە دەم و قەپۆزی لە خوێنی خۆیدا ڕەنگین بووبوو، بە شەلەشەل تاو تاو بەدەم وەڕینەوە پرتاو بەرەو خواردەبویەوە و دیسانەوە دەگەڕایەوە لای فەرەج و نووزە و قۆزەی دەستپێدەکرد، ورچە بە زمانی بێ زمانیی داستانی بۆ فەرەج دەگێڕایەوە، فەرەج بەهەردوو چەپۆك ماڵی بەسەریداو بانگی لێ بەرز بوویەوە ... ئەی هەناسەی ساردم، ئەی ماڵی وێرانم، ڕۆڵە ڕۆ )).  (گەماڵ، ل 5-6 )

لە ڕۆمانی (ئەڵوەن) دا، ئاماژە دراوە بە خوێن وەکو پێکهاتەیەك و بوونێکی - بەرجەستە -ماددی - لەهەردوو جۆری خوێنی (مرۆڤ و ئاژەڵ)، بەڵام بەرادەیەکی زۆرتر خوێنی ئاژەڵ و سەربڕینی لە خاندا، ئامادەبوونی زیاترە لە خوێنی مرۆڤ: ((ئیتر ڕۆژێك پێش جەژن قڕ دەکەوتە ناو ئەو مەڕ و بزنانە، مانگا، گا، هەرچییەکی تیابوایە دەفرۆشرا و هەر لەوێ سەریان دەبڕا ... ئیتر ئەو خانە پڕدەبوو لە خوێن و خانەکەیش دەبوو بە قەسابخانە،...، تەنیا مانگا جوانەکەی پوورە فاتە نەبێ، کە بەر چەقۆی (ئەحمەد شوان) نەدەکەوت .. هەرچی ئاژەڵ لەو ناوە هەبوو سەردەبڕان ..)).  (ئەڵوەن، ل 60 )

هەروەها ئاماژە دراوە بە خوێنی کچێنی (سەعدییەی ئامە تلیاککێش)، کاتێك (سەعدییە) لە حەوشەکەدا بەژێر کراسێکەوە جلی شتووە، لەپڕ (ڕەحیمە کەچەڵ) ی نەوت فرۆش هاتۆتە ژوورەوە و دەستی سەعدییەی بەستووە و دەستدرێژی کردۆتە سەری، دواتر کەناسێك دێت بە هانایەوە، دەبینێت لەناو خوێندا گەوزاوە: (( کەناسەکە بەشان دەرگاکەی کردەوە، هاتە ژوورەوە، ڕەحیمە کەچەڵ حەپەسابوو، دەترسا، کەناسەکە هیچی

نەوت، بەدەستی چەپی هەڵیساندمەوە، دەستی ڕاستی لەخوێنەکەم وەردا و بەسەروچاوی ڕەحیمە کەچەڵیدا هێنا .. )). (ئەڵوەن، ل 104)

لێرەدا دەستی چەپی بۆ هەستانەوەی (سەعدییە) بەکارهێناوەو دەستی ڕاستیشی بۆ ئەو شایەتیدانە بەکارهێناوە، کە خوێنی کچێنی (سەعدییە)ی لە ڕوخساری (ڕەحیمە کەچەڵ) هەڵسووە بۆ ئەوەی تاوانەکە بەڕوخساریەوە بمێنێت و ببێت بە نەنگیی و شوورەیی بەدوایەوە، چونکە هەموو شایەتیدان و سوێندخواردنێك بەدەستی ڕاست ئەدرێت بۆیە ئاماژە بە دەستی ڕاست دراوە لەم کردارەدا.

## ٤. گوتاری زمان :

زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ناسینی مرۆڤدا، بەهۆی ئاخاوتنەوە لەکەسایەتییەکان تێدەگەین، ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و جۆری بیرکردنەوە و هەڵوێستی بەرامبەر بە ژیان و دیاردەکانی ناوی ڕووندەبێتەوە، سروشتی ئاخاوتن لەگەڵ چۆنیەتی ڕەفتاریدا کەسایەتیەکانمان بۆ دەخەنەڕوو، زۆرجار (( ناسین و دۆزینەوەی ئەم کەسایەتیانەش لەڕوانگەی زمانەوە دەستەبەر دەبێت، چونکە لە ڕێگای وشە و دەربڕین و ئاوازی دەنگ و ڕستەکانەوە، جۆری مرۆڤەکان دەناسین )).[1]

ئەو دەنگ و ئاوازەی وشەکان لەکاتی دەربڕیندا دەیبەخشن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەگەیاندنی پەیامەکەدا و زۆرجاریش دەستەواژەیەك واتای جیاواز هەڵدەگرێت، خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا بەرزیی و نزمیی دەنگەکان و دانانی هێز لەسەر وشەکان بەشێوازێکی سروشتی جێ بەجێ دەکات، بەم پێیە ئەو زمانەی کە دەقێکی پێ دەچنرێت لەچەند ڕوویەکەوە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، زۆرجار هێز و ئاوازی وشەکان واتای جیاواز بەڕستەکان دەدەن ((لەزمانی کوردیشدا وەك هەموو زمانەکانی تر ئاواز ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە بۆ تەواو کردنی واتای دەربڕینە زمانییەکان، چونکە زمانی کوردی زمانێکی ئاوازەیی چالاکە، بەهۆی ئاوازەوە چەندین مەبەستی جیاجیا دەردەبڕێن)).[2]

زۆرجار بەخشینی ئاواز بەم وشانە، چەندین وشەی هاوواتا یان دژواتامان دەداتێ، هەروەها بوونی دەنگەکان لەناو سنووری وشەکاندا سیمایەکی تایبەتی بە ئاستی دەنگ و جۆری مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ ئەم دەنگ و وشانەدا دەردەکەوێت، جگە لە جۆری لێکدان و چنینی ڕستەکان و هەروەها بەکارهێنانی زمانێکی نەرم و نیان و ئاشنا بە گوێی خوێنەر، زۆرجاریش بەپێچەوانەوە وشەی قورس و ئاڵۆز و تاڕادەیەك لەنامۆ لەگەڵ واتایەکی زبر و ڕەق و بەکارهێنانی زمانی پڕ هەڕەشە و توندوتیژیی لەلایەن کارەکتەرەکانەوە دەبن بەسیمایەك بەدەقی ڕۆمانەوە .

[1] دەروون عەبدولڕەحمان سالح، ڕۆڵی زمان لە ئاراستەکردنی لایەنی دەروونیی تاکدا – لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی دەروونییە، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١٤، ل ١٠٧

[2] هێمن عەبدولحەمید شەمس، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، ل ٥٤

مرۆڤ لەڕێگای هێما و ئاماژەکانی جەستەیەوە ویست و خواستەکانی بە بەرامبەری دەگەیەنێت، هاوکات لەگەڵ قسەکردن و ئاخاوتندا، ڕاستگۆیی لە دەربڕینی ئەو ویست و خواستانەوە بەدیدەکرێت، چونکە مرۆڤ لە جیهانی هەست پێنەکراو و ناخ و دەروونییەوە - نەستییەوە - دەریدەبڕێت، ئەم بابەتە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بەو جیهانە شاراوەیەی مرۆڤەوە هەیە (زانایانی دەروونناس پێیان وایە کە(٦٠% - ٨٠% )ی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مرۆڤ بەشێوەیەکی بێئاگایانەیە و وشەو ڕستەکان (٧% - ٨%)ی هەڵسوکەوتی مرۆڤ پێکدەهێنن،...، (ئەلبێرت میهربیان) پێیّ وایە کە ئاخاوتنی مروڤ تەنها (٧%) ی وشەی تێدابەکاردێت و(٥٥%)ی لەڕێگەی جەستەوە دەبێت و (٢٨%) ی بەهۆی ئاوازی دەنگەوەیەو بەشێکی سەرەکی زانستی (پارالینگویستیك -paralinguistic )ە،کە زمانی جەستە بەشێکی سەرەکییەتی )).[3]

لەبەرئەوەی تاکیش وەکو کەسایەتیەك لەناو ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا پەروەردەبوو، ئاشکرایە هەڵگری زۆرینەی نزیك لەسەرجەم ئەوتێڕوانین و بیر و باوەڕانەیە کە ساڵانێکە بناغەی ئەو کۆمەڵەی پێدارێژراوە، هەرچەندە سەرنجی تایبەتی تاك کەم و زۆر لەیەکێکەوە بۆ یەکێکیتر دەگۆڕێت و لەکەسایەتیدا ڕەنگدەداتەوە، فەرهەنگی وشەکانی هەرکەسایەتیەکیش، هەرچەندە کاریگەری دەوروبەری لەسەر بێت، تاڕادەیەکی زۆر سیما و تایبەتێتی کەسێتی تیادا ڕەنگدەداتەوە. لەکاتی ئاماژەدان بەزمانی دەقێکی ڕۆمان مامەڵەیەکی تەواو سەربەخۆ دەربارەی دەکرێت، هەڵبژاردن و چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی زمان و توانای زمانیی نووسەر دەکرێت بەبابەتێکی سەربەخۆ.

زمان ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەو کۆمەڵگایەیە کەقسەی پێدەکەن لەهەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و زانست و تەکنەلۆجیا و ئایین و ..هتد . بۆنموونە ئەگەر دەستە و گروپێک ڕامیاری بوو، فەرهەنگی وشەکانی زیاتر دەربارەی ڕامیاری دەبن، هەروەها بۆ دەستە و گروپێکیتری خوێندەوار و شارستانیش بەوجۆرە (( زمان لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازی بەخۆیەوە دەبینێ، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە وشەکانی زمان بەپێی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و ئایینی خۆیان دەگونێنن )).[4]

لەگەڵ سەرنجدانمان لەو زمانەی کەدەقی ڕۆمانەکەی پێدارێژراوە، زمانی چینەکانی کۆمەڵ وەکو خوێندەوار و نەخوێندەوار، یان زمانی شارستانیانەی پڕ وشەی فەرهەنگی زمانەکانیتر دەبینینەوە، واتا ئەو زمانەی کە کۆمەڵگاکەمان بۆ پێناسە دەکات، دەبن بەڕاڤە و شیکردنەوەی کارەکتەرەکان لەڕووی هەڵوێست و پابەندبوونیان بەلایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانەوە، ئاستی خوێندەواری و پێگەیان لەکۆمەڵدا، زمانی بەکارهاتووی هەریەك لەوکارەکتەرانە دەبن بە ڕێگایەك بۆ گەیشتن بە دەروون و لایەنە پەنهانییەکانی کەسایەتییەکان.

---

[3] دەروون عەبدولڕەحمان سالّح، ڕۆڵی زمان لە ئاراستەکردنی لایەنی دەروونیی تاکدا – لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی دەروونییە،ل ( ١٢٣ – ١٢٤ )
[4] نەوزاد ئەنوەر عومەر، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پراگماتیک لە زمانی کوردیدا، ل ٩

زۆرجاریش مەبەستی نووسەری لەگەڵدا ئاوێتە دەبێت . دەبینین (( هەندێکجار نووسەر لەچین و بنیاتنانی دەقێکی پەخشانی دا سوود لەوشێوە دەربڕین و ئاخاوتنانە وەردەگرێت، کە خەڵکی لەژیانی ئاسایی ڕۆژانەیاندا بەکاری دەهێنن، هەندێکجاریش لەو دەربڕین و ئاخاوتنانەدا هەندێك دیاردەی تێك شکاندن و جێگۆڕکێ دێتە ئاراوە،..، مەسەلەی جێگۆڕکێ کردن و یاریکردن بە کەرەستەکانی زمانەوە لەبنیاتی دەقدا چ کەم و چ زۆر خۆی لەخۆیدا بۆتە دیاردە و لەبنیاتی دەقدا بەکاردەهێنرێت، لەلایەکی تریشەوە تاڕادەیەکیش ڕەنگە پەیوەندی بەباری دەروونیی خاوەن بەرهەمەکەوە هەبێت، هەموو کەسێك سوود لەزمان وەردەگرێت هەر لە بەقاڵ و حەماڵ.. تا گەورەترین ڕۆشنبیر و زانا )).[5]

لێرەدا گرنگیی زمانی دەقێکی ڕۆمانمان بۆ ڕووندەبێتەوە، بەو پێیەی زمان لەخودی خۆیدا دەربڕی هەموو هەست و نەست و پەنهانییەکانی دەروونی مرۆڤە . بێگومان ڕۆماننووس کەم و زۆر کەسێتی خۆی وەکو سێبەرێك بەسەر هەموو کارەکتەرەکانەوە دادەنێت و هەموو ترپە و دەنگ و خشپەیەك دەربڕی دەروونە شاراوەکەی ڕۆماننووسن لەچەند شێوازێکی جۆراوجۆردا بەپێی چۆنیەتی داڕشتن و ئاستی هونەریی دەقەکە.

هەندێکجار لەڕۆماندا زمانی شارنشین و لادێ نشین جیادەبێتەوە، نووسەر بەمەبەست ئەو وشانە هەڵدەبژێرێت کەئاستی ژیان و ژینگەی کارەکتەرەکانی پێ دەربخات، هەروەها دەزانین چۆنیەتی ڕەوتی ژیان و مامەڵەکردنی هەرتاکێك لەلادێ نشینەکاندا لەگەڵ سروشت و دەوروبەر و ئاژەڵداریی و باخدارییدا، کاردانەوەی لەسەر زمان و فەرهەنگی وشەکانی دەبێت، بۆ شارنشینش هەربەوجۆرە خووڕەوشت و نەریت و ئەدگاری هەر کۆمەڵگایەك چ لەلادێ و چ لەشاردا، کاریگەری لەسەر وشەی فەرهەنگیی و ئاخاوتنی هەرکارەکتەرێك دەبێت، بەواتایەکیتر (( زمان و کلتور لەپەیوەندییەکی داستان ئامێزی بەردەوامدان، هیچ زمانێك بەدی ناکرێت کە ڕەنگ و بۆنی کلتوری نەتەوەکەی نەدات و کلتوریش لەدنیادا نییە کە تاو و تەئسیری زمانی نەتەوەکەی لەسەرنەبێ )).[6]

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت زمانێکی چڕوپڕی پڕ وشەی فەرهەنگیی لەکلتورێکی ڕەسەنەوە سەرچاوە دەگرێت و بەپێچەوانەشەوە لە کلتورێکی سادە و ساکاردا فەرهەنگی وشەکان لاوازدەبن، لەگەڵ ئەوەشدا ((لەهەموو زمانێك دا هەندێك دەربڕین هەن کەناونانیان شێوازێکی قەدەغەکراوی پێوە دیارە یان هەر دەربڕینێك پەیوەندی بەو وشانەوە هەبێت، هەرلەناو کۆمەڵ خۆشیدا چەند دەربڕینێك هەیە و ڕێگەی پێدراوە بۆ ئاماژەدانیان کە ناڕاستەوخۆ هەمان ئەرك دەبینن، کەپەیوندیان بەکلتور و تێگەیشتنی کۆمەڵەوە هەیە (قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵ)، وەك: کفر، نەخۆشی کوشندە، سێکس، مردن..)).[7] ئەمانە لەکۆمەڵدا باسناکرێن، بەپێی پێودانگی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان پێدەدرێت، واتا کۆمەڵگا هەندێك شێوەزاری قسەکردن دێنێتەکایەوە کە بە(سۆسیۆلێکت) یان (دیالێکتە کۆمەڵایەتیەکان) ناودەبرێن، مەبەستیش لە

---

[5] عطا رشید قادر، بنیاتی دەق لە درامای کوردیدا ( ١٩٧٠ – ١٩٩١ )، تێزی دوکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردەی کەلار ( زانکۆی سلێمانی / فاکەڵتی پەروەردەی کەلار )، ٢٠١٢، ل ( ٦٠ – ٦١ )

[6] عەبدولخالق یەعقووبی، لە کلتوورەوە بۆ ئەدەبیات ( کۆمەڵە وتار )، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٣٥

[7] هێمن عەبدولحەمید شەمس، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، ل ( 127 - 128 )

(سۆسیۆلێکت) (( شێوەیەکی زمانە لەکۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا کاری پێدەکرێت، تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆی هەیە، زیاتر بەهۆی فراونیی گەشەی کۆمەڵگا و ئاڵۆزی ژیان و زۆربوونی پیشەوە درووستبووە، ئاخاوتنی پیشەوەرانیش وشە و زاراوەی پیشەکانیان لەئاخاوتنیاندا بەکار دەهێنن ئەمەش (دیالێکتە کۆمەڵایەتیەکان) درووستدەکات، بۆنموونە شێوازی دیاریکراوی وەك کۆمەڵە ئاخاوتنی پیشەی دارتاشی و ئەندام پەرلەمان و زمانی دادوەران وەك سۆسیۆ دیالێکت ناودەبرێن )).[8]

زمان ڕەنگدانەوەی باری ژیان و تێڕوانین و جۆری بیرکردنەوەی خاوەنەکەیەتی، لەهەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەی باری سەرنجی کۆمەڵیشە بەرامبەر بە ژیان، بەوپێیەی هەرتاکێك لەکۆمەڵگایەکی دیاریکراودا پەروەردە دەبێت، زۆرجار بیروتێڕوانینی کەسێك جیاوازە لەکۆمەڵ یان بەپێچەوانەوە بۆ هەردیاردە و لایەنێکی ژیانی ئەوکەسە، ئەم دووتێڕوانینە دژبەیەکە دەبێت بەهۆی درووستبوون و کەڵەکەبوونی هێزێکی زۆر لەسەر دەروونی مرۆڤ و بەهۆیەوە چەندین کێشەی دەروونی لێدەکەوێتەوە . هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین شێوەزار و دیالێکتی کارەکتەرەکان دیاریبکەین پاشان بەوردیی لەچۆنیەتی دەربڕین و ئاخاوتنی تایبەتی کارەکتەرەکان - ئەکسێنتەکان - بدوێین . سەبارەت بەشێوەزار ئەو شێوە ئاخاوتنانە دەگرێتەوە تایبەت بێ بەناوچەیەك و بەهۆی هەندێك هۆکاری کۆمەڵایەتی و بوونی داب و نەریتی تایبەتیەوە لە ناوچەیەکیتری جیادەکاتەوە، کەخاوەنی چەند سیما و خەسڵەتێکی تایبەت بەخۆیەتی، بەمجۆرە لەزمانێکدا چەند دیالێکتێك یان شێوەزارێکی قسەکردن هەیە کە (( هەریەکێکیان لەبوارەکانی دەنگ و دانەی فەرهەنگی و وشەسازی و ڕستەسازی لەویتری جیادەکاتەوە، هاوکات بەتێپەڕبوونی کات و بەهۆی هۆکاری سیاسی و جوگرافی و ڕۆشنبیریەوە پەرە دەسێنێت و دەگۆڕێت، تاکو ببێت بەزمانێکی سەربەخۆ )).[9]

شێوازی قسەکردن و گفتوگۆکردنی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمان و بەربڵاویی و فراوانیی بەکارهێنانی ئەو شێوەزارانە، بوارێکی فراوان دەخاتە بەردەست بۆ لێکۆڵینەوەی شێوازی ئاخاوتنی کەسایەتیەکان (( جیاوازیی نێوان تاکەکان لەڕووی ڕۆشنبیری و ئابووری و جۆری پیشە و ..هتد،کۆمەڵگا دەکات بەچەند چینێکەوە و لەئەنجامی دابەشبوونی جیاوازیی کۆمەڵگاوە، دیالێکتی ناوچەیی جیاوازیش دێتەکایەوە - دیالێکتی کۆمەڵایەتی - کەپشت بەجیاوازیی کۆمەڵ و چینەکانی و تەمەن و بۆنە و ڕەگەز دەبەستێت )).[10]

بەهۆی ئەو گرنگیەی ئەدەب هەیەتی لەژیانی مرۆڤدا و پەیوەستبوونی بەهەموو لایەنەکانی ژیانەوە، بەوپێیەی ئەدەب ڕەنگدانەوەی ژیانە لەهەموو ڕەهەندەکانەوە، بەهەموو جۆرە هونەرەکانییەوە، ڕۆڵی زمانیش لەگوزارشت و پاراستنی ئەدەبدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها ئەدەب لەخودی خۆیدا چەندین شێوەزار و وشەی فەرهەنگیی بەدرێژاییی مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەك پاراستووە، بەو واتایەی پەیوەندی زمان و ئەدەب

---

[8] بێستون ئەبوبەکر عەلی، دەرکەوتەی دوودیویی زمانیی لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کوردی، ٢٠١٥، ل ٥١

[9] ڕۆکان عەبدوڵڵا محەمەد، چەند تایبەتێتییەکی ناوچەی گەرمیان لە ڕووی فۆنەتیک و گراماتیکەوە ( لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە )، تێزی دوکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، ٢٠١٥، ل ٤

[10] ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد، سینۆنیم لە زمانی کوردی ناوچەی گەرمیاندا ( لێکۆڵینەوەیەکی واتایی و پێکهاتەییە )، ل ٨

یەکانگیرە، مرۆڤ بەهۆی زمانی دەربڕینەوە، هەموو هەست و تێڕوانینەکانی چڕدەکاتەوە و دەیخاتە دووتوێی جۆرێکی ئەدەبیەوە و ڕادەی کاریگەری ئەدەبیش لەسەر دەروونی مرۆڤ وەکو پێوەرێکی ڕەخنەیی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، هەروەها (( ئەدەب وەك شۆڕشێکی سۆزی و ویژدانی وایە لەدەروونی نووسەردا،...، بەهۆی ئەو زمانەی بەرهەمەکەی پێ دەردەبڕێت، جۆرێك لەسەربەخۆیی و ئازادیی ڕاوبۆچوونی تایبەتی نووسەر دەردەخەن سەبارەت بەژیان بەگشتی )).[11]

لەم ڕوانگەیەوە و بەهۆی کاریگەریی هۆکارە دەروونییەکانەوە مرۆڤ جۆرێك لەنائاگایی پێوە دیاردەبێت و بێگومان زۆر جاریش ڕەنگدانەوەی دەروون و دەربڕی زۆر لەپەنهانییەکانە، دەبینین (( زۆرجار لە گفتوگۆی نێوان خەڵکدا لەدیدار و چاوپێکەوتنەکاندا وشەکان هەورەتریشقە ئاسا لەزار دێنە دەرەوە و پێش بیرکردنەوەکان دەکەون و زۆرجار وشەی نەشیاو لەزار دێنە دەرەوە، سروشتی قسەکردن ڕاستەوخۆیە و زۆرجار بێ خۆئامادەکردن لەدەم دێنەدەرەوە، بەپێی باری شڵەژان و پەلەکردن یان لەبوونی هەست و سۆزێکی زۆردا،...، لەم بارودۆخانەدا مرۆڤ بەهۆی ناهاوسەنگی باری دەروونیەوە، وشەی نەشیاو و نەگونجا و بەکاردەهێنێت، کەباری دەروونی خاوەنەکەی دەردەخات )).[12]

سەبارەت بەهۆکاری ناهاوسەنگیی دەروونیی (حنان فتحی الشیخ) دەڵێت: (( بەهۆی شڵەژانی باری دەروونی و نەخۆشییەکانی جەستە و مێشکەوە زۆرجار کاریگەری لەسەر شێوەی گۆکردن و قەتیس بوونی دەنگ و ووشە و ڕستەکان دەبێت، یان تەتەڵەکردنی زمان، یان هەندێك دەنگ لە قوڕگدا پەنگدەخواتەوە، یان بەهۆی نەخۆشی ترەوە، تووشی درەنگ گۆکردن دەبێت لەهەموو ئەم بارودۆخانەدا کاردانەوەی خراپی شڵەژانی دەروونیی لە سەر کەسێتیی دەبێت، بەهۆی ئەم جۆرە ئاڵۆزییانەوە لە دەربڕیندا، لەدەقی ئەدەبیشدا ئاماژەی پێدەدرێت )).[13]

(عەبدوڵڵا سەراج) گرنگی بە زمانی دەربڕینی ڕۆمان دەدات، لەڕووی دروستکردنی ئەو جیهانە نامۆیەدا ( بەهۆی هونەرەکانی گێڕانەوەوە کە زمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دروستکردنی جیهانێکی نوێ، پشت بەڕێسا دەنگی و ئاماژەییەکانی و ڕێسا ڕێزمانییەکان و سیمانتیك و واتای جۆر بە جۆر دەبەسترێت ).[14]

لەڕووی گرنگیدان بە لایەنی دەروونیی کارەکتەرەکانەوە کێشمەکێشم لەنێوان (من - ئەو - منی باڵا) دا دەبێت و زمان ڕەنگدانەوەی تەواوی نەست - لاشعور - دەبێت و (لەسەر تەوەری سایکۆلۆجی خۆی دەڕوات، چونکە جڵەوی بزواندن لە دەستی (لاشعور) دایە و بەپێی ئەو داینەمۆیە زمان خۆی دەنوێنێت، کە دیالۆگی

---

[11] ابراهيم علي السلطي، التحليل النفسي فی النص الادبي، كشف العلاقة الثلاثية : الاديب، الادب، المتلقي، الطبعة الاولى، دار جليس الزمان للنشر و التوزيع، عمان، الاردن، 2010، ص ١٠

[12] لارس میلبین، سایکۆلۆجی زمان، وەرگێڕانی : غازی عەلی خورشید، چاپخانەی سپیرێز، دهۆک، ٢٠١٠، ل ( ١٣٦ – ١٣٧)

[13] حنان فتحي الشيخ، اضطرابات اللغة و الكلام، ص ( ١١٩ - ١٢٠ )

[14] عەبدوڵڵا سەراج، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٨

نێوان خۆی و دەروونە واتا لێکدانەوەی مانای وشەکان لە ڕوانگەی تاکەوە لێکدەدرێتەوە وکەسێتی خاوەنەکەی تەواو بەرجەستە دەبێت).[15]

هەرچەندە زۆرجار دەربڕینێك چەندین مانای جیاوازی بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و چۆنیەتی لێکدانەوەی بەرامبەری پێ دەبەخشرێت، بەڵام هەڵگری تێڕوانین و ناخ و دەروونی خاوەنەکەیەتی، وشە و دەربڕینەکان لە زۆربازدا (نەست - لاشعور) مان بۆ شیدەکاتەوە . زمان و دەروون تەواو ئاوێزانی یەك دەبن، هەربۆیە لەناو سنووری دەقێکی ڕۆماندا، ئەم بارودۆخە دەروونییە لەهەڵەکردن و ناتەواوی لەبەکارهێنانی دەنگ و وشە و ڕستەکاندا دەبینرێت، وەکو دووبارە کردنەوە یان پچڕان و ناتەواوی لەواتای ڕستەکاندا . بەهۆی کێشمەکێشم و دووبەرەکێی نێوان (ئەو، من، منی باڵا) وە و جەخت کردنەوە لە بابەتێك کە تاك پەسەندی دەکات و لەدژی تێڕوانینەکانی کۆمەڵە یان بەپێچەوانەوە تاك پەسەندی ناکات و لەدژی دەوەستێت و لەڕوانگەی دیدو بۆچوونی کۆمەڵەوە پەسەندە (( زمان پێناسی کۆمەڵایەتی خەڵك دیاریدەکات، هەر بەهۆی دەربڕینەکانیەوە دەتوانین بڕیار بدەین قسەکەر خەڵکی کوێیە و لە چ بارێکی دەروونیدا دەژی)).[16]

زۆرجار هەڵسوکەت و ڕەفتاری کارەکتەرەکان کاردەکاتە سەرلایەنی دەروونیی ئەوانیتر و ناڕێکی و نادروستیی ئەم ڕەفتارانەش لەدەروونێکی نائارام و ناجێگیرەوەیە بەم پێیە جگە لەڕەفتار، گفتار و ئاخاوتنی ئەو کەسایەتیانە ناتەواو دەبێت کە لەبەرامبەر کەسانیتردا هەڵوێست دەنوێنن هەڵە و کەم و کورتیی یان پچڕان و لەناوچوونی دەنگ و وشەکان یان دووبارەکردنەوەیان دەبن بەئاوێزانی ڕەفتارەکانیان زۆرجاریش لەتەنیا وەڵامدانەوەیەکدا و بەبێ ڕەفتارکردن ئەم دیاردەیە بەئاخاوتنیانەوە دەردەکەوێت بۆنموونە لەڕۆمانی (هێلانە)دا (عەزیزی خاڵی دایکی دلێر) کاتێك هاوسەرەکەی و منداڵەکانی لەپرۆسەی ئەنفالدا لێی جیادەبنەوە، بەڕێکەوت بەتەنیا ڕزگاری دەبێت ڕووبەڕووی حاڵەتێکی دەروونیی ناخۆش دەبێتەوە و تەواو لەژیان نائومێد دەبێت، دەبینین پچڕپچڕ قسەدەکات و تێگەیشتنی زۆر ئەستەمە: (( کەچی ئەو خاڵە عەزیزەی نەك تەنیا هەواڵی پێ نییە، بگرە بۆخۆی دەڵێی لەگۆڕی تەنگ و تارەوە دەرکێشراوەتەوە دەرەوە، بەجەستە چنگێك ئێسقانی چەوێڵ ئاسایە و پێستێکی گرنج گرنجی چرچ و لۆچیان تێوە پێچراوە، بەزمان و دەم و دووش لاڵەپەتەیەکی ئەوتۆیە، کە نەکەس تێی دەگا و نەخۆشی دەزانێ دەڵێ چی )). ( هێلانە، ل ١٨١ )

ڕۆمانی (هێلانە) بەزمانێکی ڕەوان و بەشێوەزاری شاری سلێمانی دەربڕاوە، هەندێك وشەی ناوچەکانی دەوروبەری تیادا بەکارهاتووە بۆ نموونە وشەی (دەشۆرد) لەشاری سلێمانی بەکارنایەت: ((ئەم لێرەش بەدەستووری لای ملە هەموو جار تراکتۆرەکەی ڕادەگرت و لایدەدا،دەم وچاوی دەشۆرد..)) (هێلانە، ل ٢١)

[15] محمد ڕێبوارتۆفیق، بە دەروونکردنی زمان  یان بە زمان کردنی دەروون، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ (١١)، تشرینی دووەمی ١٩٩٨، ل (١٠، ١١، ١٢ )

[16] نەوزاد ئەنوەر عومەر، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پراگماتیک لە زمانی کوردیدا، ل ٣

ئەم دیاردەیە زۆر بەکەمیی بەدیدەکرێت، چونکە دەبینین لەناو سنووری هەموو ڕۆمانەکەدا یەك دوو نموونە بەم جۆرە دەبینرێت واتا گێڕەرەوە لەدەرەوە وەسف دەکات (وەسفی کارەکتەرەکان یان شوێن و ڕووداوەکان) واتا ئازادی لەڕەفتار و لەزمانی قسەکردنیاندا هەیە و لەپیشاندانی وێنەی تایبەتی هەرکارەکتەرێکدا وێنەی ڕاستەقینەی ئەوکەسایەتیەمان بۆ دەردەکەوێت، بەو واتایەی لەلایەك زمانی گوزارشتکردن لەکەسایەتیەکان بەجۆرێکە تەواو بەرجەستەدەبن، لەلایەکی تریشەوە ئەو زمانەی کەهەریەکەیان پێی دەدوێن زمانی تایبەتیی گێڕەرەوە نییە و وشە و دەستەواژەی جۆراوجۆری تێدایە، بەپێی بارودۆخی تایبەتی کارەکتەرەکان، کە لە هەموو چین و توێژێکن و شێوازی تایبەتی خۆیانیان هەیە: (( پیرەمێردێکی ڕیش سپی دەم و چاو نوورانی بوو، بەدەم قسەکەیەوە، دەستی ڕاستی لێ هێنابوومە پێشەوە و پەنجەی شایەتمان و دۆشاومژەی بۆ
وەرگرتنی جگەرەکە لەڕوومدا والاکردبوون، داواکەییم لێ خۆش نەهات، بەڵام چۆن بتوانم بڵێم نەء .. )). (هێلانە، ل 81 – 82)

ئەو زمانەی بەکارهاتووە هەمووی کوردی پەتییە، بەڵام زمانی کاربەدەستانی ڕژێمی بەعس ئەگەر کوردیش بن لەهەموو شوێن و فەرمانگەیەکدا بێگومان بەعەرەبیە، هەر لەبەرئەوەیە هەندێك کارەکتەر بەعەرەبی قسەدەکەن، نووسەر بەمەبەست ئەو دەربڕینانەی بەکارهێناوە، هەتا کاریگەرتر زمانی هەڕەشەکانیان بکەونەڕوو: (( عریف عبود .. خطیة لاتخلی یتعذب، هدف زین علی راسه،...، عریف عبود.. خطیة انطي طلقة لوخ )). (هێلانە، ل 46)

ئەو زمانەی کە (سوبحان) بەکاریدەهێنێت، کاتێك دڵنیا دەبێت کەس و کاری بێ سەروشوێنن و ئەنفالکراون لەتاوا دەربڕینەکانی دەگەن بەڕادەی کفر و نارەزایی و بەگژاچوونەوەی خوا کەتاوانی ئەنفالەکەی دەداتە پاڵ چونکە ڕازیبووە بەو کارەساتە: (( تۆ خۆت فەرمووتە (فلم تقتلهم ان الله قتلهم )، تۆ خۆت پاکانەیان بۆ دەکەیت، خوایە تۆخۆت پێیان دەڵێیت (ئێوە نەتانکوشتوون من کوشتوومن)،...، نا نەخێر نەك هەر بەفریایان نەکەوتوویت، بەڵکو ڕازیبوویت بەکوشتن بچن، بۆچی؟! کەڕازیبوویت ..،...، یانی بڕیارت بۆداون ..، بۆچی ؟! یانی تۆ بکوژێت، تۆ بکوژی دایکم، باوکم، غوربەت، بنار و چنار و هەزاران هەزارەکەی تریت، بۆچی ؟! ئاخر بۆچی ؟! ..)). (هێلانە، ل 226)

ئەم شێوازە ڕەشبینیی و نائومێدییە لەدوای کارەساتی ئەنفال باڵدەکێشێت بەسەر زمانی هەموو کارەکتەرەکاندا - سەرەکی و ناسەرەکی- بەڵام پێشتر (سوبحان) زمانێکی گەشبینی هەبووە ( بەهۆی پەیوەندی و خۆشەویستی لەگەڵ غوربەتی هاوسەری و پەیوەندی بەسروشتەوە و جوانی دێی (حاجی سوبحان) کاریتێکردووە و هەروەها شانازی بەڕەچەڵەك و باوو باپیرانی خۆیەوە کردووە ).[17]

---

[17] سەرکەوت عمر ابراهیم، ململانێ کەسێتیەکان لە ڕۆمانەکانی حسێن عارفدا، ل ( ٩٠ - ٩٥ )

بێگومان ئەمانە لەناخ و دەروونی (سوبحان) دا کاردانەوەیان هەبووە، هەربۆیە لەسەرەتاوە تا کارەساتی ئەنفالەکە، زمانی ئاخاوتنی (سوبحان) و هەموو کارەکتەرەکانیتر گەشبینییان پێوە دیاربووە . ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و ئایین و چۆنییەتی سەرنجدانی لە ژیان و ڕاوبۆچوون و تێڕوانینەکانی لە زمانی کارەکتەرەکانییەوە و بەسەرنجدانمان لەو زمانەی، کە دەقەکەی پێ داڕێژراوە، دەردەکەون . بێجگە لەو زمانەی کارەکتەرەکان لەوەسفی (کەسایەتیی تر و شوێن و ڕووداو)دا بەکاریدەهێنن، گێڕەرەوە ئەو وەسفانەی دەیانکات وردتر و جوانتر مەبەست دەپێکن و لەڕووی هەڵبژاردنەوە لەفەرهەنگی زماندا و لەڕووی چۆنیەتی ڕیزکردن و ڕایەڵە و پەیوەندی نێوانیان، لەڕووی دەنگ و ماناوە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن: (( ئەو وەختەی گەیشتە سەر ملە، خۆر لەدەمکەلی (نزار)ەوە ڕێك هەڵکشابووە سەر سنگی ئاسمان، تیشکی زێڕینی لەنێوان ڕیشاڵە هەورەکانەوە بەسەرجەم ئاوایی و باخ و ڕەزو کێوەکانی دەوریدا پەخش کردبوو، سەربانی خانووەکان جۆگەلەی  ئاوی کانییەکان، گۆلاوی ناو کێڵگەکان، گژوگیای ئاونگلێنیشتووی قەد پاڵی گردو یاڵەکان، دارو دەوەنی چڕۆ تەقیوو دامێنی ئاودڕ و تاشەبەردی ترۆپکی چیاکان، بووبوونە ئاوێنە بەندێك و دەبریسکانەوە، ناو گوند بوو بووە کوورە هەنگەکەی ڕۆژانە و هاڵاوی گەرم و گوڕی ژیان لەشانە بەشانەیەوە هەڵدەستا.. )). (هێلانە، ل14)

هەر بەم جۆرە لە وەسفی دێی (قرژاڵان) دا، ترۆپکی جوانی و ڕازاوەیی ئەم وەسفەی کە بۆ (کانی قرژاڵان)ی دەکات، خوێنەر سەرسام دەکات: (( کانی لەبێخی تاشەلانێکەوە هەڵدەقوڵێ، بەژمارە بیژمێریت، دە دوازدە دەرووە قوڵپی درشت و وردت دێنە بەرچاو لەیەکبینا بەدەم قوڵپی ئاوەوە وردەزیخ و لمی دەرووەکان هەڵدەبڵوقینەوە، دەرووەکان ڕێچکە بەقوڵپە قوڵپیان دەبەستنە ناو جۆگەلەیەکی زیخەلانەوە، کەبریقوباق و بەدەم خوڕە خوڕێکی ئاوازبەخشەوە، بەرەو خوار بۆ ناو نشێوێك شۆڕدەبێتەوە )).  (هێلانە، ل21)

لە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) دا زمانی گێڕانەوەکە و سەراپای ڕۆمانەکە (کرمانجی ناوەڕاست - شێوەزاری سلێمانی) بەکارهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند جارێك شێوەزاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێوە دیارە، وەکو وشەکانی (بیمارستان، ماشێن، ئەمبوڵانس .. ).  (مەرگی تاقانەی دووەم، ل 26-27)

ئەم وشانە دەکرێت بەهۆی کاریگەریی ئەم شێوەزارەوە بەسەر فەرهەنگی زمانیی تایبەتی نووسەرەوە بێت، یان ویست و مەبەستی ڕۆماننووس بەو جۆرە بێت کە چەند وشەیەکی ڕۆژهەڵات لە زمانی دەربرینەکەیدا بەکاربهێنێت، ئەوەی زیاتر ڕاوبۆچوونەکەمان دەچەسپێنێت ئاماژەی تایبەتیی ڕۆماننووسە لەسەر دوا لاپەڕەی ڕۆمانەکە کە ئاماژەیداوە بەوەی لەسەر سنووری (عێراق – ئێران) لەبەهار و هاوینی (1986) دا نووسراوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار وشەی عەرەبی تیادا بەکارهاتووە، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی تایبەتی نووسەر: ((بێهوودە ویستبوویان بەو قامچییانەی دەستیان ویقاری پڕ لە جورئەتی ئەو مردنە لەسیمایدا بسڕنەوە کەلەدوا ساتی ژیانیدا کەوتبووە سەر ڕووی )). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل٨١)

هەروەها ئاماژەدراوە بە گۆڕانی زمانی (سەرهەنگ بەدری) کە کاربەدەستێکی گەورەی ڕژێمی بەعس بووە لەسلێمانی و بۆ پەردەپۆشکردنی کوشتنی (ئەشرەف) کە (سەعیدی سوڵتان بەگ و سەرهەنگ بەدری) ئەنجامیان داوە و دەیانەوێت بیخەنە ئەستۆی بیبسی فرۆشێك، کە گوایە پاسەوان بووە و لەو شەوەدا (ئەشرەف) خۆی فڕێداوەتە ناو عەمباری سندوقە بیبسییەکانەوە و پاسەوانەکەشی کوشتویەتی، هەر بۆیە (سەرهەنگ بەدری) بەچەندین شێوە زمانی ئاخاوتنی لەگەڵ بیبسی فرۆشەکەدا دەگۆڕێت تا ڕازییکات تاوانی کوشتنەکە بخاتە ئەستۆی خۆی: سەرەتا بەدەنگێکی نەرم و لەسەرخۆ کە گوزارشتە لە کەسێتی و شوێن و پایە و بارودۆخی ترس و هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر بەکاردێت، دواتر بەزمانێکی نیمچە هەڕەشە و ئینجا دەگەڕێتەوە سەر زمانی نەرم و ڕازیکردنی بۆ ئەوەی لە ترسدا کوشتنەکە بخاتە ئەستۆی خۆی و دانی پێدابنێ کە ئەو کوشتوویەتی: (( بەدەنگێکی نەرم باسی ئەوەی بۆ کرد چۆن پەنجە گلاوەکانی قەدەر ئەمجارە کەوتۆتە سەر گوڵێکی نەژاکاوی وەکو ئەم،...، ئەگەر چی هەموو ڕێگاکان ئەو بەرەو مەرگ دەبات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەوڵەت ئەو فەرامۆش دەکات، ماوەیەکی زۆر بەسەر گیانی لاوە پەشموورەکاندا بەدرۆبێت یان بەڕاست گریا و دواتر بە نیمچە هەڕەشەیەکەوە پێی گوت، ئەگەر نەیەوێت یارمەتی دادگا بدات دادگاش ناتوانێت یارمەتی بدات، ئینجا گەڕایەوە بەزمانێکی لووس گوتی، کە ئەمیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی زۆر کێشە و گرفتی گەورەی پێ چارەسەر بکەن )). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل ٦١)

لە ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم) دا بەشێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، شێوەزاری هەولێر بەکارهاتووە و سەرتاپای ڕۆمانەکە بەمجۆرەیە: (( ئەوەتا هەنووکەش گریەو زاری جەرگبڕیان هەراسانی کردووم، هەر تەنها دیوارێکمان تخووبە )). (حەساروسەگەکانی باوکم، ل 11)

وشەکانی (هەنووکە، تخووبە) مەبەست لە (ئێستا، نێوان)ە، هەروەها وشەکانی (لات و جووم) و (دەنێو) و (سەرپێیان) و (بسك و کەزی) نموونەی ئەم شێوەزارەن: (( هەستایە سەرپێیان و لاونیو وەستا، لاسەنگ و ناڕێك، پاش خامۆشییەکی دڵ پڕووکێن زمانی لستەوە و بەدنیهادانە گوتی ... )). (حەسار و سەگەکانی باوکم، ل 13)

دواتر وشەکانی (تووڕهەڵدان، سمت و کەفاڵیان) زیاتر ئەم شێوە دیالێکتە دەخەنەڕوو: ((لەڕەوەپەرییەکی نیگەران دەچوون کەئاسمان لێیان ڕەنجابێ و پاش پەڕوباڵ کردن و تووڕهەڵدان، بێ ناز بەسەر ئەو کێل و گۆڕانەدا کەوتبن، سمت و کەفاڵیان دەلەزاند..)). (حەساروسەگەکانی باوکم، ل 14)

هەروەها لەنموونەیەکیتردا زیاتر شارەزابوونی ڕۆماننووس لەوشەی فەرهەنگیی زمانەکەی دەخاتەڕوو: ((یەکەیەکە ئەسپەکانم قەشاویش دەکرد و یاڵ و بژیانم بەشانەیەکی دار دادەهانی)). (حەسار و سەگەکانی باوکم، ل17)

ئەو زمانەی باوکیان بەرامبەر کوڕ و کچەکانی و ژنەکانی بەکاریهێناوە هەمووی پڕە لە وشەی ناشرین و سەرزەنشتکردن و جنێودان و ترساندن و تۆمەتبارکردن و ..هتد، بەڵام لەبەرامبەریدا کوڕ و کچ و ژنەکانی بەنەرمیی و هێمنیی وەڵامیانداوەتەوە، بێگومان بەهۆی ترسی زۆریانەوە بووە بەرامبەری: (( هەرکێ ئەم حەسارەی بەدڵ نییە بابڕوات، من چاك دەزانم لەدەرەوەی ئێرە چیان بەسەردێ، هەموو ئەو کچانەشی کە ویستیان سەرم شۆڕبکەن و ڕەدووکەون، کردمنە خۆراکی قەل و داڵ...، سزای هەرخەیاڵێکی خراپ دە جەڵدەیە و هەرخەونێکی خیانەتکارانە دە قامچییە،...، شەرم و شکۆ نەماوە لەوەخت و ناوەختا گوێم لە حریتە حریت و خەنینە)). (حەسار و سەگەکانی باوکم، ل ٢١-٢٢)

لەڕۆمانی (جەنگ) دا (سەڵاح عومەر) وشەی فەرهەنگی کرمانجی ناوەڕاست، شێوەزاری هەولێری بەکارهێناوە: ((ئەمە کار و کاسبی بوو،...، چیمان هەبوو، زەوی و زاریان هەژار و پاڵەیەك بوو..)). (جەنگ، ل٦)

وشەکانی (هەژار و پاڵەیەك) وەکو دوو وشەی هاوواتا دەردەکەون، بۆ دەرخستنی هەژاریی و بێدەرەتانیی دەربڕاون ، هەربەوجۆرە وشەکانی (قادڕایەخ و لێفانە)، جەخت لەسەر بەکارهێنانی ئەم شێوە دیالێکتە دەکەنەوە.

لەوەسفی شوێن و کەسایەتییەکاندا، بەشێوازێکی ورد و بەوشەی شیاو و گونجاو وەسفەکان دەخاتەڕوو، هەروەها شوێنەکان بەتەواوی وەسف دەکات، بۆ نموونە لەوەسفی ئەوبەیانییەدا کە (عەلی) تیایدا لەدایکبووە دەرودەشت هەمووی سەوزاییبووە، جوانییەکی نائاسایی و لەڕادەبەدەر بەهەموو شتێك دراوە: (( گوڵ و گوڵزار لەدەرێ بوون تا چاوبڕکات سەوزایی دنیای گرتبوو، شاخەکان، پێدەشتەکان جێ تەراتێنی ئاسك و کەڵەکێوی بوون، چەم و ڕووبارەکان ..،...، هەموو هاتبوونە سەرچۆك و پێدەکەنین، پۆڕ و کەو و سوێسکە لەو بەهەشتەی خوا خوڵقاندوویەتی، دەنگیان لێوەدەهات، قاسپە قاسپ و جریوەی بولبول و دەنگی گەڵا و دار و درەخت، ئاوازێکی خەمڕەوێن بوون هێدی هێدی دەماری مرۆڤیان شل دەکردەوە.. )). (جەنگ، ل 6 )

هەرچەندە ئەوپەڕی زیادەڕەویی کراوە لەگوزارشتکردن لەجوانی سروشتی دێیەکە، بەڵام وەکو هەڵبژاردنی وشە و بەکارهێنانی لەناو وەسفەکاندا دیمەنێکی جوان و ڕازاوە بەدەقەکە دەبەخشن، بەڵام لەوەسفی ئاسکەکەدا کەگیان لەدەستدەدات وشەی (پیرۆز) بۆگیانی ئاسکەکە بەکارهێنراوە، ئەمەش نەگونجاو و ناپەسەندە چونکە (گیانی پیرۆز) بۆ مرۆڤ بەکاردێت نەك ئاژەڵ، بێگومان ئەمەش وەسفەکە لەنگ و ناتەواو دەکات، بەڵام تاکە وەسفێکە لەناو سنووری ڕۆمانەکەدا کە وشەی نەشیاوی تیادا بەکارهاتبێت، هەرچەندە ئاژەڵ خۆشەویست و پەسەندە لای زۆربەی خەڵك، بەڵام هەرگیز ناگات بەڕادەی پیرۆزیی: (( ئاسکەکەش بەرگەی

نەگرت و پاش نیوەڕۆیەکی تەماوی گیانی پیرۆزی بەڕۆحی عەلی و خاکی پیرۆزی گوندەکەمان سپارد )). (جەنگ، ل 23)

لەڕۆمانی (ئەژدیها)دا (موکری) چەند شێوەزارێکی جیاوازی بەکارهێناوە وەکو زمانی کارەکتەرەکان . بەشێوەیەکی گشتی شێوەزاری ناوچەی خانەقین - کرمانجی ناوەڕاست - بەکاردەهێنرێت، زۆرجار شێوەزاری - هەولێر - بەکارهێنراوە وەکو وشەکانی: لەحەقی دێ، هەند، هاتبا، هەبا، بەدیدەکرێت: (( بەڕاستی لەحەقی بەدکاران و داوێن پیسان دێ،...، چاوانی وەلیش هەند کەوی و دەستەمۆبوون،...، نۆ دوکانەکەی تر چکۆلە و پەرت بوون لەنێو ئاواییدا، کەشەوەی بەسەردا هاتبا هەرشتی ڕۆژانە و نرخێکی هاکەزایی هەبا،...، ئەگەرچی هەریەکە و شتێکی دی یان دەگوت.. )). ( ئەژدیها، ل 32، ٦٠)

ئەم جیاوازییکردنە لەشێوەی دیالێکتی کارەکتەرەکاندا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و دیدو بۆچوون و تێڕوانینی نووسەر درووستیاندەکات جۆری بیرکرنەوە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان لەڕێگەی زمان و چۆنیەتی ئاخاوتنیانەوە دەخرێنەڕوو.

(قادر ئەفەندی) کەکارەکتەرێکی لاوەکی ڕۆمانەکەیە و بەشێوەزاری خانەقین گفتوگۆ دەکات، هەرکاتێك پێشمەرگەیەك دەبینێ لەژوورەکەی خۆی لەگاڵۆنی عارەقەکەی پێکێك تێدەکات و لەدوای سەرخۆشبوونی دێت ئەم گاڵتە و درۆیانە دەکات: (( لەعەمر تۆدابیم، لەجەیش عوسمانلی یوزباشی بیم حەرب عالەمیەتی، دووتەیارە پەیدا بین، یەك لەلای چەپ یەك لەلای ڕاست، بۆیەکتر چوون،...، ئەرێ بەسەری ئێوە چەند ساڵ تەیارە چیەتیم کردووە، نەمتوانیوە بیدەمە بەگ، جارێکیان هەوڵم دا، کەچی تەیارەکەم لەسەر (جبل طارق) کەوت، منیش بەپەڕەشووت کەوتمە ناوبەحر، بەژێرەملە هاتم و سەرم لەبەغدا دەرهێنا )). (ئەژدیها، ل 66)

لێرەدا دووجۆر شێوەزاری خانەقین و سلێمانی تێکەڵکردووە، دیارە مەبەستی نووسەر لەوەی یەك کارەکتەر بەدوو شێوەزار گفتوگۆ بکات، لەیەك نزیك کردنەوەی ئەم دوو بەشە دیالێکتەیە بۆ ئەوەی دەریبخات هەردووکیان یەك بنەمایان هەیە لەلایەك، لەلایەکیترەوە نیشانەی توانا و لێهاتوویی نووسەرەکەی دەخاتەڕوو لەپێشکەشکردنی ئەم جۆرە کارەکتەرانەدا.

لە ڕۆمانی (گەماڵ)دا ڕۆماننووس وەسفێکی وردی دوو ئاژەڵ دەکات کەلەیەکتری نزیك بوونەتەوە و نازی یەکترییان هەڵگرتووە، بێگومان مەبەستی نووسەر لەمرۆڤە نەك ئاژەڵ و بەناوی گەماڵ و ئاژەڵێترەوە ڕاوسەرنج و بیروباوەڕەکانی دەخاتەڕوو، هەندێکجاریش بەتەواوەتی و پڕاوپڕ سیماو خەسڵەتی مرۆڤانەیان پێ دەبەخشرێت، کەبۆ خستنەڕوو و بەرجەستەکردنی مەبەست و ناوەرۆکێکە: (( باوەڕبکە کە سەری بەسەر شان و گەردنیەوە نەرم نەرم دەجووڵاندەوە و تاوتاو بۆنی بەگەردن و بناگۆیەیدا دەکرد و هەناسەی چەند تاڵێکی خەرمانی زێڕینی زوڵفی پەرێشان و دڵنیانە، چاوە زیتەکانی بەفیزەوە هەڵدەهێنایەوە و کلکی نەرم و نیان

دەهەسواندە سینە و بەرۆکی خڕومڕو گۆشتنی دا، سەد خۆزگەم پێ دەخوارده بەناز و نیعمەتی بەڕێز و حورمەتی)). (گەماڵ، ل 3 )

جگە لەخستەڕووی ناوەڕۆکەکە، بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی زمانەکەی لەشوێنی شیاودا لەچۆنیەتی هەڵبژاردن و ڕیزکردن و خستنەپاڵیەکی وشەکاندا، هونەرمەندیی و توانای نووسەر دەردەخەن.

لەڕۆمانی (باڵندەکان دەم با) دا ڕۆماننووس پەیڕەوی شێوە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، لەسەر شێوەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - سنە - نووسراوە، لەسەرەتاوە تاکۆتایی بەئاخاوتنی کارەکتەرەکانەوە دیارە: (( کوڕێکی گولەکەی کووڕی هەبوو، پێیان دەگوت حاجی کارلۆس، دزبوو،،...، بەڵام مەزەندی بۆخەڵکی کۆڵان نەبوو )). (باڵندەکانی دەم با، ل 146)

لەڕووی شێوازی ڕێزمانی و پێکهاتەی ڕستەوە، لەزۆربەی جاردا کردارەکان دەخاتە پێشەوە و بەرکار و بکەری ڕستە دەخاتە دواوە، بەتایبەتی لەوکاتانەدا کەئاماژە بەکرێدارێك دەدات، کە ڕووداوەکانی پێ وەردەچەرخێت و بەهۆیانەوە گۆڕانکاری ڕوودەدات، یان بۆئەوەی شێوازێکی تایبەتی خۆی هەبێت و پێی بناسرێتەوە: (( ناوپەنجەرەکە چۆڵ دەکات فەرهاد،...، مان لە عەشقەکەیان دەگرن کچە تەونکەرەکان )). (باڵندەکانی دەم با، ل ١٩٠، 248)

لەڕۆمانی (ئەڵوەن)دا ڕۆماننووس بەشێوەزاری ناوچەی خانەقین و شاری سلێمانی ڕۆمانەکەی داڕشتووە: (( ئەرا پاد سوزیاس ؟ ئەوە دووکەوش نییە؟! سێ عانەگەد چەوە پیکردی؟ بیژ: ئەرا جواو نێرەی؟ هە..... لە بەیانییەوە تا هەفتەییك فلسیك نێدریە دەپید تاتوبە بکەیدو نەچیتە بازاڕ و پاگەیلد بسوزیەن، ئیسە وەدەرزی تۆقڵەگەی پاد دڕم و ئاوگەی دەرکەم نەژید ئوی )). ( ئەڵوەن، ل10)

زۆرجار ڕستەیەکی ناوچەی سلێمانی، چەند ڕستەیەکی پێش خۆی ڕووندەکاتەوە زۆرجاریش بەڕستەیەك یان چەند ڕستەیەك، ئەو مەبەستەی بەشێوە زمانی خانەقین دەریبڕیوە، ڕووندەکاتەوە، هەندێکجاریش بەویستی خۆی وشەیەکی خانەقینی تیادا بەکاردەهێنێتەوە: (( ئەمیش سەرپێچی قسەکانی دایکی کردووە و لەمناڵیدا کەوشی لەپێ نەکردووە و بەپێی پەتی سووڕاوەتەوە وبنی پێیەکانی هەمووی سووتاونەتەوە و تۆقڵەیان کردووە)). ( ئەڵوەن، ل 10 )

وشەی (تۆقڵە) لەبەرامبەریدا لەسلێمانی دەوترێت (تلۆق) یان (بلق)، هەروەها لەنموونەیەکیتردا بەهەمان شێوە: (( خۆی دەمناسێ و ئیشم پێیەتی، دەڵێ ناوی چەبی؟ )). ( ئەڵوەن، ل 15 )

لەڕۆمانی (ژن) دا ڕۆماننووس بەشێوەزاری سلێمانی - کرمانجی ناوەڕاست - ڕۆمانەکەی داڕشتووە، بەڵام لەدوو نموونەدا بەشێوەزاری گەرمیان - کەرکوك – نووسراوە: (( من لەماڵە باب و لە وڵات هیچم

ناتەواو نەبوو،...، دەپیرۆزت بێت، شووی ئەوروپا و شیرنی ئێرەت نۆش گیان بێت،...، قسەی خۆ خۆمان سێ تبئەم هەبوو بگەڕێتەوە بۆژنی یەکەمی )). (ژن، ل 19)

هەروەها لەم دوو نموونەیەدا شێوەزاری - کەرکوك - زیاتر ڕەنگدەداتەوە: (( ڕۆژێك وتم کەڵکی نییە، باشترە منداڵێك بکەم،...، خوا ڕەحمی لە من کرد کە تۆی هێنایە ئێرە )). (ژن، ل ١٩، ٢١)

زۆرجاریش کارەکتەری سەرەکی کاتێك لەئەوروپا و لەدوورە وڵات ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە، زمانی ناڕەزایی و بێزاری بەکاردێنێت تەنانەت لەگەڵ (خوا)شدا: (( ئاخر منیش پاش مردنی تۆ بڕیارم دا کە خوا نەپەرستم و ڕۆژی هەزار و یەك کفر بکەم، ئاخر ئەو خوایەم بەنەعلەت کرد، چۆن تۆی لەئێمە سەندەوە، تۆی بۆچی بوو، ئێمە پێویستمان بەتۆ بوو نەك ئەو.. )). ( ژن، ل 25,24 )

## ٥. گوتاری دەنگ:

دەنگ بەپێی بەرزیی و نزمیی و چۆنیەتی بەکارهێنانی واتای جیاواز دەبەخشێت ، ئەو پەنهانیی و گرێیانەی لە دەروونیدان ، ڕاستەوخۆ – دەنگ – گوزارشتیان لێدەکات ، زۆرجار دیمەنێک بە دەنگە دەنگ و ژاوەژاوەوە دەخرێتەڕوو ، زۆرجاریش هێمنیی و ئارامیی باڵدەکێشێت بەسەر شێوازی خستنەڕووی ڕووداوەکاندا ، هەربۆیە زۆر بابەتی وەکو کارەسات و ڕووداوی جەنگ و ئەنفال ، بە دەنگە دەنگ و هاوار و قیژەوە خراونەتەڕوو ، دەربڕی ئەو دەروونە نائارامەن ، کە بەو کارەساتانە کارتێکراوبووە .

لەڕۆمانی (هێلانە)دا بەچەندین شێوە ئاماژە بە دەنگ دراوە، لەباروذۆخی کپیی و بێدەنگیی و هەروەها بوونی دەنگ و هاوار و قیژەی خەڵك، لەکاتی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەدا و لەوێرانکردنی دێهاتەکاندا، واتا بەهۆی هەردوو ڕووداوەکەوە، نموونەی بێدەنگیی و خامۆشیی و لەبەرامبەریشیدا هاوار و دەنگ و زایەڵەی خەڵك دەبیسترێت، بۆنموونە ئاماژە دەدات بەکپیی و خامۆشیی شار کە سیمای دڵتەنگیی و نائارامیی بەرۆخساری هەموو خەڵکەوە دیارە، کاتێك (سوبحان) بەشاردا دەگەڕێت: ((دوکاندارەکان سەرنجی ڕادەکێشن، دەنگیان کپ و خنکاوە، گڕوتینی هات و هاوارەکەی ڕۆژانی تری تیا نییە، غەمبار و بێ حەوسەڵەن..)). (هێلانە، ل 32)

لەبەرامبەر ئەم کپی و خامۆشییەدا، وێنەی ئازار و ئەشکەنجەی خەڵك خراوەتەڕوو، کەچۆن دەیانبەن بۆ بیابانەکان و لە (نوگرە سەلمان) زۆربەی ڕووداوەکان و ئەشکەنجە و زیندەبەچاڵکردن ڕوویانداوە، دەنگی هاوار و قیژەی ژنان و منداڵان لەترس و سامی مەرگ و لەترسی داهاتوویەکی نادیار و لەترسی ئازار و ئەشکەنجەدانیان و جیاکردنەوەیان لەیەکتری، هێندەیتر زارەترەکی کردبوون: (( ئەوا دیسان جیاکردنەوەیە، ئەمجارە کچانی عازەب لەدایکان و منداڵان، قیژە و هاوار و شین و فوغان، عەرشی عەزیم دەگرێتەوە، گەردوون دەلەرزێنێ، دنیا دەهەژێنێ ... دیسان جەزرەبەی قۆناغە تفەنگ و دار و شەقی پۆستاڵ

دەستپێدەکاتەوە، کچان دەبرێن و لەقافڵەیەکی تر باردەکرێن . دایکان و منداڵان لەقافڵەی پێشوو.. )). (هێلانە، ل ٢٢٤)

لەوێنەیەکیتردا دەنگی قاقاو پێکەنینی پیاوانی ڕژێمی بەعس خراوەتە ڕوو، کاتێك (سوبحان) لەسەر ڕێگای (حاجی سوبحان - سلێمانی) دەگیرێت، پیاوانی ڕژێم بەقۆناغی تفەنگ و زەبری پۆستاڵەکانیان ئەشکەنجەی دەدەن ئەم تەپاوتل ئازار دەچێژێت و ئەوانیش بەدەم قاقایەکی گاڵتەجاڕانە و قیژەونانەوە لەئەشکەنجەدانی بەردەوام دەبن: (( ئێستا وا لەناو لیتاوەکەدا تەپاوتلیەتی، بەدەم قاقایەکی بەکۆمەڵی بڵندترەوە دەگەوزێ، ئەوان هەر قاقا لێدەدەن و ئەم هەر دەگەوزێ، تا وردە وردە قاقا نامێنێ و جەستەی ئەمیش خاودەبێتەوە.. )). (هێلانە، ل 46 )

بەگشتی لەڕۆمانی (هێلانە)دا دەنگەکان دەنگی گریان و غەم و مەینەتین، یان هاوار وناڵەی ژێر ئازار و ئەشکەنجەن، تاکە قاقایەك کە دەبیسترێت، قاقای پیاوانی ڕژێمی بەعسە کەئازار و ئەشکەنجەی خەڵك دەدەن و گاڵتەیان پێدەکەن، بەهۆی خستنەڕووی دەنگەوە بەهەموو شێوە جۆربەجۆرەکانەوە ڕادەی زوڵم و زۆرداریی ئەو ڕژێمە لەناخی هەموو خوێنەرێکدا تەواو بەرجەستەدەبن .

لەڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم)دا، دەنگی قاقا و پێکەنینی گاڵتەجاڕانەی پیاوانی ڕژێمی بەعس و کاربەدەستەکانی ژێر سایە و دەسەڵاتی (سەرهەنگ بەدری) خراوەتەڕوو، بۆنموونە کاتێك ئازار و ئەشکەنجەی (ئەشرەف) دەدەن، بەدەنگێکی بەرزەوە هاوار دەکەن و قاقا پێدەکەنن، هەریەکە شوێنێکی جەستەی هەڵدەبژێرن و پێشکەشی یەکتریی دەکەن: (( ئەگەرچی بەگوللە نەکوژرابوو، بەڵام زۆربەیان دەمانچەیان هەڵگرتبوو، لەنایەکدا شەڕیان دەکرد، من ئەوکات نەمدەزانی لەسەرچی شەڕ دەکەن، یەکێکیان دەیگوت (نینۆکەکانی بۆمن). یەکێکی دیکەیان قاقای لێدەدا و بەدەنگی ورچێکی پیر خێراخێرا دەیگوت (ناوچاوانی بۆتۆ.. ناوچاوانی بۆتۆ.. )). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل ٢٠ -21)

کاتێك (ئەشرەف) تۆمەتبار دەکەن بەقاچاغچی، کەلەعەمبارەکانی داپیرەدا کاری دەکرد و چەندین تۆمەتێتر کە (سەعیدی سوڵتانی بەگ) بۆی هەڵبەستبوو، (ئەشرەف) دەکوژن و ئەو منداڵەش کەلەوێ کاری دەکرد تۆمەتباریانکرد و ترساندیان، لەترسی هەڕەشەکانی (سەعید و سەرهەنگ بەدری) شەوانە کچەکانی ناو کۆشك گوێیان لەدەنگی سەری بووە، کەلەداغدا کێشاویەتی بەدیوارەکاندا، گوێیان لە دەنگی هاژەی خوێنی جەستەی و دەنگی دڵی بووە کە بەبەرزیی بەرەو ئاسمان ڕۆشتووە، لێرەدا ئەوپەڕی زیادەڕۆیی لە وەسفی جووڵە و ئەندامەکانی جەستەی ئەو منداڵەدا کراوە، بە مەبەستی خستنەڕووی ڕادەی ترسی، بەرامبەر بە هەڕەشەکانی (سەرهەنگ و سەعیدی سوڵتان بەگ) و لەترسی مانەوەی لەبەندیخانە و تۆمەتبارکردنی: (( وای داپیرە ئیدی شەوان گوێمان لەسەری بوو لەترسا دەیدا بەدیوارەکاندا، گوێمان لەهاژەی خوێنی بوو بە خێرایییەکی ئەفسووناویی لە دەمارەکانیدا دەگەڕا، هەموو بەندیخانە گوێمان لە دەنگی دڵی بوو، گوێمان لەترپە

گەورەکانی بوو کە بە هێمنی دەستی پێدەکرد و وردە وردەگەورە دەبوو، تادەنگی دڵی بەجۆرێك دەچووە بڵندیی، کەسمان خەومان لێنەدەکەوت )). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل 72)

لە(مەرگی تاقانەی دووەم)دا پێکەنین و گریانەکان لەبارێکی نائاساییدا خراونەتەڕوو، پێکەنینی ترس ئامێز و قاقای گاڵتەجاڕانەی پیاوانی بەعس وەکو (سەرهەنگ بەدری و سەعیدی سوڵتان بەگ)، گریانەکانیش زادەی ترس و زوڵمی هەمان دەسەڵاتە بۆ مرۆڤی چەوساوەی دەستی ئەو ڕۆژگارە، لێرەدا کوشتنی برای بچووك بەدەستی برای گەورە بۆ زەوتکردنی موڵك و سامانی (داپیرە) کە دایکیان بووە، نەوەك لەپێناوی پاراستنی شەرەف و پاکبوونەوەیدا .

لەڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم)دا نموونەیەکی زۆر نامۆ و تێکەڵ بەگریان و پێکەنین خراوەتەڕوو، کاتێك باوك لەبێئاگاییدایە و چەند خەنجەرێك بەدەستی کوڕی گەورە لەپشتی دەدرێت، چەند وشەیەك بۆئاماژەدان بەگریان و پێکەنینی باوك بەکاردەهێنێت کە ( گریان و پێکەنین و تریقانەوە و خەنینەوە )ن، بە چەند وشەیەك گوزارشت لەپێکەنین دەکات بەڵام بە یەك وشە و یەك جار ئاماژە بە گریان دەدات، واتا دەنگەکان - هاوارەکانی باوك - زیاتر لە پێکەنینەوە نزیکن نەك گریان، پێکەنین بەواتای کاتی شەهوەت و ترۆپکی سێکس دێت کە باوکی تیایدا بووە، گرنگیی بەخەنجەر و ئازارەکان نەداوە . گریانیش بۆدەربڕینی ترسە لەمردن، کاتێك دەزانێت لەدواوە خەنجەری لێدراوە و دەشزانێت کە ساتەکانی کۆتاییەتی، یان بۆ دەربڕین و خستنەڕووی ڕادەی ئەو ئازارە بەهۆی خەنجەرەکانەوە، بێگومان ئەم وێنەیە لەڕۆمانەکەدا هەموو لێکدانەوەکان هەڵدەگرێت کەمەبەستی تایبەتی ڕۆماننووسە، بۆئەوەی نامۆترین مردن بۆ نامۆترین و ناوازەترین باوك بە دەستی کوڕەگەورە بخاتەڕوو: (( فوارەی خوێن قەڵبەزەی کرد و ئەم تریقایەوە، وەی لەوساتەی لەزەت و مەرگ تێکەڵ بەیەکدی دەبن، هەوەسی شەهوەت و هەناسەی نغرۆبوون،...، نەمزانی ئەمەیان دواموچڕکەی ڕاموسانە یان دوا ڕاچەنین و خۆڕاپساکاندنی لە بازنەی فەنابوون، خەنییەوە، گریا، یان تریقایەوە؟.. )). (حەساروسەگەکانی باوکم، ل ٣٤)

هەروەها ئاماژە بەدووجۆر گریان دەدات - گریانی بێدەنگیی و خنکاو، گریانی بەهاواروقیژە - کاتێك کوڕی گەورە خۆی لە دایك و خوشکەکانی دەگرێت، کەبەنهێنی بەدزیی باوك و هاوسەرەکەیانەوە دەگرین، بێگومان ئەمەش پیشەی هەموو شەو و ڕۆژێکیان بووە، هەربۆیە بەوجۆرە کاردانەوەی لەسەر کوڕی گەورە درووستکردووە: (( شەوەهای شەو گوێم لەوگریانە خنکاوەی دایکان و خوشکەکانم دەبوو، لەکەلێن و درزی دەرگا و پەنجەرەی ژوورە تاریك و داخراوەکانەوە دەگەیشتەگوێم.. )). (حەساروسەگەکانی باوکم، ل 11)

کوڕی گەورە ئاماژە بەگریانی پڕهاوار و قیژەی خوشکەکانی دەدات، کاتێك باوکیان لەگۆڕستانە و بەسەر تەرمەکەیدا دەگرین، دەنگی زریکە و گریانی خوشکەکانی چەندین مانا لەخۆ دەگرن، بۆ نموونە لە ترسی ئەوەی برای گەورە سزا بدرێت یان کاتێك لەگەڵ زێوانەکەدا لەگۆڕستان گەمە و دەستبازی دەکەن گومان

لەبێدەنگیی براکەیان و ڕزگاربوونیان لەژێر دەستەیی دەکەن، هەروەها لەخۆشی و شادیدا هاواردەکەن، کە لە دەست باوکێکی زۆردار ڕزگاریان بووە، کە جۆرێك لە دڵنیایی و ئارامیی تێدایە یان گریانێکی بەدرۆ بۆ باوکیان بە دەنگ و هاوارەوە .

بێگومان هەڵوێستی خوشکەکانی و هاوار و قیژەیان و گریانەکانیان بەچەند مانایەك لێکدەدرێتەوە، بەڵام ئەم چەند دێڕە خۆشی و شادی دڵی خوشکەکانی ئاشکرا دەکەن: (( لەودیو هەر فرمێسکێك بزەیەك دەدرەوشایەوە، دەنێو هەر زریکەیەك، پڕ بە هەردووگوێ قریوەم دەبیست و وەك قوڵپی کانی دەتەقینەوە، گۆڕستانی سام لێ نیشتوو بووبە سەیرانی سەرفرازیی.. )). (حەساروسەگەکانی باوکم، ل 14)

لەڕۆمانی (جەنگ)دا بەبەردەوامیی گێڕەرەوە - کوڕی بچووك - باسی گریانی هەمیشەیی و فرمێسکی بێدەنگی دایکی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەهاوار و گریانی دایکی دەدات کاتێك (باوکی و عەلی براگەورەی) دەمرن، هەروەها ئاماژە بە دەنگی شمشاڵ دەدات، کە لەگەڵ هەموو ئازار و غەمێکیاندا فووی پێداکراوە و دەنگێکی هێمنی ئارام بەخش و پڕ ئاوازی بەدەوروبەری بەخشیوە، لەگەڵ بۆنی گوڵاودا لەوکات و شوێنەدا کەشمشاڵەکە لێدەدرا، هەربۆیە گێڕەرەوە لەوەسفی شمشاڵەکەدا کە بەردەوام لە ماڵیاندا بووە، دەڵێت: ((هەستم کرد ڕۆحی هەیە و لەناو پەنجەکانم هەناسەدەدات و دەجووڵێ، دەنووزێتەوە و هاوار دەکات، دەنگێکی نزم و کاریگەری لێ بەرز دەبێتەوە، دەتگوت ڕۆحی مرۆڤێکی چۆتە ناو،...، لە دەنگی خوڕەی تاڤگە و ڕووبار و شەپۆلی دەریا و قاسپەی کەو و جریوە جریوێ دەچوو نەك دەنگی مرۆڤ، بەڵکو تێکەڵبوو لە هەموو ئەو دەنگانەی مرۆڤ کاس دەکەن و دەمار و ئەندامەکانی شل دەکەن و سەرخۆش و مەستی دەکەن،...، دەنگێکی بەسۆز و میهرەبان پڕ عەشق و دابڕان و دووری و دەردەسەری لە کونەکانیەوە بەرزدەبۆوە )). (جەنگ، ل 36)

لە ڕۆمانی (ئەژدیها) دا دەنگەکان لەنێو کارەکتەرەکاندا بەشێوەی قاقا و پێکەنینێکی زۆر بەرز پیشاندراوە بەتایبەتی (کەریم) لە چەند جارێکدا تووشی چەند ئافرەتێك دەبێت، بەڵام پەیوەندییان لەگەڵدا نابەستێت و بەدەنگی بەرز و قاقاوە گاڵتەی پێدەکەن، بۆ نموونە (خونچە و فاتەی دایکی) داوای پەیوەندی لێدەکەن و (کەریم) ڕازیی نابێت: (( جەوهەر و خونجە و فاتە دایانە قاقایەکی ئەوتۆ، دۆڵەکانی بەرازگر دەنگدانەوەی پێکەنینەکانیانی دەدایەوە، هێشتا دەنگدانەوەکە نەڕەوی بووەوە، کەریم لەبەر چاوی هەرسێکیان ون بوو .. )). (ئەژدیها، ل ١٢٤)

لە ڕۆمانی (گەماڵ)دا ئاماژە بەوێرانکردن و کاولکردنی دێهاتەکان دەدرێت و بەتانك و زرێپۆش، ڕووەو دێهاتەکان دەڕۆن . لەوەسفی دێیەکەدا، دەنگی هاوار و فوغان وگریانی خەڵك تێکەڵ بەدەنگی ئاژەڵەکان و تانك و زرێپۆشەکان بووە: (( دێ شێواو بووە سەریەکدا زلەی خەڵك و قاڕەی مەڕو بزن و بۆڕەو هاڕەی تانك و زنجیرەکەی لەگەڵ سەڕەی نێرەکەری بەرەڵادا تێکەڵ بووبوون.. )). (گەماڵ، ل ٥)

دەنگەکان بەگشتی دەنگی هاوار و ئازاری خەڵك و وێرانیی دێهات و کاولکاریی بەدەست ڕژێمی بەعسەوە، تێکەڵ بەدەنگی بەرزی ئاژەڵ و مەڕ و ماڵاتەکان بووە، کارەکتەرەکان بەتایبەتی کارەکتەری سەرەکی، کە کەسێکی بەجەستە بەخۆوە و بەهێز و بەناوبانگ و لەهەڵمەتبردندا وەك گەماڵە و بەهەمان شێوە بەوەفایە بۆ خاکەکەی و لەشێوەی (ورچەگەماڵ) دا خراوەتەڕوو، بێگومان ڕۆماننووس مەبەستی تاکەکەسێکە و لەهەمان کاتیشدا ئاماژە بە جەستەی (گەماڵ) دراوە وەکو هەموو کوردستان و هەر پارچەیەکی جەستەی بەجیا و هەمووشی بەیەکەوە مانایەکی ئەو خاکە دەگەیەنن، بەتایبەتی لە ئاماژەی کۆی جەستەیدا.

لەڕۆمانی (باڵندەکان دەم با) دا، ئاماژە بە هاوار و دەنگی بەرزی ناو ناخ و دەروونی کارەکتەری سەرەکی (فەرهاد) دەدرێت، ئاماژە و جووڵەی جەستەی لەگەڵ هاوارەکانیدا لەتەنیایی و ترس و غەم و مەینەتیدا، وەکو هەستێکی کپکراو و پەنگخواردوو، بەخامۆشیی دەربڕاوە.جەستەی بەجۆرێك جووڵاندووە کە زۆر نامۆ بووە و قیژەی وشکی جەرگبڕی لەگەڵدا بەشداربووە و جەستەی دەدا بە دارو دیواری خانووە گڵینەکانی کۆڵاندا، واتا بەهۆی دەنگی کپکراویەوە، جەستەی ئەم جۆرە ئاماژانەی هەڵگرتووە: (( لەشە سەر گەردانەکەی یاخی و بێعۆقرە، خۆی بەدار و دیواردا دەکوتا و لەناخەوە، لەناخی ئازارەکانیەوە هەموو قیژە حەپسکراوەکانی ژیانی دەقیژاند، قیژەی وشك و جەرگبڕی مووچڕکەی بەلەشی تەزیوی خانووە گڵینەکانی کۆڵاندا دەهێناو.. )). (باڵندەکانی دەم با، ل ٧)

دەنگی کپ و خامۆشی لەدرکاندن و گفتوگۆکردندا بەڵام بەزایەڵە و گەورە لەناخدا، لەڕوخساردا بەرجەستە دەبێت و دەنگ و ڕوخسار تێکەڵ بەیەکتریی دەبن .

لەڕۆمانی (ئەڵوەن)دا ئاماژە بە دوو ڕووداوی وەکو یەك دەکرێت، کە چل ساڵ لەنێوانیاندایە، دەنگی هاوار و گریانی دوو ئافرەتن (مەلیحە) و (میمی) دوو دەنگی کپکراوی ناخن کە دەستدرێژییان کراوەتەسەر، بەڵام لەلای (میمی) هەردوو دەنگەکە دەبن بەیەك، بەرامبەر ڕەگەزی پیاو، کاتێك (مەلیحە) ئەم کارەساتەی خۆی بۆ (میمی) دەگێڕێتەوە، کە ژنێکی بەتەمەنە و لەگەڕەکەکەیاندایە، (میمی)ش هەمان یادەوەری خۆی بیردەکەوێتەوە، کاتێك (فەتاحە ورگزلی قەساب) پەلکێشی کرد بۆ ناو دوکانەکەی خۆی: (( کاتێ کە بە هاوارێ لە قسەکانی بووەوە، هەر هەمان هاواری ئێشی کچێنیەکەی لەگەڵ هاواری مەلیحەدا تێکەڵ کرد .. دووهاوار، یەکێکیان تەمەنی چل ساڵ دەبێت و یەکێکی تریان چل ڕۆژ کەمتر، بۆ یەك شت و یەك مەبەست کراوە، کەچی پاش ئەم ماوە کورت و درێژە، یەکیانگرت و بوونە تاقە هاوڕێ )). (ئەڵوەن، ل ١٣٥- ١٣٦)

واتا دەنگەکان بوون بە یەك دەنگی خامۆش و کپکراو، کەبۆ یەك مەبەستن.

لەڕۆمانی (ژن)دا دەنگی بەرز و بەزایەڵە ئامادەبوونی هەیە، لەهەموو بارودۆخێکی خۆشیی و ناخۆشیدا بەدەنگی بەرز هاواری خۆشی و قیژە و گریان دەربڕاون، کاتێك (هەتاو) کە کارەکتەری سەرەکی و گێڕەرەوەی ڕووداوەکانە، دەنگی هاوار و خۆشیی دڵی خۆی دەگێڕێتەوە، کاتێك لە کۆلێجی پزیشکی

وەرگیراوە، بەدەم هاوارەوە ڕووە و کۆڵان ڕۆشتووە: (( نەمزانی چی بڵێم، قیژاندم و بەپێی پەتی ڕامکردە کۆڵان و هاوارم کرد، خەڵکینە وەرگیرام، هەمووتان بێنە لای خۆم، بەبەلاش چارەسەرتان دەکەم )). (ژن، ل ٤)

## ٦. گوتاری ڕەنگ :

ڕەنگ بە چەندیین شێوە خراوەتەڕوو ، بۆ نموونە زۆرجار ڕووداوەکان ڕۆماننووس بەرەو بەکارهێنانی هەندێک ڕەنگ دەبەن زیاتر لەوانیتر لەکاتی شەڕ و کوشتاردا بێگومان ئاماژە بە ڕەنگی سوور دەکرێت ، بەو پێیەی ڕەنگی خوێنە ، هەروەها ڕەنگی خۆشەویستی و ژیان و ڕەنگی ئاگادارکردنەوەیە..هتد ، ڕەنگی سپی بۆپاکیی و بێگەردیی بەکارهاتووە ، یان لە پیشاندانی غەم و مەینەتیدا ڕەنگی ڕەش بەکارهاتووە ، بەو واتایەی جۆری بابەتەکە ڕۆماننووس ناچاردەکات تەبایی و گونجاندن لە نێوانیاندا بکات .

لە ڕۆمانی (هێلانە) دا ڕەنگی ڕەش ئاماژەیەکی زۆری پێدراوە، بەتایبەتی لەوەسفی ڕوخساری کارەکتەرەکاندا، زۆرجار ئاماژە بە چاوی ڕەشی بریسکاوە دراوە لە وێنەی ڕوخسارو ڕەنگی مووی ڕەش و چاوی ڕەشی (ئاسۆ)دا کە پێشمەرگەیە و شەهید دەبێت: (( چاوڕەشەکانی دەبریسکانەوە..)). (هێلانە، ل ٧٥)

دواتر ئاماژە بە دێی (حاجی سوبحان) دەدات، کە وەك قەرەبرووت سووتاوە و هەرچی دار و پەردووی هەیە، ڕەش بووە و بووە بە زوخاڵ: (( چڕە دووکەڵێکی خەستم بینی، لە دیوی حاجی سوبحانەوە بەرەو ئاسمان هەڵکشا.. )). (هێلانە، ل ٧٦)

واتا بۆ ئاماژەدان بە ڕادەی ڕەشیی زۆر وشەی خەست بەکاردەهێنێت . دواتر وەسفی گەڕەکی (گومرگەسووتاو) دەکات و دەڵێت لە پاش (گومرگە سووتاو) بەرەو شەقامی (کاوەی ئاسنگەر) ڕۆشتووە، لەوێ چەند دوکاندارێك هاوڕێین و هەریەکەیان پەیوەندییان بە پێشمەرگەوە هەیە و دەیانچوێنێت بە (کاوەی ئاسنگەر) هەربۆیە دوکانەکانیش لەو شەقامەدا باسکراون . باسکردنی دوو شوینی (گومرگە سووتاو و کاوەی ئاسنگەر) ڕەنگدانەوەی زۆری دەروونی ڕۆماننووسن، واتا لەدوای هەموو ڕۆژێکی ڕەش و ناخۆشیەك ڕۆژی سەرکەوتن و شادی بەڕێوەیە، چونکە لەدوای (گومرگە سووتاو) کە نیشانەی نائومێدی هەڵدەگرێت، (سوبحان) ڕووی کردۆتە شەقامی (کاوەی ئاسنگەر) کە ڕەنگدانەوەی ئومێد و شۆڕش و ڕاپەڕینە، ڕووداوەکانیش دەداتە پاڵ ئەو کارەکتەرەی کە دیدو بۆچوونەکانی، ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بەرەو ڕەوتێکی جیاواز دەبن و لەمرۆڤێکی نائومێدەوە بەرەو کەسێکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز دەڕوات . ئەوەی زیاتر ڕاو بۆچوونەکەمان دەچەسپێنێت، ڕۆشتنی (سوبحان)ە بە(گومرگە سووتاو)دا و گیرسانەوەی لە شەقامی (کاوەی ئاسنگەر)، هەروەک چۆن لەناو سنووری ڕۆمانەکەدا (سوبحان) بەچەندین ناخۆشیی و تاڵیی و ڕۆژی ڕەشدا تێپەڕدەبێت دواتر دەبێت بە پێشمەرگە لەلایەك و لە لایەکیتر گرنگی شوێن لە (هێلانە)دا زیاتر دەخاتەڕوو، جگە لە دێی (حاجی سوبحان) کاریگەریی زۆر شوێن و گەڕەکی شاری سلێمانی بەسەر پاڵەوانی ڕۆمانەکەوە دیارە و

بەکارهێنانی ئەو ڕەنگانە بەپێی کات و شوێنی ڕووداوەکان، دید و بۆچوونی ڕۆماننووس زیاتر بەرجەستە دەکەن و گونجاندنی بیر و بابەتی ڕۆمانەکە لەگەڵ ڕەنگەکاندا بەتەواوی دەکەوێتەڕوو . لە وەسفی ڕوخساری (جافر)دا، سەرەتا ئاماژە بە ڕەنگی زەرد دەدات و دواتریش سوور، بەو مانایەی بەهۆی کارەساتی دابڕان و وێرانبوونی دێیەکەیانەوە، ڕەنگی زەرد و بێئارام و دڵتەنگە، دواتریش کە دەبیستێت کەس و کاریان بێسەرو شوێن کراون، ڕەنگی دەم وچاوی سوور هەڵدەگەڕێت و خوێن لە دەم و چاوی دەزێت بەهۆی ئاگری دڵی و سوێی ئەو زامەوە، کە هەموو هەناوی گرتوتەوە، خوێن لە ڕوخساریدا کۆدەبێتەوە: ((جافر تەنگە تاو بوو، ڕەنگی سەرەتا زەرد هەڵگەرا، زەردێکی لیمۆیی، ئینجا وردە وردە بە هروژمی خوێنی کەشیبوون، بووە سوورێکی مەیلەو ئاڵ و بەدەمییەوە دڵۆپی ئارەق لە تەختی تەوێڵیەوە کەوتە هەڵقوڵین و زەنگوڵە بەستن بەلاجانگ و بەسەرڕوومەتەکانیدا..)).(هێلانە، ل١٢١)

ڕەنگی زەرد نیشانەی نەخۆشی و بێئارامیە، سووریش نیشانەی تووڕەیی و گەرم و گوڕییە، هەربۆیە هەردوو ڕەنگەکەی بەیەکەوە کۆکردووەتەوە.

لەڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) دا، ڕەنگی ڕەش و خەڵووزین و خۆڵەمێشی ئامادەبوونی زۆری هەیە، بەتایبەتی لەوەسفی ڕوخسار و دەم و چاو، بەتایبەتی ڕەنگی چاوی (سەعیدی سوڵتان بەگ)دا: (( چاوەزیت و دڵڕەق و نیگا پۆڵایینەکانیم هاتەوە یاد کە ڕەنگێکی ساردی خۆڵەمێشیان هەبوو.. )). (مەرگی تاقانەی دووەم، ل٣٢)

لەبەرئەوەی (سەعیدی سوڵتانی بەگ) دڵڕەق و دڵڕەش و خراپ بووە، چاوی و نیگاکانی بەڕەش و خۆڵەمێشی و ناشرین خراوەتەڕوو، هەروەها ڕوخسارێکی ڕەش، نیشانەی دڵڕەقی و خراپیی خاوەنەکەیەتی.

لەگەڵ ڕەنگی ڕەشدا، ئاماژەیەکی زۆر دراوە بەڕەنگی زەرد و گەڵای هەڵوەریو، لەوبەیانی پاییزەدا، کەپاییز خۆی وەرزی گەڵاڕێزانە، لەگەڵ هاتنی گەڵای زەرد بۆ حەوشەکەیان لەماڵی داپیرە و تەنانەت داپۆشینی جەستەی داپیرەش (ڕوخسار و گەردنی) بەوگەڵایانە، جۆرێك لەنائومێدی و سەرەتای غەمێك دەخاتەڕوو، بەوپێیەی غەمێك بەڕێوەیە: (( گەڵا گەیشتبووە هەموو گیانی، گەڵا تابلۆ گەورەکانی داپۆشیبوو،...، ئەوکاتەی کەکیژەکانی دیکە یەکەیەکەو بەڕەنگ زەردی و هەڵبزڕکاوی وەئاگاهاتنەوە، من لەمێژبوو هەستا بووم )).
( مەرگی تاقانەی دووەم، ل ٨، ١٢)

ڕەنگی زەرد و خەزان، لەگەڵ ڕەنگی ڕەشدا تاکۆتایی ڕۆمانەکە ئامادەبوونی هەیە.

لەڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم)دا، لەبەرئەوەی ڕووداوە سەرەکییەکە، کوشتنە، بێگومان خوێن ئامادەبوونی هەیە و ڕەنگی سوور بەبەردەوامیی هەتا کۆتایی باسدەکرێت، بەڵام لەوەسفی ڕوخساری خوشك و برا و دایکەکانیدا – گێڕەرەوە - برای گەورە - ئاماژە بەڕەنگی زەرد و غەمبارانەی سەر ڕوخساری

خوشکەکانی دەدات: ((ڕوخساری زەرد و ڕەنگی پەڕیویان، شەلاّلّی ئارەقە، لەژێرە تریفەدا تاوێ ئاڵ و تاوێ شین باو دەینواند)). (حەسارو سەگەکانی باوکم، ل ٥٣)

بوونی ڕەنگی زەرد هێمایە بۆ خەفەتباریی و چەوساوەییان، ئارەقیش لەژێر تریفەی مانگدا، تاوێك سوور دەردەکەوێت، سوور هەڵگەڕاو لەگریان و هاوار و ترس و سەرسوڕمان بەو کارەساتە و تاوێك شین هەڵدەگەڕێت لەزۆریی خوێن تێزانی ڕوخساریاندا.

لەڕۆمانی (ئەژدیها)دا ئاماژە دەدات بە وڵاتێك کە هەمووی سەرتاپا سپییە، هەورەکان، ئاسمان و زەوی و ئاو، تەنانەت مرۆڤەکانی ناویشی سپی و پاکن، بەڵام بەهۆی دەستی ڕۆژگار و زۆرداریی دەورووبەرەوە پاکیی و پیرۆزیی نەماوە و مرۆڤەکانی ناوی کۆچدەکەن و بەجێیدەهێڵن . هەروەک گێڕەرەوە ڕوودەکاتە (زێڕین):

(( زێڕین: تا چاوبڕکات، زەوی سپی سپی، دۆڵ وپێدەشتی سپی، ئاسمانیش بۆر و مەیلەو سپی، لەهەندێ شوێنیا گەڵێ سپی، دەرەختی سپی، بەفری سپیش بووەتە پۆشاك و چەمی بەخوڕی داپۆشیوە، تەنانەت باڵندە هەڵکورماوەکانی ژێر بنچك و دەوەنەکانیش سپی سپی دەچنەوە، زێڕین تا چاو بڕکات، زەوی سپی سپی یە، ڕێچکە مرۆڤێکی سپیش، نەئەمسەریان دیارە نە ئەوسەر، هەنگاوی سپی بەسەر بەفری سپیدا دەکەنە گەواهی بۆ کۆچی... کۆچی ڕێیەکی دوور و درێژ... )). (ئەژدیها، ل ١٥٦)

هەروەها ئاماژە بەڕەنگی ڕەش دەکرێت لەگەڵ سپیدا، تەنانەت لە ڕەنگی کۆترەکانی (قادر ئەفەندی)شدا، هەردوو ڕەنگەکە بەیەکەوە باسکراوە، دەبینین ( لەکاتی تێپەڕینی(زێڕین) بە ئاسماندا لەدوایەوە ڕەنگی ڕەش پەیدا دەبێت). (ئەژدیها، ل ٢٣٩)

نووسەر دەیەوێت بەکۆکردنەوەی ڕەنگی ڕەش و سپی لەزەوی و ئاسمانیش ئاماژە بەهێزی چاکە و خراپە بدات.

لە ڕۆمانی (جەنگ)دا، ڕەنگی ڕەش و خۆڵەمێشی و زەرد هێمان بۆ کوشتار و تەرم و تارمایی و نەهامەتیی ئەو ڕۆژگارانەی جەنگ درووستیکردبوو: (( دەمویست بزانم تەنە ڕەشەکە و هەڵکێشانی تەرمەکەی لەلایەن ڕەشپۆشەکان چی دەگەیەنێ..،...، ئەوەی هەیبوو تەنیا کۆنە سندوقێك، ڕایەخێکی دڕاو، لێفێکی قرێژاوی زەردهەڵگەڕاو، دۆشەکێکی بەرگ خۆڵەمێشی کۆن و.. )). (جەنگ، ل ٨، ١١)

لەڕۆمانی جەنگدا ڕەنگی ڕەش بەبەردەوامیی بەکارهاتووە.

لەڕۆمانی (گەماڵ)دا، بێ ڕەنگیی بەکارهاتووە بۆچاوی شووشەیی هەندێك ئاژەڵ و بەو چاوەوە سەیری مرۆڤیان کردووە، کە ئاماژەیەکی ساردوسڕیی و بێدەسەڵاتیی مرۆڤ دەگەیەنێت - هەندێك مرۆڤ

بەهۆی ئاژەڵەوە ئاماژەیان پێدراوە - واتا بێدەسەڵاتیی یان غەمساردیی مرۆڤ دەگەیەنێت لەهەندێك بارودۆخدا: (( چاوە شووشەكانیان سارد سارد دەینواڕییە كردەوەی بەشەردا )). (گەماڵ، ل ١٤٦)

لەڕۆمانی (باڵندەكانی دەم با)دا، ڕەنگی ڕەش و خۆڵەمێشی و تاریك و پڕ لە دووكەڵ بەبەردەوامیی بوونی هەیە، هەروەك لەماڵی (میرزا سەعیدی میهرەبیان) و ماڵی(فەرهاد)یش هەربەوجۆرە وەسفكراون: (( ژوورەكە تاریك بوو پڕ لە دووكەڵ، قۆرییەكی ڕەش لەسەر مەنگەڵییەكەبوو، لەسەر پشكۆكانی، ئەوسەیری دیوارەكان و سەیری ینمیچی ژورەكەی دەكرد، ڕەش و تاریك بوون، قاپە ڕەسم و ئاوێنەی شكاوی سەرتاقەكانیش ڕەش و تاریك بوون، سەعاتە دیوارییەكەش توێژێك دووكەڵ و دوودەی لەسەر نیشتبوو،...، قسەكەی تەواو نەكرد، باڵندەیەكی ڕەش و گەورە، لەقاپی پەنجەرەی ژوورەكەدا سەرنجی قۆستەوە )). (باڵندەكانی دەم با، ل٣٢ – ٣٣)

بەهەمان شێوەی (حەسار و سەگەكانی باوكم، جەنگ)،(باڵندەكانی دەم با) نیشانەی دید و بۆچوون و باری سەرنجی ڕۆماننووسە و زیاتر ڕەنگەكان خۆڵەمێشی و ڕەش و تاریكن، هەروەها كارەكتەرەكان وەكو باڵندەیەك بەدەم ڕەشەبای ڕۆژگارەوە، دێن و دەچن و نائارام و نائاسوودە خراونەتەڕوو . بێگومان بۆپیشاندانی ئەم نائارامییە پێویستی بەبەكارهێنانی ئەم ڕەنگە تاریكانەیە.

## ٧. گوتاری ئەندام و ئاماژە تابووەكانی جەستە (سنگ، ماچ) بەنموونە :

لەڕۆمانی (ئەژدیها)دا ئاماژەدراوە بەسنگی (پەری)ی دلبەری (وەلی)، كەسنگ و بەرۆكی پەری ڕایەڵە و پەیوەندی نێوان (پەری) و (وەلی) بەشێوەیەكی خەیاڵیی ورد دروستكردووە و داوێكی هێندە بەهێزی هەیە ، كە لە كەللەی سەری (وەلی) یەوە سەرنجی چاوەكانی بۆسنگی پەری دەچوون: (( هەر كە كراسەكەی پەری تەڕدەبوو ، بە مەمكە قوتەكانیەوە دەنووسا ، مەمكەكانی زیاتر بەرجەستەتر دەبوون ، گۆپكەكانی هەند یاخی دەبوون، دەبوونە دەم، وردە وردە داوە سەرنجەكانی وەلیان دەمژی، چاوانی وەلیش هەند كەوی و دەستەمۆبوون، گۆپكەكانی مەمكی بەداوێكی نادیار (بینایی) هەردوو چاوانی(وەلی) یان لە كەلەسەرەوە بەرەو لای خۆی پەلكێش دەكرد.. )). (ئەژدیها ، ل ٥٦)

لەڕۆمانی هێلانەدا ڕۆماننووس وەسفێكی وردی جەستەی(سنگ و مەمك)ی (غوربەت) دەكات وەسفێك كە جەستەی لەبەر چاوی خوێنەر دەكەوێتەڕوو : (( وەك یەكەمجارییێ ئاوەها بە ڕووتی ببینێ ، بەپەرۆشەوە پیایدا هەڵدەڕوانێ ، كراس لە ئاستی مەمانیدا گرمۆڵە بووە ، دەست دەبا گرمۆڵە بەرەو سەروویان ڕادەماڵێ ،...، لە سەرو سیما لایدا و دیدەی داخزایە سەر سینە و مەمانێكی پڕ باوەش ، هەردوو دەستی بۆ بردن و بەئەسپایی لەپی پێدا هێنان .... )) (هێلانە ، ل ١٠)

ماچ لەڕۆمانی (هێلانە)دا بەچەند جۆرێك دەردەکەوێت ، بۆ پەیوەندی نێوان دوو خۆشەویست -دوو مرۆڤ - کاتێك (سوبحان) لەو بەیانییەدا پێش ئەوەی بەرەو شار بکەوێتە ڕێ ، بەدەوروبەری (غوربەت)دا دێت و دەچێت: ((غوربەت دەیویست بچێت بەلای کاروفرمانییەوە، ئەم لێی نەدەبۆوە، هەر دەوروخولی دەدا، پەیتا پەیتا لەئامێزی دەگرت و ماچبارانی دەکرد ،...، غوربەت لێوی نایەسەر لێوی ، سووکە ماچێکی کرد، بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە وتی.. )). (هێلانە ، ل ١٢)

دواتر (سوبحان) لەهەردوو منداڵەکەی نزیکدەبێتەوە و ماچیان دەکات: (( لایدایە لای هەردوو کۆرپەکەی(بنار)ی کوڕو (چنار)ی کچ، کەوەك دوو فریشتە لەشیرینخەودا بوون، دانیشتە سەرچۆك و ماوەیەك بەشادمانییەوە سەیری کردن، دەستێکی پڕ لە سۆزی باوکایەتی بەسەرو قژیاندا گێڕا، بەئەسپایی لێوی نابە گۆنایانەوە و ماچی کردن .. )). (هێلانە ، ل ١٢)

لەبەرئەوەی (سوبحان) شەیدای سروشتی (حاجی سوبحانە) لەدەوروبەری خۆیی دەڕوانی ، باڵندە و گوڵ و دار و دەوەنی ماچباراندەکرد ، لێرەدا ماچەکانی بۆ سروشت و دەوروبەرێتی : (( کەلەدوورەوە باڵندەیەکی لەسەر جادەکە دەدی پڕبەدەم هاواری دەکرد - هێی لاچۆ... بانەبیت بە ژێرەوە! پەیتا پەیتا ماچی هەوایی بۆ هەڵفڕیوەکان... بۆگوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەملا و ئەولای جادەکە و بەتایبەتی بۆپەڵە گوڵاڵە سوورەکان دەنارد...)). (هێلانە ، ل ١٦)

لە (هێلانە)دا ئاماژەکانی ماچ بۆ پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤ ، یان مرۆڤ و سرووشت خراوەتەڕوو.

لەڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم)دا ، ئاماژەبە دووجۆر ماچ دەدات: ماچێکی سروشتیی لەنێوان دووکەسدا، هەروەها ماچێکی خەیاڵیی کەسێیەرێك لە شوێنی خۆی بەجێدەهێڵێت و بەماچی حەرام ناوی هاتووە، بۆنموونە کاتێك (داپیرە) شەوانە، بەناوکۆشك و بەژوورەکاندا دەگەڕا ، بۆ دڵنیابوونی ، ژێر چەرپاکان و هەموو سووچ و پەنایەکی دەپشکنی، ماچی کچەکانی دەکرد دواتر دەیوست ماچە حەرامەکانی سەر ڕوخساریان بدۆزێتەوە، ماچێکی خەیاڵیی لەسەر گۆنای کچەکان، لەدیدوبۆچوونی (داپیرە)دا درووستدەبوو: (( بەرلەوەی سەرنێتەوە سەر بالیفەکەی، دەبایە بەدەستی خۆی پەنجەرەی هەموو ژوورەکان بەکلیل و کێلون و ئەڵقە ڕێز ببەستێت و یەك یەك کیژە ماندووەکان داپۆشێت و هەریەکەیان بەجۆرێکی هێمن و تایبەتی ماچ بکات و چراکان یەکەیکە خامۆش بکات،...، هەمیشە بۆنی پیاوێکی غەریبی دەکرد لەلەشماندا و سێبەری ماچێکی خەیاڵیی لەسەر ڕوومەتمان دەدۆزییەوە ، وامان هەستدەکرد کەدیمەنی هەموو ئارەزووە حەرامەکان لەچاوماندا ببینێت.. )). (مەرگی تاقانەی دووەم ، ل ٩)

لەڕۆمانی (حەساروسەگەکانی باوکم)دا، دیارترین شێوەی ماچ بریتیە لەو ماچەی کەخوشك و براکان دەست و پێی برای گەورەیان ماچدەکرد، بۆ پاڕانەوە و تکاکردن بۆکردنی کارێك کەکوشتنی باوکیانە:

(( هەموویان کڕووزانەوە و ماچیانکردم کە ئەو دێوە بکوژم،...، ئەو شەوە تا تخووبی گۆڕستانەکە قەیرە خوشکەکانم تاوێ دەستیان لەملم کرد و ماچبارانیان دەکردم.. )). (حەسار و سەگەکانی باوکم ، ل ١٩ ، ٥١)

لەڕۆمانی (باڵندەکانی دەم با)دا یەکجار ئاماژە بە ماچ دراوە لەنێوان (فەرهاد) و (کاڵی)دا : (( فەرهاد لەوساتە تیژ تێپەڕەدا کەکاڵێ لەبن باڵییەوە دەردەچوو، ماچێکی لەگۆنا و لەگەردنی دەدزی و کاڵێ پێدەکەنی )). (باڵندەکانی دەم با ، ل ١٨٢)

بەهۆی ئەم وێنەیەوە لەنێوان (فەرهاد) و (کاڵێ)دا ڕۆماننووس دەیەوێت پەیوەندی نێوانیان زیاتر بخاتەڕوو .

# ئەنجام

## ئەنجام :

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا گەیشتین بەم چەند ئەنجامە :

1- ناوی کارەکتەر گرنگی تەواوی پێدراوە و ڕۆماننووس هەوڵیداوە ناوەکان بگونجێنێت لەگەڵ چۆنیەتی پێکهاتە و سروشتی جەستەی کارەکتەردا ، هەروەها لەگەڵ ڕەفتار و هەڵسوکەوت و خووڕەوشت و بیروباوەڕ و هەڵوێستیدا ، زۆرجاریش ناوەکان بۆ دەرخستنی سیفاتی پێچەوانەیە .

2- لەسەرجەم قوتابخانە ئەدەبییەکاندا لە (شیعر و پەخشان)دا ، مامەڵەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جەستەدا کراوە . هەریەکەیان بەپێی دەستوورو ڕێ و شوێنی تایبەتی خۆی ئاماژەی پێداوە . لەئەدەبی فۆلکلۆر و ئەدەبی کلاسیکیدا هاوشێوەی یەکتری وەسفی جەستەیان کردووە .

3- ڕوخساری کارەکتەرەکان بەگشتی وێنەیەکی ژاکاو و ڕەنگ زەرد و ڕەنگ و ڕوو هەڵبزڕکا و تەم و مژاویی و لەتاسەوەچوو پیشاندەدەن ، کە ئاوێنەی دڵ و دەروونیانە بەهۆی بارودۆخی ناهەموار و ڕۆژگاری پڕ ئازار و مەینەتییەوە . زۆرجاریش ڕوخساریان بەجۆرێکی نامۆ دەرکەوتوون ، هەروەك لەپێکهێنانی جەستەیەکی نوێ یان گۆڕانکاری لەجەستەی مرۆڤ بۆ ئاژەڵدا ، بەرجەستەدەبێت .

4- لەزۆربەی ڕۆمانەکاندا سەر شۆڕکراوەتەوە بۆ سەر سنگ و بەشێوەی وڕوکاس پشاندراوە ، بێگومان بەهۆی ئازار و غەمی ڕۆژگار و چەوساندنەوەوەیە .

5- چاو بەشێوەیەکی گشتی پڕگومان و ترس و دوودڵیین و نیگاکان سارد و سڕن و پڕن لەچاوەڕوانی ، جەنگ و دابڕکاریش هۆکارێکی سەرەکیین . بەپێچەوانەی نیگا گەرم و گوڕەکان و پڕشادییەکانی پێش ڕۆژانی جەگ ، هەندێکجاریش بەهۆی ئاماژەدان بەکەمئەندامیی – کوێریی – ەوە چەندین سیفات و مەبەستی جیاواز دراوە بەکارەکتەرەکان .

6- دەست بەهەردوو واتای (ماددی و مەعنەوی) خراوەتەڕوو ، لەڕووی پێکهاتە ماددیەکەوە ، وەکو پیشاندانی زوڵم و زۆرداری ڕژێمی بەعس و ئاماژە جیاوازەکانی دەست و پێی سەربازەکان و دەست و پێوەندەکانی ، هەروەها دەستی سۆز و میهرەبانیی دایك و باوك ، وەکو واتا و ئاماژە (مەعنەوی) یەکەی دەست .

- دەست و پێ زۆرجار لەرزیو و هێز و برست لێبڕاوە ، بەهۆی چەوساندنەوە جیاوازەکانەوە ئاماژەی جیاواز هەڵدەگرن و زۆرجار دەست و پەنجە بەجگەرەوە خراونەتەڕوو بەتایبەتی لە ڕۆمانی (هێلانە)دا .

- کەمئەندامیی دەست و پێیەکان لەکارەکتەرە شەل و گۆجەکاندا بەرجەستە دەبن ، جگە لەپیشاندانی مەرگەسات و ژیانی پڕ مەینەتییان زۆرجاریش (شەل) بۆکەسی فێڵباز بەکارهێنراوە .

- لەڕۆمانی ( ئەژدیها و مەرگی تاقانەی دووەم )دا دەست و پەنجەکان بۆ هەردووبارودۆخی سێکسیی و زوڵم و زۆرداریی خراونەتە ڕوو .

7- ماچ لەهەموو ئەو گوتارانەی کە ئەندامەکانی تری جەستە دەیگەیەنن کاریگەرتر و دیارترە لەپیشاندانی پەیوەندی نێوان کارەکتەرەکان ، یان نێوان مرۆڤ و سروشت ، کە زۆرجار لەشێوەی ڕاستیی یان خەیاڵدا خراونەتەڕوو ، لەڕووی پلەوە بەدوای ماچدا ، گوتاری سنگ ، ئاماژەی بەردەوامی هەیە .

8- جل و بەرگی زۆربەی کارەکتەرەکان کوردیین ، بەڵام لەبەرئەوەی لەڕووی کاتەوە ئاماژە بەسەردەمی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس دەکرێت ، هەربۆیە پیاوانی ڕژێم و ئەفسەرەکانیان ، جل و بەرگی سەربازییان پۆشیوە ، هەروەکو لەڕۆمانەکانی (هێلانە ، مەرگی تاقانەی دووەم ، ئەژدیها ، گەماڵ) دا دەبینرێت .

هەندێکجاریش جل و بەرگی کارەکتەرەکان عەرەبیین ، وەکو دشداشە یان چاکەت و پانتۆڵ ، هەروەك لەڕۆمانەکانی (باڵندەکانی دەم با ، ئەڵوەن ، ژن) دا بەرجەستە دەبن.

9- بۆنی سارد و بۆنی شێ و تەڕیی ، ئاماژەن بە بارودۆخی تایبەتی دەروونی کارەکتەرەکان ، زۆرجاریش واتای تایبەتی هەڵدەگرن .

- لەڕۆمانەکانی (ئەڵوەن ، مەرگی تاقانەی دووەم ، حەسار)دا بۆنی خوێنی مرۆڤ و ئاژەڵ ، ئاماژەی بەردەوامی پێدراوە .

10- خوێن بە هەردوو شێوەی ماددی و مەعنەوی لە هەردوو ڕۆمانی (هێلانە، مەرگی تاقانەی دووەم)دا، ئاماژەی پێدراوە و لەزۆربەی ڕۆمانەکاندا ، خوێن تەنیا بەجۆری (ماددی) و بەشێوەیەکی بەرجەستە خراوەتەوەڕوو ، هەروەك لەڕۆمانەکانی (جەنگ ، ئەژدیها ، گەماڵ ، ئەڵوەن)دا دیارە .

11- لەڕێگای زمانی ئاخاوتنەوە ، پلەی خوێندەواریی و ئاستی ڕۆشنبیریی و شوێن و پایەی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەڵوێستی کارەکتەرەکانمان بۆ ڕووندەبێتەوە .

- زۆرجار زمانی ڕەشبینیی و نائومێدیی باڵی کێشاوە بەسەر ئاخاوتنی کارەکتەرەکاندا ، بێگومان ئەمەش بەکاریگەریی چەند هۆکارێکەوە درووستبووە .

- شێوازی ئاخاوتنی کارەکتەرەکانی هەر ڕۆمانێك ، ڕەنگدانەوەی شوێنی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیانن ، هەر ڕۆمانێکیش ئاماژە بەشوێنێکی دیاریکراودەدات ، لەم ڕووەوە چەندین شێوەزاری جیاواز لەسنووری ڕۆمانەکاندا بەکارهاتووە .

12- لە زۆربەی ڕۆمانەکاندا بەدەنگی بەرز ئاماژە بە گریان و پێکەنین دراوە ، لە چەند بارودۆخێکی تایبەتیدا ، جگە لە ڕۆمانی (باڵندەکانی دەم با) کە دەنگەکانی کپ و خامۆشن .

-دەنگی ئاژەڵ تێکەڵ بە دەنگی مرۆڤ دەبێت بەهەردوو جۆری کپ و خامۆش و بەرز هەروەك لە ڕۆمانی (هێلانە ، گەماڵ ، جەنگ ، حەسار) دا بەرجەستە دەبێت .

13- ئاماژەیەکی زۆر تایبەتی بەڕەنگی ڕەش و خۆڵەمێشی دراوە ، کەنیشانەی نائومێدیی و بێهیوایی کارەکتەرەکان و دواتریش ڕۆماننووسەکانن ، کە هێمان بۆ ئەو ڕۆژگارە پڕنەهامەتییانەی بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووە .

# سەرچاوەکان

## ❖ قورئانی پیرۆز

## ❖ کوردی

### أ. کتێبەکان:


١. ئیمام عبدالفتاح ئیمام، ئەفلاتون و ئافرەت، وەرگێرانی: ئەژین عبدالخالق، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، 2008

٢. ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی (دیوان)، چاپی دووەم، چاپخانەی کتێبخانەی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٨٤

٣. ئەرستۆ، پۆیەتیکا، وەرگێرانی: د.محمد کەمال، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2010.

٤. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، وشەسازی، بەشی (1-5)، ناو، جێناو، ئاوەڵناو، بەرگی یەکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی تیشك، سلێمانی، 2001.

٥. ئەیان وات، سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی، وەرگێرانی: ڕەئووف بێگەرد، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٩

٦. بوشرا کەسنەزانی، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا ساڵی(1995-2005)، چاپی یەکەم ، چاپخانەی لەریا، سلێمانی ،٢٠١٢

٧. بەختیار عەلی، مەرگی تاقانەی دووەم (ڕۆمان)، چاپی شەشەم، چاپخانەی تاران، 2015.

٨. تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە، ئەژدیها) لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، پراکتیکی، ڕەخنەییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2011.

٩. جمال الکاشف ، خوێندنەوەی ڕووخساری مرۆڤ (چۆن ڕوخساری مرۆڤ دەخوێنیتەوە و پەی بەنهێنیەکانی دەبەیت)، وەرگێرانی : هەورامان عەلی ، چاپی پێنجەم ، چاپخانەی چاپ و پەخشی ڕێنما ، 2012

١٠. جۆن ماکوای، فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودیەت)، وەرگێرانی : ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2007

١١. جەعفەر شیخ حسێن بەرزنجی، چەند مەڵۆیەک لە شارای فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ١٩٨٦

١٢. جەوهەر شێخانی، بینای کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی حسێن عارفدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2014.

١٣. چارلز برێسلێر، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی (پێشەکیەك بۆ تیۆری) وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە : عەبدولخالق یەعقوبی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2002

١٤. حسێن عارف، نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا / ساڵانی (1955-1988)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.

١٥. خەلیل عبدولڕەحمان معایتە، دەروونناسی کۆمەڵایەتی، و:سەڵاح سەعدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر، 2013

١٦. دیوانی هێمن (1921 – 1986)، هەولێر، 2003

١٧. دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف، چاپی دووەم، چاپخانەی هەولێر، 1969

١٨. دەروون عەبدولڕەحمان ساڵح، ڕۆڵی زمان لە ئاراستەکردنی لایەنی دەروونیی تاکدا – لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی دەروونییە، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١٤

١٩. دەریا حوێزی، ئیرۆتیك لەشیعری (حەمام) ی (شێرکۆ بێکەس)دا (لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2015

٢٠. ڕەشاد میران، چەند بابەتێکی ئێتنۆ –کۆمەڵایەتی (وتار، توێژینەوە، وەرگێران)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی (خانی)، دهۆك، 2010

٢١. ڕێبوار سیوەیلی، لەپەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی (خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانەی پەیوەندی خۆشەویستی)، چاپی دووەم،چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2005

٢٢. ڕێبوار سیوەیلی، دنیای شتە بچووکەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، 2005

٢٣. ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ، جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا-کرمانجی خواروو- (2000-2010)، چاپخانەی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، 2013.

٢٤. ستیڤن جۆن کڵبەرت ، زمانی جەستەی ڕەنگ ، وەرگێرانی : حەسەن مینە

٢٥. سەرۆ قادر، (کۆمەڵگە،دین و توندوتیژی)، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2012

٢٦. سەلام عبدولکەریم، موقەدەس و کلتور، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007

٢٧. سەلام ناوخۆش، ئافرەت و کلتور - توێژینەوەیەکە لەمەڕ ئافرەتی کورد کەلەکلتوری خێڵەکی و کلتوری ڕۆژئاواییدان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێ نوێ، 2015.

٢٨. سیگمۆند فرۆید، پێنج وانە لە دەروونشیکاریدا، وەرگێرانی: سەباحی مەلاعەولا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2015

٢٩. سەروەر کەریم، عەشق و خۆشەویستی لەنێوان وەهم و واقیع دا، چاپی دووەم، چاپخانەی ئارام، سلێمانی، 2006

٣٠. سەرۆ قادر، ئافرەت کێشەیەك بەدرێژایی مێژوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2009

٣١. سەعدوڵلا ئیسماعیل شێخانی، سێ سەد هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی، پێداچوونەوەی: فاضل شەورۆ، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، 1990

٣٢. سەلام مەنمی، ژن لەبەرسەرهات و چیرۆکی فۆلکۆری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی، 2014

٣٣. شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی (ناوەرۆکی فیکری و ئەدەبی)، چاپخانەی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، هەولێر، 1984، ل ( 79-85 )

٣٤. شێرکۆ حمە أمین قادر، شیکارکردنێکی گوتاریی هەواڵ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2009

٣٥. صبری المقدسي (قەشە)، هێمائاینی و ڕۆشنبیرییەکان، وەرگێرانی : دەلال صلیوا عیسا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2015

٣٦. عادل باخەوان، سۆسیۆلۆژیای بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی غەزەلنووس بۆچاپ و بڵاوکردنەوە، 2015

٣٧. عبدالواحید موشیر دزەیی، زەمان و کەسایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر، 2015.

٣٨. عبدولخالق یەعقوبی، لەکلتورەوە بۆ ئەدەبیات (کۆمەڵە وتار)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و بڵاوکرنەوەی ئاراس، هەولێر، 2008

٣٩. عەبدوڵڵا سەراج، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧

٤٠. عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا، پرسی جەستە لە یارییەکی بوونگەراییدا،چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2012

٤١. فاروق عمر صدیق، ڕەچەڵەکی وشە و پەلهاویشتنی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر، 2015.

٤٢. فاروق عمر صدیق، لەدایك بوونی وشە،

٤٣. فەوزیة دریع، خەونە سێکسیەکان، وەرگێرانی :سۆزان جمال، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2014

٤٤. فەوزیة دریع، یەك ملیۆن پرسیار و وەڵام دەربارەی سێکس، وەرگێرانی:سۆزان جمال، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2013

٤٥. فوئاد سدیق، دەرونزانی کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، هەولێر، 2015

٤٦. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، دیوان، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤

٤٧. ڤەنسان ژووف، بووتیقای ڕۆمان، وەرگێرانی: محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی، چاپی یەکەم، دەزگای و چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2012.

٤٨. قوبادی جەلیزادە، چاکەتێك لەکۆنە دەکرم (دیوان)، چاپخانەی پیرەمێرد (لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان)، سلێمانی،2015

٤٩. کامەران محەمەد، کلتور لەنێوان وەرگرتن و ڕەت کردنەوەدا (توێژینەوەکە لە میتۆدە جیاوازەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کلتور دەکۆڵێتەوە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی، 2007

٥٠. کەریم شریف قەرەچەتانی، سروشتی مرۆڤ لەڕوانگەی جان جاك ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆید، چاپی دووەم، چاپخانەی پیرەمێرد، لەبڵاوکراوەکانی باخچەی منداڵانی ژوانی ئەهلی، سلێمانی، 2016.

٥١. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکولۆژیای گشتی، چاپی چوارەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، 2015

٥٢. کەمال فاروق، لەپەراوێزی کەسێتیدا (خوێندنەوەیەکی سایکۆ سۆسیۆلۆجی ڕەفتار)، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، 2013

٥٣. کازێوە ساڵح، فیمینستناسیی و جڤاکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ئاراس)، هەولێر، ٢٠٠٥

٥٤. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکولۆجیای پەروەردەیی، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، 2013

٥٥. کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا)، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، 2005.

٥٦. لارس میلبین، سایکۆلۆجی زمان، وەرگێرانی : غازی عەلی خورشید، چاپخانەی سپیریز، دهۆک، ٢٠١٠

٥٧. محمد کمال، نیتشە و پاش تازەگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای موکری، سلێمانی، 2006

٥٨. محمد مەنتك، تەکنیکی فرە دەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو) ساڵی (2000-2010)، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، 2013.

٥٩. محەمەد بن مەحموود، دەرونزانی کۆمەڵایەتی (ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا) چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات - خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە، هەولێر، 2014

٦٠. محەمەد حەمە سالْح تۆفیق، هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواریی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەژین، سلێمانی، 2000

٦١. محەمەد کەمال، فەلسەفەی بوون (لێکۆڵینەوەیەك لەسەر هزری پاش میتافیزیك)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە، سلێمانی، 2014

٦٢. محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، چاپخانەی دار الحکمة، چاپی یەکەم، هەولێر، 1990.

٦٣.

٦٤. محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، 1980

٦٥. مەریوانی عومەر دەوڵەت، سیما و خەسڵەتی کارەکتەر لە کورتە چیرۆکی کوردی نێوان (1925-1950)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دیلان، سلێمانی، 2011.

٦٦. مەلا عبدالکریمی مدرس، دیوانی مەحوی (مەلا موحەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی)، چاپی دووەم، چاپخانەی ئۆفسێتی (حسام) – کۆڕی زانیاری کورد، 1984

٦٧. مەلا عبدالکریمی مدرس، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1976، ل 133

٦٨. نوال السعداوی، ئافرەت و سێکس، وەرگێرانی :عوسمان عەبدولکەریم، چاپی دووەم، چاپەمەنی گەنج، 2007

٦٩. نەبیل عەبدولحەمید، تۆماس هۆبز و ڕێبازەئاکاری و ڕامیارییەکەی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2012

٧٠. نەجم ئەڵوەنی، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، 2009.

٧١. هاشم احمد زادە، جیهانی ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە، 2015.

٧٢. هیمدادی حوسێن، چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، 1986

٧٣. ئاشنابوون بە فیمینیزم، وەرگێرانی : عەزیز رەئوف، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٧

٧٤. ئالن پییز ، زمانی جەستە ، (چۆن لە ڕێگای ئاماژەکانەوە بیری بەرامبەرەکەت دەخوێنیتەوە ) ، وەرگێرانی: سەلاح سەعدی ، چاپخانەی نارین ، هەولێر ، ٢٠١٤

٧٥. ئەلفەرد ئادلەر، ناسینی سروشتی مرۆڤ، وەرگێرانی: سیدۆ داوود عەلی، چاپی یەکەم،چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، 2008

٧٦. ئەنتۆنی گیدنز، دەروازەیەکی ڕەخنەیی بۆ کۆمەڵناسی و: ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2013

٧٧. یوری ریو ریکۆف، خۆشەویستی و وزەی دەروونیی، وەرگێرانی: سۆزان جەمال، چاپ یەکەم، (چاپخانەی کارۆ – وەزارەتی ڕۆشنبیری)، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێران، 2009

٧٨. مینە ، زمانی جەستە ( درۆو هێماکانی درۆکردن )، چاپخانەی ئاوێنە ، 2007 ، ل ( ٣٤-٣٥ )

٧٩. ویل دۆرانت، ژن و پیاو و ئاکاری سێکسی لەلانکەی شارستانیەتەکاندا، وەرگێرانی: دڵشاد کەریم خۆشناو، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان، 2009

## ب. گۆڤار و رۆژنامەکان

١. تەلعەت تاهیر، قوبادی جەلیل زادە و هێنانەوەی جەستە لەمەنفا (گفتوگۆ لەگەڵ قوبادی جەلیل زادە )دا، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ(5)، کانوونی دووەمی 1998

٢. ڕۆشنا ئەحمەد، ئافرەت لەنێوان عەقڵ و جەستەدا، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژ (23 – 24) ی ئایاری 2001

٣. عبدالقادر حمە أمین محمد، ژن لەدەقەکانی (قوبادی جەلیل زادە) دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ(25) ئازاری 2009

٤. فاضل مجید محمود، چەمکی ئافرەت و پەیوەندییەکانی بەنەریتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانەوە لە شیعری بێکەس دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B، ژمارە (17)ی نیسانی 2006.

٥. محمد ڕێبوارتوفیق، بە دەروونکردنی زمان یان بە زمان کردنی دەروون، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ(١١)، تشرینی دووەمی، ١٩٩٨

٦. محەمەد فاروق عمر، ناوی تایبەتی مرۆڤ لە زمانی کوردی و چەند زمانێکی تردا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ125، وەرزی بەهار، 1990.

٧. بێستوون ئەبوبەکر عەلی ،نوێکردنەوەی پێناسەی زمان لە گۆشەنیگای ئاستەکانییەوە، دەربڕاوی زمانی کوردی بە نموونە، گۆڤاری زانکۆی کوردستان ، سنە، ژ. (٩-١٠) /٦/٢٠١٩

## ج. نامەی ماستەر و دکتۆرا

١. بێستون ئەبوبەکر عەلی، دەرکەوتەی دوودیویی زمانیی لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کوردی، ٢٠١٥، ل ٥١

٢. بێستوون عارف عزیز، بابەت و تەکنیکی خواستراو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی.

٣. جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)، زانکۆی بەغدا، 2006.

٤. ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد، سینۆنیم لە زمانی کوردی ناوچەی گەرمیاندا (لێکۆڵینەوەیەکی واتایی و پێکهاتەیی‌یە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، 2016.

٥. ڕۆکان عەبدوڵڵا محەمەد، چەند تایبەتێتییەکی ناوچەی گەرمیان لە ڕووی فۆنەتیک و گراماتیکەوە (لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە)، تێزی دوکتورا، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، ٢٠١٥

٦. ڕێژنە ئیسماعیل عەزیز، ناونان و هەست لەزمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەروونی‌یە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، 2008.

٧. سەردار فایەق مەجید، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانەکانی (محمد موکری)دا (لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکاری پراکتیکی‌یە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، 2013.

٨. سەرکەوت عمر ابراهیم، ململانێ کەسێتییەکان لە ڕۆمانەکانی حسێن عارفدا، نامەی ماستەر.

٩. عطا رشيد قادر، بنياتی دەق لە درامای کوردیدا ( ١٩٧٠ – ١٩٩١ )، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردەی کەلار ( زانکۆی سلێمانی / فاکەڵتی پەروەردەی کەلار )، ٢٠١٢

١٠. عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم، وشەی زمانی کوردی ورێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر،

١١. لیمۆ محمود تۆفیق، دەربڕینی چەمکی دیاریکردن و ئاشکرانەکردنی ناو لە کوردی و چەند زمانێکی هاوگرووپی خۆی و دوور لێوەی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، 2012.

١٢. مستەفا ڕەزا مستەفا، ناوی ئەبستراکت و پێزی مۆرفیمە داڕێژراوەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، 2013.

١٣. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا ،شاکەس لە ڕۆمانی کوردی کوردستانی عێراقدا (١٩٩٠-١٩٩٧)،نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێجی ئاداب،بەشی زمانی کوردی،٢٠٠٠

١٤. میران جلال محمد، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی، 2008.

١٥. میران جلال محمد، گوتار لە ڕۆمانی کوردیدا (1975 -2000) باشووری کوردستان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، 2014

١٦. نەوزاد ئەنوەر عومەر، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پراگماتیك لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، 2014.

١٧. هیدایەت عبدوڵڵا محەمەد، ڕێکەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لەزمانی کوردیدا، تێزی دکتورا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی، 2002.

١٨. هێمن عەبدولحەمید شەمس ، شێواز و دەربڕین لەبۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا ، نامەی ماستەر ،زانکۆی کۆیە ، کۆلێجی پەروەردە ، بەشی کوردی ، 2006.

## د. دیدار و چاوپێکەوتن

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ توانا عبدالرحمان، مامۆستای فەلسەفە، ڕێکەوتی (5 شەممە)، 2017/12/21

## ه. ڕۆمان

١. ئەحلام مەنسوور، ئەڵوەن،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس ،هەولێر، ٢٠٠٤

٢. بەختیار عەلی، مەرگی تاقانەی دووەم ،چاپی شەشەم، چاپخانەی تاران ،٢٠١٥

٣. حسێن عارف، هێلانە (ڕۆمان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 1999.

٤. خوسرەوجاف،گەماڵ، دار الحرية للطباعة ،بغداد،1995

٥. سەلاح عومەر، جەنگ (ڕۆمان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2003.

٦. شێرزاد حەسەن (کۆ ڕۆمان)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 200٥ .

٧. ڕێواس ئەحمەد، ژن ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ٢٠٠٥

٨. عەتا نەهایی،باڵندەکانی دەم با(کۆی بەرهەمەکانی عەتا نەهایی)، چاپی یەکەم ،چاپخانەی کانی کتێب،٢٠١٥

## ❖ عەرەبی

### أ. كتێبەكان:


١٩. ابراهيم علي السلطي، التحليل النفسي فى النص الادبي، كشف العلاقة الثلاثية : الاديب، الادب، المتلقي، الطبعة الاولى، دار جليس الزمان للنشر و التوزيع، عمان، الاردن، 2010

٢٠. احمد محمد مبارك الكندرى، علم النفس الاجتماعى المعاصر،الطبعة الاولى، دار الحنين للنشر و التوزيع، عمان،الاردن،2012

٢١. احمد محمد مبارک الکندرى، علم النفس الاسرى، الطبعة الرابعة، دار الحنين للنشرو التوزيع،، عمان الاردن، 2012

٢٢. أيمن أبوالروس، فن قراءة الوجوه وكشف خبايا النفوس ، الطبعة ألاولى ، مطبعة مكتبة ابن سينا للطبع و النشر و التوزيع ، القاهرة ،2007

٢٣. حسنين شفيق ، لغة الجسد فى المجال الاعلامي ، الطبعة الاولى ، دار فكر وفن ، سورية ، دمشق ، 2012.

٢٤. حنان فتحي الشيخ، اضطرابات اللغة و الكلام، الطبعة الاولى، دار حنين للنشر و التوزيع، عمان، الاردن، 2011

٢٥. حنين عبدالمسيح، من الظلام الارثوذكسية إلى نور المسيح (سلسلة أبحاث عن البعد الارثوذكسية: بدعة الرهبنة)، الطبعة الثالثة، مصر، القاهرة، 2009

٢٦. دانيال.ا.باسوک، المسيحية، واساطير التجسد في الشرق الادنى القديم، دراسات نقدية، (يونان، سورية، مصر) ترجمة: سعد رستم، مطبعة الاوائل للنشر والتوزيع، سورية، دمشق، 2002

٢٧. سعيد صدقى كابان، مختصر صرف ونحوى كوردى، طبع الاول، مطبعة نجاح، بغداد، 1956.

٢٨. صابر محمود الحباشة، الاسلوبية والتداولية (مداخل لتحليل الخطاب)، الطبعه الاولى (اربد) عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، 2011

٢٩. صابر محمود الحباشة، الاسلوبية والتداولية (مداخل لتحليل الخطاب)، الطبعه الاولى (اربد) عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، 2011

٣٠. صلاح ملا عزيز، جماليات الآشارة النفسية فى الخطاب القرانى، الطبعة الآولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، سوريا، 2010

٣١. عامر صالح، فى الحب و الجنس والزوايا الثلاث – مقدمة سيكلولوجية، فلسفة، علم النفس، وعلم الاجتماع، 2012/10/30

٣٢. عبدالواسع الحميري، ماالخطاب وكيف نحلله، الطبعة الاولى، (مجد) المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، 2009

٣٣. علي فالح الهنداوي ، مبادىء اساسية فى علم النفس ، الطبعة الثانية ، دار الحنين للنشر و التوزيع ، عمان ، الاردن ، 2011

٣٤. فراس السواح، الوجه الاخر للمسيح (موقف يسوع من اليهود واليهودية و اله العهد القديم ومقدمة في المسيحية الغنوصية)، الطبعة الاولى، دار العلاء الدين للنشر و الخدمات والتوزيع والترجمة، سورية، دمشق، 2014

٣٥. فياتشيسلاف شستاكوف، الايروس والثقافة – فلسفة الحب والفن الاوروبى، ترجمة :د.نزار عيون السود، الطبعة الاولى، دار المدى للنشر والتوزيع، سورية – دمشق، 2010

٣٦. قبارى محمد أسماعيل، علم الاجتماع والفلسفة (الجزء الثالث)، الطبعة الثانية، 1968

٣٧. كتاب القنديداد، اهم الكتاب التي تتألف بها الابستاه، نقله من الفرنسية الدكتور: داود جلبى، قدم له: جرجيس فتحالله،الطبعة الثانية، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل، كردستان العراق، 2001

٣٨. لطيف الزيتونى، معجم المصطلحات الرواية، مكتبة لبنان – ناشرون، بيروت، 2002

٣٩. محمد ثابت ، الفراسة - فن قراءة افكار الناس ، الطبعة الاولى ، دار الحياة للنشر والتوزيع ، 2013

٤٠. محمد عثمان النجاتى، علم النفس فى حياتنا اليومية، الطبعة الاولى، مطبعة مكتبة علم النفس، الكويت، 1979

٤١. محمد عثمان نجاتي ، علم النفس فى حياتنا اليومية ، الطبعة الحادية عشرة ، دار القلم ، الكويت ، 1984

٤٢. مركز اللوثري للخدمات الدينية في شرق الاوسط، سؤال وجواب، مجموعة اسئلة واجوبة حول الايمان والحياة المسيحية (الجز الثاني)، مطبعة البوليسية الجونية، بيروت، لبنان

٤٣. منصور عبدالحكيم ، الفراسة طريقك الى النجاح و معرفة الاخرين ، الطبعة الاولى ، دار الكتب العربي، دمشق ، سوريا ، 2007

٤٤. منير الحافظ، الوعى الجسدى (إشارات جمالية فى طقوس الخلاص الجسدى)، الطبعة االاولى، النايا للدراسات والنشرو التوزيع، سورية، دمشق، 2012.

٤٥. نهاد عبدالله العبيد، تنمية المفاهيم الدينية و العلمية لطفل الروضة، تقديم : أ.د. محمد وجيه الصاوى، الطبعة الاولى، دار الحنين للنشر و التوزيع، عمان، الاردن، 2011.

٤٦. نورى اسماعيل، الديانة الزردشتية، مزديسنا، الطبعة السادسة، دار علاء الدين للنشر، سورية، دمشق، 2006.

٤٧. هجران عبدالالاه احمد الصالحى، فكرة الجسد من المورث الحضارى الى فلسفه نيشتة، الطبعة الاولى، دار الفرقد للطباعة و النشر و التوزيع، سورية، دمشق، 2014.

## ب. نامەی ماستەر و دكتۆرا

١. أسماء إبراهيم حسين شنقار، سيميائية الشخصية في روايات يوسف السباعي، الاجتماعية، رسالة دكتوراه، جامعة عين الشمس، كلية البنات للآداب و العلوم و التربية، قسم اللغة العربية و آدابها، إشراف: د.حسن احمد البنداري. www.cr4.eulc.edu.eg/eulc_v5

٢. ..............، بناء الشخصية في رواية (تبر) لابراهيم الكوفي، مذكرة، مكملة لنيل شهادة الماجستر، جامعة محمد بوضياف، 2015، www.virtuel.compus_univ_msia_dz/

## ❖ ئینگلیزی

١. J.A.Cuddon,the Penguin Dictionary of LITERARY TERMS AND LITERARY THEORY ,Published in Penguin books, great Britain,199915

## ❖ ئینتەرنێت

١. Can your name shape your personality, 4 Oct 2015, www.bbc.com/news/magazine/34423194/A point of view.

٢. How important is a character's name in fiction, www.quarra.com/profil/chri .

٣. .How our names shape our identity. webcache.google user content.com/the idea factory

٤. https://en.oxforddiction>erotic, www.aries.com

٥. Jenna guadreau, how your name effects your -success-, (13/8/2015), surprising ways, your name effects your success, www.businessinsider.com .

٦. Michael Headric, How your names shape your identity, https://ar.wikipedia.org .

٧. Name and behavior by: H Edward Deluzain, (12/8/2017), www.behindthename.com/article/1.php .

٨. Name and behavior by: H Edward Deluzain, (12/8/2017), www.behindthename.com/article/1.php.

٩. Why your name matters, new culture book business, http://www.newyorker.com/tech/elements/under the name .

١٠. -> https://ar.m.wikipedia.com www.aljasad.org > show thread

١١. www.semiodirection.com/finalmente

١٢. الايروتيكية – مفهوما – مبعثا وتأريخا، ديوان العرب – قاموس – كتابة : أقلام ديوان العرب في (٢٠١١/٤/٦) www.diwanalarab.com

١٣. تحولات الشخصية الروائية و تفاعلاتها مع الميز، رواية -كتاب الامير- : مسالك ابواب الحديد، لواسينى الاعرج / نموذجا، 2017/8/4، www.road.net.

١٤. جودت شاكر محمود، قراءة لكتاب طوق الحمامة، لابن حزم الاندلسى www.malhiwar.org

١٥. د.جميل الحمداوي، سيمولوجيا أسماء الأشخاص في الرواية، دلالات سيميائية في الرواية العربية السعودية، 2017/8/20، www.arrafid.ae/arrafidp/083_2012.html

١٦. د.سمير الزغبي، سيمولوجيا الصورة الاشارية، www.m.ahewar.org

١٧. د.عماد على سليم أحمد الخطيب، دلالة أسماء الشخصيات في الرواية الأردنية (دراسة سيميائية في نماذج مختارة)، www.elibrary.mediu.edu.my/books/2014/med1400245

١٨. سيميائية الوصف في الرواية (قرة العين) لجيلانى خلاص، www.nizwa.com

١٩. علم العلامات ويكيبيديا – الموسوعة، http://ar.m.wikipedia.org

٢٠. على إبراهيم، الزمان و المكان في روايات غائب طعمة فرمان، بقلم / عدنان حسين احمد، في (2017/8/4)، www.m.alhewar.org .

٢١. قراءة لكتاب طوق الحمامة ، لابن حزم الاندلسى، جودت شاكر محمود www.m.alhewar.org

٢٢. محمد غرافي، قراءة في سيمولوجيا البصرية، 2017/8/21، www.aljabriabed.net .

٢٣. محمد فخرالدين، قراءة سيميائية في دلالة الأسم المغربي، www.maghress.com/khabarbladi/10359 .

٢٤. مراد ليمام، دراسات أدبية و نقدية www.anfasse.org

٢٥. المنتدى النقد الادبي و الفني- سيميائية الدلالة أسماء الشخصيات في الرواية الأردنية، د. عماد علي الخطيب، www.arabna-312.com .

٢٦. الموسوعة الحرة . www. Marifa.com

٢٧. نبيل سلامة، ملخص كتاب فن الحب لاريك فروم، www.maaber.org/www.m>booksand readings3

٢٨. هند سعدوني، قراءة في رواية ذاكرة الجسد لأحلام مستغانمي، بين (أنا) الكاتبة و (هو) البطل، 2017/8/22. www.mokarabat.com/s/4997.html

٢٩. ويكيبيديا – الموسوعة الحرة https://ar.m.wikipedia.org/wiki.

**ملخص البحث :**

***البحث تحت عنوان ( خطاب الجسد في الرواية الكوردية - الكرمانجية الجنوبية – بين 1995 - 2005 ) دراسة و بحث علمية .***

لغة الجسد عبارة عن تلك الرموز و الدلائل التي يحاول الانسان تنظيمها ، وبحسب مراحل الحياة البشرية ، حصلت تغيرات في معاني تلك الرموز ومدلولاتها في الجسد . أهداف وآمال الأنسان كانت بسيطة ومحدودة في بدايتها وبالتالي تكون حركات الجسد ومدلولاتها تعبيراَ عن تلك الأهداف والامال البسيطة ، ولكن بعد ذلك وتبعا لتعقيدات الحياة وتغيراتها في كل المجالات ، وجهت الدلالات والمدلولات نحو التعقيد.

يحاول الإنسان عند التحدث أن تكون مدلولات الجسد وفق مراده هو، لإيصال وتنسيق رسالته و وجهته التي يريده . لاشك أن التصرف والمدلولات لها معاني خاصة وفق طبيعة النظام الإجتماعي لمجتمع معين ، التصرفات والمدلولات لها معان خاصة ... غالباَ تكون معانٍ مختلفة أو عكسية ، وفي مجتمعات أخرى تكاد تكون بلا معنى .

لكل مجتمع له عادات و أعراف خاصة به ، عدا العادات والأعراف الإجتماعية والدينية كتراث تحدد نهج و تفكير المجتمعات .في أغلب المجتمعات بسبب الحفاظ و إرتباط الافراد بالقيم و الأعراف واهتمامهم بها يكون للدين الدرجة العليا من الاهتمام ويكون له الدور الرئيسي في تنظيم وحفظ تلك العلاقات الأجتماعية.بهذه الطريقة ينفذ الدين إلى الحياة وكذلك إلى تصرفات ومواقف الأفراد ، من هنا تكون دلالات الجسد مؤثرة باعتبارها تراثا في المجتمع و يتجلى ذلك في المناسبات والأعياد .

لغة الجسد ودلالاتها تعبير عن أحاسيس وعواطف والنظرات الخاصة لصاحبها مع اختلاف طبيعة المجتمعات، يظهر فيه الأسلوب الخاص للأشخاص، وتتغير القراءة لتلك المدلولات وفق مستوى الذكاء ودرجة التعليم والمكانة الإجتماعية والتراث والعادات والتقاليد ، وتوجه لها قراءات ومعاني مختلفة من قبل المتلقي .

مع أن الحياة تتعقد في كل جوانبها ، إلا أن اللغة تحاول التعبير عنها ببساطة وسهولة وأن تعطي أكبر المعاني بأقصر العبارات ، هنا يتجلى دور مدلولات الجسد بقدر أكبر و يصبح عنصرا مشاركا وفعالاَ ومساعداَ لتحدث الناس وتحاول دوماَ إحداث الأنسجام والتطبيع بينهم.

الأعمال الأدبية إنعكاس لحياة المجتمع أيضاَ وتصبح عاملاَ مساعدا أساسياَ في العلاقات والتفاهيم بين الشخصيات ، ولكن لأنها ولدت عند الروائي يكون تعاملها وتصرفاتها برغبة الروائي و وفق ما يتمناه هو يخلق عالما من صنعه الخاص في كل جوانبها .من المعلوم أن كل كاتب أو روائي وليدة مجتمع معين ، وأن أفكاره وتطلعاته انعكاس لتلك المجموعة التي تشارك في ذلك العالم الغريب الخاص .من هذا المنطلق الجسد عنصر

مشارك مباشر في عملية الإتصال ... وفي اطار الروايات ، الشخصيات توضح نهج التصرف و كيفية التفكير و من خلالها يتفاعل المتلقي مع كافة اسرار نفسية الشخصيات .

هذه الإهتمامات بلغة الجسد من هذه الأوجه من الأسباب والدوافع الرئيسية في إختيار الموضوع وتحليلها وتوضيحها – لغة جسد – الشخصيات . بما أن البحث ودراسة لغة الجسد موضوع حديث في ثنايا الادب الكردي . لتحليل هذا الموضوع والبحث فيه فقد قسمناه إلى ثلاثة أقسام :

في القسم الأول فقد قمنا بتوضيح لغة الجسد من ناحية علم الاجتماع و نواحيها الدينية و النفسية والفلسفية و الأدبية ، مع تحليل العلاقة بين الجسد والايروتيكا .

خصصنا القسم الثاني لتحليل تسمية الشخصيات و علاقة الإسم بالجسد و بتصرفات الشخصيات .

والقسم الثالث عبارة عن محورين :

المحور الأول: مخصص لتحليل أعضاء الجسد (أقسام و مكونات الجسد)

المحور الثاني: عبارة عن تحليل الجسد و تفسيره من نواحي الأزياء و الرائحة و الدم و اللغة و الصوت و اللون .

**Research Synopsis**:

Body languages are those signs and symbols which humans try to use them suitably as they speak. Consequently to the stages of human beings, substitutions have taken place in meanings of symbols and signs of body languages. Demands and requests of humans were simple and plain from the beginning.

Therefore, signs and symbols of body language could express those simple and plain demands and requests. However, recently complication and changes of life in all the fields led body languages to complication. While communicating, humans try to convey and harmonize his messages through body language accordingly.

There is no doubt according to social implementation – an assigned society – behavior and gestures have special meanings. They mostly have an opposite or a different meaning, or meaningless in some other societies.

Any society has a lot of special traditions and customs, away from the social traditions and customs, religion, as a culture, specifies the ways of how people think. That is because traditions and customs are being preserved and cared by each individual in many societies, religion has a higher order, and it has got the main role in organizing and protecting those social relations. Likewise, religion can go deeply to life and behavior and attitude of the individuals. Here after, signs and symbols will be affected, which are going to be used as a culture in society, as it can be felt in the occasions and anniversaries.

Body language and gestures just express its owner's feelings and consciousness and view point. With the difference of the society's nature, personal style could be clearly appeared. Comprehending those signs and gestures changes according to level of education, social class, culture custom, and tradition. They will be given different meanings by the receiver.

However, life is getting complication more and more, language tries to appear in a very simple and plain style, maximum meaning with minimum words. Here the role of body language is more appeared and it has an active involvement in human communication, and it continuously tries to make an adaptation and correspondence between them.

The literary works are also the reaction of society life, they act as a major catalyst in communication and comprehension among the characters, yet they have been created by novelists. They create a world which belongs to the novelist's own assumption from top to bottom.

There is no doubt that every author has been educated in a particular society, their viewpoints react that society which takes role at creating that special and strange world. In this term, body has a direct participation in communication and inside the novel texts, the behaviors, manners and conceptions of the characters are going to be explained. So, the reader can guess all the mysteries of the character's mind.

This consideration to body in all of the fore mentioned terms was the main reason and motivation for choosing the topic and – body language – commentaries and analysis of the characters. In the light of researches about body language is a new topic in Kurdish literature research papers. To explain this topic we have classified our research into three parts:

In the first part: we have explained body language in some aspects of (sociology, theology, psychology, philosophy, literature) and analyzing the relation between body and erotica.

We have devotes the second part to study of the characters' names and the relation of name to body and to the character's manner.

The third part consists of two major sections:

The first section has been devoted to explain body parts (organs and elements of body)

The second section is the explanation of body in some aspects of (clothes, smelling, blood, tongue, voice, and color).